# پەيامي هەورامان

**كورد: ڕەوپێكردنی، سەرەداوی مێژوويی..**
**كوردستان: سنووري، زەوتكردني.**
**گۆران و هەورامان: مێژووی، جوگرافیای، زمانی..**
**ئەردەڵان و بابان: سەرەتای،سەجەرەی، سنووري..**
**دين: زەردەشتي ، يارساني ، ئيسلامي ..**

**چاپی: پێنجەم**

**هادي بەهمەني**

**٢٠٢٠ زايني /  ٢٧٢٠ كوردي**

# پەیامي هەورامان

( مێژوو ، جوگرافیا ، زمان ، دین )

چاپي : پێنجەم

هادي بەهمەني

مافی چاپکردنەوەي بۆ خاوەنیەتي

٢٠٢٠ زایني /  ٢٧٢٠ کوردي

## ناسنامەی کتێب :

نـاوی کـتـێـب : پـەیـامـي هـەورامان.
نـاوەرۆک : مـێـژوو ، جوگـرافـیـا ، زمـان ، دیـن.
نـووسـەر: هـادی بـەهـمـەنی.
چاپی: پێـنجـەم ، ٢ / ٢ / ٢٠٢٠ ز.

*هـەموو نووسـەرێـک ، بـەرهـەمـي دەسـتــی*
*دەرخـەرە بـۆ گـشـت ، زانـیـنی هـەسـتــی*

*مـاڵـپـەڕی فـەیسـبـووکم لـە ٤ / ٢٠١٣ ەوە:
hadi bahmany. @ ymail. com

{ بۆ ئاسان دۆزینـەوەی مـاڵپـەڕەکـە ، لـەبـەر بوونی ناوی چوونیەک: ئـەوەیـە وێـنـەی نـەخشـەی تـەواوی ، خوارووی کوردسـتـانـی مـەزنـو ، کـتێـبی پـەیامی هـەورامانـی ، لـەسـەرە }.

پێشکەشە بە نەتەوەکەم ، بە تایبەت ئەوانەیان :

بڕوایەکي دامەزراویان هەیە.
کە بوویان ؟: خوا دەناسن.
کە ناسییان ؟: پەیڕەوی بەرنامەکەی دەکەن.
کە کردیان ؟: هیچ تاوانێك لە دەست و دەمیانەوە ناوەشێتەوە.
کە نەوەشایەوە ؟: کەسانێکي دڵسۆز و دەستپاك و سوودبەخشن.
کە واشبوون ؟: لایەقیانە لێپرسراوي بگرنەدەست.
کە گرتیانە دەست ؟: باشترین کەس ، بۆ جێگاي گونجاو دەبن .
کە بوون ؟: نابنە پرد و مەقاش و نۆکەر، بۆ نەیار و ناحەزي کورد.
کە نەشبوون ؟: شۆڕشیان کوردستان ئازاد دەکات.

به ناوي خواي بەخشندە و میهرەبانەوە.

**دوو تێبیني** :

١- هەموو ساڵەکان کراون بە ساڵی خۆري = ( زاییني ، عیسایی). وە بۆ گۆڕینی بۆ سەر ئەم بەرواره ، لە ساڵی مانگي = ( کۆچي ، ئیسلامییەوە) ،یەکێك لەم دوو هاوکێشەي خوارەوەم بەکار بردووە . ڕەنگە نووسیني لێرەدا سوودي هەبێت:

ساڵی مانگی یا کۆچي کەمترە ، کورتترە ، لە ساڵي خۆري یا زاییني . هەر ٣٣ ساڵي مانگي = ٣٢ ساڵي خۆرییە ، یانی: هەر سەد ساڵێك ، پێویستە سێي لێ دەربکرێت( ـ ) ، وە ٦٢٢ ي ، لەگەڵ کۆبکرێتەوە(+).

**ڕێگاي یەکەم** :
گۆڕینی ساڵی : ١٢٠٠ ی کۆچي ، بۆ زاییني .
سا ڵە کۆچییە کە (١٢٠٠) ـە ، لەگەڵ ٩٧ ,٠ لە یەکي بدە( ×) . ئەنجامەکەی ، لەگەڵ ٦٢٢ کۆ بکەرەوە( +) . = ١٧٨٦ ی زاییني.

**ڕێگاي دووهەم** :
ساڵەکۆچییەکە = ١٢٠٠ لە گەڵ ٣ لە یەکي بدە( ×) . دابەشي بکة(÷) بە سەر ١٠٠ دا ،( ئەوەي دەردەچێت) : دیسانەوە دەربیکة(- ) ، لە ساڵە کۆچییەکە : جا ٦٢٢ ي لە گەڵ کۆبکەوە(+). بۆ نموونە : ١٢٠٠× ٣÷ ١٠٠= ٣٦ وە ١٢٠٠- ٣٦ + ٦٢٢ = ١٧٨٦زاییني.

**گێڕانەوەی زایینییەکە ١٧٨٦ ز. بۆ کۆچییەکەی ١٢٠٠ک.** :
ساڵە زاینییەکە ١٧٨٦ – ٦٢٢ جا ، دابەشی بکە بەسەر ٠,٩٧ = ١٢٠٠ کۆچی .
بە کورتی گۆڕینەکە : بە ڕێگای یەکەم ، وە ژمێریار ، حاسیبە ، بەکاربەریت ؟ ئاسانترە.

٢ – کورتکردنەوەی ئەو ڕستە و وشانەي ، چەندبارە دەبنەوە لەژێر نووس یا پەراوێزەکان دا ، کە تایبەتە بە گەڕانەوە ، بۆ سەرچاوەکاني دواوە، لە ل: ٤٩٣ ەوە. بۆ نموونە: س. ك. ژ. (٣) ل ٧ .= س: سەرچاوە. ك: کوردی. ژ: ژمارە. ل: لاپەڕە. ( لە سەرچاوە کوردییەکاندا، ئەوکتێبەی لە ڕیزی سێیەم دایە ، کە لێرەدا: شەرەفنامەیە. وە. ل: لاپەڕەی باسی لێ هەڵێنجراوە ، وە ئەو بڕەی لێی هێنراوە ، خراوەتە نێوان دوو کەوانەوە).
هەروەها بۆ زمانی فارسي ، پیتي : ف . بۆ عەرەبي : ع. وە بۆ ئەڵمانی : ئە. دانراوە. پارتي دیموکراتي کوردستاني دیوي ئێران = پ. د. ك. ئێران . وە بۆ دیوي ئێراق = پ. د. ك. ئێراق. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان = ي. ن. ك. ئێراق. سەردەمی فەرمانڕەوایی = س. ف. زنجیرە دەسەڵاتی : ز. د. ... هتد.

# پــــێــشــەکی

لـە شارەکانی هەمەدان و بەغدا و ئەستانە و شام و حەڵەب و حیجاز و قاهیرە و... ئەگەر بە سەجەرەیاندا بچیتەخوار؟ نەوەی بابەتایەر و زەهاوی و نالی و سەلاحەدین و سوهرەوەردی و بێتوشی و ئیبن خەلەکان ... دەبینیتەوە ، کەوەک پەپولە خۆیان سوتاند، تا بە تیشکیان ڕۆشنبیری نەتەوەکانی دراوسێ ، لە جیاتی هی خۆیان ، دابڕێژن و پرشنگدارتر بکەنەوە. ١

لە کتێبخانەی وڵاتە شارستانییەکان دا، هەر پەڕاوێکی مێژوویی دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیربکەیت ؟ باسێکی جینوسایدی کوردی تیا دەخوێنیتەوە. لە پێشانگای چەکە کۆمەڵکوژییەکان دا، هەرچی کوردستان تاقیگای بووبێت؟ دەڵێی نۆبڵی وەرگرتووە ، زووتر دەیقۆزنەوە!.

وا ئەمڕۆش پاش ئەو هەموو مەرگەساتانەو ڕەفتارە دڕندانە ، نەتەوەی کورد هەر شێرێکە ، تا تەنگاوی بکەیت؟ زیاتر پەلامار دەدات! . بە تەفروتوناکردن و ڕەوپێکردنی بۆ جیگایەکی تری زۆرە ملی ، یا هۆیەکی تری وەک ، ڕێ پێگرتنەبەری هەندەران. ٢ یا بارپێکردن بۆ ناوەوەی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین. تووشی جێگایەکی نامۆ دەبن. جیاوازە لە ماڵەکەی خۆیان= کوردستان.
لەگەڵ خۆیان فۆلکلۆریان دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچە نامۆکە. بە مردنی نەوەی یەکەمیان یا پیرەکانیان ، فۆلکۆر لە سنگ و بیری هەڵگیراودا ، دەچێتە گڵەوە ، نەوەی نوێیان ئیتر بەرەو کاڵبوونەوە وتووانەوە دەچن.

بە بیرکردنەوەمان لەم باسە ، بۆ ئەوەی ئەو سامانە نەتەوەییەمان نەفەوتێت ، پێویستە بنووسرێتەوە. لە لایەن کەسانێکی بناس و بەئاگاوە ، ئەو ئەمانەتە نەتەوەییە وەربگیردرێت لێیان. منیش هاتوم هەندێک چنگەکرێم کردووە، ئەمەی بەردەستتی ڕەشکردوەتەوە ، وەک بەرکولێک بە ناوی: پەیامی هەورامانەوە ، پێشکەشتان دەکەم. فەرموون لەگەڵ باسێکی ناوچەی گۆران و هەورامان ، لە کوردستانی مەزن دا.

---

١- ئیمامی غەزالی ( ١٠٥٨- ١١١١ ز.) ڕۆشنبیری ئیسلام لەسەر شانی چوار پایەن ، سیانیان کوردن. ( شارەزوری ، عیمادی ، دینەوەری ) .
٢- سەیری ل: ٣٨

هادی بەهمەنی
بەرلین ، ٢ / ٢ / ٢٠٢٠ ز.
/ ڕەشەمە / ٢٧٢٠ کوردی.
چاپی: پێنجەم ( ٥٠٧ ) لاپەڕەیە.

**ی /١/ یەکەی یەکەم : مێژوو ل ٩ – ٢١٩**
سەرنج : ی : کورتەی یەکە ، یە . ب : بەش . ١- : باسی ژمارە یەک.

**ی/١، ب/١/ مێژوو ی نەتەوەی کورد** ، لە ٨ سەرباس دا:
{لە سەجەرەی کوردەوە ، بۆ ، جینۆسایدی یەزیدییەکان. ل ٩ - ٨٣ }.

ی/ ١ ، **ب / ٢ /** مێژووی گۆران و گۆرانستان. لە ٧ سەرباس دا.
لە گۆرانەکان کێن ؟ـەوە ، بۆ دەشت و شاری شارەزوور. ل ٨٤ – ١٢٧

ی/ ١ ، **ب / ٣ /** پەیامی هەورامان. ل: ١٢٧- ١٧٩

ی/ ١ ، **ب / ٤ /** والینشینی ئەردەڵان. ل: ١٧٩ – ١٩١.

ی/ ١ ، **ب / ٥ /** پاشانشینی بابان. ل: ١٩٢- ٢٠٥.

ی/ ١ ، **ب / ٦ /** دەشت و شاری شارەزوور. ل: ٢٠٥ - ٢١٩

**ی / ٢ ، ب / ٥ بەشە : جوگرافیای هەورامان** . ل: ٢٢٠ - ٢٧٧ :
واتای . بەشەکانی . ٢٢٢ سنووری . ٢٢٣. نەخشەکانی ٢٢٧. لیستی شار و دێکانی ٢٣٠. ڕووبەر و دانیشتووانی. ٢٣٧ . ڕوباری ٢٤٤. شاخی ٢٤٥ . باخاتی ٢٥٧. پیشەدەستییەکانی ٢٦٠ . باسی چەند شار و دێی ٢٦٣ .

**ی / ٣ ، ب / ٦ بەشە : زمانی کوردی هەورامی ، گۆرانی** . ل: ٢٧٨ _ ٣٣٤:
هەورامی ، زمانە یا زاراوە ؟ گرنگی ئەو زمانە ٢٨٣. زمانی ئاریانواچ ٢٨٨. زمانێکی ستاندار٢٩٠. ئەکادیمیای هەولێر ٢٩٨. بە خەتی لاتینی کام پیت هەڵبژێرین ؟ ٣٠٠. چۆن فێری گفتوگۆ بەو زمانە دەبیت ؟ ٣٠٧. خشتەیەک بۆ چاوگ و ٣ فرمانەکە. ٣٠٢. لەگەڵ فەرهەنگۆکێك بۆیان. ٣٢٩.

**ی / ٤ ، ب / ٦ بەشە : مشتێک لە گەنجینەی هەورامان.** ل٣٣٥- ٣٧٥:
بوێژان و نووسەرانی ، گۆرانستان و هەورامان. ٣٣٥. شەوچەرە ٣٤٤. واتەو وەڵینا، ٣٥١. مەتەڵ ، پەخشان. لیستی هونەرمەندانی گۆرانی بێژ ٣٥٧. فەرهەنگۆکێك ٣٥٩.

**ی / ٥ ، ب / ٧ بەشە : دین بڕوایە.** ل: ٣٧٥ _ ٤٩١ :
زەردەشت: سەجەرەی ٣٣٧. خشتەیەک بۆ سروودەکان ٣٥٢. بەشەکانی ئاڤێستا.٣٥٢- ٣٧٩. هاتنی ئیسلام بۆ هەورامان ٣٩٠. هۆنراوە کۆنەکەی هەورامان ٤٤٠. پیرشالیاران ٤٤٣. یارسانی ٤٥٣. شێخانی هەورامان. ٤٧٥ - ٤٨٨. سۆفیزم و دەروێشیزم ٤٨٧.

**ی/١، ب/١/**
**یەکەی یەکەم: بەشی یەکەم: مێژوو. بە کورتی: ی/١، ب/١/**
**نەتەوەی کورد. ل: ٩ ــ ١٩٦.**

{{ ی/١، ب / ١ / ١ــ سەجەرە. ٢ــ شادەوڵەتی ماد. ل ١٠
٣ــ بووختان لە کورد کردن. ل ١١. ٤ــ مەرقەدی کوردستان. ل ١٧.
٥ــ ناو و سەردەمی میرنشینانی کورد. ل ١٨. ٦ــ سنووری کوردستان. ل ٢٦.
٧ــ دابڕینی کوردستان و ڕەوپێکردنی کورد. ل ٣٨. نەخشە قارس کراوەکە. ل ٣٤.
٨ــ سەرەداوی مێژوویی. ل٣٦ – ٧٣ }}.

کورتەیەک لە مێژووی مرۆڤ:

بە پێی پەیامە ئاسمانییەکانی تەورات، ئینجیل، قورئان، نەوەکانی ئادەمیزاد هەموویان لە باوەگەورە ئادەم و دایە گەورە حەوان. کەواتە هەموو لەیەك بەرەبابن، کەس لەوەی دی، باشتر، ڕەسەنتر، یا هەڵبژێراوتر، نییە.( وما كان الناس ، الا امة واحدة فاختلفوا..) یونس- ١٩- لەبەردەم خواش دا، باوەڕی دامەزراو پلە و پایەی گەشتنی باوەڕی، یەکێك دیاری دەکات. ( وهو الذی انشأكم *من نفس واحدة*.) الانعام/ ٩٨. بنەچەکانی ئەنترۆپۆلۆگیای ئادەمیزاد وای پیشانداوە، کە ئەوروپی= ،گەورەترینیانە. نەتەوەی کوردیش لەم کۆمەڵەیە. هەروەها ئەو سەرچاوە شارستانیانەی، کە لە جیهاندا دیارن، وەك میسۆپۆتامیا= ولاتی دوو زێ، کە ئەمڕۆ کەوتوەتە ناو ئێراق و خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیاوە. ئەم بەشەش کوردستانە.( نەتەوەی کورد ئەو نەتەوە ئارییە یە ،کە پێش زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، پ. ز. بۆ ناوچەی کوردستان هاتوون، پارچە گڵێنەکانی سەردەمی سۆمەریەکان، کە دەگەڕیتەوە، بۆ هەمان ساڵی ناوبراوی سەرەوە،هەروەها ئاماژەی بۆ ئەم نەتەوە کردووە ،کە کۆنترین). ١ هەروەها هیرۆدۆتسی یۆنانی لە ٤٠١ پ. ز. ەوە، باسی کوردی کردوە، کە دژی لەشکرە دەهەزار کەسیەکەی، زەینەنەفۆن وەستاون. ئەمە بێجگە لەوەی بەڵگەیەکی دێرینە بۆ بوونی کورد، ئەوەش دەسەلمێت، کە خاوەن دەسەڵاتیش بوون، چونکی بەری لەشکرێکی، دە هەزارییان گرتووە!.


ناونان یا ناوبردنی وشەی کورد، لەلایەن گەلەکانی ترەوە، بە پێی فۆنەتیکیان چەندجۆرن : لەلای سۆمەریەکانە وە بە: ( گۆتی، جودی، کاردۆ). گریکی، یۆنانی: ، کوردتیوی، کارداکی، کوردۆس. ئەرمەنی: کوردۆئین، کەردتیح. ئێرانی: کوردراها، کوردرا. وە عەرەبەکان: بە کاردا، ناویان بردوون. (هەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کوردبکرێت، دەبێت لەسەر بنەڕەتی ماددەکان پێکبێت. ئەوان باپیرەگەورەی کوردن) ٢ ( کوردەکان دەگەڕێنەوە سەر یەکەم گۆتی، دووەم مادەکان. وەئەو دەوڵەتانەی ئەوان دایانمەزراندووە، کۆنترینن). ٣

---

١ــ د. وەلید حەمدی، ( س.ع. ژ.١١، ل: ٢٩٥). وە باسیل نیکتین (س.ع. ژ.٧ ل:١٥). بۆ ئەو پیتانەسەیری ل :٧ ژمارە /٢ ی تێبینیەکە. وە بۆ نیشانەدان بە سەرچاوەکان، ئەم مۆدەم بەکارهێناوە. ٢ ـ بیستەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵات ناسان لە شاری برۆکسێل ١٩٣٦ز. +١٩٣٨ز.= نامەی مینۆڕسکی. ٣ـ الموساد فی العراق، ل٧.

**ی/ ۱، ب/ ۱ / ۱ ـ سەجەرەی کورد:**

( لە پەڕاوە مێژووییەکان دا، هەرکاتێك ناوی کورد برابێت ، لە دوایەوە وشەی: ماد نووسراوە. بۆ پارت ، پارس ، فارس: خۆراسانی ئەمڕۆ ، وە بۆ ماد: کوردستانی ئەمڕۆ ، یادیان لێوەکراوە) ٤ ئەمە یانی ناوچەی نەتەوەی فارس ، سەروی ڕۆژهەلاتی ئێرانە. ئەو قەبارە گەورەیەی ئێستا دەبینرێت ، لە نەتەوەکانی بەلوچ ، ئازەری ، عەرەب ، کورد... داگیرکراوە . لەو مێژوو نووسانەی تر ، کە کورد دەبەنەوە سەر مادەکانو ، ئەمانیش سەر یافەتی کوڕی نوح پێغەمبەر ، وەکو: ( ئـ . سۆن ، سایس ، حەسەن پیرنیا ، بازنەی بەریتانیا ۱۹۲۹ ، هانز کۆنتەر).




نەوەکانی مادایم( بوودی لە هندستان ، ئاریزانت لە ئازەربایجان ، ئەستڕۆشات لە سەمەر ـ قەند) . ٥

ب/ ۱ / ۲ ـ سنووری شادەوڵەتی ماد لە باڵادەستی دا:

لە ڕۆژهاڵاتەوە: پاکستان ، ماوەرائەنەهر ، شاری سەمەرقەند .(ئۆزبەکستان).
لە رۆژئاواوە: لێواری دوو ڕوباری دیجلە لە ئێراق و قزیل ئیرمق لە تورکیا.
لە باکورەوە: شاری مەرۆ و ئەشقئاباد و ئەرمەنستان ، تا دەداتەوە لەڕوباری قزیل.
لە باشورەوە: دەریای هندی ، کەنداوی عەرەبی ، کوەیت. نەخشەی ل: ٢٥.

سەردەمی شادەوڵەتی ماد، کەیە ؟:

( لە ۲۸۰۰ پ.ز. وەلە سەردەمی ، سەرجۆنی یەکەمی ئەکەدیدا ، دژی مادەکان شەریان کردوو)٦. ( لە ۲۱۰۰ پ.ز. وە پاشایانی کلدانی و ئاشوری، پەلاماری دەوڵەتی مادیان داوەو شکاندوویانە). ۷ ئەمە یانی دەوڵەتی ماد ، لەو سەردەمەدا هەبووە و بەهێزیش بووە ، بۆیە گەلەکۆمەی دوو قۆڵیان لێکردووە!.

وەك لە پێشەوە ڕابوورد: سۆمەرییەکانیش کوردیان بە کۆنترین کۆمەڵی ، سەرزەوی ناو - بردووە. بە سەیری ئەو سێ سەردەمە ، سەردەمی دەوڵەتی ماد ، زۆر لەم سەردەمە کۆنتر،

---

٤ ـ کەنیسە مێژووییەکان ، ل. ۲٦۸+ تاریخ هورامان ، ل.۲٤٥ + س. ف . ژ.۱ ل: ۱٦٤ ٥ - تاریخ قدیم اورامان ، ل. ۱٦. وە س. ف. ژ/۱ ل. ۱۲٦. ٦- زوبێر بیلال ، س.ع. ژ.۱۰ ل٦۳. ۷- مەردۆخ ، س. ف. ژ.۱ ل: ۱٦٤. * سام و حام : ل ۲۰۹.

خۆی پیشان دەدات ،(٧٠٨ پ. ز.ـ ٥٥٠ یا ٥٥٩ پ. ز.) ، کە لە یەک دوو کتێبی مێژووییدا وای بۆی دانراوە. کورشی گەورە ، یا یەکەم ، گەر کچەزەی ئەژدەهاك ( زوحاك ) ، بووبێت ؟ وە دوازدە ساڵ لە ماڵی ئەواندا ، پەروەردەکرابێت ؟ ٨ کە ، کورش ئەکباتان= هەمەدان ، داگیردەکات ، ئەژدەهاك ئەو شارە بەجێ دەهێڵێ! بڵێی لەبەر خزمایەتی بووبێت ؟ جەنگی لەگەڵ کچەزای نەکردبێت ؟ یا کردوویە و شکاوە؟.

ئەژدەهاك ل ٤٣٠. پاش هەمەدان لە ٥٥٩ پ. ز. دا، دێتە بناری شارەزوور ، دیوی ڕۆژاوای دوو شاخی: سوورێن و هەورامانە ، بە گشتی زنجیرە شاخی زاگرۆسە ، واتە ناوی خاکی کوردانی ئێراقە. لێرەدا شارێکی دروستکردو بە ناوی (زوور) ی کوڕیەوە. کردیە بنکەی خۆی. ئەویش لە نێوان خورماڵ و نەوێدا بووە. سەیری نەخشەی هەورامان، ل: ٢٣٥. ئێستەش ئەو ئاش و قەڵا و ئاگردان وپەرستگایانەی لەم ناوچەیەدان ، هەر بەناوی ئەژدەهاکە وەن. خزمایەتیو هاوسەردەمی کورش و ئەژدەهاک ، دەڵێت: لە مادەکانن . کەوابوو یەکەم لە هەمەدان ، دووەم لە شاری شارەزوور= دراوسێی سەروی ڕۆژاوای هەمەدان ، فەرمانڕەوابوون. درێژەپێدانی سەردەمی مادەکانە ، ئیتر بۆ دەبێت بەرواری داگیرکردنی هەمەدان ، بە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتی ماددەکان بزانرێت ؟! هاتنی ئەغریقیەکان ، یۆنانی، یا هێلێنی. لە ٣٣٠ /٣٣١ پ.ز. دا وە سەرکەوتنیان بەسەر، داریوشی کوڕی ئەحشەویروشدا، کە هەتا ئینجیل و تەوراتیش بە داریوشی *مادی* ناوی بردووە. ٩. لە نزیکی شاری ئەربێلا، هەولێردا. بۆیە دەڵێم: ئەم شەڕە دەبێتە کۆتایی مادەکان ، نەک ٥٥٩ پ. ز. .

بە جەمخستنی ئەو باسانەی ڕابووردن ، پێم وایە فەرمانڕەوایی شادەوڵەتی ماددەکان ، پێکهاتووە لە چوار زنجیرە دەسەڵات ، نەك یەکێك ، وە وەك خوارەوە بووە:

١ ـ ٢٨٠٠ پ. ز.ـ ٢١٠٠ پ. ز. زنجیرە دەسەڵاتی یەکەم.
٢ ـ ٢١٠٠ پ. ز.ـ ٧٨٠ پ. ز. زنجیرە دەسەڵاتی دووهەم .
٣ ـ ٧٨٠ پ. ز.ـ ٥٥٩ پ. ز. زنجیرە دەسەڵاتی سێهەم .
٤ ـ ٥٥٩ پ. ز.ـ ٣٣٠ پ. ز. زنجیرە دەسەڵاتی چوارهەم .

سەردەمی چوارەم یا کۆتایی ، ئەوەی کورش وئەژدەهاك و داریوشی ماددییە.
ئێستەش لە ناوچەی گۆرانەکان دا، ناوی شوێن هەیە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماددەکان ، وەکو: چیای ماکوان کە: مادد ، کێوان بووە . چ. مایگەزان: مادد گەزان . وە دەشتی مایدەشت: مادد ، دەشت بووە.

## ب / ١ / ٣ ـ بووختان و تانەدان لە نەتەوەی کورد:

لەلایەن دەوڵەتانی ، هەر سێ نەتەوەی ، دراوسێی ئیسلامیی ، خاکی کورد داگیرکەرەوە: عەرەب و فارس و تورک :

---

٨ ـ مرتضی راوندی ، تاریخ اجتماعی ایران ، جلد ١ ، ل : ٢٨١ . هەروەها: مستر هاکس ، قاموس الکتاب المقدس. ل: ٣٦٤. *سام و حام ل ٢٠٩ . ٩ ـ ئینجیل ، س. ع. ژ. ٢ ل: ١٣٧٨،١٣٨٢.

١ – مـەسـعـودی ، لـە نـەتـەوەی عـەرەبـی دراوسـێ:

مـێژوونـووسـی عـەرەبـی ئیسلام ، ابوالـحسن علی بن الـحسین = مـەسعودی ، کـە لـە ٩٥٧/٩٥٦ ز. لـە مـیسر مردووە. نووسیویـە: " نـەتـەوەی کورد لـە ئـەنجامی ئـەو زیناکردنـەدا، کـەوتوەتـەوە ، کـە لـە نێوان شـەیتان و کارەکـەرەکانـی ، سلێمان پێغـەمبـەردا قـەوماوە"!. بـەڵام ئایـەتێکی وا نییە ، کـە بـەشـەر لـە شـەیتان و جنۆکـە کـەوتبێتـەوە ، بـەڵکـە ئـەمـەهـەیـە:{ هو الذی خلقکم من نـفس واحـدة ، وجعل منها زوجها... الاعراف/١٨٩: ئـەو ، واتـە (خوا) ، ئێوەی لـە یـەک نـەفس دروستکردووە (ئادەم) هـەر ئـەویش جووتـەکـەی بـەدیهێناوە( حـەوا). ئایـەتی تر: هـەموو لـە ئادەمـنـو ، ئـەویش لـە خاکـە}. وە سـەرەتای ل١٠ . دەبێت نـەفس لابـەنو کورد و جنۆکـەی بخـەنـە جێ .. تا ئـەو قـاوە مـەسعودیە ، بـەڕاست بزانرێت. ئـەو کارەکـەرانـە ؟ لـە ماڵی پێغـەمبـەردان ، لاشی شـەرم نـەبـووە ، ئـەندامانـی ماڵی پێغـەمبـەرێک ، لـەکـەدار دەبێت!.

هـۆنـیاوە و ئـەعـراب و کـورد ی . هـەولـێر ، ٢٠٠٤ز. ١٠

خـوا ، خاکش وەشکـەرد، ئـادەمـش چـەقـنـا
هـەر چـا هـەمـیرە ، حـەوایـچش تـەقـنـا
ئـیذ حـەشـامـاتـەش ، چـنـەشـا ووسـتـۆ
پـۆس چـەرمـێ بـیـەبـا ؟ سـیـاو چـەنـی کـۆتـۆ ؟!
( گـردمـا جـە ئـاذەم ، ئـایـچ جـە خـاکـا )
ئـۆسـاو ڕۆحـەکـایـچ ؛ یـەزدانـی ، تـاکـا
بـاوان دیـارەن ؛ ئـەسـڵـمـا ، هـەر یـۆن
کـێـن( شـەعـبـون مـوختـار) ؟ گـرد یـەك تـان و پـۆن ١١
پـۆکـی ( قـورئـانـو ، عـەرەبـیـم کـیـاسـتـەن
بـەش ئـەقـڵ گـێـردێ) ، مـاجـەراو بـاسـتـەن ١٢
( شـعـوب قـەبـائـیـل ، پـۆکـی ووسـتـەنـمـۆ
لـي ، تـەعـارەفـو) م ، پـنـەش ، بـەسـتـەنـمـۆ

---

١٠ - هادی بـەهمـەنی ( هـ . ب . ) بـەهمـەنینامـە ، بـەرگی/١ ، سلێمانـی چاپخانـەی کارۆ ، ٢٠١٤ ، ل ٧٥ ، ١٠٣. سـەرباسـەکـە: هۆنراوەی عـەرەبـەکان و کورد. ١١ - وەشکـەرد: دروسکرد. چـەقنا: دایچـەقاند. چا: لـەو . هـەمیر: هـەویر. چنـەشا وستۆ: لێی خستنـەوە. پۆس: پێست. چـەرمـە: سپی. بیـەبا؟: بووبن. چـەنی کۆتۆ؟: چۆن کـەوتنـەوە.؟ گردما: هـەموومان. جـە: لـە. ئۆسا: وەستا. هـەریۆن: هـەر یـەکێکـە. ١٢ - پۆکی: بۆیـە ، کیاستـەن: ناردوومـە. بـەڵ: بـەشکوو. گێردێ: بگرن. سـەیری وردەکاری خواکـەن( انا انزلناه (جعلناه)، قرئانا عربیا لعلکم تعقلون.) یوسف/٢ + زوخروف/ ٢. هـەردوو ئایـەتـەکـە : شـەش وشـەن ! ڕیزەکـەیان لـە هـەردوو سورەتـەکـەدا، هـەر ژمارە دووە ! هـەر هـەمان مانا دەدەن ! هـەر یـەک وشـەیان لـەیـەک ناچێت ! ئـەوەش هـەر وشـەی دووەمیانـە ! لـە جێی انزلناه : جعلناه ، داناوە. خوا لـە جێیـەکی تردا فـەرمویـە: ( ولو جعلناه قرئانا، اعجمیا، لقالوا لولا فصلت ئایاتـه ) . فصلت/ ٤٤ : ئـەگـەر قورئانمان بـە زمانێکی تری ، غـەیری عـەرەبی بناردایـەتـە خوارەوە ، دەیانووت: ئـەوە بۆ ڕاڤـەنـەکراوە بۆمان ، تا لێی تێبگـەین ؟. سـەیر دانایی خواکـەن ؟! پێش مردنی پێغـەمبـەرەکـەیو کۆتایی هاتنی ، هاتنـەخوارەوەی قـورئـان ، زانـیـویـەتی هـەروا دەڵێن ! زانیوێشیتی کـە بـەزمانـەکـەی خۆشیان بێت ؟ هـەر بـەقسـەی ناکـەن. ئیسپاتی سیفـەی ، عـالـیـمـیي خۆی پیشانداوین !.

بەڵام ( ئەلئەعراب ، ئەشەددو کوفرەن )
کورد جە جن نیەن ، ئیسپات ، نیفاقەن ١٣
چوار دێڕو دمایی ، مۆرو یەزدانین
تەوێڵو ئەعراب ، سیاو کەردەن ، باقین
وە ئەنفال و گاز ؛ ڕەو ، وە ، کوردانتا
چوار هەزار دەگێ ؛ کاوول ، کەردەنتا
وەجاخو فیرعەون ، ڕۆشن کەردەنۆ
رەفتێو شاریانۆ ، خوا بەرووستەنۆ
هەزار ساڵ زیاذەن ، خوا ئەعراب ناسان
سیفەتو عالیم ، وە کردار کێشان
قورئان وە ئایات ، کوردانش نەکووان
چێشتا واتەن کورد ؟ نیفاقەن بووختان ١٤

٢ – حەسەن عەلی تووسی ،. فیردەوسی شاعیر، لە نەتەوەی فارسی دراوسێ :
( ٩٤٠- ١٠٣٠ز.) هۆنەری فارسی ، خاوەنی شانامە ، لەچەند دێڕێکدا باسی کوردی کردووە ، دوا دێڕی دەڵێت:
کنون کرد از ان ، توخم دارد نشان کز اباد نابد ، بە دل برش یاد.
یا نەبوونی( ان) هەڵەی چاپییە ، یا قافیەکەی ناتەواوە. شانامەیەکی ترم سەیرکرد.
ئە و دێڕە لە ڕیزی ٦٦٠ هەمینی هۆنراوەکانی شانامەدایە ، وا نووسرابوو:
کنون کرد ، از ، ان؛ تخمە ، دارد نژاد کز اباد نیاید ؛ بە دل ، برش یاد ١٥
وە بە پێی یاسای قافیە ، ئەمەیان ڕاستەکەیە. واتای چەند دێڕەکە:
بووختانێکی ئەفسوناوی: لە سەر شانی شا ئەژدەهاك. ١٦ دوو ماری لێ دەڕوێت ،

١٣ – ( الاعراب اشد کفرا ونفاقا). التوبە/٩٧. عەرەبەکان کفرکەرترین و دووبەرەکی خەرەوەترین نەتەوەن. خوا پێش زیاتر لە ١٤٤٠ ساڵ لەمەو پێش ، ئاوا باسی کردوون ، بەو سێ ئایەتە بە هەموو بەشەری سەرزەوی ڕاگەیاندووە. ئاگاداربن ، لە کەم ئەقڵی عەرەب و فیتنەییان. یانی پاش هاتنی قورئان و بە پێغەمبەر و زمانی خۆشیانەوە. جا ، ئاوان ؟! یا ، جا ، ئاوایان لێهاتووە ؟!!. ووستەنمۆ: خستومەتەوە. بەستەنمۆ: پێم بەستۆتەوە. بڕوا بە قسەی فیتنەچی ناکەین و ناکرێت . ١٤– دەگێ: دێیەکان. کەردەنتا: کردووتانە. نە کووان: نەیکووتیوە. واتەن: وتووە.
١٥- شاهنامە فردوسی ، بر اساس نسخە ، ژول مل ، بە کوشش عبداللە اکبریان زاد ، تهران، الهام ، زمستان١٣٨٦. ل: ١٦، ٥٢ . ١٦– ئەژدەهاك: ناوی کورد بوون ، لەسەر ئەم شایە ، هەیە. بۆیە ئەم بوختانە دوو فاقانەی هۆنیوەتەوە ، تا شا و نەتەوەکەشی ، بگرێتەوە. لە هاوینی ١٩٨٢ ز. سەرێکی شاری سنەم دا، کتێبێکی ئیمام خومەینیم خوێندەوە ، لە ڕاستیش دا خۆشم دەوێت ، چونکی پیرەمێردێك ، بەرانبەر دیکتاتۆرێك وەستا ، تا نەیڕوخان ، وازی نەهینا! . با بگەرێمەوە سەر کتێبەکەی : لە هەر کوێدا باسی کافر هاتبوو؟ وشەی سوونەشی لەگەڵ بوو ! (کافر یا سوونە). یانی لەیەک ئاستان !. لە پاش دا، لە بازاڕدا کۆیانکردبوونەوە. ئەگەر لەبەر ئەو ، جۆرە هەڵانە بووبێت ، باشە؟ چۆن یەکێک بەدەم شایەتومان بڵێت ، تۆ پێی دەڵێی کافر ؟ یا هەڵسەنگاندنی سونەیەک بەرانبەر کافرێکە؟! ئیمان لە دڵدایە ، لەو دوورەوە ، ئەو هەموو سوونەیە ، چۆن بە کافرکراوە؟.

بۆخواردن ، مۆخی بەشەریان پێدراوە ، ڕۆژی دوو کەس دەکوژن بۆ ئەو کارە ، ئەوکەسەی سەرەوکاری ئەمەی کردووە ، ڕۆژی ، یەك کەسی کوشتوە ، مۆخی ئاژەڵی تێکەڵکردووە. وە یارمەتی کەسە زیادەکەی داوە ، ڕایکردووە. کۆبوونەوەی کەسە ڕاکردووەکان لەو ناو شاخانە ، وە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ یەکتری کوردی لێ کەوتووەتەوە.
بە قسەی ئەو بێت لەسەردەمی ئەژدەهاکەوە کورد هەیە ! لە ل: ١٠ دا ڕابووردو وە سەیری هۆنراوەی ئاشەکۆن بکە ، کورد دوو هەزار ساڵ پ.ز. هەبوون وە بە پێی ڕای ئەوروپییە ، بێ لایەنەکانیشە!.
ئەوانەی ناوی کورد بوونیان لەسەرە ، کەوتونەتە بەر، تەشەر و تانە ، وەک ئەبوموسلیمی خۆراسانی٧٥٠ ـ ٧٧٠ ز. ئەژدەهاک .... نووسەری مشەخۆری دەسەڵاتی دەوروبەر، بۆ ویستی ڕژێم و گیرفانی نووسیوە. نەیار و ناحەزی کوردانیش ، وتویانەتەوە و دەیڵێنەوە.

٣ ـ سیروس یەزدی ، ئیزدی ، ئەمەش دوو فارسي دراوسێ: ١٧
لە پەڕاوی نیشانەپێکراوی دا، ناوبراو کتێبێکی گۆڕیوەتە سەر زمانی فارسی ، کەچی حەڤدەپەڕەی یەکەمی داناوە بۆ تەشەر و تانە لەکورد. ئەوی کردووە ، بە پەیژەیەك بۆ بەرزبوونەوە و بڵاوکردنەوەی ژانی دەروونی خۆی لە هەمان کتێبدا! کە دەبووایە ئەوەی خۆی بە جیا بنووسیایە. بە دیاردەی ڕێگەپێدانی بۆ سەردانەوەی تاران لە هەندەرانەوە ، بڵێی بەو دەم چەورکردنە ، ڕێیدابێت پێنووسە ئازادەکەی ، رژێمەکەی ، جڵەوی بکات ؟! هەرکەس ئەو پەڕانە ی نەخوینێتەوە ، داخ لە دڵیی ئەم نووسەرەی بۆدەرناکەوێ . ناوبراو نووسیویە:
( موتەئەسیف شودەم چەرا؟ حەسەن پیرنیا ، موعین ، زەرپینکوب ، بە چاولێکەری لە نووسەرە بیانییەکان ، هاتوون باسی کورد و کوردستانیان کردووە ! یانی بۆ بە باش باسیان کردووە ؟!).
ئەگەر بە دەست ئەم بووایە ؟ ئەو سێ میژوو نووسە ئێرانیەی کۆدەکردنەوە ، میژووەکەیانی بەوشێوەی ئەم دەیەوێ ، پێیدەنووسینەوە. ئەم کەسە لەوانەیە کە ، لە ئیتیحادی شۆرەوی سۆسیالیستی و کۆمەنیستی ، سەردەمێکی بەسەربردووە. ئەمە ئاوهەوای سۆسیالیست و کۆمۆنیستیش لێیداوە! . دەبێت ڕەگەزپەرستیان چۆن بێت؟!.

٤ ـ گۆرسێل ، سەرەك کۆماری تورکیا ، ئەمەش لە تورکی دراوسێ:
لە شاری دیاربەکر بە خەڵکەکەی وت: ( " تف بکەرە ڕووی ئەوەی پێت دەبێژێت: تۆ کوردیت ؟") ١٨. هەمان کەس لە وەڵامی پرسیارێکی : ( ئایا رژێمی نوێی ئێوە ، دان بە مافی کوردەکاندا دەنێت ؟ وەڵام: ئایا تۆ مێژووت نەخوێندۆتەوە؟ نازانیت شتی وا، وەک کورد و کوردەواری لە تورکیادا نییە. ") ١٩.
٥- سولەیمان دێمیرێلی سەرەك کۆماری تورکیا ، لە ١٩٩٢دا :

---

١٧ ـ سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ.١٧ ل: ٣١. ١٨ ـ د. جەمال نەبەز، س. ک. ژ. ١٢، ل: ٩٧+ ٢٤٣ .
ئەمیش لە ڕۆژنامەی جمهورییەتی تورکیاوە, لە بەرواری ١/ ١٠ / ١٩٦٣دا.
١٩ ـ رۆژنامەی تایمسی لەندەنی ، ٢٧/ ٧ / ١٩٦٠ز. وە لۆمۆندی فەرەنسی ٢٦ /٧ / ١٩٦٠ز.

( دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ، نەک لە باکووری ئێراق ، لە باشووری کیشوەری ئەفریقا ، یا لە ئەمریکای باشووریش بێت ، ڕێگەی پێنادەین و دژی دەوەستین ).
بەڵام رۆژێك دێت ، دەڵێن کورد هەیە ، داخۆ تەریق نابنەوە ؟ قسەی سەرەك کۆمار دەبێت گشتگیر و مەودا دوور و ، زوو ، بە درۆ نەکەوێتەوە ، هی ئەوان لە چەورەی ناو بازاڕدەچێت. ئەمەش دوو کەسی بەرزی ، سیاسی دەوڵەتی تورکی دراوسێ.

شایەنی باسە لە ١٦ / ١١ /٢٠١٣ دا ئەردۆغانی سەرەک وەزیرانی تورکیا، لە ئامەد بە ئامادەیی ، مەسعود بارزانی ، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئێراق . وتی: نەک هەر کورد هەیە ، گەورەی دێرینی کوردانیشی ، بە ڕیزەوە ناوبردن ! هاااا گۆرسێل و دێمیرێل ؟ و لەوان کەران ، ببیستن ، بەشکو تەریق ببنەوە !.

بۆچونی نووسەر لە سەر ئەو بووختان کەرانەی باسکران:
١ - ئێمەی کورد قسەی ڤیتۆیی خوامان هەیە: { هو الذي خلقكم من نفس واحدة ، وجعل منها زوجها... } الاعراف/ ١٨٩: ئەو ( خوا ) ، لەیەک کەس دروستیکردوون کە (ئادەم) ـە. لەویش جووتەکەی یا هاوسەرەکەی ، کە (حەوا) یە ، خستووەتەوە. مرۆڤ لە پیاو و ژن دەکەوێتەوە ، نەک شەیتان و جنۆکە سواری مرۆڤ بن. ؟!.
٢ - خوا فەرمویە ئێوەم لە گەل و هۆز. دروستکردووە. ( انا جعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا...) نەیفەرمووە: لە جوتبوونی جنۆکە لەگەڵ مێینەی بەشەردا ، تا بوختانەکانی کۆمەڵەی هاوبیرانی مەسعودی بە ڕاست بزانین . نەتەوەی کورد ، وشەی خوا ، پاڵپشت و تاپۆیەتی ، ئێوەش : لە کۆن و ئێستاشدا ، بووختان و نیفاق ، زەوتکەری خاکیان ، مۆری ناوچاوانتانە !.
عارەب وە قورئان ، نەبیەن ئاقڵ !
یانێ بژناسدێ ، ئەنفالچی و قاتڵ
قسەو خوای ڕاسا ، ( ئەشەددو کوفرەن ) ! سەیری ل ١٤ ، ژێرنووسی ١٣.
هەروەخت زۆرشا بیی ؟ قورئان لاش سفرەن !. ( بۆ هەموو هۆنراوەکە ، ل١٣ ).

مانای دوو دێڕی سەرەوە : عەرەب بە قورئان ئاقڵ نەبووە. کەواتە بیانناسن: ئەنفالچی و بکوژن. ئایەتەکەی خوا ، ڕاسە ، کە دەڵێت: فیتنەچیترینن ، هەروەختێک زۆریان بوو ، قورئانیش لایان سفرە ، لە ستەم نایانگێڕێتەوە.
بۆ زیاتر ناسینیان ؟ تەفسیرکەری قورئانی عەرەب هەن ، دەڵێن: ئەوە: دەشتەکییە لادێییە نەزانە دوورە ئاوەدانییەکانییانی مەبەستە ،( یانی بەدووی بیابانەکان) . دەڵێی ئەوان عەرەب نین ! لە کام ئایەتا ؟ کە خوا ، باسی خراپی بێباوەڕانی قورەیش دەکات ، فەرمویە شارییەکان ، ناڵێم ؟ لادێییەکان دەڵێم ؟ وشەی الاعراب بە پێی ڕێزمانتان: جەمعی تەکسیری : عەرەب ، ـە ، ماناشی یانی: هەمووە .
بەڵام کوردان ، لە کرۆکی قسەکەی خوا ، یا تێینەگەیشتوون ، یا بڕوایانینەکردووە ئێستەش عەرەب هەروابن. ئەگین بە ئینزارەکەی ئەودا ، دەبووایە بیانزانیایە.

کورد بە ڕەو و گاز و ئەنفال و کوردستانیش بە مزگەوتو قورئانەوە دەتەقێننەوە ، وەک لە ١٩٨٨ دا ، دییان!! . دە بۆ لەمەولا ، بزانن عەرەب دەسەڵات و زۆری بوو ؟ هەرچی خوا حەزی پێ نەکات ؟ دەیکات. گوێ بە قورئانیش نادەن !. سەدام حسەینی ئێراقیش: ٧/٣٠ /١٩٦٨ – ٩/٤ /٢٠٠٣ز. نموونەیەکی نوێی سەردەمی ئێمە بوو. ئەمی عەرەبیش ، چی ما نەیکردبێت ؟!. قسەکەی خوا هەمدیس سەلماوە بۆتان. بۆ جاری سێیەم: ٤ / ٢٠١٤ز. : داعشی عەرەبیی بە ناو ئیسلامیش لە ناوچەی شاری شەنگال ، کە زێدی کوردە یەزیدییەکانی هەرێمە ، ٦٩٣٦ بوونە قوربانی دەستیان : ١٥٤٣ کوژراو ، ١٩٤٧ ڕفێنراو ، کە زۆرییان ژن و کچ بوون ! . تا / ٢ / ٢٠١٩ : ٣٤٤٦ کەس لە دەستیان ڕزگارکران ، کە هەندێکیان لێیان کڕیوننەتەوە !. ( ئەوروپا ببیستن ، لە سەدەی ٢١ دا، چی دەکرێت ؟!. بەندەی سێکسیی بۆ فرۆشتن!!.) ئیتر دەبێت بزانن خۆ ئامادەکەن بۆ شاڵاوێکی تری ئاااااوایان . کە دەبێتە ، ئەتکی چوارەمیان: ئەگەر زووتر هیچی تر نەکەن ؟. بە بۆچونم ، لە کەم بوونەوەی ئاوی ناوەڕاست و خوارووی ئێراق دا ، دێنەوە.!.

ماشەڵا جە غەیب ، دانایي یەزدان چن شیرین وە گشت ، ئەعرابش ناسان !

دەزانن ، کە نایزانین ؟ ٢٠
بە بۆنەی جەمبوونەوەکەی شاری ئامەدی تورکیا. لە فەیسبووکم دا لە : ١٦ / ١١ / ٢٠١٣ز. بڵاوکراوەتەوە.

١ – لە ئەمریکا:
سەدان ساڵ بوو ،
ژینی شیرین
لە هندی سوور ،
تاڵ کرابوو .
دزی سپی
لە جێی خۆیی ،
بۆ لای سەروی
ماڵ ، برابوو .
\+ +
ڕۆشنبیری ؟
بەری دیموکراتی
دەدات .
بەویش ڕاستی :
دادگایی بیری

٢٠ – س . ک . ژ /٢٠ ، ل/ ٢٠ .

چـەوت دەکات .
بـۆیـە پـێـشکـەوتـنـەکانیش ،
لـەوێوە ، بە ئـێـمـە دەگات .
+ +
٢ – نـەتـەوەی تـورک ؟
درەنـگ نـیـیـە ؟
ڕۆشـنـبـیـری ، لـە ئێستـادا ،
سـەمـەر بـەردات ؟!
کوردیـش هـەیـە
قـازی و مـەلا ،
مەزن کـران ،
بـەراااااتـی کـەن ،
سـەد سـەڵاوات !
ئەگـەر لـەم کـارا ،
( قـیـل ) ێک بـێـت ؟
بـە گـوولـلـیـی :
ئـەیـووبـی دوورە ،
ئـێ گـێی ،
ئـەوروپـاتـان نـابـات ؟
+ +
٣ – دەزانـن ؟ کـە نـایـزانـیـن؟
مـرخ و مـرپـیـان لـێ خۆشکردووین ،
بـە تـیـکـە چـەورەیـان ، چـووانـدوویـن .
ئـەگـەرێـکـیـشـیـان بـۆ چـانـدوویـن ،
کـە هـاتـە بـەر ؟
کاتـێ دەزانـیـن: بـێ حـەزمـان ،
بـە تورکـیـاوەیـان ،
لـکـانـدوویـن !

( کـەمـال پـیـر) ی ڕەگەز تـورکی ، لـە سێدارە دراوی ، ئەندامی بەرزی پارتی پێکاکای کوردەکانی تورکیا ، لـە سەرەتای هەشتاکاندا ، لـە کاتی دادگایی کردنیدا وتی : " نەتەوەی تورکی تورکیا لـە ١٠٤٠ ز. بییەوە ، لەگەڵ داگیرکاری مەغۆلەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاتوون بۆ سەر خاکی تورکیای ئەمڕۆ ، کورد لـە لافاوی نوحەوە ، لێرە ناویان هەیە...!" .

کوردستـانی مـەزن . هـ . ب . فـیـورت ، ١٩٨٤ز.
١ – لای قـەوقـاسیـا : مـامـەخـەمەن ، بۆ نـەتـەوەی

ڕەش و ڕووتی ، دنیای سێیەم.
تەنها کوردە ، کە ئەیوبە !
لە پێناسەی نەتەوەدا ، نەناسراون !
جەواڵێکن ، لە سێ ناوچە ئاخنراون!.

٢ – لای قامیشلی: داوای مافی ، گەلان دەکەن
پشتوێنی سەوزی ئەعرابی ،
تووانەوەی کەمایەتی ،
بۆ کوردان ، دیاری دەسیەتی.

٣ – لای وان: ( ماڵ ، لە خانەخوێ ، حەرامە)
هەڵاتوانی ( مەنگۆلستان) ،
ساڵی هەزار و چلی زاینی ،
وەک قەرەچ ، هاتنە کوردستان ،
قەرەقوش یاسا ڕێکخەر بێت ؟
لە کورد کەریش ، بێسەر دەبێت !.

٤ – لای بابە گوڕگوڕ: بە عەرەب و بەعس کردن ،
شاڵاو ، کوشتن ، هەرەس بردن ،
بۆ هەرلایەک چاو بگێڕیت ؟
پۆساڵ و خوودە ، دەبینیت !.

٥ – لای موکریان: شا ؟ ساڤاکی ، هەموو ساڵێک ،
شانۆی ( چوارچرا) ی دەنووانەوە ،
موفسید ؟ شوناسنامەی کوردە ؟!
وەجاخی شای ، زاخاو کردۆ !.

ئەگەر خوێنەر بیەوێت ؟ زیاتر بزانێت دەربارەی ، دەغزداری نووسەرە جڵەوکەرەکانی ڕژێمانی دراوسێ بەرانبەر بە کورد ، با سەیری ئەم کتێبەی د. جەمال نەبەزی ڕەحمەتی بکات: ، المستضعفون الکورد واخوانهم المسلمون ، من منشورات کوردنامە ، لندن ١٩٩٧/م. ئەمیشو فیردەوسی و یەزدی و مەسعودی و ، ئەوانەی لەمانیش دەکەن. حەزیاندەکرد دیکتاتۆرێکی وەك هێتلەر ، پەیدابووایە ، ئەو چیکرد بە گەلی جولەکەو کتێبە کانیان... ئاواشی بە کورد و کەلتوری بکردایە. تا هەموو دنیا ، تەنها ئەوانەی ببینایە ، کە ئەمان نووسیویانە. واتە خاکی کوردستانی داگیرکراو ، نەبووە و نیە و ، ئەوەی کورد ئێستا لە دژیاندا لە شۆڕشدایە ، هی تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریە و ئەرمەنستان و

٢٠ - هـ . ب . بەهمەنینامە ، ب/١ ، ٢٠١٤ ل ٢٩. قەوقاسیا: سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و ، ئەمڕۆ بەشێکە لە گورجستان و ئەرمەنستان و ئۆسێتزیا یە. هێمایە بۆ کوردستانی مەزنی داگیرکراو .

ئازەربایجانە!.
با ئەو دەوڵەتانە بڵێن ، کورد چ ، بوختانێکیان ، بۆ ئەوان هەڵبەستوە ؟ جیاوازیەکە ئالێرەدا ! ، بەڕوونی دیارە ، ئەوەش شارستانێتی کورد ، بەسەر ئەوان دا دەسەلمێنێت. هەرکەسێك ئەمڕۆش ، سەردانی هەر ناوچەیەکی کوردستان بکات ، نەتەوەیەکیان لێ دەبینیت کە زمان و جلوبەرگ و ڕەوشت... لە هی تورك و عەرەب و فارس... ناچێت. ئەوانە خۆیان بە کورد و جێگایان بە کوردستان ناودەبەن. ئیتر هەر نووسەرێکی نەیار و ناحەز، کۆن و نوێ هەرچی وترابیت و نووسرابێت ، کوردی لە شۆڕشکردن نەخستووە. ئەمڕۆش هەرهەن، نەدەتوێنەوە ، نە دەستەمۆدەبن. نووسەرانی وڵاتانی شارستانیش ، باشترین پاڵپشتن. با ئەم نەتەوەی کوردە ، بە دڕندەترین شێوە ، تەفروتونا بکەن وکرابێت ، بەڵام نەتەوەیەکی ئەوەندە ، شۆڕشگێر خۆگر و قوربانیدەر! هەردەبێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. دواکەوتنی شارستانی ، دراوسێیەکانی کورد، ئەوبوونەی دوورخستوەتەوە.
مەولەوی شاعیر فەرمویە:

*ئاوەختە زانام، بەختەکەم شەڕبیی    عێلەکەم هامراز، عێلی سەوەڕ بیی*

ئەو وەختە زانیم، یانی هەر زوو بۆم دەرکەوتبوو، کە بەختم هەر شەڕدێنێت ، چونکی هۆزەکەم هاونیشتەجێی هۆزی سەگوەڕ بوو. ئێمەی کوردیش دەبووایەم هەر زوو بۆمان دەرکەوتایە ، بەختی ئێمەش وەک هی مەولەوییە ، چونکی دراوسێی ، دەوڵەتانی عەرەب و فارس و تورکن. با لە لایەکیەوە ، بە ئەوروپادا بلکایە؟!.

## ب/ ١ / ٤ ـ مەرقەدی کوردستان :

پاش ڕوودانی تۆفانی سەردەمی نوح پێغەمبەر، ل ٢٠٩ ئادەمی قەرەچۆڵی بڕاوەتەوە ، بە وێستانەوەی کەشتییەکەی لەسەر ( لوتکەی شاخی ئارارات ، بە پێی تەورات) کە لە سەروی کوردستاندا. وە لە سەروی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان ، سەروی چاڵدێران ١٥١٤ز.= ( بایەزیدئاغا) دا، هەڵکەوتووە. لەکەسەکانی ناو کەشتییەکەوە ، وەچەی دووەمی ئادەمیزاد هەڵیداوەتەوە. ئەم ڕووداوە پێویستە دیقەتی لێبدرێت ، بۆ لە کوردستان دا، کەشتییەکە لەنگەری گرتووە یا ، وەستاوەتەوە؟! شاخی دەما وەند ، لەرۆژهەڵاتی شاری تاران ، کە بەرزی ٥٦٠٤ مەترە ، وە بەرزترە لە ئارارات کە: ٥١٦٥ مەترە ، یانی لووتکەی وشکانی ، ئەو ، بە چوونەوەی تۆفانەکە ، زووتر دەرکەوتووە. ویستی خواییە بۆیە کوردستان بووەتە ، جێگای وەستانەوەی ، دەبووایە ڕێزیان هەبوایە بۆئەم جێگایە ، بە مەرقەدێکی پیرۆزیان بزانیایە ، نەک کردن بە خزمی جنۆکە!.

ئاشەکۆن . ئاڵمان ، نورنبێرگ ، ١٩٨٥ز.
لە لای من ڕوونە ، سەروی ئەوروپا
بێشکەی یەکەمي ، کوردی تیا تاشرا
پێشی چل سەدە ، لەوێش کۆچ کرا
کوردستانی چۆڵ ، بە بەشیان بڕا
پاش تۆفانەکە ، هیچ کەسێك نەما

ئـاپاڕاتـی کـورد ، نـەوەی نـوێـی دەردا
بـێشکـەی دووهـەمـی ، مرۆڤـایـەتـین
خـاوەنـی ڕێـزی ، شـەرەف داریـەتـین
دیلـی ڕژێمـی ، ڕەگـەزایـەتـین
تـینـوی ئـازادی و ، هـەم کـوردایـەتـین
لـە نـەوەی ئـەم بـێت ، زۆری سـەرزەمـین
لـەنـاوی نـابـات ، چـەنـد و چـۆنـی قـین.
{بـۆچوونـی نـووسـەر ، بەرانبـەر بـووختـانـکـەران کە لە : ل/ ١٦ وەیـە ، لـێرەدا کۆتاییەتی} .

جـمـانـی کـورد لـە ٤٠٠٠ سـاڵ لـەمەو پـێش دا:
سـەروی ئـەوروپا = وڵاتـانـی سکـەنـدەنـاڤی ⟵ بـۆ: قـەوقـاسـیـا= ( جۆرجیا و ئـەرمەنستان و ئـازەربایـجانـی ئـەمڕۆ.) ⟵ لـەوێـوە بۆ : مازنـدەران و دەماوەنـدی ئـێران = خـواروی دەریـای خـەزەر. ⟵ لـێرەشـەوە لـقێکی بۆ ڕۆژئـاوا ، یانـی بـەرەو: کـوردسـتـان.

بـەسـەیـرکردنـەوەی لاپـەڕە پێشووەکانو واتـای گشتـی ئـەم هـۆنراوەیـەی سـەرەوەدا ، دەر – یخستـووەتـەوە ، جـێگای یـەکـەمی کـورد، پیش جمانـی شـەپـۆلـی مرۆڤی سـەرزەوی ، سـەروی ئـەوروپا بـووە ، یانـی سـێ وڵاتـە سکـەنـدەناڤییەکە. لـە ساڵی١٩٧٥ ز. یـەوە لـە ئـەنجامی ستـەمکردنـی داگیرکـەرانـی کـوردسـتان ، لـە کـورد. کـوردانـێکی زۆر ڕوویـان کـردەوە ئـێـرە. بـۆچـی ئـێرە ؟!. ئـەمـە گـەڕانـەوەیـەکی بـە پێچـەوانـەوە ، نییە ، بـۆ ئـاشـەکـۆن؟ سـەرچاوە و جـێگای سـەرەکییان؟!.

## ب/ ١ / ٥ ـ نـاو و سـەردەمي مـیـرنـشـینـانـی کـورد ، لـە پـێش زایین دا:

١ ـ ٣٠٠٠ ـ ٢٥٠٠ پ. ز. : سـەردەمی فـەرمانڕەوایی = کـورتـەکـەی: س. ف. : هـۆرییـەکان لـە ڕۆژهـەڵات و خـواروی دەریاچـەی وان دا، لـە بـاکـوری کـوردسـتان دا. لـە ١٦٠٠پ. ز. دیسانـەوە سـەریان هـەڵداوەتـەوە.
٢ ـ ٣٠٠٠ پ. ز. : س. ف. عـیلامـییـەکان ،لـە ١٢٠٠پ. ز. بـەسـەر کاسییـەکانـدا سـەرکـەوتـن ،لـە ١١٩٠پ. ز. بـابلیان داگیرکـرد، پایتـەختیان شـاری شـۆش بـووە ، نـاوچـەی لـوڕستـان خـواروی ڕۆژهـەڵاتـی کـوردستان.نـەخشـەی ل:٤٠ .
٣ ـ ٢٨٠٠ ـ ٣٣٠ پ.ز. : س. ف. ٤ زنجیرە دەسـەڵاتـی مـاددەکان، نـەخشـەی ل:٢٢، بۆ سـەردەمـەکـانـی ل: ١١.
٤ ـ ٢٦٢٥ ـ ٧٠٠ پ. ز. : س. ف. گـۆتییـەکان لـە نێوانـی دوو زیـی گـەورە و بـچـوك ، نـاوچـەی مـوسڵ و کـەرکوک دا= بـاشـوری کـوردسـتان. لـە٢١٥٠ پ. ز. دا وڵاتـی سـۆمـەرییـەکانیان داگیرکـردووە. [21]

---

٢١ ـ ئـەمین زەکی، س. ع. ژ. ٤ ل: ٦١ .

٥ ـ ٢٢٠٠ ـ ٨٢٨ پ. ز. : س. ف. لۆلۆییەکان لە ناوچەکانی سلێمانی بۆ زەهاو.
٦ ـ ٢٠٠٠ پ.ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئاراراتی یەکەم،لە باکوری کوردستان.٢٢
٧ - ١٩٠٠ – ١٦٠٠ ز. پ. ز. : سەردەمی فەرمانڕەوایی = س. ف. میتانییەکان لە ناوچەی قامیشلی . لە ١٤٥٠ز. دا،لە هەمان جێگەدا،لە ساڵەکانی کۆتاییدا فەرمانڕەوایی هەموو کوردستانیان کردووە. ٢٣
٨ ـ ١٧٤٦ ـ ١١٧١ پ. ز. : س. ف. کاسییەکان،یا رۆژپەرستەکان، لە لوڕستان. ٢٤
٩ ـ ٩٤٠ ـ ٨٠٠ پ. ز. : س. ف. زامواییەکان، لە ناوچەی موکریان، بە ماننناشیش ناویان هاتووە.
١٠ ـ ٨٤٠ پ. ز. : س، ف ، ئورارتو = خالیدییەکان، لە نێوان دەریاچەی وان و زیی گەورەدا.
١١ ـ ٨٢٥ ـ ٨٠٠ پ. ز. دەوڵەتی ئاگری لە ئارارات ، بە سەرۆکایەتی منقاش یا مناشچخال. ٢٥
١٢ ـ ٦٠٢ ـ ٥٣٣ پ. ز. : س. ف. بەهمەن/ ١ ، کوڕی ئەسفەنیار کوڕی گوشتاسەپ. بە هاتنە خوارەوەی هەژدە پشتی دەگات بە ، بەهمەن ی/٣ یەم . هەورامییەکان خۆیان دەبەنەوە سەر ئەو دوو فەرمانڕەوایە (؟) = کە زنجیرە دەسەڵاتی یەکەمی گۆرانەکانە.
١٣ ـ ٥٠٠ پ. ز.: س. ف. بۆتان/١، دووەمیان لە١٨٠٢ز. ـ١٨٦٧ز. بە سەرۆکایەتی ئەمیربەدرخان لە ناوچەی جەزیرە. ٢٦

## ناو و سەردەمي میرنشینانی کورد ، لە پاش زایین دا:

١٤ - ٩٥٩ ز ـ ١٠١٥ز. : س. ف. حەسنەوییەکان ، لە دینەوەردا. = سەروی رۆژهەڵاتی کرماشانە، دراوسێی رۆژهەڵاتی شارۆچکەی کەنوولەیە. دەبێت لەم کاتەدا هەمەدان سەربێرە بووبێت،ل١٢٠ .
١٥ ـ ٩٧١ ز.ـ ١٩٦٠ز. : س. ف. سانەکانی هەورامان، لە بەهمەن/٣ یەمەوە بۆ،عیزەت بەگ

---


٢٢ ـ ئیحسان نوری، س. ع. ژ. ٣ ل:١٧، ئەمیش لە مێژوو نووس دەمرکانەوە.
٢٣- ئەمین زەکی، ل: ٥١ ،٤ . ٢٤- مەردۆخ، س. ف . ژ. ١ ل: ٤٠.
٢٥ - ئیحسان نوری، س. ع. ژ. ٣ ل:١٧._ ٢٦ – مەلا عەبدووڵای قازی هەورامانی. تاریخ هورامان ، س. ف . ژ. ٢ ل ٢٥. ژیانی: مەلا عەبدووڵای قازی ، هەورامانی ، نازناو بە : ( شەیدا) شاعیر و مێژوو نووس بووە.{ ل٣٤١ / پیتی ع /٥}. شەش کتێبی نووسیوە. وای بۆ دەچم سەردەمی وابێت ( ١٨٤٧زـ ١٩٠٩ز.) کوڕی عەبدوولعەزیزی قازی ، لە شاری هەورامان هاتوەتە دنیا. شەش پشتی لە هەوراماندا ، قازی بوون ، بە حەوت پشتی تر ، دەچێتەوە سەر پیرشالیاری/٣ ی هەورامان ، (گوشایش). لە نێوان ١٩٠٣ - ١٩٠٧ز. دا، کتێبی مێژووی هەورامانی نوێی نووسیوە ، ( کە مامۆستا مەردۆخ بۆ مێژووەکەی نیشانەی پێداوە.) قازی ئەو مێژووەی بۆ برزوبەگی کوڕی حەسەن سان ، سەجەرەی ل. ١٤٦/*. کە ماوەیەک حاکمی دێی بانیشاری ،هەورامانی لهۆن، دیوی ک. ئێراق بووە ، نووسیوە. لەلایەن: موزەفەر بەهمەن سوڵتانی هەورامییەوە ، لە ٢٠٠٧ ز. دا ، بۆ یەکەمین جار، بە فارسي چاپکراوە. سەیری سەرچاوەکانی فارسی ، ڕیزی/١٩ ی، بەرکەوتوە. کەلە چاپی/٤ ەمەوە ، سودم لێبینیوە. بۆ مردنی زۆر لە سانەکانی هەورامان ، هۆنراوەی پەندئاسای لە دێڕێک بۆ سێی ، بۆ نووسیون. زیرەکی شاعیر دەردەخات... وەک سەرچاوە بۆ بەهمەن/ ١ ـەم ،

زەرەتەن لهۆنی.= ز.د.سێیەمی گۆرانەکان. بە درێژتر لە دوای ل: ١٢٦ ەوەیە.
١٦ ـ ٩٨٢ز. ـ ١٠٨٥ ز.: س. ف. دۆسکییەکان، لە شاری میافاریقین، هەمان دەوڵەت لە ١٠٩٣ز. : داسەری هەڵداوەتەوە. لە لایەن ناسرولدەولەوە، د. تورکیا ناوی گۆڕیبوو بۆ، سۆڵهان یا سلیڤان. سەروی رۆژهەڵاتی دیاربەکرە ، یا ئامەدە. ٢٧
١٧ ـ ٩٠٠ ز ـ ١٠٢٥ز.: س. ف. سالا رییەکان کە بە کوردی تەبەرستانیش ناویانبراوە.ئەمە ناوچەی قوچانە کە کوردێکی زۆری لێیە، نەخشەی ل:٤٣.
١٨ ـ ٩٠٨ز. س. ف. هەزبانییەکان، لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێراندا، وە ٩٤٦ز. دیسانەوە لە هەولێر سەریان هەلداوەتەوە. ٢٨
١٩ ـ ٩٩٠ز. ـ ١٠٤٥ز. س. ف. بەنو عەنازی یا عەیاری کورد،لە ڕۆژاوای کرماشاندا، لە سەردارەکانیان، ئەبوشەوك موهەلهەل. ٢٩ ،مێژوونووسانی ئەوروپی ئەم جێگە بەناوجەرگەی عێلی گۆرانی دەزانن.
٢٠ ـ ٩٩٠ زـ ١٠٤٥ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینی ئامێدی ،لە ناوچەی بادینانی ئێراق دا. نەخشەی ل ١٨١.
٢١ ـ ١٠٠٤ز. ـ ١٠٤٦ز. س. ف. بەنی کاکۆیە= کەهکیلۆیە ،لە ئەسفەهان و لوڕستاندا.
٢٢ ـ ١٠٢١ز. ـ ١٢٦٠ز. س. ف. شوانکارەییەکان، لە شیراز و کەناری کەنداودا،لە سەرۆکەکانی: فەزلەوی عەلی حەسەن. ئێرە بە نیشتیمانی گۆران ناوبراوە.٤ لەسەر ئەمە: لە ڕیزی ز. د. چوارەمی گۆرانەکاندایە .ل:١٢٠
٢٣ ـ ١١٣٨ز. ـ ١١٩٣ز. س. ف. ئەیوبییەکان بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین لەم شوێنانەدا:
* ـ ١١٧٤ز. فاتیمی لە میسر. * ـ ١١٨٣ز. لە دیمەشق و حاڵەب. * ـ ١١٨٥ز. لە جزیرە و میافاریقین. ٣ ـ ١١٨٦ز. لە موسڵ. * ـ ١١٨٧ز. دا سەرکەوت بەسەر خاچپەرستەکاندا،وە فەلەستین لە ژێردەسەڵاتی ئیسلامییەکاندا، مایەوە تا ١٩١٧ز. ٣٠ زیاتر ل٤٠/٤٢.
٢٤ ـ ١٣٣٦ز. ـ س. ف. حەسەن کێف، لە سەرۆکەکانی: سلێمان پاشا، ئەمانە دەچنەوە سەر ئەیوبییەکان.
٢٥ ـ ١١٦٠ ز. ـ ١٨٦٧ز. س. ف. ئەردەڵانییەکان لە ( زەڵم= دڵدەم ) و پاڵنگان و حەسەنئاوا و سنە ، نەخشەی ل:١٦٤. بە درێژی لە ل: ١٧٩ ـ ١٩١ باسیکراوە ، زنجیرە دەسەڵاتی/٥ ی گۆرانەکانە.
٢٦ ـ ١١٧٢ز. ـ ١٢٨٥ز. س. ف. ئەزبەنییەکان.
٢٧ ـ ١٢٤٦ز. ـ ١٣٨٣ز. س. ف. مەملەکەتی کورد ، لە ناوچەی بسجستانی شاری هەڕات لە ڕۆژئاوای ئەفگانستاندا. لە سەردارانی کوردپاشا.
٢٨ ـ ١٤٩٦ز. س. ف. جکنییەکان لە خۆراسان.
٢٩ ـ ١٤٩٨ز. ـ ١٨٥١ز. س. ف. بابانەکان ، لە قەڵاچوالان و سلێمانی . بە درێژی ل: ١٩٢.


---

ئەمانەش هەن: مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ل: ٤٠. + محەممەد دانا ، س ، ك. ژ. ٦ ل:١٣. ٣ – س./١ ل: ١٣. ٢٧ـ عەبدوولڕەقیب یوسف ، س. ع. ژ. ٩، ل:٣١٥. ٢٨ـ دائرة معارف اسلامیة ، مادة اربیل ، ل:٥٧٤. ٢٩ ـ بە گەشتنی دینی ئیسلام بە کوردستان ، ناو و نازناوی عەرەبی لە خۆنان ، لە لایەن کوردەکانەوە ، بووەتە باوی زەمانە ، بۆیە ئەو، ناو یا نازناوانە عەرەبین. ٣٠ - ئەمین زەکی، س. ع. ژ. ٤ ل:١٣١، ١٣٥.


٣٠ ـ ١٥٥٨ز. س. ف. الكورة،القورة، لە شاخی لوبنان.بە سەرۆکایەتی نەجاشی کورد.
٣١ ـ ١٧٠٠ز. ـ ١٨٤٢ز. س. ف. میرنشینی بادینان،دامەزرینەر : میرحەسەن.
٣٢ ـ ١٧٤٧ز. ـ ١٧٩٤ز. س. ف. زەندییەکان، دامەزرینەر: کەریم خان. لە ١٧٥٦ز. دا ئەسفەهانیشی داگیرکرد. نەخشەی ل: ٥٢.
٣٣ ـ ١/٢٢ / ١٩٤٦ ـ ١٢/ ١٢ / ١٩٤٦ ز. : س. ف. کۆماری مەهاباد ، بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی موحەممەد، لە ٣١/ ٣ /١٩٤٧ ز. دا، ڕژێمی ئێران لە سێدارەی دا.
٣٤ ـ ٣/١١ / ١٩٧٠ ز. . ڕژێمی ئێراق دانینا، بە ئۆتۆنۆمی کوردستاندا، پاش شۆرشێکی خوێناوی نۆ ساڵە ، کە بە شۆڕشی ئەیلول ناسرابوو ، بۆ زیاتر ل: ٦٩.
٣٥ ـ ٢/ ١٠/ ١٩٩٢ ز. . دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی ئێراق ، لەلایەن کوردەکانەوە، بە یارمەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، پایتەخت هەولێر. لە ئەنجامی نەگونجانی دوو پارتییە کوردییە سەرەکییەکەی: پ. د. ك وە ی. ن. ك. ١/٢٥ / ١٩٩٧ز. لە شاری سلێمانی پارتی دووهەم ، هەرێمێکی تری هاوشێوەی هەولێری ، دامەزراند.



دەوڵـەتی مـاد لـە بـاڵا دەسـتی دا.




میرنشینانی کورد، لە پێش زایین دا.



مـیرنـشینانی کـورد ، لـه پـاش زایین دا.

پێناسەی کەسایەتی کورد:

١ ـ (کورد سۆفی ڕەوشتە ، نەختێك فەیلەسوفە ، ئەگەر بتوانی بیکەیتە هاوڕێی خۆت ، لە نەتەوەکانی دراوسێیان ڕاست و ڕەوانترن. هەرچەند وڵاتەکەیان ساکار و دواکەوتوبێت ، ئارەزوویەکی وشیارانەیان هەیە بۆ هەموو پێشکەوتنێك) . هەڵسەنگاندنی ئینگلیزێك: ٣١

٢ ـ نەفس بەرزو شارستانی ڕەوشتە ، بڕوای تەواوی بە بەرانبەرەکەی هەیە ، تا ناڕێکییەکی لێ دەردەکەویت.

٣ ـ (سوارچاك و چاونەترس و شەڕکەر و ئازا و تووڕەن) .٣٢

## ٦ – کوردستان، وڵاتی شاخاوی= وڵاتی کوردان:

(وا لە مێژوودا هاتووە ، کە سولتانی سونجەری سەلجوقی ، ، یەکەم کەس بووە کە ناوی کوردستانی چڕیوە ، وە لە پێش ئەم سەردەمەوە ، بە وڵاتی شاخاوی ناوبراوە. ئەم وڵاتە لەوکاتەدا بەشکراوە بە ١٦ ناوچەی فەرمانڕەواییەوە. پایتەختەکەشی، قەڵای بەهار ، بووە لە ڕۆژهەڵاتی هەمەداندا. یەکەم نووسەریش کە ئەو وشەی لە نووسیندا بە کاربردووە، قەزوینی بووە لە کتێبێکیدا بە ناوی نوزهەتول قلوب ، لە ١٣٤٠/١٣٣٩ز. دا، یەکەم هۆنەری کوردیش کەئەو وشەی لە هۆنراوەدا بەکاربردووە ، مەلای جزیرییە). ٣٣

سنووری کوردستان:

(ئەولیاچەلەبی تورکیا ، لە ١٦٥٥ز. دا، لە سیاحەتنامەکەی دا، بەرگی/٤ ل:٧٥ نووسیویە: لە باکوورەوە: ئەرزڕۆم. لە باشورەوە: شاری بەسرە.) بەسەیری دابەشکردنەکانی کوردستان لە ل: ٣٥ دا، لە کۆندا دوو دەولەتی سەفەوی و عوسمانی کردوویانە بە دوو بەشەوە. لە شەڕی جیهانی یەکەمیشەوە ، بەریتانیا و فەرەنسە ، بە تایبەت یەکەمیان ،کردوویانە بە پێنج بەشەوە. لە بوونە دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان، بونە/٦.

کۆنسۆلی بەریتانی جێرمی مەکاردی ، لە ١٣/ ٧ /٢٠١٠ ز لە هەولێربۆ ژ. سێ ڕۆژنامەی (باس) ، ل. سێ : وتویە" کوردستانمان دابەشکردووە بە پێنج پارچەوە ، بە ، ڕاستە ، لەسەر نەخشە "! ٣٤ ئەدمۆنزی نوێنەریان لە ئێراق دا. لووڕ و لوڕستانیشی لە کورد دابڕیوە! ، وە لە خوار کرماشانەوە تا سەرکەنداو پچڕاندوویەتی!. ٣٥ سەیری نەخشەی دەستیان کە. ل: ٣١ ! سەرنجێکم لە ل. ٢٧ دا ، دوای ئەم بیخوێنەرەوە ، تا بزانن ڕێوی پیر چی کردووە؟ جا بەراوردی کەن لەگەڵ ڕاستییەکەی ، ل: ٣٢ !.

کە هی کۆمەڵەی خۆیبیبوونە ، کە لە ٥ / ١٠ /١٩٢٧ز. دامەزراوە. وە لە ٣٠/ ٣ / ١٩٤٥ ز.

---

٣١Hamilton a.m. “Road Throu Kurdistan”, London 1937 , page 197 .

٣٢ ـ ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ، گۆڕینی لە ڕوسییەوە بۆ کوردی ، ڕەشاد میران ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ل: ٣٦.

٣٣- باسیل نیکیتین ، س، ع. ژ. ٧ ل:٢٤ تا ٢٥. ٣٤ ـ ( ٧ / ١٠ /١٩٢٥ز. باڵوێزی بەریتانیا لە تاران: دەوڵەتەکەی ڕازینابێت ، وە هەوڵنادات بۆ درووستبوونی هیچ وێنەیەك ، لە وێنەکانی ئۆتۆنۆمی ، یا دەوڵەتی سەربەخۆی کورد) ! . وتەکانی دێمێرێل لە ل١٦ ، هەروابوو. + ئیحسان نوری ، س ، ع. ژ. ٣ ل:٢٢١. + وە لەم کتێبەدا ، ل: ٢١٦ کاردانەوە. وە ل:٦٠ ژ/١٩٠. ٣٥ ـ کورد و تورك و عەرەب ، گۆڕینی بۆ عەرەبی ، جەرجیس فەتحولا ، س. ع. ژ. ٦ ل: ٧.

دراوە بە کۆنگرەی سانفرانسیسکۆی ئەمریکا. فەرەنسەش لە ١٩٣٨ز. دا، ئەسکەندەرۆنەی لە کوردستانی سوریە کردەوەو ، لکانی بە تورکیاوە. ل:٥٦ / ١٤٤

خۆ بۆ کوتانی مەغۆل و سەفەوی و عوسمانی و ڕووسیا و بەریتانیا ... گرنگی کوردستان دەردەخات ، بوونی کانە ژێرزەمینییەکانیی ، وەك: نەوت ، ئاسن ، مەڕمەڕ... وە بوونی سەرچاوەی شەش ڕووبار لەناو خاکەکەیدا ، هەرلە ئێستاوە ، وە تا ، ژیان بەردەوام بێت ، گرنگی ئاو . پێش سامانی نەوت دەکەوێت ، وە دەبێتە سیاسەتی ڕۆژ!. بوونی خاکو ، ئاووهەوای لەباریی ، ئاشکرایە هەموو کشتوکاڵێکیشی لێ بەرهەمدێت.

بە پێی خاوەنی کوردستان خۆی ، کە کوردەکانن ، وە پەڕاوی شەرەفنامە ، وە نەخشەی کۆمەڵەی خۆییبوونی سەرەوە ، بۆ کۆنگرەی سانفرانسیسکۆ ل:٣٥.

کوردستانی مەزن لە سەروی ڕۆژاواوە( ناوچەی ئەسکەندەرۆنەیە) . گەیشتوەتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست ، مێدەتەرانە ، سەری بەوێ تەڕدەبێت. وە لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە بە پانی زیاد لە ٣٠ کم . گەیشتوەتە سەر کەنداوی عەرەبی یا فارسی. یانی بەوێش قاچی تەڕدەبێت. کوردستانبوونی خاک ، خاوەنەکەی= نەتەوەی کورد ، خۆی دەزانیت تاکوێ بووەو هەیە ، نەك داگیرکەر بۆی دیاری بکات.

## ب/١ / ٦- سنووری تەواوی کوردستان :

<u>لە ڕۆژهەڵاتەوە:</u> وە لە باکورەوە بۆ باشوور سنوورەکە نووسراوە:

ڕۆژئاوای خۆی ، دەریاچەی ورمێ ، مەراغە ، سنووری ڕۆژئاوای ستانی (زنجان ، هەمەدان) ڕۆژئاوای : خومەین ، گوڵپایگان ، داران ، زەڕینشەهر ، بروجن ، یاسوج ، مەرۆدەشت ، شیراز، تا دەداتەوە لە بەندەربووشەهری ، سەرئاوی کەنداوی عەرەبی یا فارسی.

<u>لە باکوورەوە :</u> وە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا:

ناخچاوان ،شاخبووز ، عەزیزبەگۆف ، ئارارات ، ئارتاشات ، ئەچمیلادتزین ، ئۆکتمیباران ،(لەدوو دەوڵەتی ئازەربایجان ئەرمەنستان دان). دیگۆر ، سەریقامیش، هۆراسان ، ئەرزڕۆم ، ئەسکەلە ، ئەرزنجان ، ڕەفاهیە ، عیمرانلی ، زارا، ( لە سەروی تورکیای ئەمڕۆدان).

<u>لە خوارووەوە:</u> کەنداوی عەرەبی یا فارسی و شاری شیراز...

<u>لە ڕۆژئاواوە:</u> وە لە باکوری ڕۆژئاواوە بۆ باشوری ڕۆژهەڵات ، بۆچی ؟ چونکی سنوورەکە لەملایەوە ، لارە ، لاونیوە:

تۆکات ، چیرچیر ، چایرەلان ، نەوشەهر ، یاهالی ، کۆتزان ، جەیران ، سەر ئاوی دەریای ناوەڕاست ، ئەسکەندەرۆنە ، یایلاداغ.( ئەوانە لەناو تورکیای ئەمڕۆدان). قەسەب ،حەڵەب ، سەفیرە ، تەلئەبیات ، تەلکۆچەك.( لە ناو سوریەی ئەمڕۆدان). سنجار یا ژەنگار و شەنگال ، تەلەعفەر ، حەمام عەلیل ، گەیارە ، شەرقات ، زنجیرە شاخي حەمرین ، شارەبان( میقدادییە) ، بەلەدروز ، مەندەلی ، بەدرە ، جەسان ،( لەناو ئێراقی ئەمڕۆدان). میهران ، دیهلوڕان ، شۆش ، *ڕۆژهەڵاتی* شاری ئەهواز ، ماهشەهر ،

بەهبەهان ، دووگوونبەدان ، بەندەرگەناوە ، سەر ئاوی کەنداو.( لە ناوی ئێراندان). لەبەرئەوەی کوردستان لە خوارەوە یا خواروی ڕۆژهەڵاتییەوە ، لە سەر کەنداوی عەرەبی تەسك دەبێتەوە ، هەر کەنداو دەبێتە خواروی کوردستان لەگەڵ سنووری ڕۆژئاوای شاری شیراز. ئەو سەرئاوەش بەرانبەر دوورگەی خارکە.

سەرنج:
بۆ ئەوەی ڕای سەرەوە ڕۆشنتر بێت: لە شاری قەسەبی ئەنتاکییەوە ، تا تەلەعفەر، کە حەوت شوێنی ناوبراون ، دەبنەباشوور ، بۆ کوردستانی باکوور ، تورکیا ، بە تایبەت لە باتمانەوە بۆ ئەدەنە. بەڵام بۆهەندێ شاری کوردستانی ئێراق ، دەبنە ڕۆژئاوا، بە تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کەوتونەتە دەستی ڕاستی حەوت شارەکەوە. وەك ئەو ناوچە و شارانەی کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی ئەم ڕێکە: شاری هەولێر بۆ بارزان.
هەروەها لە حەمام عەلیلەوە ، تا سەر کەنداو کە بیست شوێنن ، بۆ کوردستانی تورکیا، دەبنە باشور. بەڵام لە گەرمیانی ك. ئێراقەوە بۆ خواروی لوڕستانیش ، دەبنە ڕۆژئاوا. بۆ ناوچەی : لە کرماشانەوە تا سەر کەنداو. لەگەڵ خوێندنەوەکەتدا ، سەیری نەخشەی ل: ٣٥، ٣٧ بکەی ؟ ئاسانتر لێی حاڵی دەبیت.

( کۆمەڵێك لە زانایان توانیویانە لە ئەشکەوتی شانەدەر لە ك. ئێراق ، کە کەوتوەتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە ، لە نێوان بارزان و مێرگەسووردایە. سووری شوێنەواری ژیانی ئادەمیزاد ، لە سەردەمی بەردەوە ، تا س. نوێ. پەیپێبەرن. بوونی ئەم سەردەمە ، دەبەنەوە بۆ سەد هەزارساڵ لەمەوپێش. )٣٦ هەرئەم ناوچەی کوردستانە ، جێگای ڕوودانی تۆفانی نوحو سەرهەڵدانەوەی ئادەمیزادە. ل: ٢٠ . وە ل: ٢٠٩ تۆفانەکە.

**ڕوونکردنەوەیەکم لەسەر نەخشەی ل ٣٤** ، بە تایبەت بۆ حکومەتی هەرێمی ك. ئێراق:
هەروەك لە لاپەرە ٢٨ دا کورتە ئاماژەیەکم پێکردبوو ، لەسەر بڕینەوەی نەخشەی کوردستان لە خوارو و خ. ڕۆژهەڵاتدا ل ٣١ ، واتە پچڕاندنی لوڕستان تا سەر ئاوی کەنداوی عەرەبی یا فارسی ، لە ١٩١٨ز. لایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوەیە. سەیری سەری مرۆڤی نەخشەی کوردستان بکەن ، لە سەروی ڕۆژئاواوە،بەئاوی کەنداوی ئەسکەندەرۆنە= د ناوەڕاست ، مێدەتەرانە، دەبێت تەڕببێت. ل:١٤٤/٥٦. وە قاچیشی لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە هەروەها بە ئاوی ك. عەرەبی یا فارسی. دەبێت تەرببێت. وە بە پانی ٣٢ کم. دەگاتە سەرکەنداوی عەرەبی یا فارسی.نەخشەکانی ل ٣٤ یا ٣٥.
(بەداخەوە چەند مامۆستای ، بە حساب زانکۆش ، لە حوکمەتی هەرێمی ك. ئێراق نەخشەیەکی کوردستانی مەزنیان دەرکردووە ، ساڵیشی لەسەر نییە !، بەڵام لە دوای ٢٠٠٤ ز. یە ، ئەوەیان دەرکردووە بەریتانیا ، لە جەنگی جیهانی یەکەم دا، لەتێکی لێ لابردووە،

-٣٦Unsere Erde, Band1, Hamburg,Isbn,3788602414,Seite.46.

واتە لوورِستان تا سەر کەنداوی ، لێ پچڕێنراوە.
بۆ بە تایبەتی ئەوەیان ؟ بۆ لەسەر قاڵی دیواریش چنراوە ؟ بۆ بە دنیادا بڵاوکراوەتەوە؟ من لە ئەورووپا و ئوسترالیاش دیومە ، لە ماڵە کوردان دا ، هەڵواسراوە! . ئای چەند نەزانییە ؟! باوان ڕاستیان فەرمووە:

ئەگەر قەلەڕەش ، ڕێ پیشاندەر بێت؟ دەبێت گەورەمان ، هەر دەربەدەر بێت

کە کورد بەرۆکی لوڕستانی = ( دەرگای خوارەوەی ، کوردستانی مەزن ، لەسەرئاوی کەنداو.) ، لە داگیرکەران گرت ؟ دەڵێن: ئەوە نییە مامۆستای زانکۆشتان ، لە سەردەمی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی ئێراقیش دا ، وایان وتوە و نووسیوە ، ئەوەندە ڕاستە ، لە سەر قاڵیش کێشاوتانە.
وا، مەکەن بە کوردستان و لوڕستان . گوێبگرن بۆ هۆزی جوامێری لووڕ و بەختیاری و فەیلی و لەک و کەڵهوڕ و مامەسانی و... ئەگین ئەوان نەبن؟ لە خوارەوە ، دووای دەرگای خوارووتان ، لێ دەگیرێت ، چونکی دەرگای بازرگانی خوارووی کوردستانی مەزنە.

هەڵەی تر:
شاخی. بەرانانی ڕۆژاوای سلێمانی ، خستویانەتە ، سەروی پێنجوین ! ش. سورێن جێگای هەڵەیە ، ل٢٤٨ سەیرکەن ، خراوەتە جێی ش. هەورامان ! . کە دەبێت لە سەرویەوە بێت : واتە لە دێی بانیبنۆکەوە بۆ وڵەسمت و سیامێوە ، تا نزیك پێنجوێنە.! شاری حەڵەب: کوردستان نییە ! شاخی کۆسالانی هەورامانی ئێران ، سالان نووسراوە ، کۆ ، قوتدراوە ...هتد ! ئەگەر مامۆستای عەوامەمان وا بکەن ؟ دەبێ دوژمنی دانامان ، لە ژێرەوە چییان کردبێت و چی بکەن؟!.

هەڵەی تر:
دەوری بیرە نەوتەکانی شیواشۆکی نزیکی تەقتەق ، بە تاپۆوە دراوە بە تورک ، ٣٠ ساڵی تر ، دەبێتە کێشەی کەرکوکی دووەم. ئەو کاتە بۆ ئەمەش دەڵێن: ئەوە نییە سەرۆکەکەتان ، بە دەنگو ڕەنگەوە وای وتووە؟!. (ئەمەم بە فلیم لە بەرلین دیووە.)

جێگەی خۆیەتی ، با ئەم هۆنراوە جوانەشتان بۆ بنووسم ، کە لە کاسێتێکی کۆنی، هەشتاکانی ، هونەرمەند ناسری ڕەزازی ، لە مەقامێک دا وتویەتیو ، من لە ماڵە کوردێکی ئوسترالیا ، لە ناو کاسێتە کۆنەکانیاندا ڕێم لێ کەوتووە . نەکوو گورگ بیخوات ، خێرا لەبەرم کرد.

*تەوەنکەرێک ، هەتاکوو مرد* *فەرشی چنی و ، گووڵی لێکرد*
*بەڵام کاتێک ، دێوەزمەی مەرگ؟* *کفنی سپی ، بۆ کرد بە بەرگ؟*
*نە فەرشێکی ، هەبوو بۆ خۆی !* *نە گووڵێکیش ، لەسەر گڵکۆی. !*

وا، لـه خـوارەوه ڕای چەند ، مێژوونـووس نـاودەبەم كه زۆریان غەیره كوردن ، وه لـه دێرینەوه باسی بـوونی لقەكانی كوردی گۆرانیان كردووه ، وەك: لـوور ، فەیـلـی ، لـەك ، بەختیاری مامەسانی ،... نەخشەی ل:٢٨٠:

١ـ ( كوردێكی زۆر لـه سەردەمی ساسانییەكان دا ، وه لـه ئێراندا هەبووه. زمانی تایبەتی خۆیان هەبووه ، هیچ پەیوەندییەكی به زمانی فارسییەوه نەبووه ، چونكی كوردی لـه فارسی كۆنتره.) ٣٧ ( ساسانییەكان خۆیان به ڕەچەڵەك لـه كورده بەرزەنگیەكانن.)٣٨.
به بۆچوونم بەرزەنگی هەر زەنگەنەیه ، غەیره كورد نووسیویه.
٢ـ ( ئیبن بەڵخی لـه سەدەی شەشی ی كۆچیدا، باسی نەوەی شوانكارەی= شەبانكارەی كوردی كردووه، كەلـه نـاوچەی فارسی ئێراندا ژیاون). ٣٩
٣ ـ ئیبن حەوقەل لـه ٩٥٢ز.دا، : ( كوردەكانی نـاوچەی فارس لـه ئێراندا زیاتر لـه ١٠٠ تیرەن، لـەوانـه: شاهكانی، ئازەركانی،ڕامانی،مهركی، شاهۆیی...)
٤ ـ موقەدەسی ، لـه٩٥٩ز. لـه پەراوی: حسن التقاسیم فی معریفة الاقالیم:
( ٣٣ هـۆزی كـورد لـه نـاوچەی فارسدا هەن ، پێنجسەد بنەماڵـەن.)
٥ ـ ئەستەخری ، بۆ شارەكە، نەخشەی ل: ٤٧. جوگرافی نـاسی ئێرانی لـه ٩١٩ز. :
( بنەماڵەی كوردەكانی ناوچەی فارس ئەوەنده زۆرن ، ناتوانین ژمارەیان دیاری كەین. )
٦ ـ ( كوێستانەكانی نـاوچەی فارس ، كه لـه دواییدا كرا بـه: كێویكیلۆیه ، كەهكیلۆیه ، نێوان فارس و خوزستان ، كوردی لـووڕیان تێدادەژی ، دەچنەوه سەر مادەكان.) ٤٠
٧ ـ ( كوردی گـۆران لـه سەروی ڕۆژئاوای شاری شیرازدا ، لـه تالارهێدیشك دەژین). ٤١
٨ ـ لـه ل: ٢٩ دا ، خالّی ١ ـ ٥ دەخوێنیتەوه كه چۆن كوردیان ئاواره كردووه بۆ ئەم ناوچەیه ، كۆچپێكردنی واش ، دەبیت ژمارەی كوردەكانی زیاتر كردبێت.
٩ ـ لـه چوارمەحاڵی بەختیاریدا: شاری كورد. وه لـه نـاوچەی ئەسفـەهاندا: گونـدی كورد. وه لـه نزیكی تاران دا: پووڵی یا پردی كـورد. وه لـه ده كیلۆمەتری شاری تاڵەقان دا ، كورد دەژین. ٤٢ نەخشەش هەیه ، لـه ٥٥٠ پ. ز. دا ، هەموو لێواری كەنداوی عەرەبی ، كوردستان بـووه. ئەمه خاكێكی زۆر پیشاندەدات ، وه داگیركەر به كوێی گەیانـدووه ؟!.

## ب / ١ / ٧- دابـڕینـی كـوردسـتـان :

**ئـ /** ـ لـه نێوان دوو دەوڵەتی ، سەفەوی ئێران و عوسمانی توركیادا ، لـه ساڵەكانی:

١٥١٤ ز. لـه ئەنجامی شەڕی چاڵدێران دا ، لـه سەروی ڕۆژهەڵاتی توركیادا ، بۆ جێگاكەی نەخشەی ل: ٢٦، وه باسی ل: ٤٦، ژ/٥١.

---

٣٧– ع. سەجادی ، س. ك. ژ/ ٢ ل: ٢٣.
٣٨- سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ. ١٧ ل: ٣١
٣٩- سەرچاوەی ژ/ ٣٨ ی پێشەوه، ل ١٩.
٤٠- سەرچاوەی ژ/ ٣٨ ، ل ٢٤
٤١ – كارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ.١ ل:٣٢
٤٢- سەرچاوەی ژ/٣٨ ل ، ١٧، ٣٢.

١٥٥٥ز. لـه ڕێكەوتـنی ئەماسـیيە دا.( تـوركيا ).
١٦٣٩ز. لـه ڕێكەوتنی زەهاودا ، بەناوی قەسری شيرينيشەوە هەيە.(ئێران).
١٨١٣ز. لـه پـەيمانـی گولستان دا. ئەم بەروارەش هەيە. ١٨٢٢ز. (ئێران).
١٨٢٢ز. لـه ڕێكەوتنی ئەرزڕۆمی يەكەم دا. ( تـوركيا ).
١٨٣٨ز. لـه ڕێكەوتـنی توركمانچای دا ، بەشێك لـه خاكی كوردستان خراوەتـە سەر ڕوسيا.

لـەو شەش بەشكردنانەدا ، كراوە بـە دوو قاشـەوە. ڕۆژهەڵاتی ز. ش. زاگرۆس سەفەوی ئێران بـردوويەتی ، وە ڕۆژئـاواكەشـی عوسمانـی تـوركيا .


**پ /** لـه نێوان بەريتانيا و فەرەنسەدا، پاش شەڕی جيهانی يەكەم:

١٦/ ٥ / ١٩١٦ز. لـه ڕێكەوتنی سايكس بيكۆ دا. سايكسی ئينگلاند و بيكۆی فەرەنسی دا.
١ / ٨ / ١٩٢٠ز. لـه ڕێكەوتـنی سـيڤريس دا.
١٩٢١ز. + ٢٤/ ٧ / ١٩٢٣ز. لـەڕێكەوتنی لـۆزانـدا.( سويسره )


لـەو چوار بەشكردنانەشدا ، كوردستانيان كردەپێنج پارچەوە ، خرانـە سەر: يەكێتی سۆڤـيەتی ئـەوسا ، ( ڕوسـيـا ). ئێران ، توركيا ، وە دوو دەوڵـەتی تازەدەمـی ، بـە زۆر نـان بـە پێوەی ، ئێراق و سـوريە.

**پ /** لـه ئـەنجامی هـەڵوەشـانـەوەی يەكـێتی سۆڤيەتـو بـوونـەوە بـە ڕوسـيـا دا:


٢٥/ ١٢ / ١٩٩١ز. كـه ئـەرمـەنستان و ئـازەربـايـجان ، ئـازادكرانـو كرانـە دوو دەوڵـەتـی سەربـەخـۆ. ناوچە كوردييەكەی نێوانيان: ناوی ( كـەره بـاخ) ـە = خوارووی ئـەرمـەنستانـە و ڕۆژئـاوای ئـازەربـايـنجانـە . ئـەوێش پاش شەڕێكی نێوان ئـەو دوو دەوڵـەتـە ، لـەتـبـوو ، لـە نێوان ئـەو دووانـەدا. يانـی بـەشێكی خاكـی ئـازەربـايـجان. كـەوتـە ڕۆژئـاوای ئـەرمـەنستانـەوە. پچڕاوە لـە خاكـی ئـازەربـاينجان ، دەبێت بـە فـڕيـن بـۆی بـچـن. يانـی كوردەكانيش لـەتبوون ، *كوردستانـی بە پێنج پارچە بـەشكـراوە وە ، بـووە شـەش.* سەيری نـەخشەی ل: ٩٤ .
( بـا ئـەوانـەی هێشتا دەڵێن: هـەر چـوار پارچـەی كوردسـتان ، بـە پێی جوگرافيامان ڕاستی كـەنـەوە و بڵێن : هـەرشـەش پـارچـەی كـوردسـتان).





نـەخشـە قـارسکراوەکـەی کـوردستـانـي مـەزن. ( لـە خوار کرماشانـەوە ، بـڕیـویانـەتـەوە).




نـەخـشـەی تـەواویي كـوردسـتـاني مـەزن . (كۆمـەڵـەی خـۆیـیـبـوون/ ١٩٤٥ز. دەگاتە كـەنداو).



نـەخشـەی هـەندێـک لـە شارەکـانـی سـەرو و سـەروی ڕۆژئـاوای کـوردسـتـانـی مـەزن.




نەخشەی هەندێک لە شارەکانی خوار و خواروی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی مەزن.

## ڕەوپێکردنی نەتەوەی کورد لە سەر خاکەکەی:

١ ـ ( ٥٠٢ ز. لە لایەن ئێرانەوە ، پاش داگیرکردنی شاری میافاریقینی ك. تورکیا ، خەڵکەکەی دوورخستەوە بۆ خوزستان) .٤٣ ناوچەی ئەهوازعەرەبی، ناو گۆڕاو.

٢ ـ (١٥٧٨ ـ ١٦٢٩ ز. لە لایەن سەفەوی ئێرانەوە ، شا عەباسی سەفەوی: دوورخستنەوەی هەزاران بنەماڵەی کورد ، لە هۆزەکانی ،شاهید ، زەعفەران ، بۆ ناوچەی قوچان و مەشهەد. وە هۆزی شادان بۆ بوجنەوەرد). ٤٣

٣ ـ ١١٠٧ز. لە لایەن ئێرانەوە ، دیسانەوە خەڵکی هەمان شار! بۆ گیلان و ئازەربایجان. لێرەشەوە هەندێکیان بۆ شێرانکێو لە ناوچەی لوڕستان. فەزلەوی سەرۆکیان بووە. ٤٤

٤ ـ ١٦٠٥ز. لە لایەن عوسمانی تورکیاوە ، خەڵکی ئامێدی بۆ جەبەلول ئەعلای لوبنان ، ڕەوی یەکەم. ٤٤

٥ ـ ١٦١٨ز. لە لایەن سەفەوی ئێرانەوە ، دوورخستنەوەی١١ هەزار بنەماڵەی کورد ، بۆ ناوچەی خۆراسانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ، بۆ بەکارهێنانیان وەك قەڵغان ، بۆ پاراستنی سنووری ڕۆژهەڵاتیان.

٦ـ ١٧٣٣ز. لە لایەن ئێرانەوە ، دوورخستنەوەی سێ هەزار ، بنەماڵەی کوردی لوڕستان لە تیرەی: هەفت لنگ. حاکمی ناوچەکە ناوی عەلی مورادخانی بەختیاری بووە.

٧ ـ ١٧٧٩ز. لە لایەن عوسمانی تورکیاوە ، دوورخستنەوەی دووەمی ڕەوی خەڵکی شاری ئامێدی ، بۆ موسڵ. عەبدولباقی پاشا ، لیرە والی بووە.

٨ ـ (١٨٤٢ز. لە لایەن ئەمانووڵاخانی دوهەمەوەوە ، کە والی ئەردەڵان لە شاری سنەبووە . دوورخستنەوەی هەزارکەسێکی خەڵکی ئەو شارە ، بۆ ناو ك. ئێراق. ئەوانە لە ناوچەی هەورامان ، شارەزوور، سلێمانیدا جێگیردەبن. لەناو ئەمانەدا ، مەستوورە خانمی هۆنەرەوانیشیان تێدا دەبێت). ٤٥

٩ ـ ١٩١٠ز وە ١٩١٥ ، ١٩٢٥ ،١٩٣٠ ز. لەلایەن تورکیاوە ، سەردەمی عوسمانی و مستەفا کەمالە ، بە هەزاران بنەماڵەی کوردیان دوورخستوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای وڵاتەکە.

١٠ ـ ٤ / ١٩٧٤ ز. لە لایەن ئێراقەوە ، لە ئەنجامی شەڕ دەستپێکردنەوەی ڕژێم لەگەڵ کوردەکان ، ٢٠ هەزار کەس ئاوارەی ئێران بوون.

١١- ٥ / ١٩٧٨ ز. لە لایەن ئێراقەوە ، وە لە سەردەمی سەدام حوسەین دا، هەموو ئەو شار و گوندە کوردانەی ، کە کەوتبوونە سەر سنوورییی ، لەگەڵ ئێران و تورکیادا ، بە پانی یا قووڵایی ٢٠ ـ ٣٠ کم. بە مزگەوت و قورئانەوە ، وێرانکردنو خەڵکەکانی گواستەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرە ملییەکانی دوور لە ناوچەکانیان. وەك پلانی یەکەم ، بۆ چۆڵکردنی کوردستانی ئێراق لە کورد. بەرپاکردنی شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ ئێراندا و ٨ مانگەی لە گەڵ کوەیت دا ، پلانەکە ی پووچ کردەوە.( زاڵم زەواڵی بۆ گەیی). هاوپەیمانان لە ٩- ٤- ٢٠٠٣ ز. ڕژێمەکەیان لەناو بردوو ، لە ٣٠ / ١٢ / ٢٠٠٦ شیش دا، لەسێدارە درا.

---

٤٣ ـ عەبدووڕەقیب یوسف ، س. ع. ژ. ٩ ل: ٧٧. + زوبێر بیلال ، س. ع. ژ.١٠ ل:١١٧

٤٤ ـ ئەمین زەکی ، ز. ع. ژ. ٤ ل: ٤٢٠. ٤٥ ـ نەوشیرەوان ، س ، ك. ژ. ١٤ ل:١٦٦.

١٢ ــ ١٦ - ١٧/ ٣ /١٩٨٨ز. لـه لايەن ئێراقەوە ، بۆردومانی شاری هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی ئەوانەیان توانیان لە شار دەرچن ، ژمارەیان لە ٤٠ هەزار زیاتر دەبوون ، ئاوارەی ئێران بوون.
١٣ ــ ( ١٩٨٤- ١٩٩١ز. لە لایەن تورکیاوە ، سێ هەزار گوندی کوردستانی وێرانکرد و دوو ملیۆن نیشتەجێیان دوورخستەوە ، بۆ ناوەوەی وڵاتەکە). ٤٦
١٤- ٣١- ٣- ١٩٩١ز. لە لایەن ئێراقەوە ، کۆڕەو ، لە بەهاری ڕاپەرین دا ١،٥ ملیۆن ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون.

**ی / ١ ، ب / ١ / ٨ - سەرەداوی مێژوویی:**
١ ــ ٧ / ١٠ / ٣٧٦١ پ. ز. سەرەتای دروستبوونی جیهان ، بە پێی ساڵژمێری جوولەکە.٤٧
٢ ــ ٣٠٠٠ پ.ز.ــ ٢٠٠٠ پ. ز. زنجیرە دەسەڵاتی/١ی بابلییەکان. ٤٨
٢٣٠٠ــ ١٧٥٠ پ. ز. زنجیرە /٢ ی ناسراو بە ئوری سێیەم.
١٧٩٢ ــ ١٧٥٠ پ. ز. زنجیرە /٣ ی ناسراو بە حامۆرابی.
١١٤٠ ــ ٥٣٩/٥٣٨ پ. ز. زنجیرە/٤ ی ناسراو بە نەبوخوزنەسر.
( ٥٩٧ پ. ز. نەبوخوزنەسری بابلی شاری ئورشەلیم ، قودسی داگیرکرد. دوورخستنەوەی/١ی نەتەوەی جوولەکە بۆ بابل. لە ٥٨٧ پ.ز. دوورخستنەوەی/٢ هەم. لە ٥٣٨ پ.ز. جا، توانیویانە ، بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان). ٤٩

٣ ــ ٣٠٠٠ پ. ز.ــ ٢٥٠٠ پ. ز. : سەردەمی، کورتکراوەتەوە: س. فەرمانڕەوایی: ف. سۆمەرییەکان ، لە خوارووی ئێراقدا ، لە ناسریە و سەماوەی ئەمڕۆدا.
٤ ــ ( ٢٨٠٠ پ. ز. ــ ٢٣٠٠ پ. ز. : س. ف. ئەکەدییەکان،لە خوارووی ئێراق دا. لە سێ گۆشەی : بەسرە ، عەمارە ، قورنەدا) ٥٠ . .لە دەربەندی گاور لە زەردیاوا، کە عوسمانی کردوویە بە قەرەداغ. پارێزگای سلێمانی ،ك. ئێراق. هەیکەلی نرامسینی ئەکەدی لێیە ، سەرجۆنی/١ ، یەکەم فەرمانڕەوای بووە. ئەم ، دژی ماددەکان جەنگاوە ، یانی ماددەکان لەم کاتەدا خاوەن دەوڵەت بوون. سەردەمەکانیان لە ل: ١٢ دایە.
٥ ــ ٢٢٠٠ پ. ز. یا ١٠٥٦ ساڵ پاش پەیدابوونی ئادەمی باوەگەورە ، کارەساتی تۆفانی نوح پێغەمبەر قەوماوە.
٦ ــ ( ٢١٩٢ پ. ز. : س. ف. پێشدادییەکان ،فەرەیدوون سەرۆکیان بووە. هەروەها زنجیرەی دووەمیان لە ٩٥٠ز.ــ ١٠٧٣ ز. یدا) . ٥١
٧ ــ ٢٠٠٠ پ. ز. : جمان و هاتنی نوێترین ، شەپۆلی گەلی هندۆئەورووپی ، لە سەروی

---

٤٦ - ٢٨ - ٢ ــ ١٩٩٧ ز. پەیامی ساڵانەی مافی مرۆڤ ، سەبارەت بە تورکیا. لە لایەن شالیارگەی دەرەوەی ئەمەریکاوە. ٤٧ ــ گۆڤاری بورجول موراقەبە ، ١٥ - ٧ - ١٩٩٤ز. هەرچەند ساڵژمێری کۆنیان هەیە : ٥٧٨٠ جوولەکەیی / ٢٠٢٠ ز. ئەو تەمەنەی بۆ زەوییان داناوە ، لە کەم دەچێت.
٤٨- لەبەرئەوەی بابلییەکان ، سەدەها فەرمانڕەواییان کردووە ، وەك مادەکان ، سەردەمەکەیانم بەو شێوەیە دابەشکردووە. ٤٩ ــ موریس بووکای ، س.ع. ژ. ١٢، ل:٢٤. ٥٠ ــ زوبێر بیلال ، س. ع. ژ. ١٠ ، ل: ٦٣. ٥١- مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ، ل ٢١٤.

ئەورووپاوە ، بە دوو لق : ١- قەوقاسی: بەرەو هەردودیوی ز. ش. زاگرۆس ، وڵاتی گۆتییە کوردەکان وە خواروی دەریای (خەزەر یا قەزوین ، ناوچەی مازندەران) ی ئێرانی ئەمڕۆ. ٢- ڕۆژهەڵاتی: بەرەو هندستان و پاکستان.
٨ _ ٢٠٠٠ پ. ز.ـ ٦١٢ پ. ز. : س. ف. ئاشورییەکان لە ئاسورجا = نەینەوا،موسڵی ئەمڕۆ.
٨٢٣ ـ ٨١٠ پ. ز. شەلمانسەری/٥ ، بابلی داگیرکرد. لە ٦٤٠ پ. ز. شۆشی پایتەختی عیلامیان داگیرکردووە. بەرواری دووهەم کۆتاییانە ، بە دەستی ماددەکان.
٩ ـ ٦ / ٣ / ١٨٧٧ پ. ز.ـــ ٥ / ٣ / ١٨٠٠ پ. ز. سەردەمی ژیانی زەردەشت پەیام هێن، چەند مێژوونووس بە ٦٠٠ پ. ز. دەزانن. بۆ زیاتر ل: ٣٧٩.
١٠ ـ ٨٥٣ پ. ز. کەیقوباد ، کە لای یۆنانییەکان ، بە ئارباس ناسراوە ، نەینەوا، پایتەختی ئاشوری داگیرکرد.
١١- ( ٨٥٥ پ. ز. دەستنووسێکی دۆزراوە لای بەلوچەکانی پاکستان بەناوی: کورد گەل نامەیەك ، کە لە ١٦٥٩ز. دا نووسراوە ، وە گەشتنی وێنەیەکی بە ،بەرلین. تیایا هاتووە بەلوچەکانی ناو هەردوو : بەلوچستانی ئێران و پاکستان ، کوردن. ئێستا ناوی نوێی ئەمانە: کورد گەلی ، یە ، وە لەلقی زەنگەنەی گۆرانن). ٥٢ بۆ زانین ، لە لایەنی جوگرافیاوە . هەردووکیان پێکەوە لکاون. ئەمانە لە ١٧٥٨- ١٨٨٣ز. دەوڵەتێکیان بە ناوی براخۆییەوە دامەزراندووە. نەخشەی ل: ٤٠.
١٢ ـ (٧٠٠ پ. ز.ــ ٦٧٥ پ. ز. سەرەتای سەرهەڵدانی نەتەوەی فارس لە ئێراندا ، وە دەوڵەتێکیان بە ناوی هەخامەنشی ، ئەخمینی ، دامەزراندووە). ٥٣
١٣ _ ٧٥٧ پ. ز . سەرهەڵدانی ئەژدەهاک ، زوحاک.
١٤ _ ٦١٢ پ. ز. ماددەکان ، نەینەوا( موسڵي ئەمڕۆ) ی ، پایتەختی ئاشوریان داگیرکرد. وە بووەتە دەستپێکردنی ساڵژمێری کوردیی. هەموو سەردەمی مادەکان: ٩٠٠ پ. ز.ـ ٦٠٠ پ. ز. بووە. ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزیان ، لە ٧٠٠ پ . ز. پەیرەوکردووە.
١٥ ـ ٥٥٠ پ. ز. کورشی/١ی ، ماددی . ل١١- ١٢ ، شاری هەمەدانی داگیرکردوە بابلیش لە ٥٣٨ – (٥٣٩ پ. ز. دا. لە ٤٨٥ پ. ز. داریوشی مادیی ، گۆرانەکانی شاخی یا قەڵای دەماوەندی ناچار کرد ، بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ بکەن ، لە سەرکردەکانیان ، هەورام و کەنوول. هەورام: هەورامان و کەنوول: کەنوولەی نزیک دینەوەری ئاوەدان کردەوە). ٥٤
١٦ _ ٤٠٠ - ٤٠١ پ. ز. هێرشی گەزنەفونی یۆنانی ، بەرەو رۆژهەڵات ، بۆسەرئێراق و ئێرانی ئەمڕۆ.
١٧ـ ٣٣٠ ـ ١٣٩ پ. ز.: س. ف. گریك ، ئەغریق ، واتە یۆنانیەکان ، لە ئێران و ئێراقی ئەمڕۆدا. پاش شکانی شا دەوڵەتی مادد. بە سەرکردایەتی ئەسکەندەری گەورە مەسەدۆنی، مەکدۆنی. ٣٥٦ پ. زـ ٣٢٧ پ. ز. ئەمانە بە هاتنیان بۆ ئێران و کوردستان، دەستیانکردووە بە تووانەوەی دینی زەردەشتی و موغەکانیان ، وە بەندکردنی پێشەواکانیان لە زیندانی ئەسکەندەردا ، لە هەورامان. ٥٥

---

٥٢ ـ ڕۆژنامەی سەکۆ ، د. جەمال نەبەز ، ژمارە ٢٠ ، بەرلین ، ٣- ٧ - ١٩٩٨ز.
٥٣ ـ أ. سیستانی ، س. ف. ژ. ٧، ل: ٢٨٩. + د. وەلید حەمدی ، س.ع. ژ.١١ ل:٢٩٦.
٥٤ –کارڵ هادانگ ، س . ئە. ژ. ٦ ل ٢١، ٣٢ + مینۆرسکی ، گۆڤاری گەلاویژ ١٩٤٤ ل٥.


پێم وایە ئەو جێگەیە گوندی وێرانبووی ، دەربەندی دزڵییە ، کە دەربەندێکی زۆرسەختی ١٢ کم . ی ( کەلەو وێم) ناوەکە هەورامییە ، یانی دەمکەلی یا شاخی خۆم. کە لە ڕۆژهەڵاتی گوندی *دزڵی* دایە ، واتە لە ناوچە ی هەورامانی دیوی ئێراندایە.
لە کەسێکی خەڵکی گوندی نەوێشم بیستوە ، ڕێگایەکی خۆشەکراو ، بۆ ڕۆشتنی لەشکرو جبەخانە بەسەر شاخی سورێني بەرزدا ، وە لە ڕۆژئاوای دێی بانیبنۆکی ئێستەدا ماوە. ئەودیویشی ئێرانە و دێی دزڵی ، یە. وە دەربەندەکەیە(بەندیخانەکە). ئێرەش جێگەی چوونە ژوورەوەی لەشکرەکەیە بۆ هەورامان. هەرکەس وەک من ئەوێی دیبێت؟ بەوێی دەزانێت. هەر ماڵی قەڵاو بنکە و بەندیخانەیە.
١٨ ـ ٣١٢ ـ ١٣٥ پ. ز. یا : ٣٣٩ ـ ١٢٩پ. ز. س. ف. سلوقییەکان لە مەدائین یا تیسفون ، و سەلمانپاکی ئەمڕۆ ، کەخواروی ڕۆژهەڵاتی بەغدایە.
١٩ ـ ٢٥٠ ـ ٢٢٧ **پێش زایین = پ. ز.** : س. ف. ئەشکانییەکان هەر، لە مەدائین.( تێبینی دوای ئێرە بەروار دەبێتە زاینی = ز. بۆ نووسراوە)
٢٠ ـ (١٧٠ **زایینی = ز.** چوار ئینجیلەکانی: مەرقس ، مەتی ، لۆقا ، یۆحەننا ، لە بەرگێکدا کۆکرانەوەو بە پەڕاوی پیرۆزی کەنیسە( کۆن و نوێ) ناسێنرا و، بە پەڕاوی پیرۆزی مەسیحیەکان ، بڕیاری لەسەردرا ). ٥٦
٢١ ـ ( ٢٠٠ ز. هاتنی شەپۆلی بۆ یەکەمین جاری ، نەتەوەی عەرەبي سامیی ، لە خواروی ڕۆژئاوای نیوەدورگەی عەرەبستانەوە ، ( خواروی ڕۆژئاوای سعود و وڵاتی یەمەنی ئەمڕۆوە) ، بەرەو سەر زەوی ئێراق و سورییەی ئەمڕۆ). ٥٧
٢٢ ـ ٢٢٦ز. ـ ٦٤٢ ز. س. ف. ساسانییەکان،لە ٦٣٩ ز. مەدائین،پایتەختی پیشەوەیان، وە نەهاوەند: نووحئاوا، هی پاشەوەیان،لە لایەن عەرەبی ئیسلامەوە کۆتاییان هات. نەخشەی ل:٣٤.
٢٣ ـ٤/٢٠ /٥٧٠ ز. ـ ٩/٢٢ /٦٣٣ ز. سەردەمی ژیانی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا،لە شاری مەککەی عەرەبستانی سعودی . لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا پەیامی خوای بۆ هاتوو، کرایە پێغەمبەری ئیسلام(د.خ.)، دوا دینی یەزدانی بۆ بەشەری سەرزەوی. لە ٢٢ - ٩ - ٦٢٣ ز. دا کۆچی کردووە بۆ شاری مەدینە، لە ماوەی ٢٣ ساڵدا، کتێبی قورئانی خوای، بە چواردەوری مەککەدا ڕاگەیاند. لە تەمەنی ٦٣ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، مەرقەدی پیرۆزی لە شاری مەدینەیە.
٢٤ ـ ٦٢٧ / ٦٢٨ ز. هەرقلی سەردارد ڕۆمەکان، لە نزیك شاری نەینەوادا،موسڵ،لەشکری ئێرانی شکان ،هەر لەم کاتەدا گوندو شارەکانی دەشتی شارەزور،تاڵاندەکرێت و دەسوتێنرێت.
٢٥ ـ ٦٣٥ ز. ـ ٦٤٢ز. سەردەمی خەلافەتی خەلیفەی دووەمی ئیسلام ، عومەری کوری خەتاب ، لە سەردەمی ئەمدا ، دینی ئیسلام گەیەنرایە ئێراق و ئێران.

٥٥ ـ ئەوەی ل . پێشووە: مەلا عەبدوڵای قازی ، س. ف. ژ. ٢ ل: ٢. بۆ ژیانی: ل ٢٢ .
٥٦ ـ د. موریس بووکای ، س. ع. ژ. ١٢ ل: ٢٧.
٥٧ ـ گونتەر گراڵ ، هۆنەر و نووسەری ئاڵمانی ، وەرگری پلەی نۆبڵ . س. ئە. ژ. ٤ ل : ٤٦١.


٢٦ ـ ٦٦١ زـ ٧٥٠ ز. س. ف. ئەمەوییەکان لە شاری شام دیمەشقی سوریە.
٢٧ ـ ٦٨٠ ز. ئیمامی حسەین کوڕی ئیمامی عەلی ، لە شاری کەڕبەڵا = کەربەلا ی خواروی ڕۆژئاوای بەغدا ، شەهیدکرا . سەر هەڵدانی دوو مەزهەبی شیعە و سوونە.
٢٨ـ ٧٥٠ ز. ـ ٧٧٠ ز. ئەبوموسلیمی خۆراسانی بە ڕەچەڵەك کورد ، ئەمەویەکانی لای زێی گەورەدا لە کوردستانی ئێراقدا شکان ، هەر ئەمە کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکی هەشتاونۆ ساڵە ، بیانی هێنا. عەباسی بۆ دامەزراندن و لە دواییدا سەریان خوارد!.
٢٩ ـ ٧٥٠ زـ ١٢٥٨از. س. ف. عەباسییەکان لەشاری کوفە و بەغدا.
٣٠ ـ (٨٣١ ز. ـ ٨٤٢ ز. س. خەلافەتی ، خەلیفە موعتەسەمی عەباسی ، ناکۆکی نەتەوەیی عەرەب و فارس لە نێوان بنە ماڵەی خەلیفەدا، سەری هەڵ دا.) [58]
٣١ ـ ٨٣١ ز.ـ ١٢٢١از. س. ز. دەسەڵاتی/١ی ڕوادییە کوردەکان لە تەورێز ، بۆدووەم جار لە ١٠٢٩از. ـ ١٠٣٥از . لە لایەن هسوزان حەملانەوە. بۆ سییەم جاریان لە١٠٤٠از.
٣٢ - ٩٨٢ – ١٢٠٠از. س. ف. دەوڵەتێکی کوردیی لە نێوان دەریاچەی وان و شاری ئورفەدا.
٣٣ - ٩٧١ ز. ـ ١٠٥٦از. س. ف. سانشینی هەورامان ، لە نەوسود و نۆتشە و ڕەزاو ودزڵی ... لە هەورامانی دیوی ئێراندا ، بۆ زیاتر لە ل: ١٢٧ ـەوە.
٣٤ - ١٠٣٧ ز. ـ ١٥٠٣از. س. ف. مەغۆڵەکان : **ئـ /** ١٠٣٧- ١١٩٤از. سەلجوقی نەخشەی ل: سیوشەش. **ب /** ١٠٩٨- ١٢٥٩ ز. جەنگیزخان و هۆلاکۆ: یەکەمیان لە ١٢٢٧از. دا مردووە. لە ١٢٥٧از. هەمەدان و کوردستانی داگیرکرد ، لە ٢/١٠ / ١٢٥٨از. بەغدا ، کۆتایی دەسەڵاتی عەباسی. لە ١٢٥٩از. دا دوو شاری باکووری کوردستان ، ئامەد و میافاریقین. **پ /** ١٢٣١از. - ١٢٤٤از. شەپۆلی تەتەر. **ت /** ١٣٦٩از. – ١٤٦٧از. بەرخی ڕەش، قەرەقۆینلۆ ،لەلایەن جیهان شاوە ، لە سوڵتانییە ی ئازەربایجان. **ج /** ١٣٧٠از. – ١٤٠١از. تەیموری لەنگ ، لە بەروای یەکەمدا کوردستانی داگیرکرد ، لە ئەنجامی سەرهەڵداندا ، بۆ جاری دووەمیش ، لە ١٤٣٠ ز. دا. **چ /** ١٤٦٧از.- ١٥٠٣از. بەرخی سپی ، ئاققۆینلۆ ، بۆ هەردوو بەرخەکان نەخشەی : ل ٤٦.
٣٥ ـ ١٠٤٠از. هاتنی یەکەمجاری نەتەوەی تورك ، بۆ سەر خاکی تورکیای ئەمڕۆ ، شوێنی سەرەکی خۆیان ناوەڕاستی ئاسیایە: ( مەنگۆلستان و تورکمەنستان).
٣٦ـ ١٠٥٥ – ١١١٠از. س . ف . : باریەبەگی کوڕی بەهمەنی سێیەم ، لە هەورامان دا.
٣٧ ـ ١٠٧١از. شەڕی مەلاتزگیرت لە سەروی دەریاچەی وان دا، سەلجوقی سەرکەوت بە سەر بیزەنتی دا ، میرنشینە کوردییەکانی باکوری کوردستان ، کەوتنە ژێر دەسەڵاتییانەوە ١ نەخشەی ل:٤٨. سەلجوقی.
٣٨ - ١٠٩٨ ز. - ١٣٦٩از. س. ف. خەواریزمییەکان.
٣٩ - ١١٦٠ ز.ـ ١٨٦٧از. س. ف. ئەردەڵانییەکان. لە دێی زەڵم ، ناوی کۆنی ( دڵدەم) ـە، ( ڕۆژهەڵاتی تاقگەی زەڵم ، لە هەورامانی دیوی ئێراق) ل ٢٦٩ و ، پاڵنگان = (هەورامانی دیوی ئێران) ، و شاری حەسەن ئاوا و سنە . بۆ زیاتر: لەل ١٧٩وە.
٤٠ - ١١٣٨ ز ـ ١٢٥٠ ز. س. ف. ئەیوبیەکان ،( سەلاحەدین و شێرکۆ) ی برای ،

---

٥٨ ـ د. جەمال نەبەز. س. ك ژ.١٢ ل: ٢٧.



نەخشەی شادەوڵەتي هێلینی ( یۆناني).



نـەخشـەی شادەوڵـەتي سـاسـانـي.

لە سوریە و میسر و ئێراق و یەمەن: ١٠/ ٢ / ١١٣٨– ١١٩٣ز. لە ٢ / ١٠ /١١٨٧ قودسی ، ئورشەلیمی داگیرکردووە. لە ١١٩٢ خاچپەرستان ئاگربەستێکی سێ ساڵانەیان لە گەڵ مۆرکردووە. لە ١١٦٩ – ١٢٤٩ز. دەوڵەتی ئەیوبی لە حەڵەب دامەزراندووە. دووای خۆیشی فەرمانڕەواییان ماوەیەک هەبووە. سەلاحەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی ئەیوب کوڕی شادی یە ، هاتنە دنیای نەجمەدینی باوکی سەلاحەدین ، لە کۆنە گوندی وێرانبووی (دوێن)ـە ، نەخشەی ل : ٢٠٠. کە لە ١٧ کم . سەروی رۆژهەڵاتی شاری هەولێردایە ، لە نێوان شاری سەلاحەدینی ئێستا و زێی گەورەدا بووە ، بوونی ناوی شارێکی کۆنی ئاوا، تەنها لە کوردستانی ئێراقدا ، بە ناوی سەلاحەدینەوە ، وە لە پاڵ گوندی دوێنیش دا ، لە خۆیەوە نەهاتووە و ناونەنراوە ، واتە بەناوی ئەوەوە ناونراوە ، جێگای هاتنەدنیای باوانی سەلاحەدینە. ئەو واتەیەش بە درۆ دەخاتەوە کە ناحەز دەڵێ دوێن لە ئەرمەنستانە و لەوێ هاتوەتە دنیا! گەر لەوێوە بهاتایە ؟ ئەو ناوە ئیسلامییە ، نوێیەی ، نەئەبوو. وە کورد نەبوونایە ؟ ئەو ناوە کوردییانەیان ( شێرکۆ ، شادی) پێوەنەدەبوو . لێرە لە سەلاحەدین ، سەلاحەدین ، دێتە دنیا. ل ٢٣ ژ/ ٢٣ .

٤١ - ١٢٢٠ز – ١٢٤٤ ز. . س. ف. ئیلخانییەکان لە مەراغە و تەورێز، لەوانە ، ئەمیر ئەرغۆن.

٤٢/ ١٢٢٥ز. جەلالەدینی خەواریزمی سەرو و ناوەراستی کوردستان و ئازەربایجانی، داگیرکرد.

٤٣ – ( ١٢٣٠ز_ ١٦٥٦ز. س. ف. زنجیرە دەسەڵاتی میرنشینی بتلیسی/١. دووەم جار لە ١٦٩٠- ١٦٩٧ز.). ٥٩.

٤٤ _ ١٢٤٦ز_ ١٣٨٣ز. س. ف. میرنشینی کورد،بسجستان لە شاری هەراتی رۆژئاوای ئەفگانستان.لە لایەن کوردپاشاوە.

٤٥ _ ١٢٦٤ز. س. ف. میرنشینی شیروان ، لە نزیك دەریاچەی وان، لەلایەن میرحەسەن ئیبراهیمەوە.

٤٦ _( ١٢٩٩ز - ١٠/١٦ / ١٩٢٢ز. س. ف. شادەوڵەتی عوسمانی ، لەشارەکانی ، بوورسا، ئەدرنە ، ئەستانە. ٣٦ دانە سوڵتان فەرمانڕەوایی کردووە ، یەکەمیان عوسمان غازی ، دوواهەمینیان ، م. وەحدەدین ، یا موحەممەدی چوارەم بووە). ٦٠

٤٧ / ١٣٣٩ _ ١٣٦٩ز. س.ف. جەلائرییەکان، لەلایەن حەسەن جەلائیرەوە.

٤٨ / ١٣٧٥ز. دەوڵەتی ئەرمەنستان لەلایەن ، ڕوسیا و عوسمانییەوە بەشکرا. لە ٢- ١٢ - ١٩٢٠ز. بۆ جاری دووەمیش. لە ١٤٥٣ز. داگیرکردنی شاری قوستەنتەنییەی بیزەنتییەکان، لەلایەن عوسمانییەوە ، سەردەمی سوڵتان محەممەدی فاتیح ، ناوی شارەکەی گۆری بۆ ئیستانبوولو کردیە پایتەخت.

٤٩ - ١٤٩٨ز_ ١٨٥١ز. س. ف. بابانەکان ، لە قەڵاچوالان و سلێمانی. زیاتر ل١٩٢.

٥٠_ ١٥٠٢ ز. _ ١٧٢٢ز. یا١٧٣٢ز. س. ف. سەفەوییەکان لە ئێران ،لە تەورێز ، ئەسفەهان. لە شا ، یەکانیان ، ئیسماعیل ، عەباس ، نادر... نەخشەی ل ٤٣.

---

٥٩_ ئەمین زەکی ، س. ع. ژ. ٤ ل: ١٣٩.

٦٠ - ئیحسان نوری ، س.ع . ژ. ٣ ل. ١٢.

٥١ ـ ٢٣- ٨ - ١٥١٤ز. شەڕی چاڵدێران= *بایەزید ئاغا* ، نەخشەی ل٢٦، لە پێش عوسمانیدا ناوی وابووە ، لە سەروی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان دا ، لە نێوان سەفەوی ئێران ، بە سەرۆکایەتی شا ئیسماعیل ، وە عوسمانی تورکیا بە سەرۆکایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم ١٥١٢ – ١٥٢٠ز. بە پێی پەیمانی ئەم ، بۆ ٢٣ میری کورد ، ئەمان لایەنی عوسمانیان گرتووە. سەرکەوتنی عوسمانی. لەتبوونی فەرمی یەکەمی کوردستان ، لە ١٦٨٣ز. دا، سەردەمی محەممەدی چوارەم ١٦٤٨- ١٦٨٧ز. شکانی پەیمانەکە لەگەڵ کوردەکان ، وە داگیرکردنی هەموو میرنشینە کوردییەکان! .

٥٢ ـ ١٥٢١ز. عوسمانی شاری بەلەگرادی پایتەختی یوگۆسلاڤی= زێربی داگیرکرد. وە لە ١٥٢٩ز. دا بۆدابستی پایتەختی مەجەرستان. سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی.

٥٣ ـ ١٥٢٤ ـ ١٥٥٥ز. زولفەقاری کەڵهوور ، شاری بەغدای داگیرکرد ، وەلە ١٨٦٣ز. دا میرنشینێکیش بە ناوی کەڵهووڕ دامەزرێنراوە.

٥٤ ـ ١٥٢٨ز. س. ف. بەنی سیفای کورد ، لە شارانی: تەرابوولسی لوبنان و عەکای فەلەستین دا.

٥٥ ـ ١٥٣٤ ـ ١٩١٨ز. عوسمانی خواروی ولاتی دوو ڕوباری = ئێراقی داگیرکرد. لە بەرواری دووەمیان دا، کۆتایی شەڕی/١ی جیهانی ، بەریتانیا هاتە جێی.

٥٦ ـ ١٥٥٣ز. س. ف. سیامەنسووری کورد لە شارەکانی تەورێز و قەزوین دا، پلەی میری میرانی لە شا تەهماسبەوە پێدراوە ، شا عەباسی سەفەوی لەناوی برد.

٥٧ – ١٥٨١ – ١٦٧٣ز. سەردەمی مێژوونووس ، میر شەرەفخانی بتلیسي ، خاوەنی کتێبی مێژوویی ( شەرەفنامە) ، وا پێدەچێت پێشکەشی بێت بۆ سوڵتانێک ، وە بە سەیری بەرەوارەکەی دا ، لە سوڵتان مورادی چوارەم دەچێت.

٥٨ ـ ١٦٠٥ ـ١٦٠٧ز. شۆڕشی میر عەلی جانپۆڵا = جونبولات ، لە شاری حەڵەب دژی عوسمانی. کەمال و وەلید جونبولاتی لوبنان ، لەمانەیە.

٥٩ ـ ١٦٠٨ز. میری کورد خانی برادۆست = یەك دەست ، قەڵای دمدمی نزیك ورمێی دروستکردەوە.


٦٠ ـ١٦١٠ز. بە کۆمەڵکوژی خەڵکی ناوچەی مەراغە، لە لایەن شا عەباسی سەفەوییەوە. ٦١

٦١ ـ ( ١٦٣٨زـ ١٨٣٤ز. س. ف. میرەکانی سۆران ، لە حەریر ، خەلیفان، ڕەواندز. ڕەچەڵەکی ئەم میرانە ، دەچنەوە سەر: میر محەممەد ، پاشای کۆرە ،١٧٨٤- ١٨٣٤ز. کە برای قەرەحەسەنی کوڕی مەحمودبەگی کوڕی بارام بەگی ئەردەڵانین. ٦٢ . سەیری سەجەرەی ل: ١٤٦. بکە، بارام بەگیش وەك لە سەجەرەکەدا دیارە کوڕی سورخاب بەگی/١ ـەمی ئەردەڵانیە). فەرمانڕەواییەکان: ل. ١٧٩.


١٧٧٨ز. خاتوو خانزاد ، کچی بارام بەگە. ١٨١٨ ـ ١٨٣٤ز. پاشای کۆرە ، میرمحەممەدی کوڕەزای بارام بەگ. لە١٨٢١ز. دا سنووری میرنشینی سۆرانی گەیاندووەتە گوندی قەمچۆغەی پاڵ شاری سلێمانی. ناوبراو میرنشینێکی سەربەخۆی دامەزراندووە ، خاوەنی کارخانەی چەکسازی بووە، دادپەروەر و ئاوەدانکەرەوە بووە ، نۆ پردی دروستکردووە.

---


٦١ ـ ئەمین زەکی ، س.ع. ژ. ٤ ل:١٨٧. ٦٢ ـ مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ل: ٩٧،١٠٤. + پەڕاوی کوردان، حەسەن ئەرفەع ، وەرگێر بۆ کوردی ، حامید گە وهەری ، سوید ١٩٩٥ ل: ٢٧.



نـەخشـەی شـادەوڵـەتي سـەفـەوی .



نـەخشـەی سـەردەمـي سـەلـجـوقـييـەكان.



نەخشەی سەردەمي هۆلاکۆ.




نـەخشـەی سـەردەمـي بـەرخـەکان ، قـەره و ئـاق قـۆیـنلـۆ.

٦٢ – ١٦٣٩ ز. ڕێکەوتنی زەهاو ، لە نێوان سەفەوی و عوسمانی دا، بۆ دابەشکردنی ناوچەکە.
٦٣ – ١٦٥٠ – ١٧٠٦ز. سەردەمی هۆنەر ، ئەحمەدی خانیی ، کە چیرۆکی مەم و زینی نووسیوە.
٦٤ ـ ١٦٨٣ز. عوسمانی لە کیشوەری ئەوروپا ، تا سنووری پایتەختی نەمسای داگیرکرد.
٦٥ ـ ١٦٨٧ز. ساڵی نەهاتی( وشکی ، گرانی، نەخۆشی تاعون...) لە ئێران و ئێراق دا.
٦٦ ـ ١٦٩٤ز. هۆنەری کورد ، ئەحمەدی خانی ، لەباکوری کوردستان ، چیرۆکی مەم و زینی نووسی.
٦٧ ـ (١٧٣٣ز. عەلیقولیخانی ئەردەڵان ، پاش لابردنی لەلایەن ئێرانەوە،پەنای برد بۆ لای عوسمانی بەلەشکرەوە هاتەوە ئەردەڵانی داگیرکردەوە، لە ژێر رکێفی عوسمانی دا). ٦٣
٦٨- ( ١٧٤٧ز. نادرشای ئێران ، پەلاماری کوردەکانی شاری قوچانی دا، نەخشەی ل:٤٢ لە قەڵای کورد، لەم شاڵاوەدا دەکوژرێت. ٦٤ ژمارەی کوردەکانی ئێرە ٢٥٠ هەزارکەس بووە. ٦٥
٦٩- ١٧٥٢- ١٨٣١ز.سەردەمی ژیانی ڕابەری دینی کورد،شێخ مارفی دێی نۆدی،لە خواروی
٧٠ - ١٧٤٧ – ١٧٩٤ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی کەریم خانی زەند. نەخشەی ل٥٢.
٧١- ١٧٩٦ز. شاری تاران کرایە پایتەختی ئێران. سەرەتای ف. قاجارییەکان. ١٧٦٩- ١٩٠٩ز. دامەزرینەر: محەممەدخانی قاجاری.
٧٢ - ١٨٠٥- ١٨١٢ ز. شەڕی یەکەمی تورکیا و ڕوسیا، دووەم لە: ١٨٥٣- ١٨٥٥ز. سێیەم لە ١٨٧٨ز. ( چەند شۆڕشی کوردەکان دژی عوسمانی: ١٨٠٦ز.بابازادە عەبدولڕەحمان لە موسڵ. بابازادە ئەحمەد، هەر لەوێ. ١٨٣٠ز. یەزیدییەکان لە هەکاری. ١٨٣١ز. شەرەفخان لە بتلیس. ١٨٣٩ز. گورزوم لە دیاربەکر،سەردمی سوڵتان مەحموودی/٢:١٨٠٢- ١٨٣٩ز. ١٨٨٩ز. بەدرخان ئەمین لە ئەرزنجان. ١٩١٢- ١٩١٤ز. شێخ سەلیم سەباحەدین لە بتلیس). ٦٦
٧٣- ١٨١٣ز. ڕێکەوتننامەی گولستان، لە نیوان ئێران و ڕوسیادا، ناوچەکانی قەوقاس و باکۆ و کەرەباخ ،ل: ٣/٢٨ دران بە ڕوسیا.
٧٤- ١٨٢٩ز.ڕوسیا سێ تیپی سەربازی لە کوردەکانیی پێکهێنا، لەشەڕی نیوەدوورگەی قرمدا (١٨٥٣- ١٨٥٦ز.)، بەکاری هێنان.
٧٥- ١٨٣٠ – ١٨٤٥ ز. س. ف. میرنشینی بۆتان لەلایەن میر بەدرخانەوە.
٧٦ ـ ١٨٣٠ - ١٨٣٣ ز. شۆڕشی کوردەکان لە شەنگال ، سنجار.
٧٧ ـ ١٨٣٩ز. دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکەمین جار ، هەستا بە هەندێك چاکسازی لە یاسا ناوخۆییەکان دا، بە ناوی تەنزیمات.
٧٨ ـ ١٨٤٧ز. شۆڕشی میربەدرخان و نورولڵابەگ لە جزیرە و هەکاری ، شکاندنی لەشکرێکی ١٠٠ هەزارکەسی عوسمانی.
٧٩ ـ ١٨٥٣ - ١٨٥٦ز. شۆڕشی یەزدان شێری کوڕی بەدرخان، فەرمانڕەوایی میرنشینی بتلیسی گەیاندە موسڵ. ٧١ ـ ١٨٧١ز.+ ١٨٧٧، ١٨٨١، ١٨٩٤ز. ساڵەکانی نەهامەتی و نەخۆشی لە ئێران و ئیراق دا . وەك: تاعون.

---

٦٣ - ئەمین زەکی ، س.ع. ژ. ٤ ل٤١٨. ٦٤ - هەمان سەرچاوە. ل ٤١٨.
٦٥- دائرة ألمعارف البريطانيه. ل ٤٣٢ . ٦٦ - مێژووی کوردستان. س. ئە. ژ. ٩ ل ٤.




نەخشەی ئێران لە سەردەمي زەندییەکان دا.

٨٠ ـ ١٨٧٧ – ١٨٧٨ز. شۆڕشی کوڕانی میربەدرخان ، حسەین بەگ و عوسمان بەگ ، لە بۆتان و بادینان.
٨١ ـ ٢٤- ١٠- ١٨٨٠ز. شۆڕشی شێخ عوبەیدووڵای نەهری ، لە دژی ئێران. ڕزگارکردنی ورمێ ، لە ١٨٣٠ز. دا هاتوەتەدنیا. کوردەکانی ناوچەکە ، یەکێتیەکی سێ قۆڵییان دامەزراندووە.
٨٢ – ١٨٨٠ ـ ١٨٨١ز. شۆڕشی شێخ عوبەیدووڵای شەمدینی= خواروی ڕۆژهەڵاتی هەکاری ،لە دواییدا ، دوورخراوەتەوە بۆ حیجاز ، لە ١٨٨٣ز. دا هەرلەوێ مردووە.
٨٣ ـ ١٨٨٠- ١٨٨١ز. شۆڕشی عەبدووڵای شێخ تایەر، لە وان. سنووری دەسەڵاتی گەشتووەتە مەهاباد ، بە پاشای کوردستان ناوی لێنراوە.
٨٤ ـ ١٨٨٣- ١٨٤٠ز. س. شۆڕشی جەلادەت بەدرخان.
٨٥ ـ ٢٩ / ١٠ / بۆ ١١/٩/ ١٨٩٥ ز. قەڵاچۆکردنی یەکەمی نەتەوەی ئەرمەنی ، لە لایەن عوسمانییەوە. وە هەروەها لەم ساڵانەشدا کراون ١٩٠٨ ، ١٩٠٩ ، ١٩١٤، ١٩١٨ز.
لە ساڵی ١٩٧٥ی زاییندا لە ملیۆنونیوێک ، دووسەد هەزاریان مابوون.
٨٦ ـ ١٨٩٦ ـ ١٩٤١ز. س. ف. و ژیانی سیاسەتمەداری سانی هەورامان ، جەعفەر سوڵتان = جافرسان ، لە ١٩١٤- ١٩٣١ز. بووەتە سانی هەورامان. بە شۆڕشگێڕی و دادپەروەری و ڕێزگرتنی ڕۆشنبیران ناوی هاتووە. سان حەوت شەڕی لە لەگەڵ لەشکری شای ئێراندا کردووە . لە ١٩٤١ز. دا ، لە ڕەمادیییەوە دێتەوە هەڵەبجە ، لەوێ دەمرێت ، لە گوندی عەبابەیلێی قەراخی شار دەنێژرێت. بۆ سەجەرەی ل. ١٤٨ ، وە لاپەڕەکانی: ٧٤/ ٢٨٨ وە ١٦٣ – ١٧٢.
٨٧ ـ ٢٢- ٤- ١٨٩٧ز. دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ، لە شاری قاهیرەی میسر. لەلایەن: میقداد مەدحەدت بەدرخان ، لە دوای ژمارە ٦ ەوە ، عەبدولڕەحمانی برای دەریکردووە . ژمارە ٣١ لە شاری جنێڤی سویسرە ، هەمان بنەماڵە لە میسر لە ١٩١٧- ١٩١٨ز. دەریانکردووەتەوە. شایەنی باسن ئەم بنەماڵەیە ٩٠ کەسی هەڵکەوتویان هەبووە کە خزمەتیان بە کورد کردووە ! : لەئەمین عەلی بەگەوە ، جەلادەت ، سورەیا ، بەحری ، عەبدوڕەزاق ، جەلادەت ، عەلی شامیل ، موراد ، ڕەمزی.
٨٨ ـ ١٩٠٣ز ـ ١ / ٣ /١٩٧٩ز. سەردەمی سەرکردەی شۆڕشگێڕی کوردیی ئێراق ، مەلا مستەفای بارزانی ، بەشداری سەرەکی لە شۆڕشە ئازادیخوازییەکانی: ١٩٣١ز.- ١٩٣٢ ، ١٩٣٥ ، ١٩٤٣ - ١٩٤٥ز. وە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی کردووە. ٩/١١ /١٩٦١ز.- ٣/١١ /١٩٧٠ز. لەم کاتەدا ناوچەی بارزان: ٣٥٠ گوندبووە ، ٢٥ هەزارکەس بوون.
٨٩ ـ ١٩٠٥ز . دۆزینەوەی چەند بەڵگەنامەی مێژوویی= قەباڵە ، کە دەگەڕینەوە بۆ هەشتاوهەشت پ. ز. وە یازدە پ. ز. لە گوندی سوورەتفێی هەورامانی دیوی ئێران ، بۆ جێگاکەی نەخشەی ل: ١٨٢ چوارگۆشەی ب/٤. سیانیان دەگەیەنرێنە ، لەندەنو لەوێوە ، بڵاودەکرێنەوە. کە لە یەکێکیان دا، ڕۆشنبیری شێوەی سەنەد فرۆشتنی باخي تێدایە ، یانی ٦٠٠ ساڵ پێش ئامۆژگاریی ، یەکەمي خوایە بۆ موسوڵمانان ، کە لە درێژترین ئایەتی سورەتی بەقەرەدا/ ٢٨٢ ، پێی ڕاگەیاندووین!. زیاتر، ل: ١٣٣ – ١٣٨.





وێنەی سەرەوە : سەرکردە ، مەلا مستەفای بارزانییە.
وێنەی خوارەوە : ڕۆژنامەنووس ، مەدحەد بەدرخانە.

٩٠ ـ ١٩٠٧ز. لەشکری ڕوسی ، سەروی ئێران و بەریتانی خواروی ئێرانیان داگیرکرد . لەگەڵ شای قاجاردا بوونە هاوپەیمان ، دژی مەشروتە خوازان.
٩١ - ١٩٠٨ ز. ( دامەزراندنی کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کورد و ڕۆژی کورد لە ئەستەنبول ، وە دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد ، وە هێڤی لە ١٩١٠ز. دا ) ٦٧
٩٢ - ١٩٠٨ز. دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد= کلوب ، لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە. هەر لەم ساڵەدا، شۆڕشی لاوان لە تورکیا ڕویداوە.
٩٣ - ١٩٠٨ز. عوسمانی بە ئاشکرا ، دەستیکرد بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بە تورک کردن ، دژی نەتەوەکانی کورد و ئەرمەن و یۆنانی و لاس و چەرکەس... هتد.
٩٤ - ١٩٠٩ز. ئەحمەد پاشا ، دواهەمین شای قاجار، کە هێشتا تەمەنی ١٢ ساڵان بوو، هێنرایە سەر تەخت.
٩٥ – ١٩١٠ ز. ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێراق لە شارەکانی سلێمانی ، بارزان ، وە تورکیا لە بتلیس.
٩٦ - ١٩١٣ ز. ڕاپەرینی کوردەکانی تورکیا ، لە دەرسیم ، جزیرە و میدیات و رەدفان ، دژی عوسمانی وە لایەنگیری خۆیان لە مەسیحییەکان ڕاگەیان.
٩٧ - ٣٠- ٤ - ١٩١٤ ـ ١٩١٨ز. سەرەتا و کۆتایی شەڕی/ یەکەمیی جیهانی. لە نێوان:
١- بەریتانیا و فەرەنسە و ڕوسیا و ئەمریکا ، پێکەوە ، دژی(٢- ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا و تورکیا). شکانی کۆمەڵەی دووابیان. سوڵتانی عوسمانی محەممەدی/٤ هەم ، لەسەر کارلابرا و نێردرا بۆ دەرەوەی وڵات.
٩٨ – ١٩١٦ ز. دەوڵەتی عوسمانی بە ئاگاداری هاوپەمانان ! حەوتسەد هەزار کوردیان لە جێی خۆیان بارپێکردن ، بۆ ناوەوەی وڵاتەکە. لێرەوە دابەشکردنی کەلاکی شا دەوڵەتی عوسمانییش بە سەر خۆیاندا، دەستیپێکردووە.
٩٩ – ( ١٩١٨ ز. ژمارەی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤییەت ، پاش کۆتایی شەڕی/١ : ٢٠ هەزارکەس بووە). ٦٨
١٠٠ - ٦ - ١١ - ١٩١٤ز. لەشکری بەریتانیا شەتولعەرەبی داگیرکرد، وە بەغدا لە ١١-٣-١٩١٧ز. لە دواییدا کرایە دەوڵەتی ئێراق.
١٠١- ١٤- ١٢ - ١٩١٤ز. بەریتانیا شێخ عەبدوسەلامی بارزانی شۆڕشگێڕ ،لە شاری موسڵ لە سێدارە دا.
١٠٢- ١٩١٦ ز. عەبدولڕەزاق بەدرخان ، کوردی تورکیا و دیبلۆماتی عوسمانی لە شاری پوترسبوورگی روسیا ، پەیوەندی کرد بە ڕوسیاوە ، لەم کاتەدا ، بتلیس و ئەرزڕۆمی عوسمانی داگیرکراوە. بە ئومێدی هێنانی ئازادی بۆ کوردستان. ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کشانەوەی هێزەکانیان لە تورکیا ، ئاکامەکەی نەهێنایەدیی. هەروەها ناوبراو لە ٢٧- ١٠- ١٩١٣ ز. لە سەردەمی سمایل ئاغای شکاک دا، قوتابخانەی کوردی لە شاری سەلماسی ئێران ، نزیك سنوری تورکیا کردووەتەوە.
١٠٣ - ١٩١٦ز. هێزەکانی ڕوسیا شاری ڕەواندزیان داگیرکرد ، سنە و مەریوان لە

---

٦٧ـ د. وەلید حەمدی ، س. ع. ژ. ١١ ل: ١٨٢. ٦٨- د. وەلید ، ل٢٤٥.

ز. خانەقین لە ٤ – ١٩١٧ ز.. پێنجوێن لە ٧- ١٩١٧ ز. سنە و مەریوان / ١٩١٥ز.
١٠٤ - ١٩١٧ز. کامیل بەدرخان کرایە والی ئەرزڕۆم.
١٠٥ - ١٢ – ٥ - ١٩١٧ _ ١٢- ٣ - ١٩٧٢ز. سەردەمی ژیانی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود،لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنیدا ، کراوەتە جێگری سەرۆکی پ. د. ك. ئێراق. دووبرای هەبووە: بە ناوەکانی باباعەلی و شێخ ڕەئوف .
١٠٦ - ١١ / ١٢ / ١٩١٨ ز. دامەزراندنی کۆمەڵەی ناسیۆنالی کوردستان لە ئەستەنبول.
١٠٧ - ٢٨- ١١- ١٩١٨ز. بەریتانیا و فەرەنسە وە بە ئاگاداری ڕوسیا ، ڕایانگەیاند ، هۆی داگیرکردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی ، لە لایەن ئەوانەوە ، بۆ ڕزگارکردنیانە لە ستەمی تورکەکان.
پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئەکتۆبەر، روسیا ناوەرۆکی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆی ئاشکراکرد، کە ڕاستییەکەی داگیرکردنە و بەشکردنەوەیانە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا.
١٠٨ - ١٩١٩ز. پەیمانی ئاشتی لە پاریس ، شەریف پاشای کوڕی سەعیدپاشا ، کە کوردی ئێراق بووە ، وە باڵوێزی عوسمانی لە سویدبووە ، بەشداری لە هەموو ئەو کۆنگرانەدا کردووە ، کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبووە ، ناوبراو لە ١٩٢٢ز. دا وە لە سەردەمی پاشایی شێخ مەحموودا ، لە سلێمانی ، شالیاری پەروەردە بووە.
١٠٩ - ٣٠ - ١٠- ١٩١٨ ز. شادەوڵەتی عوسمانی ، کە بە پیاوە نەخۆشەکە ،ناودەبرا، هەڵوەشێنرایەوە ، وە قەوارەی بۆ ئەم سنوورەی ئێستای تورکیا هەیەتی ، بچوککرایەوەو لە جێی ئەو ، تورکیای کۆماری دامەزرێنرا.
١١٠- ١٩١٩ز. شێخ مەحموود لە سلێمانی لەلایەن ئینگلاندەوە ، فەرمانی مەرگ درا بە سەریا ، لە دواییدا کرا بە بەندکردن و لەگەڵ مەحموودخانی دزڵی دا. بۆ هندستان ، دوورخرانەوە. شێخ لە ١٩٢٣ وە ١٩٣١ز. یشدا ، ڕاپەڕینی ڕاگەیاندووە.
١١١ - ١٩٢٠ ز. هۆنەر و شۆڕشگێڕی باکوری کوردستان ، شێرۆ حەسەنانە لە بەندیخانەدا کوژرا ، ڕوودانی بزووتنەوەی کۆچگەری.
١١٢ – ( ١٠- ٨ - ١٩٢٠ ز. پەیمانی سیڤەر بە پێی خاڵەکانی ژمارە ٦٢ - ٦٣ بڕیاردرا: دەوڵەتێك بۆ کوردەکان دابمەزرێنرێت ، وە شاری موسڵیش بەشێك بێت لەو دەوڵەتە). ٦٩
١١٣- ٢٢ - ٨ - ١٩٢٠ز. شۆڕشی برایمخانی دەلۆ، لە شاری کفری، دژبە بەریتانیای داگیرکەر. بە هەماهەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێراق لە ناوەڕاست وخواروی وڵات دا.
١١٤ - (٤- ١٠- ٩- ١٩٢٠ز. مستەفا سوبحی و ئەدهەم نەژادی تورکی لە باکۆ پارتی کۆمۆنیستی تورکیایان دامەزراند). ٧٠
١١٥ - ٢١- ٢ - ١٩٢١ز. ڕەزاخان میرپەنجە ، ، لە باکوری شاری تاران دا ، بە سەرۆك لەشکری قۆزاق کرا، لە ٢٥- ٤ - ١٩٢٦ز. دا تاجی لەسەرنرا و کرایە شای ئێران. سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی ، دەستیپێکرد ، ناوبراو باوکی حەمەڕەزاشا،یەو، دووای ئەم نۆرەی دێنن.
١١٦ - - ٧- ١٩٢١ز. ڕاپەڕینی کوردەکانی تورکیا لە موش و بتلیس و سیرت ، بە سەرۆکایەتی موسابەگ.

---

٦٩ـ د. وەلید حەمدی ، س. ع. ژ. ١١ ل: ٣٢. ٧٠ – د. جەمال نەبەز، س. ك. ژ. ١٢ ل ٩٠.

١١٧- ٢٣- ٨ - ١٩٢١ ز. فەیسەلی/١ ـەم ، کوری شەریف ، خەڵکی شاری مەککە ، بە ویستی بەریتانیا هێنراو ، بە پاشای ئێراق کرا.
١١٨ - ١٩٢١ز. سمایل خانی شکاک ، سمکۆ ١٨٧٥ - ١٩٣٠ز. لە خواروی دەریاچەی ورمێ د ا ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دامەزراند. لە مەهاباد ڕۆژنامەیەکی هەر بەو ناوەیە دەرکرد. لە١٩٢٣ز. دا هاتووە بۆ سلێمانی بۆ سەردانی شێخ مەحموود. نموونەیەک بۆ شەڕەکانی: ٣٠ / ڕەمەزانی/ ١٩٢٢ ز. دا شاری ستوسەڵتەنەی داگیرکرد ، لەگەڵ ٢٠٠ سەربازی دیلکراو ، ٧٠٠ تفەنگ ،٧ ڕەشاش ، ٢ تۆپ. لە ١٩٢٤ز. دا هەرچەندخۆی داوە بە دەست ئێرانەوە ، بەڵام هەر لە ناوی بردووە. دوو کوڕی بە ناوەکانی خەسرە و عومەرئاغا هەبووە). ٧١
١١٩- ٣ – ١٩٢٢ز. لە سۆڤییەت ، ڕوسیا ، ئازەربایجان و ئەرمەنستان و جۆرجیا کۆماری سۆسیالیستی ترانسکاوکیان دامەزراند. ئەمەش هەیە: لە کەرەباخی نێوان ئازەر و ئەرمەن دا : ١٩٢٣ – ١٩٢٩ز. کوردستانی سوور ، سەرۆک وەزیران: گوسي گاسیێڤ بووە.
١٢٠- ١٣- ٩ - ١٩٢٢ز. ڕژێمی تورکیا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال ، کە خۆی ناونا ئەتاتورک ، پاش گرتنەوەی شاری سیمرنا لە یۆنانییەکان ، شارەکەی ڕووخان بەسەر خەڵکەکەیدا! تیاچونی زیاتر لە سەدهەزار کەس ، مێژوو ئەمەی تا ئەو بەروارە ، بە گەورەترین قەسابخانە ناوبردووە!.
١٢١- ٢٩ – ١٠ – ١٩٢٢ز. مستەفا کەمالی ئەفسەر، دووا سوڵتانی عوسمانی: محەممەد وەحیددینی بە ویستی هاوپەیمانان ، لە فەرمانڕەوایی لابرد ، دامەزراندنی کۆماری تورکیای ، بەسەرۆکایەتی خۆی ، ڕاگەیاند ، کۆتایی شا دەوڵەتی عوسمانی.
١٢٢ - ١٨ - ١١- ١٩٢٢ ز. شێخ مەحموود لە سلێمانی ، دەوڵەتی کوردستانی ڕاگەیاند.
لە ١٩٢٣ – ١٩٢٤دا ، پێنج جار شاری سلێمانی بۆردوومان کردووە. دەنگۆی ئەوەشی لەسەرە ، لە ٨ / ٦ / ١٩٣٢دا، گازی ژەهراویشی بەکارهێنابێت.
١٢٣- ٢٤- ٧- ١٩٢٣ز. پەیمانی لۆزان لە سویسرە ،لە دژی کورد. ئەو بڕیارانەی لە پەیمانی سیڤەر دا : ١٠ - ٨ - ١٩٢٠ز. درابوو ، بە کورد، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ بۆیان ، هەڵیانوەشاندەوە!.
١٢٤- ١٩٢٤ – ١٩٣٠ ز. شۆڕشی کوردەکان لە باکوری کوردستان ، بەسەرۆکایەتی: ئیحسان نوری پاشا، لە هاوڕێیانی تری: ڕامی ڕاسم ، تۆفیق ، خورشید.
١٢٥- ١٢- ٥ - ١٩٢٤ ز. بەشدارکردنی ١٧ نوێنەری کورد ، لە پەرلەمانی ئێراقدا ، کە بەریتانیا سەرەوکاریکردووە.
١٢٦ - ٤ - ١٩٢٥ ز. شۆڕشی دووهەمي شێخ سەعیدی پیران ، لە دەرسیم . ٦- ١٩٢٥ ز. مستەفا کەمال ، ئەمو چل لە هاوەڵانی لە سێدارە دان. زیاتر لە خوارەوە هەیە.
١٢٧ - ٧ – ١٩٢٥ ز. ڕاپەرینی سەیدتەها لە شەمدینان،ئەمە شاڵاوێك بووە دژی لە سێدارە دانی شێخ سەعید و هاوەڵانی،کە لە ناویانا مامەی سەییدیشی تیابووە ، بە ناوی عەبدولقادر.

---

٧١ - د. وەلید حەمدی، س. ع . ژ. ١١ ل:٣٨٦-٣٨٧.

١٢٨ - ١٦ – ١٢ - ١٩٢٥ز. نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری دا ، ناوچەی موسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتی ئێراقی تازە دروستکراوەوە ، بە مەرجێك مافی کوردەکان بپارێزرێت .(لە ١٩١٨ز. دا: دانیشتووانی٧٠ هەزار کەس بووە ، بەشی زۆری کوردە). ٧٢ نووسەر : خستنەسەرەکە کرا ، مافەکە ، وا ٩/ ٢٠١٩ ز. یە ، نە ، پارێزراو نە ، هێشتاش دراوە!) .

١٢٩- (١٩٢٥ – ١٩٢٨ ز. کۆمەڵکوژی کوردەکانی تورکیا لە لایەن ڕژێمەوە ، لە شاری میدیات و ئەردۆشین و دارهەینی: ١٥،٢٠٦ کەس ، ڕوخانی ٨٧٥٧ خانوو. ٧٣ .

١٣٠- ١٩٢٦ز. ڕاپەڕینی کوردەکانی ئێران ، لە دژی ڕژێمی شا. لە شاری جوانڕۆ ، ستانی کرماشان.

١٣١- ١٩٢٦ ز. دامەزراندنی یانەی کورد لە شاری ڕەواندز ، لەلایەن سەیید تەهاو و ئەمین ئەفەندیوە.

١٣٢ - (١٩٢٦ ز. خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بەریتانیا ، وە دیلکردنی فڕۆکەوانەکەی و یاریدەدەرەکەی ، لە لایەن شۆڕشگێڕانی شێخ مەحموودەوە.) ٧٤ مەحموودخانی هەورامی خەڵکی دێی دزڵی ، کە هەموو ژیانی لە شۆڕشدابووە ، لەگەڵ شێخ ، لە:
١٩٢٦ ، ١٩٢٨، ١٩٢٩، ١٩٣٠، ١٩٤١ز. وە لە نەهامەتیشدا ناوچەکەی پەنای بووە. وە لە دوورخستنەوەیدا بۆ هندستان لەگەڵی نێردراوە! هەروەها مەحموودخانی ، کانیسانان ، کە گوندەکەی لەسەروی دزڵییەوەیە ، بەرانبەر دەریاچەی زرێباری مەریوان ، هاوڕێی مەحموودخان بووە ، وە بەشداری لە زۆری ڕاپەڕینەکانیدا کردووە.

١٣٣- ( بەهاری ١٩٢٦ ز. دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی ، وە لە ٢١ - ٦- لە شاری کەرکوکیش دا). ٧٥

١٣٤ـ ١٤- ١٠- ١٩٢٦ ز. وتووێژی ئاشتی لە نێوان ، شێخ مەحموود و بەریتانیادا، لە گوندی ئێڵانپێی هەورامانی دیوی ئێراق دا. ٧٦

---

٧٢ - Kurdistan in the Shadof of History,p.123 Isbn067942389-3

٧٣ – ئیحسان نوری ، س. ع. ژ. ٣ ل ٢٢١.

٧٤ ـ ئەدمۆنز،س. ع. ژ.٦ ل:١٦٥. نووسەر : بۆ زانیاری : گوندی خانی دزڵی ، لە هەورامانی ڕۆژهەڵاتە ، ( دیوی ئێرانە) ، سنوورییە ، لە دیوی ڕۆژئاوای ئێرەدا: تاڤگەی زەڵم و گوندی ئەحمەدئاوا هەیە ، ( دیوی ئێراقە). شاخی بەرزی هەورامان و سورێنی سنووریی ، لە نێوانیاندایە. .نەخشەی ل:٢٣٥ چوارگۆشەی ب ، پ/٢. ئەم خانە ، لە ١٩٤٦ز. دا لە لایەن ئێرانەوە لەم سەر نووکی شاخە کە هاتووە وتووێژی ئاشتی لە گەڵ بکات ، دەرمانخواردی کردووە ، گۆڕەکەی بە لوتکەی ش. دالانی هەورامانەوەیە ، لە دۆستە بەوەفاکانی شێخ بووە. لە تەمەنیدا هەر لە شۆڕشدا بووە. بۆ گوندی کانیسانان ، نەخشە ی ٢٢٨ ، چوارگۆشەی پ/١ .

٧٥ - د. وەلید حەمدی ، س.ع. ژ.١١ ل٤٠٢. ٧٦ – ئێڵانپێ : گوندی هەورامانی دیوی ئێراقە ، ڕۆژهەڵاتی خورماڵە ، پاڵیداوە بە شاخی سنووریی ، هەورامانەوە. لە دیوی ڕۆژهەڵاتیدا ، کە ئێرانە ، گوندی دزڵی ، خانە . یانی لەم کاتەدا شێخ لای ، مەحموودخانە ، شاخێکی بەرزی ٢٥١٨ مەتری پشتیانە ، ئەم وتووێژی ئینگلیزە پایەی شێخ بەرز نیشان دەدات ، وا بەریتانیای عوزمای والێکردبێت ، هاوردبێتیە سەر وتوێژ لەم جێگە سەختەدا ! چونکی دوو فڕۆکەوانیان لایان دیلە. لە کتێبەکەی ئەدمۆنزدا ، س. ع. ژ. ٦ ل :١٦٦، ناوی *ئێڵانپێ* نووسراوە : *یالاینێ*. هەڵەیە.

١٣٥ ـ ١٩٢٦ ـ ١٩٣٠ز. شۆڕشی کوردەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتی ، ئیحسان نوری پاشا، ناوبراو لە ١٨٩٢ز. هاتووەتە دنیا ، وە لە شاری تاران ، لە پەنابەریدا لە ١٩٧٥زدا مردووە. پەراویکی بیرەوەری نووسیوە ، لە ٥ ـ ١٠ ـ ١٩٢٧ز. دا ، لە دامەزرێنەرانی پارتی خۆییبوون بووە ، ئەم نەخشەی ڕاستی تەواوی کوردستانی ، (سەر و قاچ تەڕبووی ، لاشەی کوردستانیی. بە ئاوی دوو کەنداوی ، ئەسکەندەرۆنەی{ دەریای سپی ناوەڕاست ، وە ، کەنداوی عەرەبی یا فارسی} بە تەواوی ناسیوە و ناساندوویەتی. ل ٣٧ نەک ئەوەی ل ٣٤ ). لە ٣٠/ ٣ /١٩٤٥ ز. گەیاندوویەتیە کۆنگرەی سانفرانسیسکۆی ئەمریکا. سەیری ئەم سەرچاوەیە: ل: ٥٨ پەراوێزی یەکەم. ئینگلیزییەکە . گۆڤاری هاواری لە شاری حەڵەب بە چاپ گەیانووە، لە ٤/ ٢/ ١٩٢٨ز. دا کۆماری کوردیی ئاراراتی دامەزراندووە.

١٣٦ ـ ١٩٢٧ ـ ١٩٣٠ لەشکرکێشی ئێران بۆ سەر ، هەردوو هەورامان : ، هەورامانی ڕۆژهەڵات کە بریتی بووە لە = ناوچەکانی ڕەزاو ، دزڵی ، مەریوان... ، وە لە باری ئیداریەوە ، سەر بە ستاني سنەیە ، یانی ڕۆژهەڵاتی زنجیرەشاخی زاگرۆسە ، وە مەحمودخانی دزڵی سەرەوکاری کردووە. وە هەورامانی لهۆن ، کە سەر بە ستانی کرماشانە ، ڕۆژئاوای ز. ش. زاگرۆسە وە بریتی بووە لە : ناوچەکانی پاوە ، نەوسود ، جوانڕۆ ، نۆتشە... .

١٣٧ – ١٩٢٨ز. مستەفا کەماکی سەرۆکی تورکیا. دینی فەرمی دەوڵەت کە ئیسلام بوو، لە گەل ڕەمەزان گرتنی فەرمانبەران قەدەغەکرد وە پشووی هەفتانەی ڕۆژی هەینی ئیسلامی کرد بە شەممەی جوولەکانی... ، دەشڵێن دایکی جوو بووە.

١٣٨ ـ ٧ - ١٩٢٩ز. ڕاپەڕینی کوردەکانی تورکیا ، بەسەرۆکایەتی ، سەلاحەدینی کوڕی شێخ سەعید ، وە ئیبراهیم بەگی جەلالی.

١٣٩ ـ ١١- ٦ - ١٩٣٠ز. ئێران یارمەتی سەربازی نارد بۆ تورکیا ، بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردەکان لە ئارارات.

١٤٠- ٦- ٩- ١٩٣٠ ز. ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا، لە شاری سلێمانی دژی بەریتانیا.

١٤١ - ٣٠ / ١١ / ١٩٣٠ ز. ڕاپەڕینی شاری پێنجوێن ، وەئازادکردنی شار لە دەست دەسەڵات.

١٤٢ – ( ١٩٣١ز. . ئێران لەشکرێکی زۆری بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشگێڕانی جافی جوانڕۆ بە سەرۆکایەتی سۆفی بەگی وەڵەدبەگی ، وە هەورامان بە سەرۆکایەتی جافرسان نارد ، پاش مانگێ بەرگری ، داگیرکەران ، ٢٠٠ کەس لەشۆڕشگێڕان دەگرن ، پاش دەساڵ بەندکردن جا، بەردران) . ٧٧ شۆڕشگێڕان زیاتر لە ٥٠ یان ڕوودەکەنە ئێراق لەوێ دەبنە پەنابەر.

١٤٣ - ١٩٣١ - ١٩٣٢ز. شۆڕشی یەکەمی بارزانییەکان،لە سەرکردەکانیان شێخان: عەبدوسەلام و ئەحمەد و مەلامستەفا.


١٤٤ – ٨ – ٦ – ١٩٣٢ ز. هێزی ئاسمانی ڕۆیاڵی بەریتاني ، دەستیکرد بە بۆردوومانی شارو گوندی کوردەکانی ئێراق.

١٤٥ - ٣٠ - ٦- ١٩٣٢ز. ڕژێمی ئێراقی تازە بە پێوەنراو ، بووە ئەندام ، لە کۆمەڵی

---

٧٧ – مەردۆخ ، س. ف. ژ.١ ل. ٧٥.

نەتەوە یەکگرتووەکان دا.
١٤٦ - ٧- ١٩٣٣ز. ڕاپەڕینی ئاشورییەکان بە سەرۆکایەتی مارشەمعون.
١٤٧ - ١٩٣٣ز. ڕاپەڕینی ئاغاشڕی ئێناخی لە ناوچەی جوانڕۆ ، سەرهەنگ ئەحمەدخان کوژراوە.
١٤٨ - ١٩٣٤ز. پارتی کۆمۆنست ، شیوعی ، لە ئێراق. دامەزرێندرا.
١٤٩ - ١٩٣٥ز. ئیمام خومەینی خوێندنگای مەرقەدی ، پیرۆزی شاری قومی ، کەوتە ژێردەسەڵاتەوە. لە ٣- ١٩٣٦ ز. دا ، لەشکر پەلاماری مەرقەدەکەی دا،٢٢ کەسیان لە پیاوانی دینی شەهیدکرد.
١٥٠ - ١٩٣٦ - ١٩٣٩ز. سەردەمی شۆڕشی سێیەمی سەیدڕەزا لە دەرسیم ( تونجەلی) ١٨- ١١- ١٩٣٧ز. لەگەڵ دەکەس لە هاوبیرانی لە سێدارەدران وە پێنج هەزار لە چەکدارانی لە ناو براون. ئەمانە مەزهەبیان عەلەوی و زمانیان زازاییە.
١٥١ - ٢٩ - ١٠- ١٩٣٦ز. شۆڕشی ئەفسەری کوردی ئێراق ، فەریق ڕوکن بەکرسدقی. لەم کاتەدا جێگری سەرلەشکری تیپی دووەمی ئێراق بووە. لە ١١- ٨ -١٩٣٧ ز. لە موسڵ تیرۆرکرا. ئەم شۆڕشە لە سەردەمی ئێراقی داگیرکراودا، بە یەکەم شۆڕشی سەربازی ناوبراوە.
١٥٢ - ١٩٣٦ز. شۆڕشگێڕ: شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ ٨٦ کەس لە هاوپەیمانانی ، گیران و بۆ ناسرییە لە خواروی ئیراق ، دوورخرانەوە. سەیری ١٣٢سەرەوە.
١٥٣ - ١٩٣٧ز. کۆمەڵەی برایەتی ، لەلایەن، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە دامەزرێنرا.
١٥٤ - ٨ - ٧- ١٩٣٧ ز. پەیمانی سەعدئاباد لە نێوان: ئێران ، تورکیا، ئێراق ، ئەفگانستان ، بۆ لەکورد، گەلەکۆمەکردن.
١٥٥ - ٧- ١٩٣٧ ز . تیرۆرکردنی عەلی شێر ۆ ، شۆڕشگێری کوردی تورکیا ، لەلایەن ڕژێمەوە. ناوبراو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە شۆڕشەکانی١٩١٧ ،١٩٢٠، ١٩٢١ز.
١٥٦ ـ ١٩٣٨ز. پارێزگای ئەسکەندەرۆنە ، کە کەوتووەتە سەروی ڕۆژهاڵاتی دەریای ناوەڕاست ، فەرەنسە لە سورییەی پچڕاند ، خرایە سەر تورکیا ، وەك دەزانرێت، ئەم ناوچەیە کوردن و کوردستانە. دەرگای سەروی ڕۆژئاوای کوردستانە لەسەر دەریا.
١٥٧ ـ ١٩٣٨ز. تورکیا گازی ژەهراوی دژی کوردەکانیی،بە پێی ڕۆژنامەی تورکی کۆرۆگلوو، ژمارە ١٠٣٨ لە١٣ - ٩ - ١٩٣٨ ز. دا، بەکارهێناوە!
١٥٨ ـ ٤- ٤- ١٩٣٩ز.شای ئێراق ، غازی ، بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل مرد.
١٥٩ ـ ١- ٩ - ١٩٣٩ز. ـ ٨ - ٥- ١٩٤٥ز. بەرپابوون و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی.
١٦٠ - ١٩٣٩ ز. یا ١٩٤١ز. پارتێکی نهێنی بە ناوی هیوا ، لە لایەن کوردەکانی ئێراقەوە دامەزرێنرا. گۆڤارێکیان بە ناوی ئازادی یەوە دەرکرد. لە ١/ ١٢ /١٩٣٩ ز. گۆڤاری گەلاوێژ لە بەغدا و٢٦ /١٢ / ژین ، لە سلێمانی ، دەرچوون.
١٦١ ـ ٢٥- ٨-١٩٤١ز. لەشکری بەریتانیا خواروی ڕۆژئاوا و ڕوسیا سەروی ، ئێرانیان داگیرکرد ، ناوەڕاستی وڵاتیش کرایە ناوچەی بێلایەن. نەخشەی ل:٦١ .
١٦٢ - ٣- ٤ ـ ١٩٤١ز. ڕەشید عالی گەیلانی بووە سەرەك شالیاری ئێراق، لە گەرمەی



نەخشەی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ز. دا.

جەنگدا لایەنی هاوپەیمانانی بەرداو لایکرد بەلای ئەڵمانیای نازی دا.
١٦٣ - ١٦- ٥ - ١٩٤١ز. بەریتانیا شێخ مەحموودی دوورخراوەی ، بۆ کوردستانی ئێراق هێنایەوە.
١٦٤ _ ٢ - ٦ - ١٩٤١ز. هێزەکانی بەریتانیا لە بەغدا، ڕەشید عالییان لەسەر کار لابرد ، ناوبراو هەڵات بۆ ئێران ، لەوێشەوە بۆ تورکیا.
١٦٥ - ١٩٤١ ز. هێزە بیانییە داگیرکەرەکانی ناو ئێران ، ڕەزاشایان ناچارکرد ، دەستلە کار بکیشێتەو ە، ناردیان بۆ شاری یۆهانسبێرگ لە وڵاتی ئەفەریقای خوارو، کوڕەکەی محەممەد، حەمە، خرایە شوێنی .
١٦٦ _ ١٩٤١ز. ئێران چەندلە خزم و هاوبیرانی جافرسانی هەورامانی گرتنو دووری خستنەوە بۆ ستانی فارس ، لای بەندەر عەباس. هەرچەند تا ئەو ساڵە ، سان وا، ١٠ساڵە لە ئێراق پەنابەرە. دوای ئەمە ناوبراو لە ڕەمادییەوە دێتەوە هەڵەبجە ، کوڕەکەی کەریم سان لەجێی خۆی دادەنێت ، هەرلێرە دەمرێت ، لە مەرقەدی عەبابەیلێ دەنێژرێ.
١٦٧- ١-١٩٤٢ز. ڕاپەڕینی کورد و ئەرمەن و ئاشوری لە شاری ڕەزائییە = ورمێ ،دامەزراندنی دەوڵەتێکی هەرێمیی.
١٦٨ _ ١٥- ٩- ١٩٤٢ز. کۆمەڵەی ژێ . کاف ، لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە ، لە شاری مەهاباد دامەزرێنرا.
١٦٩ - ١٢- ٧- ١٩٤٣ز. مستەفا بارزانی دوورخراوە ، لە شاری سلێمانی هەڵات ، خۆی گەیاندەوە بارزان ، شۆڕشێکی بەرپاکرد ، کە تا ١٩٤٥ز. ی خایاند.
١٧٠ - ٣ - ٦- ١٩٤٤ ز. نوری سەعیدی سەرۆك شالیاری ئێراق وازی لەکارهێنا ، حەمدی پاچەچی خرایە جێگای.
١٧١- ١٥- ١- ١٩٤٥ز. هەیئەتی ئمازادی کورد لە لایەن مەلا مستەفاوە ، دامەزرێنرا.
١٧٢ – ١٩٤٥ز. ڕێکخراوی ڕزگاری کورد ، لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە ، دامەزرێنرا. رۆژنامەیەکیشیان هەر بەو ناوەوە بڵاوکردەوە.
١٧٣ - ٢٣ – ٣ – ١٩٤٥ز. دانشگای وڵاتە عەرەبییەکان ، لە قاهیرەی میسر دامەزرێنرا.
١٧٤ _ ١٦ – ٨- ١٩٤٥ز. پ. د. ك. ئیران لە لایەن کوردەکانەوە دامەزرێنرا.
١٧٥ _ ٢٠ – ١١ ١٩٤٥ز. کۆماری ئازەربایجانی ئیران ، بە سەرۆکایەتی جەعفەری پیشەوەری. دامەزرێنرا. لە ١٢- ١٩٤٦ ز. ئێران لەناویبرد.
١٧٦ - ( ١٢- ١٩٤٥ز. حەمەڕەشیدخانی بانە ، لە بەندیخانەی ئێراق ڕزگاری بوو ، پەیوەندی کرد بە مەهاباتەوە ، شیری شەرەفی پێبەخشرا، وە لە پلەیەکی بەرزی سەربازیدا، دامەزرێنرا. لە ٤ - ١٩٤٤ ز. لە ناوچەی بانە ، سەقز ، سەردەشت ، هەرێمێکی ئازادی دامەزراند.) ٧٨
١٧٧ _ ١٩٤٥ - ١٩٤٦ز. پارتی ڕزگاری کورد، لەلایەن کوردەکانی ئێراقەوە. دامەزرێنرا. لە ١٦-١- ١٩٤٦ ز. بیرخەرەوەیەکیان ، بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوە.
١٧٨ - ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ز. کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، بە سەرۆکایەتی پێشەوا

---

٧٨_ د. وەلید حەمدی ، س. ع. ژ.١١ ل: ٢٥١ ، ٤١٥.

قازی محەممەد ، دامەزرێنرا. وەئەم چاپەمەنییانەیان ،( کوردستان ، نیشتیمان ، هەڵاڵە ، هاوار ) دەرکردووە.
١٧٩ _ ٩- ٥- ١٩٤٦ز. هێزەسەربازییەکانی ڕوسیا و بەریتانیا لە ئێران کشانەوە، ئێرانیش کۆماری مەهابادی ڕووخاند! ، لە ٣١-٣- ١٩٤٧ز. دا پێشەوا و دوو براکەی ، سەیف و قازی ، لە سێدارە دان.
١٨٠ _ ١- ٨ - ١٩٤٦ز. محەممەد ڕەزاشای ئێران بۆ لەناوبردنی پارتی کۆمۆنستی ، خۆی لێ نزیک خستنەوە ، لە دواییشدا زۆریانی لە ناوبردن.
١٨١ _ ١٦- ٨ - ١٩٤٦ز. پ. د. ك. ی ئێراق ، لە لایەن هەمزە و عەلی عەبدوولا و جەعفەرەوە ، دامەزرێنرا. تا ٢٠٠٧ ز. شەڕی بووە لەگەڵ پارتیە کوردییەکانی وەک: شیوعی ، یەکێتی ، پێکاکا ، ئیسلامی..
١٨٢ _ (١٩ – ٣- ١٩٤٧ز. بەلگەنامەکانی بەریتانیا کە سەبارەت بە کوردی کوردستانی سوریە تۆماریکردبوون ، دەڵێت: لە شاری حەڵەب و دیمەشق و دەوروبەریاندا، هەر یەکێکیان دووسەد هەزار دانیشتووی هەبووە). [79] لە ٢ - ٦- ٢٠١١ ز. دا سەرژمێری سوریە کراو،بووبووە بیست و دوو ملیۆن و نیو ، وە کورد تێیدا لەسەدا پێنجە.زیاتر ل:٥٤ ٢٣/ ٨ / ١٩٦٢ز.
١٨٣ _ ئێراق یوسف سەلمانی ، ئەندامی ناوەندی پارتی شیوعی لە سێدارە دا.
١٨٤ _ ١- ٦ - ١٩٤٧ز. ئێراق چوار ئەفسەرە ، کوردە ، خۆبەدەستەوەدەرە کە، کەعیزەت، خۆشناو ، قودسی ، خەیری ، بوون ، وە سەردەمی ساڵح جەبربووە ، لە سێدارەی دان.
١٨٥_ ١٨- ٦- ١٩٤٧ز. ڕەوی بارزانییەکان ، تاقمی /١: مستەفا بارزانی پاش سێ مانگ ، لە لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد لەلایەن ئێرانەوە. ناوبراو کە وەزیری شەڕی کۆماربووە ، لەگەڵ ٦٥٠ کەس لە هاوبیرانی ، کە شەشیان ئەفسەر بوون ، بە ٥٣ ڕۆژ و بەناو ئێران و تورکیادا، لەگەڵ لێدانیان لەلایەن ئەو دوو وڵاتەوە ، بۆ نموونە ئێران لە ٢٧/ ١٩٤٧/٥ز. لە شاخی سوئێز ، پەلاماریانی داوە. توانیان خۆ بگەیەننە ناو ئازەربایجانی سۆڤییەت. تاقمی/٢ میان ، بە سەرۆکایەتی شێخ. ئەحمەدی برای ، کە پێکهاتبوون لە : ١٥٥٠پیاو و١٦٨٦ژن و ١٣٢٩منداڵ ، خۆیانداوە بەدەست رژێمی ئێراقەوە.
١٨٦_ ١٩٤٨ز. شەڕی/١ ی هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان ، لەگەڵ وڵاتی جوولەکە ، ئیسرائیل. دووەم : ١٩٥٦ز. سێیەم: ٥ - ٦ - ١٩٦٧ز. چوارەم: ٦- ١٠ - ١٩٧٣ز.
١٨٧ _ ١٤- ٥ - ١٩٤٨ز. کۆتایی دەسەڵاتی بەریتانیا بەسەر فەلەستین دا ، دەوڵەتی ئازادی جوولەکە دامەزرێنرا.
١٨٨ _ ٢١- ٣- ١٩٤٩ز. کودەتایەکی سەربازی لە سوریە ، بە سەرۆکایەتی دوو ئەفسەری کورد، حوسنی زەعیم و موحسین بەرازی ، بەرپاکرا، پاش چوار مانگ یەکەمیان کوژرا.
١٨٩ _ ٢٩- ٤ -١٩٥١ز. دکتۆر موسەدیق (١٩- ٥- ١٨٨٢ /٥- ٣-١٩٦٧ز.) بووە سەرەك شالیارانی ئێران ، خۆماڵیکردنی نەوتی لە هەمان ساڵدا ڕاگەیاند.
١٩٠ _ (١٢ / ١٩٥٢ز. فەریق ڕوکونی خانەنشینکراوی کورد. نورەدین مەحموود هەورامی ،

---
٧٩ - د. ولید حمدی ، س.ع. ژ ١١ ، ل:٢٥٧- ٢٥٨ ،٤٣١

کرایە سەرەك شالیارانی ئێراق ، بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران.) ٨٠
١٩١ ـ ( ١٩٥٣ز. ئەفسەر ئەحمەد زەنگەنە بووە،بووە سەرلەشکری ١٢ی کرماشان،ناوبراو کتێبێکی بەناوی شەو و تۆپخانە دەرکردووە.) ٨١
١٩٢ ـ ( ١- ١٩٥٣ز. سێیەمین کۆنگرەی پ. د. کورد، ی ئێراق لە شاری کەرکوک گیرا. سکرتێر ئیبراهیم ئەحمەد، ناوی پ. د. کورد گۆڕا بۆ پ. د. کوردستان. ئەم چاپە مەنیانەیان دەرکردووە گەلاوێژ، پێشکەوتن ، ڕۆژانوێ.) ٨٢
١٩٣ - ١٩٥٣ز. لە ئیران خەڵکی شاری جوانڕۆ،ڕاپەڕینێکیان دژی ڕژێمی شا بەرپاکرد.
١٩٤ـ ٨ - ١٩٥٣ز. حەمەرەزا شا، بۆ دەرەوەی ئێران رایکرد. بە یارمەتی بەریتانیا ، ئەفسەر زاهیدی د. موسەدیقی لابرد و شایان هێنایەوە.
١٩٥ـ ١٩٥٥ز. لاوانی کوردی ئێراق ، لە ڤیستیڤالی جیهانی لە پۆڵەندە ، بە سەرۆکایەتی مام جەلال بەشداریانکرد. بینینی مەلا مستەفا بۆ یەکەمین جار ، پاش ڕەوی بارزانیان لە ٦/١٨ / ١٩٤٧ز. دووەم جار لە مۆسکۆ ، لە ١٩٥٧ز. دا.
١٩٦ ـ ٢٢ - ٢ - ١٩٥٥ز. بەستنی پەیمانی بەغدا ، کە لە دواییدا بوو بە سەنتۆ ، لە نیوان: بەریتانیا ،ئێراق ، ئیران ، تورکیا ، پاکستان ، وە ئەمریکاش وەك چاودێر.
١٩٧ – ٦ - ٩- ١٩٥٥ تورکیا دەستیکرد بە لەناوبردنی یۆنانی و ئەرمەنییەکانی ئەستەمبووڵ.
١٩٨ ـ ١٩٥٦ز. پارتی دیموکراتی کورد لە سورییە دامەزرێنرا، لە هەمان ساڵدا ، خالید بەگداش کە بە ڕەگەز کوردە ، کراوەتە سکرتێری پارتی شیوعی.
١٩٩ـ ١٩٥٦ز. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، لە شاری زوریخ دامەزرێنرا.سەرۆك عیسمەت شەریف وانلی،یەکەم کۆنگرەیان لە ڤیسبادنی ئاڵمان لە: ١٩٥٧ز. دووەم: لەندەن/١٩٥٨ز. سێیەم: ڤییەنا ١٩٥٩ز. بەسران.
٢٠٠ ـ ١٩٥٧ز. لە میسر ئێستگەیەکی کوردی لە شاری قاهیرە دامەزرێنرا.٥٧/١٠/١٨ لافاوەکەی سلێمان
٢٠١ ـ ١٩٥٧ز. ئێران دەزگای سیخوڕی ساڤاکی دامەزراند.
٢٠٢ - ١٤- ٧ - ١٩٥٨ز. لە ئێراق شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژ ، لە لایەن عەبدولکەریم قاسمەوە ، بەرپاکرا، کۆماری ئێراق دامەزرێنرا ، کۆتایی دەسەڵاتی بەریتانیا و ڕژێمی پاشایی دەسکەلای دەستی. (هەر لە پاش ٤ ڕۆژ ، باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەمبووڵ ڕایگەیاند: کاتی ئەوە هاتووە ، بەریتانیا کوردەکانی ئێراق بەکاربهێنێت ، بۆ بەرژەوەندی خۆی !).
٨٣ وە سەیری ل: ٢٧ پەراوێزی/١، بکە باڵوێزی ئێرانیان ، لە تاران چی وتووە ؟ بۆ زیاتریش ل: ١٩٤.

( ئاااى کە دڵپاکین ! ئای کە نایزانین!
زۆرمان بە تووتی ، ئەملاولا ماوین

---

٨٠ ـ د، جەمال نەبەز،ڕۆژنامەی سەکۆ،ژمارە١٣.بەرلین ١٩٩٨ز.
٨١- ١- أ. سیستانی، س. ف. ژ. ٧ ل: ٩٧٢.
٨٢ ـ کریس کۆچیرا ، س. ك. ژ. ١١ ل: ٣٠٨.
٨٣ – د. وەلید حەمدی، س.ع.ژ. ١١ ل:٢٦٥ .

زۆر پێش چاڵدێران ، تاوەکو ئەمڕۆش
ئازووخە و پرد و ، مەقاش و داوین)     ( هەمووی ، لە ل ٢١٧ دایە).


٢٠٣ ـ ٦- ١٠ - ١٩٥٨ ز. مەلا مستەفای بارزانی ، دوای ١٣ساڵ لە پەنابەری لە ڕوسیا ،گەڕایەوە کوردستانی ئێراق. بە ڕۆڵەی بەنرخی گەل دانرا. لە نیسانی هەمان ساڵدا، پاپۆڕێکی ڕوسیا ٤٦٠ کەسی لە هاوەڵانی هێنایەوە بەندەری بەسرە.
٢٠٤ ـ ١٣- ١٠ – ١٩٥٨ ز. عەبدوسەلام عارف لەسەر کار لادرا و بە باڵوێزی ئێراق لە ئەڵمانیا کرا، لە ١٥- ١١- شدا ، گیرا.
٢٠٥ ـ ٩ /١ /١٩٥٩ ئێراق بۆ یەکەمین جار ڕێیدا ، پارتە سیاسییەکان ، لە کوردستاندا ، بە ئاشکرا کاربکەن . وەکو پ. د. ك. و شیوعی ، ئەم چاپەمەنییانەیان دەرکرد: ڕۆژنامەی خەبات لە٥ ٤ - ١٩٥٩ز. لە لایەن ئۆرگانی پارتەوە. وە کوردستان ، دەنگی کورد ، هەتاو. لە ٥- ١٩٦١ز. لە دەرچوون وەستێنران، لە ١١- ٩ -دا شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسێنرا.
٢٠٦ ـ ٨- ٣ - ١٩٥٩ز. بزوتنەوەی ئەفسەر عەبدولوەهاب شەواف ، فەرماندەی لەشکری/٥ لە شاری موسڵ دژی عەبدولکەریم ، ڕژێم کە کوردەکانیش یارمەتیدەری بوون، هەر زوو دایانمرکاندەوە.
٢٠٧ ـ ٧- ١٠- ١٩٥٩ز. عەبدولکەریمی سەرۆك شالیاری ئێراق ، لە ئەنجامی تەقەلێکردنی لە لایەن پارتی بەعسی عەرەبییەوە ، بریندارکرا ، سەدامی تەقەکەر ڕایکرد بۆ سوریا.
٢٠٨ ـ ٥ - ١٩٦٠. پ. د. ك. ئێراق ، کۆنگرەی٤ هەمی بەست ، مستەفا بارزانی بە سەرۆك هەڵبژێردرا ، سەردانی ڕوسیای کرد ، لەگەڵ خرۆشۆف کۆبووەوە. ٢/٩/ پ. د. ک. مۆڵەتی کاردکردنی درایە.
٢٠٩ - ٢٧- ٥- ١٩٦٠ز. جەمال گۆرسیل لە تورکیا ، یەکەم کودەتای سەربازی دوای مستەفا کەمال بەرپاکرد ، مەندەریس لە سێدارە درا ، کودەتای/٢ هەم لە ١٢- ٣- ١٩٧١ ز. سێیەم لە ١٢- ٩ - ١٩٨٠ ز.
٢١٠ ـ ١١- ٩ -١٩٦١ز. شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی ئێراق ،لەلایەن کوردە کانەوە ، بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بەرپاکرا. لە ١١- ٣- ١٩٧٠ ز. ئێراق دانینا بە ئۆتۆنۆمی کوردستانا. لە ٥- ٣- ١٩٧٥ز.دا، لە جەزائیرلە کۆبوونەوەی ئۆپیکدا، گەلە کۆمەیەکی ئیمپریالیزمی: بە دەلاڵی سەرۆکی جەزائیر بۆمیدیەنی ، سەدامی ئێراق و شای ئێرانی کۆکردنەوە ، لە پاش دۆڕانی شەتولعەرەب بە شا. ئێراندژ بە شۆڕش گێڕانی کورد ڕاوەستا. سنوری لێ داخستن. لە ٥ - ٣- ١٩٧٥ ز. دا نسکۆی شۆڕش ڕاگەیەنرا. بە هەزاران کورد ئاوارەی ئێران و ڕۆژئاوا بوون.
٢١١ ـ ١٠- ١٩٦١ ز. لە ناوچەی هەورامانی دیوی ئێراقدا ، لە لایەن پێشمەرگەوە بنکە پۆلیسییەکانی: تەوێڵە ، بیارە ، سۆسەکان ، داگیرکران. چوونە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولی تازە دەمەوە. لەم کاتەوە ئەم سێ شوێنە بووە بنکەی هێزی خەبات ، کە سنوری جوگرافی لە خواروی شاری پێنجوینەوە بۆ کۆتایی شاخی بەمۆی ، نزیک کەلاری دەگرتەوە. شایەنی باسە بووتریێت لە تەواوی سەردەمی ئەو شۆڕشەدا ، هەرچەند ڕژێم چەندجار هەوڵی گرتنەوەی داوە. بە ناوچەی ئازادیکراو بەرگری لێکراوە.

٢١٢ ـ ١٩٦٢ز. پ. د. ك. ى ئێران ، دووەم كۆنگرەی خۆی لە نزیك شاری قەڵادزێی ك. ئێراق گرت.
٢١٣- ( ٢٣- ٨- ١٩٦٢ز. ڕژێمی سوریە یاسای ژمارە ٩٣ ی ڕاگەیاند ، كە تێیدا هاتووە: كوردەكانی سورییە بێگانەن، لە توركیاوە هاتوون ، وە لێرە پەنابەرن !، مافی هاونیشتیمانی بوونیان لێ سەندنەوە ، بە درێژی سنووری لەگەڵ توركیا وە بە پانی ، یا قولایی ١٥ كم ، لە كورد ، چۆڵیكرد . كوردەكانی كۆكردنەوە و بە عەرەب دەوری تەنین. لە ١٩٧٥ز. دا چل گوندی نوێیان لە نیوان دێرك و عامودەدا دروستكرد ،٧ هەزار بنەماڵەی عەرەبیان بۆ هێنا، ئەمە وایكرد كوردێكی زۆر لەوێ ڕەوبكات بەرەو ناوەوەی وڵاتەكە و ئەوروپا.) ٨٤
٢١٤ - ٨- ٢- ١٩٦٣ز. بەرپاكردنی كودەتای شوباتی پارتی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراكی ، لە ئێراق ، تیاچوونی سەرۆك وەزیران ،عەبدولكەریم قاسم ، كە شۆڕشی ١٤ / ٧ /١٩٥٨ز. بەرپاكردبوو.
٢١٥ ـ ٨- ٣- ١٩٦٣ز. كودەتای شوباتی پارتی بەعسی ئیشتیراكی ، هاوشێوەی ئەوەی سەرەوەی ئێراق. ئەمجارەیان ، لە سورییەش.
٢١٦ ـ سەرلەشكری سەربازی ، لیوای ٢٠ ی ئێراق : زەعیم سدیق ، كە بە دوژمنی كوردەكان ناودەبرا ، پاش ئەوەی لە شەڕی لوتكەی ئەزمڕی شاخی گۆیژەی ڕۆژهەلاتی سلێمانی دەشكێندرێت ،لە گەڕانەوەیدا، لەناو شاردا گەلێك لە خەڵكی شاری ، زینەبەچاڵ كرد! هەمان فەرماندە وە لە هەمان ساڵ دا ، لە ڕۆژێكی هەینی ڕەمەزاندا! لە مزگەوتی گوندی سیارە كە چەپی ، سەر جادەی نێوان عەربەت - دەربەندیخانە ، لە پارێزگای سلێمانی دا ، بەدەیانی لێ شەهیدكردن. سەردەمی عەبدوسەلام عارف ، لە ١٠- ٢- ١٩٦٤ز. وتووێژی ئێراق و كورد. لە ٤- ١٩٦٥ز. دا دیسانەوە بە كۆمەڵكوژی خەڵكی سلێمانی رویداوەتەوە !.
٢١٧ ـ ٢٢- ٨ - ١٩٦٣ز. ،لە شەڕێك دا ، پاش تەقەمەنی لێ بڕان ، ٢٨ پیشمەرگە شەهیدبوون ، لە قاتەكانی نزیك شاری كفری دا.
٢١٨ ـ ٢٢- ١٠- ١٩٦٣ز. لەشكری سەربازی سوورییە ، نێردرا بۆ یارمەتی ڕژێمی ئێراق ، دژی كوردەكان ، كە شۆڕشی ئەیلولیان لە ١٩٦١ ەوە بەردەوام بوو.
٢١٩ ـ ١٩٦٣ز. پ. د. ك. توركیا لە لایەن ، فایەق بوجاقەوە دامەزرێنرا.
٢٢٠ ـ ٩- ٤ - ١٩٦٤ز. شەقبوونی پ. د. ك. ئێراق ، لە كۆبوونەوەیان لە ماوەت ، جیابوونەوەی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد = كە پێیان دەوتن ، مەكتەبی سیاسی ، لە باڵی مەلا مستەفایان ڕاگەیاند. لە ٧- ٧ - بارزانی كۆنگرەی/٦ ی بەست. ئەوانەی پێشوو لە حیزب دەركران. باڵی/١ ، چوون بۆ ئێران ، وەك پەنابەر لە هەمەدان جێگیركران.
٢٢١ ـ ١٣/ ٨/ ١٩٦٤ ز. لە ئەنجامی ئەو ڕێكەوتنەی ، باڵی پ . د . كوردستانی ئیبراهیم ئەحمەد، كە لەگەڵ ڕژێمی ئێراق دا بەستبووی ، لە شاری هەمەدانی ئێرانەوە ، گەڕانەوە ، لە شاری بەكرەجۆی قەراخ سلێمانی بنكەیان دانا ، بوونە هاوپەیمانی ڕژێم ، دژی باڵی

٨٤ـ مێژووی كوردستان ، س. ئە. ژ. ٩ ل: ٥ - ١٢.

مەلا مستەفا. كۆمەڵگەی كوردی لەم كاتەدا ناوی نابوون: (جەلالی) ، چونكی مام جەلال سەركردایەتی دەكردن . وە باڵی مەلا مستەفاش بە (مەلایی). وەبە شەڕەكانی نێوانیان بە براكوژی ناودەبران ، لەبەرئەوەی درێژەیان هەبووە ، بە پێی ساڵیان، ژمارەیان بۆ دانراون. شەڕی براكوژی یەكەم: ١٩٦٢ز. شیوعی لە گەڵ پارتی. دووەم : ١٩٦٤- ١٩٦٦ جەلالی/ مەلایی . سێیەم : ١٩٧٨ كۆمەڵە وشۆڕشگێڕان / قیادەی موەقەتە . چوارەم : ٣/ ٥/ ١٩٩٤ز. یەكێتی/ پارتی.
٢٢٢ _ ١٣- ٨ - ١٩٦٤ ز. شای ئێران ئیمام خومەینی دەركرد ، نێردرا بۆ شاری بووسرا لە توركیا ، لەوێوە خۆی گەیاندەوە ، شاری نەجەفی ئەشرەفی ئێراق.
٢٢٣ _ ٢١- ٣- ١٩٦٥ز. كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد= نۆكسە ، لەلایەن كوردەكانی ك. ئێراقەوە ، لە ئەڵمانیا دامەزرێنرا ، لەوانە: جەمال نەبەز ، بروسك ئیبراهیم ، شێخ ئەحمەدی نەقیب.
٢٢٤ _ ٢١- ٩- ١٩٦٥ز. عەبدوڕەحمان بەزازی سڤیل بە سەرۆك شالیاری ئێراق كرا، هاتنەكایەی ڕژێمێكی مەدەنی ، ٧ – ٨- ١٩٦٦ز. ناچاریانكرد وازبهێنێت.
٢٢٥ _ ٢- ١٩٦٦ز. پارتی بەعسی عەرەبی لە سوریە و ئێراق شەقبوو، لەیەكەم دژی مێشیل عەفلەقی دامەزرێنەر ، لە دووەم لەگەڵ ئەو.
٢٢٦ _١٣ - ٤- ١٩٦٦ ز. عەبدوسەلام عارفی سەرۆكی ئێراق ، لە ئەنجامی كەوتنە خوارەوەی كۆپتەرەكەی لە خواروی ئێراق مرد ، براكەی عەبدوڕەحمان چووە جێگای.
٢٢٧ _ ١٢- ٥ - ١٩٦٦ ز. پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر شۆڕشی بەردەوامی ئەیلول دا ، لە شەڕی بەناوبانگی هەندرێن دا ، هێزی پێشمەرگە. لەشكری ئێراقیان خراپ شكاند ، لە٢٩- ٦ – ١٩٦٦ ز. دا ، ڕژێم ڕێكەوتنی ناسراو بە لامەركەزیی ، لەگەڵ كوردەكاندا مۆركرد ، سەردەمی بەزاز.٣٠/ ٦ / كودەتای عارف عەبدولڕەزاق.
٢٢٨- ١٩٦٧/ ١٩٦٨ ز. ڕاپەڕینی پ. د. ك. ی ئێران ، دژی ڕژێمی شا.
٢٢٩ - ٣٠- ٧- ١٩٦٨ز. كودەتای دووەمی پارتی بەعسی عەرەبی لە عێراق ، هاتنە سەركاری ئەحمەد حەسەن بەكر و سەدام حسەین.
٢٣٠ _ بەهاری/ ١٩٦٨ز. سلێمانی موعینی و مەلائاوارە ، ئەندامانی پ. د. ك.ئیران ، لە لایەن دەزگای سیخوڕی ساڤاكی ئێرانەوە ، لەكوردستانی ئێراقدا ، شەهیدكران! لەم كاتەداڕاپەڕینێك دژی ئەو كوشتنانە ، لەلایەن پارتی ناوبراوەوە كراوە.
٢٣١ - ٦ - ١٩٦٩ز. ئێراق دژی كوردەكانی ، شەڕی دەستپێكردەوە ، ١٨- ٨ - ١٩٦٩ ز. ئێراق ٧٤ كەسی كوردی خەڵكی ، گوندی دەكانی قەزای شێخان ، كەلە ئەشكەوتێكدا خۆیان حەشاردابوو ، سووتاند!.
٢٣٢ _ ١٦- ٩- ١٩٦٩ز. دا، كۆمەڵكوژی گوندی سۆریای مەسیحی نزیك زاخۆ ، ٣٩ شەهیدو ٦٥بریندار ی لێكەوتەوە.
٢٣٣ _ ١٩٦٩ ز. پ. د. ك. توركیا شەقبوو ، یەكەم بە سەرۆكایەتی سەعیدئاڵچی ،دووەم د. شوان.
٢٣٤ _ ١٠- ١ - ١٩٧٠ز. سەدام حسەین بریكاری سەرەك وەزیرانی ئێراق ، سەردانی سەركردەی شۆڕش مەلا مستەفای كرد ، كە لە ١١- ٩- ١٩٦١ز. بیەوە لە شەڕدابووە

لەگەڵیدا.
٢٣٥ - ٢١- ١ - ١٩٧٠ ز. ئێراق ڕایگەیاند: لە ئەنجامی پووچەڵکردنەوەی کودەتایەکی سەربازیدا،٣٣ ئەفسەر و شالیاری لەناوبردوون.
٢٣٦ _ ١٩٧٠ز. کودەتایەکی سەربازی لە سورییە ڕوویدا.
٢٣٧ _ ١١- ٣- ١٩٧٠ز. ئێراق بۆ یەکەمین جار دانینا بە ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان دا ، پاش شۆڕشێکی خوێناوی ٩ساڵە . ڕژێم لای خۆیەوە ناوچە نەوتدارەکانی: کەرکوك ،خانەقین ، عەینزالە... بە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی قەبڵاندووە ! سەیری نەخشەی ئۆتۆنۆمی ل ٦٩ بکە.
٢٣٨ _ ٩ _ ٤ - ١٩٧٠ز. پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان ئێراق و سۆڤییەت دا بەسرا.
٢٣٩ _ ٧- ١٩٧٠ز. کۆنگرەی ٨ ی. پ. د. ك. ئیراق لە گەلاڵە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بەسرا.
٢٤٠ - ٢٢- ١٩٧١ز. حافیزولئەسەد لە سوریە ، بووە سەرەك کۆمار.
٢٤١ - ٩- ١٩٧١ز. سێ کەسی سیاسی کوردی تورکیا ، بە ناوەکانی: سەعید قرمز(تۆپراک) حەسەن یخڵمش(بروسک)، حیکمەت بەلەشکین(چەتۆ)، تێرۆرکران.
٢٤٢ _ ٢٩- ٩ - ١٩٧١ ز. مستەفا بارزانی سەرۆکی پ. د. ك. ئێراق ،لە پلانێکی کوشتن ، کە ڕژێمەکەی بۆی کێشابوو ، ڕزگاری بوو. . پلانەکە بەهۆی چەند کەسەوە بووە ، بە جلی مەلاییەوە ، کە بەغدا ناردبوونی ، لە ژووری ناوبراودا ، خۆیان تەقاندووەتەوە ، لە گەڵ ئۆتۆمبیلە پارککراوەکانیان دا بەرانبەر پەنجەرەی ژوورەکە، ئەگەر سەرکەوتوبووایە ؟ پەلاماری سەربازیش بۆ سەرناوچەکە ئامادەکراوبوو.
٢٤٣ _ ٣- ١١ - ١٩٧١ز. ئێران لە کەنداوی عەرەبیدا ، سێ دوورگەی تونبی گەورە و بچوك و ئەبوموسا ، کە بە موڵکایەتی هی میرنشینی عەرەبی یەکگرتووە ، داگیرکرد.
٢٤٤ - ١- ٦- ١٩٧٢ز. کارەساتی بە جینۆسایدکردنی کوردە فەیلیی بەغدا ، لە لایەن ڕژێمی ئێراقەوە. لەناوبردنی٧ هەزارلاوی تەمەن ١٦- ٢٩ ساڵ ، بە تاقیکردنەوەی کیمیاوی لە سەریان. دەرکردنی ٤٠ هەزار لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی ئێراقدا بۆ ئێران. وە داگیرکردنی سامانیان. زیاتر ، ل: ١١٣ /لووڕی بچوک. .
٢٤٥ - ١- ٧- ١٩٧٢ز. ئێراق بە پاڵپشتی سۆڤییەت ، خۆماڵیکردنی نەوتەکەی ڕاگەیاند. سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر.
٢٤٦ - ٥ - ١٩٧٣ز. پارتی شیوعی ئێراق ، بە ویستی ڕوسیا ، بەرەیەکی سیاسی لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی دەسەڵاتداردا پێکهێنا ، کە لە ١٩٦٣ز . دا زیاد لە پێنج هەزار ئەندامی لەناوبردبوون !.
٢٤٧ _ ١٩٧٤ز. پارتی سۆسیالیستی کوردستان= کۆمکار، لەلایەن کوردەکانی تورکیاوە ، بە سەرۆکایەتی کەمال بورقای ، دامەزرێنرا. لە ١٩٨٠ز. دا کە کودەتای سەربازی ڕوویدا، زۆرێك لە ئەندامانیان لەگەڵ سەرۆکەکەیان ڕوویان لە ئەوروپا کرد.
٢٤٨ _ ٤- ١٩٧٤ ز. ئێراق لەگەڵ کوردەکانیدا دەستیکردەوە بەشەڕ، پاش ئەوەی٤ ساڵ لە وەختی دانراو بۆ جێبەجێکردنی ، بەندەکانی پەیماننامەی ئازار/١٩٧٠ز. تێپەڕی و جێبەجێی نەکرد. هەڵسەنگاندنێکی ڕادەی سەربازی ، ئێراق وکوردەکان: ١٣٩٠




۱۱ / ۳ / ۱۹۷۰ز. بەیاننامەی ئازار ، نەخشەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە دیدی ئێراق.
سەرنج : بە پێی سەرچاوەی ئەڵمانی ل ۲۳۸ بێت ؟ لە شوێنە سنوورییە گرنگەکان دا، جێگا بۆ مۆڵگای عەرەبی هاوردە ، کراوە !. کە نابێت شۆڕش بەوە ڕازی بووبێت.

تانك ، ١٢٨ فرۆكەی شەڕیی ، ١٠٠ هەزار سەرباز. بەرانبەر ١٢ هەزار پێشمەرگە ، کە چەکیان تفەنگ و چەند تۆپێکی سوک و قورس بووە. هەر لەم مانگەدا پەنابردنی، زیاترلە ٢٠ هەزار بەرەو ئێران.
٢٤٩ - ٤/٢١ /١٩٧٤ز. ئێراق بۆردومانی شاری زاخۆی کرد. ٢٣ / ٤/ بالەك ، کوژرانی(ك): ٤٠ برینداربوونی( ب): ٥١. ٢٤ /٤ / دهۆك و قەلادزێ، ك:١٣١ ب: ٣٠٠. ٢٧/ ٤/ هەڵەبجە، ك :٤٢ ب:١٠٠وێرانبوونی ٢٠٠ خانو و دوکان. ٤/٢٩ /پردی گەلاڵە. ك:٢٠ .
٢٥٠ _ ١٢ - ٥- ١٩٧٤ز. ئێراق خاتوون، لەیلا قاسمی و ٤ لە هاوەڵانی لە سێدارەدا،پاش گرتنیان، لە تاران لەلایەن ئێرانەوە و دانەوەیان بە ئێراق، لەئەنجامی فڕاندنی فرۆکەیەکی ئێراق دا بۆ ئەوێ.
٢٥١ _ ٢٠- ٧ - ١٩٧٤ز. تورکیا بەشی سەروی ، دورگەی قوبرسی ، سەروی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی داگیرکرد ، کە پێشتر لەلایەن یۆنانەوە ، هەمووی بە هەردوو نەتەوەی تورکی و یۆنانییەوە ، فەرمانڕەوایی دەکرا.
٢٥٢ - ٥- ١٠- ١٩٧٤ز. ئێراق لە هەولێر ، دەزگا دەوڵەتییەکانی ، یاسادانان و بەجێهێنانی بەناو ئۆتۆنۆمی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەزیز و هاشم عەقراوی دامەزراند. لەو کەسانەی کە سەر بە ڕژێمن ، یا لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ کوردەکاندا ١٩٧٤/٤ ز. نەچونەوە ڕیزی شۆڕش . لای شۆڕش بە ئۆتۆنۆمی کارتۆنی ناوی برا. چونکی بەندەکانی پەیماننامەکەی ئازاری/١٩٧٠ز. لەبەرچاو نەگیرابوو.
٢٥٣ _ ٣ - ١٩٧٥ ز. ئێران پارتی ناسیۆنالی ڕەستاخیزی دامەزراند.
٢٥٤ _ ٦ و ٧ / ٥ / ١٩٧٥ ز. ڕۆژی نسکۆ ، یا( ئاشبەتاڵ) پێکردنی شۆڕشی کوردەکانی ئێراق ، کە لە ١١ / ٩ / ١٩٦١ز. یەوە بەردەوام بووە. لە ئەنجامی کۆکردنەوەی سەدام و حەمەڕەزاشای ئێران ، بە دەستێوەردانی ئەمریکا و جەزائیر، هەموو کۆمەکێکیان لە شۆڕش بڕی.
٢٥٥ - ١- ٦- ١٩٧٥ _ ٣ / ١٩٩١ز. شۆڕشی کوردەکانی ئێراق لە دەرەوە ، پارتی ی. ن. ك. یان دامەزراند، لەو کەسانە وەکو: مام جەلال ، نەوشیرەوان ، د. کەمال فوئاد..شۆڕشی نوێی (ی. ن. ک.) هەڵگیرسێنرا. ئەمەهەستانەوەیەکی بە پەلەی کوردبوو ، دژی گەلەکۆمە ئیمپریالیستییەکەی ڕێکەوتنی جەزائیری سەرەوە. مێژووی ئەم پارتییە لە سەرەتاوە بۆ ٢٠٠٧ز. (شەڕی لەگەڵ ئەم پارتیانەدا کردووە: حسك ، پاسۆك ، پدك . ی ئێران و ئێراق ، پێکاکا ، ئیسلامی.. هۆکاریش گومرگ و شەڕی شەخسی ، سەرکردەکان بوون.) ٨٥.
٢٥٦ _ پارتی سۆسیالیستی کورد ، لە لایەن کوردەکانی ئێراقەوە ، بە سەرکردایەتی د. مەحموود عوسمان ، دامەزرێنرا.
٢٥٧ _ ٢٦- ٥ - ١٩٧٦ز. _ ٣ / ١٩٩١ شۆڕشی گوڵان ،( پ. د. ک.) لە لایەن کوردەکانی ئێراقەوە بەرپاکرا. نەتەوەی کوردلە بەهاری ڕاپەڕیندا وە لە شاری دەروازەی ڕاپەڕینەوە= ڕانیە ، دژی ڕژێمی سەدام هەستا، بە یارمەتی هێزی پێشمەرگە ، بەشی زۆری کوردستانیان ئازادکرد.

---

٨٥ - ئەردەڵان عەبدوڵا، خەباتی پێشمەرگایەتی ، یان کارەسات وماڵوێرانی ، کەرکوك٢٠٠٧ ز. ل:١٨٣.

٢٥٨ _ ٢٤- ١ - ١٩٧٨ز. توركيا له شاری قارەمان مەرەشی، کوردنشیندا ، که لەوکاتەدا شالیاری ناوخۆ: مەمەد ئاغاجاری بووه ، ١١١ کەسیان کوشت.
٢٥٩ _ ١- ٦ _ ١٩٧٨- ١٩٧٩ز. ئێراق به درێژی سنووری ، لەگەڵ ئێران و تورکیادا، وه تا پانی یا قولایی ٣٠ کم. خەڵکەکەی ، که کوردبوون گواستنەوه ، بۆ کۆمەڵگه زۆره ملییەکان. گوندو و شارەکانی کەچوار هەزار زیاتربوون ، به مزگەوت و قورئانەوه ، به تی ئێن تی تەقاندنیەوه! به مەبەستی چۆڵکردنی کوردستان ، وه له پلانی دووەمیدا، گواستنەوەیان بۆ بیابانەکانی خواروی ئێراق بووه . شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ ئێران و ٧ مانگەی له گەڵ کوەیتی و سزای سەپێنراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.. ئەنجامی دووهەمی پووچەڵ کردەوه.
٢٤٨ _ هاوینی - ١٩٧٨ز. ( پێکدادانی ناوچەی هەکاری ، له نێوان پیشمەرگه کوردەکانی کوردستانی ئێراقدا ، کۆمەڵه و یەکێتی هاوپەیمانی یەکدی ، دژی پ. د. ك= قیادە موەقەتە . له سەقارەخەلیلی نزیك بەیتوشەبابدا، لەناو کوردستانی. تورکیادا. تیاچوونی زیاتر لە٣٠٠ لێیان). ٨٦
یەك هەزار پێشمەرگەی کۆمەڵه و یەکێتی ... ، له بنکەکەیاندا خڕی ناوزەنگ هەبووه .
لەمانە٧٠٠- ٨٠٠ کەسیان به دووکۆمەڵ بەناو ئێراندا، بەرەو تورکیا ڕۆشتون، هەندێکیان لەلایەن ئێرانەوه کوژراون، لەناو تورکیادا: ١٠٠یان، لەلایەن پ. د. ك. ئێراقەوه و٣٠ یان لەلایەن تورکیاوه کوژراون. ١٨٠یان . خۆیان ڕادەستی سەربازانی ئێراق کردوەتەوه..لەو حەوتسەد کەسه تەنها حەوتیان گەڕاونەتەوه خڕی ناوزەنگ. شەڕی براکوژی دووەم. ل.٦٦/ ٢٠٨.
٢٦٠ – له باکوری کوردستان ، عەبدوڵا ئۆجەلان پارتی کرێکارانی کوردستان ، پێکاکای دامەزراند. ل. ٧٨ / ٣١٧.
٢٦١ - ٢٢- ١١ _ ١٩٧٨ _ ٢٥- ٤ - ١٩٢٦ ز. محەممەدڕەزاشای ئێران، هێزی گەل ناچاریکرد بۆ دەرەوەی وڵات ڕابکات ، کۆتایی سەردەمی پەهلەوی . له میسر له ٢٧ - ٧- ١٩٨٠ز. دا، مرد.
٢٦٢ _ ٢٩ - ١٢- ١٩٧٨ز. شاپور بەختیار کرایه سەرۆك شالیارانی ئێران.
٢٦٣ _ ٢٢- ١- ١٩٧٩ز. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ، لەلایەن سەرکردەی دینی ئیمام خومەینییەوه دامەزرێنرا.
٢٦٤ _ ٢١-٣- ١٩٧٩ز. پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان= پاسۆك ، لەلایەن کوردەکانی ئێراقەوه ، دامەزرێنرا. لەوانە: د. مەحمود عوسمان و ڕەسوڵ مامەند.
٢٦٥ _ ٦- ١٩٧٩ز. شۆڕشی چەکداری کوردەکانی ئێران دژی ڕژێمی ئیسلامی ، له لایەن پارتەکانی پ. د. ك. ئێران و کۆمەڵه و تودەوه. ئازادکردنی لە٢١% خاکی کوردستان، که تا١٩٨٤ز. پارێزگاری لێوەکرا ، پاش ئەوه لەشەڕی پارتیزانیدا درێژەی پێدرا.
٢٦٦ - ٢٦- ٣- ١٩٧٩ز. پەیمانی ئاشتی له نێوان میسر و ئیسرائیل دا، بەیەکگەیشتنی ئەنوەر سادات و مەناحن بێگن.

---
86.Fire Snow and Honig,Voices from Kurdistan,Gina Lenox, p.32 2001 , 875684700 isbn 1-

٢٦٧ - ١٨- ٨ - ١٩٧٩ ز. ئێران ، بە دادگەرە گەڕۆکەکەی ، کە ناوی خاڵخاڵی بوو، لە شاری پاوەی ناوچەی هەورامان ، سێ کەسی ، بە بیانوی لایەنگیریان لە شۆڕشی چەکداری کوردەکانی ، لە سێدارە دا. ل ١٧٤.
٢٦٨- ٢٦ - ١٠ - ١٩٧٩ز. ئێران لە گەڵ کوردە شۆڕشگێڕەکاندا، کەوتە وتووێژ ، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە.
٢٦٩ - ١٩-٢- ١٩٨٠ز. کۆنگرەی چوارەمی پ. د. ك. ئێران لە شاری مەهاباد ، کە لەم کاتەدا شاری ناوبراو ئازادکراو بووە.
٢٧٠ - ٨- ٥- ١٩٨٠ز. لە تورکیا پارتی گەلی زەحمەتکێشانی تورك ، قەدەغەکرا.
٢٧١ – ١٧- ٩- ١٩٨٠ز. ئێراق بە شێوەیەکی یەك لایەنە ، ڕێکەوتننامەی جەزائیری٧-٣-١٩٧٥ز. کە لەگەڵ ئێران لە جەزائیر بەستبوویان ، هەڵوەشاندەوە. ١٠ کادری پارتی بەعسی فەرمانڕەوایشی لە سێدارە دا ، لەوانە: غانم ، عەدنان... لە ٢٢/ ٩/ دا ، شەڕی ٨ ساڵ بەردەوامی ، کەنداوی یەکەمی ، دژی ئێران ، هەڵگیرسان.
٢٧٢ - ١٢- ١١- ١٩٨٠ز. لە پارتیەکانی کوردییەکانی ئێراق : ی. ن. ك. و سۆسیالیست ، شیوعی ، وە پێنجی تری ڕکەبەری ڕژێمی سەدام حسەین ، لە دیمەشق ، بەرەیەکی نیشتیمانی دیموکراتیان دامەزراند.
٢٧٣ - ٦- ١٩٨١ز. بەهۆی تەقینەوەیەکەوە ، لە تاران ، ٧٣ کەس لە ئەندامە بەرزەکانی ، کۆماری ئیسلامی ئیران کوژران . یەکێ لەوانە ئایەتوڵا بەهەشتی بوو.
٢٧٤ - ٣٠- ٧- ١٩٨١ز. پارتی گەلی کوردستان ، لەلایەن کوردەکانی ئیراقەوە، بەسەرۆکایەتی سامی عەبدووڕەحمان ونوری شاوەیس دامەزرێنرا.
٢٧٥ ـ پایزی - ١٩٨١ز. فرۆکەکانی ئیسرائیل ، بنکە ئەتۆمیە تازە تەواوبووەکەی ئێراقیان ، لە خواروی رۆژهەڵاتی بەغدادا ، بۆردومانکرد.
٢٧٦ -٢ - ١٩٨٢ز. لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیدا ، لە دوو شاری سورییەی حومس و حەمادا ، بەسەدان کەس لەلایەن ڕژێمەوە لەناوبران.
٢٧٧ – ٨ - ١٩٨٢ز. کۆنفراسی دووەمی ، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی ئێراق ، لە شاخ = لە خڕی ناوزەنگ ، بەسترا. ئەو کۆمەڵە ، لە سەرەتای حەفتاکانەوە دامەزرێنراوە، بە نهێنی کاریکردووە ، دەوری سەرەکیان هەبووە ، لە هەڵگیرساندنەوەی ، شۆڕشی نوێ دا . لە ٣ / ١٩٧٥ بۆ ٣ / ١٩٩١ز. لەوانە: شەهاب ، جەعفەر ، نەوشیرەوان...
٢٧٨ _ ١٦ / ٩/ ١٩٨٢ز.کارەساتی کۆمەڵکوژی ئۆردوگای سەبرا و شاتیلا ، ی فیدائیە فەلەستینیەکان ، لە لوبنان ، لەلایەن لەشکری سوریاوە ، کەلەو ساڵانەدا لەشکریان لەناو لوبنان دا بووە.
* لە ئەنجامی کارەسات هێنان بەسەر نەتەوەکانی دراوسێی کوردا، خامەی زۆری لە نووسەرانی کوردی هەژاندووە و لە مێژووشدا لەسەریان کردوونەتەوە ، منیش وەك بەچکەیەك لەوان ، دوو پارچە هۆنراوەی عەرەبیم ، لێرەدا پیشانداوە ، یەکەمیان لە تاران بووم لە پەنابەری ، کەئەو کارەساتە ڕوویدا، وە دووهەمیان لە بۆردوومانی هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی لە لایەن ڕژێمی عەرەبی سەدامەوە. کردوومەتە دیاری بۆ ئەو دوو گەلە. هەرچەند ئێمەی کورد بۆ ئەوان ئاهێکمان هەرکێشاوە ، کەچی نەمدی لەوان یەکێ ، بە

ئاشكرا هەڵباتێ لەو كۆمەڵكوژییانەی ، داگیركەران بە كوردیان كردووە و دەیكەن، بێجگە لە سەرۆك قەزافی ، ویژدانی وڵاتێكی ئیسلامی و عەرەبی نەجووڵاند! .

پارچەی یەكەم : یا فلسطین إیران ، طهران ۱۰/۱۹۸۲ز.
بمناسبة مجزرة ، مخیم صبرا و شاتیلا للفلسطین ، ومن قبل ألجیش السوری ، الموجود آنذاک فی لبنان.
كل ما أسمع إسمک ، أری فی نفسي دوامه
دیریاسین ، زعتر ، وصبرا ، نسخة من فلم القیامه
قلوب ملاین توحي ، لو یدفع نفط كسلاحي ،
كل المشاكل تمحي ، ویحق للاهل احلامه
سیهتز بؤرة إستعمار ، بسماع وحدة الامصار ،
والمخلص أیدیه القصار ، وما یسمعون كلامه
فدائي صانع الذعر ، بالمرصاد للعدو دغر
والامل لملأ الثغر ، تدخل زادت آلآمه
بإدامه ثورة والثوار ، أفهمم للعدو شعار
لم ولن ترون إستقرار ، كل یوم ( معرکه کرامه)
یا فلسطین ؟! فی كوردستان ، أبشع جریمه ضد إنسان !
لم ولن یطفأ البركان ، لم یخفض للظلم هامه !.

پارچەی دوهەم: أیام زمان المانیا ، بون ، ۱۷/ ۳ / ۱۹۸۸م.
قرأت صحفا عن كنعان ، فوجدت صلاح الدیمن
قرأت بحثا عن أحلام ، فوجدت إبن شیرین
قرأت كتبا عن اللغة ، بیتوشي و إبن خلكان
قرأت عن أعلام أزهر ، ملا حسن من هورامان
بل هم كومة من أعلام ، جائوا من بلاد كوردستان
فاالیوم یبید سكانها ، هز العالم أخبارها
ساكت عنها إخوه العرب ، وآذكر تأریخ أدبارها
وا أسفاه ، وا أسفاه.

۲۷۹ - ۲۳- ۲۵ / ۹/ ۱۹۸۳ز. ڕێكخراوی سۆسیالیستی كورد لە ئەوروپا = سۆكسە ، لە شاری میونیخی خواروی ئەڵمانیا دامەزرێنرا.
۲۸۰ - (۸- ۵ ۱۹۸۳ز. كارەساتی پشت ئاشان ، بنكەی پێشمەرگەكانی پارتی شیوعی ئێراقی ، لە لایەن كۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەكێتی ن. ك. كوردەكانی ئێراقەوە ، پەلامار دران ، كوژران و برینداربوونی زیاتر لە پەنجای شیوعییەكان). ۸۷

۸۷ ـ بیرۆی سیاسی پارتی شیوعی ئێراق ، نشرة داخلیة ، جریمة بشعة ضد حزبنا فی ۸ - ۵- ۱۹۸۳ م. ص/۱.

٢٨١ - ٣١- ٧- ١٩٨٣ ز. کارەساتي ئەنفالکردنی بارزانییەکان ، بە جینۆسایدکردنی هەشت هەزار ، لە لاوە کوردە ، کانی هۆزی بارزانی ، لە لایەن ڕژێمی سەدامی ئێراقەوە ، لەم کاتەشدا. سیان لە کوڕانی بارزانی عوبەیدوڵا ، لوقمان ، سابیر ، لای دەوڵەت بوون!
٢٨٢ ـ ١٥- ٨- ١٩٨٣ز. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕان لە تووژەڵە ، لەلایەن کوردەکانی ئێراقەوە، بە سەرۆکایەتی، مام جەلال دامەزرێنرا.
٢٨٣ ـ ١٥- ٨- ١٩٨٤ز. شۆڕشی چەکداریی پارتیزانیی ، لە لایەن کوردەکانی تورکیاوە ، بە ڕابەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان هەڵگیرسێنرا.
٢٨٤ ـ ٩- ٧- ١٩٨٥ز. فڕۆکەکانی ئێراق ، ئۆردوگای کوردە پەنابەرە ئێراقییەکانی لە زێویەی ئێران بۆردومانکرد. زیاتر لە ٤٠٠ کوژراو وبریندار بوون. ١٩٨٧/ ٥/١٣ ڕاپەڕینی شارەکانی هەڵەبجە و خورماڵ و سەیسایەق ، وە شەهیدبوونی چەندان لێیان.

٢٨٥ ـ ٢٢ - ٢- ١٩٨٨ بۆ ٦ - ٩- ١٩٨٨ ز. ئەنفالی کوردستانی ئێراق ، لە لایەن ڕژێمی سەدامەوە ، تەفروتوناکردنی نەتەوەی کورد ، بە جێگا و کانیی و سامان و مزگەوت و قورئانەوە. سەرخواردنی ١٨٢ هەزارکەس ،. شاردنەوەیان لە ٣٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دا، لە بیابانەکانی خواروی ئێراق دا. !. ژمارەی شار و گوندی وێرانکراوی کوردستان ، لە پێنج پارێزگادا :
لە دهۆك : ٥٠ دانە. هەولێر: ٢١٩. سلێمانی: ٣٢٠. کەرکوک + دیالە : ١٢٢. بۆ یادیی ئەو جینۆسایدە : ١٤ / ٤ / ، لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە ، بە ڕۆژی ئەنفال دیاریکرا.
٢٨٦ ـ ١٥- ٣- ١٩٨٨ز. لەشکری ئێران بە یارمەتی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێراق ، وە سەرکردەی لەشکری ئێراقی ، لە خشتەبراو ، یا هەوادار بە ئێران ، هەڵەبجە، هەورامان ، زەڵم ، وە تا پردەکەی سەر ڕوباری زەڵمی داگیرکرد.
٢٨٧ - ١٦- ٣ - ١٩٨٨ز. شاری هەڵەبجە ، لە لایەن ڕژێمی سەدام حسەینەوە ، بە گازی ژەهراوی بۆردوومان کرا . شەهیدبوونی پێنج هەزار ، برینداربوونی زیاترلەوە و ڕەوکردنی ٧٠ هەزاری خەڵکی شاری بەرەو ئێران ، لێکەوتەوە. لە ١٩٩٠ز. دا ئەوەی لە شارەکە بە پێوەمابوو ، بە تی، ئین ، تی، تەقاندییەوە. ٢٠٠٦ ز. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەم ڕۆژەیان بەڕۆژی شەهید ، ناوی شاریش بە هەڵەبجەی شەهید ناو ، نا. شایەنی باسە: ٣٠ پسپۆڕی گازی ژەهراوی ڕوسی ، لە کارگەکانی ئێراقدا کاریانکردووە ، ناوەکانیشیان لەم سەرچاوەدا هەیە.( ڕێبازی نوێ ، ژمارە ٣+٤ چاپکراوی: ی. ن. ك. ل: ٦ ) . لە پێش ئێرەشەوە ، ناوچەی بادینان ، دۆڵی جافەتی ، سێوسێنانی قەراخ ، بالیسان کرابوون . هەڵەبجە پشکە زۆرەکەی بەرکەوت ، بوو بە قوربانیی کورد ، تاوانە جینۆسایدە ، کیپکراوەکانی ، سەدامی ، قاودا. بوو بە ناسنامەی ،( هەڵەبجشیمای کورد).
٢٨٨- / ١٧/ ٩/ ١٩٨٨ز. ئازاد هەورامی ، کوڕی غەفار کوڕی جافرسانی هەورامان ، ل: ١٤٨ ، ئەندامی سەرکردایەتی ی. ن. ك. لە ئەنجامی بۆردمانی فڕۆکەکانی ئێراقدا،

شەهیدبوو. ناوبراو لە ٣١ - ١٢- ١٩٥٤ز. دا لە کەرکوك هاتوەتە دنیا.
٢٨٩ _ ١٩٨٨ز. پ. د. ك. ئێران، شەقیتێبوو ، ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕ جیابووەوە.
٢٩٠ _ ١٩٨٩ز. ئێراق شاری قەڵادزێی ،٧٠ هەزارکەسیی وێرانکرد. وە خەڵکەکەی بارکرد. وە لە شار ی سلێمانیدا ،٤٤ کەسی ژێر تەمەنی١٨ساڵی لە سێدارەدان.
٢٩١ _ ٢- ١٩٨٩ز. ئیمام خومەینی خەڵاتێکی دوو ملیۆن دۆلاری بڕیاردا ، بۆ هەر کەسێك کە سەلمان ڕوشدی لەناوبەرێت. نووسەری کتێبی ئایاتە شەیتانییەکان ، کە تێیداسووکی بە ئیسلام کردووە.
٢٩٢ - ٧/١٣ / ١٩٨٩ز. تێرۆرکردنی د. عەبدوڕەحمان قاسملۆ لە ڤییەنای نەمسا ، بە داوی ئێران لە ژێرناوی وتووێژی ئاشتی دا. ١٩٨٩ز. ئیمام خومەینی کۆچی دوایی کرد، ڕەفتسنجانی بووە سەرۆك کۆمار.
٢٩٣ - ١٠- ٧ - ١٩٩٠ز. سەنگتاش: حسەین ئیمامی ، کە ئێران سەلیمی پێوەلکاندووە ، کردییە ئێرانی ، کوردی ئێراقو ئاوارەبووی دەستی شەڕی ئێراق و ئێرانە ، خەڵکی گوندی سنووریی لاوەرانی لێواری سیروانی ڕۆژئاوای هەڵەبجەیە ، یەك دەستە خانووی لە ناوی ، شاخی بانەمەڕی خواروی ، ڕۆژئاوای شاری پاوەدا ، بە ٧ ساڵ هەڵکۆڵی. زیاتر ل:٣٨٣.
٢٩٤ - ٢- ٨ - ١٩٩٠ز. ئێراق وڵاتی کوەیتی داگیرکرد ، وە تا ٢٨ – ٢ - ١٩٩١ ز. ٣٨ موشەکی نا بە ئیسرائیلەوە ، واش بەرگوێ دەکەوت ، ئەو موشەکانە پووچەڵکراوەبوون ، بە پێی ئەم سەرچاوەیە. ٨٨ : (مۆسادی جوولەکە زانیویەتی ، یا زووتریپێی وتراوە ، بێ زیان دەبن ، وە کەی ساروخەکانیشی پێوەدەنرێت . هەینی ، ١٨ / ٨ / ٩١ کات: ٢ ی شەو بە کاتی ئەوێ ، خەڵك لە ژورەوە بێت ، تا هیچ زیانی نەبێت ؟! ).
٢٩٥ - ٦- ٨ – ١٩٩٠ - ٢٠- ٥- ١٩٩٦ز. نەتەوەیەکگرتووەکان گەمارۆی سەربازی و ئابوری، بە سەر ئێراقدا سەپاند. ٥ /٤ / ٩١ یاسای ٦٨٨ ی بۆ پاراستنی کوردەکانی ڕاگەیاند. لە هێڵی پانی جوگرافی ٣٦ تا سنوری تورکیای بە ناوچەی دژە فڕینی دیاریکرد . بۆ زانیاری: هێڵی ناوبراو ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا: بەسەر دەریاچەی بەنداوی دوکان و ، خواروی شاری هەولێردا ، تێدەپەڕێت.
٢٩٦ - ١٧ – ١- ١٩٩١ز. هاوپەیمانەکان ، کە لەشکری زیاتر لە ١٥وڵات بوون ، لەوانە: ئەمریکا ، بەریتانیا ، فەرەنسە ، میسر، سوریە ،وڵاتانی کەنداو... پەلاماری سەربازیان دژی ئێراق راگەیان. کە پێنج مانگ لەوەو پێش کوەیتی داگیرکردبوو. لە ٢٨- ٢ - ١٩٩١ز. دا شکاو ناچاریان کرد کە بکشێتەوە.
٢٩٧ - ٣- ٤- ١٩٩١ز. نەتەوەیەکگرتوەکان یاسای ژمارە ٦٨٧یان ، بەسەر ئێراقدا سەپان. کە بریتی بووە لە ، لەناوبردنی هەموو چەکە کیمیاوی و بایەلۆژی و دوورهاوێژەکان.
٢٩٨ - ١- ١٩٩٢ز. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ك. ئێراق و یەکێتی شۆڕشگێڕان ، لە کۆنگرەی ١/ ی یەکێتی نیشتیمانی دا یەکیانگرت.
٢٩٩ - ١٩- ٥ - ١٩٩٢ز. یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد ، لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا، دەنگ هینانەکان: پ. د. ك. : ٥١ % ، ی. ن. ك. و زەحمەتکێشان: ٤٩ % . ئیسلامی: ٥ %

88 - Wolfgang Eggert , Erst Mannhattan Dann Berlin,20 p.35
ISBN 3 – 935845 -09- X

شیوعی: ٢ %... لە هەمان ڕۆژدا ، هەروەها خەڵکی هەرێم لە یەکەم ڕێفرەندوومی دا، دەنگی دا بۆ بە دەوڵەت بوون ، وە دەنگەکان لە سەروی نەوەدەوە بوون.
٣٠٠ - ٢٧- ٨- ١٩٩٢ز. پارتییەکانی: پاسۆک ، حسك ، گەل ، خۆیان هەڵوەشاندەوە لە پارتی: یەکگرتنی کوردستاندا ، بوونەیەك،لەهەمان ساڵدا ئەمانیش خۆیان هەڵوەشاندەوە ، تێکەڵی پ. د. ك. بوون.
٣٠١ - ١٧- ٩- ١٩٩٢ز. سادق شەرەفکەندی ، سکرتێری پ. د.ك. ی ئێران ، لەگەڵ ٣ هاوڕێیدا ،لە چێشتخانەیەکی ، خاوەن یۆنانی دا ، بە ناوی میکۆنوس ، کە ناوی دوورگەیەکی یۆنانییە ، لە ئاڵمان لە شاری بەرلین تیرۆرکران. بکوژەکان: ئێرانییەك بەناوی کازم دەڕابی و ٣ لوبنانی بوون ، لە ٢٣- ٨-١٩٩٦ز. دا لە دادگادا ، ئەبولحەسەن بەنی سەدر، سەرۆکی پێشوی ئێران ، ڕایگەیاند: " لێپرسراوانی بەرزی ڕژێمی ئێران ، لەو کوشتنەدا بە ئاگابوون" .
٣٠٢ - ٦- ١٠- ١٩٩٣ز. ئەڵمانیا پارتی پێکاکای، کوردەکانی تورکیای ، قەدەغەکرد.
٣٠٣ - ٣- ٥ - ١٩٩٤ز. شەڕی براکوژی سێیەم ، شاری هەولێری لەلایەن چەکدارانی پارتی ی. ن. ك. داگیرکرا ، وەدەرخستنی پ. د. ك. لێی. بۆ زانین: * لە ١٩- ٥ - ١٩٩٢ز. یەوە ، پەرلەمانێکی هەڵبژێراوی دیموکراتی، فرە پارتی لەم پایتەختەدا ، بۆ یەکەمین جار، فەرمانڕەوایی دەکرد.* ١- ٣ - ١٩٩٤ز. درێژبوونەوەی شەڕی ب/٢ ، لەنێوان دوو پارتییە ناوبراوەکەدا ، بەردەوامی بووە.* ٣١- ٨- ١٩٩٦ز. پ. د. ك. بە هاوکاری رژێمی ئێراق، شاری هەولێریان لە: ی . ن. ك. سەندەوە.* ٩ - ٩ - ١٩٩٦ز. پ .د. ك. تا ناو شاری سلێمانیان لە ی. ن. ك. داگیرکرد. دووەم بەرەو سنووری ئێران کشان.* ١٢ - ١٠ - ١٩٩٦ز. ی. ن. ك. بە هاوکاری ڕژێمی ئێران ، هاتنەوە ، شوێنە لێ داگیرکراوەکانی بێجگە هەولێر و ڕەواندز. ئەو شەڕانە بووەهۆی دابەشکردنی هەرێمی کوردستانی ئێراق ، بە ٣ ناوچەی جوگرافی سەربازییەوە:
١ ـ ناوچەی پ. د. ك. : لە سەرەوە بۆ خوارەوە : سنوری تورکیا تا هەولێر و دێگەڵەی سەروی کۆیە ، جا گەڕانەوە ، بەرەو رۆژهەڵات ، بە جادەی هامیلتۆندا ، تا سنوری ئێران.
٢- ناوچەی ی. ن. ك. : لە سەرەوە: سنوری خواروی پ. د. ك. ی ناوبراوی خاڵی پێشو. لە خوارەوە، وە لە رۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات: دەربەنیخان ، سەیسایەق ، پێنجوێن.
٣ ـ ئیسلامییەکان( بزوتنەوە ، کۆمەڵ ، یەکگرتوو) لە سەرەوە: وە تا پەیمانی ئاشتی یەکەم لە : ١٧- ٩- ١٩٩٨ز. واشنتۆن لە نێوان: خاتون ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ، لە گەڵ مەسعود بارزانی و مام جەلال دا. وە پەیمان/٢ ی ئاشتی واشنتۆن : ٢٨- ٦- ٢٠٠٠ز. شەڕ کەم و زۆر هەبووە.
٢٩٣- ٨ - ١٩٩٥ز. یەکەم بیری نەوتی، کوردیی لە شیواشۆکی، نزیك تەقتەق، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ی. ن. ك. وە هەڵکەنرا. ٤- ١٠- ١٩٢٧ ز. بەریتانیا یەکەم بیری نەوتی لە کەرکوک دەرهێنا.
٣٠٤- ٢٥- ١- ١٩٩٧ ز. دەوڵەتێکی کوردیی هەرێمیی تر،هاوشێوەی هەولێر، لە شاری سلێمانی لە لایەن ی. ن. ك. دامەزرێنرا.
٣٠٥ ـ ١٩٩٥ز. کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردیی ، لە لایەن پارتی پێکاکای

کوردەکانی تورکیاوە ، بۆ یەکەمین جار، کەوتە پەخشکردنەوە.۱/۱۷ /۲۰۰۱ز. هەروەها بەرنامەیەك بە زمانی کوردی هەورامی ، هەر دوو هەفتە جارێك. بە ناوی هانە ڕەنگینە وە بۆ یەکەم جار پەخشکرایەوە.
۳۰٦ - ۱۲- ۱۹۹۵ز. پارتی ڕەفاهی ئیسلامی ، لە تورکیا ، بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان سەریهەڵدا. لە ۱۹۲۳ز. یەوە یەکەم جارە ڕێگابدرێت ، بە بزوتنەوەی پارتییەکی ئیسلامی ، لە ۷-۷ - ۱۹٦٦ ز. بووە سەرۆك شالیار، لە ۱۹۹۷ز. لەسەرکار لابرایەوە و سیاسەتیان لێ قەدەغەکرد.
۳۰۷ - ٥- ۲- ۱۹۹٦ ز. نەبی قادری ، بەرپرسی دەرەوەی ڕابەرایتی شۆڕشگێڕی جیابووەوە لە پ .د. ك. ئێران ، لە دانیمارك مرد.
۳۰۸ - ۲- ۱۹۹٦ز. دوو برا ئەفسەرە ، پلە بەرزەکەی ئێراق ، حسێن کامل و سەدام کامل ی کە یەکەمیان زاوای سەدامی سەرۆك کۆمارە ،بۆ وڵاتی ئەردەن ڕایانکرد. لە مانگی ٤/ دا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەڕانەوە بەغدا ، لە پاش چەند ڕۆژ لەلایەن ڕژێمەوە کوژران!.
۳۰۹ - ٥ - ۱۹۹٦ _ ۱۹۹۹ز. ڕوودانی شەڕی ناوبەناو ، لە نێوان چەکدارانی دوو پارتی کوردیدا پ. د. ك. ئێراق و پێکاکای کوردەکانی تورکیادا، لە ناو ك. ئێراقدا، دووەم بنکە کانیان لەوێدابووە. شەڕی/۳ یەمی براکوژی. ل ۷۱ / ۲٤۸.
۳۱۰ - ۱۰- ۱۲- ۱۹۹٦ز. بڕیاری سەپێنراوی: نەوت بە خۆراك ، کە یوئێن بەسەر ئێراقدا دانابوو ، ئەو سزا ئابورییەی درابوو بەسەریدا ، سوککرا ، بۆ ئەوە بتوانێ ، هەر ٦ مانگ جارێك بایی ۲ هەزار ملیۆن دۆلار نەوت بفرۆشێت ، وە پارەکەی بدرێت ، بە خۆراکو بەخۆڕایی بە خەڵکی ئێراق بدرێت.
۳۱۱ – ۳۰ - ۱- ۱۹۹۷ز. شێخ محەممەدعوسمانی نەقشبەندی ، لە خانەقاکەی ئەستەمبووڵی ، لە تەمەنی ۱۰٥ ساڵیدا ، کۆچی دوایی کرد. لەهەمان کاتدا لە شاری سنە ، شێخ مەولانای برای لە تەمەنی ۱۰٤ساڵیدا کۆچیکرد. شایەنی باسە : ئەو خانەقای شێخە لە ئەستانە ، لە ساڵەکانی نەوەد و هەشتاکاندا ، ببووە پەناگای سەدان ، کوردی بێدەرەتانی ڕەوکەر، بەرەو ئەوروپا. لە بەشی دینیدا بە درێژی باسیانکراوە.
۳۱۲ _ ۲- ۱۹۹۷ز. پ. د. ك. ی ئێران و باڵی جیابووەوە لێی ، کە ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕ بوو، یەکیانگرتەوە. لە ۲۲- ۱۲- ۱۹۹۷ز. دا کۆنگرەی /۱۱ هەمینی بەست.
۳۱۳- ۱٤- ٥- ۱۹۹۷سیی هەزار سەربازی تورکی،وە بۆ پێنجەمین جار،هاتە ناو کوردستانی ئێراقەوە.بە ناوی لێدانی بنکەکانی چەکدارانی پێکاکاوە،ناوچەی ژێردەسەلاتی پ.د.ك.
۳۱٤ _ ۱٦- ۱۰- ۱۹۹۷ز. سەرژمێری ۸ ـەمی وڵاتی ئێراق ، لە لایەن ڕژێمی سەدام حسەینەوە ، بێ کوردەکان ، واتە بێ ناوچەی ، هەرێمی کوردستانی ئێراق ، کرا.
۳۱٥ _ ۱- ۹- ۱۹۹۸ز. پێکاکا بۆ سێیەمین جار، جاڕی شەڕوەستانی ، لەگەڵ تورکیا ڕاگەیاند ، بە ئومێدی بە ئاشتی چارەسەرکردنی ، کێشەی کورد، زووتر لە۱۲- ۱۹۹٥و ۳ /۱/ ۹۹٦ شدا، ڕاگەیەنرابوو.

۳۱٦ - ۲۰- ۹- ۱۹۹۸ز. ئەکادیمیای کوردی بۆ کولتور و هونەر، لە شاری بەرلین، یەکەمین

فیستیڤالی شانۆی کوردی ، لە هەندەران بە ئەنجام گەیاندرا. ٨٩
٣١٧ _ ٩- ١٠- ١٩٩٨ ز. ( عەبدوڵا ئۆجەلان) : لە باکوری کوردستان ، لە ١٩٤٩ز. لە گوندی هالفێنی پارێزگای ئورفەی ك. تورکیا، هاتوەتە دنیا ، لە دانشگای ئەنقەرە خوێندوویەتی ، لەوێ بزووتنەوەیەکی چەپی نهێنی ، لە کورد و تورك لە ١٩٧٣ز. دا ، دامەزراندووە.
٢٧ /١١ / ١٩٧٨ز. لە گوندی فیشی پارێزگای دیاربەکر ، جاڕی دامەزراندنی ، پارتی پێکاکای دا. ١٥ /١١/ ١٩٨٤ بڵێسەی شۆڕش بە داگیرکردنی ئروهـ و شەمدین ،هەڵگیرسا.٣/٢١ /١٩٨٥ز. لەشکری گەلی کوردستان ، ئەرنەکەی ، دامەزراند. لە ١٠/ ١٩٩٨ دا ، ڕایگەیان هێرشێکی سەربازی سێ قۆڵی ئەمریکی ، ئیسرائیلی ، تورکی ، بۆ سەر سوریە و ئەو ، لە ئارادایە.
١١/١٠ / ٩٨ لە سوریە دەرکرا ، ڕۆشتە ڕوسیا. لە ١١/١٢ / لە ئیتالیا دابەزی ، وەك پەناخواز خۆی ، بە ناسان ، دا ، بە ئومێدی چارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆسی کورد . بە سەدان کورد لە ئەوروپاوە ، ڕوویانکردە ڕۆمای پایتەخت ، بۆ لایەنگیری لێی. بەڵام بە پەناخوازیش وەرنەگێرا ! نێردرا بۆ باڵوێزخانەی یۆنان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا. چونکی لەوێ داوەکەیان بۆ نابوویەوە ، لە ١٥- ٢- ١٩٩٩ز . لە کاتێک دا ، لە باڵوێزخانەوە ، بە ئۆتۆمبیل ، بەرەو فڕۆکەخانە بەرێوەبوو ، یا دەیانبرد ، ڕفێنراو بە فڕۆکە بۆ تورکیا برا. لە دوورگەی ئیمرالی ، کەبەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەڕمەڕەی ، خوارووی شاری ئەستەنبوڵە ، بەندکرا.
لە ئەنجامی ئەوکارەدا ، لایەنگیرانی ئۆجەلان ، لە بەرلین لە ٢/١٧ /١٩٩٩ز. دا، سێ کوڕ و کیژێکی کوردی تورکیا ، لە پەلامارداني باڵویزخانەی جوولەکەدا ، تەقەیان لێکراو شەهیدکران. شەو کۆنسولخانەی یۆنان داگیرکرا و ، کەلوپەلەکانی ناوی ، فڕێدرایە سەر شەقام ، لای ئەوان بۆ خستنەداوی سەرۆکەکەیان ، جوولەکە و ئەمریکا ، لەگەڵ کەسێکی ناو باڵوێزخانەی یۆنانی لەخشتەبراو ، لە نایرۆبی ، بە ، پەیوەنددار دەزانی. لە ٦ /١٩٩٩ز. دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی دا ، بە سەریا. بەڵام جێبەجێکردنی دواخرا. ١ /٨ / ١٩٩٩ز. لە ڕۆژی ئاشتی جیهانیدا، بۆ دەرخستنی نیەتی ئاشتییەتی ئۆجەلان ، لە بەندیخانەوە ،ئاگربەسی ڕاگەیان ، لەگەڵ چۆڵکردنی خاکی تورکیا ، لەلایەن پێشمەرگەکانی پێکاکاوە ، هەر بەداوای ئەم: دوو پۆل پێشمەرگەی ٨ کەسی لە ١ /١٠ /١٩٩٩ز. خۆیان دایەوە بەدەست تورکیاوە. بە هەزاران لە کوردانی تاراوگە ، ڕژانە سەر شەقامەکانی ڕۆمای ئیتالیا !.

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پارتییە ، بە بۆچونم لەم هەندەرانەوە ، کە سیی ساڵە تێیدادەژیم. تابەرواری گرتنەکە ١٦-٢- ١٩٩٩ز. : پارتییەکی دڵسۆزی ، کورد پەروەری، کوردستانی بیرکەرەوەی ، دەستپاکی ، بە توانای ، وە نەك هەر بووژێنەرەوەی کوردانی خەفەکراو ی تورکیا بووە ، لە توانەوەی ، پاراستن . شۆڕشێکی گەلیی درێژخایەنی ١٥

٨٩ ـ مێژووی کوردستان . س. ئە. ژ. ٩ ل :٦ – ٧.

ساڵییان بەرپاکرد ، کە نەتەوەکەیان لە ناو کوردستان و هەندەرانیش بەرگی ، باوەشیان تێگرتبوو ! ئۆجەلان ، لە ئەوروپا بە سەلاحەدینی دووەم ، ناودەبرا ، هەر بۆیە داوێکی جیهانیان بۆ تەنی ، بۆ گرتنی.
پاش گرتنی سەرۆکەکە ، شۆڕشەکەیان وەك شۆڕشەکانی ك. ئێران و ئێراق نسکۆی نەهێنا !_هەرچەند ناحەزان شەقیان ، خستبێتە ناوئەم پارتیەوە ، بەڵام شۆڕش نەوەسێندراو . تا نووسینەوەی ئەم چاپی پێنجەمەش ٨ / ٢٠١٩ز. شۆڕشەکەیان هەر بەردەوامە! لە دوای گەشتنی بە ئیتالیا ، بە هەزار کوردانی تاراوگە بۆ لایەنگیری لێی ، گەشتنە سەر شەقامەکانی ڕۆما !.
٣١٨ – ١٧- ٨- ١٩٩٩ز. بوومەلەرزەیەك خواروی ڕۆژهەڵاتی ، ئەستەنبولی هەژاند، بووەهۆی: مردنی ٢٠ هەزار ، برینداربوونی ١١ هەزار ، لە ١٣- ١١ دا، دووبارە: مردنی ٤٠٠ ، برینداربوونی ٧٠٠. بوومەلەرزەکانی تری ، ك. تورکیا: ٢٦- ١٢- ١٩٣١ز. ئەرزنجان . ١٩- ٨- ١٩٦٦ز. فاتۆ و مووش. ٢٤- ١١ - ١٩٧٦ ز. فانکۆمن. ٣٠ - ١٠ - ١٩٨٣ئەرزنجان. ١٢- ٣- ١٩٩٢ز. هەر ئەرزنجان. لە ١٩٣١ز : ٤٠٨٢٠ مردوون.
٣١٩ _ ٧- ٢٠٠١ ز. پاش ڕووخانی دەوڵەتی تالیبان ، لەئەفگانستان لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە ، تاقمێکی چەکداری عەرەب و ئەفغانی ، بۆ ناوچەی هەورامانی هەرێمی ک. ئێراق ، لە لایەن ئێرانەوە هێنران. ناوی خۆیان نابوو: جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام لە تەوێڵەوە تا خورماڵیان داگیرکرد ، لە ٢٣- ٩- ٢٠٠١ز. دا،٤٠ پێشمەرگەی ی. ن. ک. شەهیدکرد. هەرلەم کاتەدا ئەمریکا بۆردمانی کردن ، زۆریان تیاچوون و ناوچەکەیان چۆڵکردەوە.
ئەمانە ، ئێسقانی ڕزیوی ، گۆڕە کۆنەی شێخانی هەورامانیان ، لە تەوێڵە و بیارە ، دەرهێناو بردنیان بۆ شوێنێکی نادیار. لە ١٢- ٣ - ٢٠٠٣ ز. هێنانەوەی ئێسکو پروسکی مردووەکان ، لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بۆ جێگای خۆیان.
٣٢٠ – ٢٠٠٣ ز. تا ئەمساڵە ، تورکیا: ٣٤٢٨ گوندی کوردستانی وێرانکردووەو دوو ملیۆن و نیو دانیشتوانی ، بۆ ناوەوەی وڵاتەکە دوورخستونەتەوە.
٣٢١ - ٩- ٤- ٢٠٠٣ _ ١٧- ٧ - ١٩٦٨ز. ڕووخانی رژێمی ئێراق ، لەلایەن هاوپەیمانانەوە ، بە ٢١ رۆژ !. ( شەڕی کەنداوی سێهەم) ، کۆتایی سەردەمی پارتی بەعسی ع. ئـ . سەدام حسەین. دەرکەوتنی ٣٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵی هاوڵاتیانی کورد ، لەناو بیابانەکی ئێراقدا. لە ٣٠ / ١٢ / ٢٠٠٦ ز. دا لە سێدارە درا.
٣٢٢ - ١ - ٦ - ٢٠٠٣ ز. ئاڵای کوردستانی ئێراق بۆ یەکەمین جار، لەسەر پەرلەمان و فەرمانگاکانی هەرێم هەڵکرا.
٣٢٣ – ٢٠٠٤ دامەزراندنی پارتی پژاک وە هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی ئێران ،
٣٢٤ - ٢- ٧- ٢٠٠٩ز. تونێلی پێشڕەو ، لە ژێرشاخی گۆیژەی ، ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، کە٣٨٩ مەتر درێژە ، وە ١٨ ملیۆن دۆلاری تێچووە ، تەواوبوو. پاش ئەوەی دەربەندیخان ،دووهەمە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی زاخۆ دەبێتە سێهەم.
٣٢٥ - ٢٥- ٧- ٢٠٠٩ ز. بزووتنەوەی گۆڕان ، بۆ یەکەمین جار ، لە هەڵبژاردنی هـ. کوردستاندا ، دەرکەوت وە لە ٢٠% ی دەنگەکانی هێنا. لە سەرکردەکانی: نەوشیرەوان –

مستەفا.
٣٢٦ - ٢٩- ١١- ٢٠١٠ ز. دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ، (سەردەمی مالیکی) ، کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانی دەستی ڕژێمی سەدام ، لە ١- ٦- ١٩٧٢ز. دا ، بە جینۆساید ناسان. دوو بەرپرسی لە سێدارەدا ، چەندانیش بەندکران. ئەمە٣ یەم بە جینۆساید، ناساندنە ،کە دادگا دەریکردووە ، لەوانەی بەسەر کوردا هێنراون ، دوای ئەنفال و هەڵەبجە.
٣٢٧ – ٢٤ / ٥ / ٢٠١٢. ئێسك و پروسكی ٧٣٠ كەسی كوردی ئەنفالكراوی ساڵی ١٩٨٨ز. دەستی ڕژێمی سەدام ، لە بیابانی مەهاری لای دیوانیە ، لە خواروی ئێراق ، هێنرانەوە کوردستان ، لای مۆنۆمێنتی ئەنفال ، لە چەمچەماڵ نێژران. ٣٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵی خەڵکی ئێراق هەن. تا ٢٠١٢/٥ز. تەنها ٥٣ یان دەرهێنراون.
٣٢٨ – موجاهیدینی خەڵکی ئێران ، کە لە ١٩٨٦ز. یەوە رژێمی سەدامی ئێراق ، لە کەمپی ئەشرەفی پارێزگای دیالەی هاوسنور لەگەڵ ئێران دا ، جێگیری کردبوون. لە ٣ / ٢٠١٢ز. وە لە سەردەمی مالکی دا ، لەوێ دەریانکردن ، بردنیان بۆ کەمپێکی نوێ ، نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا. لەوێش ئاویان کردە ژێریان. لەوەدەچێت بەرەو وڵاتانی تریان بنێرن. شایەنی باسە ئەم تاقمە کەبە شۆڕشگێڕ خۆیان نێشان دەدا ، بەتەما بوون ئێران ڕزگاربکەن ، لە دەست ڕژێمی ئیسلامی فەرمانڕەوا ، لە ١٩٨٨ز. دا بوونە داردەستی سەدام ، بەشداریان لە جینۆسایدی کوردی کوردستانی ئێراق دا ، کرد!.
٣٢٩ – ٦/ ٢ / ٢٠١٣ کەناڵی کوردستان تیڤی ئاسمانی ، بڵاویکردەوە: لە ٤٠٠٠ دێی وێرانکراوی هەرێمی کوردستانی دەستی ڕژێمی سەدام ، ٣٦٠٠ یان ،ئاوەدان کراونەتەوە.
٣٢٠ - ١٠ – ٢٠١٣ کوردەکانی تورکیا ، پارتی هەدەپەیان دامەزراند.
٣٣٠ – ٣ – ٨ – ٢٠١٤ جینۆسایدی کوردە یەزیدییەکان ، بۆ ٧٤ هەمین جار. لە ناوچەی شەنگالەوە بۆ شێخ شەرەفەدین و سنوری سورییە. ٦٩٣٦ کەسیان کرانە قوربانی، کە بەم شێوەیە بوون: ١٥٤٣ کوژراو. ١٩٤٧ ڕفێندراو ، زۆیان مێیینە بوون ، کرانە کۆیلەی سێکسی! بازرگانیان پێوە کردوون. تا ٤ / ٢٠١٩ز. ٣٤٤٦ کەسیان ، ئازاد کرانەوە . کە زۆریان بە پارە لێیان ، یا دووای چەنددەستکردن ، کڕاونەتەوە. یانی هێشتا ١٩٤٧ کەسیان بێ سەروشوێنن.
جینۆسایدەکە لە لایەن کۆمەڵەیەکی چەکداری تازە دروستبووی ناو سورییەوە بوو، کە لە سەرەتای / ٢٠١٤ ز. دا. لە پڕێکدا هەڵتۆقێنران . جێی تێڕامان بوو ، بە سەدانی لە ئەوروپاوە هاتوو ، دەچونە ئەستەموولو ، لەوێوە دەبران و دەکران بە ناو سورییەداو ، دەگەیەندرانە ناویان !.
ئەوانە خۆیان ناونابوو حکومەتی ئیسلامی لە سورییە و ئێراق = کورتەکەی : داعش. بەشی سەروی سورییەی تا شاری ڕەقەی سەر فورات ، بێجگە قامیشلی و ڕۆژئاواکەی ، کە سەر دەریای وڵاتەکەیە ، بە ئاسانی داگیریانکرد!. بە وەختێکی کەم گەشتنە ، فەلوجە و ئەبوغرێبی پاڵ بەغداش ! . بەڵام بەرەو هەرێمی کوردستان ڕوویان چەرخان !! .
لە ١٠ / ٦ / ٢٠١٤ شدا ، موسڵیان داگیرکرد. لە هەرێمیش ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە تا: باشیک ، گوێر ، ڕۆژئاوای: مەخمور و کەرکوکیان داگیرکرد ، تا سەرەتای ٢٠١٩ز.

بە یارمەتی هاوپەیمانان ، بەشی زۆری خاکی داگیرکراویان ، لێ سەندنەوە.

### ئـ / جینۆسایدی یەزیدیەکان . [90]

ئێمەش وەک داعش ؛ خۆ ، خوامان هەبوو ؟
( ئەحسەنی تەقویم ) ؟ بۆ ئێمەش نەبوو ؟! (سورەتی ئەتین)
کە خوا مرۆڤی ؛ بە ، خەلیفە کرد ؟
بۆ تەنها ناوی ، ئەعرابي نەبرد ؟!
بە سوورەی زوخروف ، یوسوف ، تەوبەدا ؟ [91]
بەو چەندە ساڵەی ؛ بوون ، لە ناو کەعبەدا ؟
خوا باسی ئێوەی ، بۆ گشت هێناوە
لە پلەی : ( ئەششەدوو ، کوفرەن ) داینــاوە !
جینۆساید و ؛ ڕەو گاز و ، ئەنفال
هەڵەبجەی شەهید ، یەزیدی شەنگال
ئەمانە هیچیان ، کوردیان نەوەستان !
دەستی کوردانی ؛ خستە ناو ، مستان
( دۆسی) ، یان دۆستی ؛ زیادکرد بۆ کوردان
هاکا جاڕدرا ، دەولەت کوردستان.

### ب / شەنگاڵ نەخۆشە. [92]

شەنگاڵ نەخۆشە ، وەسیەت پێویستە
قەولی پیاوی کورد ، بەڵگە نەویستە
شەنگاڵ بگوێزنۆ ، بۆ شاخی شەنگاڵ
تا بەرگری کەن ؛ یەک چارەکە ، ساڵ
تەلەعفەر موسڵ ، لەلای ڕاستەوەن
ئەو ، جێگەی چەپە ؛ هەڵەیە ، بۆ ماڵ
تەنها لە سەرۆ ؛ لەگەڵ هەرێم ، دان
ئەوێیان گیرا ؟ دەبێت بگرن ، باڵ
جێگەیان تەختە ؛ دوژمن خوا ، نەناس
ژنی خەڵک بۆ خۆت ؟ چۆن دەکەی حەڵاڵ ؟!
یانی گرتنەوەی ، دیسان ئاسانە

---

٩٠ - هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ/ ١٨ ، ل ، ١٠١ . لە بەرواری ٨ / ٨ / ٢٠١٤ دەدا ، لە ماڵپەڕی فەیسبووکم دا ، بڵاوبووەتەوە. بۆ زیاتر ، لە هەمان سەرچاوە. لاپەڕەکانی : ١٣٤ ، ١٤١...
٩١- سەیری واتای ئەو ئایەتانە بکە ، تا بزانی خوا ئەعرابی ، پێش ١٤٠٠ ساڵ چۆن ناساندووە بە مرۆڤی سەر زەوی ؟!. ژمارە ئایەتەکانی ئەو سێ سورەتە بە پێی ڕیزیان : ٢ ، ٢ ، وە ٩٧ ن.وە لەم کتێبەدا ل ١٤. ٩٢- هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ/ ١٨ ، ل ، ١٠٢ . لە بەرواری ٢٠ / ١٠ / ٢٠١٤ ز. لە ماڵپەڕی فەیسبووکم دا ، بڵاوبووەتەوە.

ئێزدی ڕۆستەم بن ؟ داعش دەبێت زاڵ
بۆیان لە خۆیان ؛ هێزێک ، پێکبێنن
ئەگەر قووچانیان ؟ لێیان دەکەین گاڵ
لە سێکەی هەشتی ، ساڵی چواردەدا
دوو هەزار دزران ، ژن و کوڕ و کاڵ
ژیانێ ئارام ، لە جێی باوان دا
تێیاندان هەروەک ؛ کەمە ، ستیار و داڵ
هەروەختێک عەرەب ، دەسەڵاتی بوو ؟
لە بەرنامەی خووا ؛ خۆی دەکات ، بە ، لاڵ !
ئەم دوعایە کەن : هەر ئاغادار ، بن
هەر ڕاوی یەک کەن ؛ بە داو ، تەپکە و چاڵ
ئەی لە سەدەی شەش ، نەبووین بە ئیسلام ؟
ئیتر بۆ ئەعراب ؛ ژینمان دەکەن تاڵ ؟!
گشت خۆ ساق کەنۆ ، کوردن ؟ یا عەرەب ؟
بە مۆدی خورمژ ؛ ناگووزەرێت ، حاڵ
تا جەرگی کوردان ؟ زیاتر سووێی بێتۆ ؟
جامانە خەنۆ ؛ جێی : چەفتە و ، عەگاڵ
(بەهمەنی) لێرا ، وەسیەتی تەواو
ئەگەر ئاواکەن ؟ دوژمن دەکەن ، ناڵ.

٣٣١ – ٢٥ – ٩ – ٢٠١٧ ز. ڕیفراندوومی دووهەمی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ ئازادیی ، ڕێژەی دەنگدان بە بەڵێ: ٩٧ % بوو. یەکەمیان : لە ١٩ / ٥ / ١٩٩٢ دا بووە. وە زیاد لە نەوەد بووە.
٣٣٢ – ٣ – ١٠ – ٢٠١٧ کۆچی دووایی مام جەلال سکرتێری ی. ن . ک . لە ١٢ / ١١ / ١٩٣٣ز. لە دێی کەلکانی کۆیە هاتوەتە دنیا ، لە ١٩٥٠ وە خەریکی سیاسەت بووە. لە ٨ / ٤ / ٢٠٠٥ تا نەخۆش کەوتنی ، بە پاڵپشتیی پەرلەمانی هەرێم ، سەرەک کۆماری ئێراق بووە. سوڕی ژیانی لە پێشمەرگەییەوە بۆ سەرەک کۆمار ، جێی تێ ڕامانە !. بەرزترین پلەی ویسامی ڕافیدەینی ئێراقی وەرگرتووە.
٣٣٤ – ١٦ – ١٠- ٢٠١٧ ئاشی ئۆکتۆبەر ، لە ئەنجامی ئەو کەینوبەینەی ، سێ کادری ، ی . ن . ک . لە گەڵ ئێران و ئێراقدا بەستبوویان. حوکمەتی هەرێم ، لە تووزخورماتووەوە بە کەرکوکەوە تا پردێیان لە دوو ڕۆژدا ، لێ داگیرکرایەوە. هەروەها پ . د . ک . یش لە شەنگالەوە بۆ سنوری سوریەی چۆڵکرد ، یانی ئەوەی لە شەڕی داعش دا، داگیریکردبووەوە ، لە خاکی هەرێم ، گیرایەوە.
**پاش کارەساتي کەرکوک** ،( ئاشي ئۆکتۆبەر). ٩٣

---

٩٣ – ئەو هۆنراوەیە زۆرترە سەیری : هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ/ ١٨ ، ل ، ١٩٣. وە لە ماڵپەڕی فەیسبووکم دا لە بەرواری ١٨ / ١٠ / ٢٠١٧ز. بڵاوبووەتەوە.

هەر لـە خانـەقـین ، تاوەکـو شـەنـگـاڵ
هەر وەکو کەرکـوک ؛ بـووە ، ئـاش بـەتـاڵ
ئـەمـجـار یـەکـێـتی ؛ ئـاوەکـەی ، ڕژان
پـارتیش پـێی تێخـسـت ؛ گـووی ، هـەردووی پـژان
نـەمردین ئـاشـی ؛ یەکـێـتـیشـمـان ، دیـی
لـە چـوار سـەعـاتـا ، دنـیـا تـێـگـەیـی !
لـە یەکەم ڕۆژا ؛ ئـاڵا ، ڕاکـێـشـرا !
زمـانـی کـوردی ؛ قـەدەغـە ، کـرا !
پـێـشـمـەرگەکانـتـان ، خـسـتـنـە گـریـان
جـەرگـی دڵـسـۆزی ؛ دەکـردە ، بـریـان !
هەزار و شەشـسـەد ؟ شـەهـیـد؟ بـۆ ، درا ؟
چـوونـەوە جـێـی خـۆت ؟ سـەد و چـل ؟ نـرا ؟! ٩٤
نـەدەبـوو ؟ هـەردوو ، ڕەوتـان کـردایـە ؟
دوو بـنـەمـاڵـەی تـر ؛ شـوێـنـی ، گـرتـایـە ؟
( بـەهمـەنـی ) ؟ حـەیـای ؛ کـوردان ، بـرایـە
مـەردیـتـان لـە ئـاسـت ؛ حەفتا و پـێـنـج دایـە !! .

کـۆتـایـی : ی / ١ ، ب / ١ /
یـەکـەی یـەکـەم : **بـەشـي یـەکـەم** ، مـێـژووی نـەتـەوەی کـورد .
لـە ٨ سـەربـاس دا . ل ٩ – ٨٣ ، نـاوەرۆکـەکـەشـي : لـە ل ٩ دا ، یـە .

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

٩٤ – سەدوچل : ژمارەی کەیسی کێشەی حەل نەکراوی ، خاکی هەرێمی کوردستانە ، لە گەڵ ڕژێمی ئێستای ئێراق دا . کە خاکی هەرێمەو ئـەو داگیریکردووە . لە دووای ڕووخانی سەدام ، عەرەبی هێنراو بۆ ئەوێ ، ڕایانکرد ، چۆڵیکردەوە ، وەکو ناوچەی بێ لایەنی لێ هاتبوو.
لە شەڕی داعـش دا ، هێزی پێشمەرگە ، زۆری گرتبووەوە ، لە ئاشی ئۆکتۆبەردا ، دیسانـەوە لێیان بـڕدانەوە . نـرا : نـاشـتـان ؟ مـرانـتان؟.

ی / ۱ ، ب / ۲ :

**یـەکـەی / ۱ ، مـێژوو . بـەشـی/۲: گۆڕان و گۆرانـسـتـان: ۸٤ - ۱۲۷**

گۆرانستان: کامە بووە ؟ کامەی مایە ؟.
گۆرانەکان: ماچۆ ماچۆ ، ئاریانەیە.
زمانیان: یەکەم شیعری کوردانەیە. !
دینیان: زەردەشتی ، یەکەم نامەیە.
بەڵگەنامەیان: تاپۆیە ، بڕوانامەیە.
پیشەیان: کورد دەرخەرە ، ناسنامەیە. !
هونەریان: سەرچاوەی ئاواز خانەیە.
شاعیریان: یەك هەزار ، خاوەن چامەیە.

ی/۱ ، ب/۲ / ۱ـ گلەیی و بە ئاشت. ل ۸۵.
ی/۱ ، ب/۲ / ۲ ـ لێکدانەوەیەکی ڕووبەری کەلتوری و جوگرافی.ل ۸۷.
ی/۱ ، ب/۲ / ۳ ـ سنووری گۆرانستانی دێرین. ل ۸۸.
ڕووبەر گۆرانستان و سەرژمێری گۆرانەکان. ل ۸۹ – ۱۰٦.
ی/۱ ، ب/۲ / ٤ ـ باسی هەندێك ، لە شوێنەکانی گۆرانستان. ۸۱.
نەخشەکانی گۆرانستان. ل ۹۱- ۹٦.
ی/۱ ، ب/ ۲ / ۵ - گۆرانەکان. ل ۹۷.
ی/۱ ، ب/ ۲ / ٦ - مێژووی گۆرانەکان ، گ. کێن ؟ ل۹۸.
ی/۱ ، ب/۲ / ۷ - شوێنی جوگرافی گۆرانەکان. ۱۰۳.
ی/۱ ، ب /۲ / ۸ - لقەکانی گۆران: زەنگەنە ، ۱۰٤ . باجەلانی ، ۱۰٦.
جافی تایشی ، ۱۱۰. لووڕ ، ۱۱۳ . زازا ، . کاکەیی ۱۱٤ هەورامی ۱۲۷... .

گۆران و گۆرانستان ، لەلای بیانییەکان. ل ۱۱۵.

ی/۱ ، ب/ ۲ / ۹ - سەرچاوە بۆ سەلماندنی گۆران بوون. ل ۱۱۸.
سەردەمانی میرنشین ، والینشین ، یاساننشینی گۆرانەکان. ل ۱۲۰.

گۆرانەکانو ناوی نوێیان. زەنگەنە یا کەنوولەیی؟ زەنگەنە یا تاڵەبانی؟۱۲۱.
ئایا گۆرانەکان کوردن ؟ لەگەڵ بۆچوونی بیانیان و نووسەر. ل ۱۲۲ .

## ی١ / ب /٢ / ١ ـ گلەیي و بە ئاشـــت.

لـە سروشـتـی مـرۆڤـدایـە ، بـاوانـەکان ، حـەز و ئاواتیانـە ، نـەوەکانیان ، ئەگـەر لـە خۆیان باشـتـر نـەبن و دەرنـەچن ؟ هیچ نـەبێت لـە خۆیان بکـەنـەوە. بە واتـەی پەندی کوردی لـەسـەر { بنجی خۆیان بڕوینەوە}. ئەم وەجاخی خۆ ڕۆشنکردنەوەیە ، زیاتر بۆ باوانەکە خەمهێنەرە و بە تەنگییەوەن ، ئەگەر ئەو بنەماڵەیە ، یا بنەماڵانە یە ، لە جێگای خۆیان هەڵکەنرابن و هەڵیانکەندبن ، کەوتبنە تاراوگەو ئاوارەییەوە ، زمان و دین و کەلتورێکی ، جیاواز لـەوانـەی خۆیان ، هەیانە و هەیانبوو ، دووچاری دەبن و دەهێنرێن.
بە کورتی: لە هەر شوێنێك کراسی خۆری دیموکراتی ، لەبەری گەل ، یا بچوکتری کەمەوە هۆزێك ، بنەماڵەیەك ... داکەنرا ؟ خۆکارانە ، ژێرکراسی دەیجووری ، دیکتاتۆری لە ژێریەوە هەیە.
هەرکەسێك لە گۆرانەکان ، گەر لە زمانی ئەژدایی خۆی ، ز. ك. گۆرانی ،( هەورامی) وە نیشتە جێیەکەی ، گۆرانستان ، وردبووبێتەوە ؟ دەزانێت ساڵ بە ساڵ بەرەو کاڵبوونەوە وتووانـەوە ، دەچێت و دەبرێت. گۆرانستانەکەشیان دەکەنە: فارسستان و عەرەبستان و تورکمەنستان و سۆرانیستان و بادینانیستان یا کرمانجیستان.
سەیری ناوچەی لووڕستانی ئێران و شارەبانی ئێراق و ئەسکەندەرۆنەی تورکیا بکەن ؟ دەزانـن وایـە. ئەمەش یانی کەمکرانەوەی ژمارەیان و بچوککرانەوەی جوگرافیایان= واتـە خاك و ئاویان و خۆیشیان. خۆ گەر ( خەمی ) ئەو باسکراوە ، لە لایەن حوکمەت یا حیزبی دەسەڵاتداری ڕۆژەوە ؟ لە بازنەیەکی گەورەتردا: وەك سامانی نەتەوەیی و کەلتووری کورد ، بکرێ و بخورێ ؟! ئەوە یانی کەمکرانەوەی کورد و کوردستانیش. دیارە هەر سیاسی و پارت و جونبشێکی کوردیییش بەوە ڕازیبێت ؟ جاشی ناحەز و نەیاری کوردە . وە ئەوە ، خزمەتە ، بۆ داگیرکەر ، تا ئاسانتر بیانقۆزنەوە و بیانلکێنن بە خۆیانەوە.
بە سەرنجدانی ٢٦ ساڵ ، لە وەختی تێپەڕیو ١٩٩٢- ٢٠١٨ ز. بەسەر دوو دەوڵەتۆکە کوردییە ، هەرێمی و یەکگرتووەکەی ، کوردستانی ئێراق دا ، دەڵێی ئەو گۆرانانە ، نە، بە کورد و نە ، بە غەیرەکورد ، سەیر نەکراون؟!.
ئەم بۆچوونە ، هەڵسەنگێنە:
دەزانین برایانی ئاشوری و کلدانی ویەزیدی و تورکمان وعەرەب ، بوونە خاوەنی، پەرستگە ، ڕادیۆ ، کەناڵی دەنگ و ڕەنگی ، خوێندن بە زمانیان ... هتد.
کارێکی زۆرباشی بوو ، دەستخۆش ، حوکمەتەکەی هەرێمی ، دیموکراتانە ، دەرخست. ئەدی کوردە گۆرانەکان ؟ کەژمارەیان لەوانە زیاترن ، وە زیاتر خزمەتی کوردیان کردوە. وە کوردیشن ، ئەگەر قبووڵیان بکەن ؟ بۆ هەمان مامەڵەیان لەگەڵ نەکرا؟!. بۆ ڕێ نەدرا یەك کتێب وەك ، *قیرائەی عەرەبي ، وە تەنها لەناوچەی خۆیانا ، بخوێنن؟!!.*
تا ئەو زمانە پیرۆزە ، زەردەشتییە ، عەنتیکە ، کوردییە ، خزمەتێکی پێ بکرایەو درەنگتر بتووایەتەوە ؟.
کەچی لەسەر دەمی بەناو ، ئیمپریالیزمی بەریتانیی، لە ساڵی ١٩١٩ز. دا، واتە هەر

ساڵێك دوای تەواوبوونی ، داگیرکردنی تەواوی ئێراقی ئەمڕۆ ، بۆ کوردە شەبەکە گۆرانەکانی ، گوندی گۆڕجەلی پاڵ شاری موسڵ ، کە ئەمڕۆ گەڕەکێکی شارە ، وابزانم بووە بە یاروەلی یا یۆرۆلی ، قوتابخانەیان بە زمانی ، گۆرانی خۆیان ، بۆ کرابووەوە !. لە ١٩٨٨ز. یەوە ،( هەرکەس لەمانە لە سەردەمی سەدام دا، نەبووبێت بە عەرەب ! دورخرانەوە ، بۆیە سێ هەزار لە بنەماڵەی شەبەکە گۆرانەکانی پارێزگای موسڵ، گوێزرانەوە بۆ کۆگوندە ، زۆرە ملییەکانی بازیان و حەریر ، وە لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسەین ، لە ٩- ٤ - ٢٠٠٣ ز. دا تا ئەو بەروارەی خوارەوە ، ٣٤٨ کەسیان لە لایەن تیرۆرستانەوە ، لێ شەهیدکراون). ٩٥ ئەوانەی داعشیش لە ل ٨٠ ڕیزی ٣٣٠ باسیانکراوە. پاش ڕوخانی ڕژێم لەلایەن هاوپەیمانانەوە ، وە پێداگرتنیان لە سەر دیموکراتی و هەڵبژاردن ، بە هەزار کوردی بە عەرەبکراوی ، عەگال لەسەر ، خۆیان بە کورد ناساندەوە!. هۆزێك ئەو شەهامەتیانەیان تێدا بێت ، جێی خۆی نییە ، نەك هەرگۆرانەکان خۆیان ، کەسانی دیموکرات و پێشکەوتو و بە باوەڕیش ، بپرسن : گەر زمانی گۆرانەکان بە کوردی دەزانن ؟. یا وەك نیوەی سۆرانی و بادینی بێت. ئەگەر بە کوردیشی نازانن ؟ یا وەك چارەکێکی عەرەبی و تورکی بێت.
تواندنەوەی زمانی کوردی لەلایەن ڕژێمی ئێراقەوە ، لە ٣٥ ساڵی ڕابووردودا، ڕەگەزپەرستی بوو ... هتد. وە بە هەر وشەیەکی ڕەقتر لەوە ، لێرەدا بنووسرێت ، هەموو کوردێ بە ڕاستی دەزانێت ، لایەنگیریشی لێ دەکات.

لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا لە ١٩٩١ز. یەوە ، ئازادن ، دەوڵەتێکی هەرێمی بە پاڵپشتی هاوپەیمانان ، وە بە مسۆگەری وا ، تا ٨ / ٢٠١٩ زایینیش ، هەبووەو هەیە. ئەمانیش بۆ ئەو زمانە ، وەك *زەمانەی تێپەڕیو سەلماندی* ، حەزیان وایە: زمانی کوردی گۆرانەکان ، ئەگەر لە سۆرانی و بادینیدا ، نەتوێنرێتەوە ؟ ئەوە ببنە عەرەب و تورك و فارس قەینەکات !. ئەدی ڕێنەدان بە زمانی گۆرانەکان ، بە بادینی و سۆرانیکردنی ، نییە ؟!. ( هەموو هیوایەکمان ، وەیس بوو ، ئەویش بە سوونی دەرچوو !).
*ڕژێمی کوردیی ئەگەر( ؟) خۆی بە دیموکرات پێناسەکرد و بیکات ؟*
دەبێت گەلی قایل بکات ، تا ڕاو ، ڕۆحی پێ ببەخشێت!. شۆڵەی هەڵکراوی دیموکراتی ، لە سەردەمي نوێ دا : خۆرێکە ، بە بێژنگی دیکتاتۆری بەری ناگیرێت. زیاتر ل ١٢٤.

*<u>{بۆ ئاگاداری خوێنەر : گۆران ٨ لقن ، سەیری ل ٩٨ بکە ، باسیان هی گشتیانە}.</u>*

**زووانو کوردی هۆرامی یا گۆرانی**: بەرلین ، ٢٠٠٧ز.
هۆ ماف پەروەرا ؟! هۆ داد پەروەرا !
هۆ ڕۆشنویر و هۆ مادد پەروەرا !

---
٩٥ – ١٦- ١- ٢٠٠٧ ز. ڕادیۆی زاگرۆس ، سلێمانی ، دەمژمێر ٧ ی بەیانی.

مـادەو ویـسوحـۆت ، یـوئـێن قـەراردان
چەنـی نـۆو ئێراق ، وێـژەنـێو ژاوان
هـەردووی واتـەنـشـا ، وە دۆڵـەتـو ڕۆی
دین و زووانـتـا ، گـرد پـێـسـەنـە یـۆی
زووان ، ڕۆنـامـە ؛ ئـێـسگـە ، دەنگـوڕەنـگ
دین و کەلـتـوور و ، مـەکـتـەب و فـەرهـەنـگ
دریا یـەزیـدی و ئـاشـوری و کـلـدان
پـێـسـە بـرابـەش ، دریـایـچ تـورکـمـان
هـەرمانـێو خاسبی ، دەسـتـا فـشـارو
گـۆران ، وویـر بـریـان ، ئـی عـەرزە دارو
ئـەر گـۆران وە کـورد ، حـسـابـش کـەردێ ؟
چارەکـێو مـافـوو ، سـۆربـادیـش دەیـدێ
ئـەگـەر وە نـا کـورد ، حـسـابـتـا کـەردەن ؟
چی نیمە و تـورکـمـان ؟ پـشـکـتـا نـەوسـتـەن ؟
خـۆ ویـس سـاڵ وویـەرد ، سـەرو ئـانـەنـە
پاداش کـۆنـتـەرین ، کەلـتـوور پاسـنـەنـە ؟
شـەرمـو زەردەشـت و ، یـارسـانـی گـێـردێ ؟
زەنگـنـە و بـاجـەلان ، شـەبـەك مـەوینـدێ ؟
وەرهـەمـەو هـەزار ، شـاعـیـر پـۆژیـۆرە؟
ڕادەو عـەوامـیـي ، ڕژێـم مـنـیـۆرە . ٩٦

## ب/٢ /٢ - لێکدانەوەیەکی ڕووبەری کەلتووری و جوگرافی:

بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ، میرنشینانی دەرکەوتوی کورد ، ئامێدی: ٩٩٠- ١٠٤٥ز. وە ئەردەڵان: ١١٦٠- ١٨٦٧ز. وە بابان: ١٤٩٨- ١٨٥١ز. وە سۆران: ١٦١٩- ١٨٣٤ز. ... چەندڕووبەریکی تێدادەبینرێت:

ڕووبەری جوگرافی:

کاتی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەڵان ، زیاد لە ٧ سەدەیە ، وە قەوارەی ڕوبەری جوگرافی والی نشینەکە لە باڵادەستیدا ، کە سەردەمی خان ئەحمەدخانی یەکـەمە (١٦١٦- ١٦٣٧ز.) لە شاری سنەی پایتەختەوە ، بۆ ڕەواندز و ئامێدی ، بە کەرکوك و بەغداشەوە لە ١٦٢٤- ١٦٢٦ز. ز.) لە شاری سنەی پایتەختەوە ، بۆ ڕەواندز و ئامێدی ، بە کەرکوك و بەغداشەوە لە ١٦٢٤- ١٦٢٦ز. سەربە ئەردەڵان بوون. نەخشەی ل: ١٨١. بە سەیری

---

٩٦ - وشەگرانەکانی: چەنی: لەگەڵ. وێژەنێو ژاوان: بنێشتیان جویوە. واتەنشا: وتویانە. ڕۆی: ڕۆژ. گرد: هەمووی. پێسەنە یۆی: وەك یەکن. دریا: درا. هەرمان: کار. ویربریان: لەبیرکراوە. عەرزەدارو: داوایەم هەیە کەردێ: دەیکەن. سۆربادی: سۆرانی و بادینیە کورت کراونەتەوە. نیمە: نیوە. نەوستەن: نەتانخستووە. ویەرد: تێپەری. ئانەیە: ئەوە. پاسەنە: ئاوایە؟ ٤ ـ گێردێ: بگرن. مەویندێ: نابینن؟ پۆژیۆرە: داپۆشرێت. منیۆرە: دادەنیت. *گرنگی زمانی کوردی هەورامی ل: ٢٨٣.

ڕووبەری خاکی ، هاتنەدنیا و تیاگەورەبووی ، شاعیرانی ،ك. ڕۆژهەڵات و خوارووئێران و ئێراق نەخشەکانی ل٣٧ ، ٩١ - ٩٦ وە ٢٢٧ وە بەراوردی ژمارەیان ، لەگەڵ ناوچەی تری کوردستاندا ، دیسانەوە هێمایەکە، بۆئەوەی دەریبخات کە ( قەوارەی گۆرانستان لەوەی ئێستاش ، گەورەتربووە.). ٩٧ یانی گەورەترین ڕووبەری خاك ، هی ئەمان بووە.

ڕووبەری زمان:

دیارە زمانی بەکارهاتووی ، ئەردەڵانییەکان ، هەورامی یا گۆرانییە ، ( لە دواوەسەیری گۆرانەکان کێن؟ بکە.) بەوەی ئەگەر یەکەم نەبێت ، بە دڵنیاییەوە دووەم و سێیەم کۆنترین هۆنراوەی ، *نووسراوەوەی* ، زمانی کوردی ، بە هەورامییە.

لاپەڕە ٢٨٣ گرنگی ئەم دیالێکتە و زیرەکی ڕۆشنبیرانی لە کۆنەوە دەردەخات!.

خۆ کورد لە هەموو شتدا ، هەژار بووبێت ؟ لە شاعیردا دەوڵەمەند بووە. هی ناوچەکانی تر، خزمەتی زمانی بێگانەیان کردووە ، لە جیاتی هی خۆیان ، یا نەیانتوانیوە ؟ یا ئەوەی خۆیان بە کەم زانیوە ؟!. لە ٧٠٧ ساڵی سەردەمەکەدا ، بە سەدان شاعیر سەریهەڵداوە. لە سەر خاکێکی زۆر ، شاعیرانێکی زۆریش دەژین. ئەمەش یانی شاعیری زیاتری خستوەتە ، سەر سفرەی ئەدەبی کورد.

بەو ، باسی *ڕووبەرانەی* کرا ، وە بە سەیری *ئەمڕۆی* کوردستانی مەزن ، دەبینین لە : ك. ئێراندا لوڕستان (یانی لە عیلام بۆ سەر کەنداو ل٣٠ - ٣١ مەبەستمە) . لە ك. ئێراقدا: لە دێی جنە و مەندەلییەوە ، زۆر دوورتر لە دیوی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە شاخی حەمرینەوە تا شەنگال. لە ك. تورکیا زیاد لە ٤ ملیۆن. کاڵکراونەتەوە و تووێنراونەتەوە و خاکەکەشیان زەوتکراون. لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدا لە ١٩٩١ز. یەوە ، ئازادن ، دەوڵەتێکی هەرێمی بە پاڵپشتی هاوپەیمانان ، بە مسۆگەری وا ، تا ٨ / ٢٠١٩ زایینیش ، هەبووەو هەیە. بەڵام بۆ زمانی گۆرانەکان ئەو حوکمەت کوردانەیە ، نەک هیچی بۆ زمانی گۆرانەکان نەکرد، ناشیەڵن خۆیان هەوڵێک بدەن !. ل ٨٦ سەیربکە ، ئەگەر نەتخوێندووەتەوە؟.

## ب/٢ / ٣- سنووری گۆرانستانی دێرین لەخوارووو و ڕۆژئاوایەوە :

سنووری کوردستانی مەزن لە خوارو و خواروی ڕۆژهەڵاتەوە ، دەبێتە هی گۆرانستانیش ، چونکی خاکی ك. ئێراق و ئێران لە خوارەوە ، ڕەچەڵەکیان لە سەرچاوەوە هەموو گۆرانن. ئاسانتری بکەم: خاك و زمانی عەرەب و فارس لە خوارەوە بۆ سەرەوە ، لە ئێران و ئێراقدا تەواو بوو ؟ خاکی گۆران دەسپێدەکات. کەوابوو پێویست ناکات دیسانەوە بینووسمەوە، بۆ سنووری خواروو ڕۆژئاوا ، سەیری ئەوەی کوردستانی مەزن ، ل٢٩ لە ڕۆژهەڵاتەوە: ناو بردنی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوایە: تەنها لە ئێراندا ، لەو جێیەدا فارس تەوادەبێت ؟ ڕۆژهەڵاتە بۆ کوردستانی مەزن ، بە گۆرانستانەوە.

---

٩٧ -_ مەعروف خەزنەدار، س . ك . ژ. ١٦ ل : ٨٨: هیچ گومانێك لەوەدا نییە ،کە ئەو ناوچەی، گۆرانەکان لە سەدەی ١٨ هەمدا ، تێیدا ژیاون . گەورەتر بووە،لەو زەویەی ئێستا داگیریدەکات. . پەیدابوونی میرنشینی بابان . لە دوا ساڵەکانی سەدەی ١٩ ، ١٨ دا ، تا ڕادەیەك لەسەر ، حسابی تەسکبوونەوەی ئەو ناوچانە بووە ، کە گۆرانەکان تێیدا ژیاون.

لەباكورەوەوە وە لە ڕۆژهەلاتیەوە بۆ ڕۆژئاوای:
زەنگان ، كاكوزەكەریا ، جانەوەرە ، مەریوان ( لەناو ئێرانی ئەمرۆدان نەخشەی ل:٢٢٨).
لە ڕۆژئاوایەوە وە لە سەرەوە بۆ خوارەوە:
خوارو ڕۆژئاوای شاری پێنجوێن ، نالّپارێز ، بانیبنۆك ، نەوێ ، قاینێجە ، خورمالّ ، دەرەشیش ، تاوێرە ، هاوار ، بۆین ، سەر ڕوباری سیروان .
( لێرەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و پێچ بەرەو باكور دەكاتەوە ): دەربەنیخان ، پێواز ، باوەنور ، هاردی ، درۆزنە ، سەنگاو، قەرەتامور. چەمچەمالّ ، حەسار ، پردێ ، قەشقە ، بێستانە ، كەسنەزان ، مەلاهۆمەر ، بەحركە ، شاخۆلان ، ڕوباری زێی گەورە ، چەمە ، بەردەڕەش ، خەرسابات ، كانی شیرین ، وانە ، دەداتەوە لە تەلەعفەر و شەنگال.( سنوورە ڕۆژئاواییە ، لاونیوەكەی ، كوردستانیشە).

شوێنی بەشێكی پەڕەوازەی ، گۆرانەكان لە چەند ولّات دا: نەخشەكانی ل٨٣ – ٨٨:
١- لە هندستاندا لە شاری كامیران. ٢ـ لە پاكستاندا: لە ناوچەی بەلوجستان ، كە خواروی رۆژئاوای ، ئەو ولّاتەیە. ٣ـ لە توركیادا: لە ناوچەكانی ئاگری و بایەزید ، سەروی دەریاچەی وان و دەرسیم . نەخشەی ل:٩٤

٤ -لە ئێراندا:
ئـ/ لە شار و دەوری شاخی دەماوەندا = كە رۆژەلّاتی شاری تارانە.
ب/ لە سەروی رۆژهەلّاتی ئێران= ناوچەی خۆراسان ، مەشهەد وە قوچان.
پ/ لە سەروی ڕۆژاوای شاری شیرازدا ، ناوچەی شوانكارەكان ، شارە كۆنی: تەلارهیدیشك.
ت/ لە بەلوجستان ، خواروی رۆژهەلّاتی ولّاتەكە. لكاوە بەوەی پاكستانەوە.

٥ - لە ئەفگانستاندا: لە ناوچەی دوو شاری مەزاری شەریف ، ل ٣٨٦ سەروی ولّاتدا ، وە هەڕات لە ڕۆژئاوایدا. دراوسێی خۆراسانی ئیرانە.

رووبەری گۆرانستان ، بە كم. دووجا:
*بە پێی خەملّاندنی سالّی ١٩٧٨ز. بۆ سێ ولّاتی یەكەمیان:
١ـ لە هندستان: ٧,٢٠٠. ٢ـ لە پاكستان: ١٣،١٠٠ ٣ـ لە ئەفگانستان: ٢،٤٠٠

*بە پێی خەملّاندنی سالّی ١٩٧٧ز. بە كم/٢.
٤ –لە ئێران: ٢٠١،٤٠٠.
*بە پێی خەملّاندنی سالّی ١٩٨٥ز. بۆ ولّاتانی خوارەوە:
٥ـ لە ئێراقدا ٢٧،٠٠٠ . ٦ـ لە توركیادا: ٩،٤٤٦. ٧ـ لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان. ٢،١٢٠ هەمووی= ٦٦٦ ،٢٦٢ كم./٢ دووسەدو شەستودوو هەزار و شەشسەد و شەست وشەش. كیلۆمەتری دووجا.

سەرژمێری گۆرانەکان :

بە خەمڵاندنی ساڵی ١٩٨٥ز. :
١-لە هندستان: ٣٠٠ ,٢٢ کەس. ٢- ئەفگانستان : ٢٠٠ , ١٣.
٣ - پاکستان: ٢٧٠ ,٣٢ . ٤- ئێران : ١٧٠ , ٦٥٨ , ٢.
٥ - ئێراق: ٦٠٠ , ٣٢٦ , ١. ٦- تورکیا: ٦٠٠ , ٧٣٠.
٧- ئەرمەنستان و ئازەربایجان: ٥٢٠ , ٨.
کۆی گشتی : ٦٦٠ , ٤٩١ , ٤ چوار ملیۆن و چوارسە دو نەوەد و یەك ، هەزار و شەشسەد و شەست کەس.


**ب/٢ /٤ـ باسی هەندێك لە شار و گوندەکانی گۆرانستان:**

١ـ زەردە:
لە ستانی کرماشاندایە ، کەوتوەتە سەروی رۆژهەڵاتی زەهاوەوە ، سەر بە شارستانی کرن دە ، شوێنەواری کۆنی وەک شورە و قەڵا... ی لێ هەیە. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوا شای ساسانی ، یەزدەگورد. یانی هی پێش ٦٤٠ز. یە.جێگای هاوینەی شایەکانی ساسانی بووە ، زستان چوونەتە مەدائینی پاڵ بەغدا. لەبارەی مەزهەبی خەڵکی ئێرەوە ، ئەهلی هەقین. لێرە مەرقەدی بابایادگار ، هەیە کە سەردەمی دوای ١٤٠٠ز. یە. لە ل: ٣٥٨. خورشید ئەفەنی ،١٨٧٧ز. گەڕۆکی تورك نووسیویە : لەپاڵ ئەم مەرقەدەدا دوو دەروێش لە گۆرانەکان دەژیان. ئەم جێگە ٤٠٠ ماڵ دەبێت.


٢ـ کەنوولە:
لەستانی کرماشاندایە ، کەوتوەتە سەروی ڕۆژهەڵاتی ، لە نیوان بێستون و سونقور دایە ، شارۆچکەیەکە ژمارەیان لە ساڵی سەرەوەدا ٣٠٠٠ کەس بووە ، لە ڕۆژئاوای دینەوەری دێریندایە ، پایتەختی دەوڵەتی حەسنەوی ، کە ساڵەها گۆرانکانەکانی ئەم ناوچەیان بەڕێوەبردووە. ئەم دێ یانە بە دەوریدا هەبوون ، کاڵیان ، ڕازیان ، بست ، عەلیاوا ، ئەمین ئاوا. گەرۆکە ئەوروپییەکان سەردانی ئەم ناوچەیان کردوو. ئەم ناوچەیە گەلێک شاعیر لێرەدا پێگەییون . سەیری ناویان لە ل: ٤١٦ وە بکە.

٣ـ زەهاو:
مەولەوی رەحمەتی دوو جارسەردانی ئێرەی کردووە ،دێرێ هۆنراوەیم لەبەرە دەڵێت:
دڵەی خەم خەیاڵ ، جۆش ئاوەردەوە // مەعدوم هەم هەوای ، زەهاو کەردەوە
لە ڕۆژاوای ستانی کرماشان دایە ، سەروی سەرپێڵی زەهاو کەوتووە ، پایتەختی میرنشینی کەڵهوڕ بووە. لە ١٦٣٩ز. دا لەم شارەدا سەفەوی و عوسمانی ، ڕێکەوتنێکیان مۆرکردووە ، بۆدابەشکردنی ئەم ناوچانانە ، لە نێوان خۆیاندا.

٤- ڕێژاو:
ستانی کرماشانە ، سەربەشارستانی کرن دە ، ناوچەیەکی شاخاویە ، خەریکی باخەوانین.
٥ - قولچیواچی: ستانی کرماشانە ، شارستانی کرن دە ،١٠٠ ماڵ دەبن ، ئەهلی هەقین. شار و دێی تر، لە ل: ٢٣١ ەوە هەیە.




نـەخشـەی گـۆرانـەکان لـە گـۆرانـسـتان دا.




نـەخشـەی سەرەو: ناوچەی باجەلانی ، لای موسڵ لـە ساڵی : ١٩٠٢ ز. دا.

نـەخشـەی خـوارەوە: چەقی نیشتـەجێی گۆرانـەکان.




نـەخشـەی خاکی پێکەوەلکاوی ، ئـەمڕۆی گۆرانـەکان : لـه هەمـەدان بۆ سەر دیجلـه.
پەیامی هەورامان 93




نەخشەی گۆڕانەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن.




نەخشەی لقەکانی گۆران لە خوارو و ڕۆژئاوای ئێران دا.




نەخشەی لقەکانی گۆران لە ئێراق دا.

**ب / ٢ / ٥ – گـۆرانـەكـان :** لـەم پێنج سەرباسانەدا:

{ ١- واتـای وشـەی گۆران. ٢ مێژوویـان. ٣- شوێـنی جوگرافـیـان.
٤- لقـەكانـیـان. ٥- سـەرچـاوە بۆ سەلـماندنی گۆران بـوون}.

١- واتـای گۆران: یـانــی:
١ ـ چیانشین . ٩٨ ٢- موشەدەمە.٩٩ ٣- ڕێگر . ١٠٠ ٤- گۆڕان.١٠١ ٥-گۆڕەپـانی لـەشكر تـیاكـۆبـووەوە.١٠٥ ٦-گوردان = واتـای ئـازا دەگـەیـەنێت. ٧- گـەبـران ، گۆڕاوە بۆ گاوران ، جا ، گۆران. ١٠٦ ٨ـ یـانی ئـاگر. ١٠٧ ٩- گۆران ، هیچ نییە بێجگە لە بیچمی ئاڵوگۆڕكراوی وشەی كورد.١٠٨

١٠- منـیش ئـەمەیانـم لا پـەسـەند تـرە: سەروفـەسالّی وشـەی ( گۆران ، گـاوران ) لـە ناو وشەكانی سەرەوەدا، لە یـەكەوە نـزیكـتـرن. و تـۆزی مێـژوو تـەنـها بزوێنـێ درێـژی پێوەلكانـدووە. دیارە پیتی ۆ لـە كۆنـدا بـێ حەوت بـووە.
بە داگیركردنی كوردستانی زەردەشتیی ، لە٦٣٩- ٦٤١ز. لەلایەن ئـەعرابی مـوسڵـمانـەوە ، دەزانـرێت زۆری كورد ، لـەو كاتـەدا نـەچوونـەتـە ڕیـزی ، دیـنی ، غـەریبیی ، تازەدەمی ، هێنراوی ، ئیسلامەوە. بەو كوردە گۆرانـە ، نـەبـووانـە ، یا نـەچـووانـەی ، ناو دینی تازەوە یان وتـووە : كوردە گاورەكان. بۆیە كردوونـیانن بـە گاور ، تـا سـەرۆكی لـەشكر فـەتـوای خاك و سامان و نـامووسیـان ، حـەراڵ بـكـاتـو ، بـەو جۆرە دەسكـەوتی مادی و مـەعنـەوی ڕۆحی یان بـەرزببێتـەوەو چاكتر شـەڕ بـكـەن .
چونكی لـەشكری ، ئیسلام ، بـەرەو نـەهـاوەنـد چووە ،( پایتـەختی دواوەی ساسانییەكان) ، بـەسـەیری نـەخشـەی ئـەمـڕۆی ئێران ، یـەكـەم جار پێش گـەشتنە نـەهاوەنـد ، تووشی ناوچـەی گۆرانـەكان بـوون ، (نـەخشـەی ل ٩٣) . وە تـا نـەهاوەندی پایتـەختی دووەمیش ، فارسـسـتـان نـەبـووە.
ئـەی ڕژێمی ئێراقی عـەرەبی ئیسلامی ، سـەدام حسـەین ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ ز. ، لـەسـەردەمی مـن و تـۆدا ، ئـەگـەر كوردیان بـە كافر دانـەنـابێت ؟ حاڵ و ماڵی كوردی ، لـە جـاش و جـەیـش ، حـەراڵ ئـەكرد؟! بـۆ ئـەوانـەی ئـەنـفـالیان نـەدیـووە:

---

٩٨ ـ كارڵ هادانگ ، لە بەرلینەوە ، بە كارەكانی ئۆسكارماندا چۆتەوە ، وە سودی لە سەرچاوەی ، تریش وەرگرتووە ، كتێبەكە: س. ئە. ژ. ٦ ، ل: ١٧، ١٩، ٢٥، ٣٠ .
٩٩ - هینری راولسن ، س. ئە. ژ/٦ ل:١. ١٠٠ - هـەمان سەرچاوە. ل/٢ +١٠ .
١٠١- ع. سەجادی، س. ك. ژ.٢ ل: ٤٥. ١٠٥- فیردەوسی شاعیر، لەم دێڕەدا:
وز ان دورتر، ئارش رزم سوز چوگوران شەئان ، كرد لشكر فروز
١٠٦- د. م. ئـەمین هـەورامانی ، گۆڤاری مامۆستای كورد ، ژمارە/٢٠ / ١٩٩٣ز. سوێد ، ل. ١٤ هـەروەها: مسیۆ چركف ، كەلە ساڵەكانی ١٨٤٨- ١٨٥٢ز. لە لیژنـەی دیاریكردنی سنوری نێوان سەفەوی و عوسمانیدا بەشدار بووە.
١٠٧- مینۆرسكی ، س. ف. ژ.١٧ ل:٥٦ . ١٠٨ - ئـەنوەری سوڵتانی ، س. ك. ژ. ١٥ ل:٣١ .

سەیر ڕەوشتی عەرەبی ئیسلام کەن ، دۆکۆمێنتی ژمارە ( ١٦٠١) لە١٠ / ١٢ /١٩٨٩ز. : ڕژێمی سەدامی ئێراق ، لە تۆپزاوای ڕۆژئاوای کەرکوك: ( لە بنەماڵە کوردە ئەنفالکراوە و کۆکراوەکان ، هەژدە کچی کوردیان ، ڕەوانەی ، یانە مەلهاییەکانی حوسنی ، نا ، موبارەکی میسر ، کردوون ! ) . بەسەیری ل ١٢ - ١٩ ڕەوشتی ئەعراب بۆ کوردت ، بە پاڵپشتی ڤیتۆی خواییەوە ، باشتر پێدەناسێنێت.

## ب/٢ / ٦- مێژووی : گۆرانەکان کێن ؟

بە پێی ڕای مێژوو نووسانی ئەوروپایی ، کە سەردانی گۆرانستانیان کردووە ١٠٦. گۆرانەکانیان کردووە بە چەند هۆز و لقەوە ، ئەمانە بە زمانی کوردی گۆرانی دەدوێن ، یا دوواون ، هەیانە تواونەتەوە ڕەچەڵەکیان لەبیرچۆتەوە ، نازانن کە گۆرانن ، گوومکراون ، یا خۆیان گوومکردووە!.

بەشەکانی گۆران :
{ ١- زەنگەنە. ٢- باجەلانی. ٣- قەڵخانی. ٤- جاف ، تەنها ئەم سێ تیرەیان: ( قادری موراد وەیسی ، تایشی ، نێرێژی ). ١٠٩ هەر سێکیان لە ستانی کرماشانی ئێراندا هەن. ٥- لووڕ.٢ ٦- زازا و دملی. ٧- کاکەیی.
٨- ئەردەڵانی. ل: ١٧٩ . ٩- هەورامی یا هەورامانی }. لە ل: ١٢٧ وەوە.

---

١٠٩ – مینۆرسکی ، س. ئە. ژ/٦ ل ٢٧-٣١. بۆ ژیانی . ل: ١٦٥. * شاخی دەماوەندی ڕۆژهەڵاتی شاری تاران ، بەرزترین شاخە لە ئێران و تورکیا و ئێراقدا ،٥٦٠٤ م. بەرزە. یانی قایمترین شوێنی قەڵا.

٢- لووڕو گۆران ، رەچەڵەکیان یەکێکە ، لای سۆئانە :
Ely Bannister SOANE, To Mesopotamia, 1912, P.386 U.1
سۆئانە: ئەم گەڕۆکە ، ئینگلیزە ، ئەفسەری پلە مایۆر بووە ، بەڵام لە کوردستانی ئێراق دا ، وا خۆی نەناساندووە. کوردی باش زانیوە ، بە ناوی کوردی ، غولام حسەینەوە خۆی ناساندووە ، ماوەیەك لە ماڵی شاعیر تایەربەگی جاف دا ، لە هەڵەبجە ، بووەتە خزمەتکار ! پاش ماوەیەک ، لە تاوڵەکردن دا شاعیری زیرەک بە دەرچوونی وشەی :( نۆو) ی ئینگلیزی لەدەمی لە جێی( نا) ی کوردی. پێی دەزانێت کە کورد نییە !. سۆئانە ، لە پاش پێ زانینی ، هەڵەبجە بەجێ دێڵێت دەچێت بۆ هەورامان ، دەبێتە خادەمی مزگەوتی خانەقای بیارە ، لەوێش پاش ماوەیەك ، دەڵێن شێخ پێی دەزانێت و ئیزنی دەدات. ئەمەشم لەسەری لە هەورامان بیستوە: بە شێخی وتوە دەڕۆم ، پێم بڵێ کەی ئێمە حوکمی ئەم ناوە دەکەین ؟ ئەویش وتویە دەیکەن. لێرەش دەڕوات بۆ هەورامانی ئێران و دەگاتە سنە ، پاش ماوەیەک لە گەڕانەوەدا ، بە پێنجوین دا دەگەڕێتەوە بۆ بەغداو بەرەو وڵاتەکەی دەچێتەوە..
سیخوڕێکی هێتلەریش لە بەریتانیا ، بە نووسینی ژمارە 7 ی لاتینی دا ، پێی دەزانن ، کە بە دەست لە ئاڵمان دەینووسن ، خەتێک دێنن بە ناوەڕاستی دا ، تا لە ژمارە یەکی دەسنووسی خۆیانیان باشتر پێ جیابکرێتەوە. کە ئینگلیزەکان وایان نە دەنووسی.

جێگای سەرچاوەی گـۆرانەکان:

ئێلی بانیستەر + کارڵ هادانگ:

( جێگای کۆنی هەندێك لەگۆرانەکان ، ٥٠٠ - ٦٠٠ کم. ڕۆژهەڵاتی شوێنی ئێستایانە ، واتە شاخی دەماوەندی ڕۆژهەڵاتی شاری تارانە . لە دەست ستەمی داریوشی یەکەم ، لەوێ هەڵاتوون ). ١٠٢ گەر وابێت ؟ دەبیت لە ٤٨٥ پ. ز. دا بووبیت. ئەی پێش ئەو ساڵە . لۆلۆ و گۆتیەکان ، کە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پ. ز. دەگەڕێنەوە کێ بوون ؟ گۆرانەکان ، لە لۆلۆییەکانن ، وە لە سێگۆشەی هەولێر ، زەهاو ، دەماوەندا ژیاون . هۆی دەرپەڕاندنی ئەوانەی دەماوەندیش ، لە کۆندا جێی سەخت ، ئاسان نەگیراوە ، قەڵای لێ دروستکراوە و کراوەتە بنکەی حوکمەتی ڕۆژ. شوێنی سەختی واش تەمەنی مانەوەی حوکمی درێژتر کردۆتەوە . ل ٩٩/ ژێرنووسی ١٠٩.

مینۆڕسکی: (مێژووی گۆرانەکان ، لە دوو هەزار ساڵ ، کۆنترە ، لە پێشدا لە کەنارەکانی دەریای مازندەران ، خەزەر یا قەزوین دا ژیاون). ١٠٣

ڕاولینسۆن :

بە ڕەچەڵەك جوولەکە دەچنەوە ، سەر گۆران.

مینۆڕسکی :

ئەوەی سەرەوەی پێ ڕاست نییە ، چونکی زمان و دینیان جیایە. ١٠٤

ک. ڕیتەر:

گۆرانەکانی بردووەتەوە سەر یۆنانەکان. ١٠٥

شترابۆن: گۆرانەکان ، لە تەنیشت مادەکانەوە ژیاون. ١٠٦.

ک. هادانگ:

مێژووی گۆرانەکان ، لە دوو هەزار ساڵ ، کۆنترە ، لە پێشدا لە کەنارەکانی دەریای مازندەراندا ژیاون. ١٠٧ {وەک ژمارە ١٠٣ ی سەرەوەیە}.

سۆئانە:

هەرچەند گەلی گۆران ، پرژوبڵاو بوونەتەوە ، بەڵام پارێزگاریان لە زمان و کولتووری خۆیان کردووە ، بە نموونە هەورامی.

تسۆکۆڤسکی:

لای ئەم بۆ نموونە ، قەڵخانە گۆرانەکانی تالارهێدیشکی ، سەروی ڕۆژئاوای شاری شیرازی ، بە نموونە هێناوەتەوە. ئەم لە (١٨٨٦ز ، دا، سەردانی ناوچەی شیرازی کردووە ، ناوی بنەماڵەی کۆتزیوەندی بردووە.

---

- ١٠٢Ely Bannister SOANE, To Mesopotamia, 1912, P.386 U.1

وە سەرچاوەی : کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ/١ ل. ٧٧ . وە سەیری ل ٩٧ ی ئەم کتێبە.

١٠٣ – مینۆڕسکی ، گۆرانەکان. گۆڤاری گەلاوێژ، بەغدا ١٩٤٤ز. ل ٥.

١٠٤- مینۆڕسکی. ل٦٥.

١٠٥K.Ritter Erdkunde von Asien TLX BERLIN seite 184, 622 -

١٠٦ – کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ. ٦ ل ،٢١ .

١٠٧ – کارڵ هادانگ . ل ١٨.

گۆرانەکان لە کۆمەڵەی بچوکدا کۆچیانکردووە ، بۆ ناوچەی فارس ، هەتا گەشتونەتە ك. تورکیا.) ( لە ساڵی ١٨٦٠ز. چل بنەماڵەی گۆران لەناو شاری بایەزیدا(چاڵدێران) ، وە شەست لە دەوریدا هەبوون. ١٠٨

ف. س. ئەندریاس :
نیشتەجێی یەکەمجاری زازاکان ، هەر ئەوەی گۆرانەکان بووە. ئەمە ئەو بۆچوونە بەهێزدەکات ، کە: زازا و دملی هەر گۆرانن.

ئیڤانۆف:
لە شاری قوچانی ئێران ، لەوێ کوردی دیووە ، بە گۆرانلوو ، ناویانی بردوون. ١٠٩ لوو ، پاشگری زمانی تورکیە ، بە وشەکەوە. ل ١٠٤ژێرنوسی ١١٤ ، لە ئێستاشدا ، دڵنیامان دەکات ، کە کورد لەوێ هەن.


سیروس ئیزدی ، یەزدیی:
( لە ناو گۆرانەکان دا ، فەرهادی کۆکەن ، بە سەرقافڵەی کەڵهوڕ و بارامی گۆڕ= گەور، گاور ، بە هی گۆرانەکان ناسراون..) ١١٠

مێجەرسۆن:
لەم گەڕۆکانە  بە تایبەت مێجەرسۆن ،. گەلێ دەسنووسیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتەوە ، بۆ وڵاتی خۆیان، لە کتێبخانەی ئەوێدا پارێزراون. بۆ نمونە سەیری ل. ٥١٤ ژمارە ١٥ ، لایەنی چاکەی ئەوانەیە ، ئەدەبی کوردیان پاراستووە ، لە مارومووور و ناحەزانی کوردیش. من بە پێی کاتم ، هەندێك لەوانەی ئۆسکارمانم کە دوو جار سەردانی هەورامانی کردووە. ل. دووایی. دەربارەی ناوچەکە ، لە کتێبخانەی بەرلیندا خوێندوونەتەوە . نایدەن بیهێنیتە دەرەوە ، واتە وەختت کەمە بۆ زۆرتر خوێندنەوەیان= هەرچی نووسراوە: کارڵ هادانگ ، هی ئۆسکارمانە ، ئەم پێیدا چۆتەوە.

مەعروف خەزنەدار :
( تێکستی شیعری زمانی کوردی ، کۆنترین تێکستە لە ئەدەبی کوردیدا ، یا سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی ، بە شیعری شێوەی گۆرانی دەستپێکردووە). ١١١

١٠٨ – کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ. ٦ ل ،٣٢.
١٠٩ - G: J: VOL: LXXII NR 2 S: 398
١١٠ - سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ.١٧ ل ٦ئەمیش لە : اکوپف ، س. ف. ل ٧٧.
١١١ - مەعروف خەزنەدار، س . ك. ژ. ١٦ ل ٩١.

سـەجـەرەیـەک ، لـە گۆرانـەکـانـی دیـوی ئێران:




گۆرانەکان دوو بەشن ، نیشتەجێ یا جێگیر . وە گەڕۆك( گەرمیان و کوێستانکەر ) ، کە پێویستی ژیان سەپاندویەتی بەسەریانا ، ئێستەش هەرهەیانە ، لە کۆندا لە کوێدابارییان خستبێت ؟ ئێستەش هەردەچنەوە هەمان جێ. وای لێهاتووە ناوی ئەوانی پێوە نراوە ، هەیشە کورتتر بووەتەوە ، لە ناو گوندەوە بۆ ناو باخ و کەوێڵەکان ، کە کۆتایی مانگی بەهار ، هاوین ، یەکەم مانگی سەرەتای پایزیشی پێوە دەبێت. گەرۆك و مێژوونووسی ئاڵمان ، ئۆسکارمان. لە ١٩٠٢ز. وە کۆتایی ساڵی ١٩٠٦ز. سەرەتای/١٩٠٧ز. لە بەرلینەوە دووجار نێردراوە ، بۆ سەردانی ناوچەی هەورامان. هەر لە ئۆسکارمانەوە ، ئەم زانیاریانەی لەسەر ئەم هۆزانە ، هەن:

| ناوی هۆز | شوێنی زستانە | ش. هاوینە | دین |
|---|---|---|---|
| ١ - تفەنگچی. | گاوارە. | سنە تا جوانرۆ. | ئەهلی هەق |
| ٢- فەرەج بازیانی. | چوارقووڵە | قەڵای قازی. | ؟ |
| ٣- عەلی بەگی جاف. | چیای سوور- لای قۆرەتوو. | پاڵان،لای داڵەهۆ. | ؟ |
| ٤- جەمشیدخان. | قەڵای زنجیر. | {گویتزلە لە نێوان- قۆرەتو و بانلەفانان}. | ئەهلی هەق |
| ٥- *جیهانبەخشی* - قەڵخانی. | پیتبەور. | تەختگای لای مەندەلی | ئەهلی هەق |

| ناوی هۆز | شوێنی زستانە | ش. هاوینە | دین |
|---|---|---|---|
| ٦- {سەفەرخانی - نەیریژی}. | بان تزامین. | چەگات چۆپی. | ئیسلام. |
| ٧- شوکروڵاخان. | بان لەفانان. | بیبیان | ؟ /١ |
| ٨- شێرخان. | چوارقووڵەی سەرپێڵ. | حەوتتۆمە،بینای داڵەهۆ. | |
| ٩- غولام عەلی. | گاوارە | هەر نزیك گاوارە. | ؟ |
| ١٠- حەیدەری. | دەربەندی زەهاو. | ئەهلی هەق. | ؟ |
| ١١- شوانکارە. | ؟ | ؟ | چراگای گاوارە. |

ژمارەی ئەو ١١ بنەماڵانەی سەرەوە ، هەر بە پێی ڕیزیان:

| بنەماڵە | ژمارەیان | ژ. ئەسپ سواریان |
|---|---|---|
| ١ - | ١٠٠٠ | ؟ |
| ٢_ | ٢٠٠ | ٣٠ |
| ٣_ | ٢٠٠٠ | ١٥٠ |
| ٤_ | ٥٠٠ | ٥٠ |
| ٥_ | ٤٠٠ | ٣٠ |
| ٦_ | ٢٠٠ | ٣٠ |
| ٧_ | ٢٥٠ | ٢٠ |
| ٨_ | ٣٠٠ | ٢٥ |
| ٩_ | ٤٠٠ | ٣٠ |
| ١٠+١١- | ؟ | ؟ |

ئۆسکارمان:

( گۆرانە جێگیرەکان ، لە ١٩٠٢ز. بە ٤ هەزار تا ٥ هەزاربنەماڵەی مەزەنەی کردوون. وە نووسیویە لەسەر هەر هۆزێکی ، سوڵتانێك هەیە. ئەمانە نەتەوەیەکن ئەگەر لە پێشیشدا وڵاتەکەیان ، پێکەوە نووساو و یەك پارچە بووبێت ، ئێستا پارچە پارچە و دوور لەیەك دەبینرێن. لە کۆندا ئەوەندە زۆربوون ، هەمیشە یەك فەوج چەکداریان هەبووە.) ١١٢

ڕاولینسۆن:

( لە ١٨٣٦ز. دا نووسیویە: لە لایەن فەرمانڕەوای کرماشانەوە ، ٨ هەزار تمەن لە ساڵدا، ئەدرا بە هۆزی گۆران ، ئەمانە پارێزەری سنووری ئێران بوون ، جێی متمانەی دەوڵەت بوون. لە١٨٣٤- ١٨٣٦ز. فەوجێکی چەکداری دوو هەزار کەسیان لە ناوچەی زەهاودا، هەبووە. هەروەها لە ١٩١٦ز. دا سوارەی گۆرانەکان ، لە لایەن ئاڵمانەکانەوە، بەکارهێنراون دژی ڕوسەکان). ١١٣

---

١١٢ -کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ.٦ ل/٢٧ -٣١ . ١١٣- هادانگ : س ، ئە. ژ/٦ ل: ٢٣ ،٢٤.

**ب/٢ / ٧- شـوێنی جوگـرافی گۆرانەکان** :
لـەبەر پـرژ و بڵاوبـوون و کرانـی گـۆرانــەکان ، وای لێکردم بە پێـی بـوونیان لـە وڵاتـەکانـی ئێستایاندا ، /٢٠١٣ز. یە ، ناویان ببەم:

لـە ئێران دا:
**ئـ /** لـە ناوچەی شیراز : و ڕووەو ئاوی کەنداو ، لەم شوێنانە: تالارهیدیشك ، زەنگەنە ، فەیلیان ، کوردیان ، کـفری ، شـوانکارە... نەخشەی ل٣٧، ئـ/٣ .
**ب /** لـە ناوچەی خـوزستـان ، چوار مەحاڵی بەختیاری و لـوڕستاندا: لـەو گـۆرانانـەی ئێرە وەکو بەختیاری چوارلنگ لـە دەوری شاری بروجەرد= باکوری رۆژهەڵاتی خورەمئاوا وە بەختیاری حەوت لنگ لە ، زەرکێو.
**پ /** لـە ستانی کرماشاندا: لـە کەنوولـە= سەروی رۆژهەڵاتی ئەوشارە.
لەم شارەوە بۆ سەر سنوری ئێراق تا سەر دیجلەش ، باسیکرا ، ئەمە ناوی هەندێ شوێنی بیجگە کرماشان خۆی : گاوارە ، داڵەهۆ ، سەرپێڵ ، کرن ، زەهاو ، قەسری شیرین ، زەردە، گەورەجوو ، ڕێژاو ، قوڵچیواچی . هەورامانی لـهۆن = سەروی ڕۆژاوای هەمان ستانە.
**ت /** لـە ستانی کوردستاندا : شاری قەڵاتێ ، لـە نێوان قوروە و هەمەداندایە ، هەورامانی هەرسێ ژاوەرۆ ، تەخت ، ڕەزاو. نەخشەی ل: ٢٢٨، ٢٢٩ .

لـە ئێراق دا:
**ئـ /** پارێزگەی هەڵەبجە = هـەورامان ، ل ٢٣٥. ڕۆژهەڵاتی هـەڵەبجە . وە ناوشار.
**ب /** گـوندی هـاوار و دەرەتـفێی کاکەییەکان... .
**پ /** پارێزگەکانی کەرکوک ، سلێمانی = : ناوشار ، تـاوق ، تاڵەبان ، چەمچەماڵ ، جەباری. لەیلان ، داقوق ... .
**ت /** پارێزگەی دیالە =: لـە جنە و مەندەلی بۆ خانەقین ، بنکەدەرە... .
**ج /** پارێزگەی هەولـێر = : نێوان هـەردوو زێ ، سەیری لقەکانی گۆران ، باجەلانی ، ل:١٠٦
**چ /** پارێزگەی نەینەوا= مـوسل: ناوشار و شار و گوندی شەبەکەکانی دەوری ، کە ٣٠٠ زیاترن. جێگای باجەلانییەکان لە کانی ماران ، ئیمام فەیزوڵا ، فەزلییە ، خرساباد...

نەخشەی ل. ٩٢ ، لـە ١٩٠٢ - ١٩٠٦ ز. ئیشی پێکراوە ، سەردەمی ئۆسکارمانە ، وە لـە سەری بە ئەڵمانی نووسراوە ، ( گوندی باجەلانیەکانی لای موسڵ ) ، ئەو هەموو باجەلانییە چۆن تـوواونەتەوە ؟ بـا بـرایانی شەبەك بزانن ، شەبەك ناوی تازەیانە ، ئەسڵیان باجەلانییە. زیاد لـە٥٠ شار و گوندی وەك بەردەڕەش ، ی دەوری موسڵ هی ئەمانەن.

**ح/** پارێزگەی بەغدا =کوردە فەیلییەکان.

---

* بۆ زانیینی خوێنەر ، ئەم گۆرانانە لە شەڕی/١ ی جیهانیدا ، سوارەبوون بە چەکەوە ، لایەنی ئاڵمانیان گرتووە ، دژی هاوپەیمانان. وە لەشکرێکیان هەبووە ، بۆیە وا وردتر باسیان کردوو

لـە تـورکـیـادا:
لـەوێ لە جیاتی ناوەکانی لقی گۆرانی ك. ئێران و ئێراق ، ناوی نوێیان ، زازا و دملـیـیـە . لەم شوێنانەدا هەن: دەوری دەریاچەی وان ، شاری بایەزید ، کە عوسمانی کردویە بە چاڵدێران . لە خەرپوت .

## ب/٢ / ٨- لـقـەکانی گـۆران :

ئـ / زەنـگەنـە ، لـقـەکانی زەنگەنە:

١ - لـە پاکستان و هندستان : بـراخۆیی ، لە بەلوجستانی نزیک سنووری ئێران.
لە هـنـدستان ، لە شاری کامیران هەن.
٢- لـە ئەفگانستان : زەگەنە ، چگنی ، لە هەردوو شاری مەزارشەریف و هەڕات.

٣- لـە ئـێـران دا : * زەنگەنە ، لە ڕۆژهەڵاتی خۆراسان ، وە لە قوچانی ، سەروی ڕۆژاوای.١١٤ . لە ڕۆژئاوای شـیـراز ، نێوان ئەو و ئاوی کەنداو. ناو کرمـاشان.*باجەلانی لە ڕۆژئاوای کرماشان و چوار ، دەوریشی دا. *سیامەنسوری: لە لوڕستان.* مەنوچەری: زەهاو. * چوبین ، شمشێرپوپی: لە لوڕستان.

٤- لـە ئـێـراق دا : *زەنگەنە: گەرمیان ، کەرکوك و دەوروبەری موسڵ. *باجەلانی لە مەندەلی ، خانەقین ، دەوری موسڵ.* تاڵەبانی: ١١٥ خواروی رۆژاوای چەمچەماڵ ، سەروی تەقتەق * جەباری: لە جەبارە. * رۆژبەیانی ١١٦ قەیتولی: دەوری جەبارە.
٥- لـە تـورکیا : *زەنگەنە م سەروی دەریاچەی وان.

٦- لـەئـەرمەنستان و ئازەربایجان : *زەنگەنە ، لە کەرەباخ ، لە ١٣٦٩ز. دا زۆری تر بۆ ئێرە هاتوون.

---

١١٤ _ ٥ /٥ / ٢٠٠٣ ز. کەناڵی ئاسمانی کوردستانی ئێراق ، لە دەنگوباسدا بڵاویکردەوە: لاوە دیلێکی کوردی ئێراقی، سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق و ئێرانی پیشان دا، بە ناوی نەجات محەممەد ئەمین، ووتی: " لە شاری قوچان گیرابووم، لەو شارەدا کورد زۆربوون. "
١١٥ - د. موکەڕەم تاڵەبانی ، دیوانی شێخ ڕەزا ، ل:١٥- ١٩. + سی. جی. ئەدمۆنز، س. ع. ژ. ٦ ل:٢٤٥ + ع. سەجادی ، س.ك. ژ.٢ ل:٣٤١. + مەعروف خەزنەدار ، س. ك. ژ. ١٦ ل: ٨٩. وە سەیری گۆرانەکانو ناوی نوێیان . ل:١٢٠.
١١٦ – سیروس ئیزدی ، س. ف . ژ. ١٧ ل: ٨٥ . ئەمیش نیشانەی بە دەستنووسێکی ڕەحمەتی تۆفیق وەهبیش کردووە.

## کورتە باسێکی لقی زەنگەنە:

( واتای وشەی زەگەنە لە زەنگینەوە هاتووە) . ١١٧ ناوێکە ، کوڕی شاوەران بووە ، ئەوانەی ئێراق ٤٥٠ بنەماڵەن ، وە لە شارەکانی: موسڵ ، کەرکوك ، خانەقین ، کفری ، ئیبراهیم خانچیدا دەژین). ١١٨

( ئەوانەی ناوچەی کرماشان١٥٠٠ بنەماڵەن). ١١٩ ( بنەرەتی زەنگەنەییەکان دەچنەوە سەر سێ برا لە لوڕستانەوە هاتوون). ١٢٠

لە ١٣٦٩ز. دا، لە ئەنجامی هێرشی وێرانکاری مەغۆلەکان دا بۆ سەرئێران ، زیاتر لە ١٠ هەزاریان ڕەویانکردووە بۆ کەرەباخ ، کە ئەمڕۆ لە ناو دوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنستان و ئازەربایجانە. ل٣/٢٨ ئەمە یانی کوردەکانی ئەوێ ، ڕەچەڵەك گۆرانیشیان دەبێت هەبێت ، بۆ بەسەر ئەو هەموو کوەردستانەدا ، رۆشتوون و نەگیرساونەتەوە ؟!. رۆژئاوای کەرەباخدا = کوردستانی تورکیایە ، شاری بایەزیدە ، ئێرەش زازا و دملی، گۆرانی لێیە.

لە کەسە ناودارەکانی زەنگەنە:

١ ـ ١٦٣١ز. عەبدولباقی خانی زەنگەنە ، فەرمانڕەوای کرماشان بووە . هەروەها نوێنەری ئێران لە ئەستەنبوڵ بووە. لەکاتی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی نێوان ، سەفەوی و عوسمانی.

٢ ـ - ١٦٦٧ز. عەلی خانی زەنگەنە ، کە سەدرولئەعزەمی شا سلێمانی سەفەوی بووە. وە ئەلاقولی خانی کوڕی عەلی ، فەرمانڕەوایی کرماشان بووە.

٣- لەسەردەمی شاتەهماسب دا، شا مەنسوری زەنگەنە ، میریمیرانی کوردستان بووە.

٤- ( حسەین خانی زەنگەنە ، کە لە لایەن نادرشاوە.هەردوو چاوی کوێرکردبوو ، وە لە کرماشاندا گۆشەگیرکرابوو. پاش کوژرانی نادرشا ، لە شەڕی قوچاندا لە لایەن گۆرانەکانەوە ، چاوکوێرکراوە ، شۆڕشێك بەرپا دەکات ، ١٥ هەزارکەس لە دەوری کۆدەبنەوە ! ). ١٢١

٥- ١٨٢٨ز. محەممەدخان ئەمیرنیزامی زەنگەنە ، لە سەردەمی عەباس میرزا و کوڕەکەیدا، خەسرەو میرزا ، بە کاری دەوڵەت ، نێردراوە بۆ بوترسبورگ. وە لە ١٨٣١ز. بە فەرمانڕەوای ئازەربایجان کراوە. بە هێنانی بنەماڵەی پەهلەوی ، بۆ سەر حوکمی ئێران ، دوای قاجاری، دەسەلاتی زەنگەنەکانی ئیران رودەکاتە کزی.١٢٢

---

١١٧ - ئەدمۆنز، س. ع. ژ. ٦ ل :٨٤. ١١٨- مەردۆخ ، س. ف. ژ.١ ل: ٩٤.

١١٩ - ئەمین زەکی ، س. ع. ژ.٥ ل: ٤٣٠. ١٢٠- ئەمین زەکی ، ل: ٤٢٨.

١٢١ ـ مجمل التواريخ ، ابوالحسن محمد امين گلستانە. ل:١٣٢

١٢٢ سەرچاوەی یەکەم ، هەمان لاپەڕە.

سەجەرەیەکی زەنگەنەکانی ئێراق:

مەلا مەحمودی زەنگەنە( دەروێشی گەورە،لەیر ئیسماعیل) لە گوندی قەیتول ژیاوە:

↓

مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی ، گوندی تاڵەبان

عەبدولکەریم - غەفور - عەبدولڕەحمان - عەزیز

عەبدولکەریم ↓ محەممەدعارف( زەهـاو) ↓ عەبدوڵا ↓ ستار

عەبدولڕەحمان ↓ قادر - شێخ ڕەزای شاعیر. - عەلی

١ ـ لە زەنگەنە: براخۆیی= کوردگەلی ، کورتە باسێکیان:
لە ل: ١٠٤ دا ، لە ڕیزی ١ و ٤ لقەکانی زەنگەنەدا ، ناویانبرابوو ، ئەمان لە ناوچەی هەردوو بەلوجستاندا دەژین ، ئەوەی ناو سنوری ئێران و پاکستان ، سنوری دەستکرد لە یەکی جیاکردوونەتەوە. کورد لەهەر کوێ هەبێت لەتیانکردون ، لە نێوان تورکیا لەگەڵ ئێران+ ئەرمەنستان وە ئەم لەگەڵ ئازەربایجان. ئێراق وئێران و سوریەش دیارە ، سەیرە ئەمە رێکەوتە ، یا ڕێکخستەە؟!. ئەم براخۆییانە لە ١٧٥٨- ١٨٨٣ز. دا دەوڵەتێکیان بەناوی خۆیانەوە هەبووە. خەڵکی ئێرە ئێستا بە بەلوجی ناودەبرێن ، بە ناوی نیشتیمانەکەیانەوە. لە کۆنتردا بە دەوڵەتی تۆران.

## ب/ ٢ / لقی دوویەمی گۆرانەکان ، باجەلانی ، باجەلانوەند.( وەنــد) ییەکان : ١٢٣

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- شەبەك. | ٢- یەزیدی . | ٣- هەمەوەند. ل:٢/٩٧. | ٤- کاکەیی.ل: ٣٤٨. |
| ٥- داودی. | ٦- زەهاوی. | ٧- دووزێیی. | ٨- نامیوەند . |
| ٩- سەعدوەند. | ١٠- شێخوەند. | ١١- کاکەوەند. | ١٢- تەکاوەند.ل١١٤/ئـ |
| ١٣- سۆفیوەند*. | ١٤- عوسمانوەند. | ١٥- کۆتزیوەند | ١٦- زەند. ( ١٢٤ ) |
| ١٧- جەمور. | ١٨- سارەکی. | ١٩- قازان. | ٢٠- مادانی. |

١٢٣ - مجمل التواريخ ، ابوالحسن محمد امين گلستانه. ل:١٣٢

١٢٤ - زەند ، زەندی: هەر وەندی یە ، واو کراوە بە : زێ . بەر کۆمەڵەی باجەلانی ، دەکەون ، نەك زەنگەنە. ئەمە یانی کەریم خانی زەندیی گۆرانی ، لەمانەیە. * /ل١١١/ژ- ٩.

، مـەكران ناسراون . لـە ٨٥٥ پ. ز. دا، كۆچیانكردووە بۆ ئێرە ، پانتایی ئەم ناوچەیە ٢٢٠ میلی چوارگۆشەیە.

كورتە بـاسێكی لـقـی باجەلانی :
{بۆچوونێكی نووسەر:
مۆرێكی مـێژوو ، وەک ، لـە ٢٠ لـقەكەی هـۆزی باجەلانی لاپەڕەی پێشوودا دیـارە ، نۆ لـقـیـان ، پاشگری ( وەنـد ، نـد) ی پێـوەیـە ، ئەمە پێم دەڵێت: نـاوی هەر هـۆزێک ئەوەی پێوەبوو ؟ لە سەرچـاوەوە ، لـە ناو بازنەی باجەلانی دان. با ئەمڕۆ ناوێكی تریان هەبێت ، وەك: شـەبـەك ، یەزیدی ، كاكەیی ... لقەكانیان ل ١٠٦. ئەم هەموو باجەلانییە؟ ئەی كـووان ؟!.
یا كۆچیان كردبێت بۆ ناو هۆزێكی ترو تـووابـوونەوە. وەك: ( تـەكاوەنـد ) ی باجەلانی تیكەڵی لـووڕی بـچـوك بووە. ل:٩٠ /٩.
وە (سۆفـیـوەنـد) ی باجەلانی ، بـۆ ناو جافـەكانی ك. ئێراق كۆچیانكردووە ، وەک دەبینرێت ، وەنـدەكەیان هەرمـاوە. كۆتـزیـوەنـدی باجەلانی ، كۆچیانكردووە بۆ ناو قەڵخانی دووتیرە. ل ١٠٩/ ب. لـە مەندەلی لـەم باجەلانیانە زۆرهەبوون. وە ( مەند ) ی وشەی شـاری مەندەلیش ، هەر لـە وەنـدەكەوە وەرگیراوە. ناوی كەسانی كوردی ئێراق دەبیستین ئەو پاشگرەی پێوەیە ، وەک خەلیل وەندی}.
سیروس یـەزدی :
( باجەلانییەكان ، لـە نـاوچەیـەكی فـراوانـدا ، پرژوبڵاوبوونەتەوە. لـە ئێراندا لـە خواروی هێڵی پانی جوگرافی ژمارە ٣٣ وە ، دەستپێدەكات ، خواروی ڕۆژهەڵاتی كوردستان(یانی لە خواری دیزفـول و بەدرە و زرباتیەوە . تا زێی گەورە). ١٢٥ لە كوردستانی ئێراق ، كە دەبێتە سەروی ڕۆژاوای.
دووپرێی فەرەنسی:
( لە خواروی دەربەندیخانەوە ، بە خانەقیندا بۆ مەندەلی.+ ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ+ نێوان دوو ڕوبـاری زێی گەورە و بچوك ، وە شاری هەولێری نێوان دوو زێ دایە ، لە ١٨١٩ز. دا، سێ تـاچـوار هەزار دانیشتوی كوردی هەبووە ، وەبە ڕەچەڵەک باجەلانین.) ١٢٦
دووپرێ و یـەزدی :
( لـە ١٨٥٠ ز. بنكەدەرەی سەر بـە خانەقین، باجەلانین،لەو كاتەدا ئەم ناوانەیان هەبووە: زەنـد ، مەلامیرزا ، مادان ، جگەرلو ، وە ١٥٠ بنەماڵەبوون). ١٢٧
مـینۆرسكی:
( باجەلانییەكانی ناو ئێران لـە سەدەی١٨دا،١١٠٠بنەماڵە بوون. لـە دەرەتەنگ و دەرەنم و زەهاو بوون) . دەرە بە هەورامی: یـانی چەم ، ناوی یـەكەمیان لە نزیک نەوسودی هەورامانی دیوی ئێران دا هەیە.= نووسەر.

---

١٢٥ – سیروس ئیزدی . س. ف. ژ. ١٧ ل ٨٧

١٢٦ - DUPRE , Voyage en Perse, Fait dans Les Annees 1819, Paris, T1.


١٢٧ – س. ئیزدی ، س. ف. ژ. ١٧ ل٤٦.

ئـیرەج ئـەفشـار:
ئەم باجەلانیانە لەناو گۆرانەکان دا، لە هەموویان زیاتر ، پرژ و بڵاو و تواونەتەوە ! لە سەردەمی قاجارییەکان دا، خۆیان سەرۆکی ناوچەی خۆیان بوون، بۆ نموونە: محەممەد حسەین خان،= حیشمەتودەولە ، کوری محەممەد عەلی میرزای دەوڵەت شا ، فەرمانڕەوای کرماشان بووە.) ١٢٨

کارڵ هادانگ:
لەناو شاری موسڵ و دەوروبەریدا.٧٠ گوندیان هەیە. لە نەخشەی ل:٨٤/ ئـ کە لە ١٩٠٢ز. کێشراوە ، گوندی کۆنی باجەلانی لە قەراخی سەروی ڕۆژهەڵاتی شاردا، دیاریکردووو ، سەیری ئەوێ بکەن. بە ڕۆشنی و بە ئەڵمانیش نووسراوە گوندەکانی باجەلانییەکان . وە لەو کاتەدا عەبدولعەزیز باجەلان ، پاشای شاری قەسری شیرین بووە). ١٢٩

باسی لقێکی باجەلانی : ١ـ **شەبەك ، یەزیدی :**
لە لقی زۆرتـواوەی باجەلانییەکان ، ئەمان پارێزگارییان لە ڕەچەڵەك و دینی یەزیدییان کە بەشی زۆریان لە سەرینی ، کردووە. بەڵام زمانی گۆرانییان زۆرکزبووە ، بەردەڕەش لە شوێنە باشەکانە ، کە پارێزگاری لێکردووە ، هیوادارین فشاربخەنە سەر ، دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق ، بۆ ئاگادارکردنەوەی ، لە بەرەو بردنی ، زمانیان بەرەو تـووانەوە ، تا ئەم زمانە عەنتیکە پیرۆزەیان ، تیانەچێت.

سەجەرەیەکی باجەلانی:




لە پێشەوە باسیکرا لە ١٩١٩ز. ئینگلیزەکان لە گۆڕجەلی، بە زمانی کوردی گۆرانی ، قوتابخانەی بۆ دانـاون! . وە کلـۆدیوس ریجی بەریتانی ، لە ١٢- ١٨٢٠ ز. چۆتە لایان. د. حەنین قەدۆ ، نوێنەری *شەبەك* لە ئەنجومەنی شاری موسڵدا، لە کەناڵی ئاسمانی

---

١٢٨ ـ ایرج افشار ، س. ف. ژ.١ ل: ٣٧. + د. محەممەد رزا نەسیری ، استاذ مکاتبات تاریخی ایران ، جلد/١ ل: ٢١١. ١٢٩- کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ.١ ل:٣٧ .

کوردستانی ئێراق ، لە ٨- ١٠-٢٠٠٣ ز.ی دا ڕایگەیاند:

( سەرژمێری شەبەك لە ١٩٧٧ی ڕژێمی ئێراقدا ، سەدوهەشتا هەزار کەسن ، ئەمڕۆ ٢٥٠ هەزارن ، حەفتا دێیان بە دەوری موسڵدا هەیە) .
لە ١٩٨٨ز. دا ڕژێمەکەی سەدام حسەین ، زیاد لە سێ هەزار بنەماڵەی ، بە عەرەب نەبووی ! ئەمانی ، دوورخستوەتەوە بۆ کۆگوندە زۆرە ملییەکانی حەریر و بازیان. ( لە هەمان ساڵدا بە گازی ژەهراوی ،٣٠ کەسیان شەهیدبوون ، وە لە ڕوخانی ڕژێمەوە ٩-٤ - ٢٠٠٣ز. یەوە تا کۆتایی ٢٠٠٩ز. ١٤٠٠ کەسیان لێ تیرۆرکراوە! ). ١٢٩ بەشی زۆری خەڵکی شەنگال ، تەلەعفەر ، لەمانن .
عەلی گەورەخان( عەلیگوەر) ی یەزیدی شەنگارلی ، بەزمانی گۆرانی ، شیعرێکی٢٠ دێڕیم دیوە ،ئەمەش دیاردەیەکە ، بۆ گۆران بوونی شەبەکە یەزیدییەکان. سێ دێڕی ئەو هۆنراوەیە لە شینێکدا بۆ مردنی خێزانەکەی:

بەزەییت ناما ، وە جەسە و حاڵم؟ خامۆش کەری شەو ، چراکەی ماڵم؟
بازاڕ گەردوون ، هەر ئێذ کارشەن هەرساتێو سەد ڕەنگ ، جە بازاڕشەن
کردەی یەکێوەن ، نەذارۆ دەرەج ئەمانەتو تۆن ، (ئەمانەڵا و فەرەج) . ١٣٠

## پ/ لقی ٣ یەمی گۆرانەکان ، کۆمەڵەی قەڵخانی:

لە ٢ بەشی سەرەکی و ٢٢ لق پێکهاتوون:

| ئـ / گـۆرانە ڕەش | ب / دوو تـیـرە |
|---|---|
| ١– بێویانی،بیبیانی،بیوەنجی. | ئەسیری، |
| ٢ - تفەنگچی. | بەهرامی. |
| ٣ – نیرێژی. | نەجەفی. |
| ٤ – بازیانی. | کۆتزیوەند. ١٣١ |
| ٥ – تەختگاهی. | رۆسەمی. |
| ٦ - قەڵازنجیری. | تووتشاهی. |
| ٧ – حەیدەری. | جوانمێری. |
| ٨ – گاوارەیی. | قرگە. |
| ٩ – سیمنی. | یاروەلی. |
| ١٠ – نائیرینش. | سەوزە. |
| ١١ - دانیالی. | شوانکارە. تەکاوەند. کاکەوەند،لای قەزوینیش هەن. |

١٢٩ –کەناڵی ئاسمانی کوردستانی ئێراق ، لە ٢٩-١٢- ٢٠١٠ ز.دا. ٨ ی شەو.
١٣٠– ئەمانەڵا و فەرەج: مناڵی بوون. ١٣١ - کۆتزیوەند: باجەلانین ، تێکەڵی ئەمانبوون. وەك دیارە پاشگری وەندی باجەلانیان هەر پێوەیە ، ل١٠٦ / ١٦.

کورتەباسێکی قەڵخانییەکان:
باوەڕی دینیان ، ئەهلی هەقی ، یارسانی ، زەردەشتی ، یان تێدایە. بۆ ئەوەی بزەیەك بکەوێتەوە سەر لێوی خوێنەر، ئەم نوکتەمە لە گۆرانە ، ئێرانییەکان بیستووە ، بۆتانم نووسیوەتەوە:
لێپرسراوانی جمهوری ئیسلامی ئێران ، چەندجار داوا لەم قەڵخانیانە دەکەن ، واز لەو باوەڕەبهێنن ، هان لە سەری و ، بێنە سەر، هی ئیسلام. ئەوانیش پاش ڕاگۆڕینەوەی نێوانیان ، دەڵێن دەبین بە ئیسلام ، لەسەر مەزهەبی سونە. کە وەڵام بەو شێوەیە ئەدەنەوە ، دەڵێن: مەکەن مەکەن ، نامانەوێت ، لەسەر بەزمی خۆتان بمێننەوە و مەبن بە ئیسلام!.

لقێکی قەڵخانی گۆران ، بیبیانی:
(ئەم لقە بەم دوو ناوەی تریش ناوبراون : بێویانی ، بیوەنگی. لە ناوچەی زەهاودا دەژین ، هەرچەند لە پێشدا بە گۆرانی دواون ، ئێستە زمانەکەیان زۆر کەم بووەتەوە.لەو شوێنانەی کە تێیدا دەژین وەکو: ١- حاجی ئەحمەدی دارەکە. ٢- شای تووتیا. ٣- مەجیدمەحمود. ٤- قەڵەمی کاکەلی. ٥- بەرخ باران یا ئاوایی مارە. ٦- بێشکان مستەفا. ٧- مەجلولانی تایفەی غەفور. ٨- مەجلولانی تایفەی عەولعەزیز. هەندێك لەم بیبیانیانە کۆچیانکردووە ، بۆ بەخشی= ناحیەی ، فەیزوڵای ناو ك. ئێراق ، لای خانەقین. لەوێش لەم شوێنانەدا ژیاون ، ئەگەرڕژێمی ئێراق ، وێرانی نەکردبن؟!.
١ ـ سەرقزل. ٢- بەردی عەلی. ٣- بەردی پارسن. ٤- ترشاوەی لەتیف.
٥- گۆڕی گنوش. ٦- سەییدمستەفا. ) . ١٣٢

**ت/ لقی چوارەمی گۆرانەکان** : **قادریی ، تایشی ، نیریژی ی جاف** ،
*لە ئێران*:
سێ لق ، لە جافەکانی ، دیوی ، کوردستانی ئێران ، گۆرانن:
وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت ، لقەکانی جاف ، لە دیوی کوردستانی ئێراندا ، زۆرن. بەڵام لەم لقانەدا ، هەر سیانیان لای گەڕۆکەکانەوە ناوبراون ، کە ڕەچەڵەك گۆران بن ، وە ئەم سیانەن:
١ ـ قادری موراد وەیسی. ٢- تایشی. ٣- نیرێژی. (بۆ زیاتر دڵنیابوون سەیری ل:٩٨ بەشەکانی گۆران. ریزی٤ . وە پەراوێزی/١٠٩ ی مینۆڕسکی).

* هۆزی قوبادی ، دڵنیا نیم ، لە جافن یا گۆران ؟ لەبەر ئەوە لە هەردوو کۆمەڵدا ، ناویانم نەبردووە بە ئومێدی داهاتوو. بە سەیری کتێبە بەنرخە. شیعرە ، هەورامیەکەی ، ڕەحمەتی ، (خانای قوبادی : شیرین و خەسرەو ، ساقکردنەوەی محەممەدی مەلاکەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا /١٩٧٥ز.) لە گۆران دەچن. (؟).

---
١٣٢ –کارڵ هادانگ ، س. ئە . ژ. ١ ل ٣٧.

هەر بۆ زانیاری جافەکانی هەردوو دیوی ئێران و ئێراق لێرەدا دەنووسم ، کە ئەمانەی خوارەوە ، گۆران نین.

لقەکانی تری جافی ئێران :
**ئـ /** ٤- وەڵەدبەگی. ٥- جوانڕۆیی. ٦- ئیمامی. ٧- باوەجانی. ٨- ئێناخی.
٩-کڵاشی. ١٠ - زەردۆیی. ١١- نامداربەگی. ١٢ -میرەبەگی. ١٣- دڵەتازە.
١٤- دەروێشی. ١٥- پاڵانی.
ئەمەی دوایی ئەم سەردارەیان هەبووە: عەلی سانی پاڵانی. ١٦-دەتوویی. ١٧-تاوگۆزی.
ئەمەی دووایی ناوی تیرەو گوند و ناوچەیەکە لە هەردوو دیوی ك. ئێراق و ئێراندا پێکەوەن ، سنووری داگیرکەر لێکی پچڕاندوون. ئەوەی ئێراق سەر بە پارێزگەی هەڵەبجەیە ، ڕۆژئاوای کەوتووە.

**ب/** جافەکانی دیوی کوردستانی ئێراق:
١ـ میکائیلی = : ( ئـ / ئالآبەگی. ب/ ڕەشەبۆری. )
٢-شاتری: ( ئـ/ برایمی. ب / یوسف جانی. پ / وردەشاتری. ت/ میروەیسی.)
٣-ڕۆغزایی: ( ئـ/ سەرحەد. ب/ شێخ عەلی وەیسی. پ/ شێخ. ت / حەمەجان.)
٤- جەلالی: ( ئـ/ کارماوانی. ب/ سەرکاچ. پ/ پشدەری. ت/ خدروەیسی. ج/ بۆرە. چ - بەگزادە.) ٥- تەرخانی: (ئـ/ قاچوول. ب/ قادر حەسەن عەلی. پ/ ئالیق).
٦- هارونی: ( ئـ/ قارەمانی. ب/ سەلیمی. پ/ نادرشایی.)
٧-مورادی ٨- گەڵاڵی. ٩- <u>*سۆفیوەند./ ١٣٣.*</u> ١٠- پێوازی. ١١-عیسایی. ١٢-کەماڵە. ١٣- سەدەنی. ١٤- بەدەخی. ١٥عەمەلە. ١٦- نەورۆڵی. ١٧- کۆکۆیی. ١٨- پشتماڵە. ١٩ - یەزدانبەخشی. ٢٠- کەماڵە. ٢١- شێخ بزێنی. ٢٢- شوان. ٢٣- بێسەری. ٢٤- سەیادی. ٢٥ - جافەڕەشکە. ٢٦- پرخی. ٢٧- چووچانی. ٢٨- بوداق ، سەیری سەجەرەی بابان. ٢٩- سمایل عوزێری. ٣٠- شەرەف بەیانی. ٣١- قەویلەیی. ٣٢- کافرۆشی.٣٣- شینکی.


جێگایان:
لە ئێراندا ، جاف و گۆران ، ناوچەکانیان بەدەم یەکەوەن و هاوسێن ، سەرو ورۆژئاوای ستانی کرماشانە. ئەو سنوورەی ئێران و ئێراقەی سەفەوی و عوسمانی دروستیکرد، نەیتوانیوە ، پەیوەندی نێوان خێڵە کوردەکانی ، هەردوو دیو لە یەکتری داببرێت. بۆیە کۆچاوکۆچ لە نێواندا بووە و ، هۆزێك تێکەڵی یەکێکی تر بووە ، بە تێپەڕبوونی ساڵەها ، کەم لە زۆردا تووانەتەوە. هەر بۆیە لەم باسی ئەم گۆرانانەدا، لق دەبینرێت لە دوولا هەیە. وەک ژێرنووسی یەکەمی خوارەوە. ل ١٠٤، ئـ / ١ . وە تەکاوەندی ل ١١٤ لقی لووڕ.
لەسەردەمی زاهیربەگی جاف دا،سەجەرەی ل ١٠٣ چوارەم پشت ، کە هەرچەند هاوسەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتانی موڕادی چوارەم/١٦٢٣-١٦٤٠ز. نووسراوە! بە پێی

---

١٣٣ـ سۆفیوەند: ل: ١٠٦ /ژ. ١٣ ، ئەمانە لە باجەلانین ، تیکەڵی ئەمان بوونو تووانەتەوە.

باسەکە دەبێت ، ئەوانەی ئێران بن ، وە جێگاشیان لە سنورەوە نزیك بووبێت ، ئەمان کە لە ١٧٢٢ز. جمابن بۆ ناو ك. ئێراق ؟ دەبێت بیکەین بە سەردەمی: سولتان ئەحمەدی/٣ یەم: ١٧٠٣- ١٧٣٠ز. وا ٨٢ ساڵە موراد ، نەك هەر لەسەرکارنەماوە ، مردووشە. جوگرافیا و ئازایی و زۆرییان ، هۆزی جافیان ، کردووەتە ، جێگای کێشمەکێش ، لە نێوان عوسمانی و سەفەوی دا. نوێترین کۆچ لە ئێرانەوە بۆ ئێراق ١٧٧٢ز.

**سەجەرەیەکی جافەکانی هەڵەبجە:**



عادیلەخانمی جاف: هەڵەبجە ،١٨٥٩ - ١٩٢٤ خێزانی وەسمان پاشای جافە. سەرچاوەی ئینگلیزی ، ل:١٣٤پەراوێزی/١، لە ل: ١١٨ ی دا، دەڵێت ئەردەڵانییە. من بزانم لە دوو ژنەکەی یەکێکیان ، خوشکی جافرسانی هەورامانە ، لە نەوسودی. دیوی ئێران. وە دایکی مەجیدبەگە.

## ج - لقی پێنجەمی گۆرانەکان ، لوور:

| ئـ - لووڕی بچوك | ب- لووڕی گەورە ، پشتکێو |
| --- | --- |
| ١- فەیلی. ل ٦٨ ژ/ ٢٤٤. | ١- بەختیاری چوار لنگ ، = ٢٤ لقن. |
| ٢ - ئەرکەوازی. | ٢- بەختیاری حەوت لنگ ، = ٥٥ لقن. |
| ٣ – فزولی. | ٣- کەڵهووڕ= (شابازی ، مەنسوری). |
| ٤- عەباسی . | ٤- لەك ، ٤ لقن. |
| ٥- محەمەد کۆماری. | ٥- سنجابی. |
| ٦- ئالانی. | ٦- مامەسانی. |
| ٧- کروهی. | ٧- کێوکیلۆیە ، کۆهگلولی + لقی تریش(؟). |
| ٨- تەکاوەند. ١٣٤ | ٨- مانی. |
| ٩- مەلەکیشی | ٩ ـ ئارکی. |
| ١٠- چنگڕویی. | ١٠ ـ ئارسان. = ٢٩ لقن. |

کورتە باسێکی لووڕ:
وشەی لووڕ، لە شاری لووڕی دێرینەوە هاتووە ، کە لە نزیك شاری دیزفولی ئەمڕۆدا، لە لووڕستان هەبووە.. هەروەك لە باسی ، ئایا گۆرانەکان کوردن ؟ ل:١٠١ چەند دانەیەك ڕۆشنبیری دەغزدار ، یا قەڵەم جڵەوکراو. دەیانەوێ ئەم هۆزە مەزنەی کوردە ، لە ، لە کوردبوونی بپچڕن!. ئەوەش خواستی دەوڵەتی داگیرکەرە.
ناوچەی ئەمانە دەروازەی ، کوردستانی مەزنن لە خوارەوە !. لەسەر ئاوی = کەنداوی عەرەبی یا فارسی. ئەگەر کوردستانی ئێراق؟ کوردی لووڕ بدۆڕێنێت ؟ دەرگای دەربازبوون یا کاڵا هێنان و چوون ، بۆ سەر دەریاتان ، لێ دەگیرێت ، کوردستان لە سێ لاو و نیوەوە ، بەندیخانەیە وە دەوری بە ناحەز و نەیار گیراوە ، خوانەکا لە ڕۆژی ڕەشدا ، دیلن. نەخشەی ل: ٣٧ ، ٢٢٤ . وە، ل٣٠. لەبەرئەوە بە تەنگی لووڕ و لەک و گۆرانەوە ... بن.

وا ڕای چەند مێژوونووسێك دەنووسم ، کە بیانین ، هەیشیانە لە کۆندا ، سەردانی لووڕستانی کردووە:
( ناوچەی هۆزی کەڵهووڕ ٧٢ کم. خوارووی ڕۆژئاوای کرماشان کەوتووە. لە سەردەمی شا سەفی ، سەفەوی دا ١٦٢٩- ١٦٤٢ز. لە ژێر دەسەڵاتی حاکمی سونقوردا بوون. وە: ئەمانە دەچنەوە سەر زەنگەنەی گۆران). ١٣٥

١٣٤ ـ ئەمانە باجەلانین ، تێکەڵی لووڕ بوون. ل١٠٦/ ١٢. ١٣٥ -ا. سیستانی، س. ف. ژ. ٧ ل: ٧٢٠.

(پەڕاوی شەرەفنامەش لووڕی بە گۆران ناوبردوون) ١٣٦. لای ئەمین زەکی،. (گۆران هەموو دەچنەوە سەر سێ برا لە لووڕستانەوە هاتوون. ل: ٧/٨٤). بەڵام بەهەردوو سەر، یەکبوونی هۆزە کوردەکانی پێوەدیارە.
( گۆران و لووڕ یەکێکن). ١٣٧. (لای مینۆڕسکی، لووڕ و لەك لە یەك ڕەگن) . ١٣٨ وە( لە باجەلانییەکانن) . ١٣٩ (بەختیاری چوارلنگ لە شارەکانی: بروجەرد،گولپایگاندا دەژین. بەختیاری حەوت لنگ لە شارەکانی؛ شوشتەر، زەرکێو، کرماشاندا دەژین). ١٤٠ سەیری نەخشەی خواروی رۆژهەلاتی کوردستان لە ل: ٣٤، بکە. (ئەم بەختیارییانە لووڕن.) ١٤١ (لوور و بەختیاری کوردن). ١٤٢ (سنجابی لە نزیکی لووڕدا دەژین،ئەمانە لە بنەچەی جاف و گۆرانن). ١٤٣ بە سەیری ناوەکانی کۆمەلەی/ پێنجی ، گۆران، دانانی وشەی لووڕ بۆ سەرباسیان بە، لەبار دەزانم.

## چ – لقی ٦ ی گۆرانەکان ، زازا و دملی :

زازا و دملی ناوی ئەو گۆرانانەن، کە لە سەروی دەریاچەی وان دا، لە کوردستانی تورکیادا، (لە شاری: بایەزید = چاڵدێران ، دا لە ١٨٦٠ز. دا. چل ، وە لە دەوریدا شەست بنەماڵە ژیاون. ١٤٤ لە خەرپوتی قەزای سیورکدا یەك هەزار بنەماڵە هەبوون) . ١٤٥ لە رۆژهەڵاتی ئێرەدا کە وڵاتی ئەرمەنستان و ڕۆژهەڵاتی ئێرەش، ئازەربایجانە، لە ناوچەی کەرەباخی هەردوولادا دەژین.
لە ١٣٦٩ز. کە هاتنی شاڵاوی مەغۆلەکانە و ڕۆژئاوای ئێران داگیردەکرێت. ٣٠٠ هەزارکەس لە (هۆزی چگنی ،سیامەنسوری، بۆ بیرخستنەوە: ئەمانە لە کۆمەڵەی زەنگەنەن. ل: ٧+٦/٩٦) بۆ ناوچەی کەرەباخی ناوبراوی سێ دێڕ لەمەو پێش. کۆچ دەکەن.
بۆ زیاتر دڵنیابوون لەوەی، زازا و دملی گۆرانن:
(ف. س. ئەندریاس و مینۆڕسکی: شێوەزمانی دملی بەشێکی جیابووەوەی زازایە،وە نیشتەجێی کۆنی زازاکان، هەر جێگای گۆرانەکان بووە. ئۆسکارمان: گۆرانی و زازاکی وشەی لەیەکچووی هاوبەشیان هەیە . خانوەکانیشیان لە هی ناوچەی گۆران دەچێت. کارڵ هادانگ: ئەو لە یەك چوونانە زۆرن) ١٤٦. ( دابڕینی زازایی لە زاراوە کوردییەکانی، کرمانجی خواروو، بەهۆی لەناوچوون و وونبوونی ئاڵقەیەکی پەیوەندییەوە، پێکهاتووە. کە بریتیە لە زمانی ئازەری کۆن). ١٤٧
*بەو خوێندنانەوەی سەرەوە ، هەموویان ، زازا و دملییان لە گۆران جیانەکردووەتەوە .*

---

١٣٦- سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ.١٧ ل: ٦٢. ئەم ژمارە یەکە ، دوو جارە.
١٣٧- سیروس ، ل: ٨٨ . سەیری نەخشەی زاراوە ناوچەییەکانی زمانی کوردی.

١٣٨-THE ENCICLOPED OF ISLAM V,II LONDON P. 317,MINORSKZ, LAK, P.10-11.41-
١٣٩ - کارڵ هادانگ، س. ئە. ژ.١ ل:٣٤. ١٤٠- مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ل١٣٢.
١٤١- مەردۆخ ، ل ١٧٤. ١٤٢ – سیروس، وەک ١٣٦ ـە. ١٤٣ – سیروس ، ل ٦٩.
١٤٤ – سیروس ، هەمان لاپەڕەی،ژێرنووسی ١٣٦. ١٤٥ – ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ژمارە ١٣٨.
١٤٦ – هادانگ ، ل ١٨ ، ٣٢. ١٤٧- ئەنوەری سوڵتانی ، س. ك. ژ. ١٥ ل:٣٢ .

**ح - لـقـی ٧ ـەمی گۆرانەکان ، کاکەیی** :
ئەم هۆزە لە ئێراق دا ، لە ١٨ شار و دێدا دەژین. وەکو: تاووقی خواروی کەرکوك. لە هاوار ، دا لە ٨ میلی شاری هەڵەبجەدا. لێرەدا بە ( هاواری) ش ، بە ناوی جێگاکەیانەوە ناو دەبرێن. لە خانەقین ، قەسری شیرین ، مەندەلی ، تەلەعفەر. لە شارە گەورەکانی موسڵ ، کەرکوکدا هەن.

بنەماڵە یا سەجەرە دیارەکانیان، وەکوو:

| | | |
|---|---|---|
| ١- سوڵتانی ساق = س. ئیسحاق. ل:٣٥٤ | ٢- زەید و دین. | ٣- ئیبراهیم شا. |
| ٤- میرەی یەکەم. | ٥- جافرخان. | ٦- چراغ. |
| ٧- شاعەلی خێران. | ٨- ئیبراهیمی/١. | ٩- هاواری. |
| ١٠- خەلیل عەلی خان. | ١١- موحەممەد. | ١٢- عەلی. |
| ١٣- ئیبراهیمی/٢. | ١٤- ڕۆسەم. | ١٥- ئیبراهیمی/٣. |
| ١٦- سەیید موحەممەد. | ١٧- عەلی ڕۆسەم. | ١٨- فەتاح خەلیل. |
| ١٩- سلێمان والاد. | ٢٠- ڕەزا. | ٢٠- میرەی دووهەم. |

**خ / لـقـی ٨ یـەمـی گـۆرانـەکـان ، هـەورامـی ، لە ل: ١٢٧- ١٧٩** باسیان کراوە.

**د / لـقـی ٩ یـەمـی گـۆرانـەکـان ، ئـەردەڵانـی: لە ل: ١٧٩- ١٩١** باسیان کراوە.

* بەشی زۆری ناوی کەسانی گۆران و جێگاکانیان ، لەم بەشی دووهەمی گۆرانستان دا ، لە سەرچاوەی ئەڵمانی ، ئۆسکارمان وەرگیراون ، ئەم لە بەرلینەوە، دوو جار سەردانی هەورامانی کردووە. کە لەم کتێبەدا لە زۆر شوێن بەمە نیشانەی پێدراوە: کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ/ ١+ ٦. چونکی ئەم پێیاندا چۆتەوەو ، ناوی ئەم لە سەر بەرگەکە نووسراوە.

..................................................

**ئەو بیانیانەی سەردانی هەورامان یا گۆرانستانیان کردووە** :
گەلێك لە گەرۆکە بیانییەکان ، سەردانی ناوچەی گۆرانەکانیان کردووە ، هەر یەکەش پەڕاوی لەسەری نووسیوە. جا ئیتر ئەوەی دیویانە و بیستویانە ، هەمویان نووسیوەتەوە لە پەراوەکانیاندا؟!. بۆ نمونە ئەوەتا کارڵ هادانگی ئاڵمانی لە ١١- ٣- ١٩٢٨ز. دا بە مینۆڕسکی ڕوسی دەڵێت : (س. ئە. ژ.١ ل:٥١ ، ئەوەی لە سەر گۆران ، لە ١٩١٦ز. دا بڵاوی کردوەتەوە ؟ لەوە ناچێت هەمووی بێت ! ، هیوادارین لە دواییدا بۆی بلوێت ، هەندێك لە کۆپی دەستنووسە ئەسڵیەکان ، بڵاوبکاتەوە. هەروەها هاتووە: لە هەر کوێدا بۆی ساق نەبوەتەوە نووسراوە ، شێوەی کۆنی زمانەکە! ).
ئەو ڕای سەرەوە ، وا لە خوێنەر دەکات ، چەند پرسیاری ئاڵۆسکاو لە بەردەمیدا قوت

کاتەوە ، هەیانە وەك مینۆڕسکی و ئۆسکارمان ، یەکی دووجار هاتوونەتەوە: ئەوانە بۆ گەیشتونەتە ناو ئەم شوێنە سەختە دوورانە ؟. مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بووە؟. کوردیان خۆشویستووە؟. وەڵامی پرسیاری کۆتایی کورد خۆی دەیزانێت ، کە نەخێرە. چونکی وا سەرەتای سەدەی ٢١ ـەمە ، هەوڵیاننەداوە بۆ کردنە دەوڵەتی.

**ئـ /** دەوڵـەتـی کوردیـی .
دەوڵـەتـی کوردیـی ؟ شـووتـیـیـە کۆڵـەیـە ؟
یـا شـەرتـی چەقـۆی ؛ ناحـەز ، تـۆڵـەیـە ؟
لە خـوارووی سۆڤـیـەت ، حـەوت جـیـابـوونـۆ
وەخـتـی هاتـبـوو ؟ وتـرا بـە ، ئـوونـۆ ؟! ١
یـەک یـوگـۆسلاڤـیـا ؛ شەشـی ، لـێ زاوە ٢
زێـرب ئـەژدەهاک بـوو ؟ بـۆی بـوون ، بـە ، کـاوە ٣
بـەڵام لـە هـەرێـم ، بـە کـانـنـە ، نـەوتـۆ
بە ئـەسڵـی پاکـیـی ؛ لـە نـووحـۆ ، کـەوتـۆ
بە کۆنـی تـەورات ، جـوودیـش ، تـاپـۆیـە
کەسانی کەشتـیـش ، بـۆمـان ئـاپـۆیـە ٤ ( مـەرقـەدی کـوردستان . ل ٢٠ ).
بە شـۆڕشـگـێـڕیـش ، گـەلـمـان نـاسـراوە
کـێ ئـەوەندەی کورد ؟ شـەهـیـدی داوە ؟!
خـاپـووری لادێ ، ڕەو گـاز و ئـەنـفـاڵ
ئـوونـۆی بـە ڕەحـمـیـش ، لـێـی نـەکـردن گـاڵ !
لـە لای نـۆکـەری ؛ بـە گـوێـدا ، چـرپـاو
دەوڵـەت خـەیـاڵـە ؛ بـکـەر ، خـەڵـەفـاو
دەبێت ئـەم گـەلـە ؟ کـەی لـێـتـان ڕابـن ؟
تـاکـەی بـۆ سـێـبـاز ؟ چـەنـد دەڵاڵ ، دابـن ؟.

**ب /** ژنـە دۆمـەکـە:
لـە خـواروی ( سۆڤـیـەت )
حـەوت جـیـابـوونـۆ ،
بـڤـە نـەبـوو .

---

١ - هادی بەهمەنی ، س.ک . ژ . ١٨ . ل ١٢٤. لەماڵپەڕی فەیسبووکم دا، لە ٢٥ / ٧ / ٢٠١٥ز. دا ، بڵاوبووەتەوە. ئوونۆ : یووئێن. قیرگستان ، ئۆزبەکستان ، تاجیگستان ، تورکمەنستان ، ئەرمەنستان ، ئازەربایجان، گورجستان= (جۆرجیا). ٢ – مەکەدۆنیا ، کرۆئاتیا ، بۆسنە ، سلۆڤێنیا ، کۆسۆڤۆ ، مۆنتینیگرۆ... ٣– یوگۆسلاڤیای کۆن ، ئەوەی ماوەتەوە ، ئێستا بە ناوی نەتەوەکەیەوە ، زێرب ، زێربیا ، ناودەبرێت ، کە هەر پایتەختە کۆنەکەیان هەیە ، وە ، بەلگرادە.٤ – بە پێی زریانی سەردەمی نووح پێغەمبەر ، خەڵکی قەرەچۆڵی بڕاوەتەوە ، وەچەی لەوانەی ناو کەشتییەکە کەوتونەتەوە . دەبووایە بە مەرقەدیان بزانیایە ، کەچی تا ئەمڕۆش نەیانهێشتووە ببێتە دەوڵەت !.

\+ +
لـە ( بەلـەگـراد)
شـەش جـیـابـوونـۆ
چـغـە نـەبـوو .
\+ +
لە جەنـگی یەکەمـتـانـەوە
بـڕتـان داویـن ،
بـۆ بـۆڕدانی داعشـەکـان
خـۆشـتـان دەڵـێن :
تـانـجی ڕاوین !
\+ +
ئینجیلـەکان و تـەوراتـیـش ؟
نـاڵـێن ؟ : لـە پـشـتـی
نـوح زاویـن ؟
\+ +
ئـەی ڕۆژئـاوا ؟!
بـۆچـی ئـێـوەو
هاوسـێـکـانـیـش ؟
هـاوڕام نـابـن ؟
تا ئـێـمـەش وەک
ئـێـوە و ئـەوان ،
بـەرەو ئـازادی
بـاز ، بـاویـن ؟!.

لـە ساڵی ١٩٩٠ ەوە زیاد لـە ١٢ دەوڵـەتی نویَ دامـەزرێنران ، بـەڵام ئـەو چاوانـە کوردیان نـەبینی؟ کوردستانی ٦ بـەشکراوی دەستیان ، باپشکێکیان بدایـەتەوە بـەخۆیان.؟!
لـەگەڵ ئـەو باسەش دا ، کورد سوپاس و پێزانینی هـەیە بۆ ئـەو گـەرۆکانـە ، وا مشتێك لـە ئـەدەب و مێژووەکـەی بـەهۆی ئـەو بـە ئـەمـەکانـەوە ، گـەیـەنراونـەتـە ئـەوروپا ، لـە کتێبخانـەکانیان دا ئـەمڕۆش هـەرماون. ئـەوەندەی من بۆمـکراوە لـە بـەرلین، کـە *هـەندێك* بـەرهـەمیانم دیـووە ؟ ئـەمانـەی خوارەوەن ، دەیانخـەمـە بـەردەم ڕۆشنبیری بـە تـەنـگـەوە بـووی ، ڕۆژ ، بۆ بـە دواداچوون :

---

١ - هادی بـەهمـەنی ، س. ک . ژ . ١٨ . ل ١٨٩_لـە ماڵپـەڕی فـەیسبووکم دا ، ٧ / ٩ / ٢٠١٧ز. بڵاوبـووەتـەوە.

1-FUND GRUPEN DES ORIENT, 3BD. G.A. OLIVIER. WIEN, 1813.
2- GAMAYOV GRENY REHSE BUCH 1877.

ئەم سەرچاوەی دووەمە ، هی خورشید ئەفەندی تورکە ، ناوی پەڕاوەکە سیاحەتنامەیە. گاماتزۆڤ کردویە بە ڕووسی ، لێرەشدا بە زمانی ئەڵمانی ناوبراوە.

3- J.R.G.S. THE GEOGRAPHICAL HENRY RAWLINSON VOL. IX LONDON 1839.
4- AGE MEYER BENEDICSTEN, KOPENHAGN 1901 .

ئەم دانیمارکیە سەری شارۆچکەی نەوسوی ( پایتەختی کۆنی سانەکان ، لە هەورامانی لهۆنی ئێران) دا داوە. هەروەك ئەوانی تریش دەسنووسی لەگەڵ خۆی بردووە. چاوساقەکەی مەلاعەبدولغەفوری ڕواری بووە. بۆ ئەم دێیە سەیری نەخشەی ل: ٢٣٣ چوارگۆشەی پ/٢.

٥- ئۆسکارمانی ئاڵمانی ، بۆ کتێبە چاپکراوەکانی سەیری سەرچاوەکان ل:٤٩٦ ژمارە ١ و ٦. لە ١٩٠١+ ١٩٠٧ز. سەردانی ناوچەکەی کردووە.

6- JAQUES DE MORGEN MISSION SCIENTIFQUE EN PERSE T. v.1 1904.

ئەم گەرۆکە یەکەم گەڕۆکە ، کە باسی زمانی کوردی هەورامی، گۆرانی ، بۆ ئەوروپا هێنابێت. پێدەچێت فەرەنسی بیت.

7- CL. J. RICH MARRATIVE OF A RESIDENNCE IN KORDISTAN.2 VOLS I 1836.LONDON.

کلۆدیوس ریچ ، لە هەورامانـدا ، گەلێك دەسنووسی کۆکردووەتەوە ، باسی ٦٠- ٧٠ دەکرێت.

8- HOUTUM SCHINDLER, ZDMG. 38 1884 S. 107.
9- V. MINORSKY NOTES SURLA SECTE DES AHLE HAQQ.1-11 PARIS 11/ 1921.
10- ZUKOVSKIJ 1886.

ناوی ئەم دەهەمە ، لە پۆلۆنی ، یا لەهستانی ، دەچێت ، حەوتێك لەسەر زێدەکەیە. خۆی خەڵکی گۆران زمانی ، لە سەروی ڕۆژاوای شاری شیرازدا دیووە ، بۆ جێگاکەی نەخشەی ل:٣٧ ئـ /٣ وە باسەکەی ل: ٣٠.

ئەم باسانە تاپۆن بۆ نەتەوەی کورد ، بزانن کورد لە پاڵ شیرازدا هەبوون ، نێوان ئەم و کەنداو ی عەرەبی یا فارسی ، کەچی دەیانەوێت لە خوار کرماشانۆ بیبڕنەوە. ئەو هۆزەی ئەم چۆتە ناویان ، ناوی: کۆتزیوەند ، لە کۆمەڵەی باجەلانی ، لقی قەڵخانی بووە. ل :١٠٩/ ب/ ٤. ئێستەش ناوی دێ و شار هەیە لەوێدا، ناوی کوردییان هەیە: کوردیان ، فەیلیان ،زەنگەنە ، کفری... هتد. نەخشەی ل ٣٧.

11- MARK SYES THE CALIPH LAST HERTAGE,LONDON1915,P. 55.
12- W. IVANOW G. J. VOL LXV 11 NR.2 1926 P.151.

لای ئەم دوازدەیەمە ، باسی گۆران زمانی ، گۆرانلوو ، شاری قوچانی کردووە، سەروی

ڕۆژئاوای مەشهەد.

13- PETER LERCH, SANKT PETERSBERG 1856 P.98.

نووسەرانی تریش وەک : ئا. دۆپرێ . / گ. دووال./ ئێ. فێ. ڕۆسۆ./ هورتلە./ ج. موریز.

**ی / ١ ، ب / ٢ / ٩ – سەرچاوە بۆ سەلماندنی گۆران بوون:**

بۆ ئەو گۆرانانەی کە ئەژدایی خۆیان ناناسنەوە ، یا لێیان گومکردوون. ئەمانە سەرچاوەن بۆ خۆ دۆزینەوە و خۆگرتنەوە و وەجاخ ڕۆشنکردنەوە ، ئەوەش لە خۆی گومکردووە ، با سەیری پەندی باپیران کات ، چییان پێ وتوون؟!.

١ – **ڕۆژبەیانی ، گۆرانن** ، لای ئەم نووسەرانە :

نووسەری ئەرمەنی ، (پ. ب. اکوڤف هاکوڤیان ، م. ا. حەسارۆف : کوردان گوران ، مسألة کورد در تورکیە ، تەرجومە بۆ فارسی ، سیروس ئیزدی ، ١٣٧٦ش. تهران. ئەم گۆڕەڕە ، سوودی لە دەستنووسی تۆفیق وەهبی ، کوردی ئێراق و گیرساوەوە لە بەریتانیا، وەرگرتووە. وابزانم لە ١٩٣٠ز. دا ، پارێزگاری سلێمانی بووە.

**٢- هەمەوەند ، گۆرانن:**

سۆئانە ، لە ١٩١٢ز، دا. + ئەم کتێبە ، پ. هەورامان ل١٠٦/ ٣ ی ، باجەلانی . بۆ ژیانی ، ل ٩٨

E. B. SOANE TOMESOPOTAMIA, 1912, P. 386

**٣- لوور ، کەڵهوڕ ، لەك ، فەیلی ، گۆرانن :**

ئـ/ شەرەفنامە ، گۆڕینی هەژار ، چاپخانەی جەواهیری ، تاران ١٩٨١ز. ل: ٨٨.

ب/ سەرچاوەی فارسی ، سیروس ئیزدی. ژ.١٧، ل:٦٢،٨٨.

پ/ سەرچاوەی فارسی ، سیستانی ، ژ. ٧، ل:٧٢٠.

ت/ مینۆڕسکی:

T/MINORSKY ,THE ENCICLOPED OF ISLAM,II LONDON P,41,50,

ج / ئۆسکارمان: سەرچاوەی ئەڵمانی ، لە دواوە ل ٤٩٦، ژ. ١+٦. ل ٣٦ ی کتێبەکە.

C/ OSKARMAN, BAND II Berlin 1930

**٤- تاڵەبانی ، گۆرانن** :

ئـ/ د. موکەڕەم تاڵەبانی ، دیوانە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ل: ١٥-١٧.

ب/ سی. جی. ئەدمۆنز ، کرد وترك وعرب ، الترجمە العربیە ، جرجیس ف. بغداد ،١٩٧١م. ص٢٤٥.

پ/ عەلادین سەجادی ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، چاپی سەردەشت ، ١٩٥٢ز. ل: ٣٤١.

ت/ د. مارف خەزنەدار ، لە بابەت مێژوی ئەدەبی کوردییەوە ، بەغدا ،١٩٨٤ز. ل:٨٩.

ج/ پەیامی هەورامان = پ. هـ .: ل ١٢٧ .

**٥- شـەبـەك گـۆرانـن** : ل ١٠٧ - ١٠٨ ی ئەم كتێبە ی بەردەستت ، پ. هـ .

**٦- شـوانكارەكـانی پـاڵ شـاری شـیراز ، گـۆرانن:**
ئـ/ ئۆسكارمانی ، سەرەوە لقی: ٣/ ج.
ب/ تسۆكۆڤسكی پۆڵۆنی ، ل: ١٠/١١٨. ئەم گەرۆكە چۆتە ناویان.

**٧- زۆری خەڵكی شاری قـوچان ، نێوان تـاران و مـەشـهـەد ، گـۆرانن:**
ئـ / ئیڤانۆف ، كتێبەكەی لە ل: ٩٦/ ١٢، نووسراوە. ل ١٥٠.

**٨- زازا و دمـلـی ، بـاكـوری كوردستان ، گـۆرانـن:**
ئـ/ ئۆسكارمان ، سەرچاوەی سەرەوە ، ژمارە ٣ / لقی جیم ، ل: ٣١ - ٣٢ + ١٨.
ب/ تاریخ مـەردۆخ ، س. ف. ژ.١ ل: ٧٧ ، ١٣٢+ ل: ١١٤ ئەم كتێبە. پ. هـ .

**٩ - خەڵكانی نێوان هەردوو زێـی گـەورە و، ز. ی بـچـوكـی** ك . ئێراق ، لە پێش ٢٠٠ ساڵ دا، گۆران بوون: یانی لە ئاو بۆ ئاو: بە هەولێر ، كۆیە ، خەلەكانەوە.... هتد.سەیری :

LES ANNESS, DUPRE VOZAGEEN PERSE, FAIT DANS 1819 PARIS T1.

.......................................................

## سـەردەمـي { مـیـر، یـا والـی ، یـا ، سـان } ، نـشـیـنـەكانی گـۆران :

١ - ٦٠٢- ٥٣٣ پ. ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی بەهمەن ، ی یەكەم. ل: ١٢٨+ ل ١٢/٢٢.
٢ ـ ٩٥٩- ١٠١٥ز. س. ف. حەسنەوییەكانی دینەوەر. ل: ١٤/٢٢.
٣ ـ ٩٧١- ١٩٦٠ز. س. ف. سان ، ـەكانی هەورامان ، ل: ١٤٠- ١٧٠٠.+ ل ١٥/٢٢.
٤- ٩٩٠- ١٠٤٥ز. س. ف. بەنوعەیار، بەنو عەناز. ل: ١٩/٢٣.
٥- ١١٦٠- ١٨٦٧ز. س. ف. ئـەردەڵانییەكان ، ل: ١٧٩-١٩١.
٦- ١٦٣١- ١٦٦٧ز. س. ف. زەنگنەییەكانی كرماشان ، ل: ١٠٤.
٧- ١٧٥٨- ١٨٨٣ز. س. ف. براخۆییەكانی ، بەلوجستانی ئێران ، ل ١٦٠ + ٤٠/ ١
٨- ١٨١٦ز. س. ف. باجەلانییەكانی كرماشان ، ل: ١٠٧.

بۆ كەسەهەڵكەوتوەكانیان سەیری پێشەوە ، لقەكانی گۆران.

## گـۆرانـەكـان و نـاوی نـوێـیـان :

بە جمانی گۆرانكان لە جێی یەكەمیانەو ە، كۆنەكە ، بۆ دووهەم ، نوێیەكە ، هەندێكیان ناوەكەی یا رەچەڵەكەكەیان لە دەست داوە. گەر ئەوە نەبووایە ؟ كاری مێژوونووسان ئاسانتر و راستتر دەردەچوو ، وەك عومەر خەیام فەرمویە ، لەم كەلاوەكۆنەی دنیایەدا:

کەلاوە کۆنێك ، کە دنیای ناوە چۆن دڵی پێ خۆشکەم ، مشتێ کاو ئاوە
سەد کەیۆمەرز و ، دارا و ئەسکەندەر هاتن و ڕۆین ، کەچی ئەم ، ماوە ؟!.
(گۆڕینی شێخ سەلامی عازەبانی).

لە نمونەی ناوە نوێیەکاندا وەکوو:

١- زەنگەنە یا کەنوولەیی؟ :

کە سەردەمی حەسنەوی ، ل ١٢٠/ ٢ هاتە کۆتایی ، سەیری ئەدیبانیان ل ٣٣٥ لە سەروی ڕۆژهەڵاتی کرماشاندا ، زەنگنەییەکان پرژوبڵاوبوونەوە ، لەوناوەدا یا دوورتر دێیان دروستکرد ، وەکو: کەنوولە ، ئیتر لێرە بەدواوە ، ئەو گۆرانانە کە لە لقی زەنگەنە بوون ، بە کەنوولەیی ، ل:١٠٣/ ب /٢، پ. ناویان بڵاوبووەوە ، ئەوروپیە گەڕۆکەکان کە هاتونەتە کەنوولە هەر نووسیویانە کەنوولەیی. ئەو ناوبردنە ، پێناسێکی جوگرافی بچوکە ، لە چاو ناوچەی فراوانی ڕەچەڵەکی زەنگەنەدا.

٢-زەنگەنە یا تاڵەبانی؟ : ل ١٠٤/٤.

لە کۆتایی سەدەی ١٨ دا ، کە مەلا مەحموودی زەنگەنە ، ناسراو بە دەرویشی مەزن. سەجەرەکەی ل: ١٠٦ لە نزیك کەرکوکدا ژیاوە ،مەلا ئەحمەد ، کە کوڕی دەروێشە ، کۆچی کردووە بۆ گوندی تاڵەبان. بۆ زانیاری دوو تالەبان هەیە ، یەکەمیان لە خوارووی ڕۆژئاوای چەمچەڵدایە ، دووهەم سەروی تەقتەقە. ئەم ئەحمەدە کە ٩ کوڕی هەبووە ، پاش کۆچەکەی ، نازناوی زەنگەنە ییەکەی نەماوە ، تاڵەبانی جێگەکەی گرتووەتەوە. سەیری : تاڵەبانی ، گۆرانن . ل ١١٩ /٤ .

٣ - باجەلانی یا شەبەک ؟ :

بە پێی خاڵی١ و٢ ، برا شەبەکەکانیش ناوی نوێیانە ، لە سەرچاوەوە باجەلانین.
باسی تایبەت بە باجەلانی ب / ٢ ل ١٠٦، بخوێنەرەوە.

ئەمڕۆش لە وڵاتی ئێران و ئێراقدا ، ناوی شوێنی تیاژیاو یا تیا هاتنەدنیا ، وەك نازناو بەکاردەبەن ، وەک : شێخ مەحمودی (بەرزنجە ) یی . شێخ ڕەزای ( تاڵەبان) ـی . ئیمام (خومەین)ـی.

پێناسەی کەسایەتی گۆران:

گۆرانەکان کەسانێکی ئازا و ، خۆش کەیف و ، هونەردۆست و ، ڕەوشت جوانن. لە لای هۆزەکانی ترەوە خۆشەویست بوون. لە زۆری کاریانا ، پرس و ڕای هۆزەکانی تریان کردووە.١٤٨.

---

١٤٨- ا. سیستانی ، س. ف. ژ. ٧ ل:١٢٣٤.

ئـایـا گـۆرانـەکـان کـوردن؟

تێبینییەکی ناچاری: جارجارێك لەلایەن نووسەری ، تاکوتەراوە ، بە تایبەت لە کوردستانی ئێراق دا ، لەو باسانە دەوروژێنرێت ، دەڵێیت ئەوانە ڕیشسپی نەتەوەکەن ، یابەرگدرووی جلی نەخشەی کوردستانن؟ بە هەوەسی خۆیان ، فلان هۆز بە کوردو فیسار هۆز، لە حەساری حەوشەی کورددا ،هەڵدەدەنە ئەودیو سنورەوە و ئاودیوی دەکەن.

لەوانەی وایان لێ دەکەن: لوور ، فەیلی ، شەبەك ، هەورامی... هەروا با ڕۆشنبیرانی نەتەوەکە ، سەیرێکی گەلانی ڕۆشنبیر بکەن : لە هەرکوێیەکی سەرزەمین دا، کۆمەڵە خەلکێك لێی بقەومێ ؟ تەنها بۆنی نەتەوەکەی ئەوانی لێ بێت ، دەچنە شوێنیان ، گوزەرنامەیان پێ دەبەخشرێ ، تا دەیانلکێنن بە خۆیانەوە ، کەچی ئەوانەی ئێمە لە ، لە کوردبوون ، بێبەرییان دەکەن ، ئەمە کولتوری خۆ کوێرکردنەوە نییە؟.

لووڕ و ئەوانەی ناوبران ، بە کورد نەزانرێن؟ جوگرافیاشیان = نیشتەجێگەکەشیان، لووڕستان = گۆرانستانیش ، بە کوردستانیی نامێنێت. یانی نەخشە قارسکراوەکەی بەریتانیا . ل: ٣٤ نەك ئەوەی ل: ٣٥. کە پاش دەیان ساڵی تر ، کوردستانی مەزن ئازادکرا؟ لەخوارەوە ، دەریای نامێنێ ! یانی بەندیخانە. ل ٣٠.

با بێمەوە سەر باسەکەمان: ئەرێ گۆرانەکان کوردن؟ با جارێ بزانین بیانییەکان چیان وتووە؟ بە دوو کۆمەڵ پیشاندراون:

ئـ - ئـەمانـە دەڵـێن : گۆرانەکـان کـوردن
١- ئـ. مەسعودی عەرەب ، ٩٥٧ز. ١٤٩
٢- هۆتوم شیندلەرز ، ی ئەڵمانی ١٨٨٤ز.
٣ـ ڤیلهێلم گایگە ، ی ئەڵمانی ١٨٩٨ز
٤- ئەلبێرت سۆسین ، ی ئەڵمانی ١٨٩٨ز.
٥- ئۆسکارمان ، ی ئەڵمانی ١٩٠١ز. .
٦- ج. دێمۆڕگن ، ی فەرەنسی ١٩٠٤ز.
٧- س.ج. ئەدمۆنزی بەریتانی.١٩٢٢ز. ١٥٠
٨- د. خانم ، ئەسمیرنوای ڕوسی. ١٥١

ب/ ئەمانەش دەڵێن : گۆرانەکان کورد ، نین
١ – هینری ڕاولسن ، ی بەریتانی . ١٨١٦ ز.

---

١٤٩- سیروس ئیزدی ، س . ف. ژ.١٧ ل:٩. ١٥٠ – ئەدمۆنز ، س. ع. ژ. ٦ ل٧ ، لووڕ کورد نییە. لە ل ١٧٧ بەخۆی نەزانیوە ، قەدەر بۆی ڕاستی کردووەتەوە !. ١٥١ - گفتوگۆیەك لەگەڵ گۆڤاری ، ئاوینەی تاراندا، ژمارە ٥٦.

٢ - ئێگه ماییر ، ی دانیمارکی . ١٩٠١ز.
٣ - چ . ڤ. ڤیلسن ، ی دانیمارکی.١٩٠٧ز.
٤ - ئـ . ب. سۆئانه ، ی بەریتانی.١٩١٢ز.
٥ - ئارتهور کریستینس ، ی دانیمارکی. ١٩٢١ز.
٦ - ف. س. ئەندریاس.

پێم وایه ، ئەوەی کە وایکردووە هەندێك وا لێ بکات ، گۆران بە کورد نەزانن ، زمانەکەیانە. جیاوازی هەیە لەتەك ئەم و شێوەزارەکانی تر دا ، لەم دا ، وەک زمانی عەرەبی ، ئەڵمانی ، نێر و مێی هەیە ... هتد. بۆ نموونە ئەو ڕستانەی خوارەوە بخوێنەرەوە ، کە بە هەورامی ئەمڕۆ نووسراون ، بزانە چییان لێ تێدەگەیت؟.

١- ڕواسێو ژەرەژەکەمش وارد ، چێرو تفە ڕووەنەکێنە.
٢- لووە کوچێو هەچکوچیم پەی بارە.
٣- بۆ میوە و سەوزی: هەننی ، ڕیواوی.
٤- بۆ گیاندار: هۆرێشە ، مریچڵێ.
٥- بۆ شت: بەرە ، ئێر.( *)

هەرکەسێك گۆران نەبێت ، یا لەو زمانە تۆزێ شارەزایی نەبێت ؟ وابزانم هیچ تێنەگەشتبێت ، لە لایەنگیری لەم کۆمەڵە ، ئەمە کەی کوردی سۆرانی و بادینییە ؟ بەڵام مانای واش نییە ، وشەی چوونیەك و ناوکۆیی و هاوبەشی تیا نییە ، ڕەحمەتی مەلا خدری ڕواری شاعیر فەرموویە:

بێ یانەی خاسا ، نە یانەی پەڕدەنگ          بێ پاڵای خاسا ، نە پاڵایی تەنگ

یانە: خانوو. پاڵا: پێڵاو. پەڕ: پڕ. لێرەدا هەر لە سۆرانی دەچێت ، ئەو سێ وشەیەش واتایان نووسراوە ، ئاسانن. کەواتە هەمووی زەحمەت نییە. لای ئەم کۆمەڵەیەش ز. گۆرانی ، کوردیە.

وە بە پێی ئەدەبی نووسراوەوەی کورد ، لە سۆرانی و بادینیش کۆنتر دیارە ، کێ دەڵێ هەموو کورد یەکەم جار ، وا قسەیان نەکردووە؟!. ل ٢٨٣. ب / ١/ ٤-

ئایا دەبێت بۆ کورد بوون و نەبوونی گۆرانەکان ، بووەستین تا بزانین بیانییەکان چییان وتووە؟ ئایا قەرەچۆڵیان بڕاوەتەوە ، دەبێت پەڕاوە کۆن و شوێنەوارەکان بگەڕێین و هەڵکەنین؟ بە هەزار لە هەردوو هەورامان و سنە و کرماشان. هەڵەبجە ، سلێمانی ،گەرمیان ، موسڵ ، چاڵدێران... ماون. ئاسان دەگەنە ناویان و قسەیان لەگەڵ دەکرێت.

---

* ( بۆ ئەوانەی لێی تێنەگەشتوون ؟ واتایان ، لە پەراوێزی ل. دواییدایە ).

بۆچوونی نووسەر :
وای ڕاست دەبینم ، تەنها گۆرانەکان خۆیان ، بۆ سەرنویشتی خۆیان ، لە هەڵبژاردنی ئازادا ، دەبێت بڕیاربدەن. دیموکراتیش وا ٢٠١٩ ز. یە ، هێشتا ناوی لە کوولەکەی تەڕی ڕۆژهەڵاتی ، ناوەڕاسیش دا ، نییە.
لە هەموو سەردەمەکان دا و لە کوردستانی مەزن دا ، نابێت کەسانێکی: گۆران ڕەگەزی ، مشەخۆری ، خۆ هەڵواسەر ، بە ڕژێمی ڕۆژدا ، دەوری ڕیش سپێتی ببینن ، زمان و دین و کولتوری گۆران ، لەبەر چاوی هەمووان دا ، خەفەبکرێت و بتووێنرێتەوە ، دەنگ نەکات و هەوڵیش بدات هەموو گۆران ، چاوبەس بکاتو ، بە شوێن خۆی دا ، بۆ لای ویستی دەسەڵات ڕایانکێشێت. ئەوە دیموکراتی نییە و بەڵکە خۆفرۆشی و ناپاکیشە ...

سەربەستی ، تاران ، هاوینی/ ١٩٨٢ ز. هـ. ب.
هەزار خۆزگەم بە باڵندە ؛ بە ئارەزووی ، دەخوولێتەوە
سەربەستی ئاوی حەیاتی ؛ بەڵام کەی کورد ، دەگرێتەوە ؟!
کام کوون ؟ یا کلۆری دارێک ؟ بیری بڕیاری ، لەسەر بات ؟
بۆ هەواری ساڵی تازەی ؛ چیلکەی ، بۆ دەچنێتەوە
+ +
خەلیفەی خوا ، دەبێت زەوی ؛ بۆ گشت ؛ ئاوەدان ، کاتەوە
نەک جیاوازی زمان و پێست ؛ هۆ بێت ، بۆ ئاشووب نانەوە
دەک بە پەن بیت ، ڕژێمی ڕۆژ ؛ بۆ سەدەی بیست و بۆ یاسات
هەتتا جانەوەر ، بە یاسات ؛ گەف و قاقا ، دەیباتەوە !.

پێوەرێکی هەڵسەنگاندن:
ئەو دەوڵەتانەی فەرمانڕەوایی بەسەر گۆرانەکان دا دەکەن ، ڕێیان داون دین و زمان و کەلتووریان ، بە ویستی خۆیان بەجێ بێنن؟ بێشك وەڵامەکەی نەخێرە. کەوابوو ڕەوایە ئەمانە بڵێن گۆرانەکان : تورك و عەرەب و فارسن؟ بە ڕای من ئەمیش نەخێرە. دەمێنێتەوە سەر کورد خۆی ، بۆ نمونە : ئێستای کوردستانی ئێراق ١٩٩٢- ٢٠١٣ ز. هەروەها پێوەری هەڵسەنگاندن بەسەریدا ، جێبەجێ کرا:
لەو ٢١ ساڵەدا ، دوو دەوڵەتی هەرێمی کوردستان ، سلێمانی و هەولێر ، و یەکگرتووەکەش، بینرا:
١ ـ ڕێگەیان نەدا ، بە منداڵانی گۆرانەکان ، لە قوتابخانەکانیان دا ، بەخوێندنی تەنها کتێبێکی خوێندنەوە ، قیرائە ، وە لە ناوچەی گۆران تیابوودا ، وەك هەورامانستان ،شەبەکستان! تا ئەو زمانە کۆنە ، پیرۆزە ، عەنتیکە ، کوردیە ، لە تووانەوە بپارێزرێ . بەڵام تورکومان و عەرەب و... کە ، کورد نەبوون ، پێیان درابوو !!.

*ـ واتای ئەو پێنج ڕستەیەی لاپەڕەی پێشوو : ١- ڕێوییەك کەوەکەی خواردم ، لە بن شاتووەکەدا. ٢- بڕۆ تۆزی مێوژم بۆ بێنە. ٣- شووتی ، ڕێواس. ٤- کەروێشك ، چۆلەکە ، کێشکە. ٥- دەرگا ، ئاگر.

ئەرێ بە تێڕوانینی ئەوروپایی ؟ نیشانەی ئەوە نییە : ڕژێمی هەرێمیش عەوامە ؟! ئەگەر بۆ مەبەستێکی سیاسیش بێت ؟ ئەوە دیکتاتۆریش ، دێتە بانی.

٢ ـ ڕێگەیان نەدا ، هەورامیەکان کەناڵێکی ئاسمانی ، تەلەفزیۆنی بە زمانەکەیان بکەنەوە. بەڵام پێ کاکا ، لە ٢٠٠١ز. وە ، بەرنامەی بۆ کردبوونەوە!.

٣- لە ٢٠٠٤ ز. دا ، بە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی ، کەسێك ، چەند دانە لە گۆڤارێکی بچوکی ، ٣٠ لاپەڕەیی ، بە زمانی کوردی هەورامی ، بڵاوکردەوە. چاویان لێ زیت کردەوەو ، لەسەرکارەکەی دەریانکرد و ، گۆڤارەکەش وەسێنرا!.

ئەم لاپەڕانە ئەمان باشتریش دەناسێنێت: ل ٨٥ – ٨٦.

گـۆران هـاوارەن !. ١

گۆران هـاوارەن ؟ گـۆران هـاوارەن ؟
ئـینـە یەکـارەن ؟ گـۆران هـاوارەن ؟
گۆرانـسـتـانـتـا ، کوون ( دینـەوەر) ش ؟ ٢
نـەسـەبـتا پـڕچـیـان ، جە پـەشـت و وەرش !
زووان پـیـرۆز ، (یـارسـان و زەردەشـت)
پـەنـەش نـوویـسـیـا بـێ ، (سەرئـەنـجام و یەشـت)
هـەزار و دووەسـەذ ، شـاعـیـر و زانـا
پـێـسـە ( مـەحروم و بـاڵـوڵ و خـانـا ) ٣
(مـەلا وەڵـەذخـان ، گۆران) گـم کـەردەن
(سـەیـدی هـۆرامـی) ، هـارەش شـەق بـەردەن ٤
(پـیـر) مـەویـنـۆوە ، مـاریـفـەتـەکـەش
(شـێـخ) نـمـەزانـۆ ؛ جە کـۆن ، گڵکـۆکـەش ٥

---

١ - هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ/ ١٨ ، ل ، ٩٠ . هەروەها لە بەرواری١٤ / ٦ /٢٠١٣ز وە ٣٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەدا ، لە ماڵپەڕی فەیسبووکم دا ، بڵاوکاوەتەوە. لە لە بەرلین لە ٢٠٠٣ ز. نووسراوە.

٢- کوون؟ : کووا؟ یە: ئەمە. دینەوەر: شارێکی مێژوویيە ، دراوسێی هەورامانە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتییەوە. لە شانامەی فیردەوسیدا ناوی هاتووە ، ڕێنووسەکەی هەڵە نووسراوە : دنور= دینەوەر. لە ڕۆژهەڵاتی کرماشاندایە ، پایتەختی دەوڵەتی حەسنەوی گۆران بووە ، لە ٩٥٩ – ١٠١٥ز. وەر: پێش. وەرش: پێشی. ٣- پەنەش: پێی. نوویسیابێ: نووسرابوو. سەرئەنجام: پەڕاوی پیرۆزی یارسانیەکانە. یەشت: بەشێکی پەڕاوی ئاڤێستایە. مەحروم: شاعیرێکی ناوچەی پاوەیە ، هاوڕێی بووە . بە بۆ چوونی من شانی داوە لە شانی،مەولەوی . باڵوڵ: پێشەوای یارسانییەکانە. خانا: خانای قوبادی، خاوەنی کتێبی چیرۆکی شیرین و خەسرەوە،هەمووی شیعری هەورامیە،٨٧٤ لاپەڕەیە. ٤- مەلاوەڵەدخان: ١٧١٥- ١٧٧٦ز.شاعیرە،بە نازناوەکەیەوە،(گۆران) ناسراوە،خەڵکی زەهاوە خاوەنی سێ پەڕاوە. سەیدی : ١٧٨٥- ١٨٤٩ز. خاوەنی هۆنراوەی ، هارە سەختەنییە= دەستاڕ سەختیت ، بەنرخیت. چونکی یارەکەی دەستی لێدەدات. شەق بەردەن: درزی تێکەوتوە،شکاوە. ٥ ـ پیر: کورتەی پیرشالیارە ، پێشەوایانی دینی ، موغ ، بوون لە هەوراماندا. ماریفەت: پەڕاوی پیرۆزی پیرشالیاری یەکەمە. ل ٤٥٨. شێخ: مەبەست شێخانی نەقشبەندیی ئێرەن. لە ل:٤٧٥ ەوە. گڵکۆ: گۆڕ، مەرقەد.

(مـەڵاو ڕەنـجووری) ، عـێـل مـەژنـاسـۆوە
(زەنـگـنـە و بـاجـەلان) ، وەخـتـەن تـاویـۆوە ! ١
( جـانـەوەری ) هـەم ، نـەوەش کـۆتـەنـۆ
(مـەعـدوم) یـاذ و دۆس ، ویـرش شـیـەنـۆ ٢
سوپـاسـێـو کـەردێ ؛ کـە هـەن ، هـۆرامـان
مـۆزەخـانـەکـە و ، کـلـتـوور و گـۆران
( بـەهـمـەنـی) پـۆکـەی ، یـەن خـەمـتـا مـۆرۆ
چـایـچ ، چـوار سـەذەی تـەر ؛ زووان بـڕکـەرۆ !. ٣

*ی / ١ ، ب / ٢ / :* کـۆتـایـی لـە یـەکـەی یـەکـەم : **بـەشـي دووهـەم** ،
مـێـژوو ، گـۆران و گـۆرانـسـتـان . لـە ٩ سـەربـاس دا . ل ٨٤ – ١٢٦ . نـاوەرۆکـەکـەشـي: لـە ل ٨٤ دا یـە.

@@@@@@@@@@@@@@@@@@

---

لە ٣- ٢٠٠٣ ز. دا، تاقمێکی چەکداری ئەفغانی و عەرەب،ناوی خۆیان نابوو، جوندوولاّ ،لە لایەن ئێرانەوە ، هێنرانە ، ناوچەی هەورامانی دیوی ک. ئێراقەوە. گۆڕی کۆنی شێخانی ئێرە ، کە مەرقەدێکی پیرۆزی خەڵکی ناوچەکەیە ، دەریان هێنان و بۆ شوێنێ نادیاریان بردن! لە ١٢ /٦ / ٢٠٠٣ز. ئەمریکا لێی دان ، هەندێکیان تیاچوون ئەوانی تریان ناوچەکەیان چۆڵکرد. خەڵکی ناوچەکە ، چڵ و چێوەکانیان هێنایەوە جێی خۆیان.

١- ڕەنجوری: مەلا عومەر شاعیری زەنگەنەیە ، ١٧٥١- ١٨١٠ز. زیاتر لە ناوچەی قادر کەرەمدا ژیاوە. مەژناسۆوە: ناناسێتەوە. تاویۆوە: بتاوێتەوە. زەنگنە و باجەلان: دوو لقی گەورەی هۆزی گۆرانن.لە ل:٧٩ . ٢– جانەوەری : شاعیر، خەڵکی دێی جانەوەرەیە، ل: ٢٠٣چوارگۆشەی ب/٢. هاوڕێی خۆشەویستی مەعدوم = مەولەوی بووە ، هاتنەدنیاو مردنیان یەكساڵە. لە کاتی نەخۆشکەوتن و،جیابوونەوەی ، مەولەوی لێی ، شیعرێ بەرزی پێدا دەڵێ ، ئەمە دێڕێکیەتی:

ئـازیـز دیـارەن ، وادەی لـوامـەن ئـەلـوەدای ئـاخـر ، ئـەوە نـامـامـەن *

* لوامەن: ڕۆشتنم. ئەلوەدای: ماڵ ئاوایی. ئەوەنامامەن: نەهاتنەوەی یەکجاری. مردن. ویرش شیەنۆ: لەبیری چۆتەوە. پۆکەی: بۆیە. یەن: ئەوەندە. مۆرۆ: دەخوات. چایچ : لەوێش. کەرۆ: دەکات. کەردی: بکەن. هەن: هەیە.٣ - پۆکەی: لە بەرئەوە. یەن: ئەوەندە.

**ی / ١ ، ب / ٣ :**
**یەکەی/ ١ ، مـێژوو . بـەشـی / ٣ : پـەیـامـی هـەورامـان . ل١٢٧ - ١٦٣**

**١١٦ -** ب/ ٣ / ١- **مـێـژووی هـەورامـان** ، ڕەچـەڵـەک ، هـەورام و کەنـوول.
١١٨ - هـەورامـان پـەنـاگـایـە.
١٢١ - سـەجـەرەی مـەلا بـرایـمـی بـیـارە.
١٢٢ - بـەشـی نۆهەمـي گۆرانـەکـان ، هـەورامـاني یا هـەورامـي.

**١٢٥ -** ب / ٣ /٢- **قـەباڵـە مـێـژوویـیـەکـان** ( بـەڵگەنـامـە).
١٢٣ - چـۆنـیـەتی گـەشـتـنـیـان ، بـە شـاری لـەنـدەن ؟.
١٢٥ - خـشـتـەیـەکـی سێ قـەبـاڵـەکـە.

**١٢٦** ب / ٣ / ٣- **سـەرەداوی مـێـژوویـي** ، سـانـنـشـیـنـی هـەورامـان.
٦٠٢ پ. ز. – ٥٣٣ پ . ز. سـەردەمـي ( بـەهـمـەن ) ـی ، یـەکـەم.
١٢٧ ٦٣٩ ز. داگـیـرکـردنـی هـەورامـان ، لـە لایـەن لـەشـکـری ئـیـسـلامـەوە.

**١٣٠** ب/ ٣ / **٤- سـەجـەرە**ی هـەنـدێـک لـە بـنـەماڵـەی هـەورامـانـیـیـەکان.

**١٤٣** ب/ ٣ / **٥- بـاسـي ١٢ سـان** ، لـە سـانـنـشـیـنـی هـەورامـان دا:
**ئـ /** ڕۆژهـەڵات. **ب /** ڕۆژئـاوا.

**ئـ /** ١- ئـەمیرسەعید جیاشا. ٢- عەباسقولی سـان. ٣- بارام سـان. ٤- خالید سـان
٥ - ڕەزاسـان. ٦- حـەسەن سـان.
**ب /** ١ – حـەمـەسەعیدسان. ٢- مستەفاسـان. ٣- ڕۆسـەم سـان. ٤- جافرسـان.
٥ - حـەمـەئـەمین سـان. ٦- کـەریم سـان.

**١٦٢-** ب/ ٣ / ٦- **کـوردایـەتـی لـە هـەورامـان دا** ، لـە دوای ١٩٦١ز. یـەوە.
١٦٣- شـەڕی پـردەکـەی زەڵـم= دڵـدەم ، لـە ک. ئـێـراق دا : ١٢/ ٨ / ١٩٦٣ز.
وە پـاوە لـە ک. ئـێـران دا: ١٩٨٠ز.

تـێـبـینـی:
لەبەرئەوەی ئەم بەشی چوارەمە ، ( پەیامی هەورامان ) ، لایەنەکانی: مێژوو ، جوگرافیا ، دین ، زمان ، ئەدەبی... گرتووەتەوە ، هەر وشەیەك ، لە کام بەشدا جێی خۆی بێت؟ باسەکەی لەوێدا کراوە. بۆ نموونە: لێکدانەوەی وشەی هەورامان ، بەشی جوگرافیای ، بۆ دانراوە. ل:١٩٧ .

## ی١ ، ب / ٣ / ١- مێژووی هەورامان :

هەروەك لە بەشی سێیەم دا ، ل ٩٠. باسکراوە ، هەورامانی و گۆران لەیەک کۆمەڵەدا جێیان گرتووە. ئەمە یانی ئەو گۆرانانە بە گشتی ، مێژووەکەشیان زۆری چوونیەکە . لەبەر ئەوە دووبارە نەبێتەوە ، لە ل: ٨٤ەوە تا ئێرە ، با بخوێنرێتەوە.

ئەوەی من بۆم لوواوە ، ئەوانەی لەم کتێبەدا دەربارەی سەرچاوەی بیانیی دەیخوێنیتەوە ، زۆریی وامکردووە: ( با خوێنەری دوور یا کتێب نەنووس ، بزانێت : دووای کاری ڕۆژانەی هەشت سەعاتی لە هەندەران ، سەری کتێبخانەم داوەو سەرچاوەم خوێندووەتەوەو ، نووسیومەتەوە... هتد. ).

لەبەرئەوەی ئەم ناوچەی هەورامانە ، بۆ سەفەوی و عوسمانیش سەرسنوورە ، وە لە بارەی دینیەوە بە پیرۆز زانراوە ، بۆیە شەڕی زۆری تیاقەوماوە و لەسەر کراوە.

**ئـ/ ڕەچەڵەك** : بەهمەن ناوەکان:

( هەورامییەکان بە ڕەچەڵەك ، خۆیان دەبەنەوە سەر ،( بەهمەن ) ی یەکەم. کوڕی ئەسفەندیار کوڕی کوشتائەسپ ، کە فەرمانڕەوایی ١٢٧ ناوچەی کردووە.) [١٥٢]

ئەم بەهمەنە یۆنانییەکان بە ئازا و دادپەروەر ناویانبردووە. ناوەکەشی بە فۆنەتیکی خۆیان ، وایان لێکردووە: ئارتاگزرس ، یا کزرسز. بێجگە لەم دوو بەهمەنە ، هی تریش فەرمانڕەواییان کردووە. بۆ لەیەککردنەوەیان ، ژمارەم بۆ داناون. وە بە بۆچوونی من (؟) سەردەمیان وای دەبینم :

سەردەمي بەهمەنەکان ، ( = بووانم ، هەورامییەکان واش ، ناویان بردووە).
١ - بەهمەن ی/١ هەم: ٦٠٢ پ. ز. – ٥٣٣ پ. ز.
٢ - بەهمەن ی/ ٢ هەم : ٩٧١ ز. – ١٠٥٦ ز.
٣ - بەهمەن ی/٣ هەم : ٩٦٩ ز_ ١١٠٩ ز.

بە پێی ئەم سەرچاوەیە : عەبدولکەریم محەممەد ، مەردۆخ بە کوردی ، بەغدا ١٩٩١ز. ل: ٢٥٨ : " بەهمەنی سێهەم بە ١٨ پشت دەچێتەوە ، بەهمەن/١ ەم " . یا ، من زانینەکەم دووکەڵ دەکات ؟ یا بە ١٨ پشت نییە . لەبەرئەوەی:
١٨پشت لەگەڵ ٣٢ { وەک لە مێژوودا باوە ، وە بۆ یەک پشت دانراوە}. لەیەك دەدەین = ٥٧٦ ساڵ دەکات. دووری ساڵی نێوانیان. ١٠٥٦- ٥٧٦ = ٤٨٠ پ. ز. دەکات ، نەك ٦٠٢ پ.

---

١٥٢ ـ مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ل ٧٧.

ز. كه هاتنەدنیای بەهمەن/١ ـەم . ئەگەر ئەم ١٨ پشتە ڕاست بێت ؟ ئەوە سەردەمی یەکەمیان دەبێتە: ٤٨٠ پ. ز . ــ ٦٥ ساڵی تەمەنی= ٥٤٥ پ . ز بێت.
بە کورتی : ٤٨٠ پ. ز. ــ ٥٤٥ پ. ز. وە ئەوەی سەرەوەی بەهمەنی /١ :
٦٠٢ پ . ز . - ٥٣٣ پ . ز . دەبێتە هەڵە. ئەو کاتە دەکرێت ئەمەش بێت :
٤٦٨ پ. ز. - ٥٣٣ پ. ز. ل.٣١٥. (؟).

سەردەمي داریوشەکان:
داریوشی/ ١ ـەم : ٤٩٣ پ. ز. ــ ٤٢٤ پ. ز. ١٥٣ ئەم بەروارە دەڵێ : ٦٩ ساڵ تەمەنی کردووە ، وە لە بەرواری سەرەوەش دا ، کە لێی هەڵاتوون ، ئەم هێشتا ٨ ساڵانە !. دەبووایە ، یا سەردەمی ڕەوەکە لە : ٤٨٥ پ. ز. کۆنتر بووایە. یا تەمەنی داریوشی /١ ـەم ، کە حاکمی ڕۆژە ، نەدەبووایە سیی بۆ چل ساڵی بووایە؟. تا ڕاکەن لێی.
داریوشی/٢ ـەم : ٤٤٥ پ. ز.ــ ٤٠٤ پ. ز.
داریوشی/٣ ـەم : ٣٣٦ پ. ز. – ٣٣١ پ. ز. ١٥٤

**ب / ڕەچەڵەك** ، هەورام و کەنوول:
( هەورامانییەکان سەرچاوەیان لە بنەماڵەی دوو بران ، بە ناوەکانی: هەورام و کەنوول. هەورام : هەورامان ، وە کەنوول : کەنوولە* یان ، ئاوەدان کردووەتەوە ). (جێگای کۆنی هەندێك لەگۆرانەکان ، ٥٠٠- ٦٠٠ کم. لە ڕۆژهەڵاتی شوێنی ئێستایانە ، واتە شاخی دەماوەندی ڕۆژهەڵاتی شاری تاران. لە دەست ستەمی داریوشی/١ هەم ، لەوێ هەڵاتوون) ١٥٥. وە نەخشەی ل ٩١. ل ١١٤ پەراوێزەکان.
عەلی ڕەزم ئارا: (هەورامانییەکان لە ئەرمەنییەکانن).
سۆئانە: (هەورامانییەکان خۆیان بە نەوەی ڕۆسەمی داستان دەزانن.) ل ٩٩.

لە باسی مەرقەدی کوردستان دا ، ئەمە هاتبوو: کشانی شەپۆلی یەکەم جاری مرۆڤ لە سەروی ئەوروپاوە ، بۆ ئێرە : خواروی مازندەران = دەماوەندی تاران... لێرەشدا بوون بە دوو لقەوە ، یەکێ بەرەو ڕۆژئاوا ، بۆ کوردستانی ئەمڕۆ. هەر ئەم ڕێڕەوەیە.

## پ/ هەورامان پەناگایە:
لەوانەیە خوێنەر جێگای سەختی هەورامان. بەهۆ بزانیت ، بۆ: بە پەناگا ناوبردنی ، لە مێژوو دا، بۆ وێنە:

١٥٣ - کارڵ هادانگ ، س. ئە. ژ. ١ ل ١٧ ، ٢٥ ، ١١٣. ١٥٤ - موریس بوکای ، تەورات و ئینجیل ، س.ع. ژ. ٢ ل: ١٣٨٢،١٣٧٨. ١٥٥ – هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی ژ/ ١٥٣. وەک ل ٩٩ یە.
* کەنوولە: شارۆچکەیەکە ، دراوسێی خواروی ڕۆژهەڵاتی هەورامانی دیوی ئێرانە ، ڕۆژهەلاتی کرماشانە ، لە پاڵ دینەوەری پایتەختی کۆنی گۆرانەکاندایە. ئەم دوو دێیە بە دەوریدا هەیە: کاڵیان ، ڕازیان ، ناوەکان ، هەورامین. گەڕۆکەکان سەردانی کەنوولەیان کردووە. ١١٥ – ١١٩ .

١/ ( خۆ بۆ کوتانی خەڵکی دوو شاری قوم و ئەسفەهان). ١٥٦
٢/ لە ٣٠١ پ. ز.دا هاتنی یۆنانی و تەفروتونکردنی دینی زەردەشتی و کردنی بە زیندانخانە بۆیان . لە شوێنێکی تردا بە درێژتر باسکراوە.
٣/ هاتنی سوڵتان ئیسحاق = سوڵتانی ساق ، ی بەرزنجی ، ل. ٤٦١ ، بۆ دێی: شێخان ، ی هەورامانی لهۆن ، دیوی ئێران. بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یارسانیی. رۆشنبیران ، دەوریان لێداوە. کە ئیسلام هات ، شەڕیان لەگەڵ کرد! ...
من پێم وانییە ، وەك ڕابوورد ، سەختی هەورامان هۆ بووبێت. شاخی کوڕەکاژاوی پاڵ بەرزنجەی سوڵتان ، شاخی سەرسیری شاربازێڕ، ش. پیرەمەگرونی سەروی سلێمانی ، ش. قنگ سەختی ، ناوچەی درۆڵەی ئێران ، سەروی ڕۆژئاوای هەورامانە. ئەگەر لە هەورامان سەختتر نەبن ؟ وەك ئەون.
من بە : ( ڕەوشت و هەستێکی تایبەتی ، خەڵکی هەورامانی دەزانم ، کە بریتیە لە رەوشتی: تەبیعەت دیموکراتی تیا بوون ، ئەو بوونەش ، سونەتێکی کۆنی لە دینیی زەردەشتەوە وەرگیراوە و ڕەنگی داوەتەوە. ئەمڕۆش لە ڕەوشتی هەورامیدا ، دەبینرێت).

## ت/ خانەقاکان :

یەکەم وشەی خوا لە قورئاندا ، بۆ پێغەمبەرەکەی و بەندەکانیی لەسەر زەوی ، پێش ١٤٤٢ساڵ: وشەی ئیقرەئە = بخوێنەیە! کەلەو کاتەدا ، شیعاری ڕۆژ هەر ئەمە بووە: تەشت پڕ بێ و سك تێر بێ .
ئەمە یانی: ئەی ئادەمی لەم کاتەوە ، کە سەرەتای هاتنی دینی نوێی ئیسلامە ، وە تا دنیا ، دنیایە ، خوێندن ، بۆ ژیان باشترینە ، لەم سەردەمەی ئێمەدا، ئەوە ڕۆشنتر بووەتەوە. بۆ بێ بڕواش هەر ئەو بخوێنە هێمایە. کە خوا چەندە عالیمە ؟! لەسەردەمی موسادا ، جادوگەری ، لەهی عیسادا ، پزیشکی بوو.... سەلامی خوا لە هەموویان.

گرنگی وشەی بخوێنە( ئیقرەء= خوێندەواری ، کتێب ) .
بە بۆنەی پێشانگای جیهانی کتێبەوە ، لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا ، لە ١٣/ ١٠ / ٢٠١٣ ئەم هۆنراوەیەم پێشکەشکردن و لە لاپەڕەی فەیسبووکم دا ، بڵاومکردەوە.

<u>بە سۆرانی:</u>

بۆ ئیقرەء یەکەم ، وشەی خووا بوو ؟
جادوو و پزیشکی ؟ ڕەگی ، پووا بوو ؟
بۆ بەو ، بانگی گوێی،ڕەسوولی،دابوو ؟
بۆ بە دووا نێراو ، عەتا ، کرابوو ؟!
بەوانەی پێشووی ، بۆ نەوترابوو ؟!
پارە و پلە و مڵک ، وەختی سووا بوو؟
لەناو وشەدان ، بۆ ئەو چنرا بوو؟!
پێشەنگی وشان ، بۆ بەو درا بوو ؟!

---
١٥٦ -
TRAVELS IN GEORGIA, PERSIA, ...ETC. LONDON 1822, P. 195

هەر لەبەر گرنگی وشەی بخوێنەدا :

بـە هـەورامـی:

ئیقرەئت بەروست ، تەنها تۆ زانان ! وەڵێ هەزار ساڵ ، واتەنت و یاوان !
پەی وەختو ئێمە ، ئا ، ئیسە زانمێ وەرد و ژیوایما ، پا تۆمە ، شانمێ
جە ئامای ئیسلام ؛ تا زەمین ، مدرای سەرکەردێ وانای ، وەشکەردێ ، ژیوای !

لە هەورامان دا ، چەندەها کەسانی دینی ، سەری هەڵ دا ، لە مووغ و پیرشالیار و پیر و شێخ و مەلا و فەقێ. لەسەردەمی سەدساڵی ڕابووردوو دا ، شێخانی ئێرە بە ، بە شێخی بەرماڵ ناویان بڵابووەوە ، خانەقا= خوێندنگە ، یان لە پاڵ مزگەوتەکاندا کردەوە. فەقێی دەوری لێدا ، ناوبانگ بڵاوبووەوە ، فەقێ لە ئەسکەندەرۆنەی تورکیا و ڕەواندز و هەلێرەوە ...هاتوون. لە دوواوە سەیری خەلیفە و موریدی شێخەکان بکە.
بۆ ناسینی خانەقای هەورامان ، با گوێ لە قوتابیەکی دەرچووی ئێرە بگرین. رەحمەتی مامۆستا مەلا کەریمی بیارە ١٩٣٦- ٣٠ / ٨ / ٢٠٠٥ ز.= عەبدولکەریمی مودەڕیسی ، کە پاش تەواوکردنی خوێندنی ئێرە ، هەر لە بیارە تا شۆڕشی ١٤ / تەموزی / ١٩٥٨ مامۆستا بووە تێیدا. لە دووای ئێرەش مامۆستای خوێندنگای حەزرەتی غەوسی بەغدا بووە.


(زانستگای شارۆچکەی بیارە ، لە هەورامانی دیوی ئێراقدا ، دیمەنێکی بچکۆلەی ، جامیعەتولئەزهەری میسر بووە. لە کوردستاندا. شانی داوە لە شانی ئەو ، لە بڵاوکردنەوەی زانستی و خواناسیدا ، بنکەیەکی تیشکدەر و ڕووناککەرەوەی وڵات بووە. ئێستەش هەرکەس لە وڵاتدا ، زانابێتو خزمەتی دین بکات ؟ بێگومان پەیوەندییەکی نزیك یا دووری بەو خوێندنگایەوە هەیە. بۆ نموونە بنەماڵەی مەلا ئیبراهیمی بیارە بیست و پێنج پشتیان ، لە بیارەدا مەلا بوون ، ئەمە یانی ٨٠٠ ساڵێك.) ١٥٧

شایەنی باسە بووترێت، خانەقای نیوە ویرانبووی بیارە و تەوێڵە،بە بۆنەی شەڕی ٨ ساڵەی سەدام و ئیمام خومەینییەوە، لە لایەن، ڕەحمەتی شێخ محەممەد عوسمانی نەقشبەندییەوە سەجەرەی،ل: ٣٦٦ کەلەم کاتەدا لە خانەقای ئەستەنبوول بووە ، سەرلەنوێ دروستکراونەتەوە. ئێستا وەک کۆن ، فەقێ تێیدا دەخوێنێت.
بێجگە دوو خوێندنگەی ناوبراو ، هەر لە هەورامانی دیوی ئێراقدا ، خەرپانی و خورماڵ و. لە دیوی ئێرانیشدا : نۆتشە ، دشە ، شاری هەورامان ، پایگەلا ن ، پاوە ، بێساران... هەبوون. ئەگەر سەیری زۆری شاعیران و خوێنەوارانی کورد ، تا کۆتایی سەدەی بیستیش بکەین؟ دەرچووی دانشگای: خانەقا و مزگەوت بوون ، لە پێشەوە فەقێ یا خوێنکاری ، مەلا و شێخ و سوختە بوون . بەردی بناغەی ڕۆشنبیرین. بۆیە دەبێت سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو زاتانە هەبێت. لە هەڵکەوتوانی ئێرە وەکوو: مامۆستا مالا کەریمی ناوبراو. وە عەبدولقادری سۆفی. شێخ بابە رەسوڵی بێدەنی ، وە ئەوانەی خوارەوەوەش بۆ نموونە هێنراونەتەوە.


---

١٥٧ - مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، س. ك. ژ. ٧ ل: ٤٠٩.

## سەجەرەیەکی مەلایانی بیارە ، لەلای مامۆستا : د. م. ا. هەورامانییەوە:




## نەوەی مەلا برایم ، بە پێی ڕای مامۆستا مەلا کەریم:



وای بۆ دەچم: ١- بەوەی مامۆستا هەورامانی ، خۆی لە نەوەی مەلایانی بیارەیە. ٢- لە مامۆستا عەبدولکەریم ، زیاتر لە بیارەدا ، ماوەتەوە.٣- دووەم زانیارییەکانی لە ڕێی پرسیارکردنەوە ، بە دەستی هێناوە. ئەوەی یەکەمیان ، بیرم باشتر بۆی دەچێت. یا باشتر لەمەش با بوەستین ، بەشکم خوێنەران هەردوو ببینن ، کێ دەڵێ سەجەرەی ٢٥ پشتی مەلایانی بیارەمان بۆ دەرناخەن؟!.

باوی سەردەم وادەکات ، سەجەرە و سەرچاوە گووم ببێت. ئەوەتا شوێنی تیا هاتنە دنیا = یانی جوگرافیای بێ ڕۆح ، جیێی نازناو و هۆزی ڕۆحداری داگیرکردووە . بۆیە لەخوارەوە و لە شوێنی تریش دەیبینیت ، وای لە منیش کرد ، لە هەردوو دیوی هەوراماندا ، بۆ هەر بازنەیەکی جوگرافی ، ناوێك ، دیاری بکەم ، ناوەکەش ناوی شوێنەکانیان بێت.

## چ/ بەشی ٩ هەمی گۆرانەکان ، هەورامانییە کان: ل:١٢٧ / ٩.

| لە ک. ئێران دا | | لە ک. ئێراق دا | |
|---|---|---|---|
| ١ – تەختەیی. | ١١- دزڵی ، یەیی. | ١- تەوێڵەیی. | ٦- بەڵخەیی. |
| ٢- نۆتشەیی. | ١٢- دشەیی. | ٢- بیارەیی. | ٧ - گوڵپی. |
| ٣- ژاوەرۆیی | ١٣ – نەوسویی | ٣- زەڵمی. | ٨ - گوڵعەنبەری،خورماڵی. |
| ٤- پاوەیی. | ١٤- هۆیەیی. | ٤- سەرگەتی. | ٩ - بانیشاری. |
| ٥- سەجادی.[١٥٨] | ١٥- کەنوولەیی. | ٥ - نەوێ ، یی. | ١٠ – سەجادی. |
| ٦- پاڵنگانی. | ١٦- شێخانی. | | |
| ٧- پایگەلانی. | ١٧- جانەوەری. | | |
| ٨- ڕەزاوی. | ١٨- چوڕی. | | |
| ٩- مەریوانی. | | | |
| ١٠- لۆنی. | | | |

## ب/٣ / ٢- قەباڵەکان ، بەڵگەنامەکان: [١٥٩]

د. جەمال ڕەشید لە : لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا، س. ك. ژ.٤ ل: ٣٣٣. دا: کە پەڕاوێکی نایابی بە کتێبخانەی کوردی پیشکەشکردووە. لە دیاریکردنی شوێنی جوگرافی گوندی جێی مەبەست دا، کە ئەو لە یەکێکی تری بیستووە ، بە هەڵەی جوگرافی دەبینم ، چونکی مێژوومانە ، باشترە ڕاستبکرێنەوە:
١ – لەو پەڕاوەدا هاتووە : (سوورەتوو ، لە کێوی سوورێنە.) ئەو دێیە لە کێوی سوورێن نییە. ناوی دێی واش لەوێ نییە. بە کم. هەواییش ٢٠ کم. زیاتر دوورە لە شاخی سوورێن. سەیری نەخشەی ل: ٢٢٨ چوارگۆشەی ئـ/٢. = لە هەورامانی دیوی ئێراندایە. سوورەتوو:

---

١٥٨ – بۆ زیاتر دڵنیابوون ، لە هەورامی بوونی سەجادییەکان ، سەیری ل ١٧١+پەراوێزی ل: ٢٩١.
١٥٩ – ئایەتوڵای مەردۆخ ، س. ف. ژ. ١ ل: ٣٩-٤٠. + د. جەمال ، کە لە دێڕی یەکەمدا ، ناوییبراوە. + د. م . ا. هەورامانی ناوبراو. + د. کەمال مەزهەر ، لە : کورتە باسێك ... س. ك. ژ.١ دا. بەسەیری ئەو بەرهەمانە و کوێرەخەتی خۆم ، ئەو ئاوارانەم لێ ، کۆکردوونەتەوە.

ناوی بە سۆرانی کردنییەتی !. لە ناوچەکە: ( سوورەتفێ ) یە. درێژی شاخی سورێن ، کە٢١٥٩ م بەرزە ، لە بانیشارەوە بۆ لای پێنجوێن ، زیاتر لە ١٠ کم. دەبێت ، زنجیرەشاخ ، چیا ، لە کێویش باشترە. وە سوورێن تەنها ناوی ئەو شاخەیە ، لە دیوی ڕۆژئاوایەوە ، کە دەروانێت بەسەر دەشتی شارەزووردا. پۆپەکەی ، هێڵی سنووری ، نێوان ئێراق و ئێرانە.
لە دیوی ئێرانەوە ناوی تریان هەیە. وێنەی شاخی زاگرۆس: ل ٢٤٨.
٢- هەروەها تێیدا هاتووە:( شاخی سوورێن دەکەوێتە ، ئەوبەری هەورامانەوە).
ش. سورێن سەروی شاخی هەورامان کەوتوە ، درێژبوونەوەی ش. هەورامان ، لە خوارەوە بۆ سەرەوە. دەبیت بە: ش. سوورێن ، یانی بەدەم یەکەوەن ، نەپچڕاون. لە ل: ٢٧ ، هەمان هەڵە لە سەر نەخشەیەکی هەرێمی کوردستانی ئێراق بینراوە .
(دێی دووڕووە = بە دووڕۆ ، ش ناوی براوە). بە کورتی: جێگای قەباڵەکان و هەردوو دێی ناوبراو ، لە دیوی هەورامانی ئێراندایە. دوورن لە سوورێنی دیویی ك. ئێراق.
مامۆستا د. هەورامانی لە س. ك. ژ. ٥. ل: ١٣٣. باسێکی تەواوی شێوەی دۆزینەوەی قەباڵەکانی ، لە شێخ ئەمینی ٩ بێوەی) شاعیر. کوڕی شێخ عەلادین = سەجەرەی ل:٤٧٧ ، کە ئەم شێخە هۆ بووە ، بۆ سەرهەڵدانی ئەو قەباڵانە ، منیش بە سوپاسەوە نووسیومەتەوە:

" شێخی ناوبراو لە بیارەو ە،( هەورامانی دیوی ك. ئێراق) ، سەردانێکی گوندی سوورەتفێ ،( هەورامانی دیوی ئێران) دەکات. لەوێ خەڵکی باسی ئەشکەوتێکی بۆ دەکەن ، کە بە شوێنێکی سەختەوەیە و نزیکە لێرەوە. لە بەرانبەریدا ، پەیکەری تیروکەوان هاوێژێك ، یا لە شێوەی ئەودا ، هەڵکەندراوە و ڕووی کردووەتە ئەشکەوتەکە. شێخ دەفەرموێ: بوونی ئەو وێنە بەرانبەر ئەشکەوتەکە ، بەو جێگە سەختەوە؟ نیشانەیە بۆ بوونی شتێکی شاراوە ، لەو ئەشکەوتەدا! دووکەسی شاخەوانی ، شارەزا ، بە ناوەکانی: سۆفی حەمە شەریف و وەرکڵە ، دەنێرن ، بۆ پشکنینی ، شێخ ئامۆژگاریان دەکات ، کەلەسەرخۆ بە پاچ ، تەقە بەن لەبنی ئەشکەوتەکە ، تەقە و تەپە ، لە یەکتری جیابکەنەوە. ئەو جێگایەی تەپەی دێت؟ بە وریایی هەڵیدەنەوە، لەوانەیە شتی تێدا بێت.
لە هەڵکەندنەکەدا ، تەنوورێکی قوڕینی، پڕ لە پووشی چەڵتووك ، دەدۆزنەوە ، لەناو ئەمیشدا گۆزەیەکی پڕ لە گاڵ ، هەرزنی ، تیدادەبێت ، لەمێشدا شتێکی خڕی سەوزی لە شێوەی شووتیدا ، دەدۆزنەوە. دەیهێننەوە بۆ دێ بۆلای شێخ. وەختەکە پاییزبوو ، شێخ فەرمووی لای ئاگردانەکەدا ، داینێن. کە نوێژی مەغریب کرا ، دیمان لەلایەکیەوە ، شتێك توایەوە و داچکا ، ئەوە مێوبوو، درزەکانی پێ گیرابوو،شێخ لەیەکی کردنەوە ، ئەو قەباڵانەی تیابوو ، کەلەسەر پێستی ئاسك نووسرابوون ، وە کەس نەیدەزانی ، چییان لەسەر نووسراوە ؟ شێخ ناردنی بۆ شاری هەمەدان ، بەڵکو یەکێ بێت ، بیخوێنێتەوە ، یا بزانێت بە کەڵکی چی دێن؟."

چۆنیەتی گەشتنی قەباڵەکان بە شاری لەندەن:
پاش ماوەیەك ، د. سەعیدخان ، ناسراو بە کوردستانی ، ١٨٦٣ – ١٩٤٢ز. دکتۆری چاوبووە،

دەچێتە دێی ڕەزاو ، هەورامانی دیوی ئێرانە ، سەروی دێی سوورەتفێ یە. بۆ تیماری چاوی یەکێک لە سانەکان ، کە باپیرەی بەگزادەکانی هەورامان بووە. ناوبراو هەورامییەو بە خزمایەتی دەگات بە سان. کە دکتۆر باسی قەباڵەکان دەبیستێت؟ داوا لە شێخ دەکات ، بیداتێ ، بۆ ئەوەی ئەم بیبات بۆ ئەورووپا ، وە هەر بە ناوی ئەوەوە ، بیانفرۆشێ ، پارەکەی بۆ هەردوکیان. شێخ دەنیرێت لە هەمەدان ، دەیانهێننەوە و دەگەنە دەست دکتۆر. جگە لەو قەباڵانە ، نموونەی ٢٥ گژوگیا و ڕەگ و گەڵای دەرمانیی دەداتێ ، لەگەڵ باسیاندا ، کە بۆ چ دەردێك باشن. بەوئومێدەی گەرکرا؟ با گژو و گیای کوردستان ، بۆ دەرمان ، بۆ دەرەوە بنێردریت.

هەر بۆ باسی ئەم گیایانە ، (لە ١٠- ١٩٩٩ز. دا، باسێکی تری وا ، سەری هەڵداوەتەوە: لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابوردوودا ، لە ناوچەی هەورامان و لە شاخەکانی شاری پاوەدا، دۆزیوەتەوە ، کە گرنگی پزیشکییان هەیە. وە تۆوەکانیان بۆ ناشتن و زۆرکردن ، بردووە بۆ سنە ، کرماشان ، هەزارخانی). ١٦٠ بۆ شوێنی کۆتایی سەیری نەخشەی ل: ١٨٣، ب/١.

د. کوردستانی ناوبراو ، کە ئەمانەتەکان ، دەگەیەنێتە لەندەن ، ناپاك دەردەچێت! بەناوی خۆیەوە دەیانفرۆشێت ، پارەکەشیان دەخوات ، نەیشی وتوە لەکوێ دۆزراونەتەوە؟ نەك لێکۆڵەرەوان بچن بەشوێنیدا ، قوڵاخی بکەن. ناوبراو دینیشی دەگۆڕێ و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. پێم وایە هەقە قسەیەکیش بۆ دز بکەین ، ئەو نەبوایە ، هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری نووسراو ، لە کوردساندا ، لە ٨٨ - ١١ پ. ز. وا دەنگی نەئەدایەوە ، ئەو گەڕۆکانەش ئەوەندە نەئەهاتن!.

( ئەو بەڵگە نامانە، بایەخیان یەکجار زۆرە ، چونکی وشەی کوردی و گریکی و ئارامی کۆن بۆ داڕشتنی ناوەرۆکیان بەکارهێنراوە). ١٦١

( مینسی ئینگلیزی: ئەو قەباڵانە ژمارەیان زۆربوون ، بەڵام دەس بە دەس کەوتوون ، تەنها سیانیان دەست دکتۆر دەکەون. ئەویش لە ١٩١٣ز. دا دەیانگەیەنێتە ، دەست پرۆفیسۆر براون، ئەمیش دەیانداتە لای مینس). ١٦٢

لێکۆڵینەوەیەك لە قەباڵەکان:

١– شوێنی دۆزرانەوەیان: دێی سوورەتفێی ، ل: ٢٢٧ ، ب/ ٢، ناوچەی هەورامانی دیوی ئێرانە ، ستانی کوردسان.

٢- ساڵی دۆزینەوەیان: ١٩٠٥زاینیە ، لە ١٩١٣ز. دا ، لە لەندەنەوە ڕادەگەیەندرێن.

٣- سەردەمی نووسینیان: هاوکاتی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەشکانییەکان بووە.٢٥٠ پ. ز. - ٢٢٧ پ. ز.

٤- ژمارەیان: زۆربوون ، تەنها سیانیان ، بە لەندەن گەیەندراون.

٥- <u>ئـ /</u>ساڵی ساقکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان: یەکەم و دووەمیان ، لەلایەن پرۆفیسۆر: ئی. ئەیچ. مینسەوە لە :لە گۆڤاری ، لێکۆڵینەوەی هیلینزم دا ، لە ١٩١٥ز.

---

١٦٠ – ڕۆژنامەی سەکۆ ، ژمارە ٣٦ ، لە ١٠ – ١٩٩٩ز. دا ، بەرلین.

١٦١ - د. کەمال مەزهەر ، س. ك. ژ. ١ ل: ٣٢٨.

١٦٢ - د. جەمال رەشید، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ، س. ك. ژ. ٤ ل ٣٣٣-٣٣٤.

دا، ژماره۳۵ ، ل: ۳۳ ، لـه لـەنـدەن ، بـووه.

E. H. MINNS PARCHMENTS OF THE PATHIAN PERIOD FROM AVROMAN IN KURDISTAN JOR. HELL. STUD.35 1915, P. 33.

٥- ب / سێیەم قەباڵەیان : لە لایەن ، ئەی. کاولی لە گۆڤاری ئاسیای شاهانەدا، ساڵی ۱۹۱۹ز. دا ، ل : ۱٤٥- ۱٥٤، لـەنـدەن.

JOURNAL OF ROYAL ASIATIC SOCIETY, 1919, P. 145- 154. VI. THE PAHLAVI DOCUMENT FROM AVROMAN BY A. COWLEZ.

٦- خشتـەیـەکی۳ قـەباڵەکە ، بە پێی ساڵی کۆنـیی ، ئەلـف و بێ ، یان:


| ڕیز و ساڵ | ئەلف و بێ | سەردەمی شای ئەشکانی: |
|---|---|---|
| ۱ - ۸۸ پ. ز. | گریکی ، یا ، یۆنانی. | نـۆیەم= میهردادی/۲ هەم: ۱۲٤- ۷۷ پ. ز. |
| ۲- ۲۲ پ. ز. | گریکی. | سیازدەهەم = ئەردی/۱. |
| ۳- ۱۱ پ. ز. | ئـارامی. | چواردەهەم= فەرهادی/٤: ۲۰-۲ پ. ز. |

د. جەمال ڕەشید ، سێیەمیانی لە ڕیزی یەکەم داناوە ، لێرەدا بە پێی کۆنییان ، ریزکراون.

لـە نـاواخنـی سێیەمەکەوە:
سەنەدێکی ساڵانەی بەکرێدانی ڕەزە باخێکە ، لە لایەن خاوەنەکەیەوە ، بە ، کرێگرتە. لەم نووسینەوە و شێوەی هەڵگرتنەی ، کە رابوورد ، ئەوەی لێ دەردەکەوێت : ئەو خەڵکە لەو سەردەمەدا چەند ، ڕۆشنبیری ئیداری و شارستانیان زانیوە ؟! ئەم زانیارییە: (شتێکت دا، بە قەرز ، دەبێت بنووسرێت و شایەتیشت هەبێت.) زیاد لە ٦۰۰ ساڵ دوای بەرواری قەباڵەکان ، خوا بە ئایەتێك ، کە درێژترینی سورەی بەقەرەیە ، هەروا ئامۆژگاری بەندە بڕوا دارەکانی کردووە ! : ( یا ایها الذین آمنوا ، اذا تداینتم ، بدین إلی اجل مسمی فاکتبوه...). ألبقره - ۲۸۲-

۳۳۰ پ. ز. - ۱۳۹ پ. ز. سەردەمی داگیرکاری یۆنانەکانە یا گریکەکانە. لەم ناوچە سەختە دوورە دەسەدا ، چۆن ڕیشکیان داکوتاوە ، زمانیان سەپاندووە بەسەر خەڵکدا ، ئەوەتا ئەلف و بێی قەباڵەی۱ و۲ بەو زمانە نووسراوەتەوە ، یانی زمانی ئیداری ڕۆژبووە. لەسێ یەم دا ، واسەد ساڵ زیادە یۆنان وەدەرنراون ، قەباڵەش ، ئەلف و بێ کەی گۆڕاوە. پێم وایە خەڵکی ئێرە ، لەبەر باشگرتنی دینیی زەردەشتییان ، لەلایەن یۆنانییەکانەوە، زیاتر چەوسێنرانەتەوە ، بە تۆپزی زمان و دینی خۆیان سەپاندووە ، لێرەدا. ئایا بۆ بەکرێدانی ڕەزە باخێك ، ئەو تاپۆی ڕەشەیان نووسیێتەوە ، بەپێچرانەوەیەکی واش ، کە خوێنرایەوە ، وە لە فایلی ئەشکەوتیشدا، هەڵبگیرێت ؟! ئەی لە پایتەختەکانی وەك:

پاڵنگان ، کە ٦ قەڵا و پرد بە دەورێدا دروستکراوە ، لە سەرەتاوە پایتەختی ئەردەڵان بووە ، پاش گواستنەوەیان لە قەڵای زەڵمەوە( هەورامانی دیوی ئێراق بۆ دیوی ئێران). ئەی شاری هەورامان= جەرگەی پیرشالیاران ، ئەی دزڵی خاوەنی دەربەندی سەختی کەلەو وێم... ئەی بۆ لایەنەکانی تری ، وەك سیاسی ، دینی... هیچ نەنوسراوە و هەڵنەگیراوە؟
لە خوارەوە وێنەی نووسینە کۆنەکەی سێیەمیان ، ڕەزە مێوەکە ، دەبینیت ، کە لە کتێبی ماموستا م . ا. هەورامانیم. س. ك. ژ. ٥. وەرگرتووە ، بە سوپاسەوە:



148 THE PAHLAVI DOCUMENT FROM AVROMAN

شێوەی نووسینی ئەلفوبێی ئارامی لە قەباڵەی ٣/ هەم دا ، ١١ پ . ز . دا

## ب / ٣ / ٣ – سەرەداوی مێژوویی سانشینی هەورامان :

*__بۆ زانین__ : ئەم وشە و ڕستانەی لەبەر زۆر دووبارە بوونەوەیان ، کورت کراونەتەوە:
سەردەمی فەرمانڕەوایی بووە بە : س. ف. هەورامانی لهۆن = یا ڕۆژئاوا ، هەر دوو دیوی ئێران و ئێراق . واتە : ڕۆژئاوای زنجیرە شاخی زاگرۆس ، یا شاخانی ناوچەیی: سوورێن ، هەورامان ، شاهۆیە. سەر بە ستانی کرماشان و هەڵەبجەن : بەشەکانی هەورامانی ڕۆژهەڵات = واتە ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی سەرەوە. یا ناوچەکان ، هەورامانی تەخت ، هەر سێ ژاوەرۆ ، ڕەزاو ، دزڵی ... سەر بە ستانی سنەن. بە درێژی: ل٢٢٢ – ٢٢١.*
*__هێڵکاری ل ٢٤٨__.*

١ – ١١١٥ پ . ز . - ١١٠٠ پ .ز . ئاشورییەکان ، بە سەرۆکایەتی ئادادنیری و کوڕەکەی ئاشورناسرپاڵ ، هەورامانیان داگیرکرد. لە ٧٤٨ پ. ز . – ٧٢٨ پ . ز . بۆ جاری دووهەمیش.
٢ – ٦٠٢ پ . ز . – ٥٣٣ پ . ز. بەهمەن/ ١ ، کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گوشتائەسپ کوڕی لوهرائەسپ ، هەورامانییەکان خۆیان دەبەنەوە سەر ئەم . ١٦٣ ئەم بەهمەنە ،( کچی حاکمی گوندی دێوەزناوی هەورامانی، هێناوە . یانی ئەو کاتە گەورە بووەو ، حاکم نشین بووە). ١٦٤ ئەمڕۆ ، گوندەو ، سەروی پاڵنگانە ، وە سەر بە ستانی سنەیە. بۆ جێگاکەی : نەخشەی ل ٢٠٣چوارگۆشەی ئـ / ٢ لە هەمان لاپەڕەدا ، ناوی لە ڕیزی ٤٢ هەمین دایە. ئەمو پاڵنگان ، بە بۆنەی مێژووەکەیانەوە و ، بە بوونی چەند حەوزی ماسی تیاپ ەروەردە کراو ، بۆتە جێگەی سەرنجی گەشتیاران.
٣ – ٥٣٣ پ . ز . – ٤٩٣ پ . ز . س . ف . خاتو هوما فەرفا کچی بەهمەن لە شاری تیسفون. ١٦٥
٤ / ئـ / ٤٩٣ پ . ز . – ٤٢٤ پ . ز . س. ف . داریوشی/١ ، کوڕی ویشتاسەپ کوڕی ئارسام ، لە عیلام و پارس. ئەمە ئەوەیە لە ل ٩٩ ، ١٠٠ دا باسیکرابوو: ( گۆرانەکان لە ستەمی ئەم ، لە دەماوەندی ڕۆژهەڵاتی تاران ، کە بەرزترین شاخی ئێران و تورکیا و

---

١٦٣ – مەردۆخ ، س . ف . ژ. ١ ، ل٧٧ وە تأريخ أورامان ، س . ف . ژ٢ ، ل ٢٦ – ٢٧ ، ١٤٠.
١٦٤ – موزەفەر بەهمەن سوڵتان ، س . ف . ژ . ١٩، ل .٣٨٥.
لە مێژوودا دەیخوێنینەوە ، کوردەکان لە مادەکانن ، مانای واش نییە ، ئەو مادانە ، ڕۆنی پاڵفتەی ساقی ، خۆمانەی ، کوردییە. لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین : ئەو نەتەوەی مادە ، تێکەڵەی هاوسێکانی خۆیشی هەر تێکەوتووە.. {كلكم من آدم ، و ادم من التراب} : هەموو لە ئادەمنو ، ئەویش لە خاکە. یۆنانییەکان بە بەهمەن /١ یان ، وتووە: ئارتاگزرس ... هیچی لەو ناچێت !. کوردیش وایە: مەحمودی عەرەبی کردووە بە خوولە . محەممەد بە حەمە ! ... فارسیش هەورامانی کردووە بە أورامان ! ... ئەمە یانی ، هەڵەیان بە مێژوو نووسان کردووە. خۆ ئەگەر مێژوونووس ، بە ئەنقەست کردبێتی ؟ یا پێیان کردبێت ؟ ئەوە تاوانە ، شێواندنە. ڕۆشنبیر ڕۆشنبیر بێت ؟ پشتی پێ نابەستێت. ( بۆ سێ بەهمەن و سێ داریوش). ل ١٢٨ – ١٢٩.
١٦٥ – مسعودی ، مروج الذهب ، ج/٢ ، ص٨٣ – ٨٣. + سرجان ملکم ، ج/١ ، ص٣ + روضة الصفا، ص ٢٢٨.

ئێراقە ، هەڵکەندراونو بەرەو ڕۆژئاوا هاتوون). ١٦٦

٤/ **ب /** ٤٨٥ پ. ز. هاتنی دوو برا بە ناوەکانی هۆرام و کەنوول بۆ ناوچەی هەورامان. لە دەماوەندی ، خاڵی سەرەوە ٤/ ئـ .

٥ - ٤٤٥ پ. ز. – ٤٠٤ پ. ز. س. ف. داریوشی/٢ هەم . کچەزای بەهمەن/١ هەم ، دایکی ناوی هوما بووە. ( سەیری خاڵی٢ ی سەرەوە).

٦- ٣٠٠ پ. ز. – ٣٢٧ پ. ز. س. ف. ئەسکەندەری مەسەدۆنی ، یا مەکەدۆنی ، ئەغریقی ، کوڕی فیلیپی/٢ هەم ، لە هەوراماندا. هەموو سەردەمی یۆنانی ، تا١٣٩پ. ز. ی خایاندووە.

٧- ٢٠٠ **پێش زایین** ئەرمەنییەکان هەورامانیان داگیرکرد.

٨- ٦٣٩ **زایینی** – ٦٤١ زایینی ، هەورامان و شارەزوور لە لایەن ئەعرابی ئیسلامەوە ، داگیرکرا ، سەردەمی دووەم خەلیفەی ڕاشیدین ، ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب.

٩- ٩٦٩ ز ـ ١١٠٩ ز. س. ف. بەهمەن ی/٣ هەم. هەورامییەکان پێشیان وتوو (بووانم).

١٠- ١٠٥٦– ١١١٠ز. س. ف. باریەبەگی کوڕی بەهمەن/٣ هەم ، بووانم .

١١- ١١٠٩– ١١٤٨ز. س. ف. و ژیانی میرجەلالەدین ی کوڕی باریەبەگ. ١٦٧

١٢ – ١١٤٨ – ( ؟ ) س . ف . میر سەعیدی/١ ـەم.

١٣- ١٢٩٩ – ١٣٩٦ز. س. ف. و ژیانی میرسەعید/ ٢ ـەم. ناسراو بە جیاشا .

١٤- ١٣٩٦- ١٤٩٥ز. س. ف. و ژیانی سلێمان بەگی/١ م ، کوڕی جیاشا.

١٥- ١٤٩٢- ١٥٧٧ز. س. ف و <u>ژیانی بارام میرزابەگ ،</u> کوڕی سلێمان بەگی/١ ـەم. ١٦٨

١٦- ١٦٢٤- ١٦٣٢ز. خان ئەحمەدخانی/١م ، ئەردەڵانی ، قەڵای هەورامانی داگیرکرد. لە

---

١٦٦ -کارڵ هادانگ ، س. ئە . ژ . ١ ل ٣.

١٦٧_– لە مردنی میر جەلالەدینەوە ، کە ١١٤٨ زایینییە ، تا سەرەتای ژیانی میر سەعیدی/٢ ـهەم ، کە ١٢٩٩ زایینییە ، ١٥٠ ساڵ بۆشە ، هیچم دەسنەکەوتووە. ساتە مێژووییەکی گرنگیشە ، چونکی سەردەمی ٩٩ پیرشالیارەکانی ، یا ، پیرەکانی هەورامانە ، تا ناوی ٣ – ٥ میر دەردەکەوێت ؟ من دەڵێم هەورامان ، لەلایەن پیرشالیارانەوە ، یا پیاوانی دینی ( موغ) ـەوە یا سەردەمەوە ، فەرمانڕەوایی کراون. لە بەشی دینی دا ، بەدرێژی باسیان کراوە.

١٦٨ –ئەدمۆنز، کورد و تورک و عەرەب : بە زمانی عەرەبی :

س. ع. ژ.٦ ل: ١٤٢. کە باسی سەجەرەی فەرمانڕەوایانی هەورامانە ، <u>هەڵەی/١ لە ئەدمۆنز:</u> لە جیاتی ئەم بارام بەگە ، نووسراوە: فەتح عەلی سوڵتان. بەوەی نووسەری: تاریخ اورامان جدید ،١٩٠٦ز. بۆ ناسینی قازی: ل ٢٦/٢٢. خەڵکی ناوچەکەیە ، ڕای قازی بە ڕاستتر زانراوە ، سەجەرەی ل: ١٣١ ش ، لەگەڵ ڕای قازی دایە. هەڵەی/٢ هەمی ل ١٤٤ پەراوێزی/٢.

<u>هەڵەی /٢ لە بەهرامی وەڵەدبەگییەوە:</u> هەر دەربارەی ئەم سەجەرە ناوبراوە. لە سەرچاوەی: ا. سیستانی ، س. ف. ژ. ٧ ل: ١٢٧٩دا ، هەڵەکە کراوە. لە جیاتی نووسینی سەرباسی: ( سەجەرەی فەرمانڕەوایانی هەورامان.) نووسراوە : نسب بیگزادگان جاف جوانرود . بە شوێنکەوتنی ، نووسەرەکەی ، دێتەوە لای ئاغای بەهرامی وەڵەدبەگی جاف ، خزمی مەلا قادری پاوەی سەربە دەوڵەتە. چونکی سیستانی زانیارییەکانی لە پەڕاوێکی ئەوەوە وەرگرتووە. بۆ دڵنیابوون ، بە سەیرکردنەوەی پەڕاوەکەی ئەدمۆنز: س.ع. ژ.٦ ل:١٤٢: هەڵەکە زەق دەکاتەوە.

١٦٣٧ز. دا مردووە.
١٧- ١٦٣٢- ١٦٦٥ز. س. ف. عەباس قولی سان کوڕی بارام میرزابەگ ، لێرەوە: نادرشای ئێران ، پلەی (سان)ـی نا ، بە حاکمانی هەورامانەوە ، لە جیاتی نازناو یا پلەی بەگی و پاشا و والی.
١٨ – ١٦٩٢ – ١٧٠٧ ز. س. ف . محەممەدسان کوڕی عەباسقولی. لە کەڵاتەرزان ، کەمەرە ، کەڕەگوێز.
١٩– ١٦٩٢– ١٧٢٧ز.. بارام سانی/١ م. کوڕی عەباس قولیسان.
٢٠- ١٦٨٩- ١٦٨٩ ز. س. ف. قاسم سان ، کوڕی بارام سانی/١ هەم. بۆ چەند_مانگێك.(لەم کاتەدا ئیسماعیل پاشای عوسمانی ، پەلاماری ئێرانی دا، لەشکری هێنایە ئەحمەدئاوای خ.ڕۆژهەڵاتی خورماڵ ، ١٦٩ بۆ یارمەتی کوڕی سلێمان پاشای بابان ، ئێرانی داگیرکرد ، ١٦٩ حسێن عەلی ئاغاخانی بۆ حاکمی هەورامان دانا و، گەڕایەوە شارەزوور. کچێکی بە زۆر مارەکرد، لەشکرەکەی کاری خراپیان کردووە ، خەڵکی دژی لەشکر هەڵساون ، ٤٨٧ یان لێ کوژراون ، حاکم: حسێن ڕایکردووە بۆ شارەزوور.) ١٧٠ نەخۆشی تاعون بڵاوبووەتەوە.
٢١ - ١٦٩٨- ١٧٠١ز. س. ف. گەنجعەلی سان ، برای بارام سانی /١ ـەم. بوومەلەرزە ڕوویداوە.
٢٢- ١٧٠٢- ١٧٠٥ز. س. ف. عەباس سان ، کوڕی گەنجعەلی.
٢٣ – ١٧٠٣ – ١٧١٠ ز. س. ف. مستەفاسان ، کوڕی محەممەد سانی/١ ـەم. ١٧١
٢٤- ١٧٠٥- ١٧٢٢ز. س. ف. عیساسان کوڕی بارام سانی/١ ـەم. ١٧١
٢٥- ١٧١٩- ١٧٣٢ز. س. ف. ئیسماعیل سان ، کوڕی قاسم سان.
٢٦- ١٧١٩- ١٧٣٢ز. هەورامان بە ئەردەڵانەوە ، تا هەمەدان،کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی بابانەکانەوە ، سەردەمی خانە بەگ و کوڕەکەی بووە. ل: ١٤٩، ١٦١. ئەم سەر بە بابانە لەم کاتانەشدا ڕوویداوە: ١٧٥٠ ، ١٧٥٣ز. بۆ چەند مانگێك لە ساڵی ١٧٥٦ز. وە ١٧٦٣-١٧٦٤ز.
٢٧- ١٧٢٢- ١٧٣٣ز. س. ف. جەمشیدسان ، کوڕی بارام سانی/١ م. زاوای والی ئەردەڵان بووە.عەباس و حسەین بەگی برای کوشتوون.
٢٨ – ١٧٣٣ – ١٧٣٩ ز. محەممەد یوسف سان. کوڕی ئیسماعیل سان.

---

١٦٩- ئەحمەدئاوا : دراوسێی دێی زەڵم و قەڵای زەڵمە ، پایتەختی یەکەمی ئەردەڵانییەکان. تاڤگەی زەڵم = دڵدەم ، کە ناوی کۆنیەتی ، هاوینەهەوارێکی جێگا سەختی خۆشە ، وە دیوی ڕۆژئاوای ز. ش. زاگرۆسە. لە ناوچەی هەورامانی دیوی ك. ئێراق دایە. نەخشەی ل٢٣٥ ئـ / ٢.
١٧٠- لێرەدا عوسمانی ، حاکمی هەربۆ هەورامان داناوە ، یانی هەر ئەوێی داگیرکردووە ، نەك هەموو ئێران ، وەك نووسراوە. هەر لەشکرێک لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات هاتبێت؟ لە هەورامان بە پەلاماردەریان وتووە وەک : ڕۆم ، عوسمانی ، بابان یا بەبە ، کرمانج .لای بابانیشەوە بەمانیان وتووە: عەجەم ، ئێران ، سەفەوی ، ئەردەڵان.
١٧١ – ئەو سانانە ، هەندێک جار ، حاکمی ناوچەیەکی بچووکی هەورامان بوون ، نەک هەموو ناوچەکە. حاکمیی بچووکترە لە سانی ، بۆیە دەسپێکردنی فەرمانڕەوایی ژمارە ٢٢ - ٢٤ چوون بە ناو یەک دا. لە ژمارە ١٨ دەدا ڕۆشنتر دیارە. (حاکم) ییە ، نەک (سان)ـی.

٢٩- ١٧٤٣ز. س. ف. مەنوچەرسان ، کوڕی عەلیمەردان سان.
٣٠- ١٧٤٥- ١٧٤٨ز. س. ف. حسەین سانی/٢ م ، کوڕی دەروێش بەگ.
٣١- ١٧٥١- ١٧٥٢ز. س. ف. بارام سانی/٢. کوڕی گەنجعەلی. یەکگرتنەوەی هەردوو دیوی هەورامان ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکەی.
٣٢- ١٧٥٣- ١٧٥٦ز. س. ف. خالیدسان ، کوڕی بارام سانی/٢ هەم.
٣٣- ١٧٥٦- ١٧٨١ز. س. ف. ڕەزاسان ، کوڕی حسەین بەگی/١ کوڕی بارام سانی/١ ـەم. دووجار فەرمانڕەوایی کردووە.
٣٤ - ١٧٧٩ - ١٧٨٣ ز. دووبراکە ، عەلیمەردان سان و حەمەتایەرسان ، هەورامانیان کردە دوو بەشەوە ، ڕۆژهەڵاتی شاخی هەورامان و شاهۆ ، بۆ یەکەم. ڕۆژاواکەی بۆ دووەم. لە ١٧٨٥ز. بە چوار بەشەوە کرا. لە ١٧٩٤ز. دا بوونەوە یەك.
٣٥- ١٧٧٩- ١٧٨٥ز. س. ف. عەلیمەردان سانی سەرەوە ، لە ١٨٢٤ز. دا مردووە.
٣٦- ١٧٨٥- ١٧٩٣ز. س. ف. محەممەدتایەر سان ، لە ناوچەی لوڕستان مردووە.
٣٧ – ١٧٨٣ – ١٨٠٨ز. س . ف. فەتحعەلی سان کوڕی محەممەد تایەرسان. لە ناوچەی ڕەزاو و دزڵی.
٣٨- ١٧٩٤- ١٧٩٩ز. س. ف. محەممەد یوسف سان/١ ، کوڕی پیری بەگ.
٣٩- ١٨٠٨-١٨١٧ز. س. ف. ئەسکەندەرسان ، کوڕی محەممەد یوسف سان/٢.
٤٠ – ١٨١٧ - ١٨٢٠ ز. س . ف. خاتون هۆرێزادسان ، ژنی ئەسکەندەرسان
٤١ - ١٨١٨ – ١٨٢١ز. س. ف. محەممەدسان/٢ هەم کوڕی محەممەد یوسف سانی/٢ هەم. لە هەورامانی لهۆن دا.
٤٢ – ١٨٢٧- ١٨٣٤ز. س. ف. حەیدەرسان کوڕی عەلیمەردان سان ، لە هەورامانی لهۆن دا.
٤٣ – ١٨٣٣ – ١٨٣٣ز. س. ف. خاتون مەنیجەسان ، ژنی حەیدەرسان.
٤٤ – ١٨٤٢ – ١٨٦٩ز. س. ف. ئەحمەدسان کوڕی عوسمان سان.
٤٥ – ١٨٤٢ – ١٨٤٨ز. س. ف. حەسەن سان کوڕی محەممەدسانی/١لە هەورامانی ڕۆژهەڵات. دووجار فەرمانرەوایی کردووە. لە ١٨٨٧ز.مردووە.
٤٦ – ١٨٤٨ – ١٨٦٨ز. س. ف. حەمەسەعیدسان ، لە هەورامانی لهۆن دا. لە دواوە بە دریژی باسیکراوە.
٤٧ – ١٨٦٨ – ١٨٧٠ز. س. ف. مستەفاسانی/٢ کوڕی ئەحمەدسان ، لە نەوسود ، پایتەختی هەورامانی لهۆن. ڕۆژئاوا. لە ١٨٩١ز. دا مردووە. لە ١٨٦٩ز. یەوە ، دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە هەورامان دا زیادیکرد.
٤٨ – ١٨٧٠ – ١٨٩٢ز. س. ف. محەممەدبەگ ناسراو بە حەمەلە کوێر، کوڕی حەمەسەعیدسان. لە هەورامانی لهۆن.
٤٩ – ١٨٩١ – ١٨٩٢ز. س. ف. عەباسقولی سان کوری مستەفاسان.
٥٠ – ١٨٨٢ – ١٨٩٢ز. س. ف. ڕۆستەم سانی/١ ، کوڕی مستەفاسان ، لە هەورامانی تەخت و ڕەزاو = هەورامانی رۆژهەڵات. عەزیزخان: لە دزڵی.
برزووم بەگی برای ڕۆستەم سان/١ ـەم : لە دێی دەرەکێ و هەزارانی.
٥١ - ١٨٨٣- ١٨٩٢ ز. س. ف. ڕۆستەم سان/ ٢ ، کوڕی حەمەسەعیدسان ، لە هەورامانی

تەخت و ڕەزاودا= ڕۆژهەڵاتی هەورامان. لێرەدا هەردوو ڕۆستەمی/١ و ٢ شەڕیان بووە. دووەمی لهۆن ،سەرکەوتوە بەسەر یەکەمی ڕۆژهەڵات دا. ڕۆسەمی/٢ لە ١٨٩٢ز. دا تیاچووە.

٥٢- ١٨٩٢- ١٨٩٥ز. س. ف. محەممەد ساڵح سان ، کوڕی ڕۆستەم سان/٢ ، لە هەورامانی لهۆن.

٥٣- ١٨٩٥- ١٩٣٠ز. س. ف. جافرسان ، کوڕی حەمەسەعید سان ، لە هەورامانی لهۆن. لە دواوە باسی زیاترکراوە.

٥٤- ١٩٤١- ١٩٤٥ز. س. ف. کەریم سان ، کوری جافرسان ، لە هەورامانی لهۆن دا. لە دواوە باسی زیاترکراوە.

٥٥- ١٩٤٥- ١٩٦١ز. س. ف. حەمەئەمین سانی کوری جافرسان ، لە هە . لهۆن دا ، لە دواوە باسی زیاترکراوە.

٥٦- ١٩٦٢- ١٩٩٥ز. سەردەمی سانیی ، عیزەت بەگ= زەرەتەن لهۆنی، لە هە . لهۆندا. لە دوای مردنی ، کوڕەگەورەکەی بورهان بەگ ، کرایە جێگری. *زیاد لە ٤٥ سان بوون.*

ب/ ٣ /٤- سەجەرەی هەندێک لە هەورامانییەکان : ١

چەند تێبینییەک:

١ - ئەگەر پشتی یا نەوەی ناوی سەجەرەکە ، زانراوبێت ؟. واتە : وەك جافرسان کە ئەسیح ، کوڕی ئەوەی پێشەوەی بێت ، کە حەمەسەعید سانە ، ل ١٣٥. نەنووسراوە: کوڕی فڵان.

٢ - ئەگەر سەردەمی یەکێك چەندساڵێك بێت ؟. دیارە هەر سەردەمی فەرمان - ڕەواییە ، کەیەتی ، نەک ساڵەکانی هەموو ژیانی.

٣ - هەموو ساڵەکان زایینیین .


٤ – هەرچی ( سان ) یی کردبێت ، وشەکەی بۆ نووسراوە.

٥ – لەبەر جێگا ، بەشی زۆری وشەی بەگ و شێخ و میرزا ... هتد. بۆ نە نووسراوە.


سەردەمی: س. فەرمانڕەوایی: ف . س. ف. و ژیانی بارام میرزابەگ. کوڕی سلێمان بەگی /١. <u>ئەوەی : {ل ١٤٠ ، ڕیزی ١٥ }.</u>

---

١٧٢- موزەفەر بەهمەن سوڵتان ، س. ف. ژ. ١٩ ل: ٤١٢.





١٧٣ – هەڵەکەی ل ١٤٠ ، ژێرنووسی ١٦٨ تایبەت بەم کەسەیە . کە دەبێت ئەم بارام ناوە ، لەوێدا بێت.




١ – لە ناوچەی هەورامانداً، واشی ناو دەبەن: حەمەیۆسۆ سان.

٢- ناوبراو خەڵکی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە ، بۆ دێیەکەی دزڵی: ل:٤/٢٣٣. هەموو تەمەنی لە شۆڕشدابووە ، لەلایەن ئێرانەوە ژەهر دەرخوارد کراوە. گۆڕی لەسەر شاخی هەورامانە ، لوتکەی داڵانی. لە خورماڵ هەیکەلیان بۆ داناوە. ل ٥٨ ژێرنووسەکە ، نووسەر.




* برزووم بەگ: ئەو کەسەیە ، مەلا عەبدوڵای قازی ، لە نێوان ١٩٠٣- ١٩٠٧ز. دا کتێبی مێژووی هەورامانی بۆ نووسیوە ، کە لە دێی بانیشار حاکم بووە. پەندی فڕکەو بانیشار ، دەستنەمامی ئەم برزووم بەگەیە . ل ٣٤٧/ پ. بۆ ناسینی ، قازی. ل: ٢٦/٢٢ سەیربکە.

حەمەسەعیدسانی عوسمان سان. ل ١٤٦

محەممەدسانی/٣ ١٨٩٢- ١٨٤٨ | ڕۆستەم سان ١٨٨٣- ١٨٩٢ | جافرسان ١٨٩٦- ١٩٤١ | عەبدوڕەحمان | فەتاح | عوسمان

ڕۆستەم سان:

ئەفراسیاو | تۆفیق | محەممەدساڵح | حسەین /٧

ڕەز اقوڵی/٢ ، مستەفا سانی/٢ : ١٨٦٧ – ١٨٧٠ز.

حەمەساڵح | حەمەئەمین | حەمەکەریم

مستەفای پاڵانیان، حەمەکەریم :

ڕەفعەت | حەمەکەریم | سەرکەوتی شەهید

ئەفراسیاو بەگ:

زۆراب
ڕۆستەم /٢
حەمەسەعید
ئەنوەر ← مامۆستا هوشیار ← یار
جەمیل
غازی
ئەسکەندەر
کەریم
یارئەحمەد

یارئەحمەد:

هۆشمەن | ئەرجومەنی شەهید | هوشیار | بەختیار | ئیختیار | نەوشیرەوان

زۆراب بەگی سەرەوە:
ل ١٤٧

- موزەفەر
- عەبدولئیلا
- فەهمی
- شەوکەت
- جەلال
- شاهۆ
- سائیب
- ئەشرەف

تۆفیق بەگ کوڕی ڕۆستەم سان،ل:١٤٧

- محەممەدبەگی/٤
- تایەربەگ
- حاجی عەلی

حسەین بەگی/٧، ل:١٤٧

- نەجیب
- نەقی
- نەزهەت
- یونس
- فایەق
- عەبدوڵا

جەعفەر سوڵتان: ١٨٩٦- ١٩٣١
کوڕی حەمەسەعیدسان ل١٤٧

١ - غەفار . باوکی ئازاد هەورامی شەهیدە.-
٢ - مەحمود - ل٧٥ / ٢٧٨
٣ - محەممەد تەقی
٤ - محەممەد ڕەزا
٥ - حەسەن
٦ - عەلی بەگ پاشا
٧ - فەتحوڵا
٨ - محەممەد سەعید
٩ - عەلی محەممەد
١٠ - کەریم سان ١٩٤١- ١٩٤٥
١١ - محەممەد ئەمین سان ١٩٤٥- ١٩٦١
١٢ - مستەفا ،سالار
١٣ - قادر
١٤ - محەممەد ڕەشید
١٥ - ئەحمەد
١٦ - مەنسور
١٧ - محەممەد عەلی
١٨ - ناسر
١٩ - سەیفەدین

- عەبدولغەفور بەگ ←
  - مەهدی
  - دارا
  - عەلی مەردان

- مەحمودبەگ ←
  - هوشیار
  - پەروێز
  - تالیع

- محەممەد تەقی ←
  - عەزیز
  - سەلیم

- محەممەد ڕەشیدبەگ ←
  - بەهمەن
  - ئەسفەندیار

- فەتحوڵابەگ ↓
  - هۆشەنگ
  - فەهمی حیکمەت
  - عەلی ئەحسەن
  - داود

- محەممەد سەعید بەگ. ژ./ ٨ ↓
  - فیروز بەگ

- عەلی محەممەد بەگ.ژ./٩ ↓
  - ئەرشەد
  - شەهباز
  - شەماڵ
  - ئارام

- حەسەن بەگ ژ./٥ ↓
  - نیازی بەگ

- سەعدی بەگ ↓
  - قادربەگ

- کەریم سان. ژ./١٠ ↓
  - عیزەت بەگ ، زەڕەتەن لهۆنی ١٩٨٣- ١٩٩٥ ↓
    - بورهان

- محەممەد ئەمین سان ژ./١١ ↓
  - غەفار
  - تەیمور
  - تەحسین
  - وریا

- مستەفابەگ، سالار. ژ./١٢ :
  - فەیسەڵ
  - قەیسەر

- حەمەڕەزابەگ ،کوڕی ئەحمەدسانی/٢ هەم. ل: ١٤٦. ←
  - ١ - عوسمان ←
    - حسەین
    - کەریم
    - مستەفا
    - تەها
  - ٢ - فەتاح
  - ٣ - ئەمین
  - ٤ - حەمە
  - ٥ - قادر
  - ٦ - حەسەن
  - ٧ - کەیخەسرەو
  - ٨ - عیزەت

فەتاح بەگ. ژ.٢/ :
- حەمەڕەزا بەهمەنی ١٩٥٠-
- بەرزان بەهمەنی١٩٦٠- ١٩٩٦
- عەلی ڕەزا بەهمەنی ١٩٥٢-

حەمەو بەگ. ژ.٤/ :
- سەردار ١٩٤٩ز.
- سالار ١٩٥١ز.
- سیروان ١٩٧٠ز.
- ڕێبوار ١٩٧٢-

حەسەن بەگ.ژ.٦/ :
- تایەر بەهمەنی ١٩٥٠-٧ -١١-٢٠٠٨ ← هەژیر بەهمەنی ١٩٨٧-
- عەبدوڵای شەهید. ١٩٥٥-١٩٨٤

کەیخەسرەو بەگ. ژ.٧/ :
- جەمال ١٩٤٨ز.
- شەوکەت ١٩٥٠ز.
- کەیان ١٩٥٥ز.

عیزەت بەگ. ژ.٨/
- زۆراب ١٩٤٩ ـ ١٩٧٧
- ماجید ١٩٦٩-
- سەریاس ١٩٧٠-
- بەهمەن ١٩٧٥-

حسەین بەگ : ١٩٢٧_ ٩-٧- ١٩٩٠ ل.١٤٩
- ئەحمەد ١٩٤٩-
- ئەفراسیاو ١٩٥٤- ١٠-٤- ٢٠٠٧
- کەمال ١-٧-١٩٥٦_ ١١-٩- ١٩٨١
- دیاری ١-٧-١٩٦٢-
- هوشیار ١٩٦٦-
- هۆشمەن ١٩٧٠-
- ئەردەڵان ١٩٧٢-

کەریم بەگ
- سەرتیپ
- سەروەتی شەهید
- لوقمان ١٩٦٣- ١٩٩٦

تەها بەگ ٣٦- ٩٦
- ئاری ١٩٧١
- ئارام١٩٧٥

مستەفابەگ. ٣٥-٩/٨/٩٥
- ئومێدی شەهید ١٩٦٠_ ٢٨-٨-١٩٩٤
- ئاوات ١٩٧٧

عەلی مەردان سان ← سلێمان بەگی/٤ ← حەمەڕەشید بەگی/١ ← سلێمان بەگی/ ٥
ئەمانەڵابەگ ( حەمەکەریم بەگ) ← سلێمان بەگی/ ٦ ← رەشید بەهمەنی :

ڕەشید بەهمەنی :
١- ٧ – ١٩١٧ ــ ٣- ٣ - ١٩٩٢

هادی بەهمەنی * ( مەهدی + وەهبی) سلێمانی/٧ کامەران کاوە هەیات هێمن
١٩٥١/ ٣/١ - ( ١٩٥٥+ ١٩٥٧= ** ) ١٩٧٠ ١٩٧٢ ١٩٧٤ ١٩٨٤ ١٩٨٦

هادی بەهمەنی ← بێساران بەهمەنی ٣- ٨ – ١٩٧٩ ، پەیمان بەهمەنی ١١- ١٢- ١٩٨١
پەیمان بەهمەنی ← پەیکۆ کۆساڵان ٢٢ / ٤ / ٢٠١٢
کامەران ← ڕاسان ١٩/ ٢/ ٢٠٠٧
هەیات ← هاکان

فەتحوڵابەگ کوڕی محەممەد یوسف سان ل. ١١٥ ←
عوسمان
یارئەحمەد
عەبدولغەفور، نیک ڕەفتار یوسف سان.ل:١٤٩
حسەین
میران

نادر .١٩٣٩ – ٢٠٠٧ز. کوڕی قادربەگ . خاڵۆی نووسەر:
کوڕی مستەفا سانی / ٢.ل. ١٤٦

قادر ئاوات شەهریار

عەبدولغەفور ، نیکرەفتار ←
کەیۆمەرز ١٩٤٢- کەنەدا.
عەبدولا بەگ ، ئۆلا.

حەمەڕەزای فەتاح ل:١٤٩ ← ئاروین بەهمەنی.
سوێد

* +** هادی : نووسەری ئەم کتێبەیە ، هەردوو برای یەکەم و دووهەم و دوو خوشک و دایکی ، لە ١٠ / ١٢ / ١٩٦٨ز. لە ئەنجامی تۆپبارانی هەڵەبجەدا ، لە شەڕی جەلالی و مەلاییدا ، کوژران ! . ئەو مەرگەساتە ، ل.٢١٤ زیاتری لە سەر نووسراوە. هەروەها لە کتێبی سەرێک بە کلاوڕۆژنەی ژیانم دا ، ل٢٥ .

ئەحمەدی حسەین بە گ . ل ١٤٩

گۆران — سۆران — کاروان — کارزان

ئومێدی شەهید ،
مستەفا بەگ. ل:١٣٦

سەرخێڵ ١٩٨٩-
سەرهەنگ .

بەکربەگ کوڕی عوسمان سان ل:١٤٦

مەحموود بەگ — سڵێمان بەگ — حەمەئەمین بەگی بیارە.

حەمەئەمین بەگی بیارە

تەقی
فەیسەڵ
ئەرکان.
غازی
بەکر

هەرمان
هامیار

مامە ڕەشیدی سۆسەکان ، نەجیب بەگ

حەمەسەعید ١٩٨١ — قەیسەر ١٩٨٠ — بەهمەن — بورهان — لوقمان ١٩٨٣

محەممەدی حاجی ڕەشیدی سۆسەکان:

ئاراسی شەهید ١٩٦٨- ١٦ -١٠-١٩٩٧ — هەورامان ١٩٩٧٠ — کۆسالان ١٩٧٨/٥/١٨ — ڕێباز ١٩٨٠

کاژاو + ڕەشید — شارۆ — پەیکۆ ٢٠١٢ / ٤/ ٢٢ — نۆباو

حەمەئەمین بەگ کوڕی ڕەزاقوڵی کوڕی مستەفاسانی/٢ ل ١٤٧

مەحمودبەگ — کەریم بەگ — فەتاح بەگ — حەمەو بەگ — ئەحمەدبەگ = هەموو لە پاڵانیان ژیاون.

مەحمودبەگی پاڵانیان ، کوڕی: حەمەئەمین بەگ کوڕی مستەفاسانی/٢ ل:١٤٦

حەسەن ← ئەرسەلان
شاپور
تەیمور
نوری ← لهۆن
حەمەئەمین
دیاری
تەحسین
بەرزان

ئەحمەد،کوڕی هۆمەر بەگ.

حاجی نەسروڵا
حاجی عەلی دەربەند
لەتیف
فەرەجوڵا
١٩٤٩- ١٩٧٩

کەریم بەگی پاڵانیان ← حەمەتەقی ← سەریاس

ئەحمەد بەگی پاڵانیان ← ستار
ئیبراهیم

حەمەو بەگی پاڵانیان ↓
ئەرشەد
جیهانبەخش

عەلی محەممەد کوڕی ڕەزاقوڵی. ←
ئەسکەندەر
عەبدولکەریم ، بەگە ← بەهمەن
حەمەوبەگ

عەلی محەممەد
حەبیب
نیازی

عەلی محەممەد ↓
مەنسور
ناسر

حەبیب بەگ ←
کاوە ← ژیر ٢٠٠٣-
ویر٢٠٠٧-
ناسیح
ڕافیع
کامەران
کاوات

نیازی ئەسکەندەر. ل ١٥٣

پەرویز
دڵسۆز
بەهرۆز
فاتیح
کەیوان

فەتاح بەگی پاڵانیان
ل. ١٥٤

غازی
ئاوات

خانە بەگ کوڕی کوڕی
عەلیمەردان سان. ل:١٤٦

یارئەحمەد ← بزووم ← جەمال
فەرەجوڵا ← بەکر ← هۆمەری شۆشمێ.
هۆمــەر ← ئەحمەد ل: ١٢٠

نەسروڵا بەگی
پاڵانیان.

ئەحمەد
عەبدوڵا
ئاوات

حاجی عەلی
دەربەند

عوسمان
خالید
بەکر
عەباس

لەتیف ی برای نەسروڵا

فەیسەڵ
هەورامان

عەزیزبەگ کوڕی حەمەساڵح بەگ. ل:١٤٦

غەفووربەگ
کەریم بەگی کەرکوک

نەجات
فوئاد
فەهمی
هەورامان

عەلی
عومەر
مەهدی
یاوەر
عەزیز

باسام بەگ کوڕی نەجەفقوڵی بەگ ل: ١٤٦

محەممەدنەجەفی
لوتفوڵای نەجەفی
فەتحوڵای نەجەفی

ئەفشین
ڕامین
ئارام
ئاسۆ

مستەفا سانی/١ کوڕی محەممەد سانی/١ :

عەباسقولی سان
ڕەزاقولی بەگی/١
حەسەن سان
بارام بەگی/٤
فەرەجوڵابەگ

عوسمان سان ← خاڵەبەگ ← هۆمەربەگ ← فەتاح

مەهدی ، هادی ، ڕزگار ، ڕێبوار

عوسمان سان ← خاڵەبەگ ← فەتالی/١ ← مەنوچەری/١ ← فەتالی/٢

ئەمین ، مەنوچەری/٢ ، محەمەد

محەمەد ← سەریاس ، شەپۆل.

حسەین خان کوڕی ڕەزاقوڵی بەگی یەکەم.

محەممەدڕەشید ، کەیخەسرەو ، جەعفەر ، محەمەد ، حەسەن خان ، موزەفەر خان*

موزەفەر خان ←

کەیخەسرەو ، محەممەد ، حسەین ، بەهمەن ، تۆفیق

١٩٤٢ز. ، ١٩٤٩ - ، ١٩٥٣- ، ١٩٥٧- ، ١٩٦٤-

تۆفیق کوڕی حەمەلاوبەگ

فاروق ، قەیسەر ، بێستون ، کۆساڵان

قادربەگ کوڕی هەواس( عەباس) بەگ

حەمەوبەگ ، یادگار ، ئیقباڵ ، لوقمان

نەجیب ی کوڕی بارام بەگی سۆسەکان

حەمەئەمین بەگ ، بارام بەگ ، ڕەشید بەگ.ل:١٥٤ ، کەریم بەگ

حەمەئەمین بەگ ← دارا ← فەرهەنگ

---

* – لە گەڵ سوپاسم دا بۆی ، لە چەند شوێن وە لە چاپی چوارەمی ئەم کتێبەوە ، سودم لە کتێبی: تأریخ أورامان ، وەرگرتووە. کە ئەم کەسە لای خۆی پاراستبووی . ل ١٥٦. نووسەرەکەی مەلا عەبدووڵای قازی بووە . ل ٢٢/ ژ ٢٦.

**ب / ۳ / ٥ - باسی ۱۲ لە سانەکانی هەورامان:**

وەك لە ل ۱۳۹ ی سەرەداوی مێژوویی هەورامانەوە ، بەدەردەکەوێت . زیاتر لە ۳٥ سان لەم ناوچەیەدا سانیان کردووە.( دەربارەی مێژووی ئەم ناوچەیە ، مێژوونووسانی سەربە ئەردەڵانییەکان ، هەروەك مێژوو نووسانی تری کوردستان ، باسێکیان یا یادێکیان لە فەرمانڕەوایانی هەورامان نەکردووە ، تەنها لە کاتی دامرکاندنیاندا باسیانکردوون!). ۱۷۳ دیارە ئەوەی سەرکوت دەکرێت ، دەبێت بزووتنەوەیەک ، شۆڕشێکی دژی سەرکوتکەر کردبێت.

هەورامان بە هەردوو بەشە سەرەکییەکەوەی ، ڕۆژهەڵاتی ز. ش. زاگرۆس یا ڕۆژاوای.
( بەشی جوگرافیا ل: ۲۲۰ - ۲۷۷ ). بۆ هەرکام لەو دوو بەشە ، باسی ٦ سان بە کورتی کراون. لە سەجەرەکانی پێشەوەدا لە ل ۱٤٤ ەوە نووسراون:

**ئـ /** سانەنشینی هەورامانی ڕۆژهەلات ، لە: (پاڵنگان ، شاری هەورامانی تەخت ، ڕەزاو، دزڵی..): ۱– ئەمیر سەعیدی/۲هەم جیاشا. ۲- عەباسقولی سان. ۳- بارام سانی یەکەم . ٤ - خالید سان. ٥- ڕەزاسان. ٦- حەسەن سان/۲ هەم

---

۱۷۳ - موزەفەر بەهمەن سوڵتان ، س. ف. ژ. ۱۹ ل: ۳٥.

دەمانبیست ، لە ڕۆژهەلاتی هەورامان دەستنووسەکەی ڕەحمەتی مەلا عەبدوڵای قازی(سەیری ل: ۲٦/۲۲) ،( مێژووی هەورامان) ، هەیە و پارێزراوە و هەواڵیشم هەبوو ، لەسەردەمی مەردۆخی ڕەحمەتییەوە ، چەند نووسەر لە قووڵاخیدا بوون. بەڵام کەسیان نەیاندۆزیبووەوە.

وا ، لە ۲۰۰۷ زاینییەوە لە لایەن: بەرێز کاك موزەفەرخانەوە ،( سەرچاوەی سەرەوە). بۆ یەکەمین جار ، بە زمانی فارسی چاپکراوە ، دەستەکانی خۆشبێت. بە قوربانی کووڕ بم ، { پیاو بە وەسیەت نامرێت}. خەمی بە ، پەلەی پێنج کتێبەکەی تریشی بخۆن ، ئەوانە تاپۆی ۱۰۰ساڵ لەمەوپێشی هەورامانن. خۆتان ناتوانن ؟ بیاندەنە لای خەمخۆران. نەک ببن بە خۆراکی مار و موور و نەیار. کتێبی ناوبراو لە سەرچاوەکانی دواوە ، ئەم ڕیزەی بەرکەوتووە: س. ف. ژ. ۱۹ ل: ۷۸-۸٥.

<u>ئەم سەرنجەم لەسەر چاپکردنی هەیە:</u> وشەی تێخزێنراو ، کە ئاغای کەریم ئەیوبیان ئامادەکاری بۆ چاپکردن کردووە. لە ئاستیا: یا چاوی نووقاندووە ، یا تاران پێی نووقاندووە! یا بۆیان دیاریکردووە وای لێ بکات. بۆ نموونە سەرنجی ل: ۱۲٥ بدەن ، وە لە چەند لاپەڕەی تریشدا ئەو ترش و خوێ ڕەگەزییە ، فارسییەی پێوەکراوە . بۆ شۆڕشگێڕانی ناوچەی هەورامان ، کە دژی ڕژێمی شاهنشاییش جەنگاون ، وە دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی ئیسلامیش ۱۹۷۹ز. بووە. کەچی ڕژێمی ئیسلامی سەردەم ، لایەنی شای گرتووە ، لە جێی شۆڕشگێڕان ! لەبەرئەوەی شۆڕشگێڕانی هەورامان ، دژی ناوەند، تاران ، جەنگاون؟ . لەم حاڵەتەدا ، ئەو ، شا ، دوژمنەیان ، بە برا و خزمی خۆیان زانیوە! لە وشە هێنراوەکان وەکو: { قەوم جەنگەڵی. وەحشی سیفەت . نیران غەزەب شەهریار ئیران...}. با کاك موزەفەر بە دیقەتەوە هەمووی بخوێنێتەوە ، دەبێت قازی ڕەحمەتی ، بەرانبەر خزمانی شۆڕشگێڕی خۆی ، وای نووسیبێت ؟ یا وای وتووە پێیان؟! .

لە سەجەرەکانی منیش و هی کاك موزەفەریش دا ، هەڵە ماون ، سێ محەممەد ؟ سانن؟ یا دووان؟ دوو حەسەن ؟ سانن ، یا یەکێک ؟ ... هتد. بنە ماڵەی ئێمە ، تا دێتەوە سەر برایەکم ، حەوت سڵێمان ی تیایە ، ژمارەم بۆ داناون تا لەیەک بکرێنەوە. ئیتر چۆن سەرمان لێ تێک نەچێت؟! بە ئومێدی داهاتووی هەموو لایەکمان.

**ب /** سانـنشینی هـ . ڕۆژئاوا ، (لهۆن) ، هەردوو دیوی ئێران و ئێراق: لە( نەوسود ، پاوە، نۆتشـە...) ١ – حەمەسەعید سانی/١ ـەم. ٢- مستەفا سانی/٢ ەم. ٣- ڕۆستەم سان ٤ - جەعفەر، جافر ، سان. ٥- حەمەئەمین سان. ٦- کەریم سان.

ئـ / ١ - ئەمیر سـەعیدی/٢ هـەم ، جیـاشا .١٢٩٩- ١٣٩٧ز.
یەکێکە لە سانە * ناودارەکانی هەورامان ،( چوارەمە لە بەهمەنی سێیەمەوە ، لای ئەم کتێبی مێژووی هەورامان هەبووە ، فەوتاوە). شایەنی باسە بوترێت مامۆستا مەردۆخ لە نووسینی هەردوو بەرگی مێژووەکەیدا ، سوودی لە هەردوو مێژووی کۆن و نوێی هەورامان وەرگرتووە ، فەوتانەکەشی لە سەردەمی جیاشادا ٥٠٠ ساڵ تێپەریوە بەسەریدا. کەواتە کتێبەکان زۆربوون. سانی ناوبراو ، کەسێکی خاوەن بڕوا و زانابووە ، هێمنی باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەکەدا، لە ناوچەی شاری هەورامان چوار بنکەی فەرمانڕەوایی دامەزراندووە ، مزگەوتێکی دروستکردووە. ڕێزی لە پیاوانی دینی گرتووە. لە سەردەمی ئەم دا بەگە مەئمونی ئەردەڵانی پەلاماری ، هەورامانی ئەم دەدات ، پاش ماوەیەك دەورگرتن ، نەخۆشی لەناو چەکدارەکانیا بڵاودەبێتەوە. ناچار بە کشانەوە بووە. لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە ، دەماودەم ، دوو دێرە هۆنراوە ، ماوەتەوە ، تیایا شانازی بەخۆیانەوە دەکەن ، کە ناوچەکەیان نە لە سەردەمی تەیموری لەنگ دا و نە بەگەمەئمون ، نەیانتوانیوە داگیری بکەن. ئەوەی خان ئەحمەدخانیش ناپاکی ، هۆکەی بووە.

نە بەگە مەئموون ، نە تەیموری لەنگ
هیچ کەس هۆرامان ، نەگرتەن وە جەنگ
غەیر جە خان ئەحمەد ، بەگلەر و خانان
ئاییچ وە بەذگۆ ، گرتەن هۆرامان. ١٧٤

سان ، لە پاش تەمەنێکی درێژ ، لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا دەمرێت. لەپاش خۆی کوڕەکەی سلێمان بەگی/١ ـەم دەبێتە سان.

ئـ / ٢ - عـەبـاسقولی سان ١٦٣٧- ١٦٤١ز.
کوڕی بارام میرزا بەگ ،کوڕی سلێمان بەگی/١ی ، سەرەوەیە. ئەم کەسە ، خۆشنووس و هونەردۆست بووە. زانیاری لە زمانی عەرەبی و فارسیدا هەبووە. لای شای ئێرانەوە ڕێزی لێ گیراوە. ئەم بە سانی هەورامان و براکەشی کە حسێنقولی بەگ بووە ، کراوەتە فەرمانڕەوای لوڕستان. ( ئەم سانە لەسەری دایکیەوە لە فەیلییەکانی لوڕستانە).١٧٥

---

* – سان : بێجگە لەوەی لە کورتکراوەی سوڵتان دەچێت ، ئەم مانایانەشی هەیە: چەکی شەڕ. ڕەوشت. پێشکەشکردنی لەشکری ڕیزبوو ، بە فەرماندەکەیان.

١٧٤- مەلا عەبدوڵا ، ( بۆ ژیانی: ل: ٢٦/٢٢) : س. ف. ژ. ٢ ل:٣٦، ٣٧ . بۆ جێگای شاری هەورامانی تەخت ، نەخشەی ل: ٢٢٨، ب/٢. ١٧٥ – ئەدمۆنز ، س. ع. ژ. ٦ ل. ١٤٢، ئەم ژنی سانە لووڕ بووە ، بەڵام ناوبراو بە هەڵە ژنی فەتح عەلی سانی ناوبردووە. هەڵەیەکی تر هەبوو ، لە ل ١٤٠ دا.

وە لەسەر مەزهەبی شیعە بووە. لەوانەیە هەر ئەمەش بووبێت ، هیچ باج و خەراجێکی نەداوە. لە کارەکانی: دروستکردنی خانووبەرە و سێ پرد بووە. یەکێکیان لە خواروی شاری هەورامانەوە بووە. دووەم لە دێی هەواس ئاوا ، کە جێگای زستانەی خۆی بووە. لە ١٦٦٥ز. دەمرێت ، سێ کوڕی لە پاش بەجێ دەمێنێ ، بە ناوەکانی: بارام ، محەممەد ، سلێمان.

ئـ / ٣- بارام سانی یەکەم . ١٦٦٥ - ١٦٩٢ز.

کوڕی عەباسقولی سانە ، دە کوڕی هەبووە ، زیاتر لە ٣٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. ناوچەکەی شارەزووریشی گرتوەتەوە. لە کارەکانی هەڵکەندنی جۆگەیەك بە ناوی سوڵتان جبە ، لە سەروی جۆگەی دەلێنی خورماڵەوە ، هەڵکەنراوە. هەمیشە ٢٥٠٠ تفەنگچی هەبووە.

ئـ / ٤- خالیدسان. ١٧٥٣- ١٧٥٦ز.

کوڕی بارام سانی دووهەمە ، بە کەسێکی بە دەسەڵات و بیر تیژ ناوی دەرچووە. لەسەردەمی ئەمدا هەورامانی هەردوو دیوو ، یەکی گرتۆتەوە. سان حەیدەربەگی بەڵخی بە نوێنەری دەوڵەت لە نەوسود دادەنێت. ئەم حەیدەرە لای سلێمانی پێنجەم ، پاشای بابان ، بۆ سان تێدەچێنێت. مرخ لە جێگەکەی خۆش دەکات. پاشای بابان ، میوانیی خالیدسان دەکات بۆ شارەزوور ، کە دێت پاش سێ ڕۆژ لەلایەن حەیدەرەوە دەکوژرێت. پاشاش دەیکات بە سانی هەورامان. وا دیارە ئەم حەیدەر بەگە ، خەڵکی هەورامان نەبووە. پاش شەش مانگ ، محەممەد بەگ ، کەبرای خالید سانی کوژراوە ، لە خوێنی براکەیدا، حەیدەر لە ١٧٥٦ز. دا دەکوژێت. ١٧٦

ئـ / ٥ - ڕەزاسان. ١٧٥٨- ١٧٨٣ز.

کوری حسەین بەگی یەکەم ، کوڕی بارام سانی یەکەمە. دادپەروەر و ئاوەدانکەرەوە بووە، بیستوپێنج ساڵ ناوچەکەی لە هێمنیدا ژیاوە. موچەی مانگانەی بڕیوەتەوە بۆ هەتیو و بێکەسان. لە کۆتایی فەرمانڕەواییەکەیدا ئاژاوەیەك ڕوودەدات، ڕودەکاتە قەڵاچوالان، لەوێ دەمێنێتەوە، بە نەخۆشی دەمرێت. لەسەر وەسیەتی خۆی دەیهێننەوە بۆ گۆڕستانی محەممەد غەیبی نێوان دوو دێی هانەگەرمەڵە و کەیمنەدا، = ڕۆژهەڵاتی بیارە دەنێژرێت.

ئـ / ٦ – حەسەن سان / ٢. ١٨٤٨- ١٨٦٩ز.

کوری محەممەد سانی یەکەمە ، لە پاش باوکی بووە بە سان ، لە گەڵ حەمەسەعید ساندا هاوسەردەم بوون. پێکەوە لە ماوەی نۆزدە ساڵدا ، لە سەرهەڵدان و بزوتنەوەدا بوون. لە ڕیزی سانە دیارەکانی هەورامانە. مەهدی بامداد لە مێژووی پیاوانی ئێراندا، باسیکردووە. هەمێشە دوو هەزار تفەنگچی هەبووە. لەگەڵ سانی ناوبراو و محەممەد پاشای جاف ، لە هەڵەبجە ، یەکێتییەکیان پێکهێناوە.( سانساڵەها نافەرمانی حاکمی شاری سنەی کردووە ، لەسەردەمی ئەمدا هەردوو دیووی هەورامان یەکی گرتەوە). ١٧٦

لە ١٨٦٧ز. دا ناسرەدین شای قاجار ، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٧ سەدە لە تەمەنی ، کۆتایی بە والینشینی ئەردەڵان ، هێنا. مامەی ، کە فەرهاد میرزایە ، کردیە حاکمی سنە و ناوچەکە.( لە ١٨٦٩ز. دا فەرهاد بە لەشکرێکی زۆرەوە بۆ سەر هەورامان دێت. بۆ ڕامکردنی بەگزادەکانی ئەم ناوچەیە ، بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەندی تاران. خەڵکیش پەنا دەبەن بۆ لای شێخ محەممەد( بەهائەدین ) لە تەوێڵە ، تا بکەویتە بەینەوە بەش ئەو شەڕە ڕوونەدات. ) ١٧٧ ئەم فەرهادە لە نەمەیەکدا بۆ وەزیری موختاری تاران:

ئەمیر نیزام گەڕوسی نووسیویە:

( چوون حکایەتیَ ئورامان بە میانئامەد ، خووبەست قەدری ئەز ئان مەردوو مانی دێونەژاد و وەحشیان و بەدنیهاد بنوویسم... هتد. ) = مادام باس باسی چیرۆکی هەورامانە ، هاتووەتەناو ، باش وایە هەندێك لەو خەڵکە بنەچە دێوە ، کێویە ، وەحشییە ، خراپانەت بۆ بنووسم ... ١٧٨.

لە ل: ١١- ١٤ باسی تری وا کرا ، کە داگیرکەرانی کوردستان بە کوردانیاندا هەڵبەستوون و نووسیویانە . سەیر ئەوەیە خۆیان دەڵێن ، کورد و فارس مادین ، یانی خزمین ، ئەی لێرەدا دێو و عفریتەکە چۆن ئەوانیش ناگرێتەوە؟!.

بێینەوە سەر چەکلوبیکانی فەرهاد میرزای ، فارسی حاکمی سنە و شێخی بەهائەدینی تەوێڵەی هەورامان:

فەرهاد لە دێی هەجمنە یا ئەجمنە ، بۆ جێگاکەی ل:٢٢٨، ب/٢ یەو ، بە لەشکرەوە ئامادەیە بۆ پەلاماردان. شێخیش بە سواری دەکەوێتە ڕێ ، بۆ لای ئەو بچێت ، بەڵکو تکایەك بکات ، ئەم شەڕە ڕوونەدات و خەڵکی بێتاوان تیانەچێت. کە دەگاتە لای دێی دەگاشێخان ، دەوەستێت ، ڕاکەی دەگۆڕێت ، دەڵێت با پێش چوون ، کاغەزێکی بۆ بنووسم. کە نامە دەگاتە فەرهاد ، زۆرتوڕە دەبێت ، وەڵامی شێخ دەداتەوە ، دەست بە ڕویەوە دەنێت ، لە سەرەتای نامەکەدا ئەم دێڕە هۆنراوەیەی بۆ دەنووسێت:

ما ، شێخ و زاهید ؛ نەمی شناسیم
یا : جام بادە ؟ یا ڕوی ساقي ؟.

واتە : ئێمە ، فەرهاد بەبەکارهێنانی جێناوی کۆی ئێمە ، لە جێی منی تاك ، هەر خۆم ، خۆی زۆر گەورە پیشان داوە ، یا گەورە کردووە. ئێمە شێخ و سۆفی لۆنگ بە کۆڵ ، نا ناسین . بەڵکە کاسەی مەستکەر ، = شەراب ، ئارەق ... یا ڕووی مەی گێڕ.

کە وەڵام بە شێخ دەگاتەوە ، ئەمیش وەڵامی دەداتەوە ، لە سەرەتای نامەکەیدا ، ئەم دیڕە هۆنراوەی ، بۆ دەنووسێت:

ما میر و سوڵتان ، نەمی شناسیم
یا عەدل و ئیحسان ، یا قەهر باقي

واتە: ئێمە میر و سان نا ناسین ، یا دادپەروەری و چاکە ، یا با تووڕە بوونەکەت بمێنێت

١٧٦ – مەلا عەبدوڵا ، س. ف. ژ. ٢ ل ٤٩. هی لاپەڕەی پێشووە.

١٧٧ - مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، س. ك. ژ. ٧ ل:٨١ . لەبەشی دینیدا، باسی ئەم شێخە کراوە. ١٧٨- مەلا عەبدوڵا. س. ف. ژ. ٢ ل: ٣٩

. کوردانە تر: گەر ئەو دووەت پەسەند نەکرد؟ چیت پێیە ؟ بیکەنە.
ئەم دێڕەی شێخ جووانترە ، لە بەرئەوەی سەروای هۆنراوەکەی ، نیوەدێڕی دووهەمی ، وەک ئەوەی ئەو ڕێکیخستووە ، قەهر باقی (شێخ) // ڕووی ساقی ( فەرهاد). نیوەی یەکەمیشی میر و سوڵتانی خۆی خستووەتە جێگەی شێخ و زاهیدی ئەو. وە لاوازی پیشان نەداوەو ئەوەندەی ئەو ، خۆی بە خاوەن دەسەڵات و هەق زانیووە !.

ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە. شەڕ دەقەومێت ، لە نێوان لەشکری ئێران بە سەرۆکایەتی فەرهادی قاجاریی و هەورامییەکان دا. لەم کاتەدا لە دیوی ڕۆژئاوا سەردەمی حەمە - سەعیدسان بووە. واتە ناوچەی شێخ لەمەوە نزیکە.
لە بەرەبەیاندا هەورامییەکان دەدەن بەسەر لەشکردا و دەیانشکێنن و هەڵدێن ، هەتا فەرهاد خۆی بە زەحمەت لە ملەی یا بەرزایی ، بلچە = گۆیژ ، سوور، رزگاری بووە، خستویانەتە سەر لقە دارێکی بڕاو ، ڕایانکێشاوە . بەوجۆرە رزگاری بووە. خۆی باسی ئەم ڕووداوەی لە پەڕاوەکەی دا بە ناوی ، مونشەئات ، کردووە. ئەمەشی نووسیوە:

فەلەیسەل فیرارو ، عارەن عەلال فەتا
ئیذا کانە مەعلومەن ، شوجاعەتو ئەمسیهی
= هەڵاتن نابێتە شورەیی ، بۆ کەسیك ، کە ئەو دوێنێ ، یا لە ڕۆژی پێشوویدا ، ئازایەتی، زانراو ، بووبێت. یا خۆی نوواندبێت. دەبێت ئازاییەکەی بە شەڕە شیعرەکە زانیبێت.
...............................................
لە لاپەڕە ١٢٥ ەوە بۆ ئێرە باسی ٦ سانی هـ . ڕۆژهەڵات کرا. لێرەشەوە باسی ٦ ی هـ . ڕۆژئاوا ، یا لهۆن دەکرێت. کە بە هەورامانی هەردوو دیوی ئێران و ئێراق دەڵێن.

١ – محەممەد یا حەمە سەعید سانی/ ١ ، ١٨٤٨- ١٨٦٧:
کوڕی عوسمان سانە ، ئەم لەدوای ئەحمەدسانی/٢ ی برای ، لێرە بووەتە سان. لەگەڵ حەسەن سانی/٢ی *دیوی ڕۆژهەڵاتدا*/، یەکێتییەکیان دامەزراندووە. سێ جار دەوڵەت پەڵاماری داوە. سەرهەڵدانەکانی ئەم سانە: سەرهەڵدانی یەکەم ١٨٥٢ز.
لە تاران هەر سەردەمی شای قاجاری ، ناسرەدینە ١٨٣٤- ١٨٨٦ ز. لە پایتەختی ئەردەڵان ، سنە ، ڕەزاقوڵی خانی کوڕی خەسرەوخانی بچوکە. عەلیئەکبەری ئەردەڵانی ، حاکمی فەرماندەی تیپێکی سوارەی دەوڵەتییە ، لە شارۆچکەی جوانڕۆ. ١٧٩ لەوساڵەدا سان وەك ڕابورد، لەگەڵ حەسەن سانی هەورامانی ڕۆژهەڵات. سەرهەڵدانێکیان بەرپاکرد. لە لایەن دەوڵەتەوە، لە هەردوو دیوی شاخی هەورامان، شاهۆ = ش. زاگرۆس. پەلاماری هەورامان دەدرێت. لە دیوی ڕۆژهەڵاتەوە: یەك فەوج سەرباز و هەزار چریك... بەشداربووە. لە

١٧٩- عەلی ئەکبەر محەممەد سادق شەرەفولمولك ، لە نەوەی ئەمانەڵاخانی گەورەی والی ئەردەڵانە. ل:١٨٣ژمارە٣٣. لە ١٨٧٥ز. گەیشتوەتە جێگری والی شاری سنە ی ئەردەڵان ، لە ١٨٩٤ز. دا مردووە. دوایی لە لایەن شازادەی قاجارییەوە ، فەرهاد میرزا ، نازناوی شەرەفولمولکی لێ نا ، چونکی دەسکەلایەکی باشیان بوو. زیاتر ل ١٨٧، بە سەجەرەیەوە.

ڕۆژاوایشەوە ، هێزێکی سەربازی و چریکی سوارە ، بە سەرۆکایەتی نەجەفقولّی ئامۆزای حاکم و ئەبولقاسم بەگ یاوەر. بەرەو ناوچەکە هاتوون.
( نەجەفقولّی بە زەحمەتێکی زۆرەوە ، لە ڕوباری سیروان پەڕیونەتەوە. پاش چەند پەلاماری یەك لە دوای یەك ، لەشکری لهۆن دەشکێت ، نەوسودی بنکەیان دەگیرێت. پاش دوو ڕۆژ ، لە بەرەبەیاندا ، پەلاماری سەربازانی دەولّەتی دەدەنەوە ، پاش شەڕێکی ڕۆژو یەك شەوی ، زیانێکی زۆر بە لەشکر دەگەیەنن . ڕێکەوتنێك ڕویداوە لە نیوان هەردوولادا، دەولّەت لە نەوسود کشاوەتەوە. چونکی فەرماندەی دەولّەتی مانەوەی لەشکری لەوێ بە لەبار نەزانیوە.) *. لەم کاتانەدا حەمەسەعیدسان ،( دەچێت بۆ دێی عەبابەیلێی قەراخ هەڵەبجە= ئێراق ، بۆ مالّی خەزورانی. ئەمە والی ئەردەلانی وروژاندووە ، دەچێت بۆ مەریوان تا لەگەڵ لێپرساوانی سنوری عوسمانیدا ، وتووێژبکات بۆ گرتن و ناردنەوەیان بۆ ئێران. والی سێ هەزار تمەن بەخشیش وەردەگرێت ، لەوانە دەبورێت ، دێتەوە جێی خۆی). ١٨٠.

سەرهەڵدانی دووەم: ١٨٦٦ز.

حەمەسەعیدسان لە سالّی سەرەوەدا،سەری هەڵدایەوە. شا، ئەمانەلاخانی/٢ می، والی ئەردەلانی دیاریکردبۆ لەناوبردنی. ئەمیش بە فەوجە سەربازی سنەوە، دەگاتە جوانڕۆ، حاکمی ئێرەش هەر عەلی ئەکبەری ئەردەلانییە. دەکەوێتە پێش لەشکر بەرەو هەورامان. لەوبەری ڕوباری سیروانەوە،عەبدوڕەحمانی کوڕی سان لە گەڵ تاقمەکەی، دامەزرابوون. پاش ماوەیەك ، هەورامییەکان دەشکێن. سان و خەڵکی نەوسودیش، بەرەو شارەزوور، کۆچ دەکەن. بە کۆتایی ئەم شەڕە، والی نازناوی، شەرەفولمولك لە عەلی ئەکبەر دەنێت.پاش سێ مانگێك بە تێکەوتنی: شێخ عەبدوڕەحمانی تەوێڵە، وە محەممەد پاشای جاف لە هەڵەبجە. نێوانی سان و الی ئەردەلان چاک دەبێتەوە.

سەرهەڵدانی سێهەم. ١٨٦٩ز.

سەرهەلدانی سێیەمی بەرپاکرد. لە هەمەدانەوە دوو فەوج سەرباز، دەگەنە جوانڕۆ، لای عەلی ئەکبەر. ئەمیش دەکەوێتە تەکیان، بەرەو هـ. لهۆن. عەبدورەحمانی کوڕی سان، لەگەڵ تاقمەکەی، لێواری سیروان و کانیاوەکانیان گرتبوو.
( یەك کەس لە لەشکری دەولّەتی، نەیدەتوانی سەد پێ، بەرەو ئاوی سیروان بڕوات. تینوێتی حالّی لەشکری پەرێشان کردبوو. بە جۆرێك دوو فەرماندەی ئەو لەشکرە، بە ناوەکانی، ئیعتیمادو سەڵتەنە بیوکخان،،سەرشاخی عەلی ئەکبەر دەگرن، کە تۆ بە ئەنقەست ئێمەت بەم ڕێگەدا هێناوە ، تا لەشکر بفەوتێت.) ١٨١ کە شەڕ دەقەومێت ، سان داوای یارمەتی ، لە بەشی ڕۆژهەلات دەکات ، بە هانایەوە دێن. کە شەڕ چەند ڕۆژێك دەخایەنێت ، سەرکەوتن بە دەست نایەت. دەولّەت دەکەوێتە دانی خەلات ، بە خەڵکی

*- نووسەر: هێشتا لەو شەڕەدا ، دان نەنراوە بە شکانی دەولّەت دا ! یا دەست تێوەردان وایلێکردووە. سەرنجی ل: ١٥٦. ١٨٠– مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ. ٢ ل: ٥١. ل: ١٦.
١٨١ - مەلا عەبدوڵا، ل: ٥١ ، ٥٤.

ناوچەکە،وەك: محەممەد خاتون خانمی. هانیاندان لە ڕێگەی سەختەوە، بچنە سەر هەورامییەکان. لە بەردەوامی شەڕدا، سان و تاقمەکەی دەشکێن، بە خەڵکی نەوسودەوە، ڕوە و شارەزوور و سلێمانی دەڕۆن.

فێڵی دەوڵەتی بۆ لە ناوبردنی سان و کوڕەکەی:
وەك ڕابورد ، سان سێ سەرهەڵدانی کردوە ، حەسەن سانی خزم و هاوپەیمانی ، بە فێڵی فەرهادی قاجاری ، لەناوبراوە. نەوسود دووجار چۆڵکراوە... حەمە سەعید سان بۆ هەورامان دەگەڕێتەوە!. ئایا خۆی هاتوەتەوە ؟ یا قاجاری و عوسمانی ڕێکەوتونو ناردوویانەتەوە؟.

فەرهاد میرزا ، فەرمان بە عەلی ئەکبەری ئەردەلانی= پیاوی دەوڵەتی و حاکمی جوانڕۆ دەکات ، دەبێت ئەو ؛ سان و کوڕەکەی ، سەربخوات. وە هیچ بەهانەیەك بۆ نەکردنی ، نابێت بهێنرێتەوە. فەرهاد ، سان بانگ دەکات بۆ سنە ، عەلی ئەکبەریش لەوێ دەبێت. پێی دەڵێت تۆ دەکەینەوە بە سانی لهۆن. بۆ ئەوەی لێت دڵنیابین ، لەگەڵ عەلی ئەکبەر بڕۆنەوە بۆ جوانڕۆ ، بنێرە بۆ ئێراق با عەبدوڕەحمانی کوڕیشت بێتەوە ، بۆ لای عەلی بۆ جوانڕۆ. تا لای ئەم بە بارمتە ، بمێنێتەوە. ئیتر خۆت دەچیتەوە جێی خۆت. عەلی ئەکبەر و سان ، لە سنەوە بەرەو جوانڕۆ دەکەونە ڕێ.
وا باسی ئەم گەشتەی کردووە: " کە لە شار دەرچوین ، سان کەسێکی بیر تیژ بووو ، لەو ڕەد و بەدەڵە ، گومانی لێ دەکردم. فرسەخێك دوادەکەوت ، یا پێش دەکەوت ، بەڵام من هیچ گوێم پێ نەئەدا ، سەرم نەئەخستەسەر ، ئەمە ئەوی هێمن کردبوەوە. کە گەشتینەوە جوانڕۆ ، ناردی بە شوێن ، عەبدوڕەحمانی کوڕیدا ، هاتەوە لامان. عەلی ئەکبەر پلانی سەرخواردنی هەردوو ، باوك و کوڕ ، بە پیاوەکەی خۆی ، سەیفور بەگی بەردەستی دەسپێرێت. بۆ ڕۆژی دوایی بە سان ڕادەگەیەنرێت ، سبەی بە سانی دەگەڕێیتەوە بۆ نەوسود. سان و پیاوێکی بە ناوی میرزا ئەبوبەکر لە ژورێکدا ، تاک دەکرێنەوە ، هەردوکیان دەکوژن. ژنی سان دەستدەکات بە قیژەو جنێودان بە عەلی ئەکبەر ، هاوار دەکات ، کوڕەکەم نەکوژن. منیش = عەلی ئەکبەر ، ڕەحمم پێکرد ، کوشتنەکەیم دواخست. عەبدورەحمان لەگەڵ کوڕێکی تری ساندا ، بەناوی ڕۆستەم ، خستنمە بەندیخانەوە. پاش یەك ڕۆژی تر ڕۆسەمم بەردا ، تا بچێت بەدەم کاری تەعزیەوە. هەرچی خزم و کەسی خۆشم هەیە ، ناردمن بۆ دڵدانەوەیان. کە ئەم کارە بە ئەمری ، فەرهاد میرزا کراوە و من بێ تاوانم. لای شازادە فەرهاد ، کوشتنی کوڕەکەی سان ، لە باوکی گرنگتر بوو. هەر شەو ئەمرم کرد بچنە بەندیخانەکەوە ، بە پشتوێن و مشکییەکەی خۆی ، بی خنکێنن. خەبەر بە دایکیشی درا ، لەداخی کوژرانی باوکی ، ئەمیش خۆی خنکاندووە." فەرهاد میرزا ، نازناوی شەرەفولمولکی لێ دەنێت و براکەی ، کە ، موساخانە. دەیکاتە سانی هەورامان ، لە جێگەکەی حەمەسەعید سانی کوژراو. پاش ئەم ڕوداوانە ، فەیروزخانمی ژنی سان ، دەچێتە تەکیەی شێخ قادری ، دەوڵەت ئاوایی ، کەلەم کاتەدا ، سکی شەش مانگ دەبێت بە جافرسان.

تۆڵە سەندنەوە:
پاش لەناو بردنی ئەو سیانە ، بە پیلانی شازادە ، فەرهاد میرزای حاکمی سنەی ئەردەڵان ڕووخێنەر. و جێبەیێکردنی عەلی ئەکبەری حاکمی دەوڵەتیی ، لە جوانڕۆ.
ڕۆسەم بەگی ئێلبەگی جافی جوانڕۆ ، کە سانی کوژراو مامەی دایکی بووە. پەلاماری جوانڕۆ دەدات ، برا و کوڕی عەلی ئەکبەری دەستدەکەوێت ، لە هەقی ئەواندا ، هەردوو دەکوژێت.

٢- مستەفا سانی دووهەم : ١٨٦٧ – ١٨٧٠ز.
کوڕی ئەحمەدسانی دووەمە ، لەلایەن عەلی ئەکبەرەوە ، بە فەرمانڕەوای نەوسود دانرا. محەممەد خاتون خانمی دێی هانەگەرمەڵەی پێ سپارد. شارۆچکەی نۆتشەی کردە ، بنکەی فەرمانڕەوایی خۆی. پاش ساڵێك ، ڕۆسەم بەگی کوڕی سانی کوژراو ، لە ئێراقەوە دێتەوە، خۆی دەدات بە دەست موساخانەوە. ( ئەمە برای عەلی ئەکبەرە و لەم کاتەدا سانە.) لە دێی زاوەری نزیکی تەوێڵە دایدەنێن.
لەم کاتەدا ، عەلی ئەکبەر دەچێت بۆ تاران ، لە جێگەکەی خۆی ، دیوان بەگی دادەنێت. رۆسەم بەگی ناوبراو ، لەگەڵ ئامۆزاکانیدا ، کە کوڕانی بەکربەگن ، وە ئەم بەکرەش هەر کوژراوە. واتە دوو لایەنی باوك کوژراو ، یەکدەگرن. مستەفا سان و محەممەد خاتون خانمیش دەکوژن. حەمەزەمانی پیاوی عەلی ئەکبەر ، ڕادەکات.

٣- رۆستەم سان: ١٨٨٣- ١٨٩٢ز
کوڕی حەمەسەعیدسانی یەکەمە ، بە هاتنە سەرکاری ، هەرچی لە رۆژی کوشتنی باوکیدا، ئامادەیی بووبوو ، گرتنی و کەوتە ئازاردانیان. تیپێکی سوارەی دامەزراند ، کەوتە رێکخستنی کاروباری لهۆن. ئەم سانە خێزانی مستەفا سانی کوژراو بە منالێکەوە بە ناوی حسەین ، دەخوازێت. کە گەورە بوو ، بووە پیاوی ، باوە پیارەکەی. ئەوەیشە باوکی کوشتوە. ڕۆژێك سان دەکوژێت لە هەقی باوکیا و ڕا دەکات. لە دوایدا ئەمیش دەکوژرێتەوە. لە ١٨٦٩ز. دا کە فەرهادمیرزا ، لەشکر دەکاتە سەرهەردوو هەورامان. سان و چەند کەسێکی پەنا دەبەن بۆ عوسمانی، ( ئێراق). ئێران داوایان دەکاتەوە ، ئەویش نەفیان دەکات بۆ دیاربەکر و حەڵەب.

٤- جەعفەر ، جافر سان: ١٨٩٦ - ١٩٤١ز. دا مردووە.
( کوڕی حەمەسەعید سانی یەکەمە ، لە ناو سانەکانی هەوراماندا ، کەسێکی هەڵکەوتو بووە. هەرچی ڕوداوی خوێناوی بووە ، شوێنەوارییانی سارێژ کردنەوە. دادپەروەر بووە. خەڵکێکی زۆری لەدەور کۆبۆتەوە. شەش ژنی هێناوە ، سیانیان هی سانەکانی پێش خۆی بوون. ٣٦ منالی هەبووە ، ٢٠ یان کوڕ بوون. کچێکی داوە بە کوڕی مەحمود خانی دزڵی ، لە هەورامانی ڕۆژهەڵات ، بەمە یەکێتیە کۆنەکەیانیان نوێ کردۆتەوە.
کوڕەکانی کردە حاکمی ئەم شوێنانە . محەممەد ڕەشیدبەگ لە پاوە. ئەحمەد بەگ لە نۆتشە. کەریم بەگ لە خانەگا. قادر بەگ لە تەوێڵە. )* مەلا عەبدووڵا ، ل٦٥.

مستەفا بەگ ، ناسراو بە سالار ، لە خەرپانی. دوو شوێنی کۆتایی ، تەوێڵە و خەرپانی لە دیوی ئێراقن.
سەردەمی ژیانی ئەم سانە ، بەرانبەر بووە ، لەگەڵ چەند ڕوداوی جیهانی و ناوچەیی ، وەکوو: شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا ، لەشکرکێشی ڕوسیا و بەریتانیا بۆ سەر ئێران ، گەشتنی لەشکری یەکەمیان بە سنە و پێنجوێن و خانەقین. عوسمانی و ئێرانی بۆ سەر هەورامان...
ئەوانە وای لەمیش کردووە ، لە چەند شەڕی تایبەت بە ناوچەی هەورامانەوە ، یا هیوای سوود لێوەرگرتن لێیان ، بەشدار بووە ، وەکوو:

١ –شەڕی نۆریاو. ١٩١٠ز. ١٨٢
(لە ئەنجامی دەرکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونی، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری،هەورامان لەم کاتەدا. فەرمانڕەوای دەوڵەتی لە جوانڕۆ، حسین خان زەفەرولمولك، لە مەترسی پەرەسەندنی ئەو دەسەڵاتەدا، دەکەوێتە بەربەرەکانی کردنی. لەبەر ئەوە لەشکرێك بە فەرماندەیی، ئەحمەد بەگ و عەبدولغەفوربەگ، بەرەو نەوسود، بنکەی حوکمی سان، لە هەورامانی لهۆندا دەنێرن. لای دێی ناوبراودا، تووشی لەشکری سان، کە بە فەرماندەیی ئەفراسیاوبەگی، کوڕەزای دەبێت،دەبن. شەڕ ڕوودەدات، پەلاماردەر دەشکێت و دەگەڕێنەوە جێی خۆیان). ١٨٣

٢- شەڕی نۆبڕان و باخی شا.١٩١١ز.
لە مانگی ڕەمەزانی ئەم ساڵەدا ، ئەبولفەتح میرزا= سالارودەولە= کوڕی موزەفەرەدین ، شای قاجاری ئێران بووە ، بە هێنانی بنەماڵەی پەهلەوی ، بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسی ئێران ، قاجاری لادران. ئەم سالاری قاجاریەش دەیویست بەهۆی سان و وەکێلی جوانرۆ وە، دەسەڵاتە لە دەست چووەکەیان ، بسەنێتەوە.
دێتە ناوچەی جوانڕۆ و هەورامان ، بۆ پاڵپشتگرتنی. پاش بەدەستهێنانی سۆزیان ، بەو لەشکرەوە دەچنە ناو شاری کرماشانەوە = بنکەی پارێزگەکەیان. فەریدولمولك قراگزلو، لێپرسراوی کاری دەرەوەی شار ، نووسیویە: "لەشکری هەورامان ، هاتە ناو کرماشانەوە ، بۆ یارمەتی سالارولدەولە ، پاش ماوەیەك لە شاردا لەشکرێکی ٢٥ هەزار کەسی لە جاف ، لووڕ ، کەڵهوڕ ، ئەردەڵانی ، سنجابی.. کۆکرایەوە و بەرەو تاران کەوتنە ڕێ. لە نۆبڕان و باخی شا ، کە لە نزیك ساوەی ئەمڕۆ دایە ، تووشی لەشکری دەوڵەتی دەبن ، شەڕ دەقەومێت.
کە زۆر بۆ لەشکری دەوڵەت دەهێنن ، لەشکرێکی تر دێت بۆ یارمەتی ، لەشکری سالار دەشکێت ، لێشی دیل دەکەن" ١٨٤ لە لەشکری هەورامییەکان: کەریم بەگی کوڕی جافرسان دیل دەکرێت. عەزیز بەگ و محەممەد بەگی برازاشی شوێنەوار گوم دەبن. پاش دوو ساڵ کە ڕژێمی مەشروتە ، هاتە سەر حوکم ، دیلەکان بەردران. کەریم بەگیش یەکێك لەوان بووە.

---

١٨٢ - نۆریاو: دێیەکە لە قەراخی ، سەروی شاری پاوە دایە ، ئێستا ڕەنگە لە گەڵ گەورەبوونی شاردا ، تێکەڵی بووبێت. ١٨٣ - مەلا عەبدوڵا، ل: ٦٥. ١٨٤ –مەلا عەبدوڵا، ل٦٦.

سەردار زەفەر بەختیاری ، دەربارەی ئەو شەڕەنووسیویە:
( مەریوانی و هەورامی ، پیادە بوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، تا نەکوژرانایا ، چەکیان لێ نەئەگیرا) پاش ئەم شەڕە جافرسان نازناوی ، سەردار موعتەضیدی لێ نرا. ١٨٥

٣- شەڕی کرماشان ١٩١٢ز.
لەگەڵ پەیدابوونی مەشروتیەت ، لە ناوەندا ، لە ڕۆژئاوای ئێرانیشدا ، یارمحەممەدخان ، دژی دەوڵەت بزوتنەوەیەکی بەرپاکرد. جافرسان هەرچەند کەریم بەگی کوڕی ، هێشتا هەر لای دەوڵەت دیل بووە ، بە ٢٠٠ چەکدار و بەشداری کردووە. بە فەرماندەیی دوو کوڕی بە ناوی: ئەحمەد بەگ و محەممەد ڕەشیدبەگ . هەروەها جوانرۆش ، بە فەرماندەیی: وەکیل و فەتاح بەگی وەڵەدبەگی ، بە لەشکرێکەوە ، بەشداری دەکات.
لەگەڵ فەرمانفەرما و تاقمەکەی ، کە سوارانی سنجابی بوون ، لە کرماشاندا ، بەشەڕ هاتن ، لە ئەنجامدا ، وەکیل و چەندکەسێك دەکوژرێن. شەڕ نزیکی قونسولخانەی ئینگلیز، دەکەوێتەوە. لەوێدا دەبنە پەنابەر ، لە ڕێگەی گاوارەوە ، دەگەڕێنەوە ، جوانرۆ و هەورامان.

نزیك بوونەوەی ئینگلیز لە جافرسان:
پاش دەرکەوتنی لێوەشاوەیی ،کەسی سیاسی ڕوسی و دوایی بە گەڕۆك و مێژوو نووس ، دەرچوو ، مینۆڕسکی. ١٨٦ ( لە ئەنجامی بەشداریکردنی لە دیاریکردنی سنووردا ، دوو جار سەردانی ناوچەی گۆرانی کردووە . هاتوەتە هەورامان ، لەگەڵ جافرساندا کۆبۆتەوە.
لە پاش ئەمەوە ، ئینگلیزەکان مووچەیەکی ساڵانەی سێسەد لیرەیی و. بەهۆی شابەندەری عوسمانیشەوە ١٥٠٠ روپیە و لە لایەن ئێرانیشەوە ، پێنجسەد تمەن ی بۆ بڕاوەتەوە.) ١٨٧
وەك دیارە نزیك بوونەوەکە، لە دوای ئەم دوو سەردانەوەوە، دەستیپێکردووە.
بوونی سێ مووچە لەلای سێ دەوڵەتەوە، ئەبێ بە یەکیان زانیبێ؟ ئەگەر وەڵام بەڵێ بێت. یانی هەر لایەنە پێشبرکێی کردووە ، بۆ ڕاکێشانی بەلای خۆیدا. ئەوەش دەریدەخات ، لە ناوچەکەدا دەوری گرنگی هەبووە ، بۆیە هەرلایەنە ویستویەتی ، دەستەمۆی بکات. ئەگەر ئەوانەش بە یەکیان نەزانیبێت ، هەر زیرەکی ئەم کەسە دەردەخات ، کە چۆن وا سێ

---

١٨٥- مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ. ٢ ل :٦٦ .

١٨٦ - مینۆڕسکی: ١٨٧٧- ١٩٦٦ز. لە ڕوسیا لە سەروی مۆسکۆوە هاتوەتە دنیاوە ، لە لەندەن مرووەدە. باڵوێزی ڕوسیای قەیسەری بووە لە تاران . بەشداری پەیماننامەی دیاریکردنی ، سنوری نێوان ئێران و ئێراقی کردووە. لەم کاتەدا شارەزایی لەگەڵ زمانی کوردی ، هەورامی پەیداکردووە. ئەمە وای – لێکردووە ، واز لە کارەکەی بهێنێت و سەرگەرمی جوگرافیا و مێژوو ببێت . ئەمە کردی بە گەڕۆك و مێژوو نووسێکی جیهانی هەڵکەوتوو. ئینگلیزەکان توانیان بیقۆزنەوە وڕایکێشن بەلای خۆیاندا ، کۆچی کردە لەندەن ، تا مردنیش لەوێ مایەوە. بە سەردانی ناوچەی گۆرانستان ، چەند دەستنووسی بەدەست هێناوە ، یەکێ لەوانە: پەڕاوی دینی یارسانەکانە ،( سەرئەنجام و کەلام)ل: ٤٧٢. گۆڕیویەتە سەر زمانی ڕووسی. لە زۆر شوێنی ئەم پەڕاوەدا ، نیشانە بە کارەکانی کراوە.

١٨٧- مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ. ٢ ل :٦٥ .

دەوڵەت ، لە دەوری کەمەرەی خۆیدا دەخولێنێتەوە!.

لە سەرەتای جەنگی جیهانی/ ١دا ، چوار هێزی بیانی ، ئینگلیزی ، ڕوسی ، عوسمانی ، ئەڵمانی ، لە ئێراندا ، تەڕاتێنیان دەکرد. هێزی عوسمانی لە ڕۆژئاوای روباری دیجلەوە ، بەرەو ناوچەی گۆرانستان ، لە بەرەو پێشەوە چووندابووە. هێزی ڕوسی ، گەشتبووە شاری سنە و دەیویست بەرەو مەریوان و پێنجوین بێت. لە کۆتایی شەڕدا ، ١٩١٨ ، بە سوودی هاوپەیمانان کۆتایی هات ، بە تایبەتی ئینگلیزەکان.

٤- شەڕی نەوسود ١٩١٤:
نێوان سان و عوسمانی ، پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمیش ، هەر کۆك نەبوو. عوسمانی پەلاماری هەورامانی لهۆنی دا ، نەوسود و نۆتشەی سوتاند. لەشکری سان لە چەند قۆڵەوە پەلاماری عوسمانی دا، هۆزی گەلاڵی جاف ، بە فەرماندەیی کەریم بەگی کوڕی سان ، پاش شەڕێکی گەرم ، عوسمانی دەشکێتو لێشی دیل دەکرێت. ئەمە پاشەکشەی پێکردن. قادرسانی کوڕی بە لەشکرێکەوە وە بە یارمەتی خەڵکی تەوێڵە ، توانیان ئێرە وبەشی زۆری هەورامانی دیوی ئێراق ، لە عوسمانی داگیربکەنەوە. بەرەو دەوری شاری سنەش ڕۆشتن ، تا بەر لە پەلاماری تری هێزی ڕوسەکان بگرن. دەوڵەتی عوسمانیش لە باڵقانی ئەوروپا ، دووچاری شکاندنێکی گەورە بوو بوون ، بەرەو بچووک بوونەوەی قەوارەی ئەو شا دەوڵەتە دەچوو.

٥ – شەڕی ڕوسەکان ١٩١٦ز.
لەشکری ڕوسیا لە مانگی جەمادی دووەمی ساڵی ناوبراودا ، شاری سنەی داگیرکردبوو. دەیویست بەرەو مەریوان و شارەزوور ، بڕوات. شێخانی نەقشبەندی هەورامان ، جیهادیان ڕاگەیاندبوو، لەشکرێکی گەورەیان کۆکردبووەوە. لەشکری ڕوسی بە سەرکردایەتی سەرتیپ زاخار چینکۆف ، لە شاخی ئارێز و گاڕان ، شکا. وە تا شاخی ئاوییەری قەراخی شاری سنە ، پاشەکشەیانکرد. ئایەتوڵای مەردۆخ کە خۆیشی بەشداری ، ئەو شەڕانەی کردووە ، وای دەگێڕێتەوە:
" ڕوسەکان یەکێتیەکیان ، لە هۆزی ناوچەکە ، پێکهێنابوو ،ئێمە ڕامانگەیاند کە ئەوە بۆ دڵسۆزی هۆزەکانی ئیمە نییە ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە مەرامی خۆیان ، بەرەو پێشەوە بە ئاسانی بەرن. ئێمە بەهۆی مەحمود بەگی شابەندەرەوە ، کەلە گوندی دووڕۆی هەورامان بوو ، هەواڵی خۆمان گەیاند بە ، محێدین بەگی کەماندان لە پێنجوێن ، ئەمیش پەیوەندیکرد بە شێخ مەحمودی بەرزنجییەوە ، مەلیک. ئەمانە لە ماڵی مەحمودخانی کانی سانانی هەورامان ، کۆبووینەوە. پەیمانێکی یەکێتیمان بەست. لە ١١/ ڕەجەب / ١٩١٦ز. هەواڵ هات لەشکری ڕوسەکان بە ١٢ تۆپەوە ، بەرەو مەریوان دێت. نیازی داگیرکردنی پێنجوینە. لەسەرەتای مانگی شەعبانی ١٩١٦ز. دا شێخانی هەورامان حسامەدین و نەجمەدین و عەلادین ، هاتنە شارەدێی ڕەزاو ، لەشکر زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس دەبوو.

١٨٧- مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ. ٢ ل:٦٥.

لەشکری لهۆن و مەریوان و دزڵی ، لە پێچەکانی نزیک دێی کاکۆزەکەریادا ، نەخشەی ل ئـ/٢ . ڕێ لە لەشکری ڕوس دەگرن ، لە سێ جێگەدا دەیشکێنن ، دەگەڕێتەوە سنە. بەرەو دەوری شاری سنەش ڕۆشتن ، تا بەر لە پەلاماری تریان بگرن"

٦ – شەڕی مەنمی و گەڵباخی ١٩١٩:

( کەعەلی محەممەدخان ، ناسراو بە شەریفودەولە ، کرایە حاکمی سنە ، بەناوی یاخی بوونەوە ، چەند کەسی لە خەڵکی ئەو ناوچەیەی کوشت و کردنی بە دارا. ئەم ڕەوشتی حاکمە ، وایکرد خەڵکی سنە ، ناویان نابوو ، شەریفە قەساب. سەرهەڵدانی عەباس خان ناسراو بە سەردار ڕەشید ١٨٨. کە سالێك لەمەوپێش شەڕێکی لەگەڵ ئەو دوو هۆزە و شەریفدا کردبوو و ئەم شکابوو. کەوتەوە سەرهەڵدان ، لە دژی حاکمی سنە و لەشکری گەڵباخی و مەنمی. دەیویست بەم کارەی ، خۆی لە دەوڵەتی ناوەند ، نزیك بخاتەوە و حاکمی سنە بۆ خۆی بێت. سەردار دووهەزار کەسی کۆکردەوە ، لەوانە : یەك هەزار ، پیادە ، لە خەڵکی هەورامانی لهۆن. سێسەدسەرباز و ئەوانی تریان ، سوارەبوون ، لە خەڵکی وەڵەدبەگی ، جوانڕۆ و ڕوانسەر. لە دوو شاخی توریز خاتوون و عەباس بەگدا ، هەردوو لەشکر بەیەك دەگەن. شەڕ دەقەومێت ، مەنمی و گەڵباخی دەشکێت. کە شەریفە قەساب ئەمە دەبینێت ، سەردار دەگرێت و دەینێرێت بۆ تاران). ١٨٩

٧- شەڕی سەریاس. * ١٩٢٢ز.

لەم سەردەمەدا، سەید زیائەدین تەباتەبائی سەری هەڵدا ، ئەمە هەر ڕەزاخان میر پەنجە ، کە لە پاشدا ، دەکرێتە شاو ، بە ڕەزا شا ، دەناسرێت. فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی نزیك تاران بووە. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕۆژئاوای ئێراندا ، بە سودی خۆیان بێت. سەردار رەشید ، کە بەند بوو ، لایان ، بەریاندا. لەلایەن دەوڵەتەوە لەشکرێکی ، شەش هەزار هەزارکەسی کۆدەکەنەوە ، کە لە ، عەبدورەحمان بەگی وەکیلی جوانڕۆ و سوارەی خەڵکی روانسەر و گۆران ، پێک هاتبوون . دەیخەنە ژێر دەسەڵاتی عەلی ئەکبەرخانی سنجابی و سەردار ڕەشیدەوە ، بەرەو هەورامانی لهۆن و سان دەیاننێرن. جافر سانیش بە

١٨٨ – سەردار ڕەشید: فەرماندەیەکی لێوەشاوەی کوردبووە ، چەند سەرهەڵدانی دژی ئێران بەرپاکردووە ، لەسێ چاپی پێشودا بە خەڵکی شاری ڕوانسەرم زانیوە ، بە پێی ئەم سەرچاوە ئینگلیزییە ، لە لاپەڕەی ٧٤ یدا نووسراوە : ئەردەڵانییە . لە کۆتایی ژیانیدا ، لە تاراندا ژیاوە.
KURDISTAN IN THE SCHWDOW OF HISTORY.P.74. ISBN 0-679-423893.

١٨٩- مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ. ٢ ل:٧١.

*سەریاس: هاوینەهەوارێکە ، لە دیوی ڕۆژئاوای شاخی شاهۆدایە ، خوارووی شاری پاوەیە ، لەم جێگەدا ، ئۆردوگایەك بۆ پەنابەرە کوردە ئێراقییەکان . دروستکرابوو. کە پاش بۆردوومانی یەکەمی شاری هەڵەبجە ، لە٣٠-٤- ١٩٧٤ز. لە لایەن ڕژێمی ئێراقەوە. ڕویان لێرە کردبوو. تا ١٩٩١ز. هەر ئۆردوگابوو. بەشی زۆریان ، خەڵکی هەڵەبجە و شارەزوور بوون. لە ١٩٩٠ و ١٩٩١دا. سەردانی ئێرەم کردووە.

خۆی و چوارهەزار چەکدارەوە ، لە سەریاسی ، نزیك پاوەدا ، هەردوو لەشکر بەیەك دەگەن. سان سەردەکەوێت. سەردار رەشید ، هۆی شکانەکەی بەوە پاساو دایەوە ، کە وەکیلی جوانڕۆ لەو شەڕەدا هاوکاری سانی کردووە. ئەگەر ڕەشید سەڵتەنە ، نەکەوتایەتە بەین ، نیازی کوشتنی وەکیلی هەبووە. دەبێت هەر فیتی ئەم بووبێت ، کە لەم کاتەدا ، سوارانی سنجابی ، پەلاماری جوانڕۆ دەدەن ، تالانی دەکەن و دەیسوتێنن. لای خۆی هاوپەیمانیش بوون.

پەنابردنەوەی دووبارەی سەردار ڕەشید بۆ لای جافرسان:

سەردار بە شاخی شاهۆدا ، خۆی گەیاندە دێی دزڵی (نەخشەی ل: ٢٢٨ پ/١) مەحموود خانی هەورامی و خزمی سان و دۆستی شێخ مەحمود ، بە تکای خان ، نێوانی سەردار و سان ، کە لە سەریاسدا شەڕیان بووبوو ، ئاسایی کردبووەوە. بەوجۆرە خۆی و تاقمەکەی لە شاری پاوەدا ، نیشتەجێ کران. جا سەرێکی شێخ مەحمودی لە ك. ئێراق دا. بە ئومێدی یارمەتی وەرگرتن ، بۆ سەرهەڵدانێکی تر.

لێرەدا ڕەوشت بەرزی و خەمخۆری خان دەردەخات ، بۆ نزیك خستنەوەی سەرکردە کوردەکان لە یەکتری. ئومێدی هیوایەکیشی بۆ کورد تێدادەبینم. پاش ماوەیەك ، ( لە بارێکی نارۆشندا ، سەردار لە تاران ، دەست بەسەرکرا!. ١٩٠ بە خۆگۆرین ، لێرەش خۆی دەربازدەکات. دێتەوە ڕوانسەر. بەڵام دۆستەکانی ئیتر لێی تەکیبوونەوە ، تەنیا کەسێك کە ئەوی تەنها نەهێشتەوە محەممەد ڕەشید بەگی کوڕی جافرسان بوو ، کە خۆیو چەند کەسێکی لەو لێقەوماوییەیدا داڵدە دابوون. ١٩١

دۆستی جاف و هەورامی:

لە بارەی جوگرافیاوە، نیشتەجێی جافەکان= جافستان، لە هەردوو دیوی ئێران و ئێراق دا، لەلای ڕۆژاواوە. دراوسێ و دەروازەی هەورامانن. وە تێکەڵی خێزانیان لەتەك یەک دا، کردووە و دەکرێت. بۆ نموونە:

هاوسەری یەکەمی وەسمان پاشای جافی هەڵەبجە ، وام بیستووە خوشکی جافرسانە ، ؟ ئەویش خەڵکی نەوسودە، هەورامانی دیوی ئێران. سەجەرەکەی سان، لە ل: ١١٨دایە حەنیفەخانی هاوسەری جافرسان و هی دوو ، لە کوڕەکانی: حەمەسەعیدسان و وە مستەفاسان ناسراو بە سالار ، لە خزمانی ماڵی پاشان ، وابزانم هی دوایەمینیان خوشکی تایەربەگی شاعیرە ، وە من لە ١٩٦٠ز. دا دیومە. گۆڕی جافرسان لە دێی عەبابەیلێی نزیك هەڵەبجە یە ، لای تایەربەگی شاعیردایە. هەر خزمایەتییە ، سانی بە لەشکرەوە لە نەوسودی ئێرانەوە ، هێناوەتە هەڵەبجەی ئێراق ، بۆ یارمەتی عادیلەخان. لە ل: ٥/٣٧٢ شدا، میهرەبانییەکی جوانی ، پاشایەکی جاف دەخوێنیتەوە ، لەگەڵ شێخێکی هەورامانی دا.

---

١٩٠- وامان لێ دەکات بڵێین: دەڵێی لە تاران سەرهەڵدانی کردووە بۆیە وای لێکراوە. یا هەر لە دەوری سنەوە، گیراوە و بۆ ئەوێ براوە. گەر بۆ یارمەتیش چووبێ، بۆ دەیگرن؟
١٩١ – مەلا عەبدوولا، ل ٧٣.

هاتنی جافرسانی نەوسود ، بە دەم داوای ، عادیلە خانەوە ، بۆ هەڵەبجە:

٢٠ بۆ ٢١ / ٤ / ١٩٢٤ز. لە وەختێکی چاوەڕوان نەکراودا، شێخ مەحموودی بەرزنجی مەلیک ١٩٢ بە کۆمەکی مەحموود خانی دزڵی ، شارۆچکەی خورماڵیان ، لە ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەدا، داگیرکرد. وە لەشکری جافەکانیش کە بە فەرماندەیی ئەحمەد بەگی موختار ، شاعیر ، کوڕی عادیلەخان بووە ، شکاوە ، خورماڵیان لێ سەندونەتەوە.
ئەمە دەبێتە مەترسی بۆ عادیلەخان. کە فەرمانڕەوای هەڵەبجە و شارەزوور بوون.
ئاشکرایە ئەمانیش سەر بە دەوڵەتی پاشایی ئێراق بوون ، کە ئینگلیزەکان هەڵیان دەسوڕاندن. عادیلەخان داوای یارمەتییەکی ، بەپەلە ، لە سان دەکات. ئەویش بە لەشکرێکەوە دەگاتە هەڵەبجە. ١٩٣ لەم کاتەدا لێپرسراوی ئینگلیز ، ئەدمۆنز بووە ، (نووسەری کتێبی: کورد و تورك و عەرەب.) بە فڕۆکە دەگاتە شار. ئەو دوو هاتنە عادیلە خان هێمن دەکاتەوە.( پێی ڕادەگەیەنێت کارو بار بەم حاڵە ، تا مانگێك ڕاگیردەکرێت. سان بە ئەدمۆنز دەڵێت: ئەو پیلانەی مەلا حەسەن ناوێك ناویەتیەوە ، قەد بە بیری مندا نەهاتووە ، دژی دەسەڵاتی نەوەی وەسمان پاشا بجوڵێمەوە ، کە چەندەها پشتیان لە شارەزووردا بوون. من بە داوای خانم هاتووم ، ئامادەم لە شاردا بمێنمەوە و پارێزگاری لە مافی خانم بکەم. مانەوەی من بەسراوە ، بە ڕەزامەندی میرییەوە).
نزیکبوونەوەی میر عەبدوڵا خانی تەهماسبی ، لە سان و خانەکانی هەورامان ١٩٢٦: (ناوبراو لەبەر مەبەستێکی سیاسی خۆی ، سەردانێکی هەردوو پایتەختی هەورامانی ، لەم کاتەدا لە هەردوو دیو کرد. دزڵی و نەوسود. وە چاوی بە مەحمودخان و جافرسان کەوتووە. سان لەماڵی دنیا خاوەنی کۆشك وتەلار نەبووە ، تا میر ، تیایا

---

١٩٢ - شێخ مەحمود: یا حەفید ، یا مەلیك ، ١٨٨١- ١٠/٩ /١٩٥٦ز. : سەرکردەیەکی دینی هەڵکەوتوی ، کوردانی ك. ئێراقە ، لە ساڵەکانی ١٩١٩، ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦، ١٩٣١ز. دا شۆڕشی دژی بەریتانیای داگیرکەر ، بەرپاکردووە. بۆ ماوەیەك دەوڵەتی ئازادی کوردستانی ئێراقی دامەزراندووە. بلیمەتی شێخ لەوەدا دەبینم: لە بیستەکاندا ، بەریتانیای ناسیوە کە نایەوێت دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت. ئێستەشی پێوەبێت ٢٠١٨ ز. هەروایە ! بۆ پێکانی ناسینەکەی سەیری: ل ١/٣٠،ل ٦٤ /٢٠٢ .

١٩٣ - عادیلەخان و سانیش ، مەیلیان بە لای ئینگلیزدا هەبووە ، تا ئێران و تورکیا و ڕوسیا. بەم هاتنە شێخ وخان ، پەلاماری هەڵەبجەیان نەداوە. پێم وایە دۆستی خان و شێخ ، هۆی ئەو ڕوونەدانی شەڕە بووە. ئەگەر پەڕە پێشوەکان ، خوێنرابنەوە؟ خزمیی خان و سانیش دەبینرێت. ، نووسەر هەیە ئەم ڕووداوی هاتنی سانەی ، زۆر گەورەی کردووە. بەوەی هەورامی دۆستی شێخ نەبوون ،( سەیری ل:٥٨ /٧٤ +٧٦). بەوەی لە جیاتی یارمەتی شێخ ، هی عادیلە خانیان داوە.

ئەم یارمەتییە خزمایەتی دروستیکردووە . برا هاتووە بەدەم داوای خوشکییەوە . پێویست دەکات ئەوە بخەمەوە بیری خوێنەر ، کە مەلیکی کورد ، چەندجار لێی قەوماوە ، بە تایبەتی لە ١٩٢٤ز. دا بۆ، بۆلای مەحموود خانی هەورامی خەڵکی دزڵی ئێران چووە ؟ بۆ نەچووە بۆناو خزمانیی بەرزنجە؟!. کە شێخ نەفیکرا بۆ هندستان ؟ بۆ یەکێکی خەڵکی شار نەچوو لەگەڵی ، یا نەنێردرا؟ ئەویش هەر خان نەبوو؟ یانی لە دیدی ئینگلیزەوە ، خان بە قەدەر شێخ تاوانبار بووە ! . ئەمەش دەریدەبڕێت هەورامی چەند شێخی خۆشویستووە !؟. خان ، تا ژەهر دەرخوارد لەلایەن ئێرانەوە ، نەکرا ، پشتی شێخی، بەرنەدا !.

بحەوێتەوە ، ( هەر لەسەردەمی خۆیدا ، دووجار نەوسود ، سوتێنراوە. لەبەر ئەوە دەینێرێت ، بۆ تەوێڵە ( ئێراق) . بۆ ماڵی قادربەگی کوڕی. ئەم سەردانە دڵی سان ، ڕادەکێشێت بەلای خۆیدا. لە هەمان ساڵ دا ، میر دێت ڕەزاو ، داگیردەکات !). نەخشەی ل: ٢٢٨، ب/٢. ١٩٤

گەڕانەوەی دووبارەی سالارودەولە بۆ هەورامان. ١٩٢٧ ز.
لە ل:٢/١٣٢ دا ، باسێکی ئەم سالاری قاجاریە ، ناسراو بە ئەبولفەتح میرزا، کرابوو. ناوبراو لەشکرێکی لە خزمو تاقمی جافرسان پێکەوەنا ، بەرەو کرماشان ، کەوتەڕێ. بەرەو پێشەوە ڕۆشتن تا گەشتنە دێی دەڵوەتئاوای ، شاعیر سەیید محەممەد تاهیری هاشمی. لێرەدا خەڵکی چۆڵی دەکەن ، شەڕ دەقەومێت ، لەگەڵ لەشکری دەوڵەتی. تاقمی سالار دەشکێت و دەکشێتەوە. پاش ئەم ڕووداوە ، ڕژێمی شا بڕیاری دا، هەرچی کەسانی چەکدار هەیە لە ناوچەکەدا ، چەکیان بکات. وەستا ، تا زستان ببڕێتەوە. هەرچەن خەڵکی هەورامانی ڕۆژهەڵات ، ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ ڕژێم بە ئاشتیەتی ، جێبەجێکرد ، کەچی لەدواییدا هەموویان ، بە مەحمودخانەوە ، گیران!.
ئەمە شکی بە جافرسان لە هەورامانی ڕۆژئاوا ، پەیداکرد. کە هەمان چارەنوسی دەبێت. ڕژێم کەوتە بەکارهێنانی ، کەسانی دینی ناوچەکە ، وەك ئیمام جومعەی سنە ، ئایەتوڵا مەردۆخ ، بۆ هێمن کردنەوەو چەککردنی جافرسان و تاقمەکەی. بۆ بردنی بە دەردی مەحمودخانی دزڵی و تاقمەکەی. مەردۆخ بۆ ویستی ڕژێم ، چەند نامە بۆ جافرسان دەنێرێت ، دەربارەی چەك دانەوە.

کورتەی دووانامەی مامۆستا مەردۆخ ، بۆ سان:
جەناب ئەمیرول ئومەراء ، ئاقای جەعفەر سولتان سەردار موعتەضید، حکمران لهون و مضافات ، دام إقباله... پێشەکی سەیری ووشەی بریقەداری ڕژێم کەن ، تەنها تا کاتی چەککردن ، چەن نەجیبانە خۆی پیشان دەدات. لە نامەکەدا هەم هاتووە: چەند نامەم بۆ ناردووی ، وە ئەمە دووا نامەیە . سەردەمی هۆزایەتی تێپەڕی ، تەواوی سەرۆك هۆزاکانی ئێران ، سەریان بۆ دەرگای شاهەنشاهی ، خاوەن پایە ، دانەواندووە. هەموو گوێ ڕایەڵی فەرمانن . لە کۆتاییدا : تەواوی خۆشبەختی و بەدبەختی ئێوە بەسراوە ، بە وەڵامی ئەم نامەیەوە. فەرمانبەردار دەبیت ؟ یا یاخی ؟.

کورتەی دووا وەڵامی جافرسان ، بۆ مامۆستا مەردۆخ :
حضور مبارك مستطاب غوث الانام وحجة الاسلام ،آقای آیة الله مردوخ دامت برکاته.
دەست وخەتی پیرۆزت ، کە سەرانسەری ئامۆژگاری باوکانە بوو ، زیارەت کرا. من یەکەم کەس بووم کە بۆ خزمەت کردن بە دەوڵەت و کوژاندنەوەی سەرپێچی هۆزەکان ، لەم سنوورەدا ، ئامادەبووم . ئێستە چی ڕوویداوە ؟ وا لە کۆمەڵەی ناپاکان دەژمێردرێم؟.

---
١٩٤ – مەلا عەبدووڵا، ل ٧٥- ٧٦.

ئەو بڕیار و قسەی سەرتیپی لەشکرە ، جێی بڕوا نییە . هەرکام لەوانە گۆڕا و یەکێکی تر هات ، گوێ بە بڕیاری پێشوو نادات. بۆ خانی دزڵی ، سوێندیان بە قورئان خوارد، کوڕەکەیان برد ، بە ناوی پلە و پایە پێدانەوە ، کەچی ئاوارە و دەربەدەریان کرد! . دووای سوێندی قورئان بە درۆخواردن ، بەچی بڕوابکەم ؟! ئیتر من بێجگە کۆچکردن بۆ ناو خاکی ئێراق ، هیچ چارەیەك نابینم... {جەعفەر سوڵتان}.

بە سەیری بەرگی پێنجەمی ، ڕشتەی مرواری ، ل.٥١٥ ی ، ئەوەی کە ٨ بەرگەکە پێکەوەیە ، ڕەحمەتی مامۆستا عەلائەدین سەجادی. { بە بۆچوونی من ، لەم ١٩٢٩ز. ییەدا ، تەمەنی لە دوازدەساڵیدایەتی ، ١٩١٧ - ١٣/ ١٢/ ١٩٨٤ز. } . لەگەڵ خاڵە شامار ناوێک دەچنە نەوسود ، سان دەبینن ، شەویش لەماڵیان دەعوەت دەبن . بە نووسین ، وێنەیەکی جووانی دیوەخانێکی کوردەواری باس دەکات. سەرەتای فەقێیەتیەتی ، وە فەرموویەتی:

" بەهاری ساڵی ١٩٢٩ ز. ئەم بەرواره ، خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕێکی ڕیشگرتوو لەگەڵ ئێران... " لەو لاپەڕەیەدا بێجگە لە سەرەداوی دەرخستنی ژیانی ئەوکاتەی خۆی و خەڵکی بۆمان ، {سەیری ژێرنووسی ل ٢٩٢ }. دەستپێکی دووا شەڕی سان ، نیشمان بۆ دەردەخات. ئامادەباشییەکی بەردەوام ، لەلای هەورامییەکاندا هەست پێدەکرێت. ئەمە یانی شەڕی پچڕپچڕ ، لە ١٩٢٩ز. دەستپێکردووەو ، تا هاوینی ١٩٣١ز. خایاندووە ، جا شکانی یەکجاری هەورامان ڕوودەدات و ، نەوسودی پایتەختی لهۆن ، لە لایەن تارانەوە دەسووتێنرێت ، ڕەو بەرەو هەڵەبجە و عەبابەیلێی = ناو ئێراق دەستپێدەکات.

{ پێشم وایە هاتنی سەجادی بۆ نەوسود ، بۆ یارمەتیدان بووە ، لە سانەوە بۆی ، بۆ چوون بۆ ئێراق وە هەر لەم ساڵەدا ، ئەویش هەورامانی ئێرانی بەجێهێشتووە}.

( لە ١٩٣١ز. دا، لەشکری دەوڵەتی پەلاماری هەردوو هەورامانی دا، هێزێك لە کرماشانەوە ، بەرەو لهۆن = پاوە ، نەوسود ... { دیوی ڕۆژئاوای ز. ش. زاگرۆس٢٤٥٨- ٢١٥٩ مەتر بەرزە} ، وە ئەوی تر لە سنەوە ، بەرەو هەورامانی تەخت = ڕەزاو و دزڵی ، { دیوی ڕۆژهەڵاتی هەمان شاخ }. پاش شەڕێکی خوێناوی یەك مانگی ، هەورامان دەگیرێت. سان و هەندێك لە تاقمەکەی ڕوودەکەنە ئێراق لەوی دەبنە پەنابەر. پاش ئەوەی هەوڵەکانی ئێران لای ئێراق ، بۆ دانەوەی سان و تاقمەکەی پێی ، هیچی نەکرد . ٣٠٠ کەسی لە خزمی سان و دۆستانی لە هەرامان و جوانرۆ وڕوانسەر و ئێناخی و قوبادی و کەمانگەری گرت ، تا ١٠ ساڵ بەندکران.) ١٩٥

چوونی بێ گەڕانەوەی جافرسان:

وەک لە سەرەوە باسکرا، کە سان و تاقمەکەی هاتنە ناو ئێراقەوە ، بوونە پەنابەری سیاسی و نێردران بۆ شاری ڕەمادی لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتەدا. دوور لە سنووری ئێران. لەوێدا مانەوە تا ١٩٤١ز. لەم گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانییەدا ، هێزی ئینگلیزی لە خوارێوە ، و ڕوسی لە سەریەوە هاتنە ناو ئێرانەوە. سانیش هاتەوە شاری هەڵەبجە ، سێسەدکەسە گیراوەکانیش ، پاش تەواو بوونی دەساڵی بەندییان ، بەردەبن. هەندێکیشیان

١٩٥ - مەلا عەبدوڵا ، س. ف. ژ. ٢ ل:٨١ .

دێن بۆلای سان بۆ هەڵەبجە. لێرە نەخۆش دەکەوێت ، هەموو خزمان کۆدەکاتەوە ، بە پێی باوی سونەتی هۆزایەتی وەسیەت دەکات ، کەریم بەگی کوڕی ، دەکاتە سانی جێنشینی و دەمرێت ، لە گۆڕستانی دێی عەبابەیلێ قەراخ هەڵەبجە ، لای تایەربەگی جافدا دەنێژرێت. کەریم سانی کوڕیشی دەگەڕێتەوە ئێران ، لە دێی خانەگای قەراخ شاری پاوەدا ، نیشتەجێ دەبێت. بەم جۆرە سەردەمی جافرسانیش تەواودەبێت.

هەڵسەنگاندنی سان ، بە بۆچوونی نووسەر :
١ – خۆ ساچان و پاراستنی ساننشینی هەورامان ، بۆ ماوەی ٤٠ساڵێك ، لە سەردەمێکی ئاڵۆزدا ، ( دوو جەنگی جیهانی ، یەکەم١٩١٤ و دووهەم ١٩٣٩. چوار هێزی گەورەی جیهانیی تەڕاتێنکەر ، ، لە ئینگلیز و ڕوس و عوسمانی و ئەڵمانی. لە ناو ئێراندا.
٢- دەرکەوتن و هەڵکەوتنی دەسەڵاتی وایکرد، هەرهێزە پێشبرکێی بوو ، بۆ ئەوەی ئەو ، بەلای خۆیدا ، ڕاکێشێت ودەستەمۆی بکات. ل١٦٥.
٣- نەهێشتنی ئاژاوەی خێڵایەتی ، پشتگرتن و لێ نەبوونەوەی دەوروبەر لێی ، یەکێتی لەگەڵ هەورامانی ڕۆژهەڵاتدا. نیشانەیە بۆ خۆشویستنی، لە لایەن دەوروبەرییەوە.
٤- بە سەربردنی ژیانێکی سادە ، بە پێچەوانەی سەردارانی تری ڕۆژەوە، بوو. ئەوەتا لە ل ١٦٩ دا ، میر ، دێت بۆ لای ، دیوەخانەکەی بە لایەق نازانێت بۆی ، دەینێرێت بۆ ماڵی کوڕی لە تەوێلە ، کە بە سوارییش ٤٥ دەقە دەبیت.

ئەم هاتنی جافرسان و تاقمەی ، باوکی شەهید ئازاد هەورامی ، ناو یەکێتی ن. ک. یانی کوڕی سانی تێدایە، {ماڵی سان ، لە کەرکوک نیشتەجێ دەکرێن ، ئازاد دێتە دنیاوە. دووایی لە سەرەتای هەشتاکان دا ، دەگاتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کوردەکانی ئێراق ، زیاتر : ل ٧٤ / ٢٨٨}. هەروەها باوکی نووسەری ئەم کتێبەشیان لە گەڵ دەبێت.

سەرهەڵدانی سۆفی بەگ ، ناسراو بە ، بەبر سەڵتەنە ١٩٣٤/١٩٣٣ز. :
پاش بەندکردنی سێسەدکەسەکە ، بە ناوی تاقمی سانەوە ، ل ١٧١ : (ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی دەستیپێکرد. هاتوو چۆی دیبلۆماسی ئێران ئێراق ، بۆ دانەوەی سان و تاقمەکەی، هەر لە ئارادابوو . سۆفی بەگ ڕاپەرینێکی بەرپاکرد ، سانی پەنابەر لە ئێراق ، دوو کوڕی بە ناوی محەممەد ڕەشیدبەگ و ئەحمەدبەگ لەگەڵ ٥٠ چەکداردا ناردە شاخی بەمۆ ،١٩٦ بۆ یارمەتی سۆفی بەگ . وە لەبەر مەترسی دانەوەیان بە ئێران ، بەم کارەی ویستویەتی هەموو گیرۆدە نەبن و یەك چارەنووسیان نەبێت . لەوێ بنکەیان دانا و کەوتنە پەلاماردانی لەشکری ئێران . پاش ماوەیەك دەوریان دەگیرێت ، حەوتیان دەکوژرێت ، سۆفی بەگ بەرەو ئێراق دەچێت. محەممەدڕەشیدبەگیش بەرەو شاخی شاهۆ ، ڕۆژهەڵاتی پاوە ، واتە بەرەو ناوەوەی وڵاتەکە . لێرەوە دەستدەکاتەوە بە پەلاماردان. ئێراقیش بە

١٩٦- بەمۆ: زنجیرە شاخێکی بەرزە ، لە خوارو وخواروی ڕۆژئاوای شاری دەربەندیخاندایە ، درێژبوونەوەی شاخی زمناکۆی سەر بەنداوەکەیە ، بەرەو پەروێزخان.

ناوی سنوور پاراستنەوە ، هێزی سەر سنوور هێنابوو. ئەمە ، شۆڕشگێڕانی ، نێوان دوو هێز خزاندبوو ، لەو شەڕانەدا ، حەسەن بەگی کوڕی سان و محەممەدبەگی خزمیشی دەکوژرێن. هەر لە گەرمەی ئەم شەڕانەدا ، ئاغاشڕی ئێناخی ، سەرهەنگی دەوڵەتی ، ئەحمەد خان زاویە دەکوژێت.) ١٩٧

٥ –کەریم سان. ١٩٤١ - ١٩٤٥ز.
کوڕی جافرسانە ، ناوەندی حوکمی گۆڕی لە نەوسود بۆ خانەگای پاڵ پاوە. لە لایەن دەوڵەتەوە کراوە بە سەرۆکی تاقمێکی چەکدار ، چریکیان پێ ووتون.
هەورامانی لهۆن= واتە ڕۆژئاوای ز. ش. زاگرۆس ، بە هەردوو بەشی ئێران و ئێراقەو ە، خەڵك هەر تێکەڵ وسنوور تا ئەم کاتەش ، دەورێکی وای نەبوو ، تا بە دابڕاو خۆیان بزانن. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ، دیاریکردنی سنووری نێودەوڵەتی ئێران ، ئێراق هەورامانی ڕۆژئاوای( لهۆن ) ی کردە دوو پارچەوە و لەیەکی دابڕاندن ، کەمەکەی لە دیوی ئێراقدایە و سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە.
ئێستەش ٢٠١٨ ز. سنوور هەروایە. لە وڵەسمت و بانیبنۆکەوە بۆ باخەکۆن ، پۆپەی شاخی سورێن ، هەورامان سنوورە. لە رۆژهەڵاتی بیارەوە بۆ تەوێڵە ، سنورەکە هێنراوەتە ناوقەدی شاخی هەورامان ، سپی ، بەرەو رۆژئاوا پێچدەکاتەوە. بە ڕۆژئاوا و خواروی دێیەکانی سۆسەکان ، دۆڵبیان ، خواروی هاوار ، گریانە ، دا دەڕوات ، تا سەر ڕوباری سیروان. لە ل: ٢٢٥-٢٢٦ سنوری تەواوی هەورامان ، بە هۆنراوە هەیە. ئەو سنورە هەورامانی دیوی ئێراقی لە ، بەشەگەورەکەی ئێرانی ، جیاکردەوە. لەم کاتەدا ، لە شاری تەوێڵە ، قادربەگ برای کەریم سان ، گیرا و نێردرا بۆ بەغدا. کەریم سان لە ١٩١١ز. دا بەشداری شەڕی نۆبڕان و باخی شای ، لای تاران کردبوو ، وە دە ساڵ لە بەندیخانەی قەسری قەجەری ، ئێراندا بەندی دیووە. هۆنراوەی بە فارسی و کوردی هەیە. ئەم کەسە، بە دەردێکی کتوپڕی ، چاوەڕوان نەکراو ، لە بەرواری دراوودا کۆچی دواییکرد!.

٦- حەمەئەمین سان ١٩٤٥- ١٩٦١ز.
کوری جافرسانە ، پلەی سەربازی ئیفتیخاری لە لایەن ئێرانەوە ، پێدراوە . وە سەرۆکی کۆمەڵێ چریك بووە. لەم کاتەدا ، د. موسەدیق ، لە تاران دژی شا ، شۆڕشەکەی بەرپاکرد. ئەم و وەکیلی جوانرۆ لایەنگیری خۆیان ، لەو ، ڕاگەیاند. بە بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی ، کوردەکانی کوردستانی ئێراق ، لە ١١- ٩ - ١٩٦١ز. دا، ڕوودەکاتە ئێراق . لە هەڵەبجە نیشتەجێ دەبێت. هەرچەند لە لایەن ئێرانەوە گفتی بەرزکردنەوەی پێدەدرێت ، ناگەڕێتەوە. لە رێگەی قادر = قالەی نامداری ئێناخییەوە ، کە فەرماندەیەکی پێشمەگەی شۆڕشی ئەیلول بووە ، لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان دا ، پەیوەندی دەکات ، بە پ ، د، ك ، ئێراقەوە. لە ١٩٦٣ز. دا ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لە ئێراق دەڕوخێنرێت ، ئەمیش دەگەڕێتەوە ئێران.

---

١٩٧- مەلا عەبدوڵا، س. ف. ژ.٢ ل:٨١.

به نهێنی شانەیەکی سیاسی ١٣ کەسی دادەمەزرێنێت . لەم کاتەدا شەڕێکی دژی دەوڵەت ، لەلایەن تاقمێکی چەکدارەوە ، ڕوودەدات ، بە سەرکردایەتی قادری ناو براوەوە.
هەر لەم وەختەدا ، تەیموری بەختیار، کە دژی شا بووە ، لە بەغدا سەری هەڵدا. ڕژێمی میسریش کە دانووی لەگەڵ شادا ، نەدەکوولا. لە هەورامانەوە ، کنەیەکی کردبوو. پێدەچێت هەر لە سانەوە بووبیت. ئەو سێ دیاردەیە: شۆڕشی کوردی ئێراق، تەیموربەختیار ، میسر. ئەمیان هانداوە ، بۆ سەرهەڵدان . پاش ماوەیەك ، لە ١٩٦٨ز. دا ، دەزگای سیخووڕی شا ، ساڤاك ، لە پەلامارێکدا ، شانە نهێنییەکە ، هەموو دەگرێت. دەیانبات بۆ بەندیخانەی جلدیان لای ڕەزائیە. سنووری تورکیا، لەلایەن دادوەری ساواکی ، د. مەجیدییەوە پاش دادگایی ، دەنێردرێن بۆ بەندیخانەی قزلقەلعەی تاران ، لەوێش وەك خوارەوە پیشاندراوە ، سزا دەدرێن:

| ناویان | کاریان | سزایان |
|---|---|---|
| ١ – داریوش نیکگوو. | مامۆستا | کوژران بە گوللە. |
| ٢- کەریمیان. | = | = |
| ٣- حاجی نیازی لهۆنی. | جوتیار | = |
| ٤- بەهمەن بەگی لهۆنی. | = | = |
| ٥- مەجید مەجیدی. | = | = |
| ٦- عەتائولای پیاب. | = | = |
| ٧- حەمەئەمین سان | سەرگورد | لە سێدارەدان. [١٩٨] |
| ٨- زۆراب بەگی لهۆنی. | — | لە سێدارەدان |
| ٩- ئەمین بەگی لهۆنی. | — | لە سێدارەدان. |
| ١٠- ئەحمەد بەگی لهۆنی. | — | لە سێدارەدان. [١٩٩] |
| ١١- وریا بەگی لهۆنی. | — | ٩ مانگ بەندکردن. |
| ١٢- داودبەگی ئێران دۆست. | — | ٩ مانگ بەندکردن. |
| ١٣- عیزەت بەگ زەڕەتەن لهۆنی. | — | ٤ ساڵ بەندکردن. [٢٠٠] |

دەربارەی هۆی زانین پێیان ، ئەم باسەش هەیە: نامەیەك لە تەیمور بەختیارەوە ، لە بەغداوە ، بۆ سان هاتووە ، پێش گەشتنە دەستی ئەم ، ساڤاك بینیویە. ئەو تەیمورەش هەر لای بەغدا، ساڤاك سەریخوارد. پاش پێنج مانگ لەو دادگاییە ، ئێران هەرچی بەگزادەی هەورامان و جوانرۆیە ، هەمووی گرتن. لە دە ساڵەوە بۆ بەندی هەمیشەیی سزای دان.
تا شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران ، لە ١٩٧٩ز. دا ، جا ئەو گیراوانە بەربوون. سانی بەربوو لە کرماشان دادەنیشێت ، وە لە ١٩٨٣ز. دا کۆچی دوایی کرد. لە پاش ئەو ، برازاکەی ، کە عیزەت بەگ زەڕەتەن لهۆنی بوو ، ١٩٨٣- ١٩٩٥ز. دەبێت بە دوواهەمین

١٩٨ – سانی سەرەوەیە ، لە بەر تەمەن زۆری ، کرا بە دە ساڵ بەندکردن ، لە گەڵ کاری گران پێکردندا. ١٩٩- بۆی کرا بە بەندی هەمیشەیی. ٢٠٠- لێسەندنەوەی پلەی سەربازی.

سانی هەورامان . هەروەك باوكی سەرۆكی كۆمەڵێك چریكی دەوڵەتی بووە ، لە ١٣ كەسە گیراوەكان ، دوواهەمینە. ماوەیەكی لە دانشگای ئەفسەریدا بەسەربردووە ، لە ١٩٩٥ز. دا دەمرێت ، كوڕە گەورەكەی: بورهان بەگ ، جێی دەگرێتەوە.

پێناسەی كەسایەتی هەورامی:
هەورامییە ، كەسانێكی تەبیعەت دیموكرات و ئاشتی پەروەر و زرنگ و ئاوەدانكەرەوەن.

**ی ١ / ، ب / ٣ / ٦ – كوردایەتي لە هەورامان دا ، لە پاش ١٩٦١ ز. یەوە:**

**ئـ /** هەورامانی ڕۆژئاوا ، یا لهۆنی دیوی كوردستانی ئێراق:

كوردایەتی لە ك. ئێراقدا ، لە ١١- ٩- ١٩٦١ز. شێوەی شۆڕشێكی درێژخایەنی گرتە خۆی. كە هەموو خەڵكی ئەویَ ، بە پێی توواناكەی بەشداری تیاكرد. لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەی هەورامانی دیوی: ك. ئێراق لە ٣٣ دێ و شارۆچكە تێناپەڕێت ، بەڵام دەوری خۆی بینیوە وەكوو:

كە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسێنرا ، لە هەورامانیش ئاڵای شۆڕش بەرزكرایەوە. لە ٧ /١٩٦٢/١٠ ئەو چوار ناوەندی پۆلیسەی لە تەوێڵە ، سۆسەكان ، بیارە ، خورماڵ، كە دووانەكەی دووایيان ، مەركەزی ناحیە بوون. پۆلیسخانەی تەوێڵە بە تەقەیەكی كەم گیرا ، پاش ئەم ، ڕێكەوتنێك لە نێوان شۆڕشگێڕان و پۆلیسەكانی سێ ناوەندەكەدا ،كرا ، بێ تەقەكردن ، هاتنە ڕیزی شۆڕشی تازەدەمەوە. لەم كاتەدا مامۆستا شێخ حەمەئەمینی عەبابەیلێی ، لێپرسراوی شۆڕشگێڕان بووە . لە پاش هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە ، تا نسكۆی شۆڕش لە ١٦ - ٣- ١٩٧٥ ز. دا ، تەوێڵە و بیارە كە كرابوونە بنكەی هێزی خەبات ، وە ڕووبەرەكەی لە خوارووی پێنجوینەوە بۆ دەربەند بێلوولەی خوارووی دەربەندیخان دەبوو ، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، هەرچەند دڕندەی وەك زەعیم سدیق ، سەركردەی لیوای بیستی سەربازیی ئێراق ، لە ١٩٦٤ز. دا ، كە بە بكوژێكی باشی لای كورد ناسراو بووە. وە یەكێك بووە لە پەلاماردەرەكان. بۆی نەگیراوە ، لە هەڵەبجەوە تا زەردەهاڵ ، پێش بیارە ، ڕۆشتوو ، شكێنرا و هاتەوە هەڵەبجە. یانی بە درێژایی ١٤ ساڵی تەمەنی شۆڕشەكە ، بە ئازادكراوی پارێزراوە.

نموونەی شەڕێكی تر: پردەكەی زەڵم ١٢ / ٨ /١٩٦٣ *

---

* – پردی زەڵم ( دڵدەم) : ناوبراو لەسەر ڕوباری زەڵمە ، لە نێوان دوو دێی گردی گۆ و قەدەفەری دا، سەرچاوەكەی چەمەكە تاڤگەی زەڵمە ، لە شاخی هەورامانەوە هەڵدەقوڵێت ، ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی دێی زەڵمدایە ، لە تەختایی دەشتی شارەزووردایە. دوای ئێرە بە چەند كیلۆمەترێك دەرژێتە دەریاچەی دەربەنیخانەوە . ئەو پردە لەسەر ڕێی سەرەكی هەڵەبجە –سلێمانییە. بگیرێت؟ ڕێگای هاتووچۆ پەكی دەكەوێت. نەخشەی ٢٣٥ پ/٢.

پێشمەرگەی هێزی خەبات ( هەورامان) ، لە ی ز. دا، هاتنە سەرشاری هەڵەبجە ، دوو هەفتە شەڕبوو ، لەگەڵ پۆلیس و سەدان جاش ، کە بە دەوری شاردا بنکە = ڕەبیعەیان بۆ دانابوون. لە پردی زەڵمەوە ، هاتوچۆ بۆ شار لە لایەن پێشمەرگەوە بڕابوو. بێجگە بنکەی سەرەکی پۆلیسی شار، هیچ کوێ بە دەست ڕژێمەوە ، بە ناحیەی سیروان = دوجەیلەوە ، نەمابوو. شەو ئەوان دەبوونە لێپرسراوی شار. بە ڕۆژدا فڕۆکەی جەنگی دەهاتن و بۆردوومانی جێگەی پێشمەرگە تیابووی ، لە ناو شاردا دەکرد. تا لەشکری دەوڵەت لە سەیسایەقەوە ، بە چەند تانک و سێ هەزار سەرباز و سەدان جاش ، گیرانی پردی زەڵمی کردەوە و گەشتە هەڵەبجە ، ١٥ ڕۆژی پێ چوو. جا شار لە دەست پێشمەرگە دەرهێنرا. شایەنی باسە بووترێ پێشمەرگە ، بێجگە تفەنگ و ئارپیجی هیچی تریان نەبوو. لەم شەڕەدا ئەوەندەی من بزانم ، پێنج پێشمەرگە گیانیان بەخت کرد ، یەکیکیان ، ناوی حەمەلە گوڵپی بوو ، باوکی د. فایەق و ناجیح گوڵپی ئێستە بوو. هۆنراوەی ل:٢٤٠ دێڕی یازدە بۆ ئەو نووسراوە. وا ٢٠١٣ ز. یە ، کەچی دێیەکەیان هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە! . ئەو گۆڕستانەی بەرامبەر پۆلیسخانەی بیارەیە ، زۆری پیشمەرگەی خۆبەختکەری هێزی خەباتە. دوای ئەو زیانەی لە دەوڵەت کەوت ، لەم شەڕەوە ، میری هاتوچۆی لە نێوان هەڵەبجە و سلێمانی لە خەڵکی قەدەغەکرد. تەنها لە مانگێکدا جارێك دەبوو ، بەهۆی زۆر لە سەربازو تانکەوە مەیسەر دەبوو. هەندێ جاریش لە سەیسایەق بە هەفتە دەمایەوە ، جا دەجوولا بۆ سلێمانی. ڕێگەیەکی یەك سەعاتی بووبووە ، یەك مانگی.

هەتا لە خەڵکی بە تەمەنیان ، لە پێش١٩٧٦ ز. دا ، تاقمێکی چەکداریان هەبوو بە ناوی بەرگری میللی ، لە بۆردوومانی یەکەمی هەڵەبجە دا، وە لە یارمەتی لێقەوماوان دا. دەوری بەرچاویان هەبوو.

هەورامانییەکانی ئەمڕۆش لە دووای ١٩ / ٥ / ١٩٩٢ز. دامەزراندنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ئێراق ، ئەندامیان ، لە ڕیزی هەموو پارتییەکاندا هەیەو ، لە کاری سیاسیدا، بەردەوامن.

هەورامان پەناگایە:
بۆردوومانی هەڵەبجە لە ٢٧ / ٤ /١٩٧٤ ز. دا ، وە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە: ٥ - ٣ – ١٩٧٥ز. وە ، وە گازی ژەهراوی لە: ١٦- ٣- ١٩٨٨ ز. دا... هتد. کە هەموویان ، ستەمی ڕژێمی ئێراق بووە لە خەڵکی ناوچەکە ، بە سەدان کەس لە خەڵکی هەڵەبجە و شارەزوور و سلێمانی ، ڕوویان لەم پەناگا هێمنە کردووە. کە لە هەمان کات دا ، پێگە و پەنای هێزی پێشمەرگە بووە. لە پاش نسکۆ پێهێنانی شۆڕشی ئەیلول ، وە خێرا کڵپە سەندنەوەی شۆڕشی نوێ یا گوڵان ، لە ١- ٦ - ١٩٧٥ دا ، ئەم کرایەوە بە بنکە و پەناگای شۆڕشگێڕان.

**ب /** کوردایەتی لە هەورامانی لهۆنی ، دیوی ئێران دا لە ١٩٧٩ز. بییەوە:
لە ١٩٧٩ز. دا گەلی ئێران بە پارتییەکانیانەوە ، ڕژێمی شای پەهلەویان ڕوخاند ، لە

ئەنجامدا ، لە کۆتاییدا هەر ڕژێمێک لە ئیسلامییەکان ، هاتە سەردەورا. لە پێش ئەو بەروارەوە ، لە سەردەمی سانەکان دا ، باسیان کراوە. تەنها بەکورتی دەڵێم ، زۆری ڕاپەڕینەکان بۆ ئازادی و دژی ستەمی ، ڕژێمی ناوەندبوون ، هەرکامیش لەگەڵ ڕژێم

بووبن و لە کورد درابێت ، ئەوە دەوری ناپاکی خۆخۆری و پرد و مەقاشیان بینیوە، فەرهەنگی کورد ، پێی دەڵێت: جاشی. هەرچەند کوردەکانی ئێران بە چەند پارتییەوە وەکو: پ. د. ك. و کۆمەڵە و فیدائی ... بەشداریان کرد لە ڕووخانی ڕژێمی شادا ، کە هی نوێ هات ؟ مافی کوردەکان هەروەك کۆن ، هێڵرایەوە.

شەڕی پاوە . ٧ - ١٩٨٠ز. :

شۆڕشی کوردەکانی ئێران ، دژی رژێمی ئیسلامی هەر لە ساڵی ١٩٧٩ز. بییەوە هەڵگیرسێنر. لە هەورامانی دیوی ئێران دا ، دوو پارتی : پ. د. ک . ئێران و کۆمەڵە ، هێزی پێشمەرگەی شاهۆیان پێکەوەنا ، شۆڕشی چەکداریان هەڵگیرسان ، تا نووسینەوەی ئەم چاپی پێنجەمەش ، لە ٢٠١٨ز. دا ، هەر لە چالاکی پارتیزانیدا بەردەوامن .

لە سنووری ئێراقەوە ، تا قەراخ شاری پاوە ، کە ٢٦ کم. زیاترە ، لەلایەن پێشمەرگەوە داگیرکرا. لەو بەروارەدا ، ئابڵوقەی شارستانی یا قەزای ، پاوە درا ، پاش لەشکرکێشی ڕژێم و هاتنی سەرلەشکر (چامران) ، کە هەر لەوێ ئەو تیاچوو. شەڕێکی دوو هەفتەیی ، جا ئابڵوقەکە کرایەوە. دادوەرێکی گەڕۆکی ڕژێم بە ناوی خاڵخاڵی هات بۆ پاوە ، چەند کەسێکی لە خەڵکی ناوچەکە لە سێدارە دا ، من ناوی ئەم پێنجەی خوارەوەم بە سوپاسەوە ، لە بەڕێز محەممەدی وەڵەدبەگیی نۆریاو ، پێ گەییوە:

| ناو | نیشتەجێ | کار |
|---|---|---|
| ١ – عەبدولکەریم کەریمی. | نۆریاو | کاسب |
| ٢- حامید بەگ ئەمین. | دوریسان | ئەفسەری خانە نشین. |
| ٣- ئەفراسیاو ڕەوایی. | قشلاخ | — |
| ٤- یونس کەریم زادە. | پاوە | — |
| ٥- سەیفەدین زیایی. | پاوە | — |

لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتیش دا : زۆری ناوچەکە ، چەند ساڵ بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ز. بییەوە ، پارتێکی تر ، بە ناوی پژاک ، شۆڕشی دژی ڕژێمی ئێران هەڵگیرساندووە و تا ئەمساڵیش ٢٠١٨ ز. بەردەوامە.





وێنەی سەرەوەیان : شێخ مەحمودی مەلیک ، بەرزنجی. ل ٥٧ ، ٥٨ ، ١٩٢/١٦٩.
و. خوارەوەیان : عادیلە خانی ئەردەڵانی ، خیزانی عوسمان پاشای جاف ل١١٢.

کۆتـایـی :ی / ١ ، **ب / ٣ /**
لـه یـەکـەی یـەکـەم : مێژوو ، **بـەشـي سـێـهـەم**، پـەیـامـی هـەورامـان.
لـە ٦ بـەش دا . ل: ١٢٧ - ١٧٨ . نـاوەرۆکـەکـەشـي: لـە ل ١٢٧ دا ، یـە.
نـەخـشـەکـانـی ل ٢٠٢ – ٢٠٧ ...

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

**ی / ١ ، ب / ٤ :** *
## یەکەی/ ١ ، مـێـژوو . بـەشـي / ٤ : والـیـنـشـیـنـی ئـەردەڵان . ١١٦٠ز. ــ ١٨٦٧ز. لـە پـێـنـج سـەربـاس دا. ل ١٨٠ – ١٧٣ نەخـشـەی ل ١٦٥.

{ ١- واتـاو دامـەزرانـدن. ٢- سـنـوور. ٣- سـەجـەرە.
٤- داگـیـرکـارییـەکـانـی عـوسـمـانـی. ٥- سـەرەداوی مـێـژوویـی }.

### ی / ١ ، ب / ٤ / ١ – واتـا و دامــەزرانــدن:

واتـا :
( **ئـ /** ئـەرد: زەوییـە. ئـەلان : ئاریایی. = سـەرزەوی ئاریاییەکان.) ٢٠١
**ب /** : هـەردەڵان ، شوێنی شاخ و بەرزایی. ٢٠٢ **پ/** دامەزرێنەر ناوی وایە ، بە ناوی ئەوەوە ناونراوە.

دامـەزرانـدن:
١ – ( ئـەم میرنـشـینـە لـە سـەدەی چـوارەمی زایینیدا ، لـەلایـەن بابا ئـەردەڵانـەوە ، دامـەزراوە. شاری شارەزووری ( ل: ٢٠٦) ، بە دەست مەغۆل وێرانکراوی دروستکردەوە. هەر ئەم مەغۆلانە ئەمیان کردە سەرەك شاری میرنشینی خۆی). ٢٠٣
٢- (مێژووی دامەزراندنی دەگەرێتەوە سەرەتای عەباسی ، جەنگیزخان دانیناوە بەم دەوڵـەتە دا، هەر دامەزرێنەرەکەیان کردووەتەوە ، بە والی ناوچەکە). ٢٠٤
٣- ( بابا ئەردەڵان لە بنەماڵەی ئەحمەدی کوڕی مەروانی دیاربەکرییە ، کە لەوەو پێش دامەزرێنەری دەوڵـەتی مەروانی کوردی بووە ، لە دیاربەکر = ئامەد ، بەهاتنی بۆ ناوچەی گۆران ، بەردی بناغەی ئەردەڵانی داناوە ، کە لەدواییدا چەند سەدەی خایاندووە. لە

*سەرنج : لە ل: ١١٥/ پیتی دێ ، دا ژمارە هەشت : ئەردەڵانی ، لە کۆمەڵەی گۆرانە ، لەوێ باسی نەکراوە ، لەم لاپەڕەیەوە باسیان دێت. ٢٠١–سیروس ئیزدی ، س.ف.ژ. ١٧ ل:١٠١.
٢٠٢- KL. RICH I 177 B. NIKITINNE LES VILLES CL ARDELAN RMM.V.1922 P.70
٢٠٣- مەعروف خەزنەدار ، س . ك. ژ.١٦ ل: ٨٨ . ٢٠٤- مەردۆخ ، بە کوردی ، ل:١١١پەراوێزی/١، ل:١٠٢.

ئەنجامی پاڵپشت گرتن و لایەنگیری هۆزی گۆرانەوە بووە). ٢٠٥

٤- ( بنەچەی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان ، دەچنەوە سەرهۆزی خوانکارانی دیاربەکر). ٢٠٦ لە خاڵی پێنجەمیشدا دیاربەکر هەر هەبوو. جێی هاتن ، یەکێکە.

<u>لێکدانەوەی ئەو ٤ ڕایەی سەرەوە:</u>

١ – بۆ خاڵی یەکەمیان : سەدەی ٤ = ٤٠٠ ز. دەبێتە ئەو سەرەتایە ؟ بەڵام باسی مەغۆل تێکیداوە و هەرچی لەو خێڵە بێو و کوردستانیان داگیرکردبێت ؟ یا ڕێڕەویان بووبێت ، ئەمانەن:

سەلجوقی: ١٠٣٧- ١١٩٤ز. هۆلاکۆ و جەنگیزخان: ١٠٩٨- ١٢٥٩ز. تەتەر:١٢٣١ز.

تەیموری لەنگ : ١٣٦٩ ز. بەرخی ڕەش : ١٣٦٩- ١٤٦٧ز. بەرخی سپی: ١٤٦٧- ١٥٠٣ز.

ئەو بەروارانە هیچیان نە ، ئەون ، نە نزیکینی.


یەکەمیان وەرگرین: ١٠٣٧- ٤٠٠ = ٦٣٧ ساڵ بۆ دواوە بگەڕێینەوە ، جادەیگەینێ !. بۆیە ، ٤٠٠ ز. لە ڕاست ناچێت ، بۆ ئەو سەرەتایە.

٢- سەرەتای عەباسی = ٧٥٠ ز. یە ، ئەمەش ٤٠٠ ز. نییە. ٧٥٠ - ٤٠٠ = ٣٥٠ ساڵ جیاوازی هەیە.

٣ - بە خوێندنەوەی ئەم باسی ئەردەڵانە ، بزانە تۆش دەگەیتە کام بەروار ؟. ئەوەی من ، لای سەرباسەکەدا ل ١٧٩، نووسراوە.

---

٢٠٥- ئەمین زەکی ، س. ع.ژ. ٥ ل: ٢٧٦. ٢٠٦ - حەسەن ئەرفەع ، کوردان ، گۆڕینی بۆ کوردی ، حامید گەوهەری ، سوید ، ١٩٩٥ز. ل: ٢٨ . ل : ١٧٣ ی چاپی دووەمی پ. هـ . کە دەبووایە ، جێی لەم ئەستێرەوە ، دەستی پێبکردایە ، لە چاپی سێیەمدا ، چاپ نەبووە. وا لێرەدا ڕێککراوەتەوە.




نەخشەی دوو میرنشینی کوردیي :

١ – ئەردەڵان : ١١٦٠ز. – ١٨٦٧ز.        ٢ – ئامێدي : ٩٩٠ ز. – ١٠٤٥ ز.

## ب / ٤ / ٢ - لیستی سەردەمی فەرمانڕەوایی هەندێك لە والینشینانی ئەردەڵان : *

١ – ١١٦٠- ١٢١٠ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی بابائەردەڵانی دامەزرێنەرە.
٢- ١٢١٠- ١٢٣٢ س. ف. كلۆڵ بەگی کوڕی بابائەردەڵان.
٣- ١٢٣٢- ١٢٦٥ س. ف. خدر بەگی/١ م ، کوڕی كلۆڵ بەگ.
٤- ١٢٦٥- ١٣١٠ س. ف ئەلیاس بەگی کوڕی خدربەگی/١ ـەم.
٥- ١٣١٠- ١٣٢٦ س ف. ئەمیر حەسەن کوڕی خدر بەگی/ ٢ لە ١٣٨٢ز. دا مردووە.
٦- ١٤٥٥- ١٤٥٨ س. ف. مونزیربەگی کوڕی باڵوڵ.
٧- ١٤٥٨- ١٤٩٥ س. ف. مەئمون بەگی/١ ـەم ، کوڕی مونزیربەگ.
٨- ١٤٩٥- ١٥٣٦ س. ف. بێگەبەگی کوڕی مەئمون بەگی/١ ـەم.
٩- ١٥٣٦- ١٥٣٨ س. ف. مەئمون بەگی/٢ ـەم ، کوڕی بێگەبەگ.
١٠- ١٥٣٨- ١٥٦٧ س ف. سورخاب بەگی/١ ـەم کوڕی مەئمون بەگی/ ١ ـەم. ٢٠٧
١١- ١٥٦٧- ١٥٦٨ س. ف. سوڵتان عەلی/١ ـەم کوڕی سورخاب بەگی/١ ـەم.
١٢- ١٥٦٨- ١٥٧٨ س. ف. بیسات بەگی کوڕی سورخاب بەگی/١ ـەم.
١٣- ١٥٧٨- ١٥٩٠ س. ف. تەیمورخان کوڕی سوڵتان عەلی/١ ـەم.
١٤- ١٥٩٠- ١٦٠٥ز. س. ف. وێردی خان کوڕی حسێن خانی لووڕ. ٢٠٨
١٥- ١٦٠٥- ١٦١٦ س. ف. هەڵۆ خانی کوڕی سوڵتان عەلی /١ ـەم.

---

* بۆ وشەی سەردەم ، پیتی: س. وە بۆ فەرمانڕەوایی : ف. دانراوە. ئەو نێوانە تەنها فەرمانڕەواییە ، هەموو تەمەنیان نییە . لێرەدا تەنها ئەو ناوانە هەن ، کە والییێتیان کردووە ، وە سەردەمیانم بۆ هەڵکرێنراوە ، بۆ سەجەرەیان ، لە ل: ١٦٨ ەوە. وە ساڵەکان هەموو زایینین.

٢٠٧- ئەم کەسە بنکەی ، پایتەختی ، والینشینەکەی گواستەوە ، لە: قەڵای زەڵمەوە دیوی ئێراق ، بۆ پاڵنگان ، دیوی ئێران . قەڵای ناوبراو ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەی شەهیدی ئێستەیە ، وە لە نێوان دوو دێی ئەحمەدئاوا و زەڵمی ئێستە دایە. بە زنجیرە شاخی ، زەبەلاحی ، زاگرۆسە وەیە {کە ناوی ناوچەیی زاگرۆس لێرەدا : هەورامان ، دالانی ، سورێن ..ـە. ل ٢٤٨} .
بۆ ئەوانەی دوورن: شاخەکە وەک دیوارێک لە سەر دەشتی شارەزوور دانرابێت وایە ، پۆپەکەی هێڵی سنووری ئێران – ئێراقە. هەردوو قەڵاکە زەڵم و پاڵنگان ، لە ناوچەی هەورامانداندان ، بەڵام سنووری داگیرکەر ، لێکی دابڕیوون. وە بۆ زیاتریش :
لە کۆندا ، ئەو قەڵا یا بنکە یا پایتەختی ئەردەڵانە ، لە زەڵم ل ٢٦٩/ ٤. لە قەراخی ، خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری شارەزوور یا ( گوڵعەنبەر) ی دێرین دا ، ل١/١٨٢. بووە. سەیری نەخشەی ل ٢٣٥ بۆ جێگایان . وە وە بابا ئەردەڵان دروستیکردووە ، ژ/١ ی سەرەوە. ل ١٨٤/ ژ/١.
پاڵنگان: ل ٢/٢٦٣. دێیەکی سەختی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە ، دیوی ئێرانە. ئەودیوی شاخی ناوبراون. پایتەختێکی قایمتر و دوورتر ، لەو هێرشانەی لای ڕۆژئاوایانەوە ، دەکرایە سەریان. کە بابانیی ، هەندێک جاری ، سەربە عوسمانی بوون. ئێستا دەبێت ئەو شاخانە ببڕن ، جا دەگەنە سەریان.
٢٠٨ - وەك بە ناوەکەیدا دیارە ، بە ڕەچەڵەك ئەردەڵانی نییە ، وە ژمارە ٢١ ، وەپێنج پاشای تری بابان ، کە لە خوارەوە دێن.

١٦- ١٦١٦- ١٦٣٧ س. ف. خان ئەحمەد خانی/١ ـەم. کوڕی هەلۆخان. ٢٠٩
١٧- ١٦٣٧- ١٦٥٦ س. ف. سڵێمان خان کوڕی علم الدین.
١٨- ١٦٥٦- ١٦٧٢ س. ف. کەلبعەلی کوڕی سڵێمان خان.
١٩- ١٦٧٥- ١٦٧٢ س. ف. خەسرەوخانی/١ ـەم ، کوڕی سڵێمان خان.
٢٠- ١٦٩٤- ١٧٠٢ س. ف. محەممەدخان/١ ـەم ، کوڕی خەسرەوخانی/١ ـەم.
٢١- ١٧٠٢- ١٧٠٥ س. ف. محەممەد خانی گورجی ، بە ویستی شا حسەینی سەفەوی.
٢٢- ١٧٠٥- ١٧٠٦ س. ف. حەسەن عەلی محەممەد.
٢٣- ١٧١٠- ١٧١٧ س. ف. عەباسقولی خان/٢ ـەم ،کوری ئەمانەڵا خانی/١ ـەم ، والی گەورە.
٢٤- ١٧١٧- ١٧٢٠ س. ف. عەلیقولی خان. ئێران لایبردووە ، لە :١٧٣٣ز. شدا، بە یارمەتی عوسمانی. سنەی داگیرکردووە.

*!!!* ، ........................................

*٢٥ - ١٧٢٠- ١٧٢٤ س. ف. خانە پاشای بابان. ٢١٠*
*٢٦- ١٧٢٤- ١٧٣٠ س. ف. عەلیخان کوڕی خانە پاشای بابان.*
*٢٧- ١٧٣١- ١٧٤٨ س. ف. سوبحانوێردی خان ، کوڕی عەباسقولیخان/١ .*
*٢٨- ١٧٤٧- ١٧٤٩ س. ف. سەلیم پاشای/١ ـەمی بابان. پێش ئەم ، چەند مانگێک ،خالید پاشا /١ ، حوکمی کردووە.*

........................................

٢٩- ١٧٤٩- ١٧٥٣ س. ف. حەسەنعەلی خان ،بەکربەگی. کوڕی مستەفاخان.
٣٠- ١٧٥٥- ١٧٦١ س. ف. خەسرەوخان کوڕی ئەحمەدخانی موهاجیر.
٣١- ١٧٦١- ١٧٦٣ .س. ف. سڵێمان پاشای/٥ ـەمی بابان، ٢١١
٣٢– ١٧٨٦- ١٧٩٧ سەدەمی فەرمانڕەوایی مستەفا خان، کوڕی عەباسقولی خانی/١ .
٣٣- ١٨٠٠- ١٨٢٤ س. ف. ئەمانەڵا خانی/١ ـەم. والی گەورە، کوڕی خەسرەوخانی والی.
٣٤- ١٨٢٤- ١٨٣٥ س. ف. خەسرەوخانی ناکام/٤ ـەم، کوڕی ئەمانەڵا خانی/١ ـەم.
٣٥- ١٨٤٥- ١٨٤٧ س. ف. ڕەزاقوڵی خانی/٢ ـەم کوڕی خەسرەوخانی ناکام/٤ ـەم.
٣٦- ١٨٤٩- ١٨٦٧ س. ف. ئەمانەڵاخانی/٢ ـەم ، کوڕی خەسرەو خانی ناکام/٤ ـەم، ـ غولامشاخانی شاعیر ، برای ڕەزاقوڵی خانی/٢ ـەمە. **دوواهەمین والیە**.

---

٢٠٩ - لە موسڵ لە ١٦٣٩ز. دا مردووە . بەرواری لەیەك نەچوو هەیە بۆ سەردەمی ، وەکو:
١٦١٧ - ١٦٣١ ز. نەوشیرەوان ، س . ک. ژ.١٤ ل: ٤١. ١٥٩٢- ١٦٣٦ز. ع. سەجادی ، س. ک. ژ.٢ ل: ٥٣٧ . + مەلا عەبدوڵا ، س. ف. ژ. ٢ ل:٣٧. منیش بۆ هەموو تەمەنی ، ئەمە دەڵێم:
١٥٩٤ - ١٦٣٩ ز. زیاتر ل ١٩٠.
خان ئەحمەد خانی/٢ کوڕی کەلبعەلیش ، لە سەجەرەی ل ١٨٥ دا هەیە ، لە شەڕی بڵباس دا، کوژراوە. وە سێیەمیش کوڕی سوبحان وێردیش لە هەمان ل. دا هەیە. ئەم خان ئەحمەد خانی/٣ یەمە ، لە ١٧٣٧ز. لە شاری ئەدرنەی ڕۆژئاوای ئیستەنبول مردووە ، لە دوورخستنەوە ناچێ
٢١٠ - بۆ زیاتر ، ل ٢٠١ + ل: ٢٠٣ لێکۆڵینەوەکە سەیربکە.
٢١١ - ناوبراو لای شاری کفری کوردستانی ئێراقدا ، لە بەرانبەر عوسمانیدا دەشکێت ، هانادەبات بۆ ئەردەڵان ، لەوێ بۆ ٣ ساڵ دەیکەنە والی. ( ئەمین زەکی، س.ع. ژ. ٤ ل:٤٩٥) هەروەها ل: ٤/١٨٢.

## ب / ٤ / ٣- سـەجـەرەی هـەنـدێك لـە ئـەردەڵانـیـیـەكان:

١ – بـابـا ئـەردەڵان ، دامـەزرێنـەر: ١١٦٠ – ١٢١٠ز. لـە ١٢٧٧ز. دا مردووە. ٢١٢

٢ - كڵۆڵ بـەگ: ١٢١٠- ١٢٣٢ز.

٣ - خدر بـەگی/١: ١٢٣٢- ١٢٦٥ز.


٤ - ئـەلیاس بـەگ: ١٢٦٥- ١٣١٠ز.

٥ - خدر بـەگی/٢ : ١٣١٠- ١٣٤٦ز.

٦ - میرحـەسـەن بـەگ: ١٣١٠- ١٣٨٢ز.

٧ - باڵوڵ: ١٣٨٢- ١٤٢٤ز.

٨ - مونزیر بـەگ: ١٤٢٤- ١٤٥٨ز.




---

٢١٢ – ناوبراو قەڵای زەڵمی لە هەورامانی دیوی ئێراقدا، دروستكردووە ، بۆ بنكەی فەرمانڕەواییەكەی. بۆ ئەم سەجەرەیە سود لە مێژوەكەی مامۆستا مەردۆخ و دەستنووسی مەلا عەبدوڵا ، ل:٢٢/ ٢٦. وەرگیراوە. سەردانی هەورامان و پرسیاری زۆریش كراوە. بەڵام هەرماویەتی.

حەسەن بەگ. ل ١٨٤.

١٢- بارام بەگ

قەرەحەسەن

یەعقوب بەگ/٢

{میرمحەممەد بەگ:
١٨١٨ - ١٨٢٩ز.
میری ڕەواندز ، پاشای کۆرە.} ٢١٣

عوسمان بەگ( ئامێدی)

١١- سوڵتان عەلی /١

هەڵۆخان ١٥٨٨- ١٥٩٤ز.

تەیمورخان
١٥٧٨-١٥٩٠

١٣- خان ئەحمەدخانی/١ ، ١٥٩٤- ١٦٣٧ز. ١٦٣٩ز. مردووە.

١٤- سورخاب خان ، بەگ ،/٢

بەدرخان

موراد بەگ

بوداق بەگ

١٤- میر علم الدین

سوڵتان عەلی/٢

خەسرەوخانی/١

١٦ – کەلبعەلی-
١٦٥٨-١٦٧٢ز.

سڵێمان خانی ئەردەڵان

١٥- میر علم الدین.

محەممەدخان/١

١٦/ جیهانگیرسان

گەنجعەلی سان


خان ئەحمەدخانی/٢
١٦٧٢-١٦٨٠ز. *

عەلیقولی بەگ

نەجەفقوڵی بەگ

---

٢١٣ – لێرەدا بە ڕۆشنی دیارە میری ڕەواندز ، واتە پاشای کۆرە ، ئەردەڵانی بووە.


نەجەفقوڵی بەگ. ل ١٨٥.
عەلی بەگ
کەلبعەلی/٢
فەتحعەلی
عەبدوڕەحمان
ڕەزاقولی
محەممەدڕەزابە
محەممەدسەعید بەگ.
١٤ - سورخاب خان/٢ ل:١٨٥ کوڕی خان ئەحمەد / ١.
عەزیزخان
بارام میرزابەگ
عەباس میرزابەگ
محەممەدخانی/٢
عەباسقولی خانی/١
کەریم خان
-١٧ سوبحان وێردی خان/١
مستەفاخان
کەهزادخان
لوتفعەلیخان
نەزەرعەلی خان
** ئەحمەدخانی/٣
١٧٣٩-١٧٤١ز.
محەممەدموئمین خان
محەممەد عەلی خان
ئەڵاقولی خان
ئەڵاوێردی خان/١
ئەسلان خان
١٧/ خەسرەوخانی والی ، گەورە
ڕەزاقولی خان/١
سلێمان خان
١٨/ ئەمانەڵاخانی/١
زولفەقارخان
ئەحمەدخانی/٤
شێرمحمدخان
ئەمیرئەسلان خان
حسێنقولی خان.
محەممەدحەسەن خان.
خسروخان ناکام.
١٨٢٤ -١٨٣٥
عباسقلی خان.
١٨/ محمدسادق خان

خەسرەوخانی ناکام.
١٨٢٤- ١٨٣٥

تەیمورخان | جەمشیدخان | ڕەزاقولی خان/٢ ١٨٤٥- ١٨٤٧ز. | فەیزوڵاخان | ئەمانەڵاخانی/٢، شاعیر، ١٨٤٩-١٨٦٧ز. دوا والی.

شێرمحەممەد. ل ١٨٦.
١٨ - محەممەد سادق خان.

موساخان | عەلی ئەکبەرخان: نازناو: (شرف الملک)[1] | محمد جعفرخان | محمدسلیم

---

١ – ئەردەڵانییە ، ماوەیەک حاکمی جوانڕۆ بووە ، دەسکەلایەکی باشی والی: فەرهاد میرزای قاجاری بووە ، بکوژی حەمەسەعیدسان و عەبدوڕەحمانی کوڕیەتی. ل. ١٦٢ . هەوڵیان داوە سیاسەتی فەڕوق تەسودی ئیستیعماری بەکار بەرن بە دوژمنایەتی نانەوە ، لە نێوان جافی جوانڕۆ و هەورامی پاوەدا ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ئەوەتا لە ل. ١٦٣ لە تۆڵەی ئەو دووەدا، ڕۆسەم بەگی ئێلبەگی جاف، دێتەسەری ، عەلی ئەکبەری دەسناکەوێت ، برا و کوڕی ، دەکوژێت. پاش ئەو کوشتنانە ، والی ئەردەڵان لە سنە ، کە فەرهادە ، نازناوی شەرەفولمولکی لە ، عەلی ئەکبەر دەنێت.زیاتر ل١٦٠.

**ب / ٤ / ٤ – شالآوە داگیرکارییەکانی عوسمانی ، بۆ سەر والینشینی ئەردەڵان:**
١ – شالآوی یەکەم:
لە سەردەمی مەئمون بەگی/١ م دا ، ١٤٥٨- ١٤٩٥ز. سەرو و سەروی ڕۆژئاوای والی نشینەکە ، کە لە لایەن جەلائیرییەکانەوە داگیرکرابوو ، لێیان سەندنەوە. لەم کاتەدا: ئاکرێ ، والدی ر، دهۆك ، سەر بێرە بووە. (لەشکرێکی عوسمانی بە سەرۆکایەتی ، ڕۆسەم پاشا ، لە ئەستانە سەردەمی: سوڵتان ئەحمەدی/٢ ەمە ١٤٥١-١٤٨١ز. ، وە میری میرانی بەغدا و، لەگەڵ چەند حاکمانی تری کوردستان ، پەلاماری ئەردەڵانیان دا ، هەرچەند دوو ساڵ دەوری بنکەکە یان لە قەڵای زەڵم دا، دەدەن ، ناگیرێت. ڕۆسەم پاشا دەمرێت و لەشکرەکەش دەکشێتەوە.) ٢١٤ لە ئەردەڵانییەکانیش محەممەدبەگی کوڕی مەئمون بەگی والی دەمرێت. لەسەردەمی بێگەبەگی برایا ، حاکمی شوێنێکی نادیاری ناوچەکان بووە.

٢- شالآوی دووەم: ١٥٣٨ز.
لە سەردەمی مەئمون بەگی/ ٢ دا، کوڕی بێگەبەگ ، ١٥٣٦- ١٥٣٩ز.کە سنووریان گەشتبوە ئامێدی و ڕەواندز . عوسمانی کە لە ئەستانە ، سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونییە ،١٥٢٠- ١٥٦٦ز. هێرش دەکرێتە سەر زەڵم ، مەئمون بەگ و میر ئیسماعیلی براشی ، بە دیلی بۆ ئەستانە دەبرێن. پاش ماوەیەك هەردوو بەردەدەن و دەیانکەن بە حاکمی بەرزنجە و حللەی خواروی بەغدا. ئەمەشیان بۆ ئەوە پێکردوون ، تا ئەدەڵان لە ژێر دەستی مامەیان ، سورخاب بەگ بۆ عوسمانی ، دەربهێنن. بەڵام بۆیان نەکرا.

٣- شالآوی سێیەم: ١٥٥٤ز.
لە سەردەمی سورخاب بەگی/١ م دا ، کوڕی مەئمون بەگی/١ م دا، ١٥٣٨- ١٥٦٧ بۆ سێیەم جار، لەشکری عوسمانی بە سەرۆکایەتی عوسمان پاشا ، دیتەوە سەر قەڵای زەڵم. سورخاب شەڕناکات و دەکشێتەوە. قەڵا دەگیرێت. پێم وایە دوو برازەکەی کە لە شالآوی دووەم دا، باسکران... لەم لەشکرەدا بوون ، بۆیە سورخاب بێ شەڕ چۆڵی کردووە . پاشا ، هێزێکی بە سەرۆکایەتی وەلی بەگ ، لە قەڵاکەدا ، دانا. لەشکر کشایەوە ، سورخاب بنکەی ئەردەڵانی گواستەوە لە قەڵای زەڵمەوە ( هەورامانی ئێراق) بۆ دێی پاڵنگان( هەورامانی ئێران).ل ١٨٢. ڕێگەی هاتنەسەریانی زەحمەتتر کرد ، دەبێت ز. ش. زاگرۆس ببڕدرێت ، جا دەگەنە سەریان.

٤- شالآوی چوارەم: ١٦٢٨ز. مردنی شا عەباس.
لە سەردەمی خان ئەحمەد خان/١ ـەم کوڕی هەڵۆخان دا ، ئەردەڵان گەشتە ئەوپەڕی بالآ - دەستی ، بە بادینان و کەرکوك و بەغداشەوە. خەسرەو پاشای عوسمانی بە لەشکرێکەوە بەرەو بەغداهات. میرە کوردەکان وەك سەیدخان میری ئامێدی ، میرە بەگ ، میری

٢١٤ – ئەمین زەکی ، س. ع. ژ.٤ ل:٢٧٧ ، ١٧٨ .

سۆران ، ئامۆژگاریان کرد ، کە لە پێش بەغدا بەرەو ئەردەڵان بڕوات. لەم کاتەدا فەرماندەکانی خانی ئەردەڵان ، زۆریان ڕوودەکەن بەلای عوسمانیدا، دەچنە ناو لەشکرەکەوە. لەشەڕەکەدا حەسەن ئاوا ، ناوەندی ئەردەڵان دەگیرێت. بە هەمەدانیشەوە. خان هەڵدێت. لەشکر دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. چل ڕۆژ دەوری دەدەن ناگیرێت. لەشکر دەگەڕێتەوە بۆ ئەستانە. هێشتا لەشکری گەڕاوە ، موسڵی بەجێنەهێشتبوو ، خان هاتەوە لە هەمەدان ، تا شارەزووری داگیرکردەوە.

٥- شالاوی پێنجەم: ١٦٣٧ز.
لەسەردەمی سلێمان خانی ، کوڕی علم الدین ، ١٦٣٧- ١٦٥٨ز. لەشکری عوسمانی بە سەرکردایەتی سوڵتان مورادی/٤ هەم ،١٦٢٣- ١٦٤٠ز. بە ٦ فەوج و ٤ هەزار سوارەوە . لەگەڵ خان ئەحمەد خانی/١ی ئەدەلانی ، کە لەکۆتایی ژیانیدا ڕوودەکات بەلای ئەمان دا. دەکەونە ڕێ بەرەو ئێراق و سنە. شا سەفی بە لەشکرێکەوە دێتە هەمەدان، لەشکرێکیش بە سەرکردایەتی زەینەڵ خان، دەنێرێت بۆ کوردستان. لای مەریواندا بە یەك دەگەن. ئێران دەشکێت. دەکشێنەوە سنە. دێن بە شوێنیاندا، سنەش دەگیرێت. شا زەینەڵ دەکوژێت، بەرەو هەمەدانیش دەچن، شا هەمەدان بە خەڵکەوە چۆڵدەکات. لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ئازووخەی شەڕ، عوسمانی دەکشێتەوە.

باسی دوو والی ئەردەڵان:

هەڵۆ خان و کوڕەکەی :

١ - هەڵۆخان کوڕی سوڵتان عەلی ، ل ١٨٥. لە ١٦٠٥- ١٦١٦ز. دا فەرمانڕەوای ئەردەڵان بووە. کوڕەکەی ، کە ، لەسەردەمی باوکیدا سەرلەشکری بووە. لە ١٦١٤ز. خان دەنێرێت بۆ دامرکاندنەوە و داگیرکردنی هەورامان ، لە دوو ڕۆژی شەڕدا ١٨ کەسیان لێ دەکوژێت ، دوو دێڕ هۆنراوە لە ل: ١٢٥دا ئەم پەلامارە دەسەلمێنێ.) ٢١٥ لە ١٦١٠ز. دا ، هەڵۆ لە شەڕێکدا ، لە نێوان سنەو هەمەداندا، لەشکری شا عەباس دەشکێنێت. ئازادی ناوچەی ژاوەرۆ٢١٦ لە هەورامان ، ڕادەگەیەنێت. ئەمە دەبێتە مەترسی بۆ ، شا،لە زیاتر شکان و لەدەسچونی حوکمەکەی.
دەکەوێتە پیلان نانەوە بۆ ، لەناوبرنی هەڵۆخان. داوا لە کوڕەکەی دەکات ، باوکی بگرێت و بینێرێت بۆ لای ، گفتی داداتێ نەیکوژێت و بە دیلی بیهێڵێتەوە. خۆی بچێتە جێگای و دەشیکاتە زاوای خۆی . کوڕەکەش وا دەکات ، شا، داوایکردووە !. (باوکی دەگرێت و دەینێرێت بۆ شاعەباس ، خۆی دەچێتە جێی. ئەویش ، هەردوو چاوی باوکی کوێردەکات و بە دیلی دەیهێڵێتەوە). ٢١٧

---

٢١٥ – مەلا عەبدولا ، س. ف. ژ.٢ ل:٣٤.

٢١٦- ژاوەرۆ: ناوچەی هەورامانە ، لە بارەی ئیدارییەوە ، سێ ژاوەرۆیە ، کەوتوەتە ڕۆژئاوا و خواروی ڕۆژئاوای شاری سنەوە ، سەر بە چەقی یا ناوەندی شاری سنە بووە. ژمارەی دێیەکانی ٨٥ ن. سەیری نەخشەی هەورامانی ڕۆژهەلات ل:٢٢٨- ٢٢٩ . ٢١٧- ئەدمۆنز، س.ع. ژ.٥ ل ٢٨٥.

٢ - خان ئەحمەد خانی/١ هەم ، کوڕی هەڵۆخان. ١٦١٦- ١٦٣٦ز. ل ١٨٥.
دوو جار، حوکمی کردووە ، هەڵکەوتوترین والی ئەردەڵان بووە .کە دێتەسەر فەرمانڕەوایی ، خۆی لە شا عەباسی/١ی سەفەوی ئێران ١٥٧٨- ١٦٢٩ز. نزیك دەخاتەوە. (شا خوشکی یا کچی خۆی ، کە ناوی کلاوزەڕە دەداتێ . لە ١٦١٩ز. دا پەلاماری ناوچەکانی موکری و بڵباس و ڕەواندزی دا ، خستنیە سەر ئەردەڵان. کوڕەزای بارام بەگی ئەردەڵانی کە ناوی قەرە حەسەنە و برای پاشای کۆرەیە ، بۆ سەجەرەکەیان سەیری ، ل:١٨٥. دەیکاتە حاکمی ڕەواندز. خالید بەگ بۆ خۆشناو ، عوسمان بەگی کوری یەعقوب بەگی برای پاشای کۆرە ، بۆ ئامێدی دانا.) ٢١٨ بۆ کۆیە و حەریریش دوو حاکمی داناوە ، ناویانم بۆ دەرنەکەوتوە.
پاش ئەوانە بەرەو موسڵ دەڕوات ، پاشای عوسمانی شار بەجێ دێڵێت. بە بێ شەڕ دەگیرێت. لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنانەدا، شا عەباسی خەزوری ، خەنجەری کەمەری خۆی ، لەگەڵ ئەسپەکەی و١٢ هەزار پارەی زێڕ دەکاتە پێشکەشی و بۆ خانی دەنێرێت. لە ١٦٢٤ز. کەرکوك دەگیرێت.وە لە ١٦٢٦ز. بەغداش دەگرێت. پاش ئەو پەلاماردانانە ، ئەردەڵانی گەشتە ئەوپەری باڵادەستی . خان کوڕێکی دەبێت بە ناوی باپیرەی خۆیەوە ناوی دەنێت سورخاب ، کردوومە بە ژمارە دوو ، لە سەجەرەکە بۆ ناسینەوە. ئەم سورخابە هەر بە منالی ، دەینێرنە مالی شا ، (خەزورانی) ، بۆ پەروەردەکردنی. لە ١٦٢٩ز. شا عەباس دەمرێت. شا سەفی١٦٢٩- ١٦٩٤ز. کوڕی دەچێتە جێگای. مەترسی لە سورخاب ی کوڕی خان ، کە هێشتا لای ئەوانە ، پەیدادەکات. سەری دەخوات ، ئەمەش هەیە: وەك باوکی کردووە ، هەردوو چاوی کوێرکردووە.٢ ئەم دوو کاری چاو کوێرکردنەی ، باوك و کوڕە ، خان ئەحمەد خان دەگۆڕێت ، لادەکات بە لای عوسمانیدا. لە ١٦٣٢ز. لە گەڵ لەشکری عوسمانیدا ، پەلاماری ولاتی شاسەفی دەدات ، کرماشان ،هەمەدان ، سونقور، ورمێ ، خۆی ، داگیردەکات. دەتوانین بڵێین ، نیوەی ڕۆژئاوای ئێران. خان فەرمانڕەوایی دەکات و بە ناوی خۆیەوە سکە لێدەدات. خان پەلامارێکی تر دەداتەوە ، لە شالاوی پێنجەمدا، باسیکراوە.
خان شاعیر و گۆرانیبێژێکی بووە ، بە ناوی: یۆسۆ = یوسف یۆسۆ ئاسکە بە ناوی دایکیەوە ناسراوە. وا دیارە کەینوبەینێك لەگەڵ خاتوکلاوزەڕی ژنی خان پەیدادەکات، ئەویش سەری هەردووکیان دەخوات. لە مامۆستا هەورامانیم بیستووە ،( لە هەورامانی ڕۆژهەلاتا ، گۆڕی خاتو کلاوزەڕێکم بینیوە). پێم وایە ئەو ژنەی لە هاویندا ، مردووە یا کوژراوە ، ئەو جێگەش جێی هاوینەی خانە. لە ١٦٣٩ز. دا خانیش لە شاری موسڵ دەمرێت ، گۆڕی لە مزگەوتی نەبی یونسە.

{ڕایەک بۆ حوکمەتی هەرێم:
مامۆستا حەمەکەریم هەورامی ، چیرۆکێکی مێژوویی باشی لەسەر ، ئەم خاتوکلاوزەڕە و ئەم دەربەندی زەڵمە نووسیوە . لە کوردستانی ئێراق دا ، دەتوانن بیکەنە فلیمێکی سینەمایی مێژوویی ، سەرنج رادەکێشێت}.

---

٢١٨- هەمان کەس و ل. ژمارە ٢١٧ یە. ٢١٩ - مەردۆخ ، س . ف. ژ.١ ل ١٠٥.

**ب / ٤ / ٥ – سەرەداوی مێژوویی ئەردەڵان** :
١ – لە سەردەمی سورخابی/١ م دا ، کە کوڕی مەئمون بەگی/١مە و سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی ١٥٣٨- ١٥٦٧ز. بووە. لە ل: ١٨٨دا، شالاوی سێیەم ، باسکرا ، عوسمانی بۆ جاری سێیەم دێتە سەر قەڵای زەڵم. ٢١٩ ئەم هاتنە لە ١٥٥٤ز. دایە ، یانی لەم

ساڵەوە ، بنکەی ئەردەڵان ، لێرەوە گوێزراوەتەوە ، بۆ دێی پاڵنگان. ئەم جێگەیەشم دیوە ، زۆر سەختترە لە زەڵم ، لە هەموو لایەکیەوە شاخە. ئێستە ڕێی هاتنی لەشکری عوسمانی لای ڕۆژئاواوە ،دوورتر و زەحمەتترە ،دەبێت ز. ش. زاگرۆس و لقەکانی ببڕێت. ئەم گواستنەوەی ئێرە ، لە بارەی جوگرافی سیاسیەوە ، کارێ گرنگی کردووە.
٢ - لە ١٥٤٢ز. دا ، کە هەر سەردەمی سورخابی سەرەوەیە ، برایەکی نەیاری ، شا تەهماسبی ئێران ، ڕادەکات بۆ لای سورخاب. شا ، دێتە سەر ئەردەڵان ، ئەمیش دەیداتەوە و کێشەکە دەبڕێتەوە.
٣- ١٦١٦- ١٦٣٧ز. کە سەردەمی خان ئەحمەد خانی /١ مە ، دەتوانین بە سەردەمی زێڕینی ئەردەڵانی ناو ببەین ، لە لایەنی فراوانی وڵاتی ئەردەڵانەوە. لە هەمەدانەوە بۆ موسڵ بە کوردستانی ئێراقەوە ، لە موکریانیشەوە بۆ بەغدا ، بە کەرکوکەوە. سەر بە سنەی ئەردەڵان بووە.
٤- ١٥٧٨- ١٥٩٠ز. سەردەمی خوێنڕێژی و نائارامی ، لە سەردەمی تەیمور خانی سوڵتان عەلی دا. چوار کوڕی هەبووە ، کردوونی بە حاکمی ناوچەکانی : سوڵتان عەلی/٢ هەم. لە: حەسەن ئاوا و قزڵجە. بوداق بەگ لە زەردیاوا ( قەراخ). مورادبەگ لە مەریوان . بەدرخان لە شاربازێڕ.

کۆتایی : ی / ١ ، **ب / ٤ /**
یەکەی یەکەم : **بەشی چوارهەم** ، مێژوو ، والینشینی ئەردەڵان.
لە ٥ سەرباس دا . ل ١٧٩ - ١٩١ ، ناوەرۆک: لە ل ١٧٩ دا ، یە. نەخشەی ل ١٨١.

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

## ی / ۱ ، ب / ٥ /
## یەکەی/ ۱ ، مـێـژوو . بـەشي / ٥ : مـیـر ، یـا ، پاشـانـشـینـی بـابـان ١٤٩٨ز. - ١٨٥١ز. ل١٩٢ – ٢٠٥ . نەخشەی ل : ٢٠٠.

**ی / ۱ ، ب / ٥ / :**

{ ۱- سـەرەتـای بـابـان کـەیە ؟. ٢- سـێ سـەردەم. ٣- سـەجـەرەیـەکـیـان.
٤- بۆداقـەکـان. ٥- سەرەداوی مێژوویی. ٦- باسی ، سێ لە پاشاکان}.

### ی/ ۱، ب / ٥ / ۱- سـەرەتـای بـابـان کـەیـە ؟

ئـ / ( سەرەتای سەدەی دوازدەی کۆچی ، سەردەمی هەڵکەوتنی ، فەقێ ئەحمەدی دارەشمـانەیە. دامەزرێنـەرەوەی زنجیرەیەکی نوێی میـرەکانی بابانە). ٢٢٠

سـەرەتـای سـەدەی ١٢ ی کۆچی : ١٢٠٠ کۆچي = ١٧٨٦ زاینی. ئەگەر هەر یەکەم ساڵی ، سەدەکەش وەرگرین ، بە سەیری سەجەرەی نووسراوی بابان لە ل: ١٩٥ ـەوە ، ئەم ساڵی ١٧٨٦ز. بیە ، نزیکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوڕەحمان پاشاوە. کەلەو ڕیزەداو ، لە فەقێ ئەحمەدەوە ، دوازدەهەمین پاشایە . ئەگەر فەقێ ؟ یەکەم پاشا بووبێت ؟! دەکرێت نۆرەی یا ڕیزی لێرەدا بێت ؟ فەقێش لە ١٦٦٣ز. دا ناوی نامێنێت. ٢٢١

ب / یەکێ لە پاشایانی بابان ، کە لە پێشەوە بێتو ، پەی بە ، ساڵی فەرمانڕەواییەکەی بەرین ، ( بابا سلێمانی/٤ ـەمە ،* کوڕی فەقێ ئەحمەدە. ل:١٩٧. لە ١٦٩٤ز. چەند شوێن لە ئەردەڵان داگیردەکات . لە ١٧٠٤ز. لەلایەن عوسمانییەوە لابراوەو کراوە بە حاکمی شاری ئەدرنە). ٢٢٣

---

٢٢٠ – نەوشیرەوان. س. ک. ژ.١٤ ل.٤٠.

٢٢١ - سـەردەمـی فـەقێ ئـەحمەدی دارەشمـانـە ، کـەیـە ؟
بۆ ئەوەی مەزەنەی سەردەمێك بکەم بۆ فەقێ ، ئەم شەنوکەوە دەکەم:
بە پێی کتێبی ، سوڵتانە عوسمانییەکانی د. فەرهاد پیربال ، سلێمانی/٢٠٠٧ز. :
(لە سەردەمی سوڵتان مورادی /٤ م دا ، ١٦٢٣- ١٦٤٠ : ، لە ١٦٣٠ز. ئەو دەکاتە فەرماندەی لەشکر ، لە جێی یەکێکی بەزێنراو . ئەم دەچێت دەیشکێنێت . <u>نازناوی { بەبە} ی لێدەنێت</u> ). لەو بەروارەدا بووبێتە فەرماندە ، نابێت منداڵ و پیر بووبێت . ئەگەر دایبنێین بە ٢٥ ساڵیی ، هاتنە دنیای دەبێتە ١٦٠٥ ز. لە ١٦٦٣ ز. ناوی نامێنێت ، واتە دەبێتە مردنەکەی. ئەمەش بیر بۆی دەچێت ، کرابێتە پاشای بەبەو نێرابێتەوە بۆ قەڵاچوالان ، تا لەوێ تەیمور خانی ئەردەڵانی ، ل: ١٣/١٨٢ +١٢/١٩٤ ی ژێر ڕکێفی سەفەوی ، ببەزێنێت ، کە ئەوێی لە عوسمانی داگیرکردووە ، بۆ سەفەوی. ئەمیش دەڕواو لە ١٥٩١ ز. شاربازێڕ ، لە ئەردەڵان دەسەنێتەوە ، تا مردنەکە بە پاشای بابان دەمێنێتەوە . ئەم سلێمانە ، مۆر و مۆرکی : ( بابا ، بەبە ) ی ، نازناوە پێدراوەکەی سوڵتانیشی پێوەیە. {{ ١٥٩١ز. – ١٦٦٣ ز. = ٧٢ ساڵ تەمەن}}. سەجەرەی ل ١٩٧. پێش فەقێش ، میری تر ، دیارن ، بۆیە پێشم وایە ناوی بەبە یا بابان ، لەو میرنشینە نراوە ، لە فەقێوە پێوەی نراوە ، وە پێش ئەو ، ناوێکی تری ، دەبێت بووبێت. ٢٢٣- ئەمین زەکی ، س. ع. ژ.٥ ل:٤١٧.

دیاره لەو ساڵەدا، کەوتبێتە ، شوێن داگیرکردن ، دەبێت چەند ساڵێکێش بە سەردەمی سەرەتا و گەشەکردندا ڕۆشتبێت ، جا دەگاتە پەلاماردان.
(بۆ سەردەمیی ئەم بەرواره هەیە: ١٦٦٣- ١٦٧٥ز. )٢٢٤ سەرەتاکەی باشە ، کۆتاییەکەی کەمە ، ئەوەی ڕەحمەتی ئەمین زەکی ، بە ڕاستتر دەزانم. وه وای لێ دێت: ١٦٦٣- ١٧٠٤ز. ئەمە بێجگە حوکمەکەی شاری ئەدرنەی لای ئەستەموولی.

پ / ڕەحمەتی مامۆستا سەجادی لە مێژووەکەی دا ساڵی: ١٨١٥ز. دانـاوە بۆ کۆتایی بابان ، لە جێی : ١٨٥١ زایینی. یەکان و دەیان جێیان گۆڕیوەتەوە. بەڵام ٣٦ ساڵ بابان عەمرکورت کراوە . ئەتوانین بڵێین هەڵەی چاپییە ، بەڵام لە جارێ زیاتر چاپکراوەتەوە! نە ڕێکەوتە ، نە خواکردە ، نەدەستکردی نەیار کوردە ، بەڵکە هەڵەیەکی خۆکردە.

## بۆچوونم بۆ دیاریکرنی ، ساڵی سەرەتا ، بۆ پاشا نشینی بابان :

لە سەجەرەی ل: ١٩٧ ، ئەم میرە: حاجی شێخ ، کە پێم وایە سەردەمی ژیانی وابووبێت: ١٥٢٢- ١٥٥٤ ز. ئەگەر ٧ نەبن ؟ بە دڵنیاییەوە ، ٦ میری تر هەن. ئەگەر مەزەنەی سەردەمی ژیانیان ، نەك فەرمانڕەواییان ، وەك لە مێژوودا باوە ، بە٣٢ ساڵ بۆ هەر نەوەیەك دابنێین ، وای لێ دەردەچێت:
٣٢ جار٦ = ١٩٢ ساڵ. ئەمەش لەوەی حاجی شێخی سەرەوە دەربکەین = دەبێتە ١٣٣٠ز. وە دەبیتە سەرەتایەك. بەڵام بۆ دیاریکردنی سەرەتای بابان ، سەردەمی فەرمانڕەواییان ڕۆشنکەرەوەیە . جا دەڵێم:
بە گشتی سەردەمیان ، کورت و کەم بووە. جا لەبەر ناکۆکی ناوخۆیان یا گیچەڵی سەفەوی و عوسمانی. گەر لایەنی کەمییەکەی وەربگرین؟ ٦ میر ، یەکی ٤ ساڵ= ٢٤- ١٥٢٢ = ١٤٩٨ زاینی= ٩٠٣ کۆچی دەبێتە سەرەتای بابان. کۆتاییەکەی هەیە ١٨٥١ز. یە. هەمووی وای لێ دێت: ١٤٩٨- ١٨٥١ز. = ٣٥٣ ساڵ ، یانی سێ سەدەو نیو زیاتر.
ئەوەش کە دەڵێت سەردەمی سەفەوی ، هی بابانیشە. لە پێشەوە ٤ ساڵ زیادە ، لە دواوەش ١٢٩ساڵ کەمە. پێش ئەوەی میرەکان ، بووبنە: حاکم و فەرمانفەرما* و میریمیران و والی و پاشا ، واتە سەردەمی دەرکەوتن و هەڵکەوتن ، دەبێت چەند ساڵ میری : شاربازێڕ ، قەڵاچوالان ، پشدەر ، شارەزوور... بووبن.

## ب / ٢/ ٥ - سێ سەردەم :

بە بۆچوونم هەموو تەمەنی ، پاشانشینی بابان ، لە ٣ سەردەم دا دەبینم ، وەك:

١ – ١٤٩٨- ١٥٥٩ز. زنجیرە دەسەڵاتی /١ ـەم ، یا سەرەتا. لە میر ئەبدالی

---

ئەدرنە: ئێستاش ، شارێک بەم ناوە لە ڕۆژئاوای ئەستەمووڵ دا ، هەیە.
٢٢٤ - ئەدمۆنز، س.ع. ژ.٦ ل:٥٤ . * لێرەدا وشەی فەرمانفەرما ، پلەی سەربازی یا ئیداری ، پیشان دەدات. لە تەورێز هۆزێک بەو ناوەوە هەبووە.

دامەزرێنەرەوە ، بۆ کۆتایی سەردەمی میر حسەین کوری میر سلێمانی/٢. وەوە. ل: ١٩٤ ژمارە ١ – ١١. یازدە میر حوکمیان کردووە.

٢- ١٥٧٨- ١٦٣٧ز. = ٥٩ ساڵ. زنجیرە دەسەڵاتی/٢ هەم ، یا کپبوونەوە.٢٢٥ لە دووای میر حسەین سەرەوەیە ، سەجەرەکە : ل ١٩٤ / ڕیزی ژمارە / ١١ یە. وە تا هاتنی فەقێ ئەحمەد.
لە ئەردەڵان سەردەمی باڵادەستی ، والینشینەکەیە : تەیمورخان و خان ئەحمەدخانی/١ . سەجەرەکەی بابان ل ١٩٤ ڕیزی ١٢ و ١٣. یانێ دەبێت ئێرە سەر بە ئەردەڵان بووبێت. بۆیە ئەو دووەم لەو نێوانەدا نووسیون. بۆ ئاسانکردنی تێگەشتن لە ڕاکەم.

٣- ١٥٩١ - ١٨٥١ ز. زنجیرە دەسەڵاتی سێیەم ، یا کۆتایی. لە فەقێ ئەحمەدەوە بۆ عەبدوڵای قایمقام. = ١٨ میر فەرمانڕەوایی کردووە ، هەیانە لە جاری زیاترە.

**ب/٥ / ٣- لیستی سەردەمی فەرمانڕەوایی ، پاشاکانی بابان:**

١ – ١٤٩٨- ١٥٠٣ ز. سەردەمی فەرمانڕەوایی میر ئەبدالی بابانی ، دامەزرێنەر.

| | | |
|---|---|---|
| ٢- ١٥٠٣- ١٥٠٩ | س. ف. | میر بۆداقی/١ ـەم ، کوڕی میر ئەبدال. |
| ٣- ١٥٠٩- ١٥١٢ | س. ف. | میر ڕۆستەمی/١ ـەم ، کوڕی میر ئەبدال. |
| ٤- ١٥١٢- ١٥١٦ | س. ف. | میر بۆداقی/٢ ـەم ،کوڕی میر ڕۆستەمی/ ١هـەم. |
| ........................................ ( * ) | | |
| ٥- ١٥٢٠- ١٥٢١ | س. ف. | میر نەزەر کوڕی بەیرام. |
| ........................................ | | |
| ٦- ١٥٢٦-١٥٢٧ | س. ف. | میر ئیبراهیم. |
| ٧- ١٥٢٧- ١٥٣٤ | س. ف. | میر حاجی شێخ کوڕی میر ئیبراهیم. |
| ٨- ١٥٣٤- ١٥٣٧ | س. ف. | میر سلێمانی/١ ـەم، کوڕی میر ئیبراهیم. |
| ٩- ١٥٣٧- ١٥٤١ | س. ف. | میر بۆداقی/٣ یەم، کوڕی حاجی شێخ. |

........................................

٢٢٥ - ١٥٧٨- ١٦٣٧ = ٥٩ ساڵی کپبوونەوەیە ، لای بابان . لە میر ڕۆستەمی/١ ـەوە ، کوڕی میر بۆداقی/١ ـەم . کە تەیمور خانی ئەردەڵانی ، لە سنە هاتە سەر حوکم ، سەجەرەکە ل ١٩٤ ڕیزی ١٢ و ١٣. ناوچەی کوردستانی ئێراقی داگیرکردووە . لە ٤ کوڕەکەی دووانیان ، لە ك. ئێراق حاکم بوون : بەدرخانی ، لە شاربازێڕ. وە بۆداقی لە قەراخ( زەردیاوا) . ل: ١٤٦. ئاشکراشە لە سەردەمی خان ئەحمەد خانی/١ دا: ١٦١٦- ١٦٣٦ ز. دا کە سەردەمی باڵا دەستی ئەردەڵانە ، زیاتر لە ، نیوەی ئێراقی داگیرکردووە ، بە بەغداو ئامێدی و موکریانەوە ، خۆ بەسەر شاربازێڕ و سلێمانیدا ، باز نەدراوە . وە دەشکەونە نێوان ئەم سەردەمی دووهەمە و ئەو دوو ئەردەڵانییە وەوە. بۆیە لای بابان سەردەمێکی کپ و نا ڕۆشنە ، بووەتە هۆی پچڕانی سەجەرەکەش. هەروەك چۆن پاشایانی بابانیش لە ئەردەڵان والی بوون. لە: ١٧٢٠-١٧٣٠زیاتر، ل:١٩٥. تێکەڵە بوونێک هەیە.( * ) ....... : نیشانەیە بۆ پچڕانی سەجەرەکە.

١٠- ١٥٥١- ١٥٥٤ س. ف. میر سلێمانی/١ هەم.
١١- ١٥٥٤- ١٥٥٩ س. ف. میر حسەین کوڕی میر سلێمانی. ٢ هەم.

...............................................

*!!! ، ئەردەڵانـی ، سـنـە : {سەردەمی کپبوونەوەی بابان ، ل١٨٢/ ١٣}.*
*١٢- ١٥٧٨- ١٥٩٠ س. ف. تەیمورخانی ئەردەڵانی لە سنە ، کوڕی سوڵتان عەلی/١ م. **
*١٣- ١٦١٦-١٦٣٧ س. ف. خان ئەحمەد خانی/١ می، ئەردەڵانی لە سنە ، کوڕی هەڵۆ خان.*

...............................................

١٤- ١٦٤٠- ١٦٦٣ س . ف . فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە کوڕی بوداغ ( ق) بەگ.
١٥ - ١٦٣٣- ١٧٠٤ س. ف. بابا سلێمانی/٤ ەم ، کوڕی فەقێ ئەحمەد.
١٦- ١٧٠٤- ١٧١٥ س. ف. بەکر پاشا ، سوور، کوڕی فەقێ ئەحمەد. حاکمیشی کردووە.
١٧- ١٧١٥- ١٧١٧ س. ف. خانە پاشا کوڕی محەممەد پاشای/١ ـەم ، کە برای فەقێیە.
١٨- ١٧٣٢- ١٧٤٣ س. ف. خالید پاشای/١ ـەم. کوڕی تەیموڕ بەگ کوڕی فەقێ.
١٩- ١٧٤٣-١٧٤٧ س. ف. سەلیم پاشای/١ ـەم. کوڕی بەکربەک.
٢٠- ١٧٤٧- ١٧٦٣ س. ف. سلێمان پاشای/٥ ـەم ، کوڕی خالید پاشای/١ ـەم.
٢١- ١٧٥١-١٧٥٧ س. ف. محەممەد پاشای/٢ یەم ، کوڕی خانە پاشا.
٢٢- ١٧٥٧-١٧٦١ س. ف. ئەحمەد پاشای/١ ـەم ، کوڕی خالید پاشای/١ ـەم.
٢٣- ١٧٧٩- ١٧٨٢ س. ف. مەحموود پاشای/١ ـەم ، کوڕی خالید پاشای/١ ـەم. **
٢٤- ١٧٨٣- ١٧٨٩ س. ف. ئیبراهیم پاشای/١ ـەم، کوڕی ئەحمەد پاشای/١ ـەم. ٢٢٦
٢٥- ١٧٨٩- ١٨١٣ س. ف. ئەوڕەحمان پاشا کوڕی مەحموود پاشای/١ ـەم. ٢٢٧

٢٦-١٧٩٧- ١٧٩٨ س. ف. ئیبراهیم پاشای/٢ یەم، کوڕی مەحموود پاشای/١ ـەم.
٢٧-١٨١٣-١٨١٧ س. ف. مەحمووود پاشای/٢ یەم، کوڕی ئەوڕەحمان پاشا. ٢٢٨
٢٨- ١٨٢٣-١٨٣١ س. ف. سلێمان پاشای/٧ ـەم، کوڕی ئەوڕەحمان پاشا.
٢٩- ١٨٢٨- ١٨٣٤ س. ف. سەلیم پاشای/٣ یەم، کوڕی ئەوڕەحمان پاشا.
٣٠- ١٨٣٤-١٨٤٧ س. ف. ئەحمەد پاشای/٣ یەم، کوڕی سلێمان پاشای/٧ ـەم.
٣١- ١٨٤٧- ١٨٥١ س. ف. عەبدووڵا بەگی قایمقام، کوڕی سلێمان پاشای/٧ ـەم.
دووایەمین پاشا، کۆتایی بابان.

---

*- بۆ تەیمور و خان ئەردەڵانی کوڕی سوڵتان عەلی. یەکەم ل: ١٨٢ - ١٨٥.
٢٢٦ – ناوبراو پێنج جاری پچڕ پچڕ حوکمی کردووە.
٢٢٧- ناوبراو لە ١٨٣٣ وە ١٨٤١ ز. شدا ، حوکمی کردووە.
** : مەحمود پاشای/١ ژمارە ٢٣ ، کوڕی خالید پاشای/١ ، قەڵای مەڵکەندی لە سلێمانی ئەمڕۆدا دروستکردووە. بەڵام ئیبراهیم پاشای/١ ـەم ، واتە ، برازاکەی بە دروستکەر کراوە!.
٢٢٨ - لە پەراوی میرایەتی باباندا، س. ك. ژ.١٤، ل: ٣٦ بۆداق کوڕی ڕۆستەم ناوێك هاتووە. بەڵام براکەشی هەر ناوی بۆداقە ! ناو گرتنەوە باوی زەمانە بووە ، بۆیە لای بابان ٧ سلێمان هەیە.

**ب / ٥ / ٤ - بـۆداق نـاوەکـان :**

بە سەیری سەجەرەی بابانی سەرەوە ، نـاوی سـێ بـۆداق هاتووە.
لە ل: ١٨٥ بۆداقێکی تـری ئەردەڵانیش هەیە ، کوڕی تەیمورخان. ئەمە چوار ، کەسی جیاواز. ڕەحمەتی ئەمین زەکی باسی بۆداقێکی بەم جۆرە بۆ کردووین:
( لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوی دا ، ١٥٧٨- ١٦٢٩ز. بۆداق بەگ سەرلەشکری سوپاکەی بووە. لە دوابیدا پلەی میری میرانی پێدراوە ، ٥٢ کوڕی هەبووە ! هاوسەردەم بووە لەگەڵ شەرەفخانی بتلیسی دا). ٢٢٩

بۆداقەکەی ئەردەڵان کوڕی تەیموری ئەردەڵانی سەرەوە: ١٥٧٨- ١٥٩٠ ز. بە سەردەمی دا ، بیر بۆی دەچێت ئەم بێت ، کەلە زەردیاوا ( قەراخ ) لە سەردەمی باوکی دا ، حاکم بووە.
وە باوکیشی کەسێکی مزیر بووە. دەبێت ئەم هەموو سلێمان و بۆداقانە ، کە زۆریان کاربەدەست بوون ، بۆ باسیان کوێر بووبێتەوە ؟ یا هەیەو بۆیان کوژاندووینەتەوە.

با بیبڕمەوە و بەجێی بێڵم بۆ مێژوو نووسانی هەرێمی کوردوستانی ئێراق ، کەلەم کاتەدا ، ئازادن و خاوەنی کتێبخانە و وەختن.

---

٢٢٩- ئەمین زەکی . س. ع. ژ.٤ ل:٤٢٩.

## ب / ٥ / ٥ – سەجەرەیەکی میر یا پاشایانی بابان : ١٤٩٨- ١٨٥١ز.

١ –میر ئەبدال ١٤٩٨- ١٥٠٣ز. دامەزرێنەر. { م : میر. پ : پاشا }.

م. بۆداقی/١. م. ڕۆستەم/١ ← بۆداقی/٢.

.......................

بەیرام ← م. نەزەر.

........................

٢- م. ئیبراهیم

م. حاجی شێخ میرە م. سلێمانی/١

م. حاجی شێخ ← م. بۆداقی/٣

.......................

م. سلێمانی/٢

م. حسەین ڕۆستەمی/٢ محەممەدی/١ سلێمانی/٣

سلێمانی/٣ ← خدربەگ

........................

بوداغ (ق) بەگ ← ٣- فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ، ١٥٩١- ١٦٦٣ز.

٤- *محەممەد پاشا/١ . پاشا: پ*

خان بەدەخ* بابا سلێمانی/٤ بەکرە سوور./پ. ٥- تەیمور بەگ

* - وەک لە سەرەوە ، پشدەری و بەدەخی هەیە ، لە لقەکانی هۆزی جافدا ، ل: ١١١ب/٣/٤ وە ژ. ١٤ لەوێش هەن ، بنەچەی فەقێی : لە هۆزی نوورەدینە ، سەیری هێڵکاری ل ١٩٩ی ژێرنووسەکە.

٤- محەممەدپاشا/١

٦- خانە پاشا. *

محەممەد پ./٢ — عەلی خان

٥- تەیمور بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەد.

خالید پ./١ — سلێمان پ./٥ — ئەحمەدپ./١ — محەممەدبەگ/١ ** — عومەربەگ

مەحمودپ/١ — عەلی بەگ

بەکرە سوور. پ. کوڕی فەقێ ئەحمەد ← سەلیم پ./١

ئەحمەد پ./١. کوڕی تەیموربەگ ل ١٩٧:

٧- ئیبراهیم پ./١ — ٨- خالید پ./٢ — سلێمان بەگی/٦ — عەبدولعەزیزبەگ

.......................................

٩- مەحمود پ./١. کوڕی تەیمور بەگ

عەبدولعەزیز ب/٢ — ئەحمەدب/١ — عەبدولا ب/١ — سەلیم ب/٢ — عومەر ب

عوسمان ب./1

١٠- ئەوڕەحمان پ. — ئیبراهیم پ/٢

٧- ئیبراهیم پ./١ کوڕی ئەحمەد پاشای/١

قادر پ. — مەجید پ. — جەمیل

---

*باوکی خانە پاشا کێیە ؟ل ٢٠١.

** ئەم محەممەد بەگی/ ١ . بەگە ، پاشا ، نییە. بۆیە نەکراوە بە ژمارە سێیەم ، تا سەر تێک نەدات. هەرچەند دووانی تری لە پێشیەوەن ، چونکی پاشایی دیارنەبووە ، پێدەچێ حاکمی کردبێت.

٨- خالید پ.٢/ کوڕی ئەحمەد پ.١/

عەبدوڵا بەگ

محەممەد،ب/٢

عەبدوڵا ب/٢ کوڕی خالید پ.٢/

ڕەشید

جەمال

٩- ئەوڕەحمان پ. کوڕی مەحمود پ.١/

عەزیز ب

حەسەن ب

عوسمان ب/٢

مەحمود پ.٢/

١٠- سلێمان پ.٧/

سەلیم پ.٣/

ئەحمەد. پ/٣

عەبدوڵا ب.٣/ قایمقام
١٨٥١ز.کۆتایی بابان

---

سەر بە ژێرنووسی ل ١٩٧ ــە : فەقێ لە سەرچاوەوە پشدەرییە ، هۆزی نوورەدینە ،

هێڵکارییەك بۆ پـشـدەریی:


ئاغا

ڕەعیەت

نـوورەدینـی

مەرگەیی

جافەتی




نەخشەی دوو میرنشین لە باڵا دەستی دا: ١- بابان، ١٤٩٨- ١٨٥١ز. . ...... : سنووریان.
٢- سۆران، ١٦١٩- ١٨٣٤ز.

نـەخشـەی دوو مـیر یـا پـاشا نـشـینـی : بـابـان و سۆران.

**ب / ٥ / ٦- سەرەداوی مێژوویی بابان** :
١- ١٩١٨ز. زەینی پاشای بابان ، کە لە حیجازی عەرەبستانی سعودی والییەتی کردووە، لەگەڵ سورەیا بەدرخان ، کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیان ، دامەزراندووە.

٢- ١٨٤٧ز. ڕوودانی شەڕی ڕۆژاوای شاری کۆیە ، لە نێوان ئەحمەد پاشای/٣ ی بابان و نەجیب پاشای والی عوسمانیدا ، چیرۆکی ئازایی فەرماندەی کورد ، مامەیارە ، لەم شەڕەوە سەری هەڵداوە.

*قەڵاچوالان: سلێمانی ١٩٧٤ز. هـ.ب.*

| | |
|---|---|
| سەیری نۆکەری ، هەندێ مەلامان | بە دڵ هی دوژمن ، بە دەم هی بابان |
| دەیانووت کفرە ، تەڵاق دەکەوێ ! | ڕێیدەن عوسمانی ، بۆ قەڵاچوالان |
| + | + |
| بێ یەکێتی بوو ، هۆی لاوازیمان | بۆیەکان دوژمن ، دەوری دەسووڕا |
| دە شێر ببوایە ، وەك( مامەی یاران) | دوژمن بگیر بوو ، لە شارەزوورا * |

----------


٣- جێگۆڕکێکردنی زووزووی عوسمانی بە پاشایانی بابان ، نەیهێشتووە بابانییەکان بیانپەرژێتە سەر خۆ ئازادکردن ، بۆ وێنە : گۆڕینی جێی ئەم دوو برایە: ئیبراهیم پاشای/٢ وە ئەوڕەحمان پاشا. وە ئەحمەد پاشای/٣ لەگەڵ مامەی: مەحموود پاشای/٢
لە ئەنجامی ناکۆك بوونی دوو برادا ، کە یەکەم و دووەم ، دواهەمین ، پاشای باباندا، کە ئەحمەد پاشای/٣ و عەبدوڵای قایمقامە ، یەکەم بەرەو سنەی ئەردەڵان ڕادەکات ، بە یارمەتی ئەوان دێتەوە ، پەلاماری سلێمانی دەدات ، دەشکێت. ئەمجارە دەڕوات بۆ، خانەقای سەید تاهیری شەمزینی. یارمەتی نادرێت ، دەچێتەوە لای عوسمانی ، دەیکەنە والی حیجاز و یەمەن.

**ب / ٥ / ٧ – باسی ٣ لە پاشایانی بابان**:
( ئـ- خانە پاشا.                ب- سلێمان پاشای/٥                پ- ئەوڕەحمان پاشا.)

**ئـ** – خانە پاشا ، ١٧١٥ - ١٧١٧ز. ل ١٧/١٩٥ کام لەم سیانە ؟ باوکی خانە پاشایە ؟
١- (باوکی ناوی بابا سلێمانە.) ٢٣٠ :
دەبێت سلێمانی/٤ ەم ، مەبەست بێت. لەو لاپەڕەیەدا ، تەیموری کوڕی فەقێ ئەحمەد ناوی نییە! وە فەقێ تاقانەیە ، ئەگەر ئەمە ، ڕایە ڕاستەکە بێت؟
ئەوە سەجەرەکەی من لە باباسلێمانی/٤ ەمەوە ، وای لێ دێت:


---

* – مامەی یاران: فەرماندە ، مامەیارە.
٢٣٠ - ئەدمۆنز، س. ع. ژ.٦ ل:٥٤ .




* ئەمەش هەیە  : بەڵام دڵنیا نیم ، کە بابا سلێمان کوڕێکی تری هەبێت ، بە ناوی ، فەرهاد.

٢- باوکی ناوی ( تەیمور بەگی کوڕی فەقێ ئەحمەدە ) ٢٣١ :
باباسلێمانی/٤ کەلە خاڵی/١ ـەمدا ، ٣ کوڕی هەیە ، لێرە: وەجاخ کوێرە!.




٣- ( باوکی ناوی محەمەدە ، ئەمیش لە کوڕە مامەکانی سلێمان پاشایە). ٢٣٢
واتە ئەوەی سەجەرەکەیە. هەرچەند باوکی خانە و کوڕی دووەمیشی هەمان ناوە. بەڵام ناوگرتنەوە لای کوردان باوبووە. بابان ٧ سلێمانی تیایە. مادام ئەمین زەکی ڕەحمەتی خەڵکی سلێمانییە ، مێژوو نووسیشە. ئەفسەرییش بووە ، گەڕاویشە ، حوکمە ڕاست بێت. بۆیە  منیش ئەمەم هەڵبژاردووە. ئەم حاڵەتی سێیەمە،فەقێ برازای خانەپاشایە ، بەڵام سەردەمی لە دواوەیە ، لە حاڵەتی یەکەم فەقێ تاقانەیە ، لێرە برایەکی هەیە. لە پێشەوە هێڵکارییەکەی کراوە ، بۆیە لێرەدا بۆم نەکردووەتەوە.

ئەگەر هێڵکاری دوو حاڵەتە پێشوەکە. ٢+٣ یەکێکیان ڕاست بوو ؟ دەخرێتە جێی یەکەمیان.
لە ل: ١٩٥ /١٧ دا، دیارە خانە پاشا لە ١٧١٥ - ١٧١٧ز. لە بابان پاشا بووە. وە لە ل: ٢٥/١٨٣ دا: لە سنەی ئەردەڵانیش والییە ، لە ١٧٢٠- ١٧٢٤ز. یانی  فەرمانڕەواییەکەی هەمووی ٦ ساڵە . لە ساڵی چونیدا بۆ ئەردەڵان مامۆستا مەردۆخ وامان بۆ دەگێڕێتەوە:
*/ " لە دووەم ساڵی فەرمانڕەوایی ، عەلیقولی خانی ئەردەڵاندا، کە هەمووی سێ ساڵ فەرمانڕەوا بووە. نەخۆشی تاعون  ٨٠ هەزار کەس لە سنە و دەور و بەریدا لەناودەبات.

---

٢٣١- مەردۆخ ، س. ف. ژ.١ ل:١١٨.
٢٣٢- ئەمین زەکی ، مێژووی سلێمانی ، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا ١٩٣٩ز. ل:٥٥ ، ئەدمۆنز ئەمەی نووسیوە ، بەڵام یەکەمیانی پێ پەسەندە. ل. : ٤١٧: ١٧١٧- ١٧٢٠ز.  بابان لە ژێر ڕکێفی یەکسەری عوسمانیدا بووە.

نەك هەر شاری سنەی والینشین ، لە ناوەندیش دا ، پاشاگەردانی دادەکەوێت ، ئەفغانی و ئۆزبەگ سەردەکەنە ئێران. هەندێك لە ناسراوانی سنە ، وەک حسەین بەگ و دەروێش بەگ دەعوەتی خانە پاشا ئەکەن ، تا ببێتە فەرمانڕەوایان. ئەویش بە لەشکرێکەوە دێت ، خەڵکی شار دەچن بە پیریەوە ، *هەر بە ئاشتی دێتە ناو سنەوە*." ٢٣٣ یانی شەڕ ڕوووینەداوە. سەیری ڕستەی کۆتایی گێڕانەوەکە بکە: بە ئاشتی ... بۆنی داگیرکردنی لێ دێت. کە دەعوەت کرابێت؟ ئەو ڕستەیە زیادەیە.

*( پێنج میری بابان ، بە شەڕ ، یا ، بە زەبری بەرتیل و پێشکەشی ، فەرمانی حکومەتی ناوچەی ئەردەڵانیان ، لە شاهانی ئێران وەرگرتووە). ٢٣٤

* ( خانە پاشا لە ١٧٢٦ز. بۆ ڕەزامەندی دەوڵەتی عوسمانی ، مەریوان و سنە و هەورامانی داگیرکرد ) ئەمیش: بە شەڕە. ٢٣٥

* لە ل: ٢٦/١٨٣ ، شدا زانیمان ، عەلی خانی کوڕی خانە پاشا ، لە ١٧٢٤- ١٧٣٠ز. پاشا ، یا والی ، ئەردەڵان بووە.

لێکۆڵینەوەیەکی نووسەر لەسەر ڕاکانی چوار ئەستێرەی پێشوو ، بە شەڕ یا ئاشتی؟:
١ - خانە پاشاو کوڕەکەی ١٠ ساڵ فەرمانڕەوای ئەردەڵان بوون. ١٧٢٠- ١٧٣٠ز. ئەدی چما خانە لە ١٧٢٦ز. پەلاماری سنە دەدات ، کە کوڕەکەی خۆی لەوێ حاکمە؟! وە یانی ئەستێرەی یەکەم وا نییە: بە ئاشتی نەبووە و شەڕ ڕوویداوە. وە بەرتیل نەدراوە.

٢- ئەستیرەی/٣ یەم: دەربارەی ساڵی دەگیرکردنەکە ، ١٧٢٦:( کە نادر شا نیازی داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئێران دەکات ، عەلی خان دەگەڕێتەوە بابان..)هەر٢٣٣ . بۆ ئەو داگیرکردنەی شایە ، ئەم بەرواره هەیە : ١٧٢٠ز. یانی ڕاکەی منیش لە ل: ١٨٣دا ڕیزی٢٥ و ٢٦ ، ئەوەی عەلی خان ، بە هەڵە دەردەچێت.
ئەم پرسیارانەش دەکەم: داگیرکردنی سنە لە لایەن نادر شاوە ، ١٧٢٦ز. بووە؟ یا ١٧٣٠ز. یە. شا ، لە ١٧٤٧ز. مردووە. بە ١٧٣٠ز. سەجەرەکەو حوکمی باوك و کوڕەی بابانی ، لە ئەردەڵان ، ڕاست دەردەچن . ئەگەر داگیرکردنەکەی١٧٢٦ز. ڕاست بێت ؟ ئەوە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەلی خان لە ئەردەڵان ، کە وتم بە هەڵە دەردەچێت ، لە جیاتی ١٧٢٤-١٧٣٠ ز. دەبێت بە ٢ ساڵ فەرمانڕەوایی : ١٧٢٤- ١٧٢٦ ز.
٣ – ئەوسا کە تاعون دادەکەوت ، خەڵکی ڕەوی دەکرد ، بۆ خۆپاراستن لە تیاچوون. کەچی خانە پاشا هاتووە بۆ سنە بۆ ناو تاعونەکە !.

---

٢٣٣ – مەردۆخ ، س. ف. ژ.١ ل: ١١٨،١١٩. عەلیقولی خان: ١٧١٧-١٧٢٠ز. ل:١٤٣.
٢٣٤ - ئەنوەری سوڵتانی ، س. ك. ژ. ١٥ ل:٢٦.
٢٣٥ - نەوشیرەوان ، س. ك. ژ. ١٤ ل:٥٨. ئەم سەرچاوەیەش ئەم ڕایە بەهێزدەکات.( زبدة التواريخ ، سنندجی ، بە کوشش محمد توکلی. بە بۆچوونی من ، ئەم ساڵەیە: ١٧٢٠ز. یە ، نەك ١٧٢٦ز. ییە.

**ب/** سلێمان پاشای پێنجەم ، کوڕی خالید پاشای یەکەم ١٧٤٧- ١٧٦٣ز.
( لە سەردەمی ئەم دا ، والی عوسمانی لە بەغدا ، هەر ناوی سلێمان پاشایە. لەگەڵ پاشای بابان ، سەلیم لە پاشای لادەبەن. سلێمان پاشای/٥ دەخەنە جێگای. هەرچەند لەلایەن سەلیمی لابراو و محەممەد پاشای/٢ وەوە ، کوڕی خانەپاشا ، پەلامار دەدرا ، بەڵام توانی ١٥ ساڵێك فەرمانڕەوایی بکات. پاش مردنی پاشای عوسمانی ، هاتنی عومەر پاشا لە جێی ، نێوانی بابان و عوسمانی تێکدەچێت). ٢٣٦
سەرپێچی بابان ، لە نەدانی باج و خەراج ، لای عوسمانی تاوانە. بەڵام لە دیدەی پاشای کوردی خاك داگیرکراوەوە ، ناڕەزایی دەربڕینە ، تێکۆشانە بۆ خۆ ئازادکردن . لە ١٧٦٣ز. دا لای کفری دەشکێت ، دەڕوات بۆ ئەردەڵان ، دەیکەنە والی. (بە پێی : س. ف. ژ. ١٧ل:٨٩٣ سێ هەزار تمەن بەرتیلی داوە ، بە کەریم خان ، جا فەرمانڕەواییەکە کراوە بە ناوی بابانەوە). لە هەمان ساڵدا ، پاشای عوسمانی بانگی دەکاتەوە و دەچێتەوە جێی خۆی. لەسەردەمی ئەمدا ، ناوچەی جوگرافی بابان لەسەرەوە کۆیە و ڕانیە ، لە خواریشەوە زەهاو بووە. لە ١٧٦٤/١٧٦٥ز. لە شارەزوور دەکوژرێت.

**پ** – ئەوڕەحمان پاشا ، کوڕی مەحموود پاشای/١ ـەم. ١٧٨٩-١٨١٣ز.
لە سەردەمی ئەم دا کاروباری وڵات ، بە ڕێکی بە ڕێوەچووە.٦ کوڕی هەبووە. سیانیان پاشاییان کردووە. بەم سەردەمانە: ١- مەحموود پاشای/٢ هەم ،١٨١٣-١٨١٧ز.
٢- سلێمان پاشای/ ٧ . ٣- سەلیم پاشای/٣ یەم ١٨٢٨-١٨٣٤ ز. ئەم پاشایە وەک ، سلێمان پاشای/٥ ـەم ، کاتی فەرمانڕەواییان ، پچڕپچڕە. وە هەر یەکی زیاتر لە ٣ جارە. لەبەرئەوە دەبێت چەند بەرواریان هەبێت. لەسەردەمی ئەم والییەدا ، بابان لە ئەوپەری باڵادەستیدا بووە. نەخشەی ل: ٢٠٠.
( ئەم و براکەشی کە ئیبراهیم پاشای/٢ هەمە ، لە ١٨٠١ز. دا لە لایەن پاشای عوسمانییەوە دەگیرێن و ڕەوانەی بەندیخانەی حللەیان دەکەن). ٢٣٧ لە ١٨٠٥ز. دا عەلی پاشای والی بەغدا ، سلێمانی داگیردەکات. ئەورەحمان پەنا دەبات بۆ ئەردەڵان ، بە یارمەتی ئەوان دێتەوە ، شار داگیردەکاتەوە.
ئەم پاشایە زیاتر لەوان ،خولیای سەربەخۆیی بووە ، ماوەیەکیش بە ئازادی پاراستویە.

کۆتایی پاشا نشینی بابان:
پاش کۆتایی سەردەمی ئەحمەد پاشای/٣ یەم ، کوڕی سلێمان پاشای/٧ ـەم ،١٨٣٤-١٨٤٧ براکەی کە عەبدوڵابەگی/٣ یەمە ناسراو بە قایمقام ، ١٨٤٧-١٨٥١ز. فەرمان دەگرێتە دەست. لە ساڵی ١٨٥١ز.دا ، لیوا ئیسماعیل پاشای عوسمانی ، بە دەسەڵاتی بابان کۆتایی دێنێت. کە ٣٥٣ ساڵی خایاند. بەم جۆرە نوێترین و دواهەمینترین پاشانشین کۆتایی هات ، بە میرنشینە کوردیەکانی تریشەوە، لە ك. ئێراق و تورکیادا، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی

---

٢٣٦ - ئەمین زەکی، س.ع. ژ. ٥ ل. ٤١٩.     ٢٣٧- نەوشیرەوان ، س.ك. ژ. ١٤ ل:١١٣.

ڕاستەوخۆی عوسمانییەوە ، هەرچەندە لەم ساڵانەدا ناوی پیاوە نەخۆشەکەی لێ نرابوو.

کۆتایی : ی / ١ ، **ب / ٥ /**
یەکەی یەکەم : **بەشی پێنجەم** ، مێژوو. پاشا نشینی بابان.
لە ٦ سەرباس دا . ل ١٩١ - ٢٠٥ ، ناوەرۆکەکەشی: لە ل ١٩١ دا ، یە

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

**ی / ١ ،ب / ٦ / ١ - دەشت و شاری شارەزوور:**

{ ١ – دەشت و شاری شارەزوور.
٢- سەردەمی نوح پێغەمبەرو تۆفانەکە.
٣- نازناوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری.
٤- هەر مزگەری ؟ کەی سەروەری؟ }.

ی/١ ، ب/ ٦ / **ئـ /** دەشتی شارەزوور: نەخشەی ل: ٢٣٥
/ دەشتی شارەزوور: بەو دەشتە لاکێشەییە دەوترێت ، کە ، لە هەرێمی کوردستانی ئێراقدایە. لە خوارویەوە: بەرزاییەکانی هەورامان ، دێیەکانی خارگێڵان ، عەنەب ، عەبابەیلێ ، حەسەن ئاوا ،سەراو سەر ڕوباری سیروان.
لە سەرویەوە: دەربەندی بازیان ، بەردەقارەمان ، تا دەداتەوە لە شاخی پیرەمەگروون.

لە ڕۆژهەڵاتەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە:
شاخەکانی هەورامان ، سورێن ، گۆیژە تا دەچێتە ڕێکی پیرەمەگرون .
لە ڕۆژئاواوە: لە خوارەوە بۆ سەرەوەی ، شاخی باڵانبۆی ڕۆژئاوای هەڵەبجە ، زمناکۆ ، بەنداوی دەربەنیخان ، ز. ش. بەرانان ، گڵەزەردە ، هەزارمێرد ، تا دەگاتەوە دەربەندی بازیان. لە ناو ناوچەی شاخاوی ، کوردستانی ئێراقدا، سیان لەم جۆرە دەشتانە هەن. بە ناوەکانی: ڕانیە ، سندی ، شارەزوور. درێژی د. شارەزوور ١٥٠ کم.زیاترە و پانی لە ١٠ – ٣٥ کم. دەبێت. ئەگەرتەنها ئەمەیان ، بە ڕێگەیەکی پێشکەوتوو ، بەکاربهێنرێت؟ پێویستی ك. ئێراق لە بەرهەمی کشتوکاڵی بەرهەم دەهێنرێت.
پاش تەواوبوونی بەنداوی دەربەندیخان ، لە سەر ڕوباری سیروان لە بەهاری ١٩٦١ز. دا وە دروستبوونی دەریاچەیەکی گەورەی ئاوی پەنگخواردووەوە ،لە بەشی خواروی دەشتی ناوبراودا ، کە دروستدەبێت لە ئەنجامی گلدانەوەی ئاوی زیادەی زستان. ئەو دەشتەی ئاودارتر و ئاو و هەوای خۆشترکردووە . لەناو ئەم دەشتەدا گەلێك شار و دێی تێدا ئاوەدان کراوەتەوە ، وەکو: هەڵەبجە ، خورماڵ ( گوڵعەنبەر) ، سەیسایەق ، زەڕایەن ، عەربەت ، سلێمانی ، بەکرەجۆ ، تا دەربەنی بازیان.

ی/١ ، ب/ ٦ / **ب /** <u>شــاری شــارەزوور</u> = نــیــوەی ڕێ : نەخشەی ل: ٢٣٥.

(ئەم شارە ، نێوەی ڕێشیان پێ وتووە. * لە نێوان مەداین= خواروی ڕۆژهەڵاتی بەغداو ، پەرستگەی زەردەشتی شیز ، لە خواروی دەریاچەی ورمێدا). ٢٣٨ کە خواروی ئەم دەریاچەیە ، ناوچەی هاتنە دنیای زەردەشت پەیام هێنە. ل:٣٨٢
شوێنی جوگرافی شاری شارەزووری دێرین ، لە دیوی ڕۆژئاوای ، زنجیرە شاخی زاگرۆسە ، کەلێرەدا وەك دیوارێك ، لەسەر تەختایی ، دەشتی شارەزوور دانرابێت وایە. بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوورە. شارێکی لاکێشەیی بووە لە خورماڵی ئەمڕۆوە ، گوڵعەنبەر ی ئەمڕۆوە، کە لای خواروی بووە. بۆ دێی نەوێی ئەمڕۆ ، کە لای سەروی بووە. ئەم جێگایە لە کۆن دا ، گرنگ بووە ، سنوورێکی قایمی ، بەرزی هەیە ، لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە = کە ئێرانە ، ز. ش زاگرۆس وەک دیوارێکی ٢٤٠٠ م. بەرز دەیپارێزێت. لە هاتنی لەشکر لەوێوە. لەوانەیە لە هۆیە گرنگەکان بێت ، وا ئەژدەهاك و کوڕەکەی ، دوا زنجیرە دەسەڵاتی ، شادەوڵەتی مادیان لەوێدا دامەزراندوەتەوە.ل: ١٠- ١١. لە لای ڕۆژئاوایەوە ، ز. ش. باڵانبۆ ، زمناکۆ خواروی بەرانانە.

دروستکردن و ناوی شــاری شــارەزوور:
١– (زوور کوڕی ئەژدەهاك ، دروستیکردووە.) ٢٣٩ باوکی زوور کە هەمەدانی بەجێ هێشت ، هاتە دیوی ڕۆژئاوای شاخی زەبەلاحی هەورامان و سورێن = زاگرۆس. جێگایەکی قایمی سروشتی دوور لە هەمەدانی دۆزیوەتەوەو ، دەشتی شارەزووریش لە بنیدا ڕاخراوە ، مەرقەدێکی زەردەشتیش لێرەدا هەیە. ٢٤٠
خۆی لە هەمەدان پچڕاند. لە ٥٥٩ پ. ز. دا زنجیرە دەسەڵاتی/٤ ەمی مادی دامەزراندەوە. ل:١١ پێدەچێت لە کۆتایی ژیانیدا ، بووبێت و مردبێت ، وا دروستکردنی شارەکە ، بە ناوی باوکەوە نیە و کوڕەکەیەتی. دەکرێت بڵێین لەسەردەمی زووردا، کۆشك و سەرای زۆر دروستکراوە ، پەرەی سەندووە. شاری زووری ، کوڕی ئەژدەهاك. شاری زوور بووە بە شارەزوور.
٢- ( ئەم دەشتە جێگایەکی ، چڕی پڕ دانیشتوان بووە. شاری زۆری تێدا هەڵکەوتووە ، ١٥٠ شار و دێو نۆ هەزار دانیشتووی هەبووە. لای ئەم ، شاری زۆرە بووە بە شارەزوور.) ٢٤١

---

* - جێگای مەنزڵگرتن یا کاروان سەرای کاروان چییان.
٢٣٨- ئەبودەلەف و مسعر بن مهلهل ، نیشانەیان پێکردووە. سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ.١٧ ل:٢١ .
مەدائین ، سەلمانپاك: پایتەختی پێشەوەی ساسانییەکانە. لە پاڵ شاری بەغدای ئەمڕۆدا بووە.
پەرستگەیەك هەر بەناوی شیز ، لە نزیك شاری سەقزی ئەمڕۆدا هەبووە. ئەمەیان نزیکە بە دەشتی شارەزوور، بە نیوەڕێی ئێرە دەبێت. بۆ نیوەی بەغدا ورمێ دوورە.
٢٣٩– د. بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل:١١٤. وە یاقوت ب/٣ معجم البلدان ل: ٣٧٥. بڵێین ئەژدەهاکی یا زوحاکی/١ ـەم ، ڕاسترە ، تا لەیەکیان کەینەوە ، لەگەڵ ئەژدەهاکەکانی تردا. لە ل: ٤٣١ زیاتر هەیە لەسەر ئەژدەهاك= زوحاکی/١ ـەم.
٢٤٠- سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ.١٧ ل:٢٦. ٢٤١- سەرچاوەی ژ/ ٢٣٩ ، ل ٤٤.

٣- ( قوبادی کوڕی فەیرۆزی ساسانی دروستیکردوو. ئەم ناوە لای نوسەری ئێرانی هەر بە بابا ئەردەڵانی ، دامەزرێنەری والینشینی سنەی ئەردەڵانی ، دەزانن) !. ٢٤٢

بۆچوونم دەربارەی خاڵی.٣ یەمی سەرەوە:

لە ل: ١٧٩ وە بە بە درێژی باسی والینشینی ئەردەڵان کراوە ، دامەزراندنی ئەردەڵان لە ١١٦٠ زاینیە ، یانی سەردەمی قوبادو ناوەکانی ، چی دەیباتەوە بۆ ٥٥٩ پێش زایین تا شارێك لەو سەردەمەدا دروستکراوە ، ئەم دروستی بکاتەوە؟!. ئەگەر بووترایە: شاری شارەزووری ، گوڵعەنبەری دێرینی ، وێرانبووی ، سەرلەنوێ دروستکردەوە. باشتر دەبوو ، ئەم دەبوو بە دووهەم. کلۆدیوس ریجی بەریتانیش لە ١٨٢٠ز. کە سەری کوردستانی داوە ، باسی شوێنەواری ئەم شارەی کردووە. یانی تازەترە لە ٥٥٩ پ. ز. بۆیە شوێنەواری ماوە.

٤ - قانعی شاعیر ، ماوەیەکی لێرەداژیاوە ، ئاشی ئاویی هەبووە. لە دێی ڕێشینی نێوان خورماڵ و نەوێ دا ، کە دەبێت گەرەکێکی شاری شارەزوور بووبێت. ڕێك ناوەراستی جێگاکەی شاری شارەزوورە. وا بۆی باسکردووین:

لە( بەردەبەل) ، ڕوانیم ئاسارە — دیارە کە جێگەی ، یەك گەورە شارە
قەیسەری و بازاڕ، سەراو دوکانە — بنچینەی خانوو ، هەروا عەیانە
ئەمجا پایتەختی، هێنا شارەزوور — شاری دروستکرد،بە نەوێ مەشهور
( نەوێ و بەردەبەل، هەتاکو خورمار) — ئەم دەشتە گەورەی ، هەموو کرد بە شار٢٤٣

٥- نالی هۆنەر، لە ئاوارەبوونیا ، وە لە کاتی حەج کردنیشی دا ، شاری شارەزووری بیرکەوتوەتەوە! قەتارە هۆنراوەیەکی بەرزی ، بۆ سالمی هاوڕێی لە سلێمانی ناردووە. سەرەتاکەی دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ، ئەی بایی خۆش مروور
وەی پەیکی شارەزا ، بە هەموو شاری شارەزوور

---

٢٤٢ - د. بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل:٤٤.

٢٤٣ - بەردەبەل: ناوی دێیە ، لەگەڵ چەند دێی ترە ، ئەمڕۆ لە جێگەی گەڕەکەکانی شارن. خورمار: خورماڵ. لەبەر سەروای شار ، وایلێکراوە. عەبدولڕەقیب یوسف ، شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن، هەرێمی کوردستانی ئێراق ،١٩٩٤ز. بە یارمەتی ڕێکخراوی مێدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە.

* ئەم ناوی قوبادی فیروزە ، بێجگە لەوەی پێشەوە ، بە سێ شێوە نووسراوە: قوباد کوڕی فیرزك. ل:٢١: فیروز کوڕی قوبادە. باوک و کوڕ جێیان گۆڕیوە. ل:١٠٢ مەردۆخ بە کوردی *__ناوی ڕاستەقینەی__* بابائەردەل= ب. ئەردەڵان: *فەیروزی کوڕی خەسرەوە. قوباد نەماوە ، خەسرەو زیادی کردووە* !. سەمەرەیە: ناوی ڕاستەقینە و درۆینە ناو ببرێت! ٤- وشەکانی نێو کەوانەکانی هۆنراوەکە ، دێی ئەمڕۆن ، لە جێگای شاری شارەزوور دان.
عەبدولڕەقیب یوسف ، شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن ، هەرێمی کوردستانی ئێراق ،١٩٩٤ز. بە یارمەتی ڕێکخراوی مێدیکۆی ئەڵمانی چاپکراوە.

٦- پیرەمێردیش لە هۆنراوەیەکی دا ، بە داخەوە دوو دێڕیم لەبەرماوە ، بە بەهەشت ناوی بردووە:

گەورەی هیچ قەومێك ، وەک گەورەی کوردان لە ڕێی وەتەندا ، نەبوون بە قوربان
لاوکی کوردی ، دەنگی زەبوورە جەنەتول مەئوا ، لە شارەزوورە

٧- وام بەرگوێ کەوتوە ، یارسانییەکان ، شارەزوور بە شوێنێکی پیرۆزی دەزانن ، وە لاشیان وایە ، حەشر و نەشر لەوێدا دەکرێت.

٨ - خۆم سالێك زیاتر ١٩٧٨ز. مامۆستای ، قوتابخانەی دێی قاینێجەی ، پالی دێی نەوێ بووم. خەلکی پیریان لە باوانیانەوە دەیانگێڕایەوە ، " لە خورمالەوە= گولعەنبەر بۆ نەوێ ، یەک شار بووە." ئەمەش گەورەیی پیشان دەدات.

وێرانبوون و کارەسات:
١ - ٦٢٨/٦٢٧ ز. لە سەردەمی هەرقلی ڕۆم دا ، تالان دەکرێت و دەسوتێنرێت.
٢- ١٠٩٨ ز. لە شالاوی مەغۆلی دا ، وێرانکراوە.
٣- ١٢١٧ز. بوومەلەرزەیەك ئەم شارە وێراندەکات. خالکەکەی ئەوەی دەمێنێت ، بلاوەیان لێکردووە. هەندێکیان بەرەو سوریە و میسر کۆچیان کردووە.
٤- ١٤٠١ز. ئەمیر تەیمور گورگانی ، داگیریدەکات و دەیسوتێنێت. *
٥- ١٥٣٨ز. لە سەردەمی سولتان سلێمانی قانونی عوسمانیدا ، داگیردەکرێت ، دەسوتێنرێت.
لەسەردەمی نوێشدا ، لە جێگەی ئەم شاری شارەزوورەدا چەند شارۆچکە و گوند دروستکراون ، وەکو: (نەوێ ، قاینێجە ، کانیئاسکان ،بەردەبەل ، ڕیشێن ، قەدەفەری ، شیرەمەڕ ، تا دەگاتەوە خورمال یا گولعەنبەر).

٦- ١٩٧٩/١٩٧٨ز. ڕژێمی ئێراق لە سەردەمی سەدام حسەین دا، ئەو دێیانەی بێجگە خورمال ، هەروەك ئەوانەی کوردستان وێرانی کردن و گواستنیەوە ، بۆ کۆمالگە زۆرە ملییەکان. بە ووتەیەکی ئیبن حەوقەل ، کۆتایی بە باسی شاری شارەزوور دێت:
" شاری شارەزوور بە دەستی کوردەکانەوە بووە ، بە بۆنەی خێر و بێر و هەرزانی و خۆشی ناوچەکەوە ، خەلکی ئێرەم لە ژیانێکی خۆشدا بینیوە".

---

* –سەردەمی ئەم گورگانیە ١٣٧٠- ١٤٠٥ز. یە. مێژوو نووس هەیە ، ئەمی بە تەیموری لەنگ زانیوە ( ١٣٩٤- ١٤٠١). ١٣٩٤ ،١٤٠١ز. لە و دوو سالەدا . دوو جار ش. شارەزوور داگیردەکات. ل ٣٠/٣٢ . بەروارەکان بۆی دەچێت ئەو دوو تەیمورە ، یەکێك بن.
بەلام جرجان و گورگان ناوی جیگایە ، لە ئێران هەیە ، ئەگەر لە ئەفگانستانیش نەبێت؟
ئەو تەیمورە خەلکی گورگانە . بەلام ت. لەنگ ، مەغۆلی مەنگۆلستانە . دەشکرێت دوو ناوی لەیەك نزیك ، لەیەك سەردەمدا هەبووبن.

## ی ۱/ ، ب/ ٦/ ٢ – سـەردەمـی نــوح پەیام هێن و تۆفانـەکـە:

بە پێی پەڕاوی تەوراتی پیرۆز: ( نـوح کوڕی لامەك ، کوڕی ئەخنوخە ، وە بە پێنج پشتی تر ، دەچێتەوە سەر ئادەم). هاتنەدنیای: لـە ۱۰٥٦ ساڵ ، دوای دروستبوونی ئادەمە. ئەم پێغەمبەرە لە کۆمەڵەی پێنج کەسە خاوەن وورەکانە( ئولول عەزم). لامەك باوکی نوح پێغەمبەر ، ۷۷۷ ساڵ ژیاوە. بە پێی قورئان ، نـوحیش ۹٥۰ ساڵ ژیاوە.

سەجەرەی نـوح و کـوڕی سێیەمی کە ( یافەت) ـە ، لـە ل: ۱۱ دا ( سەجەرەی کورد) ، باسیان کرابـوو. هـی دوو کوڕەکەی تری ، لە خوارەوە پیشان دراون:

سام ی کوڕی نوح پێغەمبەر

(عیلام ئەرام،ئارام ) ئەشور ئەرەفەکشاد وەلـود

حام ی کوڕی نوح پێغەمبەر

کوش میسرایم فوتو کەنعان

ئەم بیست کەسە ، کە بنەماڵەی نوح پێغەمبەریان دروستکردووە. ئەوانیش دەچنەوە سەر باوە گەورە ئادەم و دایەگەورە حەوا. ئەم حەشاماتەی سەرزەویە، لەوانە کەوتونەتەوە. بە پێی قورئان: ( کان الناس أمة واحدة.) بەقەرە،۲۱۳. خەڵکی یەك نەتەوە بوون، دەبێت یەك زمانیش بووبن؟ وە بە پێی: إناجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا). پاش ئەوە خەڵك زۆربووە، بوونەتە گەل و هۆز. *

### هـۆی ڕوودانــی تـۆفـانـەکـە؟

( خوا بـە نوح پێغەمبەری ڕاگەیاند: کاتی لەناوبردنی سەرزەوی هاتووە. زەوی لێوان لێوبووە لە ستەم و بووەتە مۆڵگای خراپەکردن. من تۆفان دەنێرمە سەرزەوی، هەر لاشەیەکی گیانی تێدابێت، دەمرێت. من ئەوانە و زەوی بە هەلاکەت دەبەم.
پاپۆڕێک دروستبکە لە دەرەوە و ناویەوە ، بە قیر سواقی بدە. ۳۰۰ باڵ درێژ و ٥۰ پان و ۳۰ باڵ بەرز بێت. سێ نهۆم بێت ، لەهەر باڵندەو ئاژەڵێك ، جووتێك لەگەڵ خۆت

*– پەکوو لەو حەلاماتەی ! لە بەرەی یەک داک و باب ، تەنها لە جیناتی دوو کەس ، ئەم بەشەرە سپییە بەفرین و ڕەشی قـەترانییە ، چۆن کەوتونەتەوە ؟! سەلماندووتە عالیمیت ، ئەی خاوەنی کون فەیەکون.

بەرە بە پێی گێڕانەوەی کەهەنوتی ، لە دەقی یەهویدا: ٧ جووت ، لە گیاندارە سوودبەخشەکان ، یەك جووت لە زیان بەخشەکان. لەگەڵ خۆت و ژنەکەت و کوڕەکانت و ژن و منداڵیان ، سواری کەشتیەکە بکە) .٢٤٤ ماڵی نوح و ٣ بووکی ، لەوەناچێت گەشتبنە ٢٠ کەس.

کەی تۆفانەکە ڕوویداوە؟
١ – ( لە کاتێکدا بووە: نوح پێغەمبەر لە تەمەنی ٦٠٠ساڵیدا بووە . ڕووداوەکەش لە ٢/١٧/ دا بووە). ٢٤٥
٢- لە سەدەی ٢١ یا ٢٢ ی پێش زایندا بووە. ٢١٠٠ پ. ز. ئەم کاتە پێش دەوڵەتی ناوەڕاستە لە میسر= پێش بنەماڵەی یازدەهەمە . لە بابلیش سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمە. هەر بە پێی دوو سەرچاوەکە ، تۆفانەکەش هەموو زەوی گرتووەتەوە.
( کە تۆفانەکە هەموو زەوی گرتبێتەوە ، ئەو دوو شارستانی ، بابلی و فیرعەونیە ، چۆن نەپچڕاوە ؟ تیانەچووە ؟ نووقم نەبووە ؟). ٢٤٦
٣- لە ١٧٢٤ پ. ز. ڕویداوە لە لای کامبرلیندی بەریتانی.
٤- ١٩٣٣/١٩٣٢ز. پ. ز. ڕویداوە.
٥- لە ١٦٥٦ پ. ز. ڕویداوە. ئەم ساڵە بە دروستبوونی ئادەمیشی دەزانن.
بە بۆ چوونی من بەرواری/٣ ، ١٧٢٤ پ. زاییینم پێ باشە ، بۆ ڕەخنەکەی موریس ، یش، ( لە ١٦٠٠پ. ز. دا، لە میسر کارەسات ڕوویداوە ، لافاویش و بوومەلەرزەش ، کۆشکی کیلۆپاترە لە شاری ئەسکەندەریەی بەندەردا ، نووقم کردووە.
لە ١٩٦٨ز. دا، لە دووری ٨ کم. لە لێواری دەریای ناوەڕاستەوە ، دۆزراوەتەوە.) ٢٤٧ بەم بۆچوونە دوو شارستانیەتەکان تیاچوون ، ئەوەی هەیە ؟ هەڵیداوەتەوە.

چۆنیەتی ڕووداوەکە؟
١ – ( ئاو ١٥ باڵ سەروی هەموو شاخەبەرزەکان کەوتوە) . لێرەدا هەموو ڕۆحدارێك تیاچووە. ٢- بە گێڕانەوەی یەهوی: ٤٠ شەو و ڕۆژ ، باران باریوە ، کانییەکانیش تەقیون.
٣- بە گێڕانەوەی کەهەنوتی: ١٥٠ ڕۆژ باران باریوە ، وە کانیەکانیش تەقیون.
نوح بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ناو کەشتییەکەدا ماوەتەو. لە ١٧- ٧- لەسەر شاخی ئارارات لەنگەری گرتووە). ٢٤٧ ئەو هەموو خواردنەیان لەکوێ بووە؟!.
٤- بەگێڕانەوەی قورئان:(دەروازەکانی ئاسمانمان ، لەگەڵ ئاوێکی بەخوڕدا کردەوە ، زەویشمان کرد بە کانیاو و ئاومان لێ هەڵقوڵاند ، ئەو دوو ئاوە ، تا ئەو جێگەی خوا بڕیاری لەسەردابوو ، گەشتنەیەك و بەرزبوونەوە).٢٤٨

٢٤٤ – ئینجیل و تەورات س. ع. ژ.٢ تەکوینی ١٠ ،ل:١٦ ٢٤٥- سەرچاوەی پێشی ، تەکوینی ٧، ل:١٢. ٢٤٦- موریس بوکای ، س. ع. ژ. ١٢ ل:٥٢ -٥٣. ٢٤٧ - ڕۆژنامەی بیلد ی ئەڵمانی ، ژمارە ٥٢ ، ساڵی ٤٧ هەمین. ل: ١٣. ٢٤٧- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی ، سەرچاوەی٢٤٥.
٢٤٨- قورئان ، سورەتی قەمەر./ ١١-١٣.

( واستوت على الجودى . = لە سەر جودی وەستایەوە) هود -٤٤-. بیستومە شاخێك بەم هەواڵە قورئانیە. لە نزیك شاری جزیرەی ك. تورکیادا هەیە. بەڵام ئەم جودیەی ئێرە ، زیاتر لە ٤٠ کم لە ئارارات دوورە ، ئەوەی ئینجیل و تەورات ڕاست دەرناچن.
ئەمەش هەیە: لوتکەیەکی ش. ئارارات ناوی جودییە. ئەگەر وابێت ؟ ئەوە هەرسێ کتێبە ئاسمانییەکە ، یەك جێگایان وتووە و ئاراراتە.

ئەگەر لە تورکیادا ، یەك جودی هەبێت و ئەوەی جزیرە بێت؟ وە ئارارات لوتکەی وای نەبووبێت ؟ ناوی شاخی ئارارات شکی لەسەر پەیدا دەبێت. بەڵام هەردوو شاخ ، هەر باکوری کوردستانە ، ئەمڕۆ تورکیایە و جێگای کوردانە. ( وشەی جودی: گۆتی ، یە. وە گۆتیە کوردەکانە. لە زمانی عەرەبیدا ، پیتی : گێ = گ. نیە ، بۆیە کراوە بە جێ = ج.) ٢٤٩

بۆچوونم دەربارەی ڕای مەلا عەبدوولای قازی. ل ٢٢ / ڕیزی ٢٦ :
قورئان فەرموویە: وەستایەوە لەسەر جودی. بێ ناوبردنی وشەی شاخ ، گرد... ئەگەر وەك (مەلا فەرمووی ، جودی بە نەتەوەی : گۆتی کوردی ، بزانین) . گۆتستان= کوردستان. توفانیش لە کوردستانە. من ، جودی ، بە گەلەکە دەزانم ، تا شاخەکە. بۆ کارەساتێکی وا گەورە ! بڵێین : وەستایەوە لەسەر یەك شاخ . ناوی جودییە ؟ ، بیشوبهێنین : مێشێك نیشتەوە لەسەر سێوێك. ڕووبەرێکی بچووکە. بەڵام وەستایەوە لەسەر گەلی گۆتی. هەزار قات ڕووبەرێکی گەورەتری جوگرافی پێشان دەدات ، بۆ کارەساتێکی وای ، گەورەی، گرنگ ، زیاتر ، پەسەندە لام.
دەربارەی ئەوەی کە تەورات و ئنجیل فەرمویانە: هەموو دنیای گرتوەتەوە. دەزانین وشکانی لە لێواری ڕۆژئاوای ئەوروپادا ، نامێنێت و دەریایە ، بە ڕۆشتنی ٥-٧ سەعاتی فرۆکەش جا دەگەییە لێوارەکانی کیشوەری هەردوو ئەمریکا. یانی چەند باران ببارێتە سەری ، تەنها بەرزدەبیتەوە ، هیچ ڕۆحدار نییە تا نوقمی بکات یا بیمرێنێت. بچوکتری کەینەوە : سەرو وە ڕۆژئاوای تورکیا ، پێش پەڕینەوە بۆ شاری ئەستەنبوڵ . ئەویش دەریایە. وەك ئەوی ترە. بۆیە ئەو دەریایانە وای لە من کردووە، بڵێم: تۆفانەکە تەنها تورکیا و سەروی ئێراق ، سوریە ، ئەردەن و فەلەستینی و ئێرانی گرتووەتەوە. وە خوا نەیهێشتووە بگاتەماڵەکەی خۆی ، لە شاری مەککە.

ئەمساڵ ٢٠١٩ز. دەنگوباس بڵاویکردەوە ، فرۆکەوانێک لە ئاسمانی جزیرە نەخشەی ، کەلاکی پاپۆڕێکی گەورەی ، تازە دەرکەوتووی ، لەسەر شاخێکی نزیک شرناخ ، بینیووە ، کە ڕۆژهەڵاتی جزیرەیە ، کەلاکەکە وەک نەخشە دیارە. وە ٨ کم. لە سنووری هەرێمی کوردستانی ئێراقەوە دوورە. بە جێگەی وەستانەوەکەی دەزانن. جودی لە جزیرەیە.

---

٢٤٩- مەلا عەبدوڵا ، س. ف. ژ. ل:٢٣ . هەر ئەم مەلا عەبدووڵا، س. ف. ژ. ٢ ل ٢٣. پێشی وابووە ، لە سەرشاخێکی هەورامان لەنگەری گرتووە بە ناوی نیسیر. ڕەنگە دەربڕینی ناوەکە بێ سەروبۆر، هەڵەم نووسیبێت. پێم وایە: مادام قورئان ناوی جودی بردووە ، ناوەکە دەبێت هەر ئەو بێت ، ناوی شاخی جودی و نیسیرم لە هەورامان ، هێشتا نەبیستووە...

## ب / ٦ / ٣ – نازناو ، شۆرەتە كانی كۆمەڵگای كوردەواری:

بەشی زۆری ئەو نازناوانەی ، لە كوردستاندا باوبووە ، لایەنی دینی هەبووە. هەیە پلەی دینی كەسێكی پێ ناسێنراوە ، وە باوی زەمانەیەكی دیاریكراو بووە. گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١– ( بابا ، لە ناو ئەو نەتەوانەدابەكاربراوە ، كە عەرەب نەبوون. وەكو: بابا ئەردەڵان، بابا تایەری عوریان.

٢- خواجە ، بە سەیدەكانی وڵاتی ماوەرائنەهر دەوترا. ئەمڕۆ وڵاتانی: كیرغستان ، توركمەنستان ، ئەفگانستان ، پاكستان ...

٣- مەلا ، بەوانە وتراوە لە خانەقاو مزگەوتەكاندا ، پلەی دوازدە عیلمیان تەواوكردووە. وەك مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس.

٤- سوڵتان ، لە سەردەمی سەفەویەكاندا بەوانە دەوترا ، كە فەرمانڕەوایی شوێنێكیان پێ دەسپێرا. لە ناوچەی هەوراماندا، كورتتركرایەوە بۆ سان ، وەك جافرسان.

٥- ئیمام ، بەوانە وتراون كە لە ڕەچەڵەكی ، نەوەی پێغەمبەری ئیسلامن ، د.خ. وەك ئیمام حوسەین.) ٢٥٠ + مەلای پێش نوێژێش دەگرێتەوە.

٦- شێخ ، بەو كەسانە وتراون كە لە ناوچەی تورك و عەرەبەوە نزیك بوون. وەك شێخ مەحموودی بەرزنجی.

٧- پیر ، بەوانە وتراوە ،كە تەمەنێكیان لە ڕێگەی دیندا بڕیوە ، لە هەوراماندا باسی ٩٩ پیرە دەكرێت ، وە بە سەرۆكی ئەو پیرانە وتراوە ، پیر شالیار= شالیاری= وەزیری پیرەكان.

٨- سەیید، لە سەرەتای سەدەی دووەمی كۆچییەوە ، بەو كەسانە دەوترا ، كە لە فارسەوە نزیک بوون. لە جیاتی شێخ ، سەییدیان بەكاربردووە.

٩- (سۆفی ،بەو كەسانە دەوترێت ، تەمەنێكی گوزەراندبێت ، وە خۆی زۆر بە دینەوە بەستبێتەوە.

١٠- جان ، هەر سۆفییەك ئیرشاد بكات. وەكو مەلا یوسف جان.) ٢٥١

١١- بەگ ، پێش داهاتنی وشەی سان ، خاڵی/٤ ی سەرەوە ، بۆ كەسانی فەرمانڕەوا بەكاردەبرا. لە سەردەمی سلێمان بەگی باباندا ، بە سەیدە كوردەكانیش دەوترا.

## ب / ٦ / ٤ - هەر مزگەری ؟ كەی سەروەری ؟

هەر خوولانەوە لە جێی خۆمان دا ، یا گۆڕانكارییەكی بنچینەیی؟

شۆڕشی چەكداری ، بەرانبەر ڕژێمی دیكتاتۆری ، ڕێگایەكی دروستە ، بۆ ناچاركردنی ، تا ڕەچاوی دیموكراتی بكات و مافی هەموو نەتەوەكانیی دیی ، وەك هی لەسەرتەخت ، بدرێت. شۆڕش ، هەروەك سەرەتای هەیە ، دەبێت كۆتایشی هەبێت. وە بە كۆتایی هاتنی، گۆڕانكاری و چاكسازی سیاسی ئابوری كۆمەڵایەتی بۆ ،گەلی ماف خوراوی ، پێ بێت یا

---

٢٥٠- محەممەدی مەلا كەریم ، س.ك.ژ. ٢ ل.٢٣.

٢٥١- ما هو التصوف؟ الشيخ أمين الشيخ علائالدين النقشبندی، بێوەی، دارالحریە، بغداد ١٩٨٨م. ص. ٦٧

بیهێنێت. ئەگەر نەیهێنا ؟ ئەوە هەر شۆڕش بووە ، لەسەر کاغەز و لای ئەوانەی پێی هەڵساون. شۆڕش دەکریت لە سەرەتادا ، سەرچاوەیەکی ڕوون و پرۆگرامێکی ڕێکوپێکی هەبووبێت ، لە قۆناغی ناوەراست و کۆتاییی دا ، ڕێڕەوەکەی بە هۆی کەسانی نۆکەر وناپاکەوە ، بگۆڕدرێت ، خۆشیان بە بی تاوان دەزانن ، دەیانەوێت نەتەوەکەشیان ، بە تاوانباریان نەزانن!. بەکورتی ڕێڕەوی شۆڕش ، دەسووڕێنن بۆ بەرژەوەندی ، دەوڵەتیك ، لایەنێك ، پارتێك ، با ناحەز و نەیاری نەتەوەکەی خۆشیان بێت ، لە بەر دەسکەوتێکی خۆیان.

شۆڕش دەبێت ماوەیەکی ، دیاریکراوی هەبێت ، ساڵێك ، دوو ، دە ، نەتەوەکە ئازاد بکات. نەك ببێتە بەرداشێکی بەردەوام ، بۆ لەناوبردن و هاڕینی . بە تێپەڕبوونی وەخت ، بارمتەی لاوان لە بانقی کوردا، بەرەو کۆتایی ، وەڕس بوون ، بنبەست ببات. ئەمە ئەو حەزەیە نەیاری کورد دەیەوێت ، شۆڕش خوولانەوەیەکی مزگەری بێت ، بەڵام هیچی بۆ ئازادی لێ سەوز نەبێت.
گەلی ڤێتنام شۆڕشیکرد ، بە دە ساڵ! لە پێش دا فەرەنسە و دواییش ئەمەریکا ، وەڕسکران و بەجێیان هێشت ، ئازادییان سەند. گەلی کوبا شۆڕشیکرد ، هەرچەند دوورگەکەیان ، دەڵێی ماسی سەرەمێکوتەیە ، لە ناو دەمی ، نەهەنگی ، کەنداوی ، مەکسیکی ، ئەمریکادا! ( سەیری نەخشەی کوبا و خواروی ئەمەریکا بکە) ، وا زیاتر لە پەنجا ساڵە ، خاوەنی دەوڵەتی ئازادی خۆیانن.
بۆ بچین بۆ دوور ، پاڵی خۆمان ، گەلی ئێران ، دژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا هەستان ، کە وەك شەقاوەی کەنداو بوو ، خاوەنی دەزگای سیخوڕی ساڤاك و ، پڕچەکترین ، هێزی سەربازی ناوچەکەش بوو. لە ١٩٧١ز. دا هەر بە تۆپزی سێ دوورگەی ، لە ئیمارات داگیرکرد. لە ٢٩- ١٢- ١٩٧٨ ز. گەل ، شای ، ناچارکرد ، وڵات بەجێ بێڵێت ، لە ٢٢- ١- ١٩٧٩ ز. دا بە ٢٥ ڕۆژ ڕژێمێکی تریان لە جێی دانا !.

یەکەم گەورە ، نەتەوەی جیهانیی بێ دەوڵەت ، کوردە! یەکەمی لە شۆڕش ، هیچ سەوز نەبووی جیهانی ، چەندجار فریوودراویش ، هەر کوردە. دەبێت ئەوانە دەمارمان نەجووڵێنێت ؟!.

پارتییە کوردییەکانی پاش ١٩٦٠ ز. :
لە پاش ئەو ساڵەوە لە کوردستانی مەزن دا، چەند سەرکردە سەری هەڵ دا، شۆڕش هەڵگیرسێنرا ، بە هەزار خۆی بەختکرد. داگیرکەرانی کوردستان ، لەبەرچاوی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتوەکان ، بە هەزار شارۆچکە و دێیان تەقاندەوە ، کوردی موسڵمان کرایە موفسید و گاور ، ڕەو و ئەنفالی پێکرا ، گازی ژەهراوی بەسەریا پژگێنرا ، بە پشتوێنی عەرەبی و تورکی لە پەچە و کۆزا مۆڵدران ، چەند ڕفێندران ؟ چەند گوومکران ؟ چەند ملی نا ، بۆ هەندەران ؟ بۆ پارچەیەکی کوردستان ئازادنەکرا ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، یەك هەگبە پرسیار لە بیری هەر مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردا ، خۆی قووت دەکاتەوە وەکو:

١ – کام لەو پارتیانە ؟ شەڕی خۆخۆری و براکوژی نەکردووە ؟
٢- کامیان خوولخوول نەبووە ، نۆکەری وڵاتێکی دوور یا نزیك ؟
٣- کامیان ئازادی خۆی پاراست ؟ نەکەوتە داوی دەوڵەتێکی نەیاری کوردەوە ؟
٤- کامیان بەرژەوەندی نەتەوەکەی ، خستووەتە ، پێش پارت و کەسایەتی خۆی؟
٥- کامیان کوردستانی بیری کردووەتەوە و دەکاتەوە؟ نەك هەر خۆم و ناوچەی خۆم؟
٦- کامیان دیموکراتییەتی خۆی ، بەکردەوە چەسپاندووە؟
٧ – کامیان بە ئازادی کارکردنی ، هەموو پارتیەکانی دی ڕازی بووە ؟
٨- کامیان گوێی داوە ، بە ڕای نووسەرانی نەتەوەکەوە؟
٩- کامیان ستەم و ناهەقی ، لە خەڵکی دانیشتوو نەکردووە؟ هیچ لێپرسینەوەیەکیشی لەسەر نەکردووە ؟. *

---

* / ئەمەی لێرەدا نووسیومە ، لە ماڵی خۆمان ، نووسەر ، قەوماوە :
هەرچی لەم ڕۆژەدا لەم جێگەدا ژیابێت وە گەورە بووبیت ، ئەم کارەساتە دەزانێت.
لە هەڵەبجەی چەندجار شەهید کراودا . وە لە : ١٠- ١٢- ١٩٦٨ ز. دا ( کە ئێوارە ڕەمەزانەو ڕێکەوتی ڕۆژی مافی مرۆڤی جیهانییە ١٠ / ١٢ / ١٩٤٨ ز. : لە کوردستانی ئێراق دا ، سەردەم ، سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و پێشمەرگایەتی ، مەلایی و جەلالی بوو ، کە ئەمڕۆ ناویان یەکێتی و پارتییە. ( ل: ٦٦ ژ. ٢٢١ ) . چەکدارێکی زۆری جەلالی ڕژابوونە ناو شارەوە ، باسی پەلاماری هەورامان = بنکەی هێزی خەباتی ، باڵی مەلایی ، لە ئارادا بوو. دوای عەسر وە بۆ یەکەمین جار ، شار درایە بەر تۆپ ، لەلایەن مەلاییەوە ، وەک پەندی کوردی دەڵێت: ( شەلم کوێرم ، ناپارێزم ) .
هەرچەند سەربازگەی میری ، لە دەرەوەی شار بوو ، بەڵام هەمووی لەناو شار کەوتن ، لای کەمی١٤ کەس لە خەڵکی شار ، کوژرا و بریندرابوون. لە کوژراوەکان پێنجیان ماڵی ئێمەبوون ، دایك و دوو خوشك و دوو برا ، باوکیشم تا مرد ، چەند پارچە لە لاشەیدا هەر مابوون. منیش لە سلێمانی دەمخوێند. لەو خێزانە من و باوکێکی پیری بریندار ، ماین . ئیتر باوکمیان ناونا: ڕەشەی ماڵ وێران.
ئەو گۆڕستانی شەهیدانەی ئێستا ، نەبوو . کۆنەکەش لە گووڵانەو دوورە ، خەڵک بە ڕۆژووە. بە هیمەتی خەڵکی شار ، زەوی لای کارێزی حەمەی حاجی ناجی کڕراو ، ئەو کوژراوانەیان تیا ناشتن.
ناویان نا :گۆڕستانی شەهیدان.
باوکم هەرچەند پۆلیس بوو ، بەڵام لەسەر کوردایەتی لەگەڵ ٢٠ ی تردا ، لە پارێزگەی سلێمانی دا لە هاوینی ٤ / ١٩٦٥ ز. دا ، گیران ، نەفی کران بۆ ( بووسەیە) ی ، خوارووی نوگرەسەلمان ، دواهەمین ئاوەدانی ئێراق لەسەر سنووری ئێراق – کوەیت وسعودە. هەرچەندخۆیشم لە ٢٠٠٤ ز. دا نامەم بۆ هەردوو سەرۆکیش نووسیبوو ، ببوورنێکی سەوز نەکرد !. هەرئەوەش نییە ، لە هەمان ساڵ دا ، لە هەندەرانەوە پاش ٢٢ ساڵ ئاوارەیی ، ڕۆشتمەوە ، لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی ، لە جێگەکەی خۆم ، کە ١٣ ساڵ پێش ١٩٨٥ز. وەك مامۆستا کارم تێدا کردبوو ، دایان نە مەزراندمەوە ! . زیاتر ( ژیانی نووسەر ل . ٤٤١).
منیش ، ئەو کاتە ، ئەم سێ دێڕەم ، لەسەر مەزارگەکەیان ، بۆ ، نووسین :
**ئـ /**

به دەستی دوژمن ، ئێمە نەکوژراین — تۆپی خۆخۆری ، لە ماڵەکەی داین
بۆ ئێمە ئێرە ، کرایە گۆڕستان — هەڵەبجەش ناوی ، لێ ناین شەهیدان
شەهیدی پێنج کەس ، با قیروسیا بێت ؟ ! — ئەگەر لەم هەڵەش ، پەندێکی تیا بێت؟

ئەگەر ئەو پرسیارانە ، بکەینە پێوەرێك ، وە لە دادگایەکی نوورنبێرگیی ئەڵمانیا ئاسادا ، دادگایی پارتییەکانی کوردستانی تێدا بکرێت ، داخۆ هیچیان دەردەچێت ؟ کەوابێت: لە کوردستانی مەزن دا ، وەختی: بیرێك ، پارتێك ، شۆڕشێکی یوسفیی و ماویی نەهاتووە ، چووز سەربخات ؟.

**ئـ / یوسف و ماو**. هەڵەبجەی شەهید ، ١٢/ ٢٠٠٤ز. هـ. ب. *

وەختێو پێشگنۆ ، ئی کوردەسانە
خۆڵك هوورشچنۆ ، پاشاو زەمانە
ڕەوشتو ( یوسف ) ، { حەفیزون ئەمین }
ئەر چنەش نەبۆ ؟ دزا وە یەقین
جا مشیۆم پاشایچ ، شالیار هوورچنۆ
هەر پێسە وێش با ؟ دۆڵەت هوورگنۆ
دماو ئانەیە ، { شۆڕشو ماوی
ئینەتە جە کۆ ؟ } دز ، کریۆ ڕاوی
تۆم یوسف و ماو ، مەژگەنە کاڵدێ ؟
سۆز بیی ؟ زەمینتا ، پانەیە شاندێ
بەختەوەری خۆڵك ، فەراهەم ماردێ
پاڵپەشتی و دۆڵەت ، پەی وێتا ساندێ

**ب / سەردانێک/ ١٩٨٨ز.** :

ئەگەر بۆ هەڵەبجە هاتن ؟
ماڵی ئێمە ، زۆر ئاسانە.
ئەوەی : کە شەڕی خۆخۆری ،
پێنجی ، لە ماڵمان قووت داوە.
مۆری ، ( ڕەشەی ماڵ وێران )
لە دەرگای ، حەوشەمان داوە.
لە گۆڕستانێکدا مۆڵن ،
مەدالیای شەهیدیان ، پێ داوە !
بۆ کورد ، باوکێک ، لە ٦٥ ،
بە ( بووسەیە ) چزێنراوە !.
لە چاوی بەدیش بە دوور بین
دەڵێن : لە هێرۆشیما دەچین ! .

---

* - وشەگرانەکانی هۆنراوەی یوسف و ماو :
پێشگنۆ: پێشدەکەوێت. ئی: ئەم. هوورشچنۆ: هەڵیبژێرێت. یوسف: یوسف پێغەمبەر. خوا بە دەسپاك و پارێزەر و دانا باسیکردووە، دەبێت بەرپرس ئەو سیفەتانەی تێدا بێت، جا بیکەیتە بەرپرس. ئەر چنەش نەبۆ؟ : ئەگەر تیایا نەبێت ؟. مشیۆم: دەبێت. هوورچنۆ: هەڵبژێرێت. پێسە

بۆچی هاوپەیمانان لە جەنگی یەکەم دا ، وایان بە کوردستان کرد؟

**ئـ /** ١١٣٨- ١١٩٣ز. شۆڕشەکانی سەرکردە سەلاحەدین ئەیوبیی ، کوردی ئێراق. * وە گرتنی لایەنی ئەعرابی موسڵمان دژی خاچ پەرستان.
**ب /** ١٩١٨- ١٩٥٦ز. شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی بەرزنجی ، کوردی ئێراق ، دژی بەریتانیا ، وە دەستەمۆ نەبوونی بۆیان.
**پ /** ١٥/ ٨ /١٩٨٤ز. - بەردەوامە: شۆڕشی کوردەکانی تورکیا ، لە لایەن پێکاکاوە ، بە سەرکردایەتی ع. ئۆجەلان ، وە پاڵپشت گرتنی رێکخراوی فەتحی فەلەستینیی ، دژی دەوڵەتی جوولەکە. دووبارەبوونەوەی ڕەوشتە کۆنەکەی سەلاحەدین بوو. ٢٥٢

کاردانەوەیان بەرامبەر بە کورد :
١ – ١٠- ٨- ١٩٢٠ ز. پەیمانی سیڤرس ، لە برگەی ٦٢- ٦٤ دا کە دامەزراندنی دەوڵەتیکی کوردی تێدا هاتبوو ، لە ٢٤- ٧- ١٩٢٣ ز. دالە پەیمانی لۆزان دا ، ئەوەی نووسرابوو ، سڕیانەوە !.
٢- ١٩١٤- ١٩١٨ز. لە کۆتایی جەنگی یەکەم دا ، بێ ئەوەی شۆڕشیان کردبێت ، یا دەوڵەت بوو بن ! ئەوانەی کەنداو. بە دوایدا ئێراق و سوریە ... کە بەشی سەرویان زەوی کوردستان بوو ، کرانە دەوڵەت. کورد کە هاوپەیمانیان بوو ، کەچی نەك هیچیان بۆ نەکردن ، خاکەکەشیان کردە شەش پارچەوە ، ( ل ٣٣ + ٢٣٨) وە وەك ئاژەڵی قوربانی بەسەر غەیرە کورد دا بەخشییانەوە ، پشکێکیش بە خۆی نەدرا !.
٣ – ١٦-٣ - ١٩٧٥ز. لە جەزائیر گەلەکۆمەیەك لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١-١٩٧٥ز. کوردەکانی ئێراق کرا ، نسکۆیان بەدوایدا هێنا.
٤- ١٦- ٢- ١٩٩٩ز. لە نایرۆبی پایتەختی کینیا ، گەلەکۆمەیەك لە عەبدوڵا ئۆجەلان ، سەرکردەی پارتی پێکاکای کوردەکانی تورکیا کرا، گیراو ، دزرا و برا بۆ تورکیا.
٥- ١٩٧٩ز. تا ئەمرۆش ٢٠١٨ ز. شۆڕشی کوردەکانی ئێران ، لە ڕادەی نە بکوژێرەوە و ، نە

---

سەر بە ل پێشووە : وێش با: وەك خۆی بن. هوورگنۆ: هەڵدەکەوێت. ماو: ماوتسی تۆنگی چین ، بۆ ڕاوی دز. ئینەتە جە کۆ ؟ ئەمەت لە کوێ بوو؟ کریۆ: دەکرێت. تۆم: تۆو. مەژگ: مێشك. کاڵدێ: بکێڵن. شاندێ: بیوەشێنن. فەراهەم ماردێ: بەدەست دەهێنن. پەی وێتا: بۆ خۆتان. ساندێ: دەکرن. *- بۆ زیاتر ناسین ل: ٤٢ /٤٠ .
٢٥٢ - پێموایە گەر سەلاحەدین ، لەم سەردەمەی ئێمەدا بژیایە ، وە ڕژێمی عەرەبی موسڵمانی ، سەدامی ببینایە ، کە چی بە نەتەوەکەی دەکات ، نەئەگەشتە فەلەستین . لەو سەردەمانەوە نەتەوەی کورد ، پاڵپشتی گەلی عەرەب دەکات. ( إتقی شر من أحسنت إلیه = خۆت بپارێزە لە شەڕی ئەوەی ، چاکەی لەگەڵ دەکەیت). ئەوە ئەدیبانی کورد باس مەکە ، چەندیان بە فەلەستینا وتووە.
کەچی تەنها ڕژێمی سەدامی ئێراق ١٩٦٨- ٢٠٠٣ ز.( ١٨٢هەزاری ئەنفالکراو ، ٥ هەزاری گازی ژەهراوی هەڵەبجە ، ٨ هەزار لاوی بارزانی ، زیاد لە ٤ هەزار شار و دێی وێرانکراو بە قورئان و مزگەوتەوە ! + ڕەوی ملیۆنی٣ /١٩٩١ ز. دا.+ ٣٥ساڵ کورد لەناوبردن و چەوسانەوە..) بیستویەک دەوڵەتی عەرەبی بەو هەموو ڕۆشنبیرەوە ، بێجکە سەرۆک قەزافی لیبیا ، نەیانوت: ئەوە ئەم نەتەوە دۆستە دێرینەمان ، بۆ وای لێدەکرێت یا لێبکرێت؟!. {ل ٧٢ /ڕیزی ٢٧٨ } .

کڵێپەش بسێنە دا هێشتویانەتەوە.

ئایا سیاسەتمەدارانی کورد ، نەیانتوانیوە سۆزی ڕۆژئاوا بەرەو کورد ڕاکێشن ؟ تا ئەو تیۆرییە نابەجێ یانەیان ، کە بۆ کوردیان کێشاوە ، بیگۆڕن ؟ خۆ شۆڕشی ئەیلولی کوردەکانی ئێراق ، ڕوو لە ڕۆژئاوابوو ، بۆ هەر نەگۆڕا؟!.

با لە کۆتایی ئەم : ی /١ ، ـەی ، بەشی مێژووەدا ،
بەم پێنج هۆنراوانەی خوارەوەدا{ ئـ - ج } ، چەند داخێکی تری دڵم هەڵڕێژم:

**ئـ /** ئـای کـە نایزانین ؟! ڕۆمانیا ، فڕۆکەخانەکەی بوخارست ، ٢٧-١٠-١٩٨٢ز. هـ . ب . ٢٥٣

ئای کە نایزانین ، ئای کە دڵپاکین !
زۆرمان بە تووتی ، ئەملاولا ماوین
زۆر پێش (چاڵدێران) ، تاوەکو ئەمڕۆش
ئازووخە و پرد و ، مەقاش و داوین ٢٥٤
\+ + +
زۆرمان زووڕنازەن ، ئاژانسی تاسین
بۆ خۆمان خۆخۆر ، ڕۆژئاوا ناسین
بۆ پاکۆی کوردە ، کڕاوین داسین
بۆ یەکبوونی کورد ، چەند لاڵ و کاسین ؟! ٢٥٥
\+ + +
تاکەی وەك ماسی ؟ بە تۆڕ گیراوبین ؟
بە کۆمەڵ کۆمەڵ ؟ فریوو دراوبین ؟
دەهۆڵیان تاکەی ؟ هەڵمانپەڕێنێت ؟
بیری خۆماڵی ، لە بیر دزراوبین ؟
\+ + +
چەند پەیمان گیرا ، بۆ دژی کوردان ؟
لە سەعداباد و ئەستانە و لۆزان ؟
پەیمانی بەغدا و ، جەزائیری شووم
بەڵام هیچ ناخات ، کورد لە تێکۆشان !.

---

٢٥٣ – لەو بەروارەدا ، زیاتر لە ١٠ کەس دەبووین ، لە ڕێگەدا بووین دەمانویست لە تارانەوە بە فڕۆکە بەرەو سوید بفڕین ، لە بوخارست ١٣ ڕۆژ گیراین. بە فیتی دەزگای سیخوڕی سەدام . ئەو چوار خشتەکیانەی پێ نووسیم ، بەرهەمی ئەو ناسۆرەیە. بە دریژی ، لە پەڕاوی سەرێک بە کڵاوڕۆژنەی ژیانم دا ، ل ٧٥ نووسراوە. ٢٥٤- بۆ چاڵدێران= ١٥١٤ز. بایەزیدئاغا. ل: ٤٣ ڕیزی ٤٩.
٢٥٥ - تاس: ئاژانسی ڕاگەیاندنی ئەوسای یەکێتی سۆڤیەت ، ڕوسیا. پاکۆ: پاکۆدان ، بڕینی گیایە بە داسێکی زۆر تیژکراو ، بە یەك دەست دەکرێت ، یانی باقەکردنی گیاکە بە دەستی چەپ پێویست ناکات.

**ب /** پێنج خشتییەک لە سەر هۆنراوەیەکی ڕەحمەتی خالسی تاڵەبانی
ئـەی خـالـس ؟ ٢٥٦ ئاڵمان ، ڤێرنبێرگ ، ١٢- ١٩٨٢ ز. هـ . ب.

ڕەحمەتت لێبێت ئەی خالس ، وا شەرمی سەبرت هەڵچووە ؟
بۆ حاڵی سەردەمی کوردان ، دڵت چۆن کڵپەی سەندووە ؟
خۆ خاڵە ، خەڵکی هەر کاڵە ، دەفیشی پشت گوێ خستووە ؟
{چۆن دەزانم خوا بەڕاستی ؛ هەقە ، یەك نیوەی دووە
ئەی سلێمانی دەزانم ؛ تۆش پەییت پێ بردووە} ؟
\+ \+ \+
پێشبڕکێیە بۆ سیخوڕی ، عالم لە عەوام قاودەکات ؟!
پارەدانی دیوەخانان ، نۆکەر بۆ دوژمن تاودەکات
تاپۆی گوندی ڕاپێچکراو ، یادی مەغۆل زاخاو دەکات
{دەنگی دەف نووکەی درۆی ؛ سۆفی لە تەکیە و خانەقات
ئێستەکەش هەر ، ماوە ؟! یاخو ، ئاشبەتاڵیان کردووە} ؟
\+ \+ \+
ئەی (خالس) ؟ سەیری خۆخۆری ؛ بەدتر لە سەردەمی ، دەروێش
باوك شەهید ، بێ لانەو ناز ؛ دڵی بەردین ، دێنێتە ئێش
هەرکەس دەدوێت ،( جیڤارا) یەو ؛ بۆتە (سۆمۆزا) ی ، سەری ڕێش ٢٥٧
{کەوشی زەرد ، جبەی بنەوش ؛ دوو لە پاش و ، یەك لە پێش
چاوی ڕێژراو ، مێزەرەی زل ؛ زۆرە یاخوو کەم بووە؟}

---

٢٥٦- خالس: ١٨٥٦-١٩٢٠ز. هۆنەر، شێخ محەممەدی زەنگەنەیە ، کوڕی هۆنەر ، شێخ ڕەزای تاڵەبانییە. لە بیستەکاندا ، باسیسەردەمی خۆی دەکات ، کە باو باوی دەروێش و حاڵکردن بووە، هۆنراوەکە زیاترە ، من ئەو سێ دێڕەم ، لە بیرماوە ، داوای لێدەکەن بێت بۆ سلێمانی ، کارێك بکات بۆ ژیانی ، ئەمیش دەپرسێت : خەڵك واو وا ، بوو ؟ گۆڕاوە ؟ تا بێم ؟.
منیش لەسەر ئەو ، کردوومە بە پێنج خشتەکی ، باسی سەردەمی خۆمم کردووە ، ١٩٨٠ ــ ١٩٨٢ز. ئەو سێ دێڕەی نێوان ئەو ٦ کەوانانە { } هی خالسە. ٢٥٧ - پارەدانی دیوەخانان:
لەسەرەتای هەشتاکاندا ، ڕژێمی سەدامی ئێراق ، کەوتە دەم چەورکردنی ، کەسانی سەر بە دەرەوە بوو ، بە هۆی شۆڕشی ئەیلولەوە.. ئەم چەورکردنانەم ، بەو دوو وشەیە ناوناوە. لە دواییدا هەندێکیان بوونە موستەشار و جاش ، زۆریان بەشداری ئەنفالیان کرد. لە بەهاری ڕاپەڕیندا ١٩٩١ز. چەند دانەیەك دەستی کۆمەکیان بە شۆڕشی کورد گەیاندبوو.
٢٥٧– چی . جیڤارا: هێما بۆ شۆڕشگێڕان ، شۆڕشگێڕێکی ناسراوی جیهانییە ، لە ١٤- ٦ - ١٩٢١ز. لە ئەرجەنتین ، ئەمریکای خوارو ، هاتوەتە جیهانەوە ، لەگەڵ کاسترۆی کوبا ، ئەوێیان ئازادکرد ، چوو بۆ وڵاتی بۆلیڤیا بۆ بەشداری لە ڕزگارکردنی ئەوێش دا ، لەوێ گیانی بەخت کرد ، بۆ ئازادی ، لە وڵاتێکی تردا!. سۆمۆزا: دیکتاتۆرێکی ناسراوی جیهانییە ، خەڵکی نیکاراگوایە ، ئەمەریکای ناوەڕاست ، لە ١-٥ -١٩٦٧– ١٩٧٢ وە ١٩٧٤- ١٧-٧-١٩٧٩ز. خۆی کردووەتە سەرەك کۆمار ، بە ستەم و تۆپزی ٩٠٠ ملیۆن دۆلاری مۆڵکردبوو.

**پ /** قـووڕيـي كـورد :  هـ . ب . ١٥/ ٧ / ٢٠١٧ز. ١
ئـەگـەر پێم بڵێن : شێت ، كـەرە و گـايـە
هـەر دەڵێم قـووڕيى ؛ ئـەم كوردە ، جيـايـە
كـااای  تێ نـەكراوە ؛ بـاش نـەشـێلـراوە
بـە بێ بـيسـميلا ؛ وەردی ، كێڵـراوە
بـۆيـە بـۆ نـاحـەز ؛ شـەكرە ، كـەلانـە !
بۆ خـۆيـيـش ؟ قـسـەی ؟ بـەردی حـەلانـە !
( بـەهمـەنی ) گـەلـت ؟ قـڕەی  گـەلانـە ؟
لای هـەندێک ، دەوڵـەت ؟ سجـنی خـەلانـە ؟!

**ت /** ڕێژەی نـەگـۆڕن :  ٦ / ٢ / ٢٠١٨
گـەر (سايكس بـيكـۆ) ی ، يـەكـەم تـاوانـبـار
كورد ؟ دادگـايی كـات ؟ دەيـانـدات ، لـە دار
لـە دووای سـەد سـاڵـيش ؟ ( ڕێژەی نەگـۆڕن ) !
هـەر نـەبـوون بـە كـەس ، وەک گـوونـی قـۆڕن. ٢

**ج /** جـێی هـاتـنـەدنـيـام. ٤ / ٤ / ٢٠١٨   ٣
جێی هـاتـنـەدنـيـام ، يـەكـەم ئـاوايـە
مۆری يـەزدانـە ؛ لـە دڵـمـی ، دايـە
جێی نـەشـونـمـای ، بـاوک و بـاوايـە
وێنـەی لـە نـاوی ، هـەردوو ، چـاوايـە
بـا كـوێـرە دێ بێت ، لـەو سـەر چـيـايـە
لای مـن خـۆشـتـرين ، شـوێـنـی دنـيـايـە !
( بـەهمـەنی) كـە مـرد ؟ بـينـێـنـۆ ، تـيـايـە
بـۆيـە لـە دووای خـوا ، لام ، جـوگـرافـيـايـە !.

**ی / ١ ، پ / ١ ــ ٦ /**  ناوەرۆک : ل ٩.
**كـۆتـايـی  يـەكـەی يەكەم ، مـێـژووی  نـەتـەوەی كـورد.**
**لـە ٦ بـەش دا. ل  ٩  -  ٢١٩.**
**@@@@@@@@@@@@@@@@@@@**

---

١ – كۆكەن ، ل ٤٣٤.  ٢-  كۆكەن ، ل ٤٤٦. سايكسی بەريتانی و بيكۆی فەرەنسی. = ڕێژەی نـەگۆڕ بيستودوو لـەسەر حـەوتی ، وانـەی بيركاری._پەندی كوردی دەڵێت: خزمی خراپ وەک گوونی قۆڕە ، بـەسەيری تەلـەفزيۆنی ئـەمڕۆی هـەرێمی كوردستان ، ئـەو لێپرسراوە ڕۆژئاواييانـە ، بـە زيارەتكردنی هـەرێم ، خۆيان بە خزم و كەس دەنووێنن ، سەيرە تـەريق نابنـەوە ، كە سايكس بيكۆ دروستكـەرن ؟!!.
٣- كۆكەن ، ل ٤٤٨.

**یەکەی / دووهەم، جوگرافیای هەورامان . لە ٥ بەش دا.** ل ٢٢٠ – ٢٧٧
نەخشەکانی ل ٢٢٠.

{{ ب/ ١ / : ١- سەرەتایەك. ٢- واتای هەورامان. ٣- بەشکردنەکان.

ب/ ٢ / : ١- سنوور ، نەخشە. ٢- ڕووبەر. ٣- بوونی ڕێژەی کورد.
٤- ژمارەی دانیشتوان.

ب/ ٣ / : ١- ڕووبارو چەمەکان. ٢- شاخەکان. ٣- ئاو و هەوا.
٤- ژینگەناسی.

ب/ ٤ / ئابووری: ١- باخداری. ٢- پیشەدەستییەکان. ٣- ئاژەڵداری.
٤ - کشتوکاڵ.

ب/ ٥ / : ١- شار و دێ یەکان. ٢- گەشتێك ١٩٧٩. ٣- بوورجەکانی ساڵ.
٤- ڕێگا و بان }} .

.................................................

ی / ٢ ، ب / ١ / لە ٣ سەرباس دا:

**ی / ٢ ، ب / ١ / ١- سەرەتایەك:**

زاناکان دەڵێن ئەم بوونەوەرە ، لە یەکگرتنی گازە پرژوبڵاوەکانەوە ، دروستبووە. ئەمەش هیچی لەم ئایەتە زیاد نەکردووە: ( ثم استوی الی السماء وهی دخان) فصلت- ١١- . مرۆڤ لە مێژە لەم ماڵەی خۆی= گۆی زەوییە ، وردبووەتەوە و نەخشەی بۆ کێشاوە ، وەکو:

١ – لە سەدەی ١٣ ی پ. ز. دا ، لەلایەن گەلی نۆبییشە وە بۆ گەڕان بە شوێن زێڕدا.
٢- لە سەدەی ١١ی پ. ز. دا، لە لایەن زانایەکی چینییەوە ، بە ناوی فانکشی.
٣- لە سەدەی ٤ ی پ. ز. دا، لە لایەن پارمێنیندس ئەرەستۆتالیس و ئیراتوستهێنێسی یۆنانییەوە ، ڕایانگەیاند گۆی زەوی خڕە. هەروەها کەسانی تریش وەك: گالیلۆی ئیتالی و ئەستەخری ئێرانی و ئیدریسی... هتد. لەو بووارەدا کاریان کردووە.

وای بۆ دەچم بیرۆکەی ، خڕی و خولانەوەی زەوی یۆنانییەکان ، لە ئاڤێستای ئەسڵی ، دزراوی زەردەشتەوە وەریانگرتووە ، ئەوەش کاتێك بووە کە ئەسکەندەری گەورە لە ٣٣١پ. ز. وڵاتی مادی داگیرکردووە.

## ب / ١ / ٢- مـێـژوو : دەربـڕین و واتـا و لـێکدانەوەی وشـەی هـۆرامـان :

شێوەدەنگییەکان ، فۆنەتیك ، ی هەرزمانێك ، دەربڕینی ناوەکان دەگۆڕێت. ساکارانەتر ، بە زمانی خۆیان خۆشەی دەکەن. خۆ بکرایە ؟ چۆن گەلەکە وشەکە دەردەبڕێت ، هەروا بووترێت جا بنووسرێتەوە. نە ئەبووە کێشە بۆ مێژوونووسان. ناوێك دەبینی و دەبیسی بە چەندجۆر ، نووسراوە و هەر عەینی مام عەزیزیشە. بۆ نموونە:

ئێران بە وڵاتی نەمسای بە عەرەبی ، دەڵێن: ئۆتریش. نەمساوی خۆی: ئوویستەرایخ. هەر ئەم زمانی ئەڵمانییە ناوی شاری تەرابوولسی کردووە بە تریپۆلی، کە لە وشەکە هەر ناچێت. با ئەم باسەش ببەستینەوە بە وشەی هەورامانەوە ، لە لای هەرامانییەکان بەو ناوچەیە دەڵێن: هۆرامان. لە کوردی سۆرانی دا کراوە بە هەورامان ، بزوێنێکی خڕی خراوەتە سەر، وە پیتی( ۆ) کراوە بە ( و). لە لای فارسەکان کراوە بە ئورامان ، گەر باسی هەردوو دیویشی بکەن ، کردوویانە بە ئورامانات. وابزانم لە ڕێزمانیان دا جەمعی موئەنەس و موزەکەری سالمی عەرەبیش نییە ، کەچی بۆ ئەم وشە بەکاربراوە!.

١ – هۆرامان یانی ئاهورامان ، ئەمیش لە دینی: مەزدیسنای پەڕاوی ئاڤێستای زەردەشتەوە وەرگیراوە ، لەو زمانەدا ، ناوێکە لە سەد ناوەکانی خوا. سەیری ل: ٤٢٥.
سەرنجی ئەم دوو وشەیە بدە ، ئاهورامان و هۆرامان:

ئـا ( **هـورامـان** ) زدا = ئاهورامازدا = خوا.
( **هـۆرامـان** )

لە حەوت پیتی وشەی هۆرامان ، هەموویان هەن. حەوتی سەر پیتی( ۆ) کەش ، فۆنەتیکی نوێی سەردەم پێوەی لکاندووە . ئەنا لە کۆندا لەم ناوچەیەدا ، ( ۆ ) هەر وەک واو ( و ) نووسراوە. ئاهورامازدا:
کۆنی ئەو وشە ئاڤێستاییە ، کە کۆنترە لە ١٨٠٠ پ. ز. + ٢٠١٣ ز. = ٣٨١٣ ساڵ لەمەوپێش. گەردی زەمانە تەنها پیتی زێی کردووە بە نون. بە سەرنجدانی وشە مێژووییە سواوەکانی تر ، ئەو گۆڕینەش زۆر کەمە. دەکرێت بە (ئا بلێین پێشگرە ، وە دا فەرمانە = فیعلە) پێوەی لکێنراوە ، ئەو دووەش لاچێت ، لێی ئاوەڕووت کەین ، هەر هەمان وشەیە.

٢- هۆرامان لە ( هەورام ) ـەوە هاتووە ، ئەمیش برای کەنوول= کەندوول بووە ، هەورام ، هۆرامان و کەنوول ، کەنوولە ی یان ئاوەدان کردووەتەوە. ( ڕای ئۆسکارمانە) بە درێژتر ل: ١٢٨ – ١٢٩.

٣- هۆرامان ، وشەیەکی جیناسیە ، چەند واتا دەگەیەنێت:
ئـ / هەڵتۆقیو ، بەرزبووەوە ، دەرپەڕیو ، پفکردن وەك هەویر ، هەمویان بەرزی و ناوچەی شاخاوی دەگەیەنن ، ناوچەکەش وایە.

ب/ هەڵـهاتـوو ، ڕاکردوو ، هەڵکەنراو لـە جێی کۆنی خۆی وەک ، لـە شاخی دەماوەند بۆ هۆرامان. لاپەڕەی خاڵی ٢/ ی سەرەوە. پ/ هـەور هـاتـوو.

ت/ هەیە دەڵێت: اورامان ، لـە ئاوراوە هاتووە ، ئەویش مانای برسی یە.
بـە سەیری گرانییە داکەوتووەکانی ، سەردەمی ئێمە و پێشمانیش ، خەڵکی لـە گرانی دا بەرەو هەورامان چوون ، چوونکی هەرکەس بە بۆنەی باخاتیانەوە ، گوێز و تووی هەر هەڵگرتووە ، بۆ شەوچەرەی زستانی. لـە سەردەمی گرانی دا ، ئەویَ لـە ناوچەکانی دەوروپشتی باشتر بووە. ئاوراش ، لـەتێکی وشەی هەورا / <u>مانی</u> ،( مانی) لـەگەڵ نییە، ئیتر چۆن لـەیەک دەچن ؟ بە کزترین ڕای دەزانم.

*لـە کۆتاییدا دەڵـێم: جیهان کەلاوەیەکی کۆنـە ، واتـا هەرەکۆنـەکـەیان ، هۆرامان: (ئاهورامان) ـە ، ئەویش بە زمانی ئاڤێستایی ، یەکێکە لـە ناوەکانی خوا ، لای من دروسترینیانە. پیرشالیارانی کۆنی ناوچەکەش ، لـەسەر ئەو دینـە بوون. خوێندەوارانی سەردەم بوون ، لـە خۆشی ناوی خواوە ، وایان ناو ناوە.*

### ب / ١ / ٣- بـەشـکـردنـەوە جـوگـرافـیـیـەکـانی:
هەموو هەورامان ، لـەبەرئـەوەی کەوتوەتە ، دوو وڵاتەوە ، وا ئاسانـە: بیکەینـە ٢ بەشی جوگرافییەوە:
<u>ئـ / هەورامانی ڕۆژهەلات</u> ، ئەو جێگانە دەگرێتەوە کە کەوتونەتە ، ڕۆژهەڵاتی زنجیرە شاخی زاگرۆسـەوە. ڕۆژهەڵاتی (لقە شاخە ناوچەییەکانی زاگرۆس ، لـەسەر بۆ خوار: سورێن ، دالانی ، هەورامان ، سپی ، تەتە ، تەخت ، دەربەن هەجیج ، شاهۆ). ل.٢٤٨ هێڵکاری بۆ کراوە.

<u>ب/ هەورامانی ڕۆژئاوا:</u> ئەو جیگانە دەگرێتەوە کە کەوتونەتە ، ڕۆژئاوای تاکە شاخە ناوبراوەکانی لقی/ ئـ.
لـە کۆنـەوە بە لـهۆن ناونراوە. بەلام ئەم بەشەش دووانـن. ناوچەیەکی کە بچووکترە لـەوەی دیوی ئێران ، کەوتوەتە ناو کوردستانی ئێراقەوە. لـە تەوێڵـەوە بۆ بانیبنۆک.
ئەوەی وای لێکردووم ، کە هەموو هەورامان ، بکەم بە دوو بەشەوە ئەمانەن:
١ – سروشـت:
دابەشکردنێك بە هۆی سروشتەوە ، بوونی ز. ش. زاگرۆسی زەبەلاح ، ١٢٥٠-٣٣٩٠ م. یا ئەم دیوارە ، ئەم ناوچەیەی ، تا پاڵ شاری کرماشان کردووە بە ، دوو قاشی نا ڕێکەوە.. بووەتە هۆی ئەوەش ئەو هەورامانە بچوکە ، لـەسەردەمی حەمەڕەزاشاوە ، بخزێنێتە ناو دوو ستانەوە یا پارێزگاوە. کوردستان یا سنە وە باختەران یا کرماشان. نەخشەکانی ل: ٢٢٨،٢٣٣،٢٣٥.
٢- شـەڕی چاڵدێرانی نەفرەتی ، لـە نێوان سەفەوی و عوسمانی دا. ٤٦ /٥١.
کە لـە پۆپەی ز. ش. زاگرۆس دا ، کوردستانی مەزنی داگیرکراویان ، تێدا قاشکرد.

٣- ئاسانییەکی جوگرافی:
ئەگەر بمانەوێت جێگایەکی جوگرافی ، دێ ، شاخ ، چەم... بە وردی دیاری بکەین؟ وەکو هانە میران ، پاڵنگان. پێویست دەکات: بزانین کام دیوی زاگرۆسە ؟ یانی ئێرانە یا ئێراقە؟ لە کام لەم جێگا ناوچەییانەدایە ؟ : مەریوانە ؟ ژاوەرۆیە ؟ تەختە ؟ کۆماسییە ؟ ... بۆ هەر دێیەك ئەوەندە بنووسین؟ خوێنەر وەڕسکەرە ، درێژە دادڕییە. بەڵام بڵێین ئەو دوو شوێنە ناوبراوانە ، لە هەورامانی ڕۆژهەڵات دان. لە کورتی دەبڕێتەوە ، جوگرافیانەش، ڕاستن. بۆ دێیەکانی وڵەسمت و بانیبنۆك تا پاوە و دوریسان ، بڵێین هەورامانی ڕۆژئاوان ، هەمووی دەگرێتەوە ، بە هەردو و لهۆنی ، دیوی ئێران و ئێراقەوە و ، دیسان جوگرافیانەش ڕاستە.

٤ - ڕوبەرێکی فراوان:
لەوانەیە کەسانێک هەبن ، بەهرەی زەینی جوگرافیان کەم بێت ، کە باسی سنوری جوگرافی هەورامانیان لێ دەپرسیت ، وا دەزانن ئەوێ تەنها تەخت و شاری هەورامانن . ئەو ناوچەیەش ژمارەی دێیەکانی لە ٢٠ تێناپەڕێت. بەڵام بەسەیری نەخشەی هەورامانی ڕۆژهەلات ؟ ڕووبەرێکی ، فراوانتر خۆی دەنوێنێت. ( هەورامان لەم قەوارەیەی ئێستەی، زیاتر بووە لە دێریندا ) . ٢٥٨ زمان و دین و جلوبەرگ و ... کتێبە مێژووییەکانیش ئەوە دەردەخەن.

پاش ناسینی ئەم ناوچەیە ، بە دوو بەشی سەرەکی ، ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا. دەتوانین بە دا بەشبوونێکی ناوچەیی بچوکتر ، وردتر بیناسین. *کە ٦ ناوچەن:*

١ – دێیەکانی ناوچەی مەریوان: کە زیاتر رۆژئاواو خواروی شار دەگرێتەوە.
٢ – ناوچەی تەخت: شاری هەورامان و دەوروبەری.
٣- ناوچەی هەر سێ ژاوەرۆ: ڕۆژئاوای شاری سنە.
٤- دێیەکانی ناوچەی کامیاران: کە زیاتر سەروی و سەروی ڕۆژئاوای دەگرێتەوە.
( ئەو ٤ ناوچە سەر بە ستانی ، کوردستانن ، کە سنە پایتەختیەتی.)
٥ – ناوچەی لهۆن: ئـ/ هەورامانی ڕۆژئاوا، یا <u>لهۆنی دیوی ئێران</u> ، سەر بە ستانی کرماشانە.نەخشەی ل.٢٠٦.
٦ – ناوچەی لهۆن: ب/ هەورامانی ڕۆژئاوا، یا <u>لهۆنی دیوی کوردستانی ئێراق</u> ، سەر بە ستانی هەڵەبجەیە. نەخشەی ل. ٢٠٧.

**ب / ٢ / ١- ســنــوور ، نــەخــشــەکــان.** ل٢٢٧ - ٢٣٥
سنووری هەورامان ئەمڕۆ: لە ڕۆژهەڵاتەوە ، وە لە سەەوەر بۆ خوارەوە: ناو ئێرانە: چاوگ ، موسك ، لەنجاوا ، کوێرەگوێزە ، چووڕ ، گڵیە ، تاڵەوەران ، ڕۆژئاوای حەسەناوا و

---

٢٥٨– سیروس ئیزدی ، س. ف. ژ. ١٧ ل:٧١ ئەمیش لە جستارهایی مینۆڕسکی ل:٣٦٥.

سنه ، فەقێ سلێمان ، ڕۆژئاوای کامیاران ، دەتوانرێت بەشی خواروی رۆژهەلاتەکەی ، بە هێڵی درێژی ژمارە ٤٦ پلە و ٥٥ دەقیقە.= ٤٦,٥٥. بچوێنرێت ، کە بە شاری کامیاران و ڕۆژئاوای شاری سنەدا ، تێدەپەڕێت.

لە رۆژئاواوە ، وە لە سەر بۆ خوار ، ناو ئێراقە:
تەڕەتەوەن ، ولەسمت ، نەوێ ، قاینەجە ، ڕیشێن ، خورماڵ ، خارگێلان ، خەرپانی ، تاوێرە، هاوار، گریانە ، سەر ڕوباری سیروان. دەتوانرێت بە هێڵی درێژی ٤٥ پلە و ٤٠ دەقیقە= ٤٥,٤٠ بچوێنرێت ، کە بە رۆژهەلاتی هەڵەبجەی شەهید و ناو دێی قاینێجەدا تێدەپەڕێت.

لە سەرەوە وە لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا:
وێڵە ، سێف ، مەریوان ، بایەوە: لە ناو ئێراندان. تەڕەتەوەن ، لە ناو ئێراقدان. دەتوانرێت بە هێڵی پانی ٣٥ پلە و ٣٥ دەقیقە بچوێنرێت، = ٣٥ ,٣٥ کە بە سەروی مەریوان و هانە میران دا تێدەپەڕێت.

لە خوارەوە ، وە لە رۆژهەلاتییەوە بۆ ڕۆژئاوای:
بالەبان ، موجش ، ماسان ، کامیاران ، خەراجیان ، تازاوا ، سەریاس ، شمشێر ، دشە ، هیروێ ، سەر ڕوباری سیروان. لە ناو ئێراندان. لە خواروی شاری کامیاران دا، هەورامان داخزاوە بۆ خوارەوە = ڕۆژهەلاتی زاگرۆسە = هەروەها شاهۆیشە. بۆیە ئەم هێڵە پانییە دەخوازێت: ٣٥ پلە و ٥٠ دەقیقە. ٣٥, ٥٠ دەتوانرێت پێی بچوێنرێت. وە لە پاوە بۆ دشە بەرەو سەرەوە هەڵکشاوەتەوە ، ئەم هێڵی پانییە دەخوازێت: ٣٥ پلە و ٣ دەقیقە = ٣, ٣٥ کە بە خواروی دوریسان و پاوە و مەڕەخێڵدا تێدەپەڕێت. نەخشەی ل:٢٠٧.

گەشتێوی نۆرۆزی : *
هادی بەهمەنی ، بەرلین : ٢١/ ٣ / ٢٠٠١ ز. نوویسیان.
جە یانەو فەیسبووکیمەنە ، جە ٢٠ / ٣ / ٢٠١٩ وەڵا کریانۆ.

جەژنەن ، نۆرۆزەن ؛ گۆڵمەزەن ، تۆزەن
بەزمەن ، هووریڕەن ؛ سەرعێلەن ، هۆزەن
قاوەن ، قریوەن ؛ سەذای وە سۆزەن
هەر خەمەن بۆزەن ؛ ترنجیای کۆزەن
زەریفی جامە ؛ حەی نە ، سەرو بەی[259]

---

* - هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ/ ١٧ ، ل ٩٣.

٢٥٩- هووریڕەن: هەڵپەڕکێیە. زەریفی: جوانی. جامە: کراس. حەی: مار، لێرەدا پەلکە. واردە: خواردن. وشەکانی ناو ئەم جۆرە تاکە کەوانانە (...) : ، ناوی شاخی ئەو ناوچەیەن. ئەمەیان : ((...)) ناوی ناوچەیە. ئەمەش : (((...))) : ناوی دێ یا شاری هەورامانن. ئێر: ئاگر. کریاوە:

مەسکەرۆ عاشق ، وە بێ وارده و مەی !
+ + +
کە ئێر و نۆرۆز؛ (شاهۆ) کریاوە ؟
( تەتە و هۆرامان) ، شۆقشا داوە ؟
( ماکوان و پەڕاو) ، پەیشا ئەساوە ؟
( شیان ، کۆسالاَن) ، سلاَمشا داوە ؟
( پیاز) کە وینا ، شۆڵە و( دالاَنی) ؟
چەخماخە ئاسا ، چپنۆ ( دۆلاَنی) ٢٦٠
+ + +
کە گیسیانە ؛ قوولله و ئا ، کەشا
پەی هۆرامانیی ، پۆسی زوو ڕەسا
ملەوانو زێڕی ، وە ئێر پێکناوە
دەگایا وە جەم ، وێشا ڕازناوە ٢٦١
سونەتو زەردەشتی ، وەیاذ ماراوە
وە ماریفەتیچ ، مەژگ زاخاو ماوە !
+ + +
(( ژاوەرۆ)) تەیار ، وێش دان ئارایش
(( کۆماسی)) ڕازیان ، لادان تارا و وێش
شارەزوور ماچۆ ، پۆپە و وەهارمەن
تەمای زەماوون ، چێر پالاَو یارمەن٢٦٢
+ + +
زرنگە و زەنگۆڵە و ، جمای قەتارمێ
فرك و هووڕ جووانا ؛ دۆر یانە و ، یار مێ
قووقوو هەرەشێڵ ، سەرتەڵمیتان مێ
قاقبە و ژەرەژا ، دۆر کۆڵیتان مێ
دەنگ دەف و لوولێ ؛ نەهەرچواردۆر ، مێ
هەرکەس جە ویشۆ؛ ئاواز پەیش جۆر ، مێ
هەرچن پۆپەو کەش ، مێزەرە چەرمەن
وارۆ دامەنش ، شاڵی سۆز بەسەن ٢٦٣

---

٢٦٠ - کرایەوە. پەیشا ئەساوە ؟ : بۆیان سەندەوە ؟ وینا: بینی. شۆڵە: گڕ. ٢٦١- گیسیانە: داگیرسا. زووڕەس: زوو پێگەییو. ماریفەت: کتێبەکەی پیرشالیار. مەژگ: مێشك. ماوە: دەدەنەوە. ماراوە: دەهێننەوە. زاخاو ماوە: زاخاو دەدەنەوە .٢٦٢- بوێش دان: خۆی داوە. ماچۆ: دەڵێت. چێر: ژێر . جما: جولاَندن. تەڵمیت: باری سەر ولاَخ. ژەرەژ: کەو. کۆڵیت: سەنگەری ڕاوکەر. لوولێ: شمشاڵ. جۆرمێ: بۆی دێ. مێ: دێت. جە ویشۆ: لە خۆیەوە. پەیش جۆرمێ: بۆی دی. چەرمە: سپی. وارۆ: خوارۆ. بەسەن: بەستویەتی. ٢٦٣ - منیچ : منیش. مگێڵو: دەگەڕێم. سەرحەد: سنوور. پێکنوشۆ: دەپێکنمەوە. پەیتا: بۆتان. پێسە: وەکو. جە: لە.

+ + +


منیچ مگێڵوو ، سەرحەذ هۆرامان
پێکنوشۆ پەیتا ، پێسە ملەوان
جە ((( هانە میران ، پەی نەویٚ و خورماڵ
گوڵپ و خارگێڵان ؛ تاوە ، زەردەهاڵ
خەرپانی ، دەرە ؛ قەیسەر ، گریانە
شێخان و شێنە ، هیرویٚ و نەیسانە ٢٦٤
دوواو و دشەی ، پاوە و چرسانەی
لۆن و سەرشیلان ، دەرەویان ، تیانەی
ئامزیان ، ماسان ؛ دەرەباخ ، نەران
گەزنە و کەرەسی ، تەختە و هەڵوان
کەلاتیٚ و بزانی ، چەنی کەمانگەر
سپیبن ، لەنگڕێز ؛ خانەگاکەو ، سەر
جە تەرخاناوا ، تا وە سەولاوا
هاڵووژان خشکین ، تاوە لەنجاوا
مەریوان زرێبار ، هانەکەوسانان
چێیچۆ پڕمێوە ؛ پەی ، هانە میران)))

+ + +


ئانە پێکنامۆ ، پەیتا ملەوان
بۆژانەن ، شەوبۆن ؛ مێخەکەن ، ڕێحان
کەروش گەردەنو ؛ یووە ، یووەیتا
جەژنانەو منا ؛ دیاریما ، پەیتا
دیاری مەفۆتیۆ ، خاس هوورشگێردیٚ
ئەجووم ڕوێو میٚ ، مەجبوورش بیدیٚ !
(بەهمەنی) چێنە ، خوایتا مسپارۆ
یۆگیرتەی ، ئاوات ؛ وە ئەنجام ، مارۆ ! ٢٦٥

---


٢٦٤- ئانە : ئەوە. پێکنامۆ: پێکاندنەوە. پەیتا: بۆتان. پێسە: وەکو. جە: لە . بۆژانە: وەك شەوبۆ، ناوی گوڵانی بۆنخۆشی کوێستانن. کەروش: دەیکەم. یوە: یەك. هورشگێردیٚ: هەڵیبگرن. ڕوێومیٚ: ڕۆژێك دێت. بیدیٚ: دەبن. چێنە: لێرەدا. مسپارۆ: دەسپێرێت. یۆگیرتەی: یەکگرتن. مارۆ: دێنێت. خۆی. ماچۆ: دەڵێت. چێر: ژێر. ٢٦٥ – پڕمێوە: دەپەڕینەوە. ئانە: ئەوە. پێکنامۆ: بۆم پێکاندنەوە. پەیتا: بۆتان. کەروش: دەیکەمە. یوە یوەیتا: یەکە یەکەتان. مەفۆتیۆ: نافەوتێنرێت. ڕووێو میٚ: ڕۆژێک دێت. چێنە: لێرەدا.




نەخشەی گشتي هەورامان



نەخشەی بەشي سەروی هەورامانی ڕۆژهەڵات.




نەخشەی بەشي خواروی هەورامانی ڕۆژهەڵات.

نـاوی ئـەو دێـیـانـەی کە لـە نـەخشـەکـانـی ل ٢٢٨ ,٢٢٩ ژمـارەیان بۆ دانـراوە:
{بۆ وشەی سەرو ، پیتی : س. وە بۆ خوارو: خ ، دانراوە}.

١ – پیرانـشار. ٢- پیرانـەکۆن. ٣- کـانـی کبود. ٤- ئـاسکۆڵـی س.
٥- گـاڵـی س. ٦– گـاڵـی خ. ٧- دەرزیان. ٨- نـژمار.
٩- سەرنژمار. ١٠- ڕیوری. ١١- وەیسیان. ١٢- مەڕەچڵم.
١٣ – سەرپیر. ١٤- بڵبـەر. ١٥- تازاوای تفڵی. ١٦- تەخان.
١٧ – سپیبن. ١٨- ئەحمەدئاوای س. ١٩- مەلامیرزا. ٢٠- تەرخاناوا.
٢١ – دووڕوو. ٢٢- خانـەگای ڕەزاو. ٢٣- گـەرگی. ٢٤- هـەواسئاوای س.
٢٥ – گـەنجەناو. ٢٦- وەرگەوەر. ٢٧- هـەواسئاوای خ. ٢٨- نوێن.
٢٩ – ناوە. ٣٠- چەشمیەر. ٣١- سەرومالڵ. ٣٢- دەشتەقەڵبێ.
٣٣ – دەڵەمەرز. ٣٤- نـەسەنار. ٣٥- ئاریان. ٣٦- ژڵیژە.
٣٧ – کۆڵیژ. ٣٨- ژان. ٣٩- یۆژەنان. ٤٠- حسەین بـەگ.
٤١ – جۆلاندی. ٤٢- دێوەزناو. ٤٣- دزوونـی س. ٤٤- دزوونـی خ.
٤٥ – دێکانان. ٤٦- تفێن. ٤٧- فـەقیـەن. ٤٨- هـەنارلـە.
٤٩ – کەلاتێ. ٥٠- سـوو. ٥١- دەروێشان. ٥٢- کانـی قوربانـی.
٥٣ – کانـی چلانـە. ٥٤- تـەکیـەی گـەڵێن. ٥٥- ئامزیانـی خ. ٥٦- میراوا.
٥٧ – دەرەقووڵـە. ٥٨- ئـەسکۆڵ. ٥٩- شەنگسپی. ٦٠- دەژن.
٦١ – زمانگریوە. ٦٢- نشوری س. ٦٣- نشوری خ. ٦٤- یەمەنیان س.
٦٥ – یەمەنیانی خ. ٦٦- هـەندیمەن. ٦٧- گـەڵیان. ٦٨- کاشتەر.
٦٩ – فـەرەج ئاوا. ٧٠- کۆرەدەرە. ٧١- کۆرەدەرەی س. ٧٢- ئامزیانـی خ.
٧٣ – فـەیروزئاوا. ٧٤- دەرەویانـی س. ٧٥- دەرەویانـی خ. ٧٦- نـەیجەقەوی.

***لیستی ناوی هەموو شار و دێکانی هـ . ڕۆژهەڵات_ ستانی کوردستان ، سنـە، بە پێی:***
***ئابێپێی کوردی ڕیزکراون وە ئەوانەن نەخشەیان لە سەرەوە دراون: تا ل٢٣٢ون.***

ئـ / ١- ئاریان. ٢- ئاساوگە. ٣- ئاسکۆڵ ، س. ٤- ئاسکۆڵ، خ.
٥- ئاڵمانـە. ٦- ئامزیان،س. ٧- ئامزیان،خ. ٨- ئـەحمەدئاوا.
٩- ئـەسپەریز ١٠- ئـەسکەدۆڵ ١١- ئـەنارلـە. ١٢- ئـەنجمنـە
١٣- ئـەوێهەنگ.

ب/ ١- باراماوا. ٢- بزلانـە. ٣- بزۆش. ٤- بڵ.
٥- بڵبـەر. ٦- بندۆڵ. ٧- بورییـەر. ٨- بـەرقڕوو.
٩- بـەرناو ١٠- بوریـەر. ١٠- بێساران.
پ/١- پاڵـنگان. ٢- پـاوە. ٣- پشاوا. ٤-پشتـە.

٥- پایگەلان. ٦- پەیکانی. ٧- پیرانشار. ٨- پیرانەکۆن.
٩- پیرباخ.

ت/ ١- تا. ٢- تازاوا. ٣- تاڵەسوار. ٤- تفلّی. ٥- تفێن.
٦- تەختە. ٧- تەختەزەنگی. ٨- تەخان. ٩- تەرخاناوا.
١٠- تەکیەوخانەگا. ١١- تەکیەوگەڵێن. ١٢- توبرەڕیز.
١٣- تەوریوەر. ١٤- تیانە. ١٥- تیلەکۆ. *ج/ ١- جۆلاندی.*

چ/ ١- چرسانە. ٢- چەشمییەر. *ح/ ١- حسێن ئاوا.*
خ/ ١- خانەگای ڕەزاو. ٢- خانەگای دەروێشان. ٣- خاناوا. ٤- خشکین.
٥- خواشت.

د/ ١- دزلّی. ٢- دەرزیان. ٣- دەرەباخ. ٤- دەرەکێ.
٥ - دەرەتفێی مەریوان. ٦- دەرەویانی س. ٧- دەرەویانی خ. ٨- دەرەومەڕی.
٩- دەرەقووڵە. ١٠- دەرەناخێ. ١١- دەرەنامێ. ١٣- دەروێشان.
١٢- دەرەتەنگ. ١٤- دەژن. ١٥- دەشتەقەڵبێ. ١٦- دەل.
١٧- دەڵەمەرز. ١٨- دەمەیۆ. ١٩- دگاگا. ٢٠-دەگاشێخانی دزلّی
٢١- دووڕوو. ٢٢ - دزوونی س. ٢٣- دزوونی خ. ٢٤- دۆلاو.
٢٥- دێکانان. ٢٦- دێوەزناو.

ڕ/ ١- ڕچی. ٢- ڕەزاو. ٣- ڕیخلان. ٤- ڕیوری.
ز/ ١- زریان. ٢- زەکەریان. ٣- زەنگی. ٤- زەلەکێ.
٥- زۆم. ٦- زمانگریوە. ٧- زیویە.

ژ/ ١- ژان. ٢- ژڵیژە. ٣- ژنین. ٤- ژیوار.
س/ ١- ساڵیان. ٢- سپیار. ٣- سپیبن. ٤- سەرپیر.
٥- سەرخانەقا ٦- سەرڕێز. ٧- سەرسور س. ٨- سەرسور خ.
٩ - سەرشیلانە. ١١- سەرنژمار. ١٢- سەولاوا. ١٣- سو.
١٠ - سەرومالْ. ١٤- سەنگسپی. ١٥- سورەتفێ.* ١٦- سەرهۆیە.
١٧ - سیاناوە. ١٨- سیویە. ١٩- سمویدەر.

ش/ ١- شاری هەورامان. ٢- شانشین. ٣- شاهەسنی. ٤- شەنگ سپی.
٥- شیان. ٦- شێنە. *ع/ ١- عەلیاوا.*
ف/ ١- فارساوا. ٢- فەرەجاوا. ٣- فەیرۆزئاوا.

---

*- سورەتفێ : ئەو دێ یەیە ، بەڵگەنامە مێژووییەکانی تیا دۆزرانەوە ، کە هی ١١ – ٨٨ پ. ز. بوون . نەخشەی ل:٢٢٧ ب/٢. زیاتر : ل ١٣٥.

ق/ ١- قەڵاجێ.　٢- قنگاو.

ك/ ١- كانی چلانە.　٢- كانی چنار.　٣- كانی حسەین بەگ.　٤- كانی دینار

٥ - كانی سانان.　٦- كانی قوربانی.　٧- كانی كبود.　٨- كانی لەیلێ.

٩ - كاشتەر.　١٠- كەرەسی.　١١- كەڕاوا.　١٢- كەكڵی ئاوا.

١٣ - كەلجی. *　١٤- كەلەتەنگ.　١٥- كەڵاتێ.　١٦- كەمانگەر.

١٧ - كەماڵا.　١٨- كلكەجان.　١٩- كۆرەدەرەی س.　٢٠- كۆرەدەرەی خ.

٢١ - كۆڵیژ.　٢٢- كێمەن.

گ/ ١- گازرخانی.　٢- گاڵی س.　٣- گاڵی خ.　٤- گاوانە.

٥ - گەزنە.　٦- گەلیان .　٧- گەگی.　٨- گەڵێن.

٩ - گەنجەناو.　١٠- گەنمان.　١١ - گزیوان.　١٢- گواز.

١٣ - گووڵەسارە.　١٤- گۆشخانی.

ل/ ١- لەنگڕێز.　٢- لۆنی س.　٣- لۆنی خ.

م/ ١- مازیبەن.　٢- مەحموودئاوا.　٣- مەرگ.　٤- مەریوان.

٥ - مەڕەچڵم.　٦- مەلەكانی س.　٧- مەلەكانی خ.　٨- مەلا میرزا.

٩ - مەیسورئاوا.　١٠- میراوا.　١١- مێرگەوار.

ن/ ١- ناوە.　٢- نەسەنار.　٣- نەیجەقەوی.　٤- نەی.

٥ - نزار.　٦- نژمار.　٧- نشوری س.　٨- نشوری خ.

٩ - نشوری ن.　١٠- نوێن.　١١- نیەر.　١٢- نیاوا.

هـ / ١- هادیاوا.　٢- هاڵوژان.　٣- هانەمیران.　٤- هەرسین.

٥ - هەڵوان.　٦- هەشەمێز.　٧- هەندیمەن.　٨- هەنارلە

٩ - هەواسئاوا س.　١٠- هەواسئاوا خ.　١١- هۆیە.

و/ ١- وەرەسی س.　٢- وەرەسی خ.　٣- وەرگەوەڕ.　٤- وەیسە

٥ - وەیسیان.　٦- ولەژێر.


ی/ ١- یەمەنیانی س.　٢- یەمەنیانی خ.　٣- یۆژەنان.　<u>هەموویان : ١٩٩ ن.</u>

## كۆتایی ناوی هەموو شار و دێیەكانی هەورامانی ڕۆژهەڵات ، ل ٢٣٠ – ٢٣٢

.........................................

---

*/ كەلجي : ئەم دێیە جێگای هاتنەدنیای ڕەحمەتی مامۆستا عەلادین سەجادییە ، پێش باركردنیان بۆ ناو شاری سنە ، وە سەجادی نازناو دار، خەڵكی كەلجین. خۆی كردبوو بە خەڵكی دێی باراوی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی ، نەڵێم لە كوونی خۆی هەڵگەڕابووەوە ؟!. زیاتر ل ٢٥٧، ٢٩٩، ٣٠٢.




زاراوەکـــان :

سنوری نێودەوڵەتی.

سنوری ستان یا پارێزگە.

سنوری ئێستای هەورامان.

ڕوبار.

جادەی ئۆتۆمبیل یا ماشێن.

ش .ڕ .چ : شاخ ، ڕوبار. چەم.

پایتەخت.

ناوەندی ستان. پارێزگا.

ناوەندی بەخش یا ناحیە.

لادێ .

بەرزی شاخ.

نەخشەی هەورامانی ڕۆژئاوا ، لهۆن ، <u>دیوی ئێران</u> + زاراوەکان.

پەیامی هەورامان 233

نــاوی ئـەو دێیانـەی کە لـە نـەخشـەی ل ٢٣٣ دا ، <u>ژمـارەیان بۆ دانـراوە:</u>
هـەورامانـی ڕۆژئـاوا لـهۆن ، دیوی ئێران.

١ – بێرواس. ٢- شۆشمێی سەرو. ٣- شۆشمێی خ. ٤- زبـارە
٥- دەرەتفێ. ٦- خـەنانـەکەڕە. ٧- نۆریاو. ٨ – بنـەدەرە.
٩- نۆسمـە.

***<u>لیستی ناوی هەموو شار و دێکانی هـ . ڕۆژئاوا_ لهۆنی دیوی ئێران.</u> ستانی کرماشان ، ئەوانەن نەخشەیان لە ل ٢٣٣ دایە:***

ب/ ١- بندەرە. ٢- بێرواس. **<u>پ</u>**/ ١- پاوە. **<u>ت</u>**/ ١- تـەختـەوجامی.

ج/ ١- جانیسەر. **<u>خ</u>**/ ١- خانـەدەرە. ٢- خانـەگای پاوە. ٣- خـەنانـەکـەڕە.

د/ ١- داریان. ٢- دەرەبـەیان. ٣- دەرەسور. ٤- دەرەهـەجیج.
٥- دەریوەر. ٦ - دشـە.

ز/ ١- زاوەر. ٢- زبارە. ٣- زلتـە.

**<u>ش</u>**/ ١- شەڕەکان. ٢ - شـەوەڵـخێ. ٣- شوی. ٤- شۆشمێی س.
٥- شۆشمێی خ. ٦ - شێخان. ٧- شێنـە.

ك/ ١- کۆمـەدەرە. ٢- کـەیمنـە. **<u>گ</u>**/ ١- گراڵ. ٢- گلوگلان. ٣- گیلوان.

ل/١- لاپرد. **<u>م</u>**/ مێویە. **<u>ن</u>**/ ١- نـەروی. ٢- نـەوسود. ٣– نجار.

٤- نـۆتـشـە. ٥- نـۆریـاو. ٦- نـۆسمـە. ٧- نـەیسانـە.

هـ/ ١- هانـەگـەرمەڵـە. ٢- هـەجیج. **<u>و</u>**/ ١- وڕا. وەزڵـی.

<u>هـەمووی : ٤٢ شار و دێـن.</u>

.......................................




نەخشەی هەورامانی ڕۆژئاوا ، لهۆن ، دیوی ئێراق .

***<u>لیستی ناوی هەموو شار و دێکانی هـ . ڕۆژئاوا_ لهۆنی دیوی ئێراق.</u> ستانی هەڵەبجەی شەهید ، ئەوانەن نەخشەیان لە ل ٢٣٥ دایە:***

ئـ/ ١- ئاوایی ڕۆستەم بەگ. ٢- ئەحمەدئاوا. ٣- ئێڵانپێ.
ب/ ١- باخەکۆن. ٢- بانیبنۆك. ٣- بانیشار.
٤ - بەڵخە. ٥- بنجۆودڕەی. ٦- بیارێ ، بیارە.
پ/ ١- پاڵانیان.

ت/ ١- تەوێڵێ ، تەوێڵە. **ج/** ١- جاور. **چ/** ١- چنارە.
خ/ ١- خارگێڵان. ٢- خەرپانی. ٣- خورماڵ ، گوڵعەنبەر.
د/ ١- دەرەتفێ. ٢- دەرەقەیسەر. ٣- دەرەومەڕی.
٤ - دەگاشێخان. ٥- دۆڵبیان.

ز/١- زەردەهاڵ. ٢- زەڵم. **س/**١- سەرگەت.
٢ - سۆسەکان. **گ/** ١- گەچێنەو وەهارەی. ٢- گەچێنەو باخەکۆنی.
٣ - گریانە. ٤- گوڵپ. ٥- گناوڵە
م/١- میریسور. ٢- مێشلە.
و/١- وەهارە. **ن/**١- نارنجەڵە. ٢- نەوێ.

هـ/ ١- هانەودنیی. ٢- هانەوقوڵی. ٣- هانەوا.
٤- هەوارەکۆن.

<u>هەمووی : ٣٩ شار و دێن.</u>

.......................................

هەموو شار و دێیەکانی هەورامان بە پێی بۆچوونی من:

| | | |
|---|---|---|
| هەورامانی ڕۆژهەڵات: | ٢١٤ | نەخشەی ل: ٢٢٩,٢٢٨ |
| هەورامانی ڕۆژئاوا،لهۆنی دیوی ئێران: | ٤٢ | نەخشەی ل: ٢٣٣ |
| هەورامانی ڕۆژئاوا، لهۆنی دیوی ئێراق: | ٣٩ + | نەخشەی ل: ٢٣٥ |

هەموو شار و دێکان: ٢٩٥ دووسەد و نەوەد و پێنج. (٢٦٦).

٢٦٦/ ٦ - ٤- ١٩٩٦ز. بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا ، لە بەرنامەی کۆلکەزێڕینەدا ، ژمارەی شار و دێکانی هەورامانی بە سێسەد دیاریکرد. یانی ئەوەی من هێشتا پێنجی کەمە .

پەیامی هەورامان 236

**ب/ ٢ / ٢- ڕووبەری هەورامان لای کەمي :**

ئـ / ڕووبـــەر:

١ – هـەورامانـی ڕۆژهـەڵات ، ئێران : ٧٧٠٠ کیلۆمەتری دووجا ، کم/٢ .
٢- هـەورامانـی ڕۆژئاوا ، لهۆن ، ئێران : ١٤٥٠ کم/٢ .
٣- هـەورامانـی ڕۆژئاوا ، لهۆن ، ئێراق: ١١٧٠ کم/٢.
+

١٠٣٢٠ کم/٢ . ده هـەزار و سێسەد و بیست کیلۆمەتری چوارگۆشه.

## ب/٢ / ٤- ژمـارەی دانـیـشـتـوانـی هـەورامـان:

ئایا سەرژمێری نەتەوەی کورد ، بە ڕاستی کراوە و ڕاگەیەندراوە؟
مەزەندەکراوە ژمارەی دانیشتوانی ئێران ، بە: ڕێژەی٣،٦% وە ئێراق بە: ٣،٩% سوریە بە: ٣،٨% تورکیا بە ٢،٢% ساڵانە زیاددەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ، باشتری لایەنی تەندروستی و بژێوی... زیاتر لەوەش دەبێت ، هەر پاش سیی ساڵێك ، چواریەك زیادبکات. بە کورتی لەدایك بوو ، لە مردوو ، زۆرترە.
سەمەرە ئەم کوردەیە ، لای داگیرکەرانی کوردستان، بە مسقاڵ زیاددەکات. لە شەستەکان لە ئێراق دەمانخوێند ٢٠- ٢٥ ملیۆن دەبن. ئێستەس ٢٠١١ ز. هەروادەڵێن! هەیشە کەمتری کردووەتەوە. دەڵێی وەجاخ کوێرن. کورد لە هەمووشتێکدا هەژاربێت ، لە زارۆك بووندا دەوڵەمەندن. سەرژمیری ، دەبێت ئەوانەش پەڕەوازی قووڵایی وڵاتەکە و هەندەران بوون ، حساب بکرێن. سەیری هێڵکاری ل: ٢٣٨ کە گۆڤارێکی دانشگای ئازاد، ی بەرلین لە ١٩٩١ز. دا بڵاوی کردووەتەوە.


ژمارەی دانیشتوانی هەورامان ، بە هەڵسەنگاندنی ساڵی: ٢٠٠٠ ز.

١ – هـەورامانـی ڕۆژهـەڵات ، ئێران. ٧٤٠٠٠٠ کەس.
٢- هـەورامانـی ڕۆژئاوا ، لهۆن، ئێران: ١٩٠٠٠٠ کەس.
٣- هـەورامانـی ڕۆژئاوا ، لهۆن، ئێراق: ١٢٠٠٠٠ کەس.
٤- ئەوانەی دەرەوەی ناوچەکە: ٥٠٠٠ کەس.
+

١ ٠٥٥ ٠٠٠ یەک ملیۆن و پەنجا و پێنج هەزار کەس.



ب / ٢ / ٣- هـێـڵـکـاری ڕێژەی بـوونـي کورد ، بـه مـەزەنـدەی سـاڵـی ١٩٩١ ز.



کوردستان کراوه بە شەش بەشەوە نەک چوار.

ژمارەی دانیشتوانی ، سەرچاوە:

١ – ئەڵمانی / ١٩٩١: = ٢٢ ملیۆن.

AKTULLE SZDLITY LANDKARTE: KURDEN KÄMPFE UND KONFLIKTE UM KWRDISTAN FU BERLIN 1991

٢ – ئینگلیزی / ٢٠٠١ : = ٣٦ ملیۆن.

FIRE SNOW AND HONIG, VOICE FROM KURDISTAN, GINA LENOX , 2001.
ISBN 1-875684700



**ب / ٣ / ١ - ڕووبار و چەمەکانی هەورامان :** نەخشەی: ل ٢٤٤.

ڕوبـاری سیـروان و لقەکانی ، تەنها ڕووباری هەورامانـی ، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ، دیـوی ئێرانە. لـەبـەر زۆری لقەکانی بـەشـم کردووە بـە دوو لقی سەرەکییـەوە: لقی سـەرو ، وە ڕۆژهـەڵاتـی.

*ڕووبـار و چەمەکانـی هـەورامانـی ڕۆژهـەڵات ، دیوی ئێران:*

**ئـ /** لـقـە سـەریـنـەکـەی ڕوبـاری سـیـروان:

**١ -** چـەمی زرێبار : لـە دەریاچەی زرێبارەوە ، لـەسـەرەوە بۆ خوارەوە دێـت.

**٢-** چـەمی گردەڵان : لـە شاخـەکانـی ڕۆژهـەلات و سـەروی ڕۆژهـەڵاتـی شـاری مـەریـوانـەوە، هـەڵدەقولێت. لـە خـوار دێی قـەلاجێ وە ، لـەگـەڵ چـەمی زرێباری پێشـەوە یـەکدەگرن ، بـەرەوخوار دەکـشێن.

**٣-** چـەمـی گـاڕان : لـە سـێ لـق پێکهاتـووە ، لـە سـەروی ڕۆژئاوای شـاری سنـەوە ، دەستپێدەکەن ، نـاوی ئـەو شـارۆچکـەو دێیانـەیان هـەیە کە پێیدا تـێدەپەڕن. ( نـگـڵ، ئـەوێـهـەنگ ، بـێساران ) .

بـە یەك گرتنیان لـە خواروی نگڵەوە ، چـەمی گـاڕان پێکدێت. بـەرەو سـەروی ڕۆژئـاوا دەکـشێت ، لـە سـەروی دێـی دووڕوودا ، لـەگـەڵ لـقی سـەروو کە زرێبـارە واتـە گردەڵانـی تـێ ڕژاوەوە { ، ئـ / ١ + ٢ } ، یـەکدەگرن. بـەمـە لقە سـەرینـەکـەی ڕوبـاری سیروان ، کە پێنج چـەم بـوون ، پێکـدێت. بـەرەو سـەروی ڕۆژئـاوا دەچێت ، پێچدەکاتـەوە بـۆ خـوارووە ، بـەبـەردەم دێیـەکانی بڵبـەر ، وەرگـەوەڕ ، هـەواسـئـاوا ، تـا خـواروی دێی نـوێن دەکشێت.

*( وا پێویست دەکات ،ئـەم لقە سەرینـە لێرەدا ڕابگرین).*

**ب /** لـقـە ڕۆژهـەڵاتییـەکـەی ڕوبـاری سیـروان:

**١ –** چـەمـی گـاوەڕۆ:

لـە لای شـاری سونـقـور و ئـەسـەدئـاوای هـەمـەدانـەوە ، وە لای دێیەکانی: بـەشیراوا، حـەوت ئـاشیان ، سـەرچاوەدەگرێت. لـە خـواروی دێی نـەران دا ، دیـتـە نـاو هـەورامـانـەوە ، لـە دووای دێی بـاڵـەبـان ، چـەمی دێگولان ، دەرژێتـە نـاوی. لـە خـواروی دێی ئـەسکـەران دا ، چـەمی قـشـلاخـی هـاتـوو ، لـە سـەروی ڕۆژهـەڵاتـی شاری سنـەوەش ، دەرژێتـە نـاوی.

( لێرەوە ، پێی دەڵێن سیروان . کـە مـن کـردوومـە ، بـە لـقە ڕۆژهـەڵاتیـەکـەی سیروان ، تا لـەوەی سـەروی لقی **ئـ/** جیای بکـەینـەوە.

**٢–** چـەمـی تـەنـگـیـسـەر:

لـە نـزیـك کـەرەجـوی سـەروی هـەشـەمـێزەوە سـەرچاوەدەگرێت. لـە دوای دێی نـیـەرەوە ، دەڕژێتـە نـاو لـقی سیروانی ڕۆژهـەڵاتـەوە.



**٣-** چـەمـی تـەنـگـیـوەر:

لۆن ، یشی پێدەڵێن ، لە دیوی ڕۆژهەڵاتی شاخی شاهۆوە ، سەرچاوەدەگرێت. لقێکی تری بە ناوی شاحەسنی تێدەڕژێت. لە نزیک دێی پاڵنگان دا ، دەرژێتە ناو سیروانەوە. لێرەدا لقە ڕۆژهەڵاتییەکەی سیروانیش پێکدێت.
لێرەوە بەرەو سەروی ڕۆژئاوا دەکشێت ، بە لای دێیەکانی: دێوەزناو ، جۆلاندی ، دەڵەمەرز ، دەشتەقەڵبێ ، زۆم ،دا، تێدەپەڕێت.

لە دێڕی پێنجەمی سەرەوە وتم *(وا پێویست دەکات... لقی سەروی سیروان لێرەدا ڕابگرم).*

ئەو لقی سەروی سیروانە ، لەگەڵ ئەم لقی سیروانی ڕۆژهەڵاتەدا ، لای دێی ڕەحمەتی شاعیر ، مەلا خدری ( ڕوار) ی ، و نوێن دا ، یەکدەگرن. دەبنە یەکێک. پێچدەکاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا ، زنجیرە شاخی زاگرۆس ، دەبڕێت. لێرەدا ، سنوری جوگرافی زنجیرە شاخی شاهۆ لە لێواری خوارووییەوە دەستپێدەکات ، تا تاقەوسانی کرماشان، درێژ بووەتەوە.
پاش ئەو دەربەندە ، ڕوباری سیروان ، دێتە دیوی ڕۆژئاوای هەردوو شاخی ناوبراوەوە ، کە ناوی ناوچەیی ، لهۆنە.= هەورامانی ڕۆژئاواو ، هەر ناو ئێرانە.

**٤- چەمی پاوە:**
لەم ناوچەی ڕۆژئاوایەی دا ، کە لهۆنی دیوی ئێرانە ، چەمی پاوە ، لە سەراوی هەولی ، کە دیوی ڕۆژئاوای زنجیرە شاخی شاهۆیە ، وە بۆ شارەکە ڕۆژهەڵاتییەتی ، هەڵدەقوڵێت. ئێستە کەوتوەتە ناو شارەوە. بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێت ، پێچدەکاتەوە بەرەو سەرو ، لای دووئاوان دا ، دەڕژێتە سیروانەوە.

**٥- چەمی نەوسود:**
لە شاخی دالانییەوە کە نەوسودی پێوەیە ، وە ئەویش ، ها بە دەم شاخەکانی سپی ، تەتە، هەجیجەوە ،... هەڵدەقوڵێت . بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێت ، لای دێی شیخان دا ، دەڕژێتە سیروانەوە. لەم بەشەی لهۆنەدا ، هەر ئەو دوو چەمە ( پاوە و نەوسود ) دەرژێتە ناو سیروانەوە.

سیروان بەرەو ڕۆژئاواو ، جا بەرەو سەرو دەکشێت ، دوای دێی شێخان : ( واتە جێگای مەرقەدی سوڵتانی ساق ، ل ٤٦١. لە دیوی ئێران دا. وە دێی سنوریی گریانە ، لە هەورامانی دیوی ئێراق دا) ، هەورامان بەجێ دێڵێت.
بە دەربەندێکی سەخت دا دەکشێت ، کە ئەم دێیانە ل لەبەری ئێرانەوە: سیمان ، دگاگا ، دڕۆڵە... وە لە بەری ئێراقەوە : سازان ، چنار کۆکۆیی ، مۆردین ، گردەناوێ ، کەوتە ... هەن. لە سازانەوە بۆ کەوتە ، ڕوبارەکە سنوری نێوان ئێراق و ئێرانە. هەر لە بەری ئێرانەوە = واتە رۆژئاوایەوە چەمی لێڵە و زمکانی تێدەڕژێت. بەرەو ڕۆژئاوا بۆ


بەنداوی دەربەندیخان ، دەکشێت.

*{لێرەدا سیروان و لقەکانی لە دیوی ئێراندا تەواوبوو} .*

..........................................

پرسێك لە ڕووباری سیروان . مۆردین ، ١٩٧٢ز. ١

پرسیم لە سیروان ، ڕووباری کوردان ؟
هەر لە ( هەجیج ) ـۆ ، بۆ لای ( لاوەران)
باوەش دەگریتۆ ، بۆ {لێڵە و زمکان
زەڵم و تانجەرۆ ، تا بانیخێڵان } ١
یەکێك ئەوەندە ، کێو و هەرد تەیکات ؟
دەبێت باسێکی ، دەوری خۆی نەکات ؟!
بۆ باسی کوردە ، زۆر بە تاسەوەم
بە پێنووس خەریك ، کورد شناسەوەم
هاتە دەم وتی : کۆن لە یاد مەکەن
شوێنەوارتان ؛ خۆبەخۆ ، مەخەن
کوانێ ئاسارێ ؟ وا ، لەسەر سیروان ؟
ناوی ڕۆشتبوو ، بە ( پردی کوڕان ) ؟ ٢
( پردی کناچە) ش ، تا دەربەندیخان ؟
تەختی ئەحمەدخان ، قەڵای شای مەردان ؟
دەوری خۆیان بوو ، چەند ساڵ و زەمان
شاهی (پۆست ئەستور ، هەم قەڵاچوالان) ؟ ٣
بەڵام زۆرسەیرە ، هیچ پەند ناگرن ؟
ڕێي هەڵە دەگرن ، فرمێسکیش دەسڕن ؟!.

---

١– هادی بەهمەنی ، س . ک . ژ .١٧ ل ١٦. مۆردین: چوارساڵ لەم دێیە سنوورییەدا مامۆستایم کردووە. لێرەدا سیروان کە لەبەردەم دێیەکەدایە ، کراوەتە سنووری ئێراق و ئێران . خەڵکانێکی دڵسۆز و سەغی تەبیعەت ، نیشتەجێی بوون. سەدام وێرانیکرد. هەجیج ، لاوەران: دێن ، یەکەم لە هەورامانی لهۆنی دیوی ئێران دایە ، نزیکی بەنداوی داریانی نزیکی نەوسودە. هەردوو لە نزیکی لێواری ڕوباری سیرواندان. { لێڵە ، زمکان ، زەڵم ، تانجەرۆ} : خوشکە ڕوباری سیروانن . لێڵە و زمکان لای خواروی جوانرۆوە دێن ، لای دێی سنوورییی ، لاوەران ،{ خاوەنی پێشمەرگەی سەرکردە، شەهید: قالە سوورو جەلال لاوەرانییە}. ڕۆژئاوای هەڵەبجە ، لە کوردستانی ئێراقدا ، دەرژێنە سیروانەوە. تانجەرۆ لە سەرچناری سلێمانییەوە ، لقێکی دێت ، لای دێی بێسەڵمێنی شارەزووردا، سەروی دووجەیلە ، دەرژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە. بانیخێڵان: دێیەکە لە ڕۆژئاوای دەربەنیخان دایە. لە سەردەمی دیکتاتۆری نایابدا ، ئاوی کانیاوی ئێرە ، بە باشترینی ئێراق دەرچووە !. بۆیە کارگەیەکی تێدا کردبووەوە. هەروەها برنجیشی بە ناوبانگە . وە دێی ڕەحمەتی ئەدیب و پێشمەرگە و سیاسی حیزبی شیوعی ، مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانییە. باوکی پۆلیسم لە ناحیەی دەربندیخان ، وە لە سەردەمی مەلیک دا ، دەیوت : حوکمەت زۆر بە دووایدا دەگەڕا ، جارێک لە گیراوەکانی ، ئامێرێکی چاپی پێ گیرا، کە لەو کاتەدا، قەدەغەو، هەر حوکمەت هەیبوو !.



*<u>ڕووبار و چەمەکانی هەورامانی ڕۆژئاوا ، لهۆنی دیوی ئێراق:</u>*

ڕووبار و چەمەکانی تەوێڵە و بیارە و زەڵم :

١– ڕووباری زەڵم: دڵدەم: ناوی کۆنی زەڵم ، ( دڵدەم )ـە.
سەرچاوەکەی تاڤگەی زەڵمە ، لەناو قەدی دیوی ، ڕۆژئاوای شاخی هەورامانەوە ، هەڵدەقوڵێت. لە کونێکەوە مرۆڤی پێوەدەچێت ، لە بەرزی زیاتر لە ١٥٠ م. ەوە ، دادەپەڕێتەخوارەوە ، بۆناو گەرووی دەربەندی زەڵمەوە. لێرەوە روبارەکە دەستپێدەکات، بەرەو رۆژئاوا ، بە دەربەندێکی سەختدا دەڕوات ، دێی زەڵم لای ڕاستیەوە ، وە ئەحمەدئاوا لای چەپیەوە ، جێدێڵێت. ئەم تاڤگە و دەربەندە کە دەڵێی خوشکە تاڤگەی ، بێخاڵی لای ڕواندزە ، هاوینەهەوارە ، بە مانای وشە. ل: ٢٦٩ دووای ئەحمەدئاوا بەرەو سەروی ڕۆژئاوا دەکشێت ، بە ناو خورماڵ و ژێر پردەکەی زەڵم دا ، دەکشێت ، بە دوو کم. ێک ، دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە.

٢- چەمی بیارە:
لە چەند کانیاوی ، سێی دێی سنوری: کەیمنە ، بێرواس ، هانەگەرمەڵە ، کە لە بنی شاخی هەورامانی ڕۆژئاوا و لهۆنی دیوی ئێرانەوەن ، سەرچاوەدەگرێت.
بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێت ، دوای ٢ کم. دەگاتە بیارە = هەورامانی دیوی ئێراق. بەرەو باکور پێچدەکاتەوە ، ئەم دێیانە : دەرەقەیسەر ، خارگێلان ، جێدێڵێت ، لە خوار ئاوەڕۆی زەڵمەوە ، لقی یەکی ی سەرەوە ، دەڕژێتە دەریاچەی دەربەندیخانەوە.

٣- چەمی تەوێڵە:
لە سەرچاوەوە دوو لقە ، لقی یەکەمیان: چەمی: دەرەو زاوەری ، یا خواروەکەیان، کە ئەو دێیەی لەسەرە ، بە شاخی دالانی ئێرانەوەیە ، لقی دوەمیان: دەرەو ئاوێسەری ، یا سەروەکەیان ، لە کانیاوەکانی ئاوێسەرەوە کە هاوینەهەوارێکی سروشتیی جوانە ، هێشتا دەستی مرۆڤ تێکینەداوە. سەرچاوە دەگرێت. هەردوو لقەکە لە چەند کانیاوی بنی شاخەکانی: دالانی ، سپی ، هەورامانەوە ، هەڵدەقوڵن. ژمارە ١ ،٤ ی خوارەوە. لەناو شاری تەوێڵەدا یەك دەگرن ، لێرەدا لە پیتی وای Y لاتینی دەچێت ، ئەم شارەشی کردووە بە سێ گەڕەکەوە: چلانە ، مالیدەر ، وەرانوەر. لێرەدا چەند کانیاوی تێدەڕژێت ، سەیری ژمارە پێنجی خوارەوە ، کانیاوەکان.
دوای ئێرە بەرەو سەروی ڕۆژئاوا دەکشێت ،ل ای ڕاستیەوە دێیەکانی ، سۆسەکان ، پالانیان ، جاور ، هاوار ، جێدێڵێت و لای دێی گریانەدا دەڕژێتە سیروانەوە.

---


٢ - پردی کوڕان ، کناچە( کچ): لەکۆندا لەسەرسیروان ، لای دێی شێخان و پاڵنگانی هەوراماندا بەسرا بوون. ل ٤٠٠ .٣- پۆست ئەستور: ئێستا ناوی بووە ، بە بێستان سوور ، لە پارێزگەی سلێمانی و لە نێوان عەربەت - زەڕایەن دایە. لە کۆندا خاوەن قەلاو پاشا بووە...



ناوی هەندێك کانیاوی هەورامانی ڕۆژئاوا ، لهۆن:

| ناوی کانیاو | شوێنەکەی |
| --- | --- |
| ١ – هانە و ڕێزا. | ئاوێسەر. |
| ٢- گوزنیدار ، جەمە ، تفیابن. | دەگاشیخان. |
| ٣- حەمەزەمان بەگ. | کەیمنە. |
| ٤- دوڵانا، مەرە. | زاوەر. |
| ٥- بێیەری ، گەناوڵێ ، هەسپەتاچن ، حاجیاوا. | سۆسەکان. |
| ٦- لێژەو کەریم بەگی ، بناوژدەرە ، بوومیان ، دەرە. | پاڵانیان |
| ٧- دۆڵ هەنجیر. | دەرەتفێ. |
| ٨- ( هانەکڵە ، سەیمارەوار ، دەرەتاریک ، دەرەوبەڵخی ، هانەوپلووری ، هانەسوسو ، پەشتەومەرزی ، وەزڵی ، سۆفی جانە ، گەڕیاتی.) | تەوێڵە. |
| ٩– مێشلە ، هانە هەڵوچە ، هانە ڕیوڵە ، وەزەنێ ، چەمە. | بەڵخە. |
| ١٠- قاڵاوا. | دەرەقەیسەر. |
| ١١- هانەکڵە و کەرگا ، هەسارەچەرمێ. | خەرپانی. |
| ١٢- هەوڵی ، دەرەباسام ، هانەوسانی ، میراوا. | پاوە. |
| ١٣- وەرەهەرات ، قەڵوەز ، دەرەگماڵێ. | نەوسود. |
| ١٤- هانە مرۆ ، هانەو فەقیا ، مەیانی ، قاڵاوا، نۆتێ ،عوسمان ، حاجی حەمەئەمین. | بیارە. |

= ٤٧ کانیاو لە ١٤ شار و دێ دا.



نـەخشـەی ڕووبـار و چـەمـەکانی هـەورامان.

**ب / ٣ / ٢- شـاخـەكانی هـەورامـان** : نەخشەی ل: ٢٤٩

هـەمووهـەورامـان ناوچـەیـەکی شاخاوییە ، ( ڕێـژەی) بـەرزی ، لـە ڕووی دەریـاوە ، لـە ١٧٠٠ مەترەوە دەستپێدەكات ، نـاو و بـەرزترین لـووتكەی شـاخي شـاهۆیـە کە ٣٦٠٠ – ٣٩٠٠ مەتـره یـە ، وە لـە ڕۆژهەڵاتی شاری پـاوەدایـە.

لـە خوارەوە شاخەكان و جێگاو بـەرزیان ، لـە سەرەوە بۆ خوارەوە ، نووسراون. ئـەم شاخانـە لـە شێوەی ، زنجیره شاخدان ، لـە سنوری هـەورامانی دیوی ئێران و ئێراق دا ، نـاو و درێژی جیاوازیان هـەیـە ، وەکو شاخی داڵانی .

*١- نـاو و بـەرزی و شـوێنـی شـاخـەكـانـي هـەورامـانـی ڕۆژهـەڵات:*

| ناوی شاخ | بەرزی بە مەتر | شوێنەکەی ، لای شاری یا دێی: |
|---|---|---|
| ١– چلچەمە. | ٣١٧٣ | سەروی ڕۆژهەڵاتـی ، مەریوان. |
| ٢- هەزارمێرگە. | ٢٧٠٧ | وەك سەرەوەیە. |
| ٣- شاگەورە. | ٢١٠٥ | ڕۆژئاوای مەریوان. |
| ٤- هانەمیران. | ١٨٥٠ | سەروی ڕۆژئـاوای مەریوان. |
| ٥- دەربەند. | ٢٧٧٠ | خواروی مەریوان. |
| ٦- سەنگسور. | ٢٦٧٠ | تفڵی. |
| ٧- پیاژ. | ٢٩٥٣ | سەروی هەزارخانی. |
| ٨- شانشین. | ٢٣١٣ | شیان ، بێساران ، سەرڕێز، گواز. |
| ٩- کۆساڵان. | ٢٦٢٠ | ژیوار ، ڕەزاو ، دگـاگـا ، ئەسپەرێز ، دەل ، دەڵەمەرز، تفڵی ، بندۆڵ. |
| ١٠- لەغامگیر، کرالام ، کوڕی - - مریەم ، بلەزین. | ٢٠٠٠ - ٢٦٠٠ | پایگەلان. |
| ١١- مێرگەوار، پلوور، میروەیس. | | گواز، نیەر، ژان. |
| ١٢- کوچکەسەر | ٢٩٤٦ | ڕۆژئاوای شیان. |
| ١٣- ژاڵانە ، قەڵای هەورامان. | | شاری هەورامان. |
| ١٤- وزازەرا، کەماجەڕ. | | دەرەکێ. |
| ١٥- تەتە. | ٢٦٨٣ | دەرەکێ ،کەماڵا،وەیسیان. |
| ١٦- تەخت. | ٢٨٢٠ | ڕۆژهەڵاتی زاوەر، خواروی تەوێڵە. |
| ١٧- شیانە. | | سەرهۆیە. |
| ١٨- کڵوەکل، سەرلو. | ——— | پاڵنگان. |

| ناوی شاخ | بەرزی بە مەتر | شوێنەکەی ، لای شاری یا دێی: |
|---|---|---|
| ١٩- هانەوەرات. | ـــــ | هەرسین. |
| ٢٠- هانەڵا. | ـــــ | سەوڵاوا. |
| ٢١- هەوارەبەرزە. | ـــــ | ژڵیژە. |
| ٢٢- گاڕان. | ـــــ | شێخ عەتا،بەردەسپی. |
| ٢٣- سەرتەپە. | ـــــ | دەڵەمەرز. |
| ٢٤- قەڵابەرد | ٢٩٠٠ | سەوڵاوا. |
| ٢٥- سەرتەڵان. | ـــــ | دێوەزناو. |
| ٢٦- بلچەسور. | ـــــ | ولەژێر. |
| ٢٧- قەڵای قورێچیا. | ١٨٥٠ | سەروی ڕۆژهەڵاتی تاڵەوەران. |
| ٢٨- چلەخانە. | ٢٧٠٥ | ڕۆژهەڵاتی هەزارخانی. |
| ٢٩- زەڕەوار. | ـــــ | گواز. |
| ٣٠- گاوەلەرە، ساوان. | ـــــ | ئەوێهەنگ. |
| ٣١- هانەبرامان. | ـــــ | ئاریان. |
| ٣٢- بەنەن ، دەیر. | ـــــ | سەروی نگڵ. |
| ٣٣- هەمرۆ ، دەرەوشکە. | ـــــ | سەرومالْ. |
| ٣٤- جانەوەرە. | ـــــ | بلچەسوری کۆماسی. |
| ٣٥- عەواڵان. | ٣٠٠٠ | ڕۆژئاوای کامیاران. |

٢- *ناو و بەرزی و شوێنی شاخەکانی هەورامانی ڕۆژئاوا:* هەردوو <u>لهۆنی ئێران و ئێراق</u>:

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦- شاهۆ( شای کێوان). | ٣١١٨ ــ ٣٩٠٠ | لەسەرەوە ڕ. سیروان لەخوارەوە دەربەندی کرماشان. زیاتر ل: ١٨٦ |
| ٣٧ - داڵانی( ئالپی ئێران) * | ٣٣٠٠ | ڕۆژهەڵاتی ، نەوسود ، نۆتشە ، زاوەر. زەڵم |
| ٣٨- قولەسۆتە، قەڵاگۆرە. | ٢٢٠٠- ٢٧٠٠ | نەوسود. ٢٦٧ |

* – داڵانی: لە هـ . ئێراندا ، نۆتشە و نەوسود بەو شاخەوەن. لە هـ . ئێراقدا: دوو لووتکەی شاخی هەورامان ، کە کوتایی سەروی ئەو شاخەیە ، وە ڕۆژهەڵاتی دێی زەڵم و ئەحمەدئاوایە. هەر ناوی داڵانییە. هەرچەند لە نێوان ئەوەی ئێران و ئێراق دا. شاخی تری وەك هەورامان ، چەرمە ،... هەیە و ١٠ کم. ێکیش دوورن. وێنەی ل٢٤٨. هەر لێرەدا ، ئەم لووتکە و کانیاو و هەوارانە هەیە:
( مڵەخورد، ڕەنگین ، سۆفیەسەرە ، لۆوعیزەت بەگی ، لووتوپرشنگی).
٢٦٧- سەیید یەدوڵای نەجەفی ، س.ف. ژ. ٦ ل: ٨. وە گووگڵ و چەند ئەتڵەسێك و پرسیارکردن و جا کوێرەخەتی خۆم ، ناو و بەرزی ئەو شاخانەم لێیانەوە ، وەرگرتووە.

| ناوی شاخ | بەرزی بە مەتر | شوێنەکەی ، لای شاری یا دێی: |
|---|---|---|
| ٣٩ – مایگەزان. | ٢٣٧٥ | سەروی ڕۆژئاوای پاوە. |
| ٤٠ – ماکوان ، پەڕاو. | ٢٦١٣ | ڕۆژئاوای باینگان. |
| ٤١ – ئاتەشگا. | ٢٧٠٠ | ڕۆژئاوای پاوە و شمشێر. |
| ٤٣ – دەربەن هەجیج. | ٢٧٧٠ | ڕۆژهەڵاتی هەجیج نۆتشە. |
| ٤٤ – هۆرامان. | ١٨٥٨ – ٢٥١٨ | لە ڕۆژهەڵاتی تەوێڵە ، بیارەوە باخەکۆن ، تاڤگەی زەڵم . |
| ٤٥ – بەنەن. | | بەڵخە. |
| ٤٦ – شوانگێڵ ، دارەپانان قووڵو مۆمنـي. | | پاڵانیان. |

باسی ٤ لە شاخەکان :

١ – ز . ش . شاهۆ : *هەمووی لە دیوی ئێراندایە.*

پەرسام جە شاهۆ : چی سەرسەختەنی ؟

کەمەر فراوان ؟ کەم درەختەنی ؟.

شاخێکی ٧٥ کم. درێژ و ١٥ کم پانە ، یا ئەوەندە جێگای داگیرکردووە. بەرز و سەختیشە ، لەبەر بەرزی ، پۆپەکانی داربەڕووشی لێ سەوز نابێت. لەوێدا کە ڕووباری سیروان، ز. ش . زاگرۆس دەبڕێت ، دێتە دیوی هەورامانی ڕۆژئاواوە ، لهۆنی ئێران، دەستپێدەکات ، واتە دەبێتە سەروی . تا دەربەند کرماشان ، تاقەوسان ، درێژدەبێتەوە، وە دەبێتە خوارووی. لە دیوی ڕۆژئاوایەوە ، ئەم شوێنانە هەن :


گیلوان ، داریان ، پاوە ، دوریسان ، شمشێر ، ڕوانسەر ... بەرزترین جێگای ڕۆژهەڵاتی پاوەیە ، ٣٩٠٠ م. بەرزە. زۆر کانیاوی لێوە هەڵدەقووڵێت ، وەکو : چەمی پاوە ، ڕوانسەر، شاهەسنی...

٢ – ز. ش. شاخی هۆرامان : *ڕۆژئاواکەی : واتە دیوی ئێراقی.*


لە ڕۆژهەڵاتی تەوێڵەوە ، کە دەبێتە خواروی ، بۆ تاڤگەو دێی ، زەڵم یا دڵدەم کە دەبێتە سەروی ، درێژدەبێتەوە. بە پێی زانیاری ( گووگل ئیرث) ، بەرزی ها لە نێوان : ١٨٥٨ – ٢٥١٨ مەتردا ، بەرزترین لووتکەی لە نێوان تەوێڵەو بیارەدایە. لە ئەتڵەسی پۆلی پێنجی سەرەتایی ئێراق دا، لە ١٩٦٠ز. دا ، لە سەر نەخشەی وڵاتەکە ، ناوی نووسرابوو. لە سەردەمی حوکمەتی کوردیی هەریمی کوردستانی ئێراق دا، ١٩٩٢ – ٢٠١٨ هەر لابراوە !. بەڵام کردووشیانە بە سورێن !. نەڵێین : { ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو} ؟. جێگای ش . سورێن : لە سەروی هەورامانەوەیە ، وە تا نزیکی پێنجوێن ، درێژ دەبێتەوە. سەیری هێڵکاری خوارەوەی ، ز. س. زاگرۆس لە هەورامان دا، بکە. ل ٢٤٨.

لەبەر ئەوەی پۆپەی ئەم شاخە سنوری ئێران- ئێراقە ، بۆیە دەکرێت لە دیوی ڕۆژهەڵاتی دا ، کە هەورامانی دیوی ئێرانە ، چەند ناوی ناوچەیی تری هەبێت.

ز. ش. هەورامان کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی ئەم جێگایانەوە ، لە خوارەوە بۆ سەرەوە:
تەوێڵە ، بەڵخە ، بیارە ، نارنجەڵە ، گەچێنە ، گوڵپ ، تا دەداتەوە لە ڕێکی تاڤگەی زەڵم یا دڵدەم . دوو لوتکەی دالآنی ئەوەتان بە دەم ئەمەوە. ل ٢٥٠. دووای ئەمانە شاخی سورێن دەستپێدەکات.




وێنەیەکی زنجیرە شاخی زاگرۆس و ناوە ، ناوچەییەکانی ، لە هەورامان دا.



نـەخـشـەی شـاخـەكـانی هـەورامـان .

٣- ز. ش . كۆسالان(بووكى شاخانى هەورامان):
لە سەرەوە ڕۆژئاواى شارى مەريوان و دەرياچەى زرێبار و سەولاوا، تا ڕۆژئاواى پايگەلان لە خوارەوە ، درێژبووەتەوە ، لاى ڕۆژهەلاتى شاخى هەورامانى گرتووە ، جادەى مەريوان _ هەورامانى تەخت ، بە دەربەندى نێوان ، ئەم و دالانى دا براوە .
لە لوتكەكانى ئەم شاخە. قەلاى گاوران ، پيرڕۆسەم ، بەمۆلەبەرزە ، عەوالان... بەرزى ئەم شاخە دەگاتە : ٢٦٢٠ مەترە.

٤- دالانى( ئالپى ئێران):
لە خوارەوە دێى هەجيج ، بۆ دێى زاوەر ، لاى سەرويەوە درێژبووەتەوە. هەمووى لە ديوى ئێرانداية ، دوو شارۆچكەى ، نەوسو ، نۆتشە. بەو ، شاخەوەن. لە سەر ئەم شاخەوە بۆ ناو نەوسود ، جادەيەكى پێچاوپێچى سەرنج ڕاكێش هەيە ، بەو شاخەدا دادەبەزێتە خوارەوە، بۆئەوێ!.

لە هەورامانى ديوى ئێراقيش دا ، وە لە كۆتايى بەشى سەروى ، ز. ش. هەورامان دا ، دوو لووتكە هەيە ، هەر ناوى دالانييە ، جێگاكەى : { ڕۆژهەلاتى تاڤگە و دێى دلدەم} دا. هەلكەوتووە. يانى ناوى شاخى دالانى لە هەردوو ديوى هەوراماندا هەيە. بەينيشيان شاخى هەورامانە. سنورى دەسكردى داگيركەران ، ئەم دوو شاخەشى لە يەك پچڕاندوون. لە گۆرانييەكى ئەم ناوچەيەدا، بە ناوى كۆنە هەواران ئەمە هاتووە:

هەوار بارشكەرد ، لوواوە <u>دالانى</u> هەر وێم وە سەرگەرد ، وردە خالانى

## ب / ٣ / ٣ - ئاو و هەواى هەورامان:

لە لاپەڕەكانى پێشوى ، ئەم بەشى جوگرافيايەدا ، زانيمان ناوچەكە ، كەوتوەتە نێوان دوو هێلى پانى : سيوپێنج پلەو سيوپێنج دەقيقە. ( ٣٥,٣٥ ) وە : سێ پلەو سيوپێنج دەقيقەوە. ( ٣،٣٥ ). وە شاخاوييە و بەرزى ها لە نێوان ١٧٠٠- ٣٩٠٠ مەتردا ، لەڕوى دەرياوە. ئەمە يانى بوونى ئەم شاخانە ، هۆيەكى گرنگن ، بۆ گلدانەوەى باى شێدارى هاتوو ، وە باراندنى باران و بەفر و تەرزەكەى ، بەسەر خۆيدا.

ئاو وهەواى ئێرە لە چوار وەرزەكەدا ، دەكەين بە دوو بەشەوە:
١ – لە زستان و بەهاردا:
لە سێ مانگى زستان دا( بەفرانبار، ڕێبەندان ، ڕەشەمە) ، سارده ،كوێستانە ، پلەى گەرما ، دادەبەزێتە پلەى ، ١٠ بۆ ٢٠ ى ژێر سفرەوە ، لە شەودا زياتريش. هۆى باران بارينى، باى شێدارى زستانە و بەهارەى ، هاتووى دەرياى ناوەڕاستە ،{ مێدەتەرانە} يە. تا دەگاتە سەر ئێرەش ، واتە لە كەنارى ڕۆژهەلاتى دەرياى ناوبراوەوە ، كە ڕۆژئاواى سوريە و لوبنان و ئيسرائيلە ، تا هەورامان: بە تيژى بايەكەيە ، كە هەورەكان دەهێنێت، ٧ بۆ١٠ سەعاتى دەوێت تا ئەو نێوانە دەبڕێت ، يانى بە گوێگرتن لە دەنگوباسى

کەشناسی ئەو سێ وڵاتە ، لە دوای ئەو ماوەیە ، لێرەش دووبارە دەبێتەوە ، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوێ ، چونکی زۆری لێ بۆتەوە . لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ئەردەن بۆ سەر ڕوباری فورات لە ناوەڕاست و خواروی ئێراق دا، هەمووی بیابانە ، زیانی بۆ کەمکردنەوەی شێکەی هەیە ، دەبێتە هۆی کەم بارانی و کەم ئاوی پێوە دەبێت.

هەرلەگەڵ یەکەم پەڵەدا ، لەسەر لوتکەکان بەفردەبارێت ، لە دیوی ئێراندا ، دەبێتەهۆی ڕێگابڕین و دابڕینی زۆرێك لە شار و لادێکان ، ئاژەڵەکانیش لە گەوڕەکانیاندا بەنددەکات . لە دوو مانگی کۆتایی بەهاردا ( نەورۆز، گوڵان ، جۆزەردان) هەرچەند بە رۆژ پلەی گەرما ، دێتە ، ٨ – ١٥ ی سەروی سفرەوە ، بەڵام بەشەو هەر ساردە. دەیان کانی نوێی وەرزیی دەتەقێت و هەمیشەییەکانیش ئاویان زۆردەبێتەوە. وەرزی لافاوی چەم و ڕوبارەکان دەستپێدەکات. خەڵکی دێرینی ئێرە ، بۆ زانینی کەشناسیان ، چەند پەند و ئامۆژگاریان بۆ نەوەیان بەجێ هێشتووە، لە ل:٣٥٤ دا پیتی: هـ / ژمارە: ٦- ٨ نووسراون.

٢- لە هاوین دا:
بێ بارانە ، پلەی گەرما لە ڕۆژدا ، بەرزدەبێتەوە بۆ ١٥- ٣٠ ، لە ئێستاش دا بۆ سەروی سییش. لە شەویش دا لە خواروی ١٠ ەوە دەبێت. لەچاو ناوچەکانی دەوری هەورامان دا، دەتوانین بڵێین تینی گەرمای ، ئێرە هێشتا مامناوەندییە و شوێنی فێنکیشی ، بەهۆی بەرزی و باخاتییەوە ، زۆر لە بارن بۆ کردنیان بە هاوینەهەوار.

بای هاوینە:
بای یەکەمیان هەرچەند هەر لە دەریای ناوەراستەوە دێ ، بەڵام لەم وەرزەدا وشکە ، بە تێپەڕبوونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی سوریە و ئەردەن و ، سەروی سعود و ڕۆژئاوای ئێراق دا، ئەو ناوچانەش ، هەر بیابانە و وشکە ، بۆیە لەگەڵ گەرمی ، لم و خۆڵ و دێنێت ، هەندێك جار ئەوەندە زۆرە ، بە واتەی خەڵکی دەبێتە هۆی خۆڵ بارین.
بای دووهەمی هاوینەیي لە کەنداوی عەرەبی یا فارسییەوە هەڵدەکات ، کەنداو لە سەرویەوە ڕووبەرێکی پانی بچوکە ، هەموو جارێکیش بڕی ناوچەکە ناکات. گڕەدار ، یا سەموم دارە ، پێست دەسوتێنێتەوە. لەسەردەمی خەلیفە متوەکیلی عەباسیدا ، بایەکی سەمومداری وا ، بووەتە هۆی مردنی خەڵکی و ڕێگرتن.
بەسەیری دووری هەورامان لە بیابانەکانی ڕۆژئاوا وخواروی ئێراق وە لوتی ئێرانەوە ، کە ٧٠٠ کم. کەمترە ، بۆیە کەشی گەرمیی ساڵ( هاوین ) ، درێژ ترینە ،نەك هەر لێرە ، لە کوردستانی مەزن و ئێران و ئێراقیش دا.

زانایان دەمێکە زەنگی ئاگادارکردنەوەیان لێداوە ، دەربارەی گەرم داهاتنی گۆی زەوی.*

---

*/ لە ڕاپۆرتێک دا هاتووە: تا دە ساڵی تر بەشی ڕۆژئاوای کوردستانی ئێراق دەبێتە بیابان ، تا پێنجی تریش دەگاتە شاری موسڵ ، وە تا ٢٠٤٠ ز. دیجلە و فورات وشک دەبن .
لە هاوینی ٢٠١٠ ز. دا ڕادیۆی کوردستانی ئێراق بڵاویکردەوە: ئەمە پەنجاهەمین جارە لەم ساڵەدا ،

کـەم بـوونـەوەی ئـاو ، وا لـە دەوڵـەتانی داگیرکـەری کوردستـان دەکات ، زیاتر مـرخ لـە وڵاتـی کوردستـان خۆشکـەن ، ئـەمـەش یانـی جینۆسـاید کردنـی زیـاتـری نـەتـەوەی کـورد :

وەرمـێـوم دیـەن. ( بـەرلین ، ٢٠١١ز. ). ٢٦٨


وەرمـێوم دیـەن ، وەرمـێوم دیـەن
فـریـا نـەگـنـدێ ؟ حـسـابـتـا شـیـە ن ؟
خۆڵـك خـاتـرجـەمـبـۆ ، ئـاوی هـەر کـەم بـۆ
پـەی چـەم وەشـتـەریـن ، دیـمـەن هـەر چـەم بۆ
کـام پـاشـاو عـەرەب ؟ جـام بـێـدەنـگـیـش مـەڕد ؟
یـا کـام کـەنـاڵـشـا؟ کـێـشـاش ئـاهـێـو سـەرد ؟
عـارەب ، وە قـورئـان ؛ نـەبـیـەن ئـاقـڵ !
یـانـێ بـژنـاسـدێ ، ئـەنـفـالـچـی و قـاتـڵ.
قسەو خوای ڕاسا ، (ئەششـەدو کوفرەن)
عـارەب زۆرش بیی ؟ قـورئـان لاش سـفرەن !
هـەر وەدەم کـوشـتـەی ، یـۆ حـەلاڵ کـەران
نـێـرمـان قـڕکـەران ، مـێـمـان دیـل بـەران
بـا گـنمێ وێـمـا ، یـۆتـەریـن گـێـرمـێ
کـۆچـمـا پـێـچـمـێـوە ، هـۆرامـان گـێـڵـمێ
دلـی کـەشـانـە ، پـاڵ هـانـە و دەرە
کـێـڵـمـا وەشـکـەرمێ ، قـوولـلـە و دووەبـەرە
مـشـیـۆم هـەمـیـشـە ، چـەك لامـاوە بـۆ
خـاك و نـەوەیـمـا ، ئـەسـتـۆمـاوە بـۆ
پـا جـۆرە تـاومـێ ، وێـمـا پـارێـزمـێ
ئـەنـنـا ئـەسـڵـمـا ، چـێـر پـۆسـاڵ ووزمـێ.

---

لە هەولێر خۆڵ دەبارێت!. ٢- ٣- ٢٠٠٣ ز. ئاژانسەکان: کێوە سەهۆڵێکی ٣٢٥٠ م/ ٢ ، لە بەستەڵەکی خواروو ، هەڵکەنراو جیابووەتەوە ، بەرەو دەریاکانی ناوەڕاستی زەوی لە جماندایە.

٢٦٨ - هـادی . بەهمەنی ، س . ک . ژ . ١٧ . ل ١٠٣. مـانـای هەندێ لە وشەکان:

وەرمێوم دیەن: خەوێکم دیوە. لێوەن: شێتە. بەرشیەن: دەرچووە. چەمی یەکەم: چاوە. چەمی دووەم: چەم ، ڕوبارە. وەشتەرین: جوانترین. مارا: دەهێنن. یوەم: یەکەم. ماڕا: دەشکێنن. ویچش: خۆی. جام: ئاوێنە ، شووشە. نەبیەن: نەبووە. بژناسە: بیناسە. لەم ئایەتانەدا،( فصلت – ٤٤- ، زوخرف و یوسف/٢ ، تەوبە /٩٧ ) خوا عەرەبی بە کەم ناوبردووە. عەرەب دەسەڵاتی بوو؟ گوێ بە قورئانیش نادات. لە کۆندا کەتنی پاوەی هەورامان ، لەسەردەمی منیش دا: ڕژێمی سەدام چی ما ؟ نەیکات؟!. لە ٣/ ٨ / ٢٠١٤ ز. دا ، کەتنی شەنگال . {ل ٨٠ ژمارە ٣٣٠ }. یانی ئەوانەتان هەر پێ دەکەنەوە. . گنمێ وێما: بکەوینەخۆمان. یۆتەرین گێرمێ: یەکتری بگرینەوە. گێڵمێ: بگەڕێینەوە. دلی: لەناو. هانە: کانی. وەشکەرمێ: چاکبکەین. بەرە: دەرگا. مشیۆم: دەبێت. بۆ: هەبێت. تاومێ: دەتوانین. وێما: خۆمان. وزمێ: دەخەین.




نەخشەی کوردستان لە خواروی ڕۆژهەڵاتی دا ، بە پێی ستانەکانی ئێران. (ل٣٥ ، ٣٧).

**ب / ٣ / ٤ – ژینگەناسی:** (سروشتێکی پاك ، تەندروستییەکی چاك)
١ – لە سەر زەوی:
بە زۆربوونی مرۆڤ ، لەگەڵ ئەمیش دا ، دروستکراوەکانی دەستی ، وەکو: کارگە ، ئۆتۆمبیل ،فرۆکە... ئەوانە لەگەڵ سوودیان دا ، زیانیشیان هەیە ، دووکەڵ ، گازی چەندجۆر، گرمە ، تۆز ، نەخۆشی نانەوە ، پیسبوونی ژینگە... ئەوانەش دیارە دەبنەهۆی گەرم داهاتنی زەوی ، تووانەوەی کێوە بەفرینەکانی هەردوو بەستەڵەك.
ئەوەش ئاوی دەریاکان بەرزدەکاتەوە ، دوورگە یا وڵاتە تەختەکانی وەك هۆڵەندە ، دەبنە جێی مەترسی ، بۆ کەوتنە ژێر ئاوەوە.
وڵاتانی پیشەسازی کەلە ڕیزی پێشەوەی ، ئەو وێرانکاریەدان ، دەزانن چی دەکەن؟ هەر بۆیە بەهەڵەداوان بە ئاسمان دا دەگەڕێن ، تا شوێنێك بۆ خۆیان ، بدۆزنەوە ، پێش وێران بوونی ئەم ، بۆی دەرچن!. لوویسەکانی فەرەنسەش دەیانووت: هەرخۆم باش بژیم ، خوایدەکرد دوای من تۆفان ، هەمووتانی دەخنکاند.
هەرچەند لە کۆن دا ، لەسەر گۆی زەوی چوار وەرزەی ساڵ بەرێکی دەبینرا ، بەڵام پەمپ لێدانی پەرەمێزی زەوی ، لە لایەن وڵاتە پیشەسازییەکانەوە ، وەرزی گەرمای ، یا هاوینی لەوسا ، درێژتر کردووەتەوەو وە کارەساتەکانی زریان لافاو بوومەلەرزەشی زیاد کردووە. هەورامانە بێ تاوانەکانیش ڤیروسیا پێوە دەبن.

ئایەتەکەی خوا چەند جووانە ، نیوەیم بیرکەوتەوە: خۆتان بپارێزن لە ئاژاوەوەو پشێوی نانەوە ، ئەوانەی ناویانەتەوە پێوە نابن : { ...... لا تصیبن الذین ظلموا منکم خاصة}.

٢- لە ئاسمان دا:
چڕە دوکەڵی ، گازی پڕ لە زیانی ، دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ ، هەر لە زیادبووندایە. بەبەرزبوونەوەی بەرەو ئاسمان. دەبێتە هۆی کوون تێکردنی ئەو بەرگە هەواییەی ، بەسەر زەوییەوە هەیە. وە قورئان بە بنمیچێکی پارێزەر ناوی بردووە ، ( وجعلنا السماء سقفا محفوظا) الانبیاء- ٢٢- پارێزەرە چونکی نایەڵێت گازە ژەهراوییەکانی ناو تیشکی خۆر ، هەمووی بگاتە سەر زەویو زیان لە زیندەوەرانی سەری بدات.
بەڵام ئێستا سەربانە خواییەکە ، گێچەڵی مرۆڤ کوونی کردووە ، دەڵێن گەورەیی ئەو کوونەش ، بە قەدەر کێشوەری ئەوروپا دەبێت ، بەشێکیشی لەسەرئەوە. سوبحانەڵا چەند دیموکراتیانەیە ؟! . لەسەر ئەوانەیە ، کە بوونەتە هۆی کوونکردنەکە. چەند وڵاتێکی جیهان ، دەمێکە خەریکی ، چوونە سەرمانگ و مەریخن. زۆری ئەو کەشتی و مانگە دەسکردانەی بەرەو بۆشایی ئاسمان دەیانێرن ، کە پیربوون ناگەڕێنەوە ، لەوێ بەلەسە و سەرکێش و سەرخۆش دەبن ، دەیانتەقێننەوە و هەپرون هەپرون دەبن ، بەو ناو هەوایەدا دەپژگێنرێن ، یا لەسەر دەریاکان دەیانخەنەخوارەوە ، دەشڵێن ئاوی دەریاکان لە بەرزبوونەوەدایە !.
ئەمە یانی نەك هەر زەوی ، ئاسمانیشیان بە پاکی نەهێشتوەتەوە ، بووەتە ئاودەسی پاشەڕۆی نێردراوەکانی دەستی مرۆڤ.

با سروشتی پاك وجوانی كوردستان بپارێزین:
هەندێك كاری سادە هەیە ، هەموو دەیزانین ، دەشتوانین بیكەین ، لێرەدا بۆ بیرخستنەوە دەیانووسم ، ئەگەر خەڵكی شار و لادێ گوێی بدەنێ ؟ ئەوە ئەو كوردستانە ، بێ كارگە ، و چڕەدووكەڵە ، كە هێشتا دەستی تێكدەری بە ناو شارستانی تێكی نەداوە ، بە پاكی دەمێنێتەوە. پاكی ئاو و هەواش ، تەندروستی دێنێت ، ئەمیش تەمەنی ساق و درێژ ، لە ئاواتەكانی مرۆڤیش دا، دەزانیت ئەمە پلەی یەكەم دێنێت ؟!.

١ - ناسك تەدارەك ، فەسڵ وەهاران
شیرین ئارایش ، هەردە و كۆساران ( مەولەوی)
زۆر شاعیر ، سروشت ، دەچوێنن بە ڕوو و بەژن و باڵای یارەكانیان. بەڵام سەیر بلیمەتی مەولەوی كەن: شیرینی یاری لە بەهارا ، وەک سروشت ئارایشی كردووە ! . ئارایشیكی ناسك ، سوك ، كەم ، یانی سواقی نەداوە ، وەک ئێستا لای خۆمان باوە ، خەڵك پێیبزانن ، ئەوە ، قۆپیەی كردووە و جوانی خۆی نییە. یارەكەی ئەم ئارایشەكەی ئەوەندە ، جوانە وەك سروشت ، سروشتییە ، هیچی لێنەداوە ، یانی ئارایشتی وا جوانترینە. بە قسەی مەولەوی بكەن؟ ڕووتان زوو تێكناچێت و كارێكیشتان كردووە بۆ ژینگەناسی.

٢- دار ، سەوزی: مەیبڕە ، مەیسوتێنە ، گەر هەڵتكەند ، لە جێی یەكێكی تر بنێژە. نەمانی بە شاخەوە ، خاكەكەی ئاو ڕایدەماڵێت ، تاش و بەرد دەردەكەوێت ، ئیتر هیچی لێ سەوزنابێت. لە سروشتا دوای ئاو ، سەوزی دووەم جوانییە ، جا شیرینەكەی مەولەوی دێت. تێكۆشە بۆ گووم نەبوونی ئەو سیانە لەبەرچاوت:

ثلاث یذهبن ، فی الوجه حزن
الماء والخضراء ، والوجه الحسن

منیش بە كوردی دەڵێم وایە:
ئاو و سەوزایی و ، یارێكی وەك زین
تێكۆشە هەتبێت ، بێخەمی لە ژین

٣- با گەڵا و چیلكە و لقی بڕاوی باخ ، لەیەك جێدا كۆبكرێتەوە ، مەیسوتێنە ، گازی لێ بەرزدەبێتەوە ، هەوا پیس دەبێت و كوونی بەرگە هەواییەكەش گەورەتر دەبێت. بە تێپەڕبوونی كات ، دەپووێت. ئەگەر وردی بكەیت ؟ بیكەرە بنی درەختەكان ، وەك پەیین ، كە ئاوی بەركەوت ، بە تەڕی دەمێنێتەوە ، وەك خۆڵی بنی دارەكە ، زوو وشك نابێتەوە ، شێیەكی تەڕییە بۆ درەختەكە ، درەنگتر تینووی دەبێت.
٤- پاشەڕۆی ئاژەڵ ، باڵندە ، شیاكە ، ڕیقنە ... پەینن ، مەیسوتێنە ، لە شوێنێكدا بیهێڵەوە ، لە پایزدا بیكەرە بنی سەوزاییەكانت. مەیهێڵەرەوە بۆساڵێكی تر ، ببێتە سەرەنگوێلك ، دیمەنی لادێكەت پیس و ناشیرین بكات.

٥- لە جێی دار بۆ سوتاندن ، نەوت یا گاز بەکاربەرە ، ئێراق و ئێرانیش ئەوەیان زۆرە ، نەوت هەرزانتر و کەم مەترسی تریشە لە گاز. بەوە سامانی درەختتان کەم ناکات.
٦- بەرگریکردن لە ئاگرکەوتنەوە ، کە زۆرجار کەمتەرخەمی مرۆڤە ، وەکو ئاغزە جگەرە فڕێدان. بێجگە لەوەی بەرهەمی چەندسالّی باخانتان ، تیادەچێت ، لەوەڕ و لانە ئاژەڵە کێوی و هێلانەی باڵندەکانیش تیا دەچێت ، لەوێش ڕەو دەکەن. سروشت بەوانەوە جوانترە.
٧- بە پێی پێویستیت شتوماك و خواردەمەنی بکڕە ، یا بەکاربەرە. زیادەڕەوی ، ئیسرافە مەکە یا نەکەویتە بەر دوعای خواش ، ببیتە برای شەیتان: ( ان المبذرين كانوا اخوان الشياطين). الاسراء- ٢٧- شتێك بکڕە درەنگ بدڕێت یا خراپ بێت ، واتکرد؟ شەخەڵ درەنگتر و کەمتر کۆدەبێتەوە ، پاشەکەوتیش دەکەیت.
٨- هەرکارێکت هەبێت ، گەر بە پێ  یا پاسکیل کرا ؟  ماشین و ئاژەڵ بەکارمەبە. هەوا پیس نابێت ، زیانت لێ ناکەوێت.
٩- هەندێك شت ئاو و هەوا و خاك زۆرپیس دەکات. وەك پیل و پاتری: ١پیل ١ م/٢ خاك خراپ دەکات! نایلۆن و پلاستیك ، شووشە ، نافەوتێت ، ناپووێت ، بە سوتانی گازی زیاندەری لێ پەیدادەبێت . دەبێت لێپرسراوانی دەوڵەت ، جێگای تایبەت بۆ مۆڵکردنیان دیاریبکات. خەڵکێش کە وەختی فڕێدانی هات ، بۆ ئەوێی ببات. یا هەر دوکاندارێك ئەوانەی فرۆشت؟ کاتێ سکووت بوون ،کڕیاڕ بیباتەوە بۆی، ئەویش دەیداتەوە سەرچاوەکەی.

١٠- ڕاوکردن پلانی بۆ دابنرێت ، ساڵێك یەک جار ، لە وەختێکی دیاریکراودا. وە جێگایەك بۆ زۆربوونیان ، لانەیان ، ڕاوی تیانەکرێت ، تا قەرەچۆڵیان نەبڕێتەوە. ئەگەر زۆربوون ، لێرەوە ببرێن بۆ جێگای تر ، بۆ وەختی ڕاوکردن.
١١- هاندان و یارمەتیدانی بۆ کۆچی پێچەوانە ، لە شار بۆ لادێ . تا شارەکان زۆرگەورە نەبن و ببنە مۆڵگای ستەمکاران و خراپکاران.
١٢- دروستکردنی خانووی ستوونی ، زۆر قاتیی ، وەك ئەوروپا ، بۆ ڕێگرتن ، لە کەمبوونەوەی خاکی وڵات ، کوردستانی ئێراق خۆی بچووکە.

چڕی دانیشتوان شەخەڵ بە خەرمان:
چڕی دانیشتوانی شارە مێترۆپۆڵەکان ، هۆیەکە بۆ خاپکاری و پیسبوونی ژینگە ، هەرکەسێکیشیان حەوانەوە بخوازێت لەوێ دووردەکەوێتەوە ، بۆ شوێنی چۆڵ و هێمن و بێ گرمە و تۆز و گاز دەڕوات. ئەوەش لە شوێنی بچوک دا دەستدەکەوێت ، لە کوردستان ، یانی لادێکان و نزیکی ئەوان.

بۆ پارێزگاری لە ژینگەی جیهان ، بۆچوونم وایە:
باجێکی نوێی جیهانی ، لەسەر ئەو وڵات و کەسانە دابنرێت ، کە زۆر دەبنە هۆی پیسبوونی ، لەناو وڵاتەکان دا ، پیشەسازییەکان ، لە کەسەکاندا: جگەرە و دەرمانکێشەکان.
ئەو باجەش هەمووی دەوڵەت نەیبات ،( کارگەی جگەرە دابنێت ، مرۆڤ تووشی سیل و

سەرەتان بکات؟ بەخشیشی باجی ، زەریبەی ، لەسەر دانراویش ، هەر ئەو بیبات؟!) دەبێت بەشی زۆری ، بە ولاتە ، نا ، پیشەسازی و کەسە جگەرە نەکێشەکان ... بدرێت. ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ خزمەتکردنی زیاتری ژینگە.

**ب /٤ / ئابووری هەورامان:**

( ١- باخداری. ٢- پیشەسازییە دەستییەکان. ٣- ئاژەڵداری. ٤- کشتوکاڵ).

**ب / ٤ / ١- باخداری:**

هەورامانی شاخاوی ، هەرساڵ بەشێکی زۆر بەفر و بارانی لێدەبارێت ، بێجگە ڕوباری سیروان و لقەکانی، ل: ٢٤٤. لە زستان و بەهاردا دەیان کانی دەتەقێنێت. ئەمە وامان لێدەکات بڵێین لەلایەنی ئاوەوە بۆ ئەم سەردەمە کەمێك باشە. بەڵام لایەنە سەختییەکەی ، بۆ باخ دانان ، ڕێککردن و چاکردندنی لاپاڵ و دۆڵەکان و جۆگە هێنانەوەی دەوێت. تا ئەم سەردەمەی منیش ، ئامێری بەکارهێنراو بۆ ئەو مەبەستە ، هەر دەستییەکانە ، پاچ و خاکەناز و بێڵ...کە لە لایەنی ژینگەناسییەوە ، باشترینە.

هونەری تەلان دانان :

بریتیە لە دروستکردنی دیوارێك ، لەقەدپاڵی لێژی شاخێك یا گردێك ، وە پڕکردنەوەی پشتی دیوارەکە ، بە خۆڵ ، تا لێواری دیوارەکە. بەرزی دیوارەکە لە١-٣ مەتر ، درێژیشی ١-٣٠ م . دەبێت. بەپێی جێگاکەیە ، هەیە لەوەش درێژترە. تەلانی تری وا ، لە پشتییەوە ، بۆ قەدو پۆپەی شاخەکە ، بە پێی ڕادەی بەرزی گەیشتنی ئاوی جۆگە سەرەکیە ، لە دوورەوە هێنراو ، بە قەدی شاخەکەدا ، یا کانیاوەکە، کە ئەستێڵێك لە بەردەمیدا، دروستدەکرێت ، وەك ڕەحمەتی گۆرانی شاعیر وتویە: دەڵێی: پێپیلکەی دێوە. لە زۆر شوێندا، ئەو خۆڵە بەکۆڵ بۆی دەهێنرێت ، یا ئەوەی لەوێدا هەیە کەمە ، یا تاش و بەردە هیچی لێ نییە و، بە باخ دەکرێت. ئەو تەختاییە دروستبووە یا سەربانەکە، لە لێوار و بنیەوە، دوو جۆگەی لەسەر دروستدەکرێت یا بە سەریدا دەبرێت. وە لە لێواریاندا درەختی بەردار و بێ بەریشی وەک چناری لێ دەنێژرێت. لە کۆتایی تەلانەکەدا ، جۆگەکە دادەپەڕێتە ، تەلانی خواروو تر.

چۆنیەتی ئاودان بۆ باخێك کانیی تیانەبێت ؟ بە جۆگە بۆی دەهێنرێت. هەرباخەش بە پێی گەورەیی بە سەعات ئاوهەڵدەکات. ئەدمۆنزی بەریتانی لە ١٩٢٣ز. سەردانێکی تەوێڵەی کردووە ، ئەمەی لێوە دەگێڕینەوە: (شێوەی دابەشکردنی ئاو بە سەر باخەکاندا ، پەیڕەوێکە لەکۆنەوە ماوەتەوە. ئێستەش لەسەری دەڕۆن. بە بێ ئەوەی مافی کەس بخورێت. یا ئاژاوە و کووکەیەك ڕووبدات.) ٢٦٩ هەروەها لە ل: ٢٧٣/٢٦٧ دا، نرخاندنیکی تری فسباسیان دەخوێنیتەوە. هەر دەربارەی ئاودان ، لە شاری تەوێڵەوە= هەورامانی دیوی ئێراق ،

---

٢٦٩ – ئەدمۆنز ، س. ع. ژ. ٦ ل: ١٥٥، ١٥٧.

جۆگەیەکی گەورە بە ناوی شاجۆ ، بە قەد شاخدا براوە ، دەچێت بۆ هەردوو دێی شۆشمێ سەرو و خواروو= هەورامانی دیوی ئێران. وە لە بیارەدا پێچەوانەیە. ئەم دیاردانە یەکپارچەیی نەتەوەیی و دڵسۆزییان بۆ یەکتری دەسەلمێنێت. با سنووری دەستکرد لەتیکردبن.
ئەم رەوشتی کاری تەلان دروستکردنە ،خەڵکی ئێرە لە کۆنەوە ، زانیویانە. کۆنی پەی پێبردنیەتی ، گرنگی ئەو و زرنگی خەڵکیت ، کاتێك بۆ دەردەکەوێت ، کە بەرانبەری ئەم ناوچەیە بکەیت ، لەگەڵ دەرورووبەریدا ، کە تەختن ، ئاو ئاسان بۆی دەهێنرێت ، بەلام سەلیقەی باخدانانیان ، لە دوای ١٩٩٠ز. دەست داوەتێ .
باخەکان درەختی خۆرست ، کێوی یا سروشتی ، وە دەست ڕستی تیا هەیە و نێژراون.

*ئـ/ درەختـە خۆڕسـتـە ، یا کـێوییەکـان.* *چـوارن:*
بە دەستکردنی بەرزبوونەوەی ، ڕووبەری زەوی ، لە ١٨٠٠ مەترەوە ، لە ڕووی دەریاوە، سنووری زۆربوونی درەخت و گوڵ و گیای کوێستانیش ، دەستپێدەکات. کەواتە لێرەدا گەلێك لەوانە سەوزبووە:

١ – دارقەزوان ( وەنی ):
گەورەیە ، بەرزی لە ٣-٧ م. دەبێت.گەڵاوەریوە ، بەتەمەنە ، بەرگەگرە. لە کۆتایی بەهاردا ، بەری فەریکە قەزوان ، دەگرێت. بە سەوزی هەمووی دەخورێت ، دەکرێتە ناو دۆ و ترشیات.. وازی لێ بهێنرێت تا بە تەواوی دەگات ،ڕەق دەبێت ، توێکڵێکی سەوز دەرەوەی دادەپۆشیت. جۆرێکی هەیە وردە ، وەنەمشکی پێدەڵێن. ئەمیش وەك فەریکەکە ، هەمووی دەخۆن ، هەر کرتاندن نییە. قەزوان لەگەڵ تووەدا دەکوتن ، خوارنێکی چەوری شیرینی لێ دروستدەکەن. هەرلە قەد و لقەکانی دارەکە ، بنێشتی کوردی لێ دەردێنن ، بە بریندارکردنی و کۆچەڵەی قوڕ پێوەلکاندن ، تێیدا کۆدەبێتەوە.

٢- بەلاڵووك( بەراڵوو):
مامناوەندییە ،بەرزی لە نێوان ٢- ٤ م. یە، گەلاوەریوە ، لە بنەوە چەند لقە ، توێکڵی دارەکە قاوەییەکی بریقەداری جووانە. دەکەنە گۆچان و داردەس و لانك..

| | |
|---|---|
| یارەکەم دەڵێی بووکە | خەڵکی شاری کەرکوکە |
| لانکێکی بۆ دەنێرم | دارەکەی بەلاڵووکە |

بەرەکەی بە قەدەر نۆکێ گەورە ، یا گۆیژێك دەبێت. ڕەش ،زەر د، سووری هەیە. ناوکدارە ، لە یەکەم مانگی هاویندا پێدەگات. وەك دەرمان بەکاریش دەبرێت. ل: دەرمانە سونەتییەکان، باسکراون.

٣- بەڕوو( بەلوو):
بەرزە ، لە ١- ١٥ م. دەبێت ، گەلاوەریوە ، بەرگەگرە ، تەمەن درێژە ، لەکۆتایی هاوین دا پێدەگات. لە گرانیدا وردکراوەوە و کراوە بە نان. سویردەکرێت و دەبرژێنرێت بۆ خواردن.

٤- سرێش ، کەتیرە ، جەوی:
بەرزی کەمە لە ٢٠- ٥٠ سم. دەبێت. لەبارترە لە جیاتی درەخت ، بە گیا ناوی بەرین. گەڵا و چڵی تۆپەڵەیی و دڕکدارە. گوڵێکی سپی دەکات. کەتیرە دەردانەکەی بەم شێوەیە: لە کۆتایی بەهاردا، باران بڕان ، لە بنیەوە تا بەرزی ١٠سم بەرزی ، قەدەکەی بە بەرزی ٥ سم. تەخت دەبڕێت ، جا دەوری پاکدەکرێتەوە ، بۆ کۆبوونەوەی بەرەکەی. پاش ئەوە لە ناوکرۆکیەوە ، لینجاوێکی باریکی ، دەستگری سپی یا بۆر ، لە ماوەی مانگێکدا ، لێ دێتەدەرەوە. خۆر وشکی دەکاتەوە، کۆدەکرێتەوە و دەفرۆشرێت. بە ئاو تەڕدەکرێت و بەکاردەبرێت بۆ کاری لکاندن.
بێجگە لەوانەی سەرەوە ، هی تر وەکوو ؛ گۆیژ(بلچی)، وە چەقالە ، بادەم ،... مامناوەندین ، بەرزیان ،٢- ٤ م. ەیە.گە بەردارن ، دەخورێن ، وەك دەرمانیش بەکاردەبرێن. ل:٣٣٠.

***ب/ درەختە دەست ڕستەکان. حەوتن.***

١ –سوورە چنار:
مەزنە ، زۆربڵاودەبێتەوە ، بەرزی لە ٥٠- ٧٠ م . دەبێت. بە تەمەنە ،گەڵاوەریوە ، بە نەمام زۆردەبێت ، بەرێکی سەوزی خڕی هەیە ، بۆ جوانی و سێبەر دەنێژرێت، لە هەورامان دا زۆرەو باش سەوز دەبێت.

٢- سپی چنار:
بەرزە ، لە ١٠- ٢٠ م. دەبێت ، لقەکانی خوارەوەی ، هەرساڵ دەبڕێت ، تا ڕێك دەرچێت. ڕەواجی بازاڕی هەیە. بۆ کەرەستە دارینەکانی خانوو ، پرد ، پیشەسازی... بەکاردەبرێت. بە قەڵەم زیاددەکات ، لە تەمەنی ٤ ساڵییەوە ، دەتوانرێت ببڕێت و سوودی لێ ببینرێت.

٣- گوێز:
مەزنە ، بەرزی لە ٧- ١٠٠ م. دەبێت ، بەرگەگرە ،گەڵاوەریوە ، بەردارە ، ناشتنی لە پێش دا ، گوێزە خڕە ڕەقەکە دەنێژرێت. بوو بە نەمام ، دەگویزرێتەوە بۆ جێگای بۆ دیاریکراوی. لە کۆتایی مانگی دەوە پێدەکات ، با دەیخاتەخوارەوە ، ئەوەی نەکەوێت شەنیەر ، دەچێتە سەردارەکەو ، دەیخاتەخوارەوە. قەد و لقی بە مشار دادەهێنرێت ، دەبڕێت ، سوودی لێ دەبینن بۆ دروستکردنی ، دەرگا ، پەنجەرە ، بنمیچی خانوو... کاکڵەکەی گوێز ، باشترین چەوری بێ زیانە بۆ لاشە. نرخێکی بازاڕی باشیشی هەیە. توێکڵی فەریکە گوێز و قەدەکەی ، سوودی پیشەسازییان هەیە. لەم ناوچەدا لەگەڵ توو دەکوترێت ، خواردنێکی چەوری شیرینی لێ دروست دەبێت بۆ خواردن.

٤- توو:
مەزنە، بەرزی لە ٥- ٩٠ م. دەبێت، بەرگەگرە، گەڵاوەریوە، بەردارە، ناشتنی وەك گوێزە. لە سەرەتای هاویندا پێدەکات. بێجگە بە تەڕی خواردنی، لەبەر هەتاو،وشکیش دەکرێت و

هەڵدەگیرێت بۆ زستان . ئەوەی لە داری گوێز دروستدەکرێت ، لەمیش دەکرێت. دۆشاوی لێدەگیرێت. گەڵای دەدرێت بە ئاژەڵ ، کرمی ئاوریشمی لەسەر بەخێودەکرێت. چەندجۆرە: شاتوو ،گاتوو ، تفە ڕووەنێ. بێ پێشە ، وە ڕەنگی: سپی ، سوور ، ڕەش. جۆرێك هەیە دنکەکەی گەورەیە ، تووە تارانی پێدەڵێن.

٥- تـرێ ، ڕەزەدەیم:

خۆهەڵواسە ، لە بنی درەختی تردا دەنێژرێت و پیایا هەڵدەگەڕێت. بە تەمەنە ، گەڵاوەریوە ، بە قەڵەم زۆردەبێت ، بەرئاو و دەیمیشی هەیە ، وەك ڕەزەدەیم. هەرساڵ دەبڕدرێت. ناوی جۆڕەکانی:

چیچەیلێ ، زووڕەس ، یاقووتی ، دەرەبۆڵە ، لەقلەق ، کشمیشی ، سەرەقووڵە ، کوردەکوژە. بە ڕەنگیش ڕەش و سپی و سووری هەیە. بێجگە تەڕی وشکیش دەکرێت ، دەبێتە مێوژ و هەڵدەگیرێت. دۆشاوی لێدەگیرێت. بە باسوقیش دەکرێت. ئەو سێ ترێیەی لەسەرەتاوە نووسراون ، لە پێش هەموویانەوە پێدەگەن ، ئەوانی تر لە ناوەڕاستی هاوینەوە بۆ سەرەتای پایز. لە قەدە دریژە لاولاویەکەی ، لە هەورامان پردیان پێ دروستکردووە . لە سەر سیروان ، بۆ نموونە پردی وەنەنی لای دێی هەجیج دا، وابووە. :ل٢٦٧.

جە دنـیـای ڕۆشـن ، تەمـرینم کـەردەن

جە وەنـەن هـەجـیـج ، سـەد کـۆڵـم بـەردەن ( مـحـەمـمـەدی مـەلا ساحێبی تـەوێڵـە -دانا-).

٦- هـەنـار:

بەرزی مام ناوەندییە ، ٢- ٦ م.دەبیت ، لە بنەوە ، بە سێ لق یا زیاتر دەنێژرێت ،بە قەڵەم زۆردەبێت. گەڵاوەریوە ، لە سەرەتای پایزدا پێدەگات. بۆ تامەکەی سێ جۆری هەیە: شیرین ، مێخۆش ، ترش. لە ترشەکەیان دۆشاودەگیرێت ،( ڕۆگنار ، ڕبـەهـەنار، قـاتـۆڵـی). دێی شەڕەکانی نزیك نەوسود ، گراڵی پاوە ، بە هەنار بەناوبانگن.

٧- هەنجیر:

بەرزی مامناوەندییە ،٣-١٠ م. دەبێت ، گەڵاوەریوە ، بە قەڵەمیش زۆردەبێت. لە ناوەڕاستی هاویندا پێدەگات. لە جۆرەکانی: شاهەنجیر ، زەردەهەنجیر ، کۆچەکاو لەوەی پێشوو پچوکترە و ڕەنگی قاوەییشی هەیە . بێجگە خواردنی بە تەڕی ،هەر تەڕەکە بەسەریەکدا دەپلیشێننەوە ، وەک وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵی لێدەکەن ، وشکی دەکەن هەڵدەگیرێت بۆ زستان ، پێی دەڵێن لەپۆرتی. هەنجیر وەك دەرمانیش بەکاربراوە،ل:٥٠٩ ژمارە ١١.

میوەی دەستڕستی تر وەکو: هەرمێ: مروێ. قۆخ: هەشتاڵوی. قەیسی: شێڵانێ. هەڵووژە: هەڵوچێ. سێو: ساوی...

### ب / ٤ / ٢- پـیـشـەسـازیـە دەسـتـیـیـەکان:

لەبەر سروشتی سەختی ئەم ناوچەیە ، لە زستاندا بە تایبەت لە کۆن دا ، زۆر دێ لە یەکتری دابڕاون ، ئەمەش یانی نەك هەر گیرخواردنی ئاژەڵەکان لە ماڵ دا ، مرۆڤەکانیش لەدەرەوە کاریان بۆ نەکراوە. مانەوە لە ماڵ دا ، یانی بە تاڵی ، وەخت بە ناهەق ڕۆشتن،

به دانیشتن و تەمەڵی نەیانبردووەتە سەر ، هەرکەس ژن و پیاو خەریکی پیشەیەکی دەستی بووە. مرۆڤێك بهێنە پێش چاوی خۆت:
هەر لە مێزەرەکەیەوە ، بۆ کڵاشەکانی. یا خانووەکەی: لە قفڵ و کلیلی دەرگاکایەوە ، بۆ بنمیچەکەی . کەلوپەلی ناوماڵ: لە کەوچك و شانەوە ، بۆ جاجم. دروستیانکردووە. هەرچی زیادبوون هەڵگیراون ، لە بەهار و هاویندا بۆ شار براونو فرۆشراون.

*ئـ - کـڵاش:*
پێڵاوێکی هاوینەیە ، لاکەی و سەرەکەی لە دەزوو ، وە ژێرەکەی لە پەڕۆکۆن و موو و پێستە ، چاك دەکرێت. پێستەکە هی گایەك باشە تەمەنی لە ٣ساڵ بەرەوخوار نەبێت. وە کێر کەڵەگایەك تەمەنی لەسەروی ٣ ساڵەوە بێت. قەراخ و سەری کڵاشەکە ، بە دەزووی سپی خاو ، لە لۆکە دروستکراوە ، پێدەچێت یەکەم جار، کڵاش لە شارۆچکەی نۆتشە= خواروی تەوێڵە ، هەورامانی لهۆنی دیوی ئێران ، دروستکرابێت. بەڵام لە تەوێڵە = هەورامانی دیوی ئێراق ، لەلایەن ڕەحمەتی حاجی ئەبوبەکرەوە ، گۆڕانکاری جوانتری تیا ، بەدی هێنا ، بەجۆرێك چنینیان جوان بوو ، بە ئەبوبەکری ناویان دەبرا. تا ئەمڕۆش هەرچەند نرخی بەرزە ، بەڵام پێڵاوێکی لەبەردڵان و کڕیاری زۆرە ، بۆ دەرەوەش دەڕوات.

## چەند تێبینییەك لە سەر ئەم پێڵاوە دەستکردەیە:

١ - لەبەرئەوەی ، ئەم پێڵاوە بۆ هاوین دروستکراوە ، نابێت ژێری تەڕبێت ، گەروا پارێزگاری بکرێت وە هەڵبگیرێت ، بەشی چەند هاوین دەکات.
٢- ژێری هەردوو تاکەکەی ، وەك یەکن. پێیەوپێی بکەیت قەیناکات. وەك قۆنەرە نییە هی ڕاست هەر بۆ ڕاست بێت. خۆ گەر هەموو بەیانییەك کە دەیانکەیتە پێت ، تاکەوتاکیان بکەیت ؟ ئەوە جوانتر خۆی دەنوێنێت ، بەرگەی زیاتریش دەگرێت.
٣- بۆ گەرمای هاوین فێنکن ، قاچ ، گۆرەوی ، زوو ئارەق و بۆن ناکەن.
٤- پاژنەیان نییە ، تا وەك قۆنەرە بڕوات یا بخورێت. هەموو ڕووبەری بنی پێ ، بەتەختی ،دەنیشێتە سەرزەوی ، پێ ناکەوێت بەلادا ، بۆ گێچەڵی ئێشی بڕبڕەی پشت ، فەقەرات ، لەبارترین پێڵاوە.
٥- گەر قۆنەرە زۆر لەپێ بکرێت؟ زۆری قاچەکان ، تاکێك یا هەردوو قۆنەرەکە ، تۆزێك گێڕدەکات. ئازاریشی دەبیت بۆ پەنجەیەك یا زیاتر. کڵاش لەبەرئەوەی ، لاکانی دەزووە ، نەرمە ، قاچ چۆن بێت؟ ئەو قاڵبە وەردەگرێت ، ئازار بە پەنجەکان ناگات.
٦- ڕەوتی ڕۆشتن پێیەوەیان ، خۆشە ، گورج و گۆڵیت.
٧- دەکرێت سەری کڵاشەکە لەسەر بنی قەڵتاخ و لاستیك بچنرێت ، یا دابکوترێت ، پاژنەی بۆ بکرێت. بۆ تەڕی بنەکەی کێشەی نامێنێت. بەڵام دەبێتەوە بە قۆنەرە.

**ب** – ڕانـك و چـۆغـه:
لـه مەرەزی شینكی و سپی و ڕەش و خورمـایی.. بە باریکی دەڕێسرێت ، تا باریك بێت ، جوانتر دەردەچێت. دوایی جۆلا دەینێتەوه ، کۆتی لێدەدات ، دەتوانێت کۆتەکان پان یا باریك دروستبكات. هەرچەند گرانه ، پارچەیەکی چاکه ، درەنگ دەدڕێت ، لـەگەڵ کلاش دا لـەبەر دەکرێت ، بە جلێکی نەتەوەیی ، کوردیی ، لـەبەردلان ، دەزانرێت و بۆتە بـاوی زەمـانـه. ڕەحمەتی هونەرمەند شەماڵ سائیب ، لە گۆرانی : شوانە هۆ شوانەدا:

دەسـتی شکاوم ، بـۆ خـوریـیـەکانی
بـۆ ڕانك و چـۆغـەی ، لای هەورامانی.

**پ** - *لـه خـوری و مـوو:* ڕسـتـن و چـنـین و کـردنـی :
جاجم ، مەوج ، پۆپەشمین ، بەرماڵ ، قالی ، بەڕە، لـباد، فەرەنجی ، گۆرەوی و پووزەوانه ، دەسكێش ، گڵێم ، خورج ، بەنەخوێن ،... هتد.

**ت**- لـه ئـاسـن ، دروستكردنی :
خەنجەر ، چەقۆ ، داس ، قفڵ ، کلیل ، سۆبه ، ساج... هتد.

**ج**- لـه دار:
لە قەد و لـقی ئەستوری داری گوێز و توو ، تـایـلـه... پارچه تەختە دەتـاشرێت. دادەهـێـنرێت. لێیەوه ئەم شتانە دروست دەکەن: دەرگـا ، پەنجەره ، دیمەگ بـۆ نـاو چینـی دیوار، پنه ، کەوچك ، بێشكه ، شـانـه... هتد.

**چ** –لـه چڵی ئـەرخەوان و بیی و بـادەم و قامیش:
قولێنه ، تەیکه ، نانەشان ، سەبەته ، چنگڵه ، قەفەزی باڵندە... هتد.

**ب / ٤ /٣ – ئـاژەڵـداری** :
ئەو ئاژەڵانەی لەم ناوچەدا ، ڕادەگیرێن ، بۆ کەڵك وەرگرتن لە بەرهەم و بەروبوومیان: بزن ، مانگا ، مەڕ... وه بۆ سواری: هێستر ، کەر، ئەسپ... بـاڵـنده: کـەو ، مریشك ، قەل... بۆ ئەم ناوچەیە یەکەمەکانیان ، باشترینیانه. لـه گیانداری کێویش دا، بەشی زۆریان هەن و بینراون، وەکو: شێر، پڵنگ ، گورگ ، کەمتیار ، سوچەڕ تا دەگاتەوه مام ڕێوی.

**ب / ٤ /٤ – کـشـتوکـاڵ**:
کشتوکاڵ ، زەوی بە پیت و ئاوی دەوێت ، ئەو دووەش لە ناوچەکەدا هەیه. ئەوەی کە کۆسپە ، سەختییه و نەبوونی شوێنی تەختە. ئەمە وایكردووە ، هەروەك بۆ باخ دانان تەلانی داهێناوه. ئەو تەلانانەی تازه دروستدەکرێن ، پاش نەمام تیا ناشتن. تا ٣ ساڵێك ئەو نەمامانە هەر بچوکن ، لە نێوانیاندا تەڕەکاڵ وەك : تەماته ، خەیار ، بامیه ، سەوزه...دەکرێت. لـه هـاوین دا: مەرەزه ، تووتن ، لۆکه ، لە لێواری چەمەکاندا دەکرێن.

لـه زستـان دا:
لـەسەر لاپاڵی گردۆڵکەکان و قەرزخی چەمەکان دا ، هەندێك دانەوێڵە دەوەشێنرێت. بە بۆچوونی من لـە بەر بچوکی پارچە زەوییە لاکیشەییەکان ، بەشی ناوچەکە ناکات.

هەموو ئەو بەرهەمانەی ، نرخی بازرگانیان هەیە ، دەبرێنە شارەکانی نزیك دەفرۆشرێن. بردنیان بۆ ئەوێ لە سەرچاوەکەیەوە = لادێکەوە ، هەموو ئۆتۆمبیل ناگاتە لایان ، لەبەرئەوە بە پشتی ئێستر و کەر ، کۆڵ ، دەگوێزرێنەوە تا دەگاتە سەر جادە. جا لەوێوە بە کارەکە ئاسان دەبێت ، بە ئۆتۆمبێل دەگوێزریتەوە.

پاش باسکردنی بەرهەمهێنـان ، لـە هەورامانی شاخاوی دا ، ئەوەمان پێدەڵێت:
هەورامی زرنگ ، بە دەستی خۆی ئابوورییەکی ، ئۆقرە گری ، سادەی ، ئـازاد ، بـۆ ژیـانی ، لـە سروشتی ڕەق ، دەرهێناوە. وای لێ هاتووە بە بێ ئابووری دەرەکی خۆی بـژێـنێت.

خۆزگە ئەو کارە سونەتییە دەستیانە ، نەدەهێڵرا کوێربینەوە. وە شارستانی چەواشە ، دین و ڕەوشت و کولتوری کوردیـانی لێ نەکرپینایە.

**ب / ١/٥ - باسـی چـەنـد شـوێـنـێ هـەورامـان .**

هـەورامـانـی ڕۆژهـەڵات:
**١-** مـەریوان: نەخشەی ل ٢٢٨: چوارگۆشەی پ/١:
ناوەندی شارستانە ، سەر بە ستانی کوردستانە ، تا ساڵی ١٩٨٧ز.دا، پێنج بەخش = ناحیە و ١١ شارۆچکە و ٢٨٦ لادێ سەر ، بە ئێرە بـووە. سنووری:
لە سەرەوە وێڵە ، سێف. لە خوارەوە: باڵەك ، نژمار ، گاڵ. لە ڕۆژهەڵاتەوە:
شاخی هەزارمێرگە. لە ڕۆژئاواوە: دەرەتفێ ، سەردۆش ، ولەژێر. ١٢٧٠ م. لە ڕووی دەریـاوە بەرزە. لە سەروی ڕۆژاوایەوە دەریاچەی زرێبار هەیە: کە هەر ٣ کم. لە شارەوە دوورە. درێژی ٦ کم. و پانی تا ٣ کم ەیە. قووڵی لە ٥- ٨٥ م. بە سەیری سەختی زنجیرە شاخی زاگرۆس ، لێرەدا ئاستی نزمترە ، بۆیە ڕێگەی چوونە ژوورەوە ئۆتۆمبیل ، لە پێنجوێنەوە ، (ئێراق) بۆ مەریوانی ناو (ئێران) ، ئێرەی بۆ هەڵبژێراوە.
قەڵایەکی هەبووە ، ماوەیەك بنکەی ئەردەڵان بووە ، شەڕە دەوڵەتییەکانی سەفەوی و عوسمانی ، زۆر جاریش ، بە وەکالەتی ئەردەڵان و بابان.
لە دووری ٢٣٩ کم. ەوە ، بە ڕێگەی زەمینی بەسراوە بە شاری سنەوە ، هەروەها بە سەقز لە سەرەوە و پێنجوین لە ڕۆژئاوایەوە.

**٢-** پـاڵـنگان: هەمان نەخشەی سەرەوە ، چوارگۆشەی ئـ/٢ .
پاڵنگ: بە هەورامی یانی پڵنگ+ ان = کانە پڵنگ. سەروی شاری کامیارانە بە ٥٥ کم . لادێییەکی گەورەی سەختی گەورەی هەورامانە ، ١٠٢٠ م. لە ڕوی دەریاوە بەرزە. ژمارەی خانووەکانی ٧٠٠ دەبێت ، لێرەدا دوو لقە ڕوباری سیروان ، ڕۆژهەڵاتیەکە ل: ٢١٦ و

شاهەسنی یەکدەگرن.( لەسەردەمی مەغۆلەکان دا ، خاوەن حاکم و ٦ قەلا و پرد بووە.)
٢٧٠. لە ١٥٣٩ز. دا ، سورخاب بەگی ئەردەلانی بنکەی والینشینەکەی لە قەلای زەلمەوە= هەورامانی دیوی ئێراق ، گواستەوە بۆ ئێرە= هەورامانی دیوی ئێران. هەلۆخانی کوڕەزای کردبوویە پایتەختی هاوینەی. لەو میرانەی لێرەدا فەرمانڕەواییان کردووە ، وەك غەیبولا وە میرمحەممەدی کوڕیی . کە بە کەسێکی ئەدیب و زانا ناسراوە. مزگەوت و خوێندنگای لێرەدا دروستکردووە.
شا تەهماسبی سەفەوی کچی ئەم میرەی خواستووە. میر ئەسکەندەریش ٢٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە. لە شاخی زیندانەی تەنگیوەری خواروی ڕۆژئاوای ئێرەدا، پەیکەرێکی کۆن بە قەوارەی١٧٠سم بە ١٥٠سم ، بەو شاخەوە هەیە ، دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی ئاشوری ،گەر سەردەمی وابێت ؟ دەبێت هی پێش ١١٠٠پ. ز. بێت.ل:١/١١١.

**٣ – شاری هەورامانی تەخت یا سەخت: نەخشەی ل:٢٢٨ ب/٢.**
بە ١٥ کم. سەروی ڕۆژهەلاتی نەوسود کەوتووە ، لە ڕۆژئاوای لقە ڕوباری سیروانی سەرودایە. لەسەرەوە دێی دەرەکێ و لە خواریەوە ئەسپەرێزهەیە. بە لووتکەی خواروی شاخی کۆسالانەوەیە. ٤٧ لادێی هەیە ، شارەکە: ٥٤٣٣ ماڵن ، ١٤٥٠٠ ژمارەی دانیشتوانیەتی ، ١٤٠٠ م. لە ڕوی دەریاوە بەرزە ،. بە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی هەورامان دەزانرێت . ئەم شارە بە بنکەی ، ئیمانی ناودەبەن ، چونکی پیرشالیارەکان زۆریان لێرەدا ، پێگەییون. بە درێژی ل: ٣٤٠. بەشی دینیدا باسیانکراوە.

٤- دزلی: نەخشەی ل ٢٢٨ پ/١.
دێیەکی گەورەی سنووریی ، هەورامانی ڕۆژهەلاتی دیوی ئێرانە ، پاڵیداوە بە دیوی ڕۆژهەلاتی شاخی هەورامان و سورێنەوە ، ئەو دوو ناولێنانی شاخانە ، هی دیوی کوردستانی ئێراقە. چونکی سەر پۆپەی شاخەکە سنورە. لە ڕۆژهەلاتیەوە زەلەکێ و دەرەناخێ ، لە سەرەوە سیامێوە لە خوارەوە دەمەیۆ دەوریان داوە . لە سەردەمی حەسەن سانی هەورامان دا: ١٨٤٨- ١٨٦٩ ز. دا، بنکەی پایتەختی هەورامانی ڕۆژهەلات بووە. لە سەروی ڕۆژهەلاتی ئێرەدا ، دەربەندی سەختی( کەلەوویم) ، کە ١٢ کم. دەبێت لێرە دایە، لە نێوان هەردوو شاخی بەرزی هەورامان و کۆسالاندایە ، جادەی مەریوان- دزلی- شاری هەورامان ، بەم دەربەندەدا تێدەپەڕێت. جێگەی سەربازگەی یەزدەگوردی ساسانی بووە. لێرەدا کەلاوەش هەن.
دڵنیانیم لە جێیەکی تردا باسم کردبێت ، وای بۆ دەچم: زیندانەکەی ئەسکەندەری(قەلای ئەم دێیە جێگای شۆڕشگێڕ ، مەحمود خانە ، کەبە ناوی دێکەیەوە ، زۆرتر ناسراوە. ناوبراو دۆستێکی بەوەفا و پشت و پەنای شێخ مەحمودی بەرزنجی ، مەلیك بووە، هەتا لە ئاوارەیی هندستانی دا ، لەگەڵی بووە. ل: ١٠٠/٥٦+١٢٢/٥٨ سەجەرەی ل: ١٤٥.

---

٢٧٠ – ع. سەجادی ، س. ک. ژ. ٢ ل: ٥٣٧. نووسەر: سەردەمی هەموو ، مەغۆل وابووە: ١٠٩٨- ١٢٤٠ز. ل:٤٩ ی ئەم کتێبە.

هەروەها ئەم دێیە ، جێگای شاعیر ، مەلاحەسەنی دزڵییە. هۆنراوەی ل ٧٣ ، دێڕی چوارەم ناوی ئەمە. لە دانشگای ئەزهەری میسردا ، خوێندوویە ، هەر لەوێ ٩ساڵ ، کراوەتەوە بە مامۆستای ئەوێ. پیری و خاك ونەتەوە... دەیهێنێتەوە دزڵی و دەمرێت.

**٥-** بێساران ، نەخشەی ل٢٢٩ پ/ ٣:
شارە دێیە ، لە ٧٥ کم ، ی سەروی ڕۆژئاوای شاری سنە دایە. ژمارەی دانیشتوانی ٥ هەزارکەسە، ناوەندی بەخشە. کەوتوەتە سەر چەمێك هەر ناوی ئەمی لێنراوە.
هۆیە و سەرهۆیە ، بەنەن بێساران سەرهۆیە وەشا ، جای شەدەلاران

سێ وشەی سەرەتا لادێن ، ڕۆژهەڵاتی کەوتون ، لە ڕۆژئاوایەوە: شاخی میروەیس و لادێی ژان ، لە سەرویەوە: شاخی لووە. لە خوارەوە: شاخی کوچکسار، دەوریان داوە. خوێندنگای هەبووە. جێگای شاعیرانی ناسراو ، مەلا مستەفای بێسارانی و ، ١٠٥٣- ١١١٤ز. شێخ عەبدوسەلامی بێسارانییە ١٢٩٥- ١٣٥٥ز. واتای بێساران: یانی بێ تەختایی ، بە سەیری شاخەکانی دەوریشی ، ناوەکە دەسەلمێنێت.

**٦-** پایگەلان ، نەخشەی ل ٢٢٩ پ/٣:
شارە دێیە ، ٤٩٣ ماڵن ، خواروی بێسارانە ، دێیەکانی: ژان ، یۆژەنان ،ژنین ، گواز، دەوریان داوە. (ئەم جێگە خاوەن خوێندنگا بووە. مەولەوی شاعیر ماوەیەك لێرەدا خوێندوویە ، لەسەردەمی مەغۆلەکاندا خاوەن قازی و دادگابوون ، لەوانە: محەممەد نەجیب ناوێك ناوی هاتووە.) ٢٧١

## **باسی چەند شوێنی هەورامانی ڕۆژئاوا** ، لەهۆنی <u>دیوی ئێران:</u>

١ – پاوە. نەخشەی ل:٢٣٣ ئـ/٤.
ناوەندی شارستانە ، سەربە ستانی کرماشانە ،لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە: لە پاڵ شاخی شاهۆ دایە. لە ڕۆژئاواوە: دەرەمور، بنەدەرە ، نۆسمە ، شاخی ئاتەشگا. لە سەرەوە: گلوگلان، تەپەول ، نۆریا و. لە خوارەوە : دوریسان ، شمشێر. لە ١٩٩١ز. دا، دانیشتوانی ٤١٤٤٧ کەس بووە. کەوتوەتە سەر چەمی پاوە،ناوی هەوڵی یە ، هەر لە بنی شاهۆدا، هەڵدەقوڵێت. ئەم شارە ١٥٤٠ م. لە ڕووی دەریاوە بەرزە.
بە ڕێگای زەوینی بەسراوەتەوە بە کرماشانەوە ،١١٢ کم. وە بە نەوسودەوە ٤٦ کم. لە دێرین دا گەنجەوی . وە ئەعرابیش فەوج یا فاوج یان ، پێوتووە. چەند شاعیر لێرەدا ژیاون وەکو: میرزا ئۆلقادری پاوەیی ، میرزا شەفیع ، مەلا سەلاحەدین ، وە سەیری ل: ٥٤٧ بکە.

**٢-** نەوسود . نەخشەی سەرەوە. پ/ ٢.
ناوەندی بەخشە ،٧١٨٩٠ هەزار کەس ، ژمارەی دانیشتوانی هەموو بەخشەکەیە. ٢٢ دێی تر

---

٢٧١ – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، یادی مەردان ، بەرگی/١، ل:٤٨٧.

سەر بێرەیە ، چوارهەزار کەس ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە خۆیەتی. لە سنووری کوردستانی ئێراقەوە هەر ٦ کم. دوورە. لەسەر چەمی نەوسودە.٢٧٥٠ م. لە ڕوی دەریاوە بەرزە. دەرەگماڵێ و حەوزەلارە و دەرەتەنگ لە کانیاوان و چەمی ئێرەن.
بەوەی دەرەتەنگ = چەمە تەنگ. لێرەدایە و وشەکەش هەورامیە ، وە لە شەرەفنامەدا ، ناوی ئەم براوە لە جێی نەوسود ، بۆی هەیە ، ناوی کۆنی ئێرە بووبێت.
بە شاخی دالانییەوەیە ، ناوەندی یا پایتەختی سانشینی هەورامانی ڕۆژئاوا بووە. لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق- ئێراندا ١٩٨٠- ١٩٨٨ز. وێران بوو و لە ١٩٩٦ز. جا ڕژێمی ئیسلامی ئێران ڕێی دا، خەڵکەکەی بگەڕێتەوە و دروستی بکەنەوە. دێیەکانی شێخان ، هەردوو شۆشمێ ، کەیمنە ، بێرواس ، هانەگەرمەڵە ، وابزانم زاوەریش...هتد. کە سەر بە نەوسودن ، بە دیدی ڕژێم زیدی ئینقیلابن ، بۆیە ، تا ئەمڕۆش ڕێیان نەداون بگەڕێنەوە. هونەرمەندانی گۆرانی بێژان : ئەلیلە ، جەمیل هەورامی ، فەرزاد هەورامی ، خەڵکی ئێرەن. وە ئەمانەش: تەها و فەرزادی خوسرەوی ، مەولود ی سەلیمی... خەڵکی شۆشمێی سەروی ، پاڵ نەوسودن. بۆ زیاتر ل: ٥٠٠ . بە ڕێگای زەمینی بەسراوە بە: پاوە ، بە دالانی دا بۆ ئەودیو بۆشاری هەورامان ، وە هیروێ ، دڕۆڵە ، وە بە تەوێڵەی کوردستانی ئێراقەوە.
ئەمڕۆ ١٠ / ٢٠١٩ ز. ڕاگەیەندرا کە ئەم مەرزی شۆشمێ - تەوێڵە ، بە مەرزێکی نێودەوڵەتی کراوە.

**٣-** شێخان ، ناخشەی سەرەوە چوارگۆشەی پ/٤:
کەوتووەتە ٦ کم. ی ، سەروی ڕۆژئاوای شاری نەوسودەوە ، لە لێواری سیروان دا هەڵکەوتوە. چەمی نەوسودیش هەرلێرەدا ، دەرژێتە ناوسیروانەوە و ، شێوە سێ ئاوانێک دروست دەکەن ، ئەمەش پردی زۆری دەوێت. ٧٠ ماڵێك بوون ، شەڕی٨ ساڵەی ئێراق- ئێران، وێرانیکردوو و خەڵکەکەی ڕەویکردووە. ئەم شوێنە زستانە هەوارە ، بۆ ئەم ناوچەی هەورامانە. لایەنی دینی ئەم دێیەی زیاتر دەرخستووە ، چونکی مەرقەدی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی زیاتر ناسراو بە یارسانی ، لێیە جێگای زیارەتگای خەڵکییە.

**٤-** نۆتشە ، نەخشەی ناوبراو ، پ/٢:
( وەك نەوسود ، ئەم شارۆچکەیە ناوەندی بەخشە ، وە هەر بە شاخی دالانییەوەیە ، کە بەرزی ٢٧٧٠ م. بەرزە ، بە ٢٧ کم. سەروی ڕۆژهەلاتی نەوسودە . ١٤٥٠ م. لە ڕوی دەریاوە بەرزە. ١٢ شوێنی مێژوویی لەناو و دەوری ئێرەدا ، بۆ سەردانی هەیە.) [١] بە ڕێگەی زەوینییەوە، لکێنراوە بە نەیسانە نەوسود و هەجیجەوە. کلاشی هەورامی ژێر پەڕۆ، یەکەمین جار، لێرە دروستکراوە. خاوەن خوێندنگا و چەند شاعیری تێدا هەڵکەوتوە: عارف نۆتشەیی، بەهائەدین،عەبدولڕەحمان...

مەلا ئەحمەد و ، زاناو نۆتشی ب خانەوادۆ ، گرد عالم بەرشی !

---

٢٧٢ - د. برهان ولدبگی ، س. ف. ژ. ١٨ ل

٥- هـەجـیـج . نەخشەی سەرەوە ب/٣:
لادێیەکی ٢٢٠ماڵییە ، بە ١١ کم. لە خواروی ڕۆژهەڵاتی نۆتشەدا هەڵکەوتووە.٩٠٠ م. لە ڕوی دەریاوە بەرزە. لە لای ڕۆژهەلاتییەوە شاخی تەتە ، یە. لە خوارویەوە دەربەندی هەجیجە ، کە لێرەدا ڕوباری سیروان ، ز.ش. زاگرۆس دەبڕێت و دێتە دیوی ڕۆژئاوایەوە .

شایەنی باسە لە چاپی یەکەم دا لە ٢٠٠٠ز. دا ، باسی ئەم جێگەم کردبوو ،ک ە چەند لەبارە ، بۆ بەنداو دروستکردن ، وا ئێستا ٢٠١١/١١ز. دەبیستم ، ئێران خەریکی دروستکردنیەتی. هیوادارم خەمی دێکانی ژێر ئاوکەوتو ،کە لە سەدا نەوەدی هی هەورامان دەبێت ، بخورێت ، زمان و کولتوری خەڵکی هەورامان ، لە چەند جێگایەک دا مۆڵبدرێت ، تا بپارێزرێت. دەغزداری بەکارنەبرێت ، تێکەڵی زۆر بکرێت ، بۆ تووانەوە!.

ئەم دێیە نموونەیەکی مێژوویی کولتووری و ئابووری ، کۆنی هەورامانی پاراستووە. لە شاعیرە کۆنەکانیان وەکوو: عەبدولسەمەدی هەجیجی ، مەلا ئیسحاقی هەجیجی... لەم جێگەدا مەرقەدی کۆسەی هەجیج هەیە ،وای دەگێڕنەوە: لە سەردەمی دووەم خەلیفەی عەباسی دا، هارونەڕەشید لە بەغداد ، کە سەیید قڕانی ڕاگەیاند ، گەلێك لەوانە ڕایان کردووەو هەڵاتوون ، ئەم کەسەش لە٧٨٩ ز. دا لەوێوە هاتووە و لێرەدا گیرساوەتەوە. هەر بە گەنجی لە ٨١٦ ز. دا، لێرە مردووە. پ
ێش هاتنی کۆسە بۆ هەجیج ، ئەم هەجیجە هەبوە ، ئەو کۆسەیەش بووە بە هی هەجیج. ئەویش لە ٢٧ساڵی دا مردووە ، دەبێت گەورەتر بووبێت ، کە دەمی لە سیاسەت دابووبێت ، تا بزانێت دەبیت هەڵێت ، ئەنا دەیکوژن. جا بە ١٠ ساڵ لە کابرایەکی کۆسەی بێ ڕیش، ئەم هەموو هەجیجیە ڕیش درێژانە ، چۆن کەوتونەتەوە؟! یانی پێش ئەویش ئەم هەر هەبووە. ڕژێمی ئێرانیش لەبەر ڕچەی شیعایەتی ، ئەمەی زەقتر کردووەتەوە. حەزدەکات خەڵکی هەجیج بڵێن: هەموو سەیدین و لە نەوەی کۆسەین ، یانی عەرەبی شیعەیین ، کوردی هەورامیش نین ،( جا هەموو بەمە ڕازی دەبن) ؟.

٦- هانەگەرمەلە . نەخشەی ل ٢٣٣ ، ت/ ٢.
سەروی نەوسود کەوتووە ، لە ٢ کم . ی ڕۆژهەڵاتی بیارەدایە. ئاوی سەرچاوەیی چەمی بیارە ، لقێکی سەرەکی لێرەوە هەڵدەقوڵێت . لە بنی بەشی خواروی شاخی هەورامان دایە ، ئەدمۆنزی بەریتانی لە ١٩٢٣ز. دا سەردانێکی ئێرەی کردووە. وا باسی ـ: ( لە بیارەوە بە ناو باخاتی دارگوێزدا، سەردانێکی هانەگەرمەڵەم کرد ، بۆ بەسەربردنی شەوێکی میوانی ، لای ئەفراسیاوبەگ ، گەورە پیاوی لهۆن. ئەو کەلوپەلە تەندروستیەی لێرە بینیم ، زۆر لەسەروی هەموو ئەوانەوە بوو ، کە تا ئێستە لە ئێراق و ئێران و دەرەوەی هەورامان دا دیبووم . هەروەها شێوەی دابەشکردنی ئاو ، بەسەر تەڵانەکان و ئاودەسی مزگەوت دا سەرنجی ڕاکێشاوە. بە بەرزتر لەوەی سابینوسی فسباسیانی ئیتالی نرخاندووە). ٢٧٣.

---

٢٧٣ - ئەدمۆنز ، س. ع. ژ. ٦ ل. ١٥٧

باسی چەند شوێنی هەورامانی ڕۆژئاوا ، لهۆن، دیوی ئێراق:

**١ –** بیاره ، بیارێ. نەخشەی ل:٢٣٥چوارگۆشەی ئـ/٣ :
ناوەندی ناحیه و سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهیده ، لە سنووری کۆتایی باخەکانیەوە ، هەر هەزار مەترێك لە سنووری ئێرانەوە دووره. دێی هەنەگەرمەڵە و شاخی هەورامان لای ڕۆژهەڵاتیان گرتووه ، لەسەرەوە دێی نارنجەڵە ، لە خوارەوە دێی بەڵخە ، ئەو چەمەی لە کانیاوەکانی هانەگەرمەڵە و بێرواس و کەیمنەوە سەرچاوە دەگرێ پێش بیاره یەك دەگرن ، بە ناویدا تێدەپەڕێت.
بیاره بەهۆی شێخانی نەقشبەندی و خانەقاکانیانەوە ، بووەتە مەڵبەندی پرشنگدانەوەی زانست ، وەك ڕەحمەتی مامۆستا عەبدولکەریمی بیاره ، کە لە دوای ١٩٥٩ز. یەوە ، بووەتە مودەڕیسی حەزرەتی غەوسی بەغدا ، بە خوێندنگەی ئێرەی ، کە خۆی تێی دا، خوێندوویە، وتووە: دانشگای ئەزهەری کوردستان !. ل.١٠٥ لە مەرقەدی ئیرەدا، گۆڕی شێخ عومەر زیائودین ، وە شێخ عەلائەدین ی کوڕی. ل:٤٨٤. هەیە. یەکەمیان دەستێکی باڵای هەبووه، لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری دا، بێجگە لێره ، لە سەردەشت ،خانەقین ، کفری ، سەعدیه.. خانەقای بنیاتناوه.
لە کەسانی تری پێگەیشتوی ئەم دانشگایە: مەلا قادری بیاره ، شێخ مارفی نەرگسەجاڕی، شێخ مەلا وەیسی پشدەری ، شێخ عەلی قەراخی...ل:٤٩٢.
لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولەو تا نسکۆ ،١١-٩-١٩٦١ ــ ٥-٣-١٩٧٥ز. ئێره و تەوێڵە ، چوونە ڕیزی شۆڕشەوە ، وە بوونە بنکەی پێشمەرگەکانی ، هێزی خەبات ، شاڵاوە سەربازییەکانی ئێراقیش ، بە درێژایی شۆڕشەکە ، نەیتوانی بنکەی ئازادکراویان لێ سەنێتەوە. لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق و ئێرانا وێران بوو ، لە ١٩٩١ز. یەوە ، ئاوەدانی تێ کەوتەوە. لە هونەرمەندانی گۆرانی بێژ: ئەحمەدی نازارێ ،ئەرجومەند هەورامی
بە ڕێگای زەمینی بەسراوە بە تەوێڵە و خورماڵەوە. ناوباخەکانی ئێره ، هاوینەهەواری گەشتیارانن.

**٢-** تەوێڵە ، تەوێڵێ ، هەر نەخشە و لاپەڕەی بیارەی سەرەوەیە:
شارێکی سەرسنووری بۆ ئەم ناوچەیە گەورەیە. سەر بە ناحیەی بیارەیە. لەناو ئەم دا دوو لقە چەمی زاوەر و ئاوێسەر ، یەکدەگرن. نەخشەی ل ٢٤٤. سێ گەڕەکی بە ناوەکانی: چلانە ، مالیدەر ، وەرانوەر هەیە. لە ڕۆژهەڵاتەوە پاڵی داوە بە بەشی خواروی شاخی هەورامانەوە ، ناوی بچوکی ناوچەییشی هەیە ، وەك سپی ، چەرمە.
بنەچەی شێخانی هەورامان ، دەچنەوە سەر شێخ عوسمانی نەقشبەندی( سیراجودین)، خەڵکی ئێره و مەرقەدیشی لێرەیە. ل:٦٤٠. لە شاعیرانی ئێره وەکو: میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی ، مامۆستا محەممەدی مەلا ساحێب(دانا). مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی.. لە ١٩٢٧ز. دا قوتابخانەی تیاکراوەتەوە. *مامۆستا گۆرانی شاعیر مامۆستای بووه. هۆنراوەیەکی هەورامی پیا وتووە.* لە هونەرمەندانی گۆرانی بێژ: نەسروڵا کەیکاوس ، نەجمەدین هەورامی ، تەوێڵەیی، نازم تەوێڵەیی ، عادل هەورامی ... لە هەورامانی دیوی

ئێراق دا ، ئێره وبیاره بنکەیەکی باشی ئابووری ، ناوچەکەن ،خەڵکی خەریکی پیشە دەستییەکانن. لە ل. ٢٦٠ باسیان کرا. کڵاش و ڕانکوچۆغەی ئێره بەناوبانگە . هەرچەند دوو کاڵای گرانن .
هەروەها ئەو دوو شارۆچکەیە ، ناسنامەی زرنگی و زیرەکی و دیموکراتی ، هەورامیان پاراستووه و نەیانهێشتووە کوێربکرێتەوە. تەوێڵە بە ڕێگای زەمینییەوە بەسراوه بە بیاره- خورماڵ - هەڵەبجە ، وە بە شۆشمێی ئێرانەوە. کە ئەمڕۆ مەرزێکی نێودەوڵەتییە. کانیاوەکانی ئاوێسەر و باخ و تەڵانە زۆره گرنگی پێدراوەکانی ئێره ، هەرکام هاوینەهەوارێکن بۆ خۆیان.

٣- خورماڵ یا گوڵعەنبەر: نەخشەی ل ٢٣٥ ، ئـ / ٢.
لەسەردەمی ئەژدەهاکا ناوی شاری شارەزووربووە ،: ناوەندی ناحیەیە ، دا ، لە ساڵی ٢٠٠٢ز. دا ٤١ دێی هەبووه . لەگەڵ بیارەش سەربە قەزای هەڵەبجەی شەهیدن. ١٢ کم. سەروی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە کەوتووە. لەسەر ڕوباری زەڵمە. لە تەختایی بەشی خواروی ، دەشتی شارەزووردایە ، شوێنێکی ئاوادارو لەبارە بۆ کشتوکاڵ ، بە تایبەت تووتن. کانییەکی کبریتی لێرەدا هەیە ، وەك پیشەسازی سوودی لێ نەبینراوه.
شاخی هەورامان. وەك دیوارێك لە لای ڕۆژهەڵاتیەوە بەسەر سەریەوەیە ، ئەودیویشی هەورامانی دیوی ئێرانە. بە بۆچوونم: شاری شارەزووری دێرین، ئەم بووه ، وە گەورەیی لێرەوە تا دێی نەوێی گرتووەتەوە ، کە دەبێتە گەڕەکی سەروی. لە نەخشەکەدا جێگەکەم کێشاوه.
لە هاوینی ١٩٧٩ز. یەوە کە ڕژێمی ، ستەمکاری سەدام دێیەکانی وێرانکردن ، لێرە کە کۆمەڵگا دروستکرا ئەم شارەی کرد بە گەورەترینی هەورامان. لە ١٩٤٧ز. دا ئەم ناحیەیە ١٩٥٠٠ کەس دانیشتووی هەبووە. ئەم و بیاره تەنها شوێنی ئیداریی بەرزی ، هەورامانی، دیوی ئێراقە. هەرچەند پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٣ ز. ئیدارەی هەولێر، بڕیاری دابوو، بڕیاره بکرێت بە قەزا.

٤- زەڵم = دڵدەم ، ناوی کۆنیەتی ، نەخشەی ٢٣٥، ئـ/٢:
{ لێرەدا ناوی ٦ جێگای پێ ناونراوه : تاڤگە ، و دەربەند و دێ و قەڵا و ڕووبار و پردێکە}
. هەموویان لە ناوی تاڤگەکەوە وەرگیراون ، ئەویش هەرچی وشەی جوانی هەیە پێیدا بڵێیت؟ لایەقیەتی. لە خوشکە تاڤگەی ، بێخاڵی لای رواندز دەچێت. ڕوباری زەڵم سەرچاوەکەی هوە لەم تاڤگەوە ، لە دیوی ڕۆژئاوای شاخی هەورامانەوە ، لە کونێکی ٢ بە ٣ م. بە قەدی شاخەکەوە هەڵدەقوڵێت.
وە من بە بنکەی حکومەتی سەردەمی شاری ، زوور ، ی کوڕی ئەژدەهاکیشی دەزانم ،ل ٤٣٠. چونکی تەنها جێگای ، قایمی نزیکی سەردەم بووە.
بۆ جێگاکەی ، وای بۆ دەچم: لە دێی ئەحمەدئاواوە بەرەو دێی زەڵم بڕۆیت ، لە دەستی چەپ دا ، کوونە دەرگایەکی شێوە لاکێشەیی بە قەدی شاخەکەوە دەبینرێت ، بە پەیژە نەبێت ناتوانی بچیتە سەرەوە بۆی ، لە بەردەمی دا پاشماوەی دیوار ماوه .

هەر ئەم قەڵایە ناوی لە پەیمانی زەهاویش دا ۱٦۳۹ز. دا هاتووە. سەرپۆپەی شاخی هەورامان یا لووتکەی دالآنی ، کە هەردوو دێ یەکە پاڵیان پێوە داوە ، سنووری نێونەتەوەیی ئێران و ئێراقە.
پرۆفیسۆر د. مەلا مستەفا زەڵمی مامۆستای زانکۆ و ، کە سەردەمانێك دەرسی بە سەبعاوی و بارزان ... ی سەرانی ڕژێمەکەی سەدام وتووە. لە کەسە ڕۆشنبیرە دیارەکانی ئێرەیە. هەروەها حەسەن زەڵمی لە شاعیرانی ئێرەیە. چەند هونەرمەنیشیان هەیە.

بەم جۆرە باسی ۱٦ شار و دێی هەورامانی هەردوو دیو ، تەواو بوو ، خۆ وردببیتەوە لە هەردێیەك بە شتێك خۆی دەرئەخات وەکوو:

مێوژی ژاوەرۆ . پیاز و پەتاتە و تووری زاوەر. گوێزی هەشەمێز. بەهێی دەرەبەیان. تووی گەلێن. هەناری شەڕەکان. زانستی لە ڕوار. سەگی ئەسپەرێز. ئەقڵ لە پاوە. کەری باریی ناوە. خوێندنگای: (بیارە ، تەوێڵە ، نۆتشە ، پایگەلان ، خەرپانی ، دشە.) زستانەهەوار: گریانە و شێخان. ئیمان: شاری هەورامان و شێخان. پشتوێن و فەرەنجی: هەجیج. دەنگخۆشی: کەیمنە. تووەفەڕەنگی: تەوریوەر و پایگەلان. کەبابی: کەمالا. شۆڕشگێڕی: دزڵی ، نەوسود ، کانیسانان. گۆزە ی: ئاریان. کانیاو و بەڵگەنامەی : سوورەتفێ. لانەی ئەدیبان: تەختە و نۆتشە... قەڵاو قوڵینە وسەبەتەو ماسی: دێوەزناو. پەرلەمەنتار= ژیرلە ، پەرلەمان= مەرێ ، بنکەی مێژوویی: پاڵنگان.

## ب / ٥ / ۲- گەشتێك بە دێهاتە وێرانکراوەکانی هەورامانی ئێراق دا:[1]

پەنجاوچوار دێڕە.

| | |
|---|---|
| هــۆرامانەکەم هــۆرامانەکەم | هانە و ئەدیبا و، پیرشالیارەکەم ۲ |
| با کەمێو کەروو ، باسەو نیشتیمان | تا ئانەیچ نەذیەن ، بزانۆ باسمان ۳ |
| هەرکەس دیەبۆش ، جارێو هۆرامان | هەرکەس گێڵابۆ ، کەشکۆڵ و دیوان ٤ |
| هەرکەس کەردەبۆ ، ڕاوە و نەچیران | هەرکەس کەشەنە ، شەڕەبەق لووان ٥ |
| هەرکەس ژنیەبۆ ، سەذای هۆرامی | هەرکەس دیەبۆ ، کۆڕ و عیرفانی ٦ |
| هەرکەس وانابۆش،ساڵێو تەدریسات | هەرکەس دیەبۆش، فەقێوخانەقات ۷ |
| هەرکەس ژنیەبۆ، سیاچەمانات | هەرکەس واردەبۆش، وەرواو و هانات ۸ |

۱- هادی . بەهمەنی ، س . ک . ژ . ۱۷ . ل ۸٦. // لە هاوینی ، ۱۹۷۹ز. دا ، لە کاتی بارکردنی هەورامان دا ، بە هۆی خزمێکی ئەودیومەوە ، نێردرا بۆ ئێستگەی کوردی ناوچەیی شاری مەریوان ، بەشی هەورامی ، لەوێوە خوێنرایەوە.. وە لە ۱۹۹۷ز. دا ، لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکاوەش.
* ئەم هۆنراوەیە لە ۷- ۱۹۹۰ز. دا لە شاری پاوە ، لە لایەن دوو هونەرمەندی گۆرانی بێژ: سەباح هەورامی و مەولودی سەلیمی یەوە ، بە گۆرانی چڕاون * هەر وشەیەك لە نێوان( ) کەواندا بن، ناوی شار و دێی هەورامانن. واتای وشە زەحمەتەکان : ۲- هانە. ۳- کەروو: بکەم. نەدیەن: نەیدیوە. ٤- گێڵابۆ: گەڕابێت.٥- کەشەنە: بە شاخدا. شەڕەبەق: جۆرێکە لە ڕاوە کەو. ٦- دیەبۆ: دیبێتی. ژنیابۆ: گوێی لێ بووبێت. ۷- وانابۆش: خوێندبێتیەوە. ۸- واردەبۆ: خواردبێتی.

هەرکەس وتەبۆ ، شەوێو دیوەخان — هەرکەس واردەبۆ ، سەمەر و باخان ١
هەرکەس پۆشابۆش ، شاڵوژەرەژیش — هەرکەس ئەسابۆش ، کڵاشوپەڕویش ٢
هەرکەس لا حەکیم ، تەشریف ئاردەبۆ — هەرکەس شەربەت و شیفاش واردەبۆ٣
هەرکەس ویناب‌ۆ ، نەخشە و تەڵانا — هەرکەس فکریابۆ ، نهۆمو یانا ٤
هەرکەس وانانشۆ ، بیانی پەڕاو — ئەدەب ڕەمزێوەن ، پەی پێمای حساو ٥
بزان هۆرامی ، پەی ژیوای ئەیام — چێش پێویس بیەن ، ئاردەنش مەرام ٦
دلیی ئیی گرد و ، کۆسار و کەشان — نە دەس و دوژمەن ، هەم ویش پارێزنان٧
یاگەو ملْك و ئاو ، هەزار هەواران — گەفکەر وە ، ئالپ و ئەندیز و لوبنان ٨
خەموەرێو نەبیی ، نەسەر ڕوی جەهان؟ — چیما مەوینۆ ، هقوقو ئینسان ؟ ٩
ڕۆڵە! گۆشگێرە ، پەی هۆرامانت — پەی دەگای کاول ، نەوە و باوانت ١٠
سیی و دووی زیاتەر، دەگای هۆرامیان — با بۆ وە تاریخ ، سەدام کەرد وێران ١١
ساڵە و حەفتاو هەشت ، بایەقوش واناش — هامن خەزانکەرد ، یانێ بیێ تاش ١٢

\+ \+ \+

خامە وە ڕیز، نوویس، هۆ( بانیبنۆك) — مەڕەو مەلیکی ، شێخ مەحمووی سەرۆک١٣
ئیلاش( گەچێنە) ، چەنی (بەهارە) — یاگەو ماڵات بیی، چوون دوو وەهارە
( ئێڵانپێ) وەشا، یاگەش بنارا — تا دێرێو سەرپۆش، زەردەپەڕ دارا ١٤
یاگەو جەسووری،وە حوکم و پەنددار — پەنات گەرەك بۆ؟ فڕکە و بانیشار ١٥

١- وتەبۆ: خەوتبێت.٢ - هەرکەس شاڵی کەوی= شینکی، ئێرەی پۆشی بێ. ٣- ئاردەبۆ: هێنابێتی. واردەبۆ: خواردبێتی. ٤ - نەخشەی تەڵان. یانا: خانوەکان. ٥- وانانشۆ: خوێندبێتیەوە. ٦- پەی: بۆ. ژیوای: ژیانی.چێش: چی . بیەن: بووە. ئاردەنش: هێناویەتیە. ٧- دلیی: لەناو. گرد:هەموو. ویش: خۆی. ل:١٢٥ ٨- یاگە: جێگە. گەفکەر: گاڵتەکەر. ئالپ ، ئەندیز: زنجیرە شاخن، یەکەم لە ئەوروپا، دووەم لە ڕۆژئاوای ئەمەریکای خوارودا. ٩- خەموەرێو: خەمخۆرێك. چیما مەوینۆ؟ : بۆ نامان بینێت؟

١٠- گۆشگیرە: گوێبگرە. ١١- بابۆ: با بێت. کەردەشا: کردیان.

١٢- واتە : لە هاوینی ١٩٧٨ز.دا ڕژێمی بایەقوش= ئێراق ، خوێندی ، هەرچەند هاوین بوو ، خەزانی درەخت هات! بەردی خانووە ڕووخێنراوەکان ، چوونەوە پاڵی یەکتری ، بوونەوە بەو کانە بەردەی کە لێوەی ، کەنرابوو.

١٣ – ئەم قەتارە هۆنراوەیە ، لێرەوە ناوی دێیەکانی هەورامان ، جوگرافیانە ناو دەبات ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە ، وە بە دێی (بانیبنۆك) دەستی پێکردووە. پیرۆزە ، مەلیکی کورد لانەی تیاگرتووە.خامە: پێنووس ، قەڵەم. نوویس: نووسی. مەڕە: ئەشکەوت.

لێرەدا شێخ مەحموودی مەلیك ، ماوەیەك ژیاوە ، بە دوو ساڵی : ١٩٢٢وە ١٩٢٣ز. دەزانم. ناوی ئەو، لەو ئەشکەوتە نراوە. هۆکەشی: ئەم دێیە بە دیوی ڕۆژئاوای شاخی سورێنەوەیە= ز. ش. زاگرۆس. لە دیوی ڕۆژهەڵاتیدا ، دێی دزڵی، هاوڕێ بەوەفا و لەشکر بۆگردکەرەوەکەی ، مەحموودەکەی تر ، خانی دزڵی هەیە! گەنا لەو هەموو جێگا شەڕە باشانەی ، ناو شاخەکانی ، شاربازێڕ پاڵ دەسەڵاتی ئینگلیز ، و کوڕەکاژاوی بەرزنجە و خزمانی دا، دەمایەوە و نەدەگەیشتە ئێرە ، لە خورماڵ دا شەڕبکات و لە دێی ئێڵانپێ (دێڕی/٣ یەم ، وە نەخشەی ل:١٨٧ ئـ/٢) ، وتووێژ لەگەڵ بەریتانیادا بکات ، لەسەر دوو فڕۆکەوانی دیلکراویان ، لای. ل ٤/٢١٣. ١٤ - وەشا: خۆشە. تا دێرێو: تا درەنگانێك. دارا: هەیەتی. ١٥- یاگە: جێگە. جەسووری: ئازایی. بۆ:

( هانە وقوڵ) یاگەو ، نەچیر و هانان ( ئەحمەذئاوا) یچ ، هەوارو جوانان١
(نەوێ تا خورماڵ) ، شار شارەزوور بیی پایتەخت و ماد و ، زوحاك و زوور بیی ٢
یاوا وە (زەڵم) ، کاروانو خامە ڤیکتۆریا یاخوو ، نیاگارا، کـــامە؟ ! ٣
ناوەند ئەردەڵان ، هەڵۆو کەلیخان ئاسارش مەنەن ، سنوورش کێشان ٤
بنکەو نەقاشا ، هونەر و مەغار با تاریخ فاڕا؟ دیارەن ئاسار ٥
مورادو چوارەم ، تورکو عوسمانی تاوە شارەزوور، ئامان وە سانی ٦
خان و کەلیخان ، لووت سوپاش ماڕا بارگەکەش دەسکۆت ، مەتڵەبش هاڕا ٧
(سەرگەت) مەنزڵگاو ، گرۆو سەیاذان هەیات ، دالانی ؛ خوڕخوڕە ناسان ٨
( هانەودنی) ، هەمتەر، (دەرەومەڕ) پەی ڕۆی نەهاتی ، خاستەرین سەنگەر٩
( گوڵپ) نموونەو ، دەگاو باسەمەر یاگەو حەمەلە و ،ئازای کورد پەروەر ١٠
( گەچێنە) و دامێن ، کەشەو هۆرامان سەرچەمەو ئاواز ، چریکە و عوسمان ١١
( باخەکۆن) مەرقەد، سەنگە و نگینەن هەم نەقشبەند و، حیسامەدینەن ١٢

---

بتەویت. بانیشار: نەخشەی ٢٣٥ ئـ/٢. دێیەکە بە شاخی_هەورامانەوە ، لێرەوە بەرەو سەرو ، تانزیک، پێنجوێن، شاخی سورێن دەسپێدەکات. هێڵکاری ،ل:٢٤٨. دەیسەلمێنێت. دێیەکی گەورەی بنکە حاکمی بووە ، دێیەکانی بناری شاخی سورێن ، لە بانیشارەوە بۆ وڵەسمت ، لەسەردەمی سانەکانی هەورامان دا، سەر بە بانیشار بوون. پێم وایە لەسەردەمی فەرانڕەوایی برزووم بەگی ، کوڕی حەسەن سانی، باوکی دا بووبێت ، ١٨٤٨- ١٨٦٩ز. کە حاکمی ئەم شا ، دێیە بووە. سەجەرەیان: ل ١٤٦. باوک و کووڕە ، لە کەسە ئازا موزیڕەکان ، بوون ، هەرکەس لەو ناوەدا ، شتێکی لێ قەومابێت؟ هانای بۆ ئەو بردووە ، ئەویش دالدەی داوە و پاراستویەتی ، چەند بارەبوونەوەی ئەو کارانە ، شەقڵی باوی زەمانەی بە خۆیەوە گرتووە ، هەرکەس لێی قەومابێت ؟ بێخەم بووە ، فڕکەی کردووە بۆ دێی بانی ،شار = بانیشار: بەسەر شاری شارەزوور یا خورماڵ و دەوروبەردا ، ڕووانیوە. چونکی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە ، پاڵی داوە بە شاخی زەبەلاحی هەورامان و سورێنە وە وە ئەودیویشی ئێرانە. بە کورتی: ئەو پەندە دەستنەمامی برزووم بەگ بووە. ئەم هەر ئەوەشە مەلا عەبدوولای قازی هەورامان، ل ٢٢/ژ. / ٢٦ ، کتێبی مێژووی هەورامانی بۆ نووسیوە.

١ - هانان: کانیاوەکان. ئەحمەدئاواش هاوینەهەواری جوانەکانە. ٢- لە خورمالەوە،خوارەوە،بۆ نەوێ لەسەرەوە، جێگەشاری، شارەزوور،گوڵعەنبەر بووە. ل:١٦٤- ١٦٥. ٣- ڤیکتۆریا، نیاگارا: تاڤگەن لە ئۆگەندە و ئەمریکا. ٤- هەڵۆخان: باوکی خان ئەحمەدخانی/١ م. ل ١٩٠ . ١٤- ئێستەش دیوار و سنوور لەو دەربەندی زەڵمەدا دەبینرێت.٥ - فاڕا: بگۆڕن. ٦- ئامان: هاتووە. ئەو سوڵتانی عوسمانییە سەردەمەکەی : ١٦٢٣- ١٦٤٠ز.یە.٧- خانی کەلیخان: مەبەست یەکەمەکەیانە١٦١٦- ١٦٣٩ز. خاڵی هەشتەمی سەرەوە. ماڕا: شکاندی. ٨- هەیات،دالانی، خوڕخوڕە: هەوار و شاخ و دێی ئەو ناوچەیەن. ٩- پەی: بۆ. ڕۆی: ڕۆژی. ١٠- حەمەلە گوڵپی: پێشمەرگەیەکی ئازای هێزی خەبات بووە،لە شەڕی پردەکەی زەڵمی ١٢/ ٨ / ١٩٦٣ ز. دا، لەگەڵ چەندی تردا، خۆیان بەختکرد. وابزانم باوکی بەڕێز د. فایەق گوڵپییە. ١١- عوسمان: مەبەست ، هونەرمەندی دەنگخۆش،عوسمان هەورامی، کەیمنەییە. کاسێتێکی تەسجیلی ئێستگەی ڕادیۆی کرماشان،لە حەفتاکاندا،بە پێشکەشی مامۆستای خۆشخوان،شوکرولای بابان، ئەم هونەرمەندەی نرخاندووە. دەڵێن لە نەوەدەکاندا، دەرمانیان دەرخواردداوە،دەنگەکەی نەماوە. زیاتر،ل:٣٦٤. ١٢- گۆڕی شێخ حسامەدین. لەم دێیەدایە. ل:٣٦٤. ** بە داخەوە ، لێرە بەدوواوە لە چاپی/٤ هەم دا ، ١٧دێڕ لەم هۆنراوەیە ، چاپ نەبووە.

( نارنجەڵە) چوون ، هەوارەبەرزەن    بذیە شارەزوور ، سەدهەزار تەرزەن ١
( خارگێڵان) یاگەو ، تەماکۆ و سۆزی    بارگەو نادرشای ،قەییم چا بەزی ٢
وەختێو کە مەڕیا ، بەغا گێڵاوە    وە غارگێڵانۆ ، تاویلشا دانۆ ٣
هەرکەس نیازو ، سەر کووانش بۆ    دماو زەردەهاڵ ، فکر و نانیش بۆ ٤
خۆ ئەر زمسان بۆ ، سەیر پەند و پیران    هەرەمەبەرە و، گازەردەن داستان ٥
( بیارێ و تەوێڵێ) ، یاگەو تەدریسات    شێخای مازڵۆخین ، ساحێب کەرامات ٦
شارستانی وەش ، پەڕ مڵك و شەتاو    هامنەهەوار ، هانەشا ، وەروار ٧
یا مزگی جامی ، جە ( دەگاشێخان)    بە بەحرول عیلم ، نامشا بریان ٨
دوودەگای سەر ڕا،(بەڵخە وسۆسەکان)    نزیك جە( مێشلە) ،بەهەشتو دنیان ٩
فرە قەییما، مزگی ( پاڵانیان)    زەڕێو ئێزیاوە، هەم ماچۆ نیشان ١٠
جە ( دەرەتفێ)، سەمەر وە دەیان    لەوەڕ و ماڵات، لاس و لۆ و کەمان ١١
زمسانە هەوار، هەم هەن هۆرامان    ( گریانە) ن،دەرمان وەهاری زمسان ١٢
یاگەو سەرعێلی،( دەرەقەیسەر) ەن    کۆ و بان و هەردش، ماڵات وەیکەرەن١٣
عەلامە و دانا، عەوڵای ( خەرپانی)    ئوستادی مەعدو، می چرۆسانی ١٤
( بنجۆی دڕەی) بۆ، دمایی کاروان    ڕوویێو مێ دیسان ، بنیەیمێ تەڵان ١٥

\+ \+ \+

کام گووناهـ ، یاوۆ ؟ وە مزگی تێکدای    دەستورو ئەخلاق، قورئان سۆچنای؟
ئایەکەو ، سەذو ؛ چواردەو بەقەرە    یەزدان فیرعەون رەنگ ، وزۆرە دەرە ١٦

---

١ – بدیە: بڕوانە. ٢- یاگە: جێگە. تەماکۆ: تووتن. چا: لەوێ. بەزی: لایداوەتە ئێرە،نیشتەجێ بووە.
٣- مەڕیا: شکا لە شەڕدا. وە غارگێڵانۆ: بە غار گەڕاوەتەوە. تاویلشا دانۆ: لێکیان داوەتەوە. لە هەوراماندا ئەم گێڕانەوەیەم بیستووە: بۆ کوژرانی نادرشا لەلایەن کوردە گۆرانەکانی شاری قوچانەوە، ئەم ساڵە هەیە ١٧٤٧ز. ٤- بۆ: بیبێت. دماو : دوای. ٥- هەرەمەبەرە،گازەرد: چیرۆکی گوێ ئاگردانیین،ل: ٣٤٧،٣٤٩. ٦- مازڵۆخ: بەرماڵ. ئەو پلەی شێخایەتیەی کە شێخ عوسمانی تەوێڵەو کوڕەکانی گەیاندووەتێ، بەرماڵ و خواپەرستی بووە. ل: ٤٧٥. ٧- وەش: جوان. هانە: کانی. وەرواو: بەفراو. ٨- مزگی: مزگەوت. نامشا: ناویان. بریان: براوە. ٩- ڕا: ڕێگە. جە: لە.
١٠- قەییما: کۆنە. زەڕێو ئێزیاوە: سکەیەك کە دۆزرایەوە: لە هاوینی ١٩٦٧ز. دا مزگەوتەکەیان تێکدا، نوێی کەنەوە،جۆرە سکەیەکی کۆنیان تیا دۆزییەوە،هی سەردەمی
( عەبدوڵاهی) کوڕی خەلیفە عومەر بووە، یانی دەوری ٦٤٠ ز. ساڵی داگیرکردنی هەورامانە. ل:٤٣٥.
ماچۆ: دەڵێت. ١١- جە: لە . لاس و لۆ و کەما: گیای کوێستانین ،بۆ ئاژەڵان زۆرباشن.١٢- هەن: هەیە. وەهاری: ڕۆماتیزم. زمسان: زستان. بێجگە زستانە هەواری ئەم دێیە. لێرەوە کانیاوێك نزیکە ناوی سوراڵە، ئاوەکەی وەك دەرمان بۆ ئەو نەخۆشییە بەکاربراوە. ١٣- یاگە؛ جێگە. سەرعێل: سەرخێڵ. وەیکەرەن: بەخێوکەرە. ١٤- مەلا عەبدوڵای خەرپانی١٧٤٦- ١٨٣٨ز. مامۆستایەکی خاوەن خوێندنگابووە ، مەولەویش ماوەیەك لای خوێندوویە. چرۆسانە: دێیەکەی مەولەویە، لە ناوچەی تاوگۆزی،سەروی ڕۆژئاوای هەڵەبجەیە ١٥- با ئەم دێی بنجۆی دڕەیە ، ببێتە دوایی ئەم کاروانە شیعریە ، بەڵام ڕۆژێك دێت ، تەڵانە ڕوخێنراوەکان دابنێینەوە.
شایەنی باسە بڵێم : وەک دیارە ، ئەم هۆنراوەیە لە ١٩٧٩ز. دا نووسراوە و دوای مانگێکیش لە ئێسگەی مەریوانەوە ، لە لایەن مامۆستا محەممەدی فەهیمەوە خوێنراوەتەوە. ئەوکاتە خۆیشم گوێم

یەکێتی قەییم ، باردێوە وەیاد
با خەتا فارمێ ، وە خاسەو وە داد ١
چەرخو ویسەمی ، یانی سەربەستی
هەر قۆمێو نەبۆش ، یانی بێ هەستی. ٢
......................................

## ب / ٥ / ٣- بوورج و حسابە ناو براوەکانی ساڵ ، لە هەورامان دا: *

وەرزی سەرما لەم ناوچەیەدا ، هەرلە گەڵاڕێزانەوە ٣ دووەم مانگی پایزەوە دەستپێدەکات. وە تا ڕۆشتنی یەکەم مانگی نەورۆزی بەهاریش، ئاژەڵداران بێخەمی سەرما و سۆڵە و لەوەڕ نابن. یانی هاتنی بەهار ، ئیتر پشتوێنی لێ ناکەنەوە ، هەر بۆیە پێشینان وتویانە: (کۆتەرەی زستان ، بۆ هەرمێ پشکوان). هۆی خەمەکەشیان ، بەفر و شەختە دەبێتە هۆ ، بۆ دەرنەکردنی ئاژەڵو ، مانەوەی لە گەوڕاو ئاڵف یا ئالیکیان خواردن. ئەو خەمانە وای لە خەڵکی ، ئەم ناوچەیە کردووە ، لە کۆندا وە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و چاودێری ئاو و هەواوە ، چەند لێکدانەوەیەکیان ، بۆ بورجی ساڵ ، کێشاوەو ، کردوویانەتە پلان و لەسەری ڕۆشتوون. بۆنموونە :

*کەی بەهار دەستپێدەکات*؟ :

١– حسابی کوێستان ، یا ئەستەموووڵ: لە بەرواری ٢٧ / ٣ / ی هەر ساڵێک دا ، بەهارە.
٢- حسابی نەورۆز ، یا کەلیخان : لە بەرواری ٢١ /٣ / وە ، بەهارە.
٣- حسابی گڵەزەردە : لە بەرواری ١٥/ ٣ / وە ، بەهارە.
٤- حسابی گەرمیان : لە بەرواری ١ / ٣ / وە ، بەهارە.

بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشتە کولتووریە ، شارستانی چەواشە ، کوێری نەکاتەوە ، لە خوارەوە کردوومە بە هۆنراوە ، لەبەر ئەوەش هی ئەو ناوچەیەشە ، بە هەورامیانە نووسیومە:

---

لێ بووە. رووێو مێ : ڕۆژێک دێت . چ ، هیوایەکی مسۆگەر لەم دێڕەدا دەبینرێت ؟!. ئەوە بوو لە ١٩٩١ز. پاش بەهاری ڕاپەڕین و سەپاندنی سزای ئابووریی نەتەوەیەکگرتووەکان ، بەسەر ئێراق دا، سەدامی کەلەپچە کرد. خەڵکی گەڕانەوە و تەڵانەکانیان ناوە . لە ٩ / ٤ / ٢٠٠٣ ز. ملی کرا بە پەتا ، ژن و ماڵ و منداڵی پەڕەوازە بوون ، هەر لەم دنیای دا ، خوا دۆزەخی یەکەمی پیشان دا.

واتای ئایەتی ناوبراو : کێ لەوە ستەمکارتر هەیە ؟ تیبکۆشێ بۆ وێرانکردنی مزگەوتی خوا ، ئەوەش یانی کوێرکردنەوەی جێگای ناوبردنی ناوی خوا. فیرعەونی میسر، لە ڕووباردا خوا خنکانی ، هەرچیش لەو فیرعەون ڕەنگانە بێت. بە هەمان دەردیان دەبات.
١- باردێوە وە یاد: بهێننەوە یادتان. ٢-ویسەم: بیستەم. نەبۆش: نەیبێت.

*/ لە ل: ٣١٠ دا خشتەی مانگەکانی کوردی( سۆرانی ، هەورامی) ، زاینی ، عەرەبی، فارسی، نووسراون. بە زەردەشتیش ل ٤٢٧.

**بوورجو سالّي**. هەڵەبجە/ ١٩٧٩ز. :

هۆ سروشت ناسان **!** هۆ سروشت ناسان**!**
قەییمی قاڵبیی ، پیشیای قازان
پەی زانای ئاوەو ، هەواو هۆرامان
وە لەتەرەو ویر، حسابێو ڕێسان
نامەو پەنج حساب ، بریان جە لامان
گڵەزەردە ، نۆرۆز ، یەرەم کەلیخان
چوارەم ئەستەمووڵ ، حسابوو کۆیسان
پەنجەم حسابما ، حسابوو گەرمیان
حسابوو نۆرۆز ، ڕوبەر فراوان
کەم و زیاذ بە ئاذ ، خاستەرین ڕێسان
جا ، نیازت بۆ ؟ هەر کام بزانیی ؟
وە پاو ئی نەخشێ ، یۆ وە یۆ یاونیی ١
حساب و نۆرۆز ، هەر کەلیخانەن
ویسو یووەو مارت ، وەهار نیشانەن ٢
ئەستەمووڵ پەنج ڕۆ ، دماو نۆرۆزەن
وەڵیشەنە گەرمیان ، وە ویس ڕۆ سۆزەن
شش ڕۆ ، گڵەزەردە ؛ وەڵێ نۆرۆزەن
جەناب شێخ حەسەن ، ساڵژمێر کێشتەن
گڵەزەردە پەی ، ساراو شارەزوور
فرە ڕێکەنە ، نموونەو دەستوور
( بەهمەنی) وەرو ، فۆتیای ڕەوشت
ئیی حساباتەش ، دیسانۆ بەروست ٣

---

١- لەتەرێ: تەشی. ویر: بیر. پیرە قاڵبووەکانی ناو مەنجەڵی سروشت ، بە تەشی بیر، حسابێکیان ڕێساوە. ئاد: ئەو. پەی: بۆی. وەرو: لەبەر. فۆتیا: هەرچەند وشەی چلەی پێوەیە ، بەڵام ئەوەندە نییە. ٢ – ویسو یووەو: بیستویەکی. دمای: دوای. وەڵێشەنە: لە پێشیەوە. سۆزەن: سەوزە. فۆتیای: فەوتانی. بەروست: دەرخستەوە. نامو: ناوی. بریان: ناوبراون. جە: لە. یۆ: یەك. یەری: سێ. دمای: دوای. ئاد: ئەو. یاونی: دەگەیەنی. وەرو: لەبەر.

٣ - دمای: دوای. وەڵێشەنە: لە پێشیەوە. سۆزەن: سەوزە. فۆتیای: فەوتانی. بەروست: دەرخستەوە. نامو: ناوی. بریان: ناوبراون. جە: لە. یۆ: یەك. یەری: سێ. دمای: دوای. ئاد: ئەو. یاونی: دەگەیەنی. وەرو: لەبەر. پەی: بۆی. وەرو: لەبەر. فۆتیا: ویسو یوەو: بیستویەکی. دمای: دوای. وەڵێشەنە: لە پێشیەوە. سۆزەن: سەوزە. فەوتان. بەروست: دەرخستەوە. نامو: ناوی. بریان: ناوبراون. جە: لە. یۆ: یەك. یەری: سێ. دمای: دوای. ئاد: ئەو. یاونی: دەگەیەنی.

*گڵەزەردە*: دێیەکە بە شاخی بەرانانەوە ، لە خواروی ڕۆژئاوای سلێمانیدایە ، لەسەر جادەی ئەوێو زەردیاوا(قەراخ) دایە. لێرەدا ڕەحمەتی شێخ حەسەنی بەرزنجی ١٦٧٧ – ١٧٦٢ز. دا، ژیاوە. ٨ کوڕی

دەنگ و باسی زستان ، لە دەوری ئاگردان.
تا هەندێك زانیاری کەلتوری کۆبکرێنەوە:

**١- چلەی گەورە** :
دەستپێکی : بە پێی ساڵی زاینی: لە ٢١- ١٢ بۆ ٣٠- ١ - = ٤٠ ڕۆژە.( ١٠ ی ڕۆژی بەفرانبار+٣٠ ی ڕێبەندان.)

**٢- چلەی بچوك** :
دەستپێکی لە : ٣١ - ١- ی ساڵ دا بۆ ١٨- ٢ = ١٩ ڕۆژە. هەرچەند ناوی چلەشی پێوەیە. ( یەک ڕۆژی بەفرانبار + ١٨ ی ڕێبەندان) . ئەگەر ڕۆژانی ماوەوەی زستان ، هەموو بژمێردرێت؟ ئەوە تا ئەوێ ، چل ڕۆژە. بەڵام تینی سەرما دوای ٢/١٨ / پشتی دەشکێت.

**٣ – پەنجەی تار** :
پێنج ( ڕۆژی تاربوو= تەرەبوو ، یا بەلەسە بوو ، یا پەنجەی تار):
ژمارەی بازنەی گەردوون ، فەلەك ،٣٦٠ پلەیە. ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ بە : نا ، پڕی= ٣٦٥ ڕۆژە. ٣٦٠ - ٣٦٥ = ٥ . یانی ٥ ڕۆژی زیادەیە. بەجێیان هێشتوون !. لە هەر کوێی ساڵ دا دابنرێن ، دەبێت. بەڵام لەم ناوچە یەدا ، لە دوای تێپەڕبوونی ناوەڕاستی بەهار ، دانراوە. بە حسابی نەورۆزی سەرەوە ، کە ٢١/ ٣ / بەهارە. دەبێت پەنجەی تار لە: ١٥- ٥ بۆ ١٩- ٥ - ی هەر ساڵێك بێت.

**٤ – درێژی ساڵ** : ٣٦٥ ڕۆژە ، ٦ دەمژمێرە ، ٩ خوولەکە.


**٥ – شەوی یەڵدا** : یەکەم شەوی زستانە ، ٢١ / ١٢ / درێژترین شەوی ساڵە.

**٦ – شەوی دەیجوور** : تاریکترین شەوی ساڵە ، هەر سەرەتای زستانە ، دیارە دەبێت مانگی عەرەبی یەکەم شەوی بێت ، یانی مانگە دەمە داسەکە بێت ، نەبینرێت ، یا تاریکە ، تۆفە ، هەور بەری دەگرێت. بۆ نموونە: لە ساڵی ٢٠١٢زاینی دا ، کەوتوەتە: ١٣/ ١٢/ دێسەمبەر ، ١/ مانگی سەفەر/ ١٤٣٤ کۆچی بووە ، ١٢ ڕۆژ جیاوازیان هەبووە.

٧ – لە ٤ / ٢ / ی ساڵ دا ، کوڕی سەیاد بۆ ڕاو چووە. ٥ ـەم ڕۆژی چلەی بچووکە.
٨ – شەوی ٦ / ٨ / ی ساڵ دا ، ئەستێرەی گەلاوێژ لە بوورج دەکەنرێت ، گەرما تینی کەم دەکات.

---

هەبووە؟ بەهۆی تیشکی خۆرەوە ، لە ژوورێکدا ، ساڵژمێرێکی سروستی داناوە. بیستوومە، نووسراویشی هەیە. بۆ *دەشتی شارەزوور* ئەم حسابی گڵەزەردەیە ڕێکە. بۆ هەورامانیش حسابی ئەستەنبول.




ب / ٥ / ٤ - نەخشەی ڕێگاوبانی هەورامان.

ی / ٢ ، **ب / ١ – ٥** / ناوەرۆک : ل ٢٢٠.

**کۆتایی** : **یەکەی دووهەم ، جوگرافیای هەورامان.**

**لە ٥ بەش دا . ل ٢٢٠ - ٢٧٧.**

**ی / ۳ ، ب / ۱ - ۷ /** :
**یەکەی / سێهەم ، لە حەوت بەش دا : زمـانـي هەورامـاني یا هەورامي** :
ل ۲۷۸ – ۳۷٤ وە نەخشەکانی ل ۲۸۰ ، ۲۸۱.

ی /۳ ، **ب / ۱** - هەورامانی زمانە ؟ یا زاراوە ؟ ل ۲٤٤ .

ی/۳ ، **ب / ۲** – ئەلف و بێی زمانەکە. ۲٦۰.

ی/۳ ، **ب / ۳** - چەند باسێکی ڕێزمانی. ۲٦۲

ی/۳ ، **ب / ٤** - خشتەیەکی چاوگ و سێ فرمانەکە. ۲٦٥ - ۲٦۹

ی/۳ ، **ب / ٥**- چۆن فێری گفتوگۆ بەم زمانە دەبیت ؟ لە ۱۱ وانەدا؟ ۲۷۰ - ۲۸۸

ی/۳ ، **ب / ٦**- فەرهەنگۆکی ئەم یەکەیە. ۲۹۰ - ۲۹٥

..................................................

**ب /۱-** *زمـانـی هـەورامـانی : لـە ۷ سـەرباس دا :*

*{۱- هەورامانی زمانە؟ یا زاراوە؟*
*۲- نەخشەی زاراوەکان و سێ کۆمەڵەکە.*
*۳ – سنووری جوگرافی.*
*٤- گرنگی زمانی هەورامانی.*
*٥- زمانی ئاریانواچەکان.*
*٦– ڕایەک بۆ زمانێکی ستاندارد.*
*۷- هەڵسەنگاندنی ڕایەک.}.*

**ی / ۳ ، ب / ۱ / ۱- هەورامانی زمانە یا زاراوە ؟**
وای بۆ دەچم ، وشەی زمان و ( زاراوە یا دیالێکت یا شێوەزار...) بە پێی جێگا و ناوئاخنەکەی ناو نابەین . چونکی زاراوە لە چاو زمانە سەرەکییەکەدا ، خەڵکێکی کەمتر قسەی پێدەکات و ، وشەی کەمتری هەیە و جوگرافیایەکی بچوکتریش دەگرێتەوە. ئەوەی تا ئێستەش دەیبینین و دەیبیستین ، دەڵێن: زاراوەی کرمانجی یا ز. سۆرانی یا ز. گۆرانی. ئەم سێ پایە زاراوەی زمانی کوردی بن؟ ئەی زمانەکە کامیانە؟ بە هەر سێ بڵێین ، زمان و زاراوەی زمانی کوردی؟ ئەی وشەی ( کرمانجی ؟ : کورد مادی) ، نییە وای لێهاتووە؟ ئەگەر تۆش هەمان ڕات هەبێت؟ وشەی کرمانجی ، موڵکی هەموو کوردە ، نەک یەک ناوچە. دەبێت لەگەڵ هەر سێ پایەکەدا بەکارببرێت و بنووسرێت: کوردی کرمانجی. جا سەرو بۆ هەموو بادینی ، ناوەڕاست بۆ هەموو سۆرانی. خوارو بۆ هەموو گۆرانی.

جوگرافیانەش ڕاستە. بۆ نموونە : دیقەتی کوردی کرمانجی ، ناوچەی ناوەڕاستی ، کوردستانی مەزن بدەن.

جیاوازی وشەکانی خەڵکی دوو شاری سلێمانی و هەولێر. یا مەهاباد و سۆران ، یا سنە و جوانڕۆ... عەرەبی و فارسییەکانی لێ لاببەن ، چونکی کوردی نین. لە ١٠٠ وشە کەمتر جیاوازی دەبینین ، ئەو کەمە جیاوازیانە ، زاراوەن.
بۆیە پێویستە بڵێین : زاراوەی هەولێری ، سلێمانەیی ، سنەیی... ، نەک پایەکە.


سێ پایەکەی زمانی کوردی :

**پایەی یەکەم /** نەخشەی ، ل ٢٨١ / ئـ .
بۆ کوردی کرمانجی سەرو *کە ئێستە وا ناسراوترە: کۆمەڵەی بادینی* ،
ئەم زاراوانەی هەیە: ( ئاشیتەیی ، شەمدینی ، دیاربەکری ، دهۆکی ، حەڵەبی... هتد). بۆ هەر سێ پایەکە. وە بۆ شوێنی جوگرافیان ، لە کوردستانی مەزن دا: ل ٢٤٦.

**پایەی دووهەم /** هەمان نەخشە / ب.
بۆ کوردی کرمانجی ناوەڕاست ، *کۆمەڵەی سۆرانی* ،
ئەم زاراوانەی هەیە: (موکریانی ، سنەیی ، هەولێری ، سلێمانەیی ، شارەزووری ، جافی ، گەرمیانی... هتد).

**پایەی سێهەم /** هەمان نەخشە / پ.
بۆ کوردی کرمانجی خواروو ، *کۆمەڵەی ، گۆرانی ، هەورامانی* ،
ئەم زاراوانەی هەیە : ( ئەردەڵانی ، زەنگنەیی ، باجەلانی ، لووڕی ، فەیلی ، لەکی ، شەبەکی ، زازاکی ، دملی. لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان ... هتد) . ، واتە هەموو ئەو گۆرانانەی لە ل ٨٤ – ١٢٧ باسیان کراوە.

هەروەها د. محەممەد موکری لە ١٩٦٥ز. دا لە پەڕاوی مەنیجە و بێژەن دا، گۆرانی بە زمان ناوبردووە ، نەك زاراوە . لە ل ١٠٦ ەوە ، چەند لە نووسەرە بیانییەکان هەمان ڕایان هەیە. ڕای نووسەر : ئایا هەورامانی زمانە ؟
هەورامانی یا هەورامی وەک زمانە زیندووە جیهانییەکانی : عەرەبی ، ئەڵمانی ، ئینگلیزییە ... نێر و مێی هەیە ، کە لە سۆرانی کوردی دا ، نییە.
بە تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵ بەسەر حوکمەتی کوردیی هەرێمیی کوردستانی ئێراق دا، لە { ١٩٩٢ – ٢٠١٨ ز. } وە بەوەدا کە مافی ئەم زمانەیان وەک: عەرەبی و تورکی و کلدانی نەدا، هەتتا ڕێشیان نەدا ، یەک کتێب لە ناوچەی خۆیان دا ، بەو زمانە منداڵانیان بیخوێنن ، ئەمە بە لێکدانەوەیەکی ئەوروپایانە ، ڕژێم ، بە عەوام پێناسە دەکات!.
ئەوەندەی خەمیان لەم زیاترە تا لەوانەی سەرەوە ، بە زمانیان زانیوە و داناوە.




**ب / ١ / ٢-** نەخشەی شوێنی جوگرافیایی زاراوە ناوچەییەکانی زمانی کوردی لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

---

١ – بایەزیدی. ٢- زازاکی. ٣- زەنگنەیی. ٤- باجەلانی. ٥- ئاشیتەیی. ٦- دملی.
٧ – شیمال. ٨- شەمدینی. ٩- بۆتانی. ١٠- موکری. ١١- بادینی. ١٢- ڕۆژئاوایی.
١٣ – شەبەکی. ١٤- هەولێری. ١٥- سلێمانەیی. ١٦- کاکەیی. ١٧- گەرمیانی.
١٨ – سنەیی. ١٩- ئەردەڵانی. ٢٠- هەورامانی. ٢١- جافی. ٢٢- کەنوولەیی.
٢٣ – کرماشانی. ٢٤- لەکی و کەڵهوڕیی. ٢٥- فەیلی. ٢٦- لووڕیی. ٢٧- بەختیاری.
٢٨ – شوانکارەیی. ٢٩- مامەسانی. ٣٠- کوگالوویی.




**ب / ١ / ٣–** نەخشەی سێ ناوچە هەرێمییەکەی یا پایەکەی زمانی کوردی.

**ئـ /** زمانی کوردی کرمانجی سەرو ، <u>کۆمەڵەی بادینی</u> : ( ئاشیتەیی ، دملی ، شەمدینی ، بۆتانی ، ڕۆژئاوایی ، شیمال ... هتد . ).
**ب /** زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ، <u>کۆمەڵەی سۆرانی</u>: ( موکریی ، هەولێری ، سلێمانەیی ، سنەیی ، گەرمیانی ... هتد . ).
**پ /** زمانی کوردی کرمانجی خوارو ، <u>کۆمەڵەی گۆران</u> : ( زەنگەنە ، باجەلانی ، شەبەکی ، هەورامانی ، کەنوولەیی ، لوڕیی ... هتد . ).ل ١٠٣ – ١٢٠.

**ب / ١ / ٣- سنوری جوگرافی هەرێمەکانی زمانی کوردیی:**
سەرو و ناوەراست و خوارو. ئەوەی ل ٢٨١.

سنوری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایان ، سنووری کوردستانی مەزنە. لە ل ٢٩ باسی کراوە. لێرەدا تەنها سنوری سەرو و خوارویان ناودەبرێن.

**ئـ /** ناوچەی جوگرافی زمانی کوردی کرمانجی سەرو ، کۆمەڵەی بادینی:
نەخشەی ل ٢٨١ هەرێمی/ ئـ . بریتییە لە: کوردستانی تورکیا ، وە بادینانی کوردستانی ئێراق ، و کوردستانی سوریە. وە بەشی ڕۆژئاوا و سەروی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێش.
*ئەمانە ناگرێتەوە: ( سەروی دەریاچەی وان ، کە جێی زازاکی و دملیە ، وە کەرەباخی ئەرمەنستان و ئازەربایجان ، کە لە سەرچاوەوە زەنگەنە و باجەلانین.)*

سنوری خواروی لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات:
دەریای ناوەڕاست ، قەسەب ، باشوری حەڵەب ، سەفیرە ، تەل ئەبیات ، تەل کۆچەك. لە ناو سوریەی ئەمڕۆدان. سەروی شەنگال و تەلەعفەر ، موسڵ بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە ، بەردەرەش ، ڕەواندز ، مێرگەسوور ، شیروانی مەزن ،چەمی لۆیا ، لە ناو کوردستانی ئێراقدان. مشکان ، جەڵدیان ، خەلخانە ، لێواری خواروی دەریاچەی ورمێ ، لە ناو ئێرانی ئەمڕۆدان.

**ب /** سنوری جوگرافی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ، کۆمەڵەی سۆرانی .
نەخشەی ل ٢٤٥ هەرێمی/ ب. سنوری خواروی کرمانجی سەرو ، دەبێتە سەروی کرمانجی ناوەڕاست ، سۆرانی. هەر سنوری خواروی پێویستە بوترێت ، لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات:
*شاخی حەمرین ، شێخ لەنگەر ، سەروی کفری و کەلار ، باوەنور ، مەیدان ، زارێن ، دەربەنیخان ، هەڵەبجە ، سەیسایەق ، پینجوێن ، لە ناو ك. ئێراقدان. شێخ سێڵە ، دڕۆڵە، بانیگان ، جوانرۆ. لە ك. ئێراندان.*

**پ /** سنوری جوگرافی زمانی کوردی کرمانجی خوارو ، کۆمەڵەی گۆرانی.
ل ٢٤٥ هەرێمی / پ. سنوری خواروی کرمانجی ناوەڕاست ، واتە : سۆرانی ، دەبێتە سەروی کرمانجی خوارو ( گۆران) . سنوری خواروی کوردستانی مەزن ، خواروی کرمانجی خواروشە، گۆرانی . ل ٢٧ *شیراز ، یا ستانی فارس و بوشەهر ، ئەهرەم ، کەنداوی عەرەبی یا فارسی.*

وەك لە هەرێمی پ/ دا ، دیارە ، وە بە سەیرکردنەوەی هەموو جێگای لقەکانی گۆران. هەرێمی پێی = کۆمەڵەی گۆران ، لە بارەی خاکەوە ، گەورەترینیانە. وە لە بارەی سەرژمێری دانیشتوانەوە ، هەرێمی ئێ = واتە هەرێمی کرمانجی سەرو ، گەورەترینیانە.

**ب / ١ / ٤ - گرنگی زمانی هەورامانی ،هەورامی :**
ئەم زمانە لە هەورامانی هەردوو دیودا ، زیاتر لە ملیۆنێك ، بە گۆرانستانیشەوە سێ ملیۆن قسەی پێدەکەن. ل. ٢٣٦- ٢٣٧ ی پەیامی هەورامان. گرنگیشی بۆ یەکێك هیچی ، دەربارەی نەبیستبێت ، لەم خاڵانەی خوارەوەدا بۆی دەردەکەوێت:

١ – بە سەیری ئەم ئایەتانەی قورئان: ( وما ارسلنا من رسول ، الا بلسان قومه ليبين لهم ). ئیبراهیم/ ٤. ( وان من امه الا خلا فيها نذير.) فاطر/٢٤. ( ولقد بعثنا فی كل أمة رسولا.) النحل/ ٣٦ ( ولكل أمة رسول. ) یونس/٤٧. ( ولكل قوم هاد. الرعد/٧.) ...هتد :

پێغەمبەر بە هەر زمانێك قسەی کردبێت ، خواش پەڕاوەکەی هەر بەو زمانە ناردووە بۆی. تا بۆیان ڕۆشنکەنەوە ، تا لێیان تێبگەن ، خۆ ئەو ڕۆژە دارولتەرجەمە نەبووە ، وا نەبووایە ؟ چۆن تێیاندەگەیاندوون ؟ هەر نەتەوەیەک ئاگادارکەرەوەیەکی بۆ نێردراوە ، کوردیش نەتەوەیە ، نێراوەکەی: زەردەشت پەیام هێنە.

٢– لێواری خوارووی دەریاچەی ورمێ = ئورمیە ، کە دەکاتە بەشی سەروی ناوچەی موکریان و سەروی ڕۆژئاوای ئێران. ناوچەی هاتنەدنیاو لاوێتی زەردەشت پەیام هێنە. ( باوانی زەردەشت دەچنەوە سەر مادەکان ، وە لەو کاتەدابە زمانێك دواون ، پێی وتراوە ئورامي= هۆرامي) ٢٧٤ زمانی فارسی پیتی هـ . کردووە بە ئـ . ئەگین هەر یەکن.

ئەمە پێمان دەڵێت باوانی زەردەشت پەیام هێن ، هەورامی بوون ، وە لەو کاتەدا و لەو ناوچەدا ، خەڵکانیی بە زمانی هەورامی قسەیان کردووە ، یا، هەبووبن. ئەمەش بێجگە کۆنی ، پیرۆزی ئەو زمانەش دەردەخات.

٣ – سەرنجی ئەو دوو وشەیە بدە ، ناوی دەریاچەی ورمێ بە فارسی ئورمیە لەگەڵ ئورامی چەند لەیەك دەچن! بزوێنە خڕەکەی کۆتایی ، بووە بە درێژ. چووەتە پێشتر. ئەمەش نیشانەی خزمایەتی نێوان ناوچە و زمانی پێغەمبەر زەردەشت و هەورامی دەردەخات.

٤ - لای شاعیری چەوساوەکانیش ، ڕەحمەتی مامۆستا قانع ، پەڕاوی ئاڤێستای زەردەشت ، بە زمانی هەورامی بووە:
بە زووان هەورامی ، هاتە سەر بەشەر        یانی های زەردەشت ، بوو بە پێغەمبەر٢٧٥

٥ – مامۆستا حەمەسەعید حەسەن:( ئامۆژگاریەکانی یا سرودەکانی زەردەشت ، لە

٢٧٤ – بارام دەوڵەتشاهی ، وەرگێڕانێك لەسەر فەروەردین یەشتی ئاڤێستا ، ئەمریکا.
ئەم کتێبە بە ئینگلیزیە ، لە لایەن عیبادەدین دەوڵەتشاهیەوە کراوە بە فارسی.
٢٧٥ – قانعی هۆنەر ، دیوانی شاخی هەورامان ، ل: ١٢.

گاتەکانی پەڕاوی ئاڤێستادا، شیعری هەورامین ...). ٢٧٦
٦ – مامۆستا د. م. ا. هەورامانی : ( زمانی ئاڤیستا ، زمانی دایکزادەی زەردەشتە). ٢٧٧

٧ – مامۆستا محەممەد ، دانا : ( پەڕاوی ئاڤێستای زەردەشت ، بە زمانی هەورامی بووە ، بە خەتی سوراتی نوسراوە ، لە نامەخانەی تاران دا ، چەند لاپەڕەیەك لەو پەڕاوە هەیە). ٢٧٨

٨ – مامۆستا پیرداود: ( زمانی ئاڤێستا زمانی سەروی ڕۆژئاوای ئێران بووە...) ٢٧٩ لە خاڵی یەکەمی سەرەوەش ئەم ڕستە جوگرافیەی تیایە و ڕاستە . ئەو پێناسە جوگرافیەش بۆ ئورمیە هەر ڕاستە.

٩ – مامۆستا عەبدولڕەزاقی هەورامی: ئەم بەڕێزە سەجەرەیەکی ، حەوتسەدساڵی زمانی هەورامی ، بەم دێڕەو هۆنراوە فارسییەی ، سەعدی شیرازی ڕەحمەتی بۆ دەرخستووین:

گەر بە تازی ئاستینش ؛ بەر مەن زەنەد ، گۆیەد تەعال
کی بە کوردی گۆیدم ، ( بووریٚ نشینە و نان وەرە). ٢٨٠
ئەمە یانی زمانی کوردیی ، دیاری ، ئەو ڕۆژە ، هەورامانی بووە.

١٠ – نیشانەیەکی جیٚ شوێنی شارستانیەتی کورد ، کە هی ٨٨ پ. ز. وە لە ١٩١٥ز. دا لە لەندەنەوە بڵاوکراوەتەوە ، لە دێی سورەتفێی هەوراماندا بووە. ئەم کتێبە. لە ل ١٣٣وە.

١١ – ( سروشتی ئاڤێستایی ، لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا ، لە هەورامیدا زیاتری پێوە دەبینرێت...) ٢٨١
١٢ – یەکیٚ لە یەکەم ، یا دووەم کۆنترین هۆنراوەی *نووسراوەی کوردی* ، بە زمانی هەورامیە ، وە هۆنراوەی ، هورمزگان ڕمان..ـە. ل ٤٤٠. تا ئەمساڵ ٢٠١٩ز. – ٦٤١ز.= ١٣٧٨ساڵ لەمەوپێشە. وە دووەم یا سێیەم کۆنترین هۆنراوەش ، هەر هەورامیە : هۆنراوەی ئەز بەهلولە نان.. ل ٤٥٨. تا ئەمساڵ ٢٠١٩- ٨٣٤ = ١١٨٥ ساڵ لەمەوپێشە.

---

٢٧٦ – مامۆستا حەمەسەعید حەسەن ، تۆمابۆ ، ژیانی کوردەواری . ١٩٨٠ ل ١٩٢.
٢٧٧ – مامۆستا د. محەممەد ئەمین هەورامانی ، مێژووی هەورامان ل ٢٢١.
٢٧٨ – مامۆستا محەممەد بەهائەدینی تەوێڵەیی ، دانا ، پیرشالیاری زەردەشتی ل ١٣. ئەمیش لە: شوق المستهام فی رموز الاقلام.
٢٧٩ – مامۆستا پورداودی زەردەشت ناس.
٢٨٠– مامۆستا عەبدولڕەزاق هەورامی ، تەوێڵەیی ، سەرگوزشتەی هەورامان. کلیات سعدی ، بدائع ، جاپی کۆن ، ل ٣٦٩. واتاکەی بەلای منەوە: ئەگەر یار بە مستی زیوینی ، سیخورمەیەکی تێکوتام؟ بە ڕقی نەزانن ، ناز دەکات ، ئەوە بە عەرەبی دەڵێت تەعال : وەرە. بە کوردیش ، کە بە هەورامییە : بووریٚ نشینە و نان وەرە = دەڵێت : وەرەوە دانیشە و لام نان بخۆ، یا پێکەوە نانبخۆین.
٢٨١ – تۆفیق وەهبی ، گۆڤاری گەلاوێژ، زنجیرەی یەکەم ،١٩٤٥ بەغداد.

١٣ – هەرکەس تاقەتی لەگەڵ ئەدەبدا هەبێت یا هەبووبێت ، دەزانێت تا کۆتایی سەدەی بیستیش ، ئەم زمانە چەند شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری ، لە ناوچەکەی دا پەروەردە کردووە. مانای واش نییە لەم کەلاوە کۆنەی دنیایەدا ، ئیتر دەسنووسی تر بەم زمانە دەرناکەوێت ، یا شاعیر و نووسەری تر سەرهەڵ نادات. پ. هـ . ل ٣٣٨.

١٤ – ( هۆنراوەی هەورامی بەو ناوەرۆك و چێژی مۆسیقایەی تیایەتی ، خوێنەر کێش دەکات بۆ لای خۆی . ئەو دیاردەیە وایکردووە ئەم بگەیەنێتە ڕادەی گوند و لیرەی ئیتالی). ٢٨٢

١٥ – لەو ساڵانەی من چاودێریم کردووە لە:١٩٦٠ – ١٩٨٠ ، قوتابیە پلە نایابەکانی ، هەڵەبجە ، شارەزوور ، زۆرجار ناو شاری سلێمانیش ، هەورامی بوون. ئێستەش ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی دیموکراتی ، لە زۆری ڕۆشنبیر و هونەرمەندەکانی ک. ئێراق و ئێران...بکرێت ؟ ئەو خەسڵەتە ، زیرەکییەیان تێدا دەبینرێت.

دەربارەی پەرەپێدان بەم زمانە ، کولتورییە ، ئەنتیکە ، پیرۆزە ، ئەگەر بە کوردی بزانن ؟ ، تا ئەمڕۆش ٩ / ٢٠١٩ز. هیچ نەکرا ، ئێمەی هەورامی هەستیشی پێدەکەین حەزیشیان وایە زوو بتاوێتەوە، یا بمانتاوێننەوە !.
بەوەی ئەم زمانە لە هەورامان دا، باشتر لە شوێنەکانی تر ، پاریزگاری لێکراوە. ڕادەی ڕۆشنبیری هەورامییەکان دەسەلمێنێت ، لە بازنەی گۆرانەکان دا. لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەم زمانە ، سامانی کەلتوری نەتەوەی کوردە ، وە لە مۆزەخانەی هەورامان دا ، پارێزراوە. کەواتە ئەو نوسەرانە هەقیانە بنووسن گۆرانی = هەورامی. دەرک پێکردنێکە ، پێش گەشتنی ڕووداوەکە ، وە دانی ئەو پلە بە هەورامان ، لە جێی خۆیدایە و لایەقیەتی. دەشبێتە مۆزەخانەی زمان و کەلتوری گۆران. بۆیە پێویستە لە گۆرانی ڕۆشبیر، یارمەتیدەری هەورامانییەکان بن ، تا ئەژداد ، درەنگتر بتاوێتەو و بتاوێننەوە.

زمانی کوردی هەورامانی پیرۆزە ، چونکی بۆنی ئاڤێستای پێوەماوە: *
هەڵەبجەی شەهید/٢٠٠٤ز. هـ . ب

| | |
|---|---|
| زەردەشت پێخامبەر ، نەتەوەش مادەن | نامە و ئاڤێستاش ، پەی کوردان ئاردەن |
| نشینگەش واری ، دەریاو ئورمیەن | باوانش زووان ، هۆرامی چرپەن ١ |
| یووەم و دووەم ، شیعرێو کە نویسیان | هەر پی زووانە ، پیرۆزە واچیان ٢ |
| سەردەمو ( سەعدی)، زووانو کوردان | هۆرامی بیەن ، وستەنش دیوان |

٢٨٢– گ . ب . اکوپف ، کودە خاورشناسی ، ل ٣٤٥. *بۆیە جێگا وساڵی هۆنراوەکە، هەڵەبجەیە، لەو ساڵەدا سەردانەوەی کوردستانم کردبووەوە.
* نوسینی خاڵە گرنگەکانی دوو لاپەڕەی پێشوو ، بە هۆنراوەیەکی هەورامانی نووسراوە
١–. پێخام: هەواڵ. پەی: بۆ. ئاردەن: هێناوە. واری: خواروی. چرپەن: قسەیان پێکردووە.
٢ –یوەم: یەکەم. نویسیان: نوسراوە. پی: بەم. واچیان: وتراوە.

دەق و ئاڤێستای ، زاراوا و کوردییۆ　　　نزیکیش ئینا ، وە هۆرامییۆ ١
گۆشدە مارییفەت ، پیرشالیاران　　　یا شاکارەکە و ، شیرین و خانان ٢
پۆکی ئەرشیفو ، شیعری هوردەیمێ　　　زووانو زەردەشت ، هۆرامی وینمێ ٣
قەواڵە کۆنێو ، لەندەن پەخش کریان　　　سەلەمنۆ ژیریی ، خۆڵك و هۆرامان ٤
هۆرامی و زازا، شەبەک ئەردەڵان　　　زەنگنە و باجەلان ، لوورِ باوە گۆران
هەرکەس چانیشا ، ئەر جۆنە بلۆ؟　　　سەرچەمەش کێڵوو ، گۆرانشا بەرۆ ٥

.............................................

هەڵسەنگاندنی زمانی هەورامی . قانعی شاعیر:
کتێبی زەردەشت ، کە ئاوێستایە　　　وەک باقی کتێب ، خەڵاتی خوایە
بە زووان هەورامی ، هاتە سەر بەشەر　　　یانێ های زەردەشت ، بوو بە پێغەمبەر
تا دەوری خۆی بوو ، وەک باقی دینان　　　بەڵام نەسخ بوو ، ئەویش بە قورئان
(ماریفەت و پیر) ، وتەی شالیارە　　　کە بە پیرشالیار ، لە گشت دیارە
شاخی هەورامان ، هەرچەند ڕەنجەڕۆم　　　زۆرچاک بزانە ، کە مەمنونی تۆم
چونکە پاراستت ، تۆ ئەو زمانە　　　تێکەڵت نەکرد ، لەگەڵ بێگانە
نە ڕۆم نە عەجەم ، نە تورکی تاتار　　　نە ڕوس نە ژابۆن ، نە دەست ئیستیعمار

دەروێش سەیفوری بانیارانی ١٨١١ – ١٨٧٧ز.
گۆران گۆیش ، هۆزی گۆرانەن　　　چەنی بێگانە ، هەر نە زۆرانەن
زووان گۆرانی ، زووان (پاڵنگانەن　　　زووان سوهرەوەرد ، ڕەی و زەنگانەن)
گۆران ڕەسەن ، کورد هۆرامانەن　　　هۆرامان نە گەوهەر ، هەر ئا هەرمانەن
تا دەڵێت:
(سەیفور) چێش ماچی؟ ئانە بەهەشتەن　　　سوارەی گۆران ، یەک یەک نەگەشتەن

## بەراوردێک لە بۆچوونی گەڕۆکەکان .

دەربارەی زاراوەی شوێنەکانی هەورامان:
لە ل. ١١٦ دا، باسی چەند گەڕۆکی ئەوروپایی کرا، کە سەردانی ناوچەکەیان کردبوو. ئەو لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی ئێرە کردوویانە ، دابەشکردنی زیادیان بۆ کردووە. لەوە دەچێت میرزاکانیان ، شارەزا نەبووبن ، یا نەبوونی پیتی هاوشێوە ، لە زمانەکانیاندا ئەو لێکدانەوانەی دروستکردبێت. بۆ نموونە :

---

١ –بیەن: بووە. وستەنش: خستویەتیە. ٤- ل١٣٣. وە ٢٢٧ ب/٢ ئینا: ئەوەتا.
٢–گۆشدە: گوێ بدە. ماریفەت: کتێبەکەی پیرشالیار. شاکار: مەبەست کتێبی شیرین و خەسرەوە.
٣ – پۆکی: بۆیە. هوردەیمێ: هەڵدەینەوە. وینمێ: دەبینین.
٤ – بۆ قەواڵەکان ل١٣٣. وە نەخشەی ٢٢٧ ب/٢ پەخش کریان: بڵاوکراوەتەوە. سەلەمنۆ: دەیسەلمێنێت. ٥- چانیشا: لەوانە جۆنە: بە جۆگەدا. بلۆ: بڕوات.کێڵ: کەوێڵ.گۆرانشا: گۆرانەکانیان.

بەراوردی پێنج وشە ، لە لای دوو گەڕۆکی بیانییەوە.

| سۆرانی | هەورامی | ئۆسکارمان | | خریستنس | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ – بەرد. | تەوەنی. | تاوێن | Taûĕń | تەوەنێ | tawanā |
| ٢ – دەڕۆم. | ملوو. | مێلوو | Maĩú | ملوو | Mlu |

| | | لای خەڵکی کەنوولە | | لای شاری هەورامان |
|---|---|---|---|---|
| ٣ – کچ. | کناچێ. | کیناچێ | Kinâćĩ | k̊načä |
| ٤- خوێن. | وونی. | وینی | Wini | wun |
| ٥ – خوشک. | واڵێ. | واڵێ | Wali | wålä |

ئەوەی خریستنی دانیمارکی:
وشەی یەکەمی ، حەوتی سەر ( ی ) کە کردوویەتی بە ( ێ) ، زیادەیە. وشەی دووەمی کە ( ملوو) وە ، ڕاستە. ئەوەی ئۆسکارمان:
مادام ئێمە ئەو سەر وکڵاو و چۆکڵەی سەر پیتەکان ، ڕوون نییە لامان ، لە جێی چی دایناون ؟ هەڵسەنگاندن ئێمە بۆیان ، مافی خۆی وەرناگرێت. ئەوانە هەتا ، جیاوازیان لە نێوان هەورامی هەورامان و شارەدێی کەنوولەی ، هاوسێی خوارووی ، کردووە. سەیری وشەی خوێن: وونی بکە. وە کچ: واڵێ . لە سەرەوە بکە.
نموونەی تر کە من دیومەو خوێندوومەتەوە:*
وشەی خانو : هاوسی ئینگلیزیی: کە گۆڕیویانە بۆ ( یانە ) ی هەورامی ، کردوویانە بە: ( وانا : wana ) کە پیتی وای : Y هەبێت ؟ بۆچی دەبڵیوو W دانراوە؟.

بۆ هەورامی زانی ئەمڕۆ ، هەر پێنج وشەکە وەک لە ستونی دووەمیان دا ، نووسراوە ، هەموو لێی تێدەگەن و ئاسانە.
هەوڵیان جێگەی سوپاسە ، کاری ئەوانە بۆ گۆرانەکان بە گشتی وەک تاپۆ وان. ئەوانە کەسانی بە ئەمەک و کارەکانیان دڵسۆزانە و پاک بە ئەنجام گەیاندوون. بۆ نموونە کلۆدیوس ڕیجی ئینگلاندی زیاتر لە ١٣ دەستنووسی لە ناوچەی هەوراماندا ، کۆکردووەتەوە

*/ کارڵ هادانگ ، س .ئە . ژ./١ ل ٣٧٩.

و داویەتە دەست ، کتێبخانەی لەندەن. وا هەستیار ئەنوەری سوڵتانی لە شاکارەکەیدا ، بە ناوی ، (کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی) کە لە سەرچاوە کوردییەکاندا، لە ژمارە ١٥ پیشاندراوە. بڵاوی کردووەتەوە.

*یەکەم گەڕۆکی ئەوروپی ، کە باسی زمانی کوردی گۆرانی ، بۆ ئەوروپا هێناوە ، جاکویس دیمۆرگنە. گەڕۆکی بەریتانی سۆئانە ، کە لە ١٩١٢ز. دا، سەردانی ناوچەی گۆرانەکانی ئێران و ئێراقی کردووە ، نووسیویە: لە ناوچەی هەمەوەن دا، گەشتم ، بە کوردانێك بە هەورامی دەدووان. ٢٨٣. دەڵێی ئەم کەسە زانیاری دەربارەی ، گۆرانەکانی ستانی کەرکوك نەبووە؟. ل ٢/١١٩.

## ب / ١ / ٥ - زمـانـی ئـاریـانـواچ. Aryanuach

ئـاریـانـواچـەکان : وشەی ئاریان کۆی ، یا جەمعی ، ئاری ، یە.= نەتەوەی ئارییە. ئاریان: ناوی دێیەکی هەورامانە ، ل ٢٢٨ ئـ/٢. واچ : وشەیەکی زمانی کوردی هەورامییە ، لە کۆن دا ، هەموو گۆرانەکانیان پێ ناوبردوون. واچ : uach, wach. بە هەورامی یانی : وتـی. ئێستە بووە بە وات. چاوگەکەی: واچیای: وتن. ڕانەبووردووەکەی: ماچۆ: دەڵێت. ڕابووردووەکەی : وات : وتـی. داواکارییەکەی ، ئەمر: واچـە: بڵـێ. ٢٨٤

*بەڕێز هاشم ڕەزی ، لە پەڕاوی س. ف. ژ . ١٣ ل ٢٠٩دا: ( ئاری کردووە بە ئێران ، ئایا لەو پێش زاینەدا ، وشەی دەوڵەتی ئێران دروست بوو بوو؟!. واچ : کردووە بە ، ویـج.( چ) گۆڕاوە بۆ (ج). ئاریانواچ : بـووە بە : ئێران ویـج. لە ل ٢٥٩ دا ، گۆڕاوەتەوە ، یا باشتر، ڕاستترکراوەتەوە ، بووە بە : ( ئاریـا ، ویج ). یانی واتا جوگرافییەکەی ، لە جیاتی نەتەوەییەکەی ، بە دروستتر زانیوە . بەڵام گەر ئادەمی لە جێگەیەکدا نەبن ؟ یا نەبووبن ؟ جوگرافیای بێ ڕۆح ، چی لە دەست دێت؟!.

بە بۆچوونی من: ئاریانواچەکان ، یانی، ئەو ئارییانەی ، کە بە زمانی ، واچە واچە یا ماچۆماچۆ کە لە کۆن دا ، بە زمانی هەورامی یا گۆرانی قسەیان کردووە. ئەمڕۆ وشەی گۆران جێی ئەوی گرتوەتەوە ، چونکی هەر هەورامی وا قسە ناکات ، گەلە خەڵکی تریش هەن بەو زمانە دەدوێن.

*شاعیری ناسراو ، ڕەحمەتی عەبدولڕەحیمی مەولەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٣ز. ئەو وشەی (*واچە*) ، یەی لێرەدا ، وە لە جێی خۆیدا، بە کاری داواکاری ، ئەمر ، بەکاربردووە:
لە سەردەمی لاویدا ، دەچێت بۆماڵی خاتو عەنبەر، تا بیبینێت بۆ خوازتنی. کە دواییش دەبێتە خێزانی . کە ئەم دەچێت کچ خۆی دەشاریتەوە ، داوای دۆ دەکات ، کە بۆی دێنێت دەڵێت: هـا خـاڵـۆ ! ئەم وشەیە مـەولـەوی پیر پیشان دەدات. شیعرێکی جوانی جیناساوی

---

٢٨٣ – کارڵ هادانگ ، س. ئە . ژ. ١ ل ٦.

٢٨٤ – سەیری خشتەی چاوگ و فرمانەکان. ل ٣٠٢.

به پیتی خێی یەکەمی وشەی ( خاڵۆ) ، لەدەم دەرچوی کچە ، پێیدا هەڵ دەدا ، ئەمە دێڕێکیەتی:

خاڵۆ خاڵۆتە ، کەم {واچــە } خاڵۆ
خاڵۆت دەم وەبان ، خاڵانتا ماڵۆ

خاڵۆ خاڵۆی چیتە ؟ کەم بڵێ خاڵۆ ؟ دەمی خاڵۆکەت ، بێت بەسەر ، خاڵەکانتا ، بیانماڵێت. ماچیان کات. چۆن ماچێك ؟ ماڵین یانی شوێنەواری خاڵیش لەسەر ڕوی نەهێڵێت!. ئەمەش یانی وشــەی واچە ، مولکی زمانی هەورامییە یا گۆرانە.

*( گەڕۆکەکان وشەی واچە واچە ، کارە داواکارییەکەی = ئەمر ، لە دواییدا کردووە بە ماچۆ ماچۆ ، واتە ڕانەبووردووەکەی ، موزاریع. ئەم وشەی ماچۆ یەش لە فۆلکلۆردا هاتووە:

مـن کوڕە هۆرامی ، کوردی نازانـم وە زووانـو { مـاچۆی ، قـەزات ئۆ گیانم}.

* / لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە ، لە جێی ئەو دوو وشەیەش ،{ واچ و ماچۆ ، وشەی گۆران } جێی گرتنەوە. گاور = گۆران... هتد.

* / لە ل٩- ١٠ دا باسی هاتنی شەپۆلی ئادەمی بۆ کوردستان و ناوچەکە کرا. ئایا لەو کاتەدا بە چ زمانێك دوواون ؟ چۆن یەکیان تێگەیاندووە؟ ( *جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا* .)

١ – مێژوو نووسان ، حەمزەی ئەسفەهانی ، قەزوینی ، مەسعودی ، پورداود... سەردەمی زەردەشت بە ٦٠٠ پ. ز. دەزانن. ل ٣٧٨ - ٣٧٩.
٢ – (ع. سەجادی لە سێر سیدنی سمیسەوە: لە ٦٠٠ پ. ز. دا، زمانی کوردی هەبووە و سەربەخۆ بووە).
بەو دوو خاڵەدا لەو ساتەوە ، زمانێك هەبووە قسەی پێکراوە.
٣ – (زمانی پالەوی لە ٢٥٠ پ. ز. ـەوە سەری هەڵ داوە.) ٢٨٥ یانی ئەو زمانەی قسەی پێکراوە ، سێ سەدەو نیو لە پالەوی کۆنتر بووە.
٤ – ( ساسانییەکان خۆیان لە بنەچەدا لە کوردە بەرزەنگیەکانن).٢٨٦
نووسەر: بەرزەنگی هەر وشەی زەنگەنەیە و غەیرە کورد نووسیویە.

بە سەیری ٤ خاڵی سەرەوە ، نەتەوەی کورد ، لە کۆن دا ، بە زمانێك قسەیان کردووە. ئەو زمانەش زمانی ئاریانواچ ، یا ماچۆ ، یا واچۆ ، بووە لە وڵاتی ئاریانواچ دا ، یا لە دووایدا ، لە نێوان دوو ڕوباردا، یا کوردستان و گۆرانستان و هەورامان دا.

---

٢٨٥ – د. کیت، لە پەڕاوی ڕێزمانی پارسی کۆندا، لە د. م.ا. هەورامانی س. ك. ژ.٥ ل ١٩٩.
٢٨٦ – سیروس ئیزدی، س. ف. ژ. ١٧ ل ٣١.

## ب / ١ / ٦- ڕایەك بۆ زمانێكی كوردی ستاندار، بۆ كوردستان.

لە سەرەتای پەڕاوە كەلەپوور زینوكەرەوەكەی ، مامۆستا ئەنوەری سوڵتانیدا ٢٨٧ وە لە پێشەكیەكەی مامۆستا محەممەدی مەلا كەریم دا ، ڕایەكی دوو نووسەری خەمخۆر هاتووە ، باسێكی بە ئاكامی دڵە. لە خوارەوە ، ئەوەی كاك ئەنوەر هەمووی ، چونكی كەمە، ئەوەی كاك محەممەدیش هەندێكی دەنووسمەوە. ٢٨٨

بە چوون بە شوێن ، پێنووسی ئەو دوو نووسەرەدا، وە هێنانە دی ئاواتیان ، كە هی ، هەر كورد پەروەرێكە.

منیش ئەمەی ، دەخەمە سەر :

دیموكراتی جێبەجێكردن ، لە لایەن لێپرسراوی دڵسۆزی كوردی ڕۆژەوە ، نەك هەر كێشەی زمان ، ئەوانەی تریش چارەدەكات. بۆ سەیری وڵاتی سویسرە ناكەن؟ بۆچی بەشی سەروی كە ئەڵمانن ؟ وە پشتی مزیرِی هێتلەریشیان هەبوو ؟! وە سنووریشیان پێكەوە لكاوبوو ؟ لە جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی دا ، نەیانوت : دەمانەوێت بلكێینەوە بە وڵاتی ئەڵمانیای دایكمان دا ؟!. هەروەها ئیتالی و فەرەنسییە كانیشیی.

زمانی ستاندارد ، وا ڕاستە ، لە هەموو زاراوەكان دابڕێژرێت. وا نەبێت ؟ دیكتاتۆر كەوچكی تێڕادەدات. زمانێك بۆ كورد ، ستانداردە ، كە ئاوا داڕێژرابێت:

---

٢٨٧ – كەشكۆڵە شیعرێكی گۆرانی ، گردەكۆیی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی ١٧٩٧ – ١٧٣٩ز. لە شاری سنە ، ساغ كردنەوە و سەرەتا نووسینی ، ئەنوەری سولتانی . لە سەرچاوەكاندا: س. ك. ژ. ١٥یە.

٢٨٨ – ئەنوەری سوڵتانی:

( من بە توندی دژ بەو بۆچوونە دەوەستم ، كە شیعری كرمانجی ژوور و یا هەورامی وەربگەڕێتە سەر شێوەزاری ، كرمانجی خواروو ، بۆچوونی ئەوتۆ ، یەك پارچەیی گەل و یەكێتی ، زمانی نەتەوایەتیمان ، دەخاتە ژێر پرسیاری جیدییەوە . با ڕووناكبیری بەرپرسی كورد، خۆی لەگەڵ زاراوەكانی زمانی كوردیدا ڕابێنێ و بیرۆكەی زمانی یەكگرتووی كوردی مەفهومێكی بەرتەسكی ناوچەگەرانە وەردەگرێت).

محەممەدی مەلا كەریم:

( بایەخی دیالێكتی گۆرانی ، لە زمانی كوردی دا ، لە ئاستی هیچ دیالێكتێكی تری ئەم زمانەدا نییەو ، لە هی گشتیان زیاترە . لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ، تێكرای نەتەوەی كوردی تیا ئەژی و ئەو وەزعە بۆ هەركام لە دیالێكتەكانی زمانەكەی هەڵكەوتوە . دیالێكتی گۆرانی لەهەركام لە دیالێكتەكانە كەمتر بایەخی دراوەتێ...

دوو ئەرك لەبەر چاوماندایە ، فەرهەنگێكی گەورەی كوردی كوردی هەموو دیالێكتەكان. پێش ئەمە كۆمەڵێ فەرهەنگی گەورەو مامناوەندی. هەموو دیالێكت و وردە دیالێكتەكانی زمانی كوردی بە جیاجیا ، لە پاشان لە ئەنجامی بەراوردكردن و لێكدانی هەموویاندا ، فەرهەنگێكی گەورەی سەرانسەری بۆ هەموو دیالێكتە كوردییەكان ئامادە بكرێ.

ئەركەكەی تریشیان ساغكردنەوەی ، كەلەپووری شیعری و ئاینی بە دیالێكتی گۆرانییە ، كە ئاینی یارسانە ، وە هەمووی هەر شیعرە ...هتد).

{{ کوودەبێی هەولێر و ئەزی کرمانج و وەرەوانێی سلەیمانی و ماچۆ و وەشیەنەبی ، زازا و هەورامی و گۆران و ، دالکی لوورستان و ئەوڕۆی موکریان و بووچە بووچەی ، سنە و یەژمی شارەزوور و لالەی گەرمیان ... هتد.
بەم کارە:
هیواکان : دێنە دی. بیرەکان : دەحەسێنەوە. نووسەرەکان: ئۆقرەدەگرن. دڵەکان : ئۆخەی دەکەن. شێوەکان : نەك ناتوێنەوە ، دەست دەکەنە ملی یەك. سنوورەکان: دەڕەوێنەوە. دەستەکان: باوەشی بۆ دەگرنەوە . پەنجەکان: پێی دەنووسن. نەتەوەش: زەماوەندی بۆ دەگرێت}}.

## ئایا زمانی کوردی هەورامی و فارسی لە سەرەتادا یەکێك نەبوون؟

ئایا زمانی فارسی ئەمڕۆ ، لە پێش ٦٤٠ زاینی دا ، هەر وەك ئێستە لە نیوە زیاتری وشەی عەرەبی بووە ؟ گەر وەڵام نەخێر بێت. واتە ، پاش شەڕەکانی عەرەبی ئیسلام ، لەگەڵ ساسانییەکان دا، وە گەشتنی دینی نوێی ئیسلام بە ئێران. زمانی فارسیی عەرەباویی بووە. هاتنی لەشکری ئەعرابی ئیسلام ، وەك بە جوگرافیادا دیارە: یەکەم جار تووشی نیشتەجێی گۆرانەکان بووە ، جا قووڵایی ئێران نۆرەی دێت. کەچی زمانی گۆرانی وەک فارسییەکەی ، بەسەر نەهاتووە ، بە وشەی عەرەبی بئاخنرێت. چونکی گۆرانی کۆنترە و ئەوانەی قسەیان پێکردووە ، زۆرتر بە تەنگیەوە بوون.

لەو ڕوانگەی سەرچاوەی ، ماد بوونی گەلە ، ئارییە ، ئێرانییە کانەوە ، وە دراوسێتی و نزیکی زمانەکانیشیانەوە تا ئەمڕۆش... پێم وایە ، گەر وشە عەرەبیە وەرگیراوەکان ، یا قەرزکراو و تێخزێنراوەکانی ، ناو زمانی فارسی ، بە گۆرانی پڕبکرێتەوە. زمانی ئاریانواچی پاڵفتەکراو ، لە وڵاتی ئاریانواچ دا، پەیدادەبێتەوە.

## ب / ١ / ٧ - هەڵسەنگاندنی یەکەم: ڕایەکی ڕەحمەتی مامۆستا ع. سەجادی.*

دەربارەی بۆچی هۆنراوە بە شێوەی هەورامی نووسراوە؟.
مامۆستا لە پەڕاوی س. ك. ژ. ٢ ل ١٤٣ دا، چەند هۆیەکی باسکردووە ، بە بۆچوونی من باش بۆی نەچووە ، وا لە خوارەوە شیتەڵیان دەکەمەوە:
١ – نووسیویە: " هەورامان شوێنێکی وشکە."

* – ١٩١٧ ــــ ١٣- ١٢- ١٩٨٤ز. ڕەحمەتی مامۆستا عەلائەدین نەجمەدین سەجادی کەلجینی هەورامی ، خەڵکی دێی کەلجی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە ، نەخشەی ل ٢٢٨ ب/٢. پێدەچێت ئەم ئەدیبەش خزمی بێت. ڕوکنودین حیرەت سەجادی ، کەلجینی.( سەجادییەکان خەلکی دێی کەلجین). ل ٣٣٩/ح/٤ . سەیری ئەم سەرچاوانەش: دانشمندان ، س. ف. ١٤ ل ٥٤٧. وە بەرگی/١ مەردۆخ ، ل ٤٧٩ وە بەرگی/٢ ی مەردۆخ ل ٣٥٨. وە خۆشم لە سەردانم دا ، لە ١٩٨٢ز.دا ئەدیبێکی خەڵکی سنەم بیست: ماڵی باوکی مامۆستا لە کەلجییەوە باریان کردووە بۆ سنە. لەوێشەوە قەدەری ژیان هێناویە بۆ بەغدا. خۆ لە قەڵەمدانیشی کە لە باراوی ، شاربازێڕ هاتوەتە دنیا ، بۆ کوێرکردنەوەی جێی لێوەهاتووە ، تا ڕژێمی دیکتاتۆری ، سەرئێشەی بۆ پێك نەهێنێت. وە ناهەقیشی نەبووە. بەڵام ئەی دوای ١٤/ تەموز/ ١٩٥٨ز. ؟. وە سەیری ل ١٧١. ( سەجادی و خاڵە شامار). وە ل ١٣٣ ژێرنووسی ١٥٨.

هەرکەس ئەوێشی نەدیبێت ، بە سەیری نەخشەیەکی سروشتی ، دەزانێت تەواوی ناوچەکە شاخاویە ، سەیری بەشی جوگرافیا ، ل ٢٢٠ - ٢٧٧ ، بەرزی هەمووی لە ڕوی دەریاوە لە سەروی ١٢٠٠ مەترەوە دەستپێدەکات. بەرزی واش یانی ، هەر بایەکی شێدار بەسەریا بڕوات ، تەڕاییەکەی ، لێ دەسێنێت و دەیڕێژێت بەسەر خۆیا. جا شوێنێك ئەوە جێگای سروشتی بێت ، بیابانیشی تیانەبێت ، بە وشك چۆن پێناسە دەکرێت ؟!. تەنها لەناو تەوێڵەدا ،١٠ کانی هەیە.

٢ – نووسیویە نە : " نە فارس خۆی بۆ کووتاوە ، نە ڕۆم."
بۆ ئەوەی پێویست نەکات ، تەڕاتێنی ئەو دووە ، دووبارە بکرێتەوە ، سەیری ل ١٨٧ عوسمانی و سەفەوی تەنها ٥ جار خۆیان بۆ کوتاوە ، بێجگە ئەردەڵان و بابان و ئەسکەندەر و مەغۆل... دەبێت مامۆستا لە باوانی هەر بیستبێت ، خۆ کۆن نییە ، شاری نەوسودی بنکەی سانشینی لهۆن ، دیوی ڕۆژئاوای دێی کەلجی خۆیانە ، چەند جار عوسمانی و قاجاری و پەهلەوی ، سوتاندوویانە؟. هەتا بەریتانیا و ڕوسیاش لە جەنگی جیهانیدا خۆیان بۆ کوتاوە.
لە بەرگی وابزانم ٥/ ی ڕشتەی مرواریشی دا ، لەگەڵ خاڵە شامار ناوێک دا ، سەردانی نەوسودی لە بەهاردا، کردووەو ،{ ل ١٧١ی ئێرە} ١٩٣١/١٩٣٠ز. دا، شەویش داوەتی جافرسان بوون.

٣ – نووسیوویە: " ئەم شارە: ( پاڵنگان ) ، خاوەنی ٦ پرد و ٦ قەڵابووە"
ئەرێ لەم شوێنە سەختەدا، کە هەر ئاسمانی لێوە دیارە ، ئەوانە بۆ دروستکراون؟ لەبەر پەلاماری دەرەکی نەبووە ، ئەوەندە قایمکراوە ؟ دوژمنانی کورد ، تەنها بە ئازادی ناوچەی ژاوەڕۆی ڕۆژئاوای سنەش ، لەناو هەورامانیش دا ڕازی نەبوون ؟!. سەیری کێشەی شا عەباسی سەفەوی و خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی بکەرەوە. لە ل ١٨٧ دا.
بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتریش دەڵێم: درێژی سنوری نێوان سەفەوی و عوسمانی ١٦٠٨کم. یە. نەك هەر کوردستان ، ئەو هەورامانە بچکۆلەشی ، کردووە بە دوو قاشەوە. ڕەنگە هەبێت بڵێ ئەوە خەتای زنجیرە شاخی زاگرۆسە ، باشترین سنووری سروشتی قایمە ، سەرپۆپەی ئەو شاخە ، وە لە پێنجوێنەوە بۆ دێی باخەکۆن و گەچێنەی هەورامان ، ئەمڕۆش سنوری نێوان ئێران و ئێراقە. پاش شاری تەوێڵە سنورەکە بەرەو ڕۆژئاوا، پێچی کردووەتەوە، *لە سنورە قایمەکەی زاگرۆس ، لایداوە و لە بەرانبەر سۆسەکان دا، گردۆڵکەن.*
واتە هەر بە پۆپەی زاگرۆس دا نەچووە بۆ ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان. ئەی لێرەدا بۆ سنورەکە وا ، ڕێی ، نە کردووە ؟ وەک شاخە سەختەکەی ، تەتە و شاهۆ نەڕۆشتووە ، یا وا دەست نیشان کراوە؟. لەلایەکی ترەوە ز. ش . بەرانان کە لە بەردە قارەمانی ، دەربەندی بازیانەوە بۆ سەر بەنداوی دەربەنیخانە = ڕۆژئاوای دەشتی شارەزوور و شاری سلێمانی. سنوری سروشتی قایمی چاکە ، بەرانبەر و شێوە لاتەریبیشە بە ، ز. ش. زاگرۆس. ئەی لێرەدا بۆ سنورەکە، دەست نیشان نەکراوە ؟ تا شالاوی هاتوو ، لە ڕۆژئاواوە ، بۆسەر بابان ، نەکرایە ، یا زوو نەگیرایە ، نەفەوتایە...

وەڵامی ئەو دوو پرسیارە( ؟؟ ) ئەمە دەڵێت: هێنان و بردن ، یا کەڕ و فەڕی عەرەبی ، شەڕی لەشکریی دوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی و کلکەکانیان ، ئەو سنورەی دەست نیشان کردووە . گەر خۆ بۆ کوتانی ڕۆم و عەجەم نەبوایە ، ئەو هەورامانە بە کوردستانی مەزنیشەوە ، حەزیان دەکرد، پێکەوە بونایە و لەت نەکرانایە. ئێمەش ئەمڕۆ بارمان سوکتر دەبوو.

٤ – نووسیویە: " هەورامییەکان ئەوەندە ئاشنای ، بارەگای پادشاکان نەبوون. بە جۆرێکی وەها ، کە زمانی ئەوان ، سوار زمانەکەیان بێت".
ئاشناوون ؟ وشەیەکە بۆنی خزمایەتی لێ دێت. بەڵام هاتوچۆی بارەگای پاشاو والییەکانی عوسمانی و سەفەوی ، خزمایەتی نییە ، بەڵکە زۆریان نۆکەر و فریودەری لاوی کوردبوون ، تا بۆ خزمەتی بێگانەی داگیرکەری کوردستان ، ببنە پرد و مەقاش و کەواسووری بەر لەشکریان. بۆداقی ٣٢ کوڕ دار ، چیکرد بۆ سەفەوی ؟ ئەوەی کورد ئەمڕۆ ئەیشێلێت ، قووڕی ئەوانە. دەبووایە باسێکی ئاشنا ، نەبوونی هەورامییەکانی بە گرنگییەوە بکردایە ، کە حەزیان لە ماستاوکردن نەبووە ، بۆ ناحەز و نەیاری کورد.

٥ – نووسیویە: " کە بەرەی خوێندەواری هەورامی ، بەدەم خوێندنەوە ، پەڕەوازە دەبوون بۆ ئەردەڵان و شارەزوور و موکریان ، کە شیعری خۆیانیان دەخوێندەوە بۆ مەردومی ئەو وڵاتانە ، تەماشایان دەکرد، لە شێوەی قسەکردنی خۆیان ناچێت. لەبەرئەوە *شعوری ئەدەبی بێگانە پەرستی*، بەجارێ ، کشابوو بەسەر هۆشیانا" ).

وەك لە ل ١٢٢ دا نیشانەم پێدابوو، ئەم ، گۆرانەکان بە کورد دەزانێت. کەچی لێرەدا، خوێندنەوەی شیعری هەورامی ، خستوەتە ، *ڕیزی ئەدەبی بێگانە پەرستییەوە*! هەورامی کورد بێت ، هۆنراوەشی نابێت کوردی بێت ؟ ئەو قسەیە پەندی ( بانێکە و دوو هەوا) دەخوازێت. خوێندنەوەی شیعری هەورامی بۆ ئەردەڵان ، کە خۆیان بەکاریان هێناوە ، چۆن بێگانەیە ؟ شارەزوور کە دراوسێی ڕۆژاوا و سەروی ڕۆژاوایەتی ، دەها شاعیری هەورامی واچیان بووە ، چۆن بێگانەن ؟ هەورامان خاوەنی خوێندنگای: بیارە و تەوێڵە ونۆتشە و خەرپانی و خورماڵ..ـە، خوێندکار لە هەولێر و ئەسکەندەرۆنە و سیعرتی تورکیاوە... دێن بۆ خوێندن ، بۆ بیارەی هەورامان. لای مامۆستا تیۆرییەکە عەکس بووەتەوە ، خەڵکی لەبەر نەبوونی خانەقا و حوجرە هەورامان بەجێ دێڵن !. سەیری ل لە ل ١٣١ بکە ، بزانە ڕەحمەتی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس ، هاوڕێی سەجادی ، چۆن خانەقای بیارە بە دانشگای ئەزهەر دەچوێنێت. وە ل ٣٧٠ بزانە فەقێ لە کوێوە هاتوون بۆ هەورامان؟!.

{بۆ زانین : تا ساڵی ١٩٧٠ ز. هەر کەس بچوایە بۆ دانشگای ئەزهەری میسر بۆ خوێندن ، وە شەهادەی خانەقای بیارەی پێ ببووایە ، وەردەگیرا !}.

٦ – دەزانین گۆرانەکان ، هەر هەورامی نین و دە لقی زیاتریش هەیە.. وەك زەنگەنە،

باجەلانی ، شەبەك ، کاکەیی ... هتد. ئەوانە ئەگەر ئێستە زمانی باوانیان لە بیرچوبێتەوە ، لە دێریندا ، وا ، قسەیان کردووە. ئەی وەڵام بۆ ئەمانە چییە ؟ بۆ لای ئەمان توواوەتەوە ؟ بۆ هێشتویانە بتاوێتەوە ؟ بۆ لای هەورامییەکان هەر ماوە ؟
نە وشکی ، نە ئاشنا بوون ، نە خۆ بۆ کوتانی ڕۆم و عەجەم ، هیچ کام ، لە وشەکانی مامۆستا سەجادی ، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ناشێت. ئەوەش لێهاتوویی خەڵکی هەورامان دەردەخات ، کە ئەو ، خۆی لە قەرەی ، باسی وا ، نەداوە !.
زووربەی نووسەرانی کوردی ئێران و ئێراقی ئەم سەردەمی منە ، دەزانن مامۆستا لە ئێرانە وە و لە دەوری شاری سنەوە هاتووە.. بەڵام ( لە کوونی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە !) ، با بڵێین لەبەر سەردەمیی ، باری سیاسی ، ئێران ، قەیناکا. بەڵام هەورامی بوونیشی شاردووەتەوە !.
بەڵام عەرەب دەڵێت: ئیللی ینکر ئەسڵە نگڵ. : کوردیش وتویە: ئەوەی یا ڕێوی لە کوونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت . فارس و هەورامیش ، خراپتریان ، وتووە.

سەیری نرخاندنی ڕەحمەتیان: مامۆستا قانع ، سەیفور بانیارانی ، عوسمان شاربازێڕی ، گۆرانی نەمر، لەم کتێبەدا چاوت پێی دەکەوێت چییان بۆ هەورامان وتووە؟.
شێخانی (کەلجی ) ، پیری بیارە        ئای لە دڵەکەی من ، چەندە بێ عارە؟

لە کۆتاییدا دەڵێم مامۆستا سەجادی ئەدیبێکی بلیمەت بوو ، نموونەشی نابێتەوە ! یا خوا جێگەی بەهەشت بێت.

**هەڵسەنگاندنی دووهەم** بۆ : زمانی گۆرانی تەنها زمانی ئەدەب بووە" .
١ - زمانێك هۆنراوەی پێ بنوسرێت ، ئایا ناتوانرێت نامەیەکی ئاسایی پێ بنوسرێت؟ بۆچی هۆنراوە نوسین زەحمەتە ، یا نامەیەکی ئاسایی؟ ئەوەی بە دەم دەیڵێیت ، دەینوسیت. من هەروەخت نامەیەکم ، بۆ هەورامی زمانێك نوسیبێت ، بەو زمانە نوسیومە ، بەرامبەرەکەشم هەروا وەڵامی داومەتەوە. وە ئەو ڕایەی سەرەوەم هەست پێ نەکردووە.

٢ – " مەولەوی دوا شاعیری گەورەی ، شێوەی گۆرانییە ، لەگەل ئەوەی ئەم شێوە ، تا ئێستەش هەر ماوە ، بەڵام نەیتوانیوە شاعیرێکی دیار و هەڵبژێراوی وەك مەولەوی پێشکەش بکات". ٢٨٩
بۆچوونم: بە سەیری لاپەڕەی ئەدیبانی گۆرانستان و هەورامان ، چەندەها شاعیر دەبینیت. دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بە دڵی مامۆستا خەزنەدار بن. ئەگەر بۆ هەر یەکێکیان ؟ بلیمەتێکی وەک رەحمەتی مەلا کەریمی بیارە بۆ مەولەوی ، پەیدا ببێت، هۆنراوەیان کۆکاتەوەو ڕاڤەیان بکات بۆتان، دەبینرێت چەند گەورەن؟ مەحروم ، مەحزونی پاوەیی، سەیدی ، مەولەوییەکن بۆ خۆیان.

---

٢٨٩ – مەعروف خەزنەدار، س. ك. ژ. ١٦ ل ٩٠-٩١.

دەربارەی : " نەیتوانیوە شاعیرێکی دیاری وەک مەولەوی پێشکەش بکات ".
ئەمە زیرەکییە ، دەرک پێکردنی مامۆستا خەزنەدارە. بۆ چوونم :
ئەوە بۆ تەنها زمانی گۆران و مەولەوی نییە. بۆ شاعیرانی هەموو زمانەکانی سەر زەوییە. سەلماندنم بۆ ئەم ڕایەم :
هەرچی شاعیر و نووسەری سەروی کوردستان هەیە ، بە بادینانی کوردستانی ئێراق و سوریەشەوە ، وە تا دنیا دنیاشە ، خەریک بن . مەلایەکی جزیرییان ، نە تیا دەبێت ، نە دروست دەبێت. نە پێشکەش دەکرێت!!. هی تریش، وەک :
لە سلێمانی دا: پیرەمێردێک. لە لووڕستان دا : بابە تایەرێک. لە موکریان دا: هەژارێک. لە قامیشلۆدا: جگەرخوێنێک. لە شیرازدا: شێخێکی سەعدی... .

**ی /٣ ، ب / ٢ / ١– ئەلف و بێي زمانی هەورامي . ل / ١**

| شێوەشا | هۆرامی | لاتینی | سەرەتاوە | دلەڕاسێنە | دماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ – ئـ ئـ | ئێ | E | ئـەردەڵان | کەکڵێئـاوا | نـەء |
| ٢ – ا ـا ـ | سازەو د. | A | —— | ژان | تـا |
| ٣ – بـ ـبـ ب | بێ | B | بانیشار | دۆڵبیان | زۆراب |
| ٤ – پـ ـپـ پ | پێ | P | پاوە | سپیبن | گوڵپ |
| ٥ – تـ ـتـ ت | تێ | T | تفی | هەشتاڵوو | شۆت |
| ٦ – جـ ـجـ ج | جێ | J | جەمخانە | نارنجەڵە | ساج |
| ٧ – چـ ـچـ چ | چێ | C̈ | چەشمییەر | هەلچي | ئاریانواچ |
| ٨ – حـ ـحـ ح | حێ | C | حۆت | مەحکەم | مزرۆح |
| ٩ – خـ ـخـ خ | خێ | Ċ | خانەگا | شێخان | پیرباخ |
| ١٠ – د ـد | دێ | D | دزڵي | مەکدان | شمشاد |
| ١١ – ر ـر | رێ | R | —— | هارە | زاوەر |
| ١٢ – ڕ ـڕ | ڕێ | Ṙ | ڕەزاو | باڕەکڵە | دەڕ |
| ١٣ – ز ـز | زێ | Z | زەڵم | دەرزیان | مەرز |
| ١٤ – ژ ـژ | ژێ | Ż | ژاوەرۆ | نژمار | کۆڵیژ |
| ١٥ – سـ ـسـ س | سێ | S | سەوڵاوا | هەرسین | بێرواس |
| ١٦ – شـ ـشـ ش | شێ | Ṡ | شیان | خواشت | بەردەڕەش |
| ١٧ – عـ ـعـ ع | عێ | X | عەواڵان | گوڵعەنبەر | باع |
| ١٨ – غـ ـغـ غ | غێ | Ẋ | غەوارە | بەغدا | قەیماغ |
| ١٩ – فـ ـفـ ف | فێ | F | فرۆ | سوورەتفێ | دەف |
| ٢٠ – ڤـ ـڤـ ڤ | ڤێ | V | ڤارۆ | پەیڤین | هەتاڤ |
| ٢١ – قـ ـقـ ق | قێ | K̇ | قەڵاجێ | دەرەقووڵە | بەق |
| ٢٢ – کـ ـکـ ک | کێ | K | کەڵهوڕ | ئەرکەوازی | شەبەک |
| ٢٣ – گـ ـگـ گ | گێ | G | گەرمیان | زەنگەنە | ئەوێهەنگ |

## ی /٣ ، ب / ٢ / ١– ئێ و بێي زمانی هەورامي . ل / ٢

| شێوەشا | هۆرامی | لاتینی | سەرەتاوە | دلەڕاسێنە | دماوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤-لـ ـلـ ل | لێ | L | لۆن | کەلجی | دەل |
| ٢٥ -ڵـ ـڵـ ڵ | ڵێ | L̇ | ــــ | پاڵنگان | خورماڵ |
| ٢٦ –مـ ـمـ م | مێ | M | مازیبەن | کەمانگەر | زۆم |
| ٢٧ –نـ ـنـ ن | نێ | N | ناوە | کەیمنە | بێساران |
| ٢٨ –هـ ـهـ | | H | هانەوا | سەرهۆیە | بەهـ بەهـ |
| ٢٩ - ـە ە | هێخڕ | H | ــــ | سۆسەکان | دشە |
| ٣٠ –و ـو | وێ | U | ولەژیر | سەروماڵ | بەرقڕو |
| ٣١ –وو ـوو | وێوێ | U̇ | ووڕا | دووی | زوو |
| ٣٢ –ۆ ـۆ | ۆی | O | ــــ | کۆساڵان | شاهۆ |
| ٣٣ –یـ ـیـ ی | یا | Y | یۆژەنان | ژیوار | خەرپانی |
| ٣٤ –ێـ ـێـ ێ | ێێ | Ẏ | ــــ | سەلێن | بیارێ |
| ٣٥ –ذ ـذ | دێئا | Ḋ | ــــ | ئەذا | ئاذ |

## چەند تێبینییەک بۆ خشتەکەی سەرەوە:

١ – لە زمانی هەورامی دا، زۆر وشە هەن ، کە پیتی ( دێ ، دال ، د. ) لە ناوەڕاست و کۆتاییان دا ، دەردەکەوێت ، دەبێت بە دەنگێکی تایبەت بخوێنرێتەوە چونکی لە شێوەی سۆرانی دا، نییە. وەکو ڕێزی ٣٥ ، یا دوواڕیز. بۆ جیاکردنەوەی ناوی لە ناوی ( دێی ، یا دال : د. ) ، ناوم ناوە دێئا . شێوەکەشی بۆ نووسین ، بە کۆمپیوتەر ، لەبەر ئاسانی و بوونی( ذال : ذ. ) ی عەرەبیم بەکار بردووە.

شێوەی دەربڕینی دەنگی پیتی دێئا:
بۆ وێنە وشەی ( ئا ذ ) : بڕگەی ( ئا) دەڵێیت . دیارە هەردوو ڕیزەدانەکان و لێوی سەروخواریش ، لە یەک دوور دەکەونەوە. دەیانهێنیتەوە یەک. لەو ئاستەدا دەوەستێت. یانی بە بێ ئەوەی دوو لێوەکە ، بدەنەوە لە یەکتری.

٢- لە نمونە هێنانەوە ، بۆ جێی پیتەکان ، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا. سازی خڕ ، یا بزوێنی خڕ : (ـە ، ە ) ناوم ناوە هێخڕ+ وە سازی درێژ : ( ا ، ـا ) +وە ( ۆ ، ێ ، ) لە سەرەتای وشەدا نایەت ، لە جێگەکەی ئەم هێڵە دانراوە:ـــــ.

٣- بۆ نووسینی پیتەکان ، بە پیتی لاتینی ، لە بەرئەوەی ئەمان کەمن ، زۆرم کردوون ، بە ( تەنها ) بە خاڵ دانان لە سەریان . ئاسان ترە ، لە چۆکڵە و سەر و بۆر. بۆ وێنە : ژمارە شەش ، پیتی ( چێ ، چ ،) بۆ لاتینییەکەی ، پیتی ( سی ، C ) لاتینی ، دانراوەو ، دوو خاڵ لە سەر سەری دانراوە.

٤ – لە هێنانەوەی نمونەکان دا ، وشەکانی ناوچەی هەورامان و گۆران بەکار براون.

٥ – ڕیزی دانانی پیتەکان وەک ئێ و بێی ئەکادیمیای کوردی ، ڕیز. کراون. ( ئـ {ا}، ب ، پ ، ت ، / ج ، چ ، ح ، خ ، / د، ر، ڕ، ز، ژ، / س ، ش ،ع ، غ ، / ف ، ڤ ، ق، / ك ، گ ، ل ، ڵ / م ، ن ، هـ ، {ـە ، ە } / ، و ، ۆ ، وو ی ، ێ ، ذ = ٣٤ دانەن. دەبنە = ٣٥.

نێوانم بۆداناون ، بۆ لەبەرکردنیان بە کۆمەڵ کۆمەڵ وەك ، ئەبجەد ، هەوەز ، عەرەبی:
**{ ئابپت . جچحخ . درڕزژ . سشعغ . فڤق . کگلڵ . منهە . و وو ۆ . یێذ }**
با نووسەران لە کاتی : بۆ ڕیز بەکارهێنانیان دا ، ئەگەر پیتیان لە جێی ژمارەکان بەکاربرد؟ ئەم ڕیزی ( ئێ و بێیەی خۆیان) بەکاربەرن. نەک : ا ، ب ، ج ، د . ی ئەبجەد هەوەزی عەرەبی. لەم کتێبەدا ، ئەمە ڕەچاوکراوە.

بـۆ زانـیـاری :
ڕەنگە سوودی هەبێت ئەمەی لێرەدا دەینووسم ، بۆ دۆزینەوەی بەرواری هاتنە دنیاو لە دەرچونی هەندێ شاعیرانی کۆنمان ، کە حسابی پیتییان بەکار بردووە. لە دێڕە هۆنراوەیەک دا. بەمە بەروارمان بۆ دەردەکەوی ، دەبێتە سەرەداو ، بۆ دۆزینەوەی لایەنی نا ، ڕوونی وەختی شاعیران.
بیستوهەشت پیتەکەی زمانی عەرەبی ، نرخێکی ژمارەییان بۆ داناون ، دەیاندەیتە پاڵ یەک ، بەروار ڕۆشندەبێتەوە:
ڕیزی یەکان: {ئـ = ١ ، ب/٢ ، ج /٣ ، د/٤ ، هـ/ ٥ ، و/ ٦ ، ز/٧ ، ح/٨ ، طـ/٩ ، .
ڕیزی دەییان: ی/١٠ ، ک/ ٢٠ ، ل/٣٠، م/٤٠ ، ن/٥٠ ، ص/٦٠ ، ع/٧٠ ، ف/٨٠ ، ض/٩٠ ،
ڕیزی سەدان: ق/١٠٠ ، ر/٢٠٠ ، س/٣٠٠ ، ت/٤٠٠ ، ث/٥٠٠ ، خ/٦٠٠، ذ/٧٠٠ ، ظ/٨٠٠ ، غ/٩٠٠. ***ش/١٠٠٠*** }.

## ب / ٢ / ٢- چەند سەرنجێک ، لە سەر ئەکادیمیای کوردیی هەولێر:

لە ٩- ٨ – ٢٠٠٩ ز. دا ئەکادیمیای کورد ی هەرێمی کوردستانی ئێراق. نامیلکەیەکی ٦٣ لاپەڕەیی بڵاوکردەوە ، کە زیاتر لە ٥٠ نووسەر بەشداری تیاکردووە. ٢٩٠ دەسخۆشیان لێ دەکەم ، خزمەتی زمانەکەمانە ، با پەیڕەوییان لێ بکەین ،سەرنجی ،باشیش ، لەبەرچاوبگیرێت.
تا لەسەر سەکۆیەك هەموویان کۆبکاتەوە. _سەرنجەکانم:_

١ – ل. ١٠: ناوی پیت= حەرفی عەرەبی ، کراوە بە: (تیپ) ، ئەمەیان واتای فیرقە ، ی عەرەبی نییە ؟ ئەو لەبارتربوو ، جێگەشی گرتبوو.

٢- ل. ١٠: ئەم پیتانە( _بزوێنی درێژ: ا، بزوێنی کورت:_ ە، و ، وو ، ڕ، ر،) بە پیتی سەربەخۆ ، دانراون. ژمارە و ڕیزی پیتەکانی زیادکردو ڕیزەکەشیان هەتا لە فەرهەنگە کوردییەکان دا ، دەگۆڕێت ، دەبێت لە چاپکردنەوەیان دا، بیانگۆڕن.
بۆ نموونە ، ڕیزی پیتەکان لە کۆتایی دا ، زۆری واباو بوو: ( م ، ن ، و ، ۆ ، هـ ، ی ، ێ ).
ئەکادیمیا کردوونی بە: { م ، ن ، هـ ، ە ، و ، ۆ ، وو ، ی ، ێ }.

بەڵام: واوی تەنها ( و) و، دوو واو( وو ) ، خوشك نین؟ بۆ ؟ پیتی ( ۆ ) خراوەتە نێوانیان؟ وەکو: ڕ ، ر با بەشوێنی یەکدا بهاتانایە. وە: (ف ، ق ، ڤ) بە پێی زیادکردنی خاڵەکان ڕیزکرابوون ، بووە بە ( ف ، ڤ، ق )، ئەمەی ئەکادیمیا باشە ، جێگەی دەرچوونی دەنگەکانیان لە دەم دا، وا دەڵێت.

---

٢٩٠ - ڕاسپاردەکانی کۆنفراسی ، بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی . ئەکادیمیای کوردی ، ڕۆژانی : ٤/١٢ و ٨/٩ ی ٢٠٠٩ز. لە هەولێر سازی کردووە. چاپخانەی حاجی هاشم ٢٠١٠ز.

٣- ل. ١٠ ، ژماره یەك ، پیتە گەروویییەکان : = ( و ، ح ، خ ، ع ، غ). واو: کەی گەروویییە؟ لێوییە.

٤- پیتە مەڵاشوویییەکان: ( ج ، ز، ی ، ك ، ق ، ش). پیتی چێ( چ ) ، لەمانە نییە؟ لە پێنج کۆمەڵەکەش دا، هەر نییە! لە بیرکراوە.

٥- ل. ١٣،١٤: " دروستتر وایە وشەی دوو واودار لە سەرەتادا ، وەك: *وورچ* ، بە یەك واو بنوسرێت. چونکی لە زمانی کوردی دا، بزوێن لە سەرەتای وشەوە نایەت..."
بەڵام لە ل: ٥٦ دا: " دەشێت بڕگەی ( وو ) لە وشەدا بە دوو( واو) بنووسرێت وەکوو: *وورچ* ! ساقی کەنەوە کامیانە؟ .

٦ - ل. ١٠ ، مادام باسی پیت کراوە ، پێویستە یەکجار ناوی هەموو پیتەکان بنووسرێت. ( ڕ ): بڵێین ڕاء وەک عەرەبی یا ڕێ ؟...)) وە هەموو پیتێک وشەیەکی بۆ دانێن: ئـ : ئاریان. ب : بادینان. س: سۆران. ش: شارەزوور. ک: کرماشان. ق: قامیشلی. م: موکریان. هـ : هەورامان.... هتد.

**ب / ٣ / چن باسێوی ڕاو زووانی : { بە هەورامی نووسراوە}.**
دۆسی وەشەویسم ماموسا جەمال بێدار ، کتێبێوش و وە نامێ ٢٩١ ، چەنی فەرهەنگێو هۆرامی – سۆرانی ، وە نامێ وەرقووڵێو وەڵاکەردەنۆ. وە ئەنەلوواو من: با خەموەرا زووان و هۆرامی بزانا ، مامۆسا بنچینەو زووانش نیانەرە. پوورەش وەنە دەیدێ. پۆکی من هەر وەختو ویشەنە دەس وەشیم عەرز کەردەبێ:

| | |
|---|---|
| بێدار ؟ بێداری ؛ بێدار ، بێداری | پیرشالیار و ، هۆرامان شاری |
| مەرێ پاڵنگان ، ژێرلاو دیاری | نۆتشە سۆقاتیش ، عەللامەن باری |
| هەی خامە کۆکەن ؟ گیوواو خاری ؟ | هەی خامە تلدەر؟ تەوەنو غاری |
| جۆماڵت کەردەن ، سیروانو زووان | خۆماڵت کەردەن ، تاڵانیێو لووان |
| مەشەهەنگ تەتەو ، شاهۆو کۆساڵان | گڵووەو گردینمات ، وە هەنگوین ساوان |
| ئێمەیچ زاڕۆما ، پنەش گۆش کەرمێ | زووان مەدۆڕمێ ، حەیاو ووی ، بەرمێ |
| ( بەهمەنی) ماچۆ : ئەر خەم نەوەردێ؟ | دەسنووس بێدارا ، وە چێر خاک بەردێ |

**ب / ٤ / ئەر خەتەکێما وە لاتینی کەرا ؟ کام پیتی هوورچنمێ ؟:**
وە تەماشا کەردەی دووی فەرهەنگ نووسو زووانی کوردی سۆرانی ، کە وارۆ نیشانی دریێنێ ، مامۆسایان هەژار و فریاد فازیل ، دە پیتێنە زیاتەر، پێسە یۆی نییەنێ . منیچ دەسم وستەنەنە ، بزاندی پەی زووانەکەو وێما چەینەنە ؟: ل٣٠٠

---

٢٩١ – لە بابەت ڕێزمانی هۆرامییەوە، ب/١ ، ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو، چاپخانەی پەیڤ. ژسپاردن ٢١٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٨ز.

| پیتو کوردیی | هەژار: هە. | فریاد: ف. | هادی: ها. |
| --- | --- | --- | --- |
| ژ | Ž | J | Ż |
| ش | Š | Ş | Ṡ |
| غ | Ẍ | X̱ | Ẋ |
| ع | ʻ | C | X |
| ح | h | ẖ | C |
| چ | Č | Ç | C̈ |
| ج | j | C | J |
| ۆ | Ō | O | O |
| ێ | ē | ê | Ẏ |
| ی | Y | Î | Y |
| ڕ | r̄ | r | ڕ ṙ ر r |
| و | W | U | U |
| وو | – | Û | U̇ |
| ڵ | Ł | – | L̇ |

وە ئەنەلوواو من ئا هێما کە هوورشاچنمێ ، ئانێ خاسێنێ ، کە پێویسش وە سەروبۆرو چۆکڵەی نیا. ئەر پێویسش کەرد؟ ئاسانتەرینشا هوورچنمێ ، ئەر خاڵ و حۆت نریارە؟ با هەر سەرۆ با. حۆتی سەرۆ ، هەشتی وارۆ. { خاڵ نیایەرەی جە گرد ئاسانتەرەنە}.
کۆمەک کەرۆ بە ئانیشا گەرەکشا بۆ ئیذ زووانەی ، فێری با ، یا زاڕۆڵا فێرگەی.
هەر پیتێوما لاتینییەنە دەس نەگنا؟ مشیۆم تاشمێش ، ئانەیچە وە ئامێرو کۆمپیوتەر زەحمەتا ، یا ئیسە پەیما مەنویسییۆ ، مشیۆم وێنەش گێرمێوە.

**شیکەردەو ڕاکەو من ، چی ئیذ پیتێمە نییێنێرە** : وێنەشا ، ل. وەڵینا.
هەژار = هـ.                فریاد = ف.                هادی = ها.

١ - پیتەو ژ ، لاو ( هـ ) = : پیتەو زێدیی ، حۆتێو ئینا سەرشۆ .
پیتەو ژ ، لاو ( ف ) : جەی گوولانەن .
پیتەو ژ ، لاو ها : فریاد خاستەرا ، زێد ، پەی ( ز ) تاشییان. وە ڕزگار بۆ دەسو حۆتەکەو سەریش.
٢ – ش : لاو هـ : ئێس حۆتێو ئینا سەرشۆ . ف : ئێس ، فاریزێوە ئینا چێرشەنە.
ها : ئێس خاڵێو وزمی سەرش ئاسانتەرا.
٣ – غ : هـ : ئێکس دووی خاڵی ئینا سەرشۆ. ف : خەتێوە ئامان چێرشەنە.
ها: ئێکس خاڵێوە سەرشۆ بۆ وەسێن.
٤ – ع : هـ : فاریزەن . *ف : پیتەو سیی* . ها : فاریزە سەروفەساڵەو پیتییش نیەنە.
ها : ئێکسێوی ڕووتە.
٥ – ح : هـ : ئەیچو گوولانەی . ف : هەر ئەیچا ، خەتێوە ئامان چێرشەنە.
ها : پیتەو سیی ، ڕووتە.
٦- چ : هـ : سیی ، حۆتێوە ئینا سەرشۆ. ف : سیی ، فاریزێوە ئینا چێرشۆ .
ها : سیی ،دووی خاڵی سەرشۆ بۆ. خاڵێوە جە فاریزە و حۆتی یاگێ کەمتەر گێرۆرە.
٧ – ج : هـ : جەی گوولانێ. *ف : سـیی* ڕووتە. دووی جارێن ٤- / سیی !.
ها : جەی ، بۆ ، شێوە گۆرەکەش ، کەپیتاڵ.
٨ – ۆ : هـ : ئۆ ، خەتێوە ئامان سەرشەنە. ف : ئۆی ڕووتە.
ها: فریاد خاسا ، رزگاربۆ دەسو خەتەکێوە.
٩ – ێ : هـ : ئیی ، خەتێوە ئینا سەرشۆ. ف : ئیی هەشتێوە ئینا سەرشۆ .
ها : وای ، گۆرێ ، خاڵێوە سەرشۆ بۆ . ئیی ، هوورگێرمێ پەی ساز یا بزوێنو خرپیی.
١٠ – ی : هـ : وای ، گۆرێ. ف : ژمارە یۆی ، هەشتێوە ئینا سەرشۆ.
ها: وای ، گۆرێ بێ هیچێوە.
١١ – ڕ : هـ : ئاڕوو گوولانێ (r ) خەتێوە سەرشۆ بۆ. ف : ئاڕی گوولانێ.
ها : ر : ئاڕی گوولانێ .( ڕ ) : ڕاو قەڵەوی ، چاپیی : ئاڕی گوولانێ خاڵێوە سەرشۆ بۆ.
١٢ – وو: هـ : -. ف : U یوو . ها: یوو U یووی گۆرەی خاڵدارە.
١٣ – ڵ : هـ : ئێڵ خەتێوە سەرشۆ. ف: - ها: L ئێڵی گۆرەی خاڵدارە.

ئا پیتێ تا ئارۆ ، پنەشا منوویسمێ:
گرد هەرمانییێوی نوویستەیشا پەنە کریان. ئانە جە سەردەمو مستەفا کەمالییەنە ، وە تورکیاشا کەرد ، پەی دوورخستەیۆ خۆڵکو ئاگەیە بیی ، جە پیتەکا زووانو عەرەبی ، یانی قورئان و ئیسلام . ئەر لا ئێمەیچۆ ئانە بارا وەرو دەمیما ؟ هەر وەرو ئا هۆیانێ باسشا کریان.
یانی دماو وەچێوی ئیتر مەتاوا قورئان بووناوە... دوور ووزتەیما چەنەش ، دەسو بێ باوەڕاش چنەن. ئیسلام خاس پەیڕەوش وەنە کەرا ؟ یانی ڕەوشت خاسیی. بەڵام هەن مەزانۆ ، هەتا بێ ڕەوشتی ، گنۆ ئۆ ، یانەو ویش.

## ب / ٥ / خشتەو چەمەی یا چاوگی ، چەنی یەرە هەرمانەکێ:

| چەمەی | هن. نەویەردەی | هن. ویەردەی | هن. داواکەردەی ۱ |
|---|---|---|---|
| ۱ / ئـ/ | | | |
| ۱ – ئاردەی | مارۆ | ئارد | بارە ۲ |
| ۲ – ئاردەرەی | مارۆ | ئاردەرە | بارەرە |
| ۳ – ئامای ۳ | مێ | ئاما | بۆ |
| ٤ – ئەسای | مسانۆ | ئەسا | بسانە |
| ٥ – ئێژیای | مژیۆرە | ژیارە | بێژەرە |
| ۲ / ب/ | | | |
| ٦ – بڕیای | بڕۆ | بڕیا | بڕە |
| ۷ – بەردەی | بەرۆ | بەردە | بەرە |
| ۸ – بیەی | بۆ ، مبۆ | بی | بە |

۱ – هن: کورتکەردەو وشەو هەرمانیەنە. ۲- * تاومێ واچمێ چاوگێوە وە( ئا) دەسشپەنەکەردەبۆ ، جە هن. نەویەردەنە ، یووەم پیتش بۆ وە : میم ، یا ، ما. سەرنجو پەنج وشەکا ، پیتەو ئێ ، سەرۆ ، دە.
* ئا چەمێ وە ئا= ئـ ، یا ، وە بێ= ب ، دەسشا پەنەکەردەن ، جە هن. داواکەردەیەنە ، ئەمر، یووەم پیتشا بۆ بە ، بێ= ب. سەرنجو ئـ/ وە ب/ دە.
* گردو هن. داواکەردەییەکا ، ئەر بێ= ب ، وزمێ سەرەتاشا ، هەر ڕاسا ، پێسە : ڕەمە ، واچمێ بڕەمە ، ڕۆشنتەرا ، وەرو ئانەیە ڕێساکە ئاسانتەرە بۆ ، وە وشەکێ گۆڕێ نەبا ، جە پیتەو پێ ، یۆ، { ٤ /پ / ل ۳۰۳ وە ، ئا ( بـ ) نەنویسیان.
* گردو هن. داواکەردەییەکا ، بێ جە شمارە ، ۳ ، دماییین پیتشا ، سازەو خڕیەنێ = ە ، ـە.
* گردو هن. ویەردەکێ ، بێ جە شمارە ۱، ۲، ٥ ، پیتەو دماییشا ، بۆ بە ، سازەو درێژی= ا ، ـا.
* گردو هن نەویەردەکێ ، بێ جە شمارە ۲،۳،٥ پیتەو دماییشا: ۆن = ۆ.
* گرد چەمێو ، کە وە ، دماگیرو : نای ، دماییش ئامابۆ ، پێسە : شانای ، یەرە حاڵەتەکەو سەریشا ، با بە : نۆ ، نای. شانای: شانۆ. شانا شانە. شمارە/۱۱، یا پیتەکا پێ ، شێ ، گێ... سەرنجدە. * پەی ڕیزکەردەو پیتەکا و چن سەرنجێوی تەر، ل ۲۹۹.
۳ – ئاما: وە ڕیشەو چەمەی ئەژناسیان ، هەرچن سەروفەساڵو هن. ویەردەکەیچش هەن. پیتەو ( ی ) کە ئینا دماو گردوو چەمەکاوە ، نیشانەو چەمەیەنە.

| چەمەی | هـن. نەویەردەی | هـن. ویەردەی | هـن. داواکەردەی |
|---|---|---|---|
| ٩ – بینای | بینۆ | بینا | بینە |
| ٤ / پ/ | | | |
| ١٠ – پاڵنای | پاڵمنیۆ | پاڵنیا | پاڵبنیە |
| ١١ – پڕتافنای | پڕتافنۆ | پڕتافنا | پڕتافنە |
| ١٢ – پرچنای | پرچنۆ | پرچنا | پرچنە |
| ١٣ – پڕای | پڕۆ | پڕا | پڕە |
| ١٤ – پەرسای | پەرسۆ | پەرسا | پەرسە |
| ١٥ – پەرمای | پەرمۆ | پەرما | پەرمە |
| ١٦ – پێکنای | پێکنۆ | پێکنا | پێکنە |
| ٥/ ت/ | | | |
| ١٧ – تاسای | تاسۆ | تاسا | تاسە |
| ١٨ – تاشای | تاشۆ | تاشا | تاشە |
| ١٩ – تاوای | تاۆ | تاوا | تاوە |
| ٢٠ – تەرسای | تەرسۆ | تەرسا | تەرسە |
| ٢١ – تەکنای | تەکنۆ | تەکنا | تەکنە |
| ٢٢ – تەقنای | تەقنۆ | تەقنا | تەقنە |
| ٢٣ – تلنای | تلنۆ | تلنا | تلنە |
| ٦ / ج/ | | | |
| ٢٤ – جریونای | جریونۆ | جریونا | جریونە |
| ٢٥ – جەڕنای | جەرنۆ | جەڕنا | جەڕنە |
| ٢٦ – جوکنای | جوکنۆ | جوکنا | جوکنە |
| ٢٧ – جمنای | جمنۆ | جمنا | جمنە |
| ٢٨ – جیڕنای | جیڕنۆ | جیڕنا | جیڕنە |
| ٢٩ – جیکنای | جیکنۆ | جیکنا | جیکنە |
| ٧ / چ/ | | | |
| ٣٠ – چپنای | چپنۆ | چپنا | چپنە |
| ٣١ – چزنای | چزنۆ | چزنا | چزنە |
| ٣٢ – چەرخنای | چەرخنۆ | چەرخنا | چەرخنە |
| ٣٣ – چەسپنای | جەسپنۆ | چەسپنا | چەسپنە |
| ٣٤ – چەشتەی | چەشۆ | چەشتە | چەشە |
| ٣٥ – چەقنای | چەقنۆ | چەقنا | چەقنە |
| ٣٦ – چەکنای | چەکنۆ | چەکنا | چەکنە |
| ٣٧ – چنیای | چنیۆ | چنیا | چنیە |

| چەمەی | هـن. نەویەردەی | هـن. ویەردەی | هـن. داواکەردەی |
|---|---|---|---|
| ٨ / ح/ | | | |
| ٣٨ – حەپەسیای | حەپەسیۆ | حەپەسیا | حەپەسیە |
| ٣٩ – حەپنای | حەپنۆ | حەپنا | حەپنە |
| ٤٠ – حیلنای | حیلنۆ | حیلنا | حیلنە |
| ٩ / خ/ | | | |
| ٤١ – خرابنای | خرابنۆ | خرابنا | خرابنە |
| ٤٢ – خزای | خزۆ | خزا | خزە |
| ٤٣ – خەسنای | خەسنۆ | خەسنا | خەسنە |
| ٤٤ – خڵافنای | خڵافنۆ | خڵافنا | خڵافنە |
| ٤٥ – خەڵەتنای | خەڵەتنۆ | خەڵەتنا | خەڵەتنە |
| ٤٦ – خنیکنای | خنیکنۆ | خنیکنا | خنیکنە |
| ١٠ / د / | | | |
| ٤٧ – دارای | دارۆ | دارا | دارە |
| ٤٨ – دای | مذۆ | دا | دە |
| ٤٩ – دووای | دووۆ | دووۆا | دووە |
| ٥٠ – دڕیای | دڕیۆ | دڕیا | دڕە |
| ٥١ – دۆڕنای | دۆڕنۆ | دۆڕنا | دۆڕنە |
| ١٢ / ڕ / | | | |
| ٥٢ – ڕازنای | ڕازنۆ | ڕازنا | ڕازنە |
| ٥٣ – ڕنیای | ڕنیۆ | ڕنیا | ڕنە |
| ٥٤ – ڕەتنای | ڕەتنۆ | ڕەتنا | ڕەتنە |
| ٥٥ – ڕەمنای | ڕەمنۆ | ڕەمنا | ڕەمنە |
| ٥٦ – ڕێسای | ڕێسۆ | ڕێسا | ڕێسە |
| ١٣ / ز/ | | | |
| ٥٧ – زانای | زانۆ | زانا | زانە |
| ٥٨ – زیڕنای | زیڕنۆ | زیڕنا | زیڕنە |
| ٥٩ – زیقنای | زیقنۆ | زیقنا | زیقنە |
| ١٤ / ژ / | | | |
| ٦٠ – ژاکیای | ژاکنۆ | ژاکنا | ژاکنە |
| ٦١ – ژاوای | ژاوۆ | ژاوا | ژاوە |
| ٦٢ – ژمارای | ژمارۆ | ژمارا | ژمارە |
| ٦٣ – ژەنای | ژەنۆ | ژەنا | ژەنە |
| ٦٤ – ژڵێویای | ژڵێویۆ | ژڵێویا | ژڵێویە |
| ١٥ / س / | | | |
| ٦٥ – ساچای | ساچۆ | ساچا | ساچە |

| چەمەی | هـن. نەویەردەی | هـن. ویەردەی | هـن. داواکەردەی |
|---|---|---|---|
| ٦٦ – ساوای | ساۆ | ساوا | ساوه |
| ٦٧ – سۆچنای | سۆچنۆ | سۆچنا | سۆچنه |
| ٦٨ – سوڕنای | سوڕنۆ | سوڕنا | سوڕنه |
| ٦٩ – سوڕدای | سورمذۆ | سوردا | سوڕده |
| ٧٠ – سەلەمنای | سەلەمنۆ | سەلەمنا | سەلەمنه |
| ١٦ / ش/ | | | |
| ٧١ – شانای | شانۆ | شانا | شانه |
| ٧٢ – شۆریای | شۆریۆ | شۆریا | شۆره |
| ٧٣ – شۆکنای | شۆکنۆ | شۆکنا | شۆکنه |
| ٧٤ – شێونای | شێونۆ | شێونا | شێونه |
| ١٩ / ف/ | | | |
| ٧٥ – فاڕای | فاڕۆ | فاڕا | فاڕه |
| ٧٦ – فامای | فامۆ | فاما | فامه |
| ٧٧ – فیسیای | فیسیۆ | فیسیا | فیسیه |
| ٧٨ – فیشنای | فیشنۆ | فیشنا | فیشنه |
| ٧٩ – فیڕنای | فیڕنۆ | فیڕنا | فیڕنه |
| ٢١ / ق / | | | |
| ٨٠ – قپنای | قپنۆ | قپنا | قپنه |
| ٨١ – قوجنای | قوجنۆ | قوجنا | قوجنه |
| ٨٢ – قۆڕنای | قۆڕنۆ | قۆڕنا | قۆڕنه |
| ٨٣ – قیڕنای | قیرنۆ | قیڕنا | قیڕنه |
| ٨٤ – قیژنای | قیژنۆ | قیژنا | قیژنه |
| ٢٢ / ك/ | | | |
| ٨٥ – کاڵای | کاڵۆ | کاڵا | کاڵه |
| ٨٦ – کنیای | کنیۆ | کنیا | کنیه |
| ٨٧ – کوشیای | کوشیۆ | کوشیا | کوشه |
| ٨٨ – کۆیای | کوۆ | کۆیا | کوه |
| ٨٩ – کێشای | کێشۆ | کێشا | کێشه |
| ٩٠ – کێشیای | کێشیۆ | کێشیا | کێشیه |
| ٩١ – کەردەی | کەرۆ | کەرد | کەره |
| ٢٣ / گ/ | | | |
| ٩٢ – گرەوای | گرەۆ | گرەوا | گرەوه |
| ٩٣ – گریای | گریۆ | گریا | گریه |
| ٩٤ – گڤنای | گڤنۆ | گڤنا | گڤنه |
| ٩٥ – گیزنای | گیزنۆ | گیزنا | گیزنه |

| چەمەی | هـن. نەویەردەی | هـن. ویەردەی | هـن. داواکەردەی |
| --- | --- | --- | --- |
| ٩٦ – گێڵنای | گێڵنۆ | گێڵنا | گێڵنە |
| ٩٧ – گەفای | گەفۆ | گەفا | گەفە |
| ٩٨ – گەنای | گەنۆ | گەنا | گەنە |
| ٢٤ / ل / | | | |
| ٩٩ – لاونای | لاونۆ | لاونا | لاونە |
| ١٠٠ – لوای | ملۆ | لوا | لوە |
| ١٠١ – لوشنای | لوشنۆ | لوشنا | لوشنە |
| ١٠٢ – لەرزای | لەرزۆ | لەرزا | لەرزە |
| ١٠٣ – لەوەڕنای | لەوەڕنۆ | لەوەڕنا | لەوەرنە |
| ٢٦ / م/ | | | |
| ١٠٤ – ماڕای | ماڕۆ | ماڕا | ماڕە |
| ١٠٥ - ماسای | ماسۆ | ماسا | ماسە |
| ١٠٦ – ماڵای | ماڵۆ | ماڵا | ماڵە |
| ١٠٧ – مدرای | مدرۆ | مدرا | مدرە |
| ١٠٨ – مەردەی | مرۆ | مەرد | مرە |
| ١٠٩ – مەڕدەی | مەڕیۆ | مەڕد | مەڕیە |
| ٢٧ / ن/ | | | |
| ١١٠ – نوزنای | نوزنۆ | نوزنا | نوزنە |
| ١١١ – نوقنای | نوقنۆ | نوقنا | نوقنە |
| ١١٢ – نوکنای | نوکنۆ | نوکنا | نوکنە |
| ١١٣ – نوویستەی | نوویسۆ | نوویستە | نوویسە |
| ١١٤ – نیشتەی | نیشۆ | نیشتە | نیشە |
| ١١٥ – نیای | منیۆ | نیا | بنیە |
| ٣٠ / و / | | | |
| ١١٦ – واچیای، واتەی: | ماچۆ | وات | واچە |
| ١١٧ – واردەی | مۆرۆ | وارد | وەرە، بوەرە |
| ١١٨ – وانای | وانۆ،موانۆ | وانا | وانە |
| ١١٩ – وتەی | موسۆ | وتە | بوسە |
| ١٢٠ – وڕای | وڕۆ | وڕا | وڕە |
| ١٢١ – وینای | وینۆ | وینا | وینە |
| ٢٨ / هـ / | | | |
| ١٢٢ – هاڕای | هارۆ | هاڕا | هاڕە |
| ١٢٣ – هورقۆڕنای | هورقۆڕنۆ | هورقۆڕنا | هورقۆڕنە |
| ١٢٤ – هورنیای | هورنیۆ | هورنیا | هورنیە |
| ١٢٥ – هورویڵنای | هورۆێڵنۆ | هورۆێڵنا | هورۆێڵنە |

| چەمەی | هـن. نەویەردەی | هـن. ویەردەی | هـن. داواکەردەی |
|---|---|---|---|
| ١٢٦ – هوروەزتـەی | هوروەزۆ | هوروەزت | هوروەزە |
| ٣٣ / ی / | | | |
| ١٢٧ – یاوای | میاۆ | یاوا | یاوە |
| ١٢٨ – یاونای | یاونۆ | یاونا | یاونە |

.................................................

## ب / ٦ / چۆن فێری گفـتوگۆ بە زمانی هەورامانی دەبیت ؟

بۆچی ئەم بەشەم نوسی؟

هەڵەم نەکردبێت وابزانم ، ڕەحمەتی پیرەمێردی شاعیرە ، فەرمووییە:

خۆزگەم بەو کەسەی ، لە عەوام دوورە          بێقڕە و بێوەی ، ڕەنگی هەر سوورە

وشەی عەوام ، کە ئەوەندە شاعیری پەستکردووە ، تەنها واتای عەوامی نەخوێنەوار، ئوممی ، نادات. بەڵکە مەبەستی ، لێپرساو و ڕۆشنبیرە ڕەفت عەوامەکانە.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ، بە تایبەت لە لادێکاندا ، دەیان کەسانی نەخوێندەوار دەبینیت ، خاوەن بیرێکی زۆر بە ئاوەز و بە سەلیقەی بەرزترن لە خاوەن شەهادەکان.

ئەم ڕۆشنبیرە ڕەفت عەوامانە ، گەر دەوڵەتی ڕۆژ، یا حیزبەکەیان ، کەلتوری شارستانی نەتەوەکەی ، بە چەواشەکراوی بخاتە بەردەمیان؟ بە بێ وردکردنەوە ، هەڵسەنگاندنی ، ئەمانیش بەو شێوە دەیبینن ، پێیان وتراوە. ئەم قسانەی من دەیان ڕێسم ، لە سەرنجی خەڵکی ئەوروپا دەچێت ، لە کەلتوری کۆن. کە خۆم وا بۆ سی ساڵە تێیدام. بۆیە دەڵێم خۆزگە ، ئەو لێپرسراوە ، ڕۆشنبیرە ، ڕەفت عەوامانەیان ، بە زۆر دەهێنان بۆ ئەوروپا و خوولێکی کۆن ناساندنیان بۆ دەکردنەوە ، تا بیانزانیایە پێشکەوتوخوازی شارستانێتیدار ، بە کێ دەوترێت؟ ئەگەر هەر بە عەوامی مانەوە؟ ئیتر دیکتاتۆریە ، مەبەستی باسە.

، هەرکەس بەشداری بووژانەوەی کەلتوری بکات؟ نیشتیمان پەروەرە. منیش لەو لایەنەوە ، ئەم خزمەتە بەم زمانە کۆنە ، زەردەشتیە ، پیرۆزە کردووە ، هەرکەس بتوانێت بخوینێتەوە؟ با گۆران ، ی زمان لەبیرنەماوەیش بێت ، ئەو ڕستانەی بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویستن ، لە ١١ وانەدا ،( لە گفتوگۆ ، لە چێشتخانە ، لە بازاڕ ، لە فرۆکەخانە...) نووسراوە ، بە سۆرانیش لە پاڵیدا هەیە.

### <u>لیستو وانەکێ : لیستی وانەکان:</u>

*١ – وانە و یووەمی : وانەی یەکەم.*

( **ئـ/** شمارەکا ، شمارێ : ژمارەکان.    **ب/** وەخت وانایۆ: وەخت خوێندنەوە.

**پ/** ڕۆکا هەفتەی : ڕۆژەکانی هەفتە.    **ت/** مانگەکا: مانگەکان. **ج/** ساڵە و هۆرامی: ساڵی هەورامی).

٢ - *وانەو دووەمی: وانەی دووەم.*
( **ئـ/** وشە پەرس کەردەیەکا: وشە پرسیارییەکان. **ب/** گفتوگۆ ، دیالۆگ: وتووێژ.
**پ/** ئەژناسای یۆتەرین: یەکتری ناسین. **ت/** میمانی: میوانی. **ج/** پیرۆزبایی کەردەی: پیرۆزبایی کردن. **چ/** پەرسێوی سەرەڕای: پرسێکی سەرەڕێ. **ح/** ئاو وهەوای: ئـ. هەوا ).

٣ – *وانەو یەرەمی: وانەی سێیەم:* ( **ئـ/** چێو ئـەسای: شت کڕین).

٤ - *وانەو چوارەمی ، وانەی چوارەم.* تەن دروستی: تەن دروستی:
( **ئـ/** جۆرەکا دوکتری. **ب/** نامبەردەو بەشەکا لاشەی:
ناوبردنی بەشەکانی لاشە. **پ/** نەوەشینەک: نەخۆشیەکان. **ت/** نەوەشخانە: نەخۆشخانە.
**ج/** لا دوکترو دذاناوە: لای دکتۆری ددانەوە. **چ/** لا دوکترو گردییۆ: لای دکتۆری گشتییەوە ).

٥ – *وانەو پەنجەمی: وانەی پێنجەم.*
( **ئـ/** کەسوکار. **ب/** هەرمانەکا: ئیشەکان).

٦ – *وانەو ششەمی: وانەی شەشەم.*
( **ئـ/** جە ئوتیلەنە: لە ئوتێل دا. **ب/** نانواردەی: نانخواردن.
**پ/** سینەما، شانۆ. **ت/** پۆست، تەلەفۆن، تەلەگرا
**ج/** مۆزە: مۆزەخانە. **چ/** بانق. **ح/** وەرزش.
**خ/** گێڵایۆ: گەڕانەوە. ئاستەی جیا: جێهێشتن).

٧ – *وانەو حۆتەمی: وانەی حەوتەم.* ( **ئـ/** بە ماشینۆ ، جە سەروجادەیۆ: بە ئۆتۆمبێلەوە لەسەر جادەوە. **ب/** ماشین بەکرێگیرتەی: ئۆتۆمبێل بەکرێگرتن.
**پ/** جە بەنزینخانەنە: لە بەنزینخانەدا. **ت/** دایوەنە، تەسادوفو ماشینی: لێکدانی ئۆتۆمبێل. **ج/** لا فیتەریۆ: لای فیتەر. **چ/** پاس، ئوتوبوس، تەکسی.
**ح/** قەتار، قەتارگا. **خ/** باڵەفڕگا ).

٨ – *وانەو هەشتەمی: وانەی هەشتەم:* ( **ئـ/** نامـوو دارەکا: ناوی درەختەکان.
**ب/** تەڕەکاڵی. **پ/** گیواوا: گیاکان. **ت/** ولا: گوڵەکان. **ج/** چاشتەکا: چێشتەکان.
**چ/** کەلوپەلویانەی وە کەردەیەنە: کەلوپەلی ماڵ و لەبەرکردن. **ح/** ئاژەڵا و باڵەپڕا: ئاژەڵان و باڵندەکان).

٩ – *وانەو نۆیەمی.* ( **ئـ/** مزگی: مزگەوت. جەمخانە، کەنیشتە. **ب/** کۆگاو وشەی).

١٠ – *وانەو دەیەمی.* ئەدەب.
( **ئـ/** هۆنیاوە: هۆنراوە. **ب/** واتەو وەڵینا: وتەی پێشینان.

**پ /** مەتەڵ. **ت /** چیرۆك. **ج /** پەخشان).

*١١ – وانەو یانزەهەمی.* وانایۆ: خوێندنەوە.
( **ئـ /** گۆران و گۆرانستان. **ب /** شارەو خانەقینی).

## باسکەردەو ١١ وانەکاو سەری ، وە درێژی.

***١ – وانەو یوەمی. ئـ/ شمارەکا یا شمارەکێ:***

*/ نامێوەنە شمارەو کەسی یا چێوی بەروزۆ. پەنج هەسارێ. پەنج: شمارەن. هەسارێ: ئانەنە کە شماریان یا ئەژماریان.

<u>ی/٤ ، ب/١/</u> ١- لیستی ناوی هەندێک لـە هۆنـەران و نووسـەرانـی گۆرانستان.
٢ – لیستی ناوی هەندێک لە هۆنـەران و نووسـەرانـی هـەورامـان.

*<u>ی/٤ ، ب/٢/</u> شەوچەرەی هـەورامـان: لـە ٧ سـەرباس دا:*

*{ ١- چیرۆک. ٢- واتـە و وەڵینا. ٣ – قسێ مەژگەداری.*
*٤- شۆخـی. ٥- مـەتـەڵ. ٦- پەخشانـی.*
*٧- فەرهەنگۆکی ئـەم بەشە ، شەوچەرەی هەورامان }.*

<u>ی / ٤ ، ب/ ٣ /</u> هونەرمەندانی گۆرانی بێژ.
١- لیستی ناوی هونەرمەندانی ، گۆرانی بێژ
٢- سروودی لاواندنەوەی ، سیاوچەمانە.(خاو و گەرم) ، ناوی ، ژمارەی ، جۆری ...

<u>ی / ٤ ، ب / ٤ /</u> ١- ڕاو ، کەڵ و کەو. ٢- دەرمانە سونەتییەکان.

..............................................

**ی / ٤ ، ب / ١ / ١ - لیستی ناوی هەندێک لە هۆنەران و نووسەرانی گۆرانستان:**
**ئـ /**
١ – ئەحمەد بەگی کۆماسی. ١٧٩٩ – ١٨٧٩ز.
٢- ئەحمەد <u>دینەوەری</u> حەنبەلی. – ١١٣٨ز.
٣ – ئەحمەد مەروان قازی <u>دینەوەری</u> ، لە شاری ئەسوانی میسر مردووە.
٤ – ئەحمەد نەحەوی <u>دینەوەری</u>. دوای ٧٠٠ز. یە.
٥- ئازاد کەڵهوڕی. ١٨٧٢ – ١٩٤٥ز.
٦ – ئەڵامورادی هەرسینی،ئەوەی لای کرماشان.٧- ئیبن خاتونی <u>دینەوەری</u>. ١٠٧٣ – ١١١٩ز.
٨– ئیبن سەسەنی <u>دینەوەری</u>. ٨٦٤ – ٩٦١ز.
٩- ئیبن قوتەیبەی <u>دینەوەری</u>. ٨٢٩ – ٨٩٠ ز.
١٠ - ئەبوبەکر ئەحمەد سەراب <u>دینەوەری</u>.
١١ - ئەبوبەکر ئەحمەد میهران <u>دینەوەری</u>. – ٩٩٢ز.
١٢ – ئەبوبەکر داود <u>دینەوەری</u>. لە شام مردووە.
١٣ – ئەبوبەکر محەممەد <u>دینەوەری</u>. ٩٨٥ – ١٠٥٨ز.
١٤ – ئەبوبەکر محەممەد بورهان <u>دینەوەری</u>. – ٩٦١ز. لە بەغدا مردووە.
١٥ – ئەبوبەکر موحەممەد موقد <u>دینەوەری</u>. – ١٠٢٤ز. لە بەغدا مردووە.
١٦ – ئەبو جەعفەر ئەحمەد <u>دینەوەری</u>. قازی بووە لە بەغدا، - ٩٣٤ز. لە میسر مردووە.

١٧ – ئەبو حەسەن عەلی دینەوەری. – ١١٣٩ز. ١٨- ئەبو سەعد دینەوەری - ١٠٠٧ز.
١٩ – ئەبو عەباس ئەحمەد موحەممەد دینەوەری. – ٩٥١ز. لە سەمەرقەند مردووە.
٢٠ – ئەبو تەریب موحەممەد گۆرانی. – ١٧٥٤ز. لە دیمەشق مردووە.
٢١ – ئەبو عەبدووڵای دینەوەری. – ٩٨٠ز.
٢٢- ئەبو نەسر ئەحمەد دینەوەری. – ١١١٣ز.
٢٣ – ئەلیاس گۆرانی شافیعی. ١٦٢١- ١٧٢٤ز.
٢٤ – ئەڵماس خانی کەنوولەیی ، ئەحمەدخان. ١٧٠٦– ١٧٧٧ز. ٣٠٢
٢٥ – ئەڵماس خانی کوردستانی. ١٧١٢ - ١٧٥٢ز.
٢٦ – ئۆجاخ دەروێش ، فەرهاد میرزای گاوارەیی. ١٧٩٧ – ١٨٤٧ز.
٢٧ – ئیبراهیم گۆرانی ، حەسەن شەهاب.
٢٨- ئەیازی کرندی.

**ب/** ١ – بابا ئەردەڵانی والی دامەزرێنەر ، ئەحمەد. ١١٦٠ – ١٢٠٧ز.
٢ – بابا تاهیری هەمەدانی لوورِیی. ٩٣٥ – ١٠١٠ز.
٣ – باڵوڵ: دێوانە ، دانا ، عومەر لەهەب نامور. ٨٠٠ – ٨٣٤ز. ل. ٣٣٢
٤ – بورهانەدین حەسەن شەهابەدین گۆرانی. ١٦١٦ – ١٦٩٠ز. لە مەدینە مردووە.
٥ – بێدار کرماشانی ، زەنگەنە ، موحەممەد حسەین. ١٨٨١ – ١٩٧٩ز.

**پ/** ١- پیر ئەحمەدی لوورِستانی. ٢- پیر ئیسماعیل گوڵانی هەفتەوانە
٣ – پیر بابا غەیبی هاواری.٤ ٤- پیر خدری شاهۆ، بنیامین، محمد زاهد ظهرالدین١٢٣٦-
٥ – پیر دانیال داڵەهۆیی. دوای ٨٠٠ز. ٦- پیر رۆستەم سو.
٧- پیر نەریمان شاهۆیی.

**ت/**١- تامازی گاوارەیی ، فەرەیدون. ١٨٠٣ – ١٨٥٣ز.

**ج/**١- جانەوەری هۆنەر، شێخ عەزیز ، هاوڕێی مەولەوی. ١٨٠٦ – ١٨٨٣ز.
٢ – جەمالەدین ئەبو حەسەن یوسف گۆرانی. – ١٣٦٧ز.
٣ – جیهانبەخشی دانیالی. ١٨٦٧ – ١٩٤٩ز.

**ح/**١- حاجی نیعمەتوڵای جەیحون ئاوایی ، دینەوەری. ١٨٧١- ١٩٢٠ز. ٣٠٣
٢ – حاجی نور عەلی ئیلاهی ، کوڕی پێشووە. ١٨٩٦- ١٩٧٢ز.
٣ – حەسەن زومروت ، نگین ، مەندەلاوی ، ئەبوتاهیر. ١٢٦٦- ١٣٥٦ز.
٤ – حەسەن کەنۆشی هۆنەر، دەلۆیی،زەنگەنە. ١٨٤٠- ١٨٩٤ز.

---

٣٠٢ – ناوبراو ، هۆنەر و ئەفسەر و نووسەر بووە. ئەمانە کتێبی ئەمن: ١- خورشید و خاوەر. ٢- حەوت لەشکر. ٣- نادر نامە ، کە بۆ نادر شای ئێرانی نووسیوە. تەنها لە پیتی ئێ دا ، ١٧ یان دینەوەرین !.
٣٠٣ – نووسەری پەڕاوی شانامەی حەقیقەتە.

٥ – حافیز ئەبو حەسەن عومەر دینەوەری. – ٩٤٢ز.
٦ – حەیران عەلی شای مایدەشتی، حەمەساڵح. ١٨٣٦- ١٩٠٥ز.

**خ/**١- خاتون سوتیتە بەدر موحەممەد. دوای ٩٥٠ز.
٢ – خامۆشی سەید ئەکابر. دوای ٨٠٠ ز. ٣- خانای قوبادی. ١٧٠٠- ١٧٥٩ز.
٤ – خان ئەڵماسی لوڕستانی. ١٦٦٢- ١٧٢٦ز. ٥- خەلیفە باپیر دینەوەری. دەوری ١٣٩٨ز.
٦ – خەلیفە محەممەدی دینەوەری. ٧- خەلیفە عەزیز سلێمان دینەوەری. – ١٣٦٠ز.
٨ – خواجە سادق ئەردەلانی.

**د/**١- داخی هۆنەر،عەبدوڵای کەڵاتەبزانی. ٢- داودخانی والی ، هۆنەر.١٨٨٣- ١٩٤٨ز.
٣ – دەروێش قولی ، ڕەزاقولی کرندی ، ١٨٢١- ١٨٩٩ز. باوکی ئەیاز کرندییە. ژ. ٢٨ پیتی/ ئـ ل.٣٩٨. ٤- دەمام بێقەیتەر، دینەوەری ، ساڵح. ١٢٧٦- ١٣٥٦ز.

**ڕ/** ١- ڕەزناو دینەوەری. ١٨٥٨- ١٨٩٧ز. ٢- ڕەشید یاسەمی،غولامڕەزاخان، ڕەشید گۆرانی.١٨٩٧- ٣- ڕەمزبار هەفتەوانە. لە دایکی سوڵتانی ساق ، دەچێت. ل. ٣٥٣.
٤ – ڕەنجوری هۆنەر ، مەلا عومەر محەممەد یوسفی زەنگەنە.١٧٥١- ١٨١٠ز.

**ز/** ١- زەبوونی هۆنەر ، سلێمان بەگی زەنگەنە ، میر ئەحمەدبەگ. ١٧٤٨- ١٨٠١ز.
٢ – زولفەقاری گۆران. ل. ٣٦٢ /٦.
**س/** ١- سائیغ دینەوەری. – ٩٤٢ز. لە میسر مردووە. ٢- ساڵح کەنوولەیی. ١٨٠٠-

٣ – سعود گۆرانی. – ١٠٥٦ز. لە حەڵەب مردووە. ٤- سەحرایی ، عەباس حەبیبوڵای هەرسینی لای کرماشان. ١٨٩٧- ١٩٧٠ز. ٥- سەید فەتاحی جەباری.
٦ – سەید محەممەد گەورەسوار. ل. ٤١٧ حەوتەوانە/١ .

**ش/** ١- شا ئیبراهیم ئێوەت ، هەفتەوانە.١٠١٦-١٠٧٥ز. ل. ٤١٧. ( وای بۆ دەچم،ئەو ئێوەتە، لە ئەیوب دەچێت، هەڵەی ڕێنووس هێناویەتە ناو.
٢ – شا خۆشێنی لووڕستانی. ١٠١٦- ١٠٧٥ز. ل.٣٥٢ . ٣- شەهابەدین ئەحمەد گۆرانی. – ١٤٠٧ز. ٤- شا ئەحمەد ئەسوەد ، دینەوەری. دوای ٤٠٠ز.
٥ - شێخ حەسەنی دەرەهەردی ١٧١٩- ١٨٠١ز.
٦ - شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، عەبدوڕەحمانی مەلا مەحمودی زەنگەنە.١٨٣٧- ١٩١٠ز.
٧ – شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرە ، شێخ محەممەد ١٨٤١- ١٩٠١ز. برای ج/١ل.٤١٦.

**ع/** ١- عەلی بیا شاپور. – ١٣٥٥ز. ٢- عەلی غەدیر ، دینەوەری ، غازی. – ١٣٧١ز.
٣ – عەبدولقادر شەمام ، شەمسەدین. ١٢٦٥- ١٣٥٧ز.
**غ/** ١- غولامشاخانی هۆنەر ، ئەمانوڵاخانی/٢، ئەردەڵانی.١٨٢٤- ١٨٦٧ز.

**ف/** ١- فاتمەلۆرەی گۆران. دوای ١١٠٧ز. ٢- فەقێ ئەحمەدی هەمەوەند ، عەبدولقادر ڕەسوڵ. ١٨٣٢-١٨٩١ز. ٣- فەهیم سنجاوی ، میرزا فەتحولا.

**ک/** ١- کالبال خانی ئەردەڵانی.

**م/** ١- محاک فنونی زەنگەنە. – ١٨٧٨ز. ٢- محێدین سالْحی کەنوولەیی. ٢ بەرهەمی چاپکراوی هەبووە. ٣- مەستورەی هۆنەر، ئەردەڵانی ،ماهشەرەف خانم ١٨٠٤-١٨٤٧ز.
٤- مستەفا گۆرانی ، ئەبوبەکر تاجەدین ، ١٧٣٥- ١٧٨٤ز. لە حەڵەب مردووە.
٥ – مەمشاد دینەوەری. – ٩١٠ز. ٦- موشفیق زەنگەنەی کرماشانی. – ١٨٢٢ز.
٧ – مەعروف ڕەسافی ، جەباری ،عەبدولغەنی مەحمود. ١٨٧٧-١٩٤٦ز. هۆنراوەکانی عەرەبین. ٨- موجریم جەیحون ئاوایی ، دینەوەری ، میرزا بەهرام. ئەهلی هەقی.١٨٧١-١٩٢٠ز. ٩- مەلا پەرێشانی دینەوەری ، قاسم. دوای ١٣٩٩ز.
١٠ – مەلای جەباری ، فەتاح ئەحمەد.١٨١١-١٨٧٩ز.
١١ – مەلا ڕەزای واعیز ، زەنگەنە.١٨٦٦-١٩٦٤ز.
١٢ – مەلا عەبدولەتیف ئەحمەد گۆرانی. – ١٧٣٧ز.
١٣ – مەلا محەممەد شەریف سدیق گۆرانی ، مەلا یوسف. – ١٦٦٨ز.
١٤ – مەلا محەممەد قولی کەنوولەیی. ١٥- مەلا محەممەد گۆرانی. – ١٦٦٤ز. لە دیمەشق مردووە. ١٦- مەلا نۆشای زەنگەنە. ١٧٨٦ – ١٨٣٤ز. ١٧- مەلا وەڵەدخانی گۆران ، شەهابی زەهاو.١٧١٥- ١٧٧٦ز. ١٨- میر ئەحمەد بەگی زەنگەنە ، سمایل بەگ.١٦٨٩- ١٧٥٦ز.
١٩ – میرزا شەفیعی جامەڕێزی ، دەلۆیی، عەباس.
٢٠ – میرزا شەفیعی دینەوەری. ٢١- میرزا شوکروڵای دینەوەری ، فەیلی ، ئەحمەد.١٧٥١-١٨٤٣ز. ٢٢- میزا عەلی عەباس وەندی. ٢٣- میرزا مەحمودی زەنگەنە ، یوسف. - ١٨٧٨ز.
٢٤ – میقداد شیدۆش ، ڕەزتاو دینەوەری ، مەجید. ١٣٩٨ز.

**ی /** ٢٥ – یوسف سدیق قازی مەحمود ، شاهۆیی ، گۆرانی. – ١٥٩٢ز.

## ب / ١ / ٢- لیستی ناوی هەندێک لە هۆنەران و نووسەرانی هەورامان:

**ئـ/** ١- ئایەتولای مەردۆخ ، جەمالەدینی دووهەم ، کوردستانی ، مێژوونووس ، ئیمام جومعەی شاری سنە ، ئەو وشانەی ناوبران ، هەموو نازناوینی. ناوی: محەممەد عەبدولموئمینە. ١٨٨٠- ١٩٧٥ز.
٢- ئایەتونەبی محەممەد عەبدولکەریم ، نەقشبەندی ١٨٤٦- ١٩٣٢ز.
٣ – ئەحمەد وەلی _سەجادی ،کەلجینی_ ، سەید محەممەد سادق.١٨٧٥- ١٩٣٩ز.
٤ – ئەژدەر بەرقی ، مەحمود سادق. ١٢٧٨- ١٣٣٩ز. ٤/ ب- ئەفراسیاو نۆتشەیی ، دکتۆر.
٦ – ئەلیاس بەگی هەورامی ئەوێهەنگی. ١٧٠٠- ١٧٨٥ز. ٧- ئەنوەری زوهرابی.
٥ – ئەلامورادی هەرسینی. ١٨١٣- ١٨٧٩ز.

٨ – ئوەیس بەگی هەورامی.١٧٠٦- ١٧٩٣ز.                    ٩- ئیحسان نەقشبەندی.

**ب/** ١- بایەزیدی خانەگایی، محەممەد. – ١٨٥٣ز. ٢- بابا شێخی ئاڵمانە،عەبدوڵا محەممەد.
١٨٨٥- ١٩٥٦ز.    ٣- بابا قەیسەری هەورامی. دوای ساڵی: ١٠١٠ز.
٤ – بابا ناوسی سەرگەتی. ١٠٨٤- ١١٤٨ز. ٥- بابا هندوی  هەورامی. دوای: ١٣٩٨ز.
٦ – بابا تایەری هەورامی. دوای ١٣٩٨ز.

**پ/**١- پەشێو پاوەیی ، مەنوچەر. ١٧٢٦- ١٨٠٨ز. * بۆ ناوی پیرشالیارو پیرەکان. ل.٣٤٦،٣٤٠

**ج/** ١- جافرسان ، حەمەسەعیدسان. ١٨٦٩- ١٩٣١ز. ل ١٣١بۆ سانەکانی تر. ل ١١١- ١١٨
٢ – جەلیلی عەباسی ، قەقنەز ، کەیمنەیی. ١٩٥٩-
٣ – جەمیل زیائەدین ، محەممەد شەریفی تەختەیی.١٨٨٧- ١٩٨٤ز.

**ح/** ١- حافی سەمران ، محەممەد ڕۆستەم بەگ ١٨٢٦- ١٨٥٣ز.
٢ – حەیدەر تەوێڵەیی. ١٨٤٩- ١٩٣٤ز. ٣- حەمەومین بەگی هەورامی ، سەعید. ١٦٦٩-
١٧٤٨
٤ – **حیرەت *سەجادی کەلجینی*،** ڕوکنودین. ل ٢٩١ ژێرنووسی ، **عەلادین سەجادی** .

**خ/** ١- خەسرەو میهر ، ناری ئیبراهیم.١٢٨٠- ١٣٣٦ز. ٢- خوەنجی١٢٦٩- ١٣٢٥ز.

**د/** ١- د. محەممەد سدیق موفتی زادە ، دشەیی ، مەلا عەبدولا مەحمود ١٩٢١- ١٩٨٢ز.

**س/** ١- **سەید** ئەکابر خامۆش ، شێخان عەلی. ١٤٤١- ل.٦/٣٤٢
٢ – سەید بەها شەمس ، محەممەد خانەگای لای پاوە.١٨٧٦-١٩٤٦ز.
٣ – سەیدی هەورامی/١ حەمەسادق عەلی ڕەزاوی. ١٤٤٦- ١٥١٢ز.
٤ – سەیدی هەورامی/٢ محەممەد سلێمان مەحمود خانەگای لای پاوە.١٧٧٥- ١٨٥٥ز.
لە کتێبێکی ئەڵمانی دا، ئەم بەروارەشم دیوە: ١٧٨٤ – ١٨٤٢ز. تەمەنی کورتە.
٥ – سەید عەلی قوتب ، خانەگایی. دوای ١٣٥٠ز.
٦ – سیروس عارفی.

**ش/** ١- **شیخ** = ش. : ئەبوحەسەنی مەردۆخی ، نەجمەدین ئیبراهیم. – ١٧٦١ز.
٢ – ش. ئەحمەدی تەختی ، مەردۆخی ، شێخ مستەفا.١٦١٧-١٧٢٣ز.
٣ – ش. ئەبوبەکری تەختی ، مستەفا تەختی ، برای سەرەوە. – ١٧٠٩ز.
٤ – ش. ئەحمەد زیائودین محەممەد سەلیم تەختی. ١٩٠٢- ١٩٧٠ز.
٥ – ش. ئەحمەد عەبدولقادر ، موهاجیر ، تەختی. – ١٩٣٢ز.

٦ – شێخ ئیمامودین دەژنی ، مەردۆخی ، محەممەد جەسیم. – ١٨٤٤ز. *
٧ – ش. ئەمین نەقشبەندی ، بێوەی هۆنەر ، شێخ عەلادین. ١٩٣١/١٢/٢١ _ ٩/٥/ ١٩٩٠ز.
٨ – ش. ئیسماعیل لۆنی. ١٨٨٤- ١٩٣٠ز.
٩ – ش. ئیسماعیل مەجزوب ، شەهابەدین تەختی. – ١٩١٨ز.
١٠ – ش. برایم هەورامانی، لە ١٦٤٠ز. لە ژیاندا بووە ، لە مەکە مردووە.
١١ – ش. ڕەزا حسەین لۆنی. – ١٨٩٢ز.
١٢ – ش. زەکەریا تەختی ، خوشکەزای ژمارە/٢ ی سەرەوە.
١٣ – ش. زیائەدین محەممەد تەختی ١٩٠٢- ١٩٧٠ز.
١٤ – ش. شەمسەدین حسەین لۆنی ، عارف ڕەزا. – ١٩٢٧ز.
١٥ – ش. شەهاب لهۆنی ، شێخ ئەمین.١٧٠١- ١٧٧١ز.
١٦ – ش. عەبدولغەفار/١ ، مەردۆخی ، کوڕی گوشایش.١٤٤٤- ١٥٢٨ز.
١٧ – ش. عەبدولغەفار/٢ ، شەمسەدین وەلی. ١٥٦٢- ١٦١٧ز.
١٨ – ش. عەبدوڕەحمان مەردۆخی ، جەمالەدینی دووهەم. ١٨٩٥- ١٩٥٨ز.
١٩ – ش. عەبدولموئمین/٢ ، مەردۆخی ، جەمالەدینی یەکەم. ١٨٢٦- ١٨٩٧ز. ٣٠٤
٢٠ – ش. عەبدولقادر کەمانگەر، عەبدوڵای ماسانی.١٨٥٥- ١٩٣٤ز.
٢١ – ش. عەبدولقادر موهاجیر، محەممەد سەعید تەختی.١٧٩٧- ١٨٨٨ز. ل ٣٠١/ پەراوێز/٢
٢٢ – ش. عەبدولوەهاب مەردۆخی جەمالەدین/١. ١٨٢٩- ١٨٩٩ز.
٢٣ – ش. عەبدوڵای کەمانگەر،ماسانی ، باوکی ژ/٢٠. ١٨٩٠- ١٩٠١ز.
٢٤ – ش. عەبدوڵای نیزڵی، عەبدی ، ئەحمەد شێخ عوسمانی تەوێڵە.١٩٢٦- ١٩٥٦ز.
٢٥ – ش. عەبدوڵای خەرپانی ، شێخ محەممەد کۆسە. ١٧٥٦- ١٨٣٥ز.
٢٦ – ش. عەبدوڵای مەردۆخی ، حسەین حەسەن. – ١٩٣٢ز.
٢٧ – ش. عەبدولکەریم عەبدولقادر موهاجیر ، کوڕی ژ./ ٢١.
٢٨ – ش، عەبدولکەریم خەستە ، خانەگای لای پاوە.
٢٩ – ش. عەبدولسەمەدی خانەگایی ، هاوڕێی مەولەوییە.
٣٠ – ش. عوسمانی تەوێڵە ، سیراجەدین ، نەقشبەندی. ١٧٨١- ١٨٦٧ز. **
٣١ – ش. محەممەد لۆنی، ئەحمەد مەحمود یاقوب. – ١٩٠٦ز.
٣٢ – ش. محەممەد مەولانا عارف، مەلا ئەحمەدی نۆتشە. – ١٩٢٧ز.
٣٣ – ش. محەممەد ئەسکەندەری ژنینی.
٣٤ – ش. محەممەد جەسیم/١، محەممەد ئەحمەد مستەفا تەختی. – ١٧٢١ز. ٣٠٥
٣٥ – ش. محەممەد نەسیم. وەک سەرەوەیە. ١٩٠١ -
٣٦ – ش. محەممەد فەخرولعولەما ، حەیران ، ساڵح ئیمامودین. ١٨٣٤- ١٨٨٨ز.

---

* – دەژن : دێی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە، بەشی خواروی.
٣٠٤ – ئەو کەسەیە کەشکۆڵەکەی لەندەنی ، نووسیوەتەوە. سەرچاوە کوردییەکان. ژ/١٥.
** – شێخانی هەورامان چەند دانەیان ، خاوەن نووسینن ، لە ل. ٤١٩- ٤٢٩ زۆریان ناوبراون.
٣٠٥ - خەڵکی دێی تەختەن ، سەروی ڕۆژئاوای سنە ، ئەم لەگەڵ عەبدولقادری برایا ، کە ژمارە ٢١ ی سەرەوە ، لە شاری سنەوە ڕایانکردووە بۆ سلێمانی ، لەسەر هەرای ، شیعە و سونە ، کەلەو شارەدا ، دەسەڵات دروستیکردبوو. برایەکی تریشیان بەناوی وەسیم هەبووە. یانی هەموویان چوارن.

٣٧ – شێخ مستەفا مەحمود، کوڕی (ش. عەبدووڵای خەرپانی ٢٥/٤٠١) ١٨٧٨- ١٩٣٨ز.+ ژ./٤١.
٣٨ – ش. مستەفای تەختی، شەمسەدین/١ ، وەلی عەبدوولقادر ١٥٤٤- ١٦٣٧ز.
٣٩ – ش. مەسعود دەژنی، ئیمامودین.١٨٥٩- ١٩٣١ز.
٤٠ – ش. مەسعود دەوار، سەراف، قادر. – ١٣٥٩ز.
٤١ – ش. موفتی دانش ، کوڕی ش. عەبدوڵای خەرپانی. ژ./٣٧ ی سەرەوە.
٤٢ – ش. یوسفی نۆسمەیی ، دێیەکە لای پاوەدا ، سەردەمی مەولەوییە.
٤٣ – شەوقی بەڵخەیی. ١٩٧٠ز_ . ٤٤- شەمام بێمیزان ، عەبدولقادر شەمسەدین ١٢٦٥- ١٣٥٧. ٤٥ – شەیدای هەورامی. ١٧٨٤- ١٨٥٢ز. *بە بەراوردا، شەیدای: ل ٣٠١/ ع/٥ نییە(؟).*

**ع/** ١- عابدین جۆبار، حەریر ، عەبدوڕەحیم. دوای ١٣٩٨ز. ٢ – عەبدولحەکیم هۆیەیی.
٣/ ئـ - عەبدولحەکیم حەکیمی نۆتشەیی. ٣/ ب- عەبدوڕەحمان نۆتشەیی. ٤- عەبدوڵای ئەقدەسی ، ڕەزاوی.١٩٢٢- ١٩٨٦ز. وامبیستووە لە سلێمانی مردووە.
٥ – عەبدوڵابەگی بەگی هەورامان ، شەیدای هۆنەر، قازی ، حەمەشەفیع بەگ.
١٨٤٧– ١٩٠٩ز. ٣٠٦ ٦ – عەلی ئەشرەفی. ٧- عەلی زەڵمی.

**ف /**
٨ – ف/ ١- فەتحوڵا، فیکری پاوەیی ، دوای چوونی بۆ ئیستەنبول ، مەهجوری لەخۆی ناوە.
٩ – فەرەیدون بەهرامی ، شرام. دوای ١٩٦٥ز. - . ١٠- فەرییورز موسازادە. ١٩٨٠ز. –
**ق** /١- قازی نەبی سەرگەتی. دەوری ١١٠٧ز. ک/ ١- کارزان حەسەن هەورامی.
**گ/** ١- گۆرانی هۆنەر، عەبدوڵا بەگی سڵێمان بەگ. ١٩٠٤- ١٩٦٢ز. پێنج جار گیراوە.

**م** / ١- **مەلا=** م. ئەحمەدی نۆتشەیی ، حاجی مامۆستا. ١٨١٣- ١٨٨٥ز.
٢ – م. ئەحمەدی هەقپەنای کەیمنەیی ١٨١٣- ١٨٨٥ز.
٣ – م. ئیسحاق هەجیجی. – ١٩٤٣ز. ٤- م. ئەسعەد ڕیازی پایگەلانی.
٥ – م. ئەسعەد ئەحمەد نۆتشەیی. کوڕی ژ./١. – ١٩٤٤ز.
٦ – م. برایمی بیارە ، مەلا ئیسماعیل. – ١٨٣٤ز. ئەمەش هەیە: - ١٧٩٧ز. ل. ١٠٥
٧ – م. بەهادینی نۆتشەیی. ٨- م. تایەری هەورامی ، بابەشێخ. سەردەمی بێسارانی.
٩ – م. جەلالەدینی خورماڵی. ١٨١٦ز. ١٠- م. حامیدی بێسارانی. نووسەری شێخ عوسمانی تەوێڵە. ١٨١٥ز. - . ١١- م. حامیدی تەوێڵەیی. ١٢- م. حەیدەر فەهیم ئەوێهەنگی.١٨٦٨- ١٩٨٤ز. ١٣- م. حەسەنی دزڵی، نۆ ساڵ مامۆستا بووە، لە دانشگای ئەزهەری میسر.
١٤ – م. حەسەن خەلیقی ماسانی. ١٥- م. حەسەنی قازی ، هۆنەر ، شاهۆ بیارەیی.
١٦ – م. خدری ڕواری ، هۆنەر. ١٧٢٦- ١٧٩١ز. خاوەنی کتێبی ئیقباڵ نامە.
١٧/ **ئـ** – م. خالید موفتی پاوەیی ، فەتحوڵا. ١٩٠٥- ١٩٨٠ز. ١٧/ **ب** - مۆمن نۆتشەیی.
١٨ – م. ساحێبی تەوێڵە ، مەلا نەزیر. ١٩٠٧- ١٩٧٥ز.

---

٣٠٦ – نووسەری کتێبی: مێژووی ، کۆنی هەورامان. ١٩٠٥ز. لە شاری هەورامان هاتوەتەدنیا. لە ل. ٢٢/ژێرنووسی ژمارە ٢٦ دا ، بە درێژتر هەیە.

١٩ – م. سلێمان بارام کەمانگەر ، عەلیخان. ١٩٠٨- ١٩٧٧ز.
٢٠ – م. شەمسەدینی ڕواری ، کوڕی مەلا خدر.
٢١ – م. عارف نۆتشی. ١٨٤٧- ١٩٢٥ز. ٢٢- م. عەبدوڵای تایی. – ١٨٧٣ز.
٢٣ – م. عەبدوڵای دەرەتفێیی، لای هاوار. ٢٤- م. عەبدوڕەحمانی نۆتشەیی ، مفتی سلێمانی. مەولەوی شاعیر لای ئەم ئیجازەی وەرگرتووە.
٢٤ – م. عەبدوڕەحیمی مودەڕیس ، نەبی. – ١٩٣٦ز.
٢٥ – م. عەبدولکەریمی بیارە ، مودەڕیس. ١٩٠٥- ٨/٣٠ / ٢٠٠٥ز. ٣٠٧
٢٦ – م. عەبدولسەمەدی هەجیجی. ١٨٤٤- ١٩١٦ز.
٢٧ – م. عەبدولقادری جەلال نۆتشەیی جەلالەدین. برازای م/١.
٢٨ – م. عەبدولمەجیدی نیەری، مودەڕیس. باوکی مەلا محەممەدی نیەری. – ١٩١٥ز.
٢٩ – م. عەلائەدین سەجادی ، کەلجینی ، نەجمەدین. ١٩١٩- ١٢/١٣ / ١٩٨٤ز. ٣٠٨
٣٠ – م. فەیزوڵای غەریب خانەگایی، لای پاوە.
٣١ – م. موعینی تەختی. ٣٢- م. محەممەدی مەنبەری ، نیەری ، وەیس محەممەد ١٨١٢ - ١٨٧٥ ز. ٣٣- م. محەممەد سادق ئیمامەتی ئەوێهەنگی.١٨٨٣ – ١٩٤٦ز.
٣٤ – م. محەممەد سادق کەلجینی. ٣٥- م. محەممەد ساڵح ژانی. دەوری ١٩٠١ز.
٣٦ – م. عەبدوڵا موفتی دشەیی، مەلا مەحمود. باوکی: د. ژ/١١ل. ٤٠٠. ١٨٨٩-١٩٥٧ز.
٣٧ – م. نیزامەدین جەلال نۆتشی، عیسامەدین. ١٨٩٦- ١٩٧٩ز.
٣٨ – م. نەزیری تەوێلە، مەلا برایم مەحمود سۆفی ئەحمەد. ١٧٨٦-١٨٧٨ز.
٣٩ – م. مستەفای بێسارانی هۆنەر. مەحزون، مەلا قوتبەدین شەمسەدین.١٦٤٣- ١٧٠٣ز.
٤٠ – م. قاسم پایگەلانی، عەبدولحەق عەبدولڕەحیم. ١٧٨٣- ١٨٤٣ز.
٤١ – مەولانا فەڕوخ پاڵنگانی. ٤٢- مەولانا محەممەد سادق مەنبەری نیەری.١٨٧١- ١٩٥٠ز.
٤٣ - = معەممەد موئمین دشەیی. ٤٤- موئمین یەزدان بەخش.
٤٥ - = موختار هیدایەتی. ٤٦ – میرزا شەفیعی پاوەیی.
٤٧ – میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی، محەممەد یوسف.١٨٧٤- ١٩٥٠ز.
٤٨ - = شەریفی بیسارانی. ١٩١٧ز. نووسەری کتێبی جەنگنامەی هەورامی.
٤٩ - = بابا هەشەمێزی. – ١٩١٧ز.
٥٠- **میرزا** عەبدولقادری پاوەیی ، موحەممەد. ١٨٤٦ - ١٩٠٩ز.
٥١- میرزا عەبدوڵای پاوەیی ، مەحروم. هاوڕێی مەولەوی.

---

٣٠٧ – ئەم ڕەحمەتییە خزمەتێکی بێ وێنەی بە دین و ئەدەبی کوردی کرد لە کوردستانی ئێراقدا ، وە نەوەیەکی خۆی ئاساشی پەروەردەکردووە ! زیاد لە ٢٠ کتێبی چاپکراوی بڵاوکراوەتەوە. ، لە پێش ١٩٥٩ز. یەوە ، ٢٠ ساڵ مامۆستای خوێندنگای بیارە بووە لە هەورامان. دەیان مامۆستا لەلای ئەم ئیجازەی خوێندنیان وەرگرتووە. زیاتر ل ٤٢٨ پەراوێزی / ١ . لە دێیەکی نزیک خورماڵ هاتوەتە دنیا.
٣٠٨ – خاوەنی کتێبی نایابی مێژووی ئەدەبی کوردی کە لە ١٩٥١ز. بڵاوی کردووەتەوە. ئەم دوو مەلایەی ، لەم لاپەڕەدا تەقدیر ، خستنیە پاڵی یەکتری ، وای بۆ دەچم ، یەکێکی تری وەک ئەم دووە ، ئەوەندە دڵسۆز ، سودگەیەنەر ، خاوەن بەرهەمی چاک و زۆر ، بێ هەواوفیز... هتد لە ک. ئێراقدا هەڵناکەونەوە ! زیاتر ل ١٧١ ، ٢٩١.

٥٢- میرزا مەحمودی مستەوفی ، مەحزون ، پاوەیی ، میرزا شوکرولا.١٨٣٦- ١٨٨١ز. ١.
٥٣- میرزا مستەفا دەلیدەلی ، دشەیی ، ئەحمەد. دەوری: ١٨٨٣ز.
٥٤ – **مامۆستا** ئەحمەدی نەزیری ، تەوێڵەیی.١٩٤١- ٢/ ٩ / ٢٠١٩
٥٥ - = ئەیوبی تەوێڵەیی ، قوێخا ڕۆستەم. ١٩٥٩ز. –
٥٦ - = جەمال بێداری هۆنەر ، تەوێلەیی ، حەبیبولا. ١٩٤٦/٧/١ز. –
٥٧ - = حەمەڕەزا بەهمەنی ، فەتاح بەگ. شۆشمەیی ١٩٥٠ز.-
٥٨ - = د. محەممەدئەمین هەورامانی ، بیارەیی ، غەفور عەبدولا. ١٩٣٧ز.- ٢٠١٨/١١/٢٤
٥٩ - = فەرید ئەحمەد موعینی تەوێلەیی. ١٩٤٨ز.-
٦٠ - = عوسمان محەممەد هەورامی هۆنەر، تەوێلەیی. ١٩٣٩ز.-
٦١ - = عەبدولڕەزاق تەوێڵەیی. نووسەری سەربووردەیەکی هەورامان. ١٩٤٧ز.-
٦٢ - = کەیۆمەرز نیکڕەفتار ، عەبدولغەفور، شۆشمەیی. ١٩٤٢ز.-
٦٣ - = لوتفولای نەجەفی ، حاجی باسام ، خانەگای لای پاوە.١٩٤٠ز.-
٦٤ - = محەممەدئەمین کاردۆخی ، هۆنەر، تەوێلەیی ، کاکەشێخ.١٩١٦-١٩٨٢ز.
٦٥ - = محەممەد بەهائەدین ، دانا ، مەلا ساحێبی تەوێڵەیی. ١٩٣٤- ١٩٨٠ز.
٦٦ - = محەممەدی فەهیم ، ئەوێهەنگی. دەوری ١٩٥٠ز.-
٦٧ - = محەممەد سادق غفوری ، دیوەزناوی.
٦٨ - = هادی بەهمەنی ، ڕەشید سڵێمان. ١٩٥١/٣/١ - *

**هـ/** ١- هەورام قەندیل مەنۆش ، مەردان. دوای: ١٣٧٨ز.
**ن/** ١- نەریمان ساتێش وردی. دەوری: ١٣٠١ز.
**ی/** ١- یوسف ڕەسوڵ ئابادی پاوەیی. ١٩٤٥- ٢٠٠٨/١٢ز.

---

١ – دەربارەی ئەم هۆنەرە زیرەکە ئەمەم لە کاک فەرەیدونی میترانی پاوەیی ، دانیشتووی ئاڵمان بیستووە: ناوبراو باپیری دایکیی بووە. لەگەڵ کەسانی تردا ، چوون بۆ ڕاو بۆ شاخی شاهۆ ، کە لای ڕاستی پاوەشاری گرتووە. دیارە ڕاوچی کەویان کوشتوەو کردوویانە بە کەباب. لە پاش ڕۆژێک ژنێکی خزمیان ، بە ناوی کەوکەو ، لە پاوەوە دێت بۆلایان ، خواردنێکی ناوچەی خۆیانی ، پێ دەبێت بە ناوی کوکو. ئەم هۆنەرە ئەم هۆنراوە ڕازاوە ، بە پیتی کێ ، ی پیا هەڵداوە ، ڕەنگە زۆرتر بێت ، من ٣ دێڕم پێ گەشتووە:

کەواو و کوکو؟ کەوکەو ئاوەردەن؟ وەشتەرەن جە کۆ ؟ کۆ ، کەواو کەردەن

یا : کەوکەوێ کوکوش ، جە کۆ؟ ئاوەردەن؟ وەشتەرەن جە کۆ؟ کۆ ، کەواو کەردەن

کەوکەو وێنەی کەو ، جە کۆ پەروەردە؟ تەشریفش هەوار ، (بێ میری) بەردە

ئاوەردەن: هێناویەتی. وەشتەرەن: جوانترە. کۆ: شاخ ، جە: لە. جەکۆ ئاوەردەن ؟: لە کوێ هێناویەتی؟ کۆ کەواو: کەبابی شاخ. کەبابەکەی کەوکەو دەبێت لە کوێی هێنابێت؟ چۆنی دروستکردووە؟ وا لە کەبابی شاخی ئەمان ، بەلەزەت تر بووە؟! . بە دێڕی دووهەمیان دا ، دەڵێی ژنەکەش ناوی کەوکەو بووبێت. ئەم کەسە لەگەڵ کەریم سانی هەورامان ، لە بەندیخانەی قەسری قەجەری شای ئێراندا پێکەوە گیراون. بۆ زانیاری : ئەم نازناوی مەحزونە؟ بێسارانی و هی تریش هەیانە.
*/ نووسەری ئەم کتێبە. ژیاننامەی ، ل ٤٩٧ + ٢١٤.

.........................................

***ی/ ٤ ، ب/ ٢ / شـەوچـەرەی هـەورامـان :***
***لـە ٧ سـەربـاس دا :***

*{ ١ – چـیرۆک.　　　　٢- واتـەو وەڵـینـا .　　　　٣- قـسـێ مـەژگـەداری. ** 
*٤– شـۆخـی.　　　　٥- مـەتـەڵ.　　　　٦- پـەخـشـانـی.*
*٧- فـەرهـەنگـۆکـی ئـەم بـەشـە ، شـەوچـەرەی هـەورامـان }.*

شـەوچـەرە:

**ئـ /** با لـە کۆن دا ، ئاستی چۆنایـەتی بژێوی و پۆشتـە و پـەرداخی و خانوبـەرەی خـەڵکی هـەورامان ، وەک سـەردەمی نوێی ئێمـە نـەبووبێت:
بـەڵام خاوەنی ئاو و هـەوایـەکی بێگـەرد و خۆراکێکی پاکی ، بێ ترسی ، سروستی ، بێ تێکـەڵـەی کیمیایی بـوون... ئـەوەش لاشـەیـەکی تـەن دروستی پێ بـەخشیبوون ، کـە نـەخۆشییـە مـەترسییـەدارەکانی ، سـەردەمی ئێمـەش ، بـە دەگمـەن پێیان وێراون. تـەمـەنیشیان لـەهی ئێمـە درێژترو ، لـە باری دەروونیشـەوە ، دڵشادتر ژیانیان بردووەتـە سـەر.

**ب /** با لـە کۆن دا ، خاوەنی کۆمپیوتـەر و ئینتـەرنێت و فـەیسبووک نـەبووبـن:
پـەنجـەکانیان بـەکاربردووەو ، پـەڕاو و نامـەیان پێ نووسیوە ، نـەناسیان کردووەتـە ناسراو و دۆست. چونکی خاوەنی هـەستـەبـەرزەکانی ڕەوشت بوون. کـەسانی: داوێن پاک ، دەستواڵا ، خێرکـەر ، ئازا ، متمانـەپێکراو ... . ئـەگـەر بـەراوردی سیفـەتیان لـەگـەڵ هی سـەردەمی ئێمـە بکـەن ؟ ئایا لـە سـەد ، دەمان لـەسـەر ئـەو بارە ماوە ؟ ئـەی ئـەو کارە قێزەونـە ، نا مرۆڤانـە، بێ ڕەوشتـە پوولـەکیانـەی ... سـەردەمی ئێمـەیان هـەبوو؟!.
ڕەحمـەتی شێخ ڕەئوفی خانـەقای کـەرکوک:

| | |
|---|---|
| سـەد خۆزگـە بـەشـەر ، لـەناو چـەوانی | گشت کـەس دەنووسرا ، دین و ویژدانی |
| تا دەرکـەوتایـە ، مـەردی و نامـەردی | بخرایـە مـەیدان ، ڕازی نیهانی |

خۆ ئـەم دوعای شێخـە گیرا ببوایـە؟ لـە ناوچاومان بنووسرایـە؟ خۆمان خۆمان شاربـەدەر نـەدەکرد؟ ئـەو کـەسـە خـەسڵـەت جوانانـە ، بۆ بوونـەتـە ، ئـەم مرۆڤـە دڕندەیـەی ئـەمڕۆ؟
**پ /** با لـە کۆن دا ، خاوەنی هـۆیـە تیژڕەوەکانی هاتوچـۆ نـەبووبـن:
بـەڵام ئـەو گیاندارانـەی ئـەوان بـەکاریان بردووە ، نـە ، گرمـە و نـە م گاز و نـە ، تـۆز ونـە، نـەخۆشی تـووش کردوون. لـە کاتی کـەوتنـەخوارەوەش دا، یـەکێک هـەر شوێنێکی دەشکا ، یا لـە جێ دەچوو. فڕۆکـەکانی ئـەم سـەردەمـە ، بـەسـەدان و هـەزاران ، خـەڵک و خانوو ، کێڵگـە ، لـە وەختێکی کورت دا ، بۆ تـەخت وێران دەکـەن. بۆ ئـەمـەش تاقیگای جیهانی ، بۆ چـەک ، کوردستان شایـەتی حاڵـە و دەیسـەلمێنێت.

---

*– واتـەو وەڵێنا : وتـەی پێشینان. قسێ مـەژگـە داری: قسـەی توێکڵ دار.

**ت /** با لە کۆن دا ، خاوەنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و ساتەلیت نەبووبن:
لە زستان و بەهار دا ، لە دەوری ئاگردان و لە هاوین و پایزیش دا، لە کەوێڵ و دەوارەکان دا، دانیشتوونو بەدەم شەوچەرە خواردنەوە ، بە دەیان چیرۆک و داستان و هۆنراوە و لاواندنەوەکانی ؛ لاوک ، حەیران ، هۆرە ، سیاوچەمانە ، قەتار... یان چڕیوە. بە سەدان پەندیان بۆ داناوین و بۆ بەجێ هێشتووین. خۆ ئەگەر بە قسەیان بکەین؟ تیشکێکی ڕۆشنکەرەوەن ، لەناو جەنگەڵی ، تاریکی ، ژیانی ئەم سەردەمە دا.

بۆ بەرز ڕاگرتن و ڕێزنان لەو دێرینانە ، سەردانی چەندان کەوێڵ و ئاگردانیانم کردوون. گزی و بارەکڵە ٣٠٩ و بن لێسکەم لێداوون ، هەندێک خڵتە و پل و پوشی فۆلکلۆریانەم ماشییەوە. بەڵام منی قەڵب ، مشتێک لە گەنجینەیەکم وەگیرکەوت. وا لەم بەشی چوارەمە دا ، دەیکەمە شەوچەرە ، بۆ ئێوەی میوان ، لە دیوەخانی کوردستانیش دا دایدەنێم.

**ب / ٢ / ١- چـــیـــرۆک** :
لە سەردەمانی کۆنی هەورامان دا ، لە ناوەڕاستی ژوورەکەیان دا ، چاڵێکی ، یا ئاگردانێکی ، چوار گۆشەیی یا لاکێشەیی ، بە پێی جێگاکە ، هەڵکەنراوە. لەسەری کەپرێک ، وەک چەتر ، پاش ئاگرکردنەوەو بوونە سکڵ ، لەسەری دانراوە. پارچەقوماشێک ، یا لێفەیەکی گەورەتر ، لە چوارچێوەی چاڵەکە ، دراوە بەسەر کەپرەکەدا. کەسەکان بە دەوری چاڵەکەدا، دانیشتوون ، قاچیان دریژکردووەتەوە بۆ ناو چاڵەکە ، بە لێفەکەی سەرچاڵەکەش ، تا پشتێنەیان داپۆشیوە. بەم جۆرە هەموو ، وەک یەک گەرمی بووەتەوە ، وە تینی گەرمایی ئاگردانەکەش ، لێفەکەی سەری نەیهێشتووە ، بەخۆرایی بڕوات ، یا زوو ببڕێتەوە.
لەم کاتی پشووانەداا ، کەلە مێزگردی ئەمڕۆی کردووە ، ئەدەب بە هەموو بەشەکانییەوە ، لە شامەوە بۆ شیراز . بەیەک گەیشتنی دڵ و دڵخواز . درکاندنی ڕاز و نیاز . ڕاوی کەو و کەڵ وبەراز . گێتەمەژگەو {٣١٠ بۆ ل دووایی }. دۆ و پیاز ... کراوە.
وا چەند چیرۆکێکی ئەم گوێ ئاگردانیانەتان بۆ دەگێڕمەوە.

**ئـ /** هـەشـەی سێرو مـرووەو کـاڵـی: ٣١١

---

٣٠٩ – گزی و باڕەکڵە: گسک و پارچە تەختەیەکە هەموو ساڵێک لە سەرەتای هاوین دا ، بنی دارە بەرییەکانی وەک توو ، گوێز... بەوە لە خۆڵ و خاشاک و گەڵاو نەمامۆڵکەی خۆی سەوز بوو .. پاک دەکرێتەوە . تا بەرەکە کەوتە خوارەوە ، پیس و گووم نەبێت ، لەبەر چاو بێت بۆ پارێزگاری لێکردنیو دواییش کۆکردنەوەی... ١- گێتەمەژگە: کولێرە بە کاکڵە گوێز. وەک کەلانە دەکرێت. کاکڵەکە وردەکرێت، ، دەکرێتە توێی هەویرە پانککراوەکەوەو، دەبرژێنرێت.
٣١٠- گێتەمەژگە: کولێرە بە کاکڵە گوێزەوە. وەک کەلانە دەکرێت. کاکڵەکە وردەکرێت ، دەکرێتە توێی هەویرە پانککراوەکەوەو ، دەبرژێنرێت.
٣١١- ورچی تێر و هەرمێی کاڵ: پەندێکی هەورامییە.
ئەم ڕووداوە ، ئەو پەندەی بە دێرینان نووسیوە. هەندێک پەند هەیە کە دەگۆڕدرێت بۆ زمانێکی تر ،

دەگێڕنەوە لە کاتی سەمەر، بەر، پێگەیشتن دا، لە یەکێ لە دێیەکانی هەورامان دا. دار هەرمێیەکان ، بەشەوە مانگە شەوییەکان ، یەکێک دەیانڕنێتو چەند دانەش ، خەسار و لە بنی دارەکاندا فڕێ دەدات! تەگبیردەکەن یەکێکیان شەو بۆی دانیشێت ، تا بزانن کێیە ئەم کەتنەیان دەکات؟ خواردن باشە ، ئەی بۆ خراپیان دەکات؟ و لە بنی دارەکان دا ، بەجێیان دێڵێت ؟! بە ڕۆژ لە نزیک دار هەرمێیەکەوە ، جێ ( جاسوسگە) یەک ، دیاری و ئامادەی دەکات بۆ شەو. تاریک داهات ، پێش مانگ هەڵهاتن ، دێت لەوێدا خۆی دەشارێتەوە. کە مانگەشەو کەوت ، سەیردەکات خشپە و ترپە هات. تارمایی ، تاپۆیەک بەرەو دار هەرمێیەک هات. دەستی لێ گیرکردوو پیایا چووەسەرەوە. تا ئەم کاتەش هەر بە بەشەری زانیوە. لە دوو لەقانێک دا ، دادەنیشێت و دەستدەکات بە هەرمێ خواردن. پاش تێربوون ، ئەوەی دەیکەند ، دەیدایە بەر تیشکی مانگەشەوەکە ، قەپێکی لێ دەگرتو ، بۆڵەیەکی دەکرد و فڕێی دەدایەخوارەوە ، وەک بڵێ ئەمەیان نەگەییوە. بەم بۆڵەیەی دا زانیوە گیاندارە ، بەدارەوانی و هێزی چوونەسەرەوەشی دا زانیویە ورچە. لە چیرۆکی ورچان دا بیستوویە ورچ بەشەریش دەبات و ، بیلامانێ لاقەشی دەکات ، ئەمیش تەنها کووتەکێکی پێیە و ناگاتە ئەو.
لەم شەوەدا کە بێدەنگی ، باڵی بەسەرئەو ناوەدا گرتووە. بە هەموو هێزی دەقیرێنێت: " ئیتر مەوەرە " : ئیتر مەخۆ. ورچە زەندەقی دەچێت و دەکەوێتە خوارەوە. قاچی دەشکێت توانای دەرچوونی نامینێت ، دەکەوێتە پرتە و بۆڵە ، کابرا دێتەخوارەوەو هەرچۆن بووە لەوێدا وای لێدەکات نەتوانێ دەرچێت ، تا ڕۆژدەبێتەوە. دەلێت: " دەردت لەگیانم با ڕۆژبێتەوە ، کوڕگەل و سەگەل بێنم " بۆ بەیانی خەڵکی بە ئەنجام دەزانن ، دەیکەنە فلیمی سینەمایی ڕۆژێکی ئاوایی. بەم جۆرە هەرمێ ڕن ، نەک هەر ناسییان ، لەناویشیان بردو ، ئیتر لە خۆیانەوە کەسیش تاوانبار ناکەن.

**ب/** گـــازەرد.
بنەماڵەیەکی تاقە ماڵە هەبوون ، لە باوکە پیرەیەک و کوڕێك و بووکەکەی و زاڕۆکێکی سێ ساڵان پێکهاتبوو. ساڵێکیان زستانێکی سەخت ، ژینیان لێ هەراسان دەکات. بەفرێکی زۆردەبارێت ، باوک و کوڕە بە نۆرە دەچنە سەربان بۆ بەفر ماڵین. ئەو خواردنەی

---

لای نەتەوەی بۆ گۆڕدراو ، لە پەند ناچێت. بۆ ئەوەی باشتر لێم ، حاڵی بن: پەندیکی ئاڵمانی هەیە دەڵێت: ئیش درووکە دێن داومن: من پەنجە گەورە ، یا گەورەکانت بۆ دەتەقێنم. لای ئێمە لەپەند ناچێت. بەڵام گەر واتاکەی بە کوردانە ، خۆشە بکەین؟ وەکو: کورە دوعای من نەبێت ، خاسانی خوا بێت. یا دوعای خێرت بۆ دەکەم ، هیوادارم وا دەرچێت. لە ناوکرۆکی پەندەکە ، جا تێدەگەین.
ئەو پەندە هەورامییەش بۆ بەڕێزانی سۆرانی زمان ، ئەمەشی دەخەمە سەر: ئەگەر یەکێ برسی بوو؟ خوارنێکی خوارد ، با چێشتێکی بە ئاکامی ، دڵیشت نەبێت ، بەڵام زۆر بەلەزەت دەبێت ، لە ژیانیش دا ، ڕێکدەکەوێت ، خواردنێکی وات خواردبێتو ، چەندجاریش باسی بکەیتەوە. ورچە تا تێری خواردووە ، لای چاک بوون ، پاش تێرخواردن ؟ پرتەو بۆڵەکانی کردووە. یانی: ئەمە گەنیوە ، ئەمە نەگەنیوە... بێ نرخی کردووە. بۆیە ئەمەیان وتووە: ورچ تێر بێو ، هەرمێی خۆڕاییشی بەیتێ ، نەک ئەو خواردنە باشە ، نرخی نازانێت ، ڕەخنەشی لێدەگرێت.

هەیانبووە تەواو دەبێت. ڕێگایان لێ دەگیرێت. باوکە دڵی بەماڵی کوڕەی دەسوتێت ، تەنها گا زەردەکەی کە هەیانە ، سەری دەبڕێتو سەری تیدەکەن. ( ماڵو چەرمەی ، پەی ڕۆو نەبیەی : ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش). شەوێکی تر بەفرماڵین لە پۆیان دەخات ، کوڕەکە نایەڵێ ئەمجارەیان باوکی بچێت ، هەرخۆی خەریک دەبێت. باوکە پاش ماوەیەک ، هاوار لە کوڕەکەی دەکات ، " وەرەخوارەوە ، نەخۆش دەکەویت" کوڕەش نایەت هەر بەردەوام دەبێت. باوکەکەی کوڕەزا بچوکەکەی منالەکە ، هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ سەربان ، لای باوکی لەسەر بەفرەکە ، دایدەنێتو خۆی دێتەوە خوارەوە. باوکەش منداڵەکەی دەبینێت دەڵێت: " ئا ، ئا ، باوکە ئەوە چیت کردووە؟... کوڕەکەی دەکاتە باوەش و دێتەوە خوارەوە. باوکیشی پێی دەڵێت: " بزانە بە قسەی منت نەدەکرد ، بۆ جەرگەکەت ، چیتکرد ؟ دە بزانە تۆ بۆ کوڕەکەت چۆنی ؟ منیش بۆ کوڕەکەم وام" .

**پ** / فرکەو بانیشار. ٣١٢
لەم دێی بانیشارەدا ، برزوم بەگی کوڕی حەسەن سانی دووهەم { ١٨٤٢ – ١٨٤٨ز. } ژیاوە ، کە کەسێکی مزیڕ بووە ، لەم سنوورەدا بۆ هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئێراق. لەگەڵ خانەدانیشی دا، هەرکەس هانای بۆ هیناوە لە هەردوو دیو داڵدەی داوە و کۆمەکی کردوون. چەند بارە بوونەوەی، ئەم کارانە خەڵکانی زۆر لێی گردبوونەتەوە، لای حاکمی کوردیش هانا بۆ هێنەر نادرێتەوە، هەرکەس هەرچی کردبێت خەمی نەبووە و فرکەو بانیشاری کردووە. ئەمە شەقڵی باوی زەمانەی بەخۆیەوە گرتووە، بەهۆی ئەم کەسە و ئەم دێیەوە، ئەم پەندە کوردییە نووسراوەو چووەتە ناو پەندە پێشینانەکانی ترەوە،. وە دەستنەمامی ئەمە.

**ت**/ هەرەکەوە: کەرە شین:
خێزانێکی جوتیاری کەم دەس دەبێت ، کەرێکیان دەبێت ناوی هەرەکەوە: کەرەشین بە سەریدا دەبڕێت. لەگەڵ چەندسەر بزنێک. ( نەگبەتی باشە ، قۆرتەکانی خراپە.) دەرد دادەکەوێت ، ژنەکەی دەمرێت. پیاوەش کوڕێکی هەرزەکاری دەبێت. ئەوەنەی تر ژیانیان شڕ دەبێت. شەوانە باوک و کوڕە پاڵیان لێدەدایەوە، دەکەوتنە هەڵڕشتنی ئەو بارە ناهەموارەی تێی کەوتون . شەوێکیان باوکە بە کوڕەکەی دەڵێت " ڕۆڵە شوکر پێ گەییویت، وەختی ژنتە ، دەبێت ژنێک بخوازیت ، چی دەڵێیت کچی فلانت بۆ داوابکەم ، کار، وا ناڕوات ، جلێکمان دەشوات و کەوچکێ شۆربامان بۆ لێ دەنێت ، ئێوارانە نایەینەوە سەر ماڵی سارد و سڕ. کوڕەش دەڵێت "من وای بە باش دەزانم ، تۆ ژنێک بخوازیت ، یەکێ لە تەمەنی خۆت دا ، کەمتری دەوێت ، لەوەی من ، کەرەشین و دوو بزنێک دەفرۆشینو بار دەبێت" باوکە قسەی کوڕەکەی زۆر بە دڵ دەبێت ، بەڵام خۆی کڕ دەکات و هیچ ناڵێت .

٣١٢ – دێیەکی سنووریە بە دیوی ڕۆژئاوای شاخی هەورامانەوەیە ، نەخشەی ل.٢٣٥ ئـ/٢ لەم دێیەدا بێجگە برزووم بەگ و نەسرولابەگی برای برزوو ، {ل ١٤٦ سەجەرەیان هەیە} . کەسانی مزیڕی ، تر هەڵکەوتون ، وەک : وەک حەمەمین بانیشاری ... وە وای بۆ دەچم خوولەپیزەی شۆڕشگێڕی سەردەمی ئینگلیز ، لێرەدا زۆر ژیابێت ، و سەرچاوەی ئەویش دەچیتەوە نەوسودی هەورامانی دیوی ئێران.

پاش ئەم قسەی کوڕە ، کە ئێوارانە دەهاتنەوە و دەکەوتنەوە باسی خۆیان ، کوڕە ئەگەر باسێکی تریشی بکردایە ، باوکە دەیوت "لابە ، باسێکی کەرەشین بکە" تا باوکە بە مەرام دەگات ، کەرەو چەند بزن دەفرۆشرێن بۆ تێچونی ژن ، هاوسەر دەخوازێت.

**چ/** مـێـمـان: مـیوان:
ماڵێک دەبن لە لادێوە بار دەکەن بۆ شار ، لەوەولا هەرکەس لە خەڵکی دێیەکە ، کە دەهاتنە شار، بۆ کاری خۆیان وەک کڕین و فرۆشتن ، خەستەخانە.. دیدەنی ماڵەکەیان دەکرد ، زۆریشیان چەند شەو دەمانەوە. ئەم دیاردەیە ، ئەوەندە چەندبارە بووەوە ، ماڵە وەک ئوتێل بۆ مێمان: میوان ، خەستەخانە بۆ نەخۆشەکانی لێ دێت. ئەمەش نەک هەر ئیسراحەتی ماڵەکە ، گوزەرانی ماڵیشیان خراپ دەبێت. ڕۆژێک کەیبانو لەگەڵ پیاوەکەی دادەنیشن ، لە نێوان خۆیان دا ، دەکەونە گلەیی لەو میوانانە ، پیاوە دەڵێت " ئەوسا یەکێک کە دیدەنی یەکێکی بۆ چەند ڕۆژێک بکردایە ؟ ڕووی نەدەهات ، بەدەستی خاڵی بچێت. دەیانووت " ئانە بەرە ، کە مۆریش: ئەوەندە ببە ، کە دەیخۆیت. تۆ سەیر ئەوانەی ئێمە ، یانی لەو ناو بەهەشتەوە دێن ، خاوەنی باخ و سەوزەو.. ناکرێت چنگڵەیەک ترێیەک ، هەنجیر ، هەرچی... لە تەک خۆیاندا بهێنن؟ جارێ لەبەر بۆگەنی ، سەری عەلە کەچەڵ و گۆرەوی خوولە گەڕ ، بۆنمان گرتووە ، هاکا ئەسپێی ، کلکدارمان هەڵهێنا ، ڕەحمەت لە پێشینان وتویانە: (کشە کشە پۆپە ڕەشە ، میوان ڕۆژێک دوو ڕۆژ خۆشە). لەم کاتەدا میوانێک لەوانە ، خۆی کرد بە ژوورا ، ژنەش وتی:

"یووە ناما ، زەنگڵە وە پا گرد کەچەڵ و ، گوو بەرئاما"

: یەکێ نەهات ، زەنگۆڵە بە قاچەوە ، هەر کەچەڵ و گوو دەرهاتوو بوون.

**چ/** خـووە کوونی: پێبکەنە ترسنۆک، گەلحۆ: بە هەورامییە.
خانەوادێو بۆ ، تاتەکەشا گەرەکش بۆ ، بلۆ پەی کاسپی کەردەی ، پەی شارە گۆرەکا. وەخت نیمەو زمسانیاو بە تاڵا. گەرەگش نیا تەمەڵیی بنیشۆرە. کوڕێوی هەرزەکارش بۆ ، چڕۆشو بەرۆش ، سەرو ملک و خەلەکەیشا... پەیش باسکەرۆ کە چی وەختەنە ، کە من نیەنا چێ ، تۆ جیای من هەرمانت چێش بۆ. خەلەکە یاوا پنە ، دروونەش و کەرەش خەرمانو ، ئیتر بازەش پەی من. تاتە ملۆ.
بە لووای ئاذی کوڕە هەر خەریکو دنیاو وێش بۆ ، ڕاوکەردەو گەمە و گۆڵمەز چەنی هامکاراش. سەرەتاو هامنی تاتەکە مێوە ، وەڵێ ئانەیە ، بلۆوە پەی یانەی ، ملۆ پەی لا خەلەکەیش. تەماشا کەرۆ ، خەلە هەر ئینا پاوەو ، فرەش تەکیانەرە ، ئیتر داخێنە وەختا تەقۆوە ، ملۆ پەی لا قاوەخانەو دۆرو حۆزی. دوورۆ کوڕەکەش وینۆ ، نیشتەنەرە ، چەنی هامکارا ئینا هەواو ویشەنە ، قلە مذاوەنە. کوڕەش وینۆ پا وەزعیۆ؟ خەلەیچ پا بەزمیۆ، عەرفش بڕیۆ. دەس وزۆ کەلەکەش و ، دماشۆ مدرۆو خووڕۆ ملشەرە: " خووە کوونی خووە ، چی مەخووی ؟ چێشت نەکریان ؟ تۆ چووزانی کە ڕیخووڵەو تاتەیت ، سەرو ئا چەکڕاوە ، وشکی بیێنێ؟ تا ئانەمە بەرئاردەن ، پەی خەلەی.؟ خووە کوونی.

**ح /** سیـاومـارەکـە: مارە ڕەشەکە:
کۆنەنە یۆی پاوەیی گەرەکش بۆ پەی یوەمین جار ، سەرداو تارانی کەرۆ. پەرس کەرۆ جە ئەژناسێوش کە چن ساڵ چاگە ژیوان ، بەعزێو دەنگوباسش پەی باسکەرۆ. چەنی بلوو؟ باس و سەفەرێوو وێتم پەی گێڵنۆ: ئەژناسە ماچۆ:
" سەعات چوارو بەعدە زوهری ، جە تەرمینالو پاوەی ، سەندەلی شمارە حەڤدەم وە کۆنترۆڵ بەر ئارد ، ئوتوبووس کۆت ڕا ، هەر پیسە سیاوماری ، سەرو ئا ئەسفەلتیەرە کیشیێ. ئوستان و کورسان و هەمەدان تەمام شود ، جە تەرمینال غەربو تارانی پیادە بیا..." کابرا ماچۆ : وەسێن وەسێن ئینە لاویشۆ وێمانە ، باسم پەی گێڵنیۆ ؟ خۆ من هەر سیاو مارەکەی ، یاوانەنە.

**خ/** هـەرە مـەبـەرە: کەرەکە مەبە:
کوڕ و باوکێک لە دێی زەڵمی هەورامانی دیوی ئێراقدا دەژین. کوڕەی لە دێی دزلی هەورامانی دیوی ئێران ، دەزگیران دەگرێت. لە زستان دا کوڕە مەیلی سەردانی یار دەدا لە کەللەی . ئەمەش یانی سەرکەوتن بەسەر شاخی سنووریی هەورامان دا. باوکە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات: " زستان ئامانی بۆ نییە ، ئەم سەفەرەت بخەیتە بەهار باشە ، بەفر باریوەو لەو با پێچانەی دالانی و ڕەنگینەدا ، دەبیت بە ژێر بەفرەوە ، یا گورگ دەتخوات."
کوڕە ئاگری ئەوین دەروونی هەژاندووە ، لە شاخی شەیتان نایەتە خوارەوە ، گاڵتە بە ڕۆستەمی زاڵ دەکات. بەیانی کە لەخەو هەلدەستن، سایەقەی سافە ، بە باوکی دەڵێت:" خۆیەتی ڕۆژی سەیادە و بۆ ڕاو دەچێت." باوکە بزەیەک دەیگرێت و دەڵێت:
" سایەقەی سامالی بەیانیانی زوو ، لە زستان دا ، پاش بەفربارین ، متمانەی پێناکرێت. لە کوێستانان دا ، دێورولْ= زریانی بەدەمەوەیە ، ڕێ گووم دەکەیت ، هەتا میزی ناو زەکەرت دەیبەستێ و ، لەوانەیە ، یەکێ بمریت." کوڕە دانامرکێت دەڵێت: " هەر دەڕۆم" باوکە چاری نامێنێت ، دەڵێت: " خۆ بە قسەت نەکردم ، هەر دەڕۆی ؟ کەرەکە مەبە. کەرەکە دەبەیت ؟ کورتانەکەی تازەیە ، مەیبە ؟ " کوڕە لە قسەکانی باوکی تێناگا ، چەتوون و لاسار ، کەی بە قسەی باوک دەکات ؟ کورتان لە کەرە دەنێت و باری دەکات ، لە دیاری بۆ مالی یار ، خۆیشی دەقونێتە بانی ، دەستدەکات بە سیاوچەمانە وتن و دەکەوێتە ڕێ.
ساڵ چلەیە و سروشت تارای سپی بەسەردا دراوە. پاش دوو کاژێرێک کەرە هێواشی دەکاتەوە. دادەبەزێ و دەکەوێتە شوێنی. ماوەیەکی تر دەڕواو کەرە دەچەقێو لە ناو بەفردا دنیا نایجوولێنێت. لەبەرخۆیەوە دەڵێت: " نیوەی ڕێم زیاتر بڕیوە ، ناگەڕێمەوە باوکم و هاوڕێیان گاڵتەم پێ بکەن."
کەرە بەجێ دێڵێ و دیارییەکان دەکاتە کۆڵ. قسەکەی باوکی بیردەکەویتەوە،" کورتانەکە مەبە" تازەیە با ئەمەش هەڵگرم گەرمیشە خراپ نییە ، ئەویش دەنێت لە پشتی خۆی . ماوەیەکی تر دەڕوات ، نەخێر وچانێ دەدات ، دەڵێت خەتای ئەم کورتانەیە قورسە ، لێرەدا بەجێی دێڵم بۆ ئەو سەر. لەبەرخۆیەوە دەکەوێتە وڕێنەکردن ، کورە نامەردت نەکەن ، لاوی لاو ، بەفر چییە ؟ گووڕ دەخاتە بەر خۆی. ماوەیەکی تر دەڕوات. دەگاتە سەرپۆپەی شاخ ، بای زریان هەڵدەکات ، لە گشت لایەکەوە تکەئاوی ، بەستووی نووک دەرزی ئاسای،

هێرش هێنەر ، چاو نابینێت و ڕێگە نەماوە ، با پێچ پڕیکردووەتەوە. گیڤەی زریان و لوورەی گورگ و... باوکم نەیوت گورگ دەتخوات ؟ میزت دەیبەستێ ؟ ...
ئەوانە ، بڕیاری پێدەگۆڕێت ، بەرەودوواوە دەگەڕێتەوە. دوو قاچی هەیە ، دوویتر قەرز دەکات. پاش ڕاکردنێک و دوورکەوتنەوە لە پۆپەو نزاری شاخ ، کە زۆرترین و ئەستووری بەفرەکە لەوێدایە ، ئاهێکی پیاهاتەوە ، ئەمجا هێواشی کردەوە ، هەرچەند چاوی دەخست ، ڕێگە دیاری نەماوە و سواق دراوە. دەیوت بەڵکو کورتانەکە بدۆزمەوە ، کورتانی چی؟ با ئەوەندە بەفری هێنابوو ، ئەو ناوە هەمووی لەیەک دەچوو ، شوێنی چۆن بدۆزمەوە ؟ باوکم نەیوت کورتانەکە مەبە؟ ماوەیەک ڕۆشت ، سەیری کرد ، کەلاکی کەرەکەی گورگ و داڵ لەسەری شەڕیانە.. باوکم نەیوت کەرەکە مەبە ؟ بە لاتە لاتە دەگاتەوە ناو دێ ، باوکی کە بینی ، وتی سوپاس بۆ خوا ئەمجارەش خوا دایتەوە. لە ئەنجامی کارەکەی پەشیمان بوو، وە وتی :
باوکە قسەکانی تۆ هەمووی ڕاست بوون. (جە هەر خەسارێو ، ئەقڵێو).. وە ئەوەش ڕاستە: ( پیرت نەبیی ؟ یۆ بسانە) ؟ ئامۆژگاریتم وەرگرت ، ئیتر دووبارەی ناکەمەوە.

هەرکەس نیازوو ، سەر کووانش بۆ
دماو زەردەهاڵ ، فکرو نانش بۆ
خۆ ئەر زمسان بۆ ؟ سەیر پەند و پیران
(هەرەمەبەرە و ، گازەرد) ەن ، داستان   بۆ هەموو هۆنراوەکە ل ٢٧٠.

**د/** ڕواس و کەواتری : ڕێوی و کۆتر : بە هەورامییە.
کەواترێوی کۆیی ، سەرو دارێوی بەرزیۆ ، هێلیانێو ، پەی هامنیش بینۆ. یەری بەچێش بۆ. ڕواسێو پەنەش مزانۆ ، گنۆ سەر و وارش. ڕوێوشا ملۆ بنەو دارەکەی ، دەسکەرۆ خوولیایۆو قیڕنای و وێش کەڕۆ فسفس پاڵەوانو قیڕنۆ ماچۆ:

ئەر بەچێو پەی من ، نەوزیەرە وار
مەو سەر هێلیانت ، کەرو یەختەسار
گردیتا مۆروو ، فرە ئاوراما
ئارەزوو و گووشتو ، کەواتراما
جا چی گردیتا ، دلێنە بەروو ؟
موسریف نیەنا ، وە یۆیچ ، مساچنوو

کەواترە دەسکەرۆ گرەوای دنیا تەپۆ ملشەرە. دڵو وێشەنە ، ماچۆ ڕاس ماچۆ. یۆما بلۆ خاستەرا تا ، گردیما . یۆ جە بەچەکاش فرەمذۆرە وار. ئایچ گێرۆ و بەرۆ و ملۆ. دماو ماوێوی ، ڕووێو هیچش دەس مەگنۆ ، مام ڕواس مێوە ، هەمان بەزمش پەنەکەرۆوە. کەواترە دیسان بەچێویش فرەمذۆرە وار. گێرۆش و بەرۆش. ڕوێو ژەرەژێوە ، کە دۆسو کەواترەنو ، نزیکشەنە هێلیانش کەردەن ، مێ پەی لاش ، کە حاڵش وینۆ ، ماچۆ؟ " ئەجۆ

نەوەشەنی ؟" ئاییچە چێش قۆمیان، گێڵنۆشۆ. ژەرەژە ماچۆ: " ئیجارە ئاماوە ، پاسەشە وات ، تۆیچ واچە: هیچ مەوزوەرە وار ، ئادەی بوو سەر" .
دماو ماوێوی ڕواسە مێوە. بەچە فرەدە ، مەو سەر ، گردی مۆروو.. کەواترە ماچۆ:" هیچ فرە مەذەو ، ئادەی بوو سەر" فێڵش ئاشکرا بۆ، مەتاۆ بلۆسەر. ماچۆ پنەش " کێ ئانەشە فێرکەردەنی ؟".
پەنەش ماچۆ ، "ژەرەژو دۆسیم."ڕواسە بە ئاورایی ملۆوە ، ڕانە ماچۆ مشیۆم فێڵێو جە مامۆساکەش کەروو ، کە ئا گێلەشە ، پاسە دەرس دان ، وە بیە ، وە هۆو ئانەیە ، ئا ژەمە واردە وەشە ، کە چن ئاسان ئی وەرۆ دەمیم ، دەسمەنە بەربشۆ.

## ب / ٢/ ٢- واتەو وەڵینا : پەندی پێشینان.

تێبینی: لەبەرئەوەی زۆری باسەکانی ئیرەو لەمەولا ، هی ناوچەی هەورامانە ، وە بۆ ئەوەی خزمەتێک ، بە زمانی ئەنتیکەی هەورامانی بکەم ، وا نووسیومە. لە دواوە فەرهەنگۆک هەیە.

**ئـ /**

١ – ئا ئاوێ کە مەلەوانە هورگێرۆ؟ هەر ئاذا نووقمش کەرۆ.٢ – ئاسمان بەرزو زەمین سەخت. ٣- ئا ترەی کە ئینا پەنەت ، کەنەش.٤ – ئاوابۆ دەرەناخێ ، چوار یانێنە و پەنج ئاغێ.٥- ئاوەو دماو هەناری ، پێسەنە ژەهرەو ماری. ٦- ئاوەو شۆنەو بەیی ، پێسەنە شۆتەو مەیی. ٧- ئاوی وە وێچنە بەرۆ. ٨- ئاوی بارەو دەسی شۆرە. ٩- ئاخرت خێر بۆ، نۆبەرەت نێر بۆ. ١٠- ئاوەزش هەن ئاوەز. ١١- ئەجۆم من کەرووشو ، ئاذی مۆرۆش.
١٢- ئەجۆ هەشەی پێکیێنە. ١٣- ئەر وەرگ جە وارانی تەرسێ؟ فەروێو کەرێنە. ١٤- ئەر هەر هیچ مەزانی ، گۆچانو شوانەی هورگێرە. ١٥- ئەر سەرەو هامساکەیتشا تاشا ، نۆرەو تۆیچ مێ. ١٦- ئەر گەرەکت بۆ وە مراذ یاوی ، نە شەوێنە جامی ، نە ڕۆنە ئاوی. ١٧- ئیننە لووە باوان ، جلت چێر بیاوان. ١٨- ئێر دەمشەنە وارۆ. ١٩- ( ئەڵاو یەرە تەنە ،ئەر دەنگ کەروو ؟ مذام وەنە. ئەر دەنگ نەکەروو؟ بڵۆسکەو ئاساوەکەیم ، کەرا چنە). * : ساڵ ساڵەو گرانی بۆ، ئاساوانێو بۆ ، دەمو سەعبی یەری دزی مەیا سەرش. داواو گەنم و هارداش وەنەکەرا ، ئایچ ماچۆ سەروچەما ، وەختەو بانگیەنە ، با بلو سەروو بانی ، جیای بانگی ، ئا نوویستەیە وە ئاواز و بانگی ماچۆ= ئەڵاو یەرەتەنە... چن کەسێو جە خۆڵک و دەگای میاوانە ، مەیا دەمشۆ ، دزەکێ مرەما و ملا.

**ب/**

١ – بارش لارا. ٢- بازنەو ئاڵتوونی ئینا دەسشەنە. ٣- بزە شەقیش نەوریا، نانو شوانەی مەوەرۆ. ٤- بە قنگەیچ بۆ ، هەر خەتا کەرۆنمە. ٥- بە پاو لەیەکێت ، قاچی کێشەرە.
٦ – بە زەڵم و تانجەرۆیچ ، پاک مەبۆوە. ٧- بە قسەو وەشی ، مار وولەنە مێ بەر. ٨- بکوژ و ببڕ وێشا. ٩- بنیە لەواسە ، چپنە هەناسە. ١٠- بیەن وە دەسمالو زەماونی. ١١- بیەن وە هاردەو بنەو درەیا.

---

* – ئەم پەندەم لە مامۆستا هوشیار حسەینی پالانیایی یەوە بیستووە.

**پ/**

١ – پاڵا چەکەش ئینا دیوانەنە. ٢- پاڵاو پۆتین جێڕەش مێ لەمە ئاوراییی ، قۆڕەش مێ.

٣ – پاڵو حەجەکەش گرتەن. ٤- پۆسو تووتەی وە دەباغ کەردەی پاک مەبۆوە. ٤- پێشەو وەرو ئەسپاو سمەروو وەرو تووتان.

**ت/**

١ – تاووس مەیۆ پەی پەیاش ، نیمەو عەمرش کەم کەرۆ. ٢- تا گۆرە نەواچۆش یانەنە، گوولانێ مەگێڵنۆش بانەنە. ٣- تەقە مەذە بەرەو خۆڵکی ، با تەقە نەذاوە بەرەیت. ٤- تف هوردەی سەرەکووی ، دلێ چەما وێت گێرۆوە. ٥- تفانشاوە دەمو یۆترینی. ٦- تڕیش نمازا، تسێش بەربشا. ٧- تڕ ئاما پاوەرێوە مەمدرۆ.

**ج/**

١ – جەماعەتما جەما ، هەرتۆما کەما. ٢- جە وێرانەی ، خەزێنە بەرگنۆ. ٣- جووجەڵێ وەهاری ، پایزەنە مژماریا. ٤- جۆت و هەراڵەی دەی سەرەتەرە. ٥- جگەرە بووەری پەی فیزی ، سەرە نامنی پەی حیزی. ٦- جۆڵا وە سەردڕوو وێش ڕازی مەبۆ.

**خ/**

١ – خاکو چێرو پایش ، پەی حۆت دەرمانەی مشیۆ. ٢- خوا قار گێرۆ مرۆچێ ، باڵش پەنە بەرکەرۆ. ٣- خوا پا نەذۆ ماری. ٤- خەتەنێ سونەتەنە ، نەک بنەنە.

**د/**

١ – دار پیر بۆ ، باز جارێو ، سەرشۆ منیشۆوە. ٢- دە سیروان با بەرۆت ، مەذە سەرو پردەو نامەردیەنە. ٣- دەسو وێش نیاو مارش پەنە گێرۆ. ٤- دۆم بۆو چێرەکڵاش پەی وێش کەرۆ.
٥- دەگا پەڕەنە ، مەتیە کەڕەنە.

**ڕ/**

١ – ڕۆڵەو ژووژووەکەیا. ٢- ڕێشش کەنۆوەو لکنۆش سمێڵشۆ.

**ز/**

١ – زانات ئەزەنا ، نەزانات دزەنا. ٢- زووان بازەم سەرەم سڵامەت. ٣- زووان دەمتەنە یا بوڵبوڵا یا مارا.

**س/**

١ – سەرەش تاشانو ، جامش دان دەسۆ. ٢- سۆرۆ ساوە قنگەشەرە ، کەرەش گاوگەل.

**ش/**

١ – شوانە گەر مەیلش بۆ ، گوونەو بەرانیچەنە ، پەنیرە هەرکەرۆ.
٢ – شەوگارو زمسان ، وە ساڵ نمەبۆ ولەە وە خیاڵ ، وە ماڵ نمەبۆ.
( ئی دێڕە جە هۆنیاوەو هۆنەری مەکەرۆ ؟ با تا ڕۆشن بۆوە چێنە بۆ.)

**ف/**

١ – فێرو لووای بە، جا دەس کەرە ڕەمای. ٢- فەتاح فاڵا.

**ق/**

١ – قاڵاو پڕا قشقەڕێ ئاما یاگێش. ٢- قسێ کۆتێ سیی دیانێ ، گنۆ سیی یانێ.

٣- قازی یەنگەو ، پۆڕش کەردۆ،لوای ویچش ، ویرش شیۆ.

**ک/**

١ – کورد نەلۆ بازاڕ ، بازاڕ وێرانا . ٢- کوردی دۆنە باسەو وێش کەرۆ. ٣- کورد زەڕش بیی؟ یا ژەنی مارۆ ، یا پیا کوشۆ. ٤- کتێ کارەوانش کەردەن. ٥- کەچەڵ ئانەش حسێبا ، جارێو کلاوش بێرە. ٦- کە جەنگ کەری؟ ئاشتیت ویر بۆ. ٧- کەرگەو ، پرچگە؟ ٨- کۆر مەبەو نابەڵەذ ، خاڵۆنو خاڵۆ وەڵەد. ٩- کەم وەری دایم وەر. ١٠- کەس کلاوش بە گوو مەپێمۆ.
١١ – کووێ مارا گیرتێنە ، دەشتا سوارا گیرتێنە.

**گ/**

١ – گەذایی وەشا ، قۆرتەکێش خرابێنێ. ٢- گەذای گووش نەبۆ. ٣- گوول ، دەسەبرایش، پیسا.
٤ – گوونجەنەش پەی سەرو زەیسانی مشیۆ. ٥- گرد باڵندێوە هەنجیر وەرەبۆ ، هەنجیری دارۆ مەمەنۆ. ٦- گردکەس نانش وەش مسیۆ ، نەک پێسە شوانەی. ٧- گرد سەرەکوێو ، سەرەچێرێوش هەن.

**ل/**

١ – لاشەو ساقی پاشاییا. ٢- لەتەرە ڕێسە ، لەتەرە ڕێسە بۆ ؟ وە دەعباو هەریچ بۆ، هەر مرێسۆش. ٣- لەمە گێرە مشتێوەنە ، وەرشدە دەشتێوەنە.

**م/**

١ - ماڵو نەوەری ، پەی واردە وەری. ٢- ماری مارە وەرێش گەرەک نەبی ، لکیێ پێڵەو چەمیشەرە. ٣- ماران گاز جە وەریسیچ تەرسۆ. ٤- ماچی وەزیش پەی مژماری. ٥- مەچەکو زروی ئەجۆ وەنیەنە ، هەشە لاشۆ مەلا ژەنیەنە. ٦- مۆچیاری هەریشا کەردە ، دووە لەقانێوش کەندە. ٧- مەلا نەبی دەگانە ، هەرەشێڵ بڵقاسم بەگا.٨- مەکەرە قسێ بێ هۆشی ، پاساریی هەنێشا گۆشی.

**ن/**

١ – نامێت بلۆ کۆرەگاو ئاساویەرە. ٢- نانە وەرەی ، سفرە درە. ٣- نانەو یەوینە ، خۆڵکەو گەنمینە. ٤- نە ئاورای دۆنەو نە سیری جمنە. ٥- نەبۆ وە خووڵکو پاوەیانە ، ئەرێ نانت واردەن؟

**هـ /**

١ – هەتەرێو مەتەری، یۆ جە یۆی بەتەرێ. ٢- هەشەو کوڵەنجە. ٣- هەرچی کریاو شی.
٤- هەر ، یۆ ، گیواو کووێوی مژاۆ. ٥- هۆر لوا پاوە ، ژەنی بنیا هەلاوە . ٦- هۆرلووا سەلێنە کەرگی بلا کوولینە. ٧- جومعە بووارۆ؟ شەممە وەشکەرۆ ، شەممە بوارۆ؟ پەنج و شش کەرۆ. *

---

* – سەلێن: دێی هەورامانی ڕۆژهەلاتە ، کەوتوەتە بەینی کەلجی ( دێیەکەی مامۆستا عەلادین سەجادی) و بڵبەر... نەخشەو ل. ٢٢٨ ب/٢. هەروا سەیری زیرەکی ئەو خەڵکە بکەن ، بەم سێ پەندە ژمارە: ٥،٦،٧ کەشناسیەکی ساڵانەیان بۆ زستان و بەهار داناوە. چۆن؟ : ئەگەر هەور بەرەو شاری پاوە ڕۆی ؟ جوگرافیانە: لە شارەزوورەوە بۆ پاوە یا لەسەرەوە بۆ خوارەوە ، نابارێت ، وشک دەبیت ، خەمی باران بارینتان نەبێت. ئەو ژنانەی لە *دەرەوە* هەلاوە دەنێنەوە. مێخ دادەکوتن بۆ ڕاکێشانی

٨ – هەر یاگێو ئاشا ، کەچەڵ فەڕاشا. ٩- هەرکەس حاکمش ژەنیەنە ، تەوەرش مەنۆ وەنیەنە.
١٠ – هاوارم ئۆتۆ سەوەو سێ بەنە من بیا خاتوونە ، تۆیچ وەزت چەنە
کناچێوی هەتیم ، کەمدەس، ژیوای مارۆش وەرو هەرمانی ، سەوێوش بۆ سۆرۆو گۆڕەکاش پەنە مجۆ. کوڕو سانی دڵش ملۆ سەرش ، بۆ بە هامسەرش. جە گۆڕ ماڵۆ بۆ بە خاتوونە.

سەوەکەش فرەمەذۆ ، ویرش مەبەرۆوە. خاس شۆرۆش ، هورشگێرۆ وەزیش کەرۆنە. هەروەخت لوان لاشەنە ، ئا دێڕە هۆنیاوەش پەی واتەن.

**و/**

١ – واتشا وە خووگی، ڕۆنە بەرمەگنی؟ واتەش هەرمانەو، شەویم مەوینی؟

**ی/**

١ – یاگەو شابازا ، کۆر کۆرێ موازا. ٢- یانێ مەسانە هاوماڵ بسانە. ٣- یاخوا توونچی نەبۆ وە حەمامچی. ٤- یۆ نانش نەبێ ، لوێ پیازی ئەسانێ.

### ب /٢ /٣- قسێ مەژگەداری.

١ – واتیم پەنە ؟ واچیش پەنە ؟ واتت پەنە ؟ واتیش پەنە ؟ واچەم پەنە؟ واتش چێش ؟.
٢ – ساحێب یانێوی دەسقوجیا یا ڕەزیلە ، بە مێمانێوش ماچۆ:
" یاخوا خێربەی ، ئی حوٚت ڕووە کەلاماوە بیەی ، وەشما چنەلووا. ئیسە زارۆڵەکێت بێتاقەتیت مکەرا. مێمانەیچ ماچۆ: " فەرمایشتەکەت وە هەقەت ڕاسا ، منیچ بێتاقەتیشا کەروونە ، ئارۆ پێخام کیانوو ، ئایشایچ ، بەیا پەی ئێگەیە".
٣ – ئەر گەرەکت بۆ ٧ ڕووی تەندروست و بەختیارتەرین کەس بیی؟ پاسە کەرە:
هەر ڕوێو جە ڕووەکا ، ڕۆچێ بە جە : یۆشا : قسەکەردەی ، یۆشا : واردەی ، بەغێڵی بەردەی ، سیاسەت کەردەی ، خراپە کەردەی ، زیاذەڕەوی ، دووری جە برادەرات.
٤ – چن پیێوی کە هەمیشە چەکلوبیکانشا بۆ چنی خانماشا: ئـ ، ا با پەرسمێ فملان برادەرما بزانمێ چی ئایشا هەمیشە کەیف وەشو بێ گێچەڵ وینمێشا؟ برادەرەیچ ماچۆ: " باخەلەکاتا کەردێوە پەیشا و ، دەمتا وزدێرە.

---

تاڵەکانی جاجم ، بەرماڵ.. بێ خەم بن. ئەگەر هەور بەرەو سەلێن بڕوات.. جوگرافیانە ئەگەر هەورەکە_لە قیبلەوە یا ڕۆژئاوای هەورامانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتەکەی بڕوات؟ دەبارێت. زیاتر ڕۆشنکردنەوە: ڕۆژئاوای هەورامان ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە: ( دێی لاوەران ، شاخی سەرسوورەوان ، شاخی پەڕاو، شاخی ماکوان ، ناوچەی جوانڕۆ ، شاخی ئاتەشگا) ، بەرەو سەلێن ، کە دەبێتە ڕۆژهەڵات ، بۆ هەورامانی لهۆن. با مریشکەکان بڕۆنە یا بکرێنە کوولانە. یانی: ئەگەر لە هەورامان دا ، بینرا: هەور لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دێت؟ دەبارێت.
پەندی/ ٧ ل. پێشوو: ڕۆژی بارین ئەگەر جومعە بێت ؟ ڕوژی دوایی کە شەممەیە ، خۆش دەکاتەوە. ئەگەر شەممە بارینەکە دەستپێبکات؟ پێنج تا شەش ڕۆژ دەبارێت. بەمە کاروان چیان ، یا شوانەکان ، یا باخەوانان... دەزانن بۆ کام ڕۆژ خۆیان ئامادەبکەن؟.

٥ – جیاوازی هەژار و دۆڵەمەنذی :  هەژار  ویش هیلاک کەرۆ تا بووەرۆ. دۆڵەمەن: دمای واردەی هیلاک بۆ.

**ب/ ٢ / ٤ - شـــۆخـــی.**

١ - مامۆساو زووانو عەرەبی ، پەرسکەرۆ ، شاگردێوش: شەرواڵ=ڕانک ،دووانەن یا کۆن ؟ وە عەرەبی : موسەنان یا جەمعەن ؟ شاگردەکە ماچۆ: " سەرۆ تەماشاش کەری؟ تاکا. وارۆ تەماشاش کەری دووانەن، موسەنان.

٢ - پییێو وە ، ژەنەکێش ماچۆ: گرد ڕوێو ماچی ئانەیەو ئانەیە  بارۆ. هەر بارۆ مزانی ، ئا ڕوێو واچە ، ها گێرە. ژەنەیچ  ماچۆ ها گێرە. ئا پارچەم ئەسان ، پەی گجی ، بەرەش لا بەرگووراز ، تا پەیم وورازۆ.

٣ – نەوەشێو بە دوکتر:

فریام گنە جیای دەرمانەکەی پەنەت دانا ، زەهرو مڵەم واردەن. دوکتر ماچۆ: لووە وەسیەت کەرە.

٤ – نەهە گیرتەی.

خانەوادێوی هەژارو چن زاڕۆڵێ با ، هۆێوشابۆ گرد چا مووسا ، شەوێوشا دماو وتەو زاڕۆڵا ئەذاو تاتەکە هەوەسشا هورزۆ، هەرمانێوی شەرعی کەرا، چا وەختەنە قاچو یۆشا گنۆ زاڕۆڵێوی هایش بۆوە. کە ئا وەزعە وینۆ ، تاتە کۆتەن ملوو ئەذایشەنە ، ماچۆ: "وە شەوەیچ جەنگ کەردێ ؟ " تاتەکەیچ ماچۆ: " نا ڕۆڵە ئەذات نەوەشەنە ، نەهەش کۆتەن، گێروشۆ." زاڕۆڵە بڕواکەرۆ و مووسۆوە.

**یۆ جە شۆخی کەرا هۆرامانی ، بارام بەگ.** *

مام بارام بە قەسەمەکاشەنە ، لاو خۆڵک و هۆرامان و هەڵەبجەیۆ ، کەسیوی ئەژناس بیەن. جە قەسەمەکاش:

١ – "جە دنیانە کەس زەڕەتاڵ نیا، ئەر بۆ؟ ئانە وێش وێش زەڕەتاڵ کەردەن."

٢ – روێو مێمانشا بۆ ، هەننی یا شۆتییێوی گۆرەی مسانۆ ، ووزۆش چێرو باڵیشو ملۆوە پەی یانەی. دووی جاری دەسشۆ خلیسک بەرۆ ، پەس بۆ ماچۆ: "ئەگەر یابان وەششکەردێ ، دەسێوش پەی کەرێ". ٣١٣

---

* – هەنذێو چی زانیاریا دەربارەو ڕەحمەتی مام بارام ، جە کاک حەمەنەجیب عەلی زەماش هوورمگرتەن ، فرە سوپاسگوزارشەنا. مام بارام جە ١٩٠٣ز. جە هۆرامان ،جە دەگاو سۆسەکانی ئامان دنیا ، جە ٣ / ١٩٩١ز. جە شارەو هەڵەبجەی تازە ، مەردەن ، خوا چەنەش وەش بۆ. زیاد جە ١٠ کەسێش جە کیمیابارانو  هەڵەبجەیەنە ١٦/ ٣ /١٩٨٨ز.دا شەهیدی کۆتێنێ. نامبریا جەسەردەمو جافرسانو هۆرامانەنە بەشداری شۆڕشەکاش کەردەن. هەروەها ئەندامو حیزبو هیوای بیەن ، وە جە سەرەتاو شۆڕشو ئەیلول یەنە ، پێشمەرگە بیەن. دووی ژەنێش ئاردەنێنێ.

٣١٣ - شایەنو باسیا ، جە ئاڵمان ، وە جە ٧ / ٢٠٠٢ز. کەناڵو تەلەفزیۆنی ئاڕ تی ئێڵ ، وەڵاش کەردۆ:" جە یابان هەنیی چوار سوچشا وەرهەم ئاردەن ، هەر کوچێو گۆرە بی  وزاشەنە دلی شیشێو ی چوار سووچە ، ئیتر ڕاش نیەنە بە هەبەسو وێش بۆ. ئاواتەکەو ڕەحمەتی بیەن وە ڕاسی.

٣- ملەگاو چناری: ٣١٤

مام بارام چەنی چن هاوەڵاش ، چا یاگێنە قوماری کەرا، ئەجۆم ویسویەک بۆ. ئەرەنیشتەی مام بارام پەشتش ئینا ، دەگاکەو وێش ، سۆسەکانە. دەسێوی خاسش پەی مێ ، پەیش بۆ وە چن وەرەقێوە تەقۆ. چا وەختەنە دووێو جە دەگاو سۆسەکانی بەرز بۆوە ، ئانە کە چەمش چۆن ، ( ڕەفیق و گەمەکەریش ) ماچۆ ئەرێ وەڵا سۆسەکانە ، یانێوە سۆتە. بارام بەگ وەرەقێوە کێشۆ ، دەسەکەش سۆچۆ ، یا دۆڕیۆ. ماچۆ: ئایانە یانەکەو منا ، ماچا چەمت نیاچۆ ، چنی مزانی؟ ماچۆ دەسەکەمەنە. هەردووی سۆتێنێ . دماوە پەرسا ، یانە سۆتەکەیچ ، هینو ، مام بارامی بۆ.

٤ – ماشین پاڵو سۆبەنە:

جە ساڵەکا١٩٧٦- ١٩٧٩ز. ڕژێمو ئێراقی کۆت جێبەجێ کەردەو پلانە وێرانکاریەکەو کورسانو ئێراقی. ( چۆڵکەردەیش جە کوردی). دەسش کەرد بە بزۆرئەسای ، دەگایاو دانی زەڕ ، وە ساحێب مڵکو یانەو هانەو زەمینشاوە ، کە وە تەعویز نامێش بەرێنێ. هەنێو خۆڵک نەزانانە ، خەرجش کەرێنێ. دێنێش ماشینە شڕێ بێ شارەزایی ، خوڕێنێ وەنە. بازاڕەنە ڕووەدای ماشینی ڕووە زیادی لووێ. بارام بەگ قەسەم مۆڕۆ "ئاپاسە بلۆ ، یانە و دوکانەنە پاڵ و عەلادین و سۆبەنە ، ماشین پەیت مێ چووەر . " هەڵەبجە دوکانەکەشەنە ماشینێو سەرو سەکۆو قەراخو جادەیچۆ مێ سەر مذۆش وەنە. یانەنە گنۆ ، هاوەڵاش ملا دیەنیش ، ماچا ئی قەسەمەیچت ئاما دیی.

٥ – خواو ژەنەکێم:

هاوەلاش ڕوێو سەر وزا سەرش ، بەش قسێوی وەششا پەی کەرۆ ، ماچا یۆ مشیۆم پێسە مام بارام بۆ ، وەشەویسش فرێ با. ئاییچ ماچۆ: " من هەر لا خواو ، ژەنەکەمێۆ وەشەویس بوو، ئیتر وەسێن"

٦ – چی دنیانە چن وەشی وینی ، ئانەیچە گووللی هەر وینی.

٧ – پاسە ، کەرۆ ، یا ، نەکەرۆ ، ئەوی هەر مذاش وەنە:

جارێو مام بارام تەماشاو کۆنسێرتێوی مۆسیقی کەرۆ ، ڕابەروو کۆڕەکەی وە چووەکە شۆ، بەرنامەکە بەرێ ڕاوە. ماچۆ: " ئانێ ئامێروو مووزیکی ئینا دەسشاوە و مذاوەنە ، هەرمانشا دیارەنە ، ئی چۆکڵە وەدەسە هەرمانش چێشا؟ پەیش باس کەرا ، ماچۆ ئینە قەسەمم بۆ ، پاسەکەرۆ یا نەکەرۆ ، ئەوی هەر مذاش وەنە.

**ب /٢ / ٥ - ئـ : مەتەڵ.** بۆن ،١٩٨٣ ز.

| | |
|---|---|
| مەتەڵێو ماچوو ، نۆ دەنگ و پیتەن | ویرشا نەبەردێ ؟ باوان و پیرتەن |
| نۆ و دووی و چواری ، تەنها پیا هەنش | زووانو گۆران ، نەگنۆ گیان کەنش |
| یۆ و هەشت ئەنداما ، سەرشۆ مدرمێ | زووان مەفۆتیۆ ، وە کارش بەرمێ |
| چوار و پەنج و نۆ ، عەکسو دەگایان | کۆنتەرین ئەدەب ، وە زووانمان نوویسیان |
| شەلەمینو وشکی ، کەریشەنە ئاوی | پیتەو چوار و شش ، بۆ هاوەڵنامێ |

٣١٤– ملەگاو چناری : ناوی چاپخانەیەکە لە سەر سنووری شۆشمێ / تەوێڵە . دەڕوانێت بەسەر دێیەکەی مام بارامیش دا ، سۆسەکان. بە خاک ، هۆرامانو دیمو ئێرانیا.

**/ ٢ / ب: مەتەڵ.**

مەتەڵ حۆت پیتەن ، چوون بەهەشت وەشەن
یاگێوی پەڕ جە ، جەنگەڵ و کەشەن
حۆت چەنی دووی ؛ تا دە ، بژماری
مێ سەرو زووان ، بێ گرفتاری
پەنج و شش ، یەریچ ؛ باری پەی لاشان
قینشا مێ چنە ، هەرچنێو بێ پان
یۆ و شش و یەریچ ، هەرکەسێوە بۆش
پنەش مووا‌چان ، لێوەن و بێ هۆش
یەری و چوار و حۆت ، گرد کەسێو هەنش
نەبۆش ؟ هەنگامێو ، مەجمنۆ تەنش
کە زانات مەتەڵ ، بەهمەنی چێشا؟
پەی نامەو زاڕۆی ، دڵگیر و وەشا

**ب/ ٢/ ٦- ئـ : پەخشانی. ڕاتبەو فەقێ.** بۆن ، ١٩٨٧ز.

( با ، گێڵنووشۆ پێسە وەرمێو ، بیەبێنێ فەقێو دەگێو ، تەڕیانێوم هورگیرتەبێو ، لووێنێ وەرو هەر بەرێو ، نانێوی گۆرەش وزێنێ . جا هەنگامی زل زل نێنێ ، زوو یانەکا تەمامنێنێ . یانێوم دیاری کەردەبێ ، وەختێو کە ئۆلاش یاوێنێ؟ خاس خاس هێواشش کەرێنێ ، نقەیچ جە وێم برێنێ ، جا وە ئاوەز و ئاوازۆ ، ڕاتبەو فەقیەکەم چرێنێ . دڵیچەنە ئی ویردە وانێنێ: یاخوا نازێ نانەکەی بارۆ.
ئەر وە دەسو وێم بیایە ، پێسە داری وێم چەقنێنێ ، چانە پاسە پەیش لوێنێ: وەرو بەرەو ئایشانە ، مەردێنێ ، زینە بیێنێ . ئیتر ئی دنیا ، پا نانە ، ئازیز ئارێش نەفارێنێ ، وە کورتی تەنها چۆگەنە ، حەساوی مانیەم ، حەسێنێ.
ئەوە بیەبێ ڕاوچییە ، سینەمش کەردەبێ کۆڵیت ، دڵی ژەرەژم وە دیێوو ، دەها ساچمەش گنێنێ. نازێ کە ئێ ؟ یەن بناز نانەکێش ئارێ ، پێسە نازدارای ئەژناسیێ: خەرامان ، خەزاڵ و لەیلا ، گووڵئەندام ، شیرین ، هوومەیلا. ئا دیمەنە بیێ فیلم ، حوجرەنە ، تەماشاش کەرێنێ. یانی شەوەیچ ، فیلمو ڕۆکەیم ، وە ڤیدیۆو ویر ، وەنەدێنێ.
تەڕیانەیچم پەڕ کریابیێ ، نازێنێ نانش چێرگنۆ ، نانەکەش هەر سەرۆ مەنێ ، هورشگێرێنێ پەی تیکە وەشێ ، دماو سێرواردەی ، ئایی وەرێنێ .
دماو ئانەی دەرس وانێنێ ، واناو چێشی؟ دماو کووچێو خیاڵ لووێ ، وەنەوز دێنێ ، ئێنێ لارەو وسێنێ. هەرچن ب چەمو جموجووڵ ، جە یۆتەرین یاوابێنمێ ، بەڵام شەرم و زات و عادەت ، ناستش عەشقما تەقنێنمێ ، ئێمەیچ لووایمێ ڕیزو ئانیشا ، کە ، ماچا : پلە و پایەو عەشقو پاکی ، ئینا نەدرکنایشەنە).

**ب/٦/٢/ ب پەخشانی . سلامێوه پایزی.**

خاتوون: کەلسوم وەسمانپوور ، سنه ، ٩ / ١٢/ ٢٠٠١ز. *

سڵامێ پایزی ، پێسه رەنگه و شێوەو شیرینو ئازیزی ، پێشکەشو شمه وەشەویسەکا کەروو. سڵامێ وەشپەنەکۆتەو تەڕ و تازه ، فراوان بێ ئەندازه ، بۆ بە شنێو ، دەلاقەو میهرەبانی شمه شۆکنۆوه . ئی گردوو وەشەویسیه پیشکەش کەروو پا کەسا ، کە تاسەو چنور و شەوبۆی کەرا ، وه وەرم وینا وه پیرا و خاسا و هۆرامانیۆ.

ئازیزەکا ! ئی وەختە کە من چەنی شمەنا ، پایزا ، وەیوه قژ زەردەکێ گۆرانی ، وه هەزار ڕەنگێ ، جه باخەکانا وێشا ڕازنانۆ . هۆرەکا ئەجۆ لالۆی فەرەنجی پۆشێنێ و( باخه ڕووته) کاشا گرتێنێ باوەشێوه ، ئیسه ئیتر هاوارو زاڕۆڵا ، کنالەیل کوڕلا ، گۆرانی کناچڵا ، جه هیچ لێوه دیار نیا. بێدەنگیێو پاک خامناک ، شەوو ڕۆ باخەکاش گیرتەن. ئیسه مۆسیقاو باخەکا ، ئا باخه پاییزیا وارانـاو گۆرانیەکاش هاژەن. درەختەکا پێسەنه زاڕۆڵه هەتیما، بێ گجی و کەوا مەنێنێوه. ئیتر ڕاویارێ نمێ پارەو سیاوچەمانێوه چڕۆ. ئاخ ئاخێوی سەرد هورکێشۆ چەمەڕاو وەهارو ئازیزەن.

باخ چەمەکاش سەردێ بیێنێ ، ئیتر مەخوۆ دەمو کەسێوه. باخ داستانێوی ( زل) ش پەنەن. داستانەو ئا ، بەی و هەنار و هەنجیرا ، کە ئیسه سەرەشا نیان سەرو دامەنو گەردوونیۆ. وه دلێ تابووتو خاکیەنه وتێنێ. ئەگەر هۆرامان وەهارش ڕەنگین و نەخشینا هاژەو وەرواو و وەنەوشەکاش ، عەوامی کەرۆ شاعیر ، وه شاعیر سەد ئانەی تەر ، سەرمەست کەرۆ. پایزش دیمەنی هەزار ڕەنگی سیحراوین. کە ئەجۆ دەس و پەنجه و ڕەنگین و تازه وەیوێن ، پێخامو تەم و خەمی کیانۆ سەرت. ئیتر دنیان ، (هەر ڕوێش دەنگێو) هەر پارچێو ڕەنگێن. ڕوێ زەردو ڕوێ سۆزو ڕوێ چەرمەو ڕوێ سوور. هەرچی هەن ، هۆرامان پەڕا عیشق و وەشەویسی کە چراو ژیوایەنه. هومێذوارەنا کە هیچ کامتا ، چراوەو وەشەویسی ژیوایتا نەکوشیۆوه.

کەلسوم وەسمانپوور ، کورسان ، سنه ، ٩ / ١٢ / ٢٠٠١ز.

.............................................

* – چا بەروارەنه منی نوویسەرو ئی کتێبه ، جه بەرنامەو هانەرەنگینەنه ، جه کەناڵو ئاسمانی میسۆپۆتامیاو کوردەکا تورکییەنه ، جه بەلژیک ، بەشدارو بەرنامەکەی بیەنا ، ئی پەخشانەش ڕاو تەلەفۆنیۆ ، پێشکەش کەردێنمێ ، سوپاس پەی ئا خانمه زیرەکەیه، هەرپایەداره بۆ ، نموونێش فرێبا. پێسه واتم ڕاو تەلەفۆنیۆ گرتەنمۆو نوویستەنم چێگەنه ، هەر وشێوه دڵنیا نەبیەبوو چنەش ، وستەنم بەینو کەوانی.

## ب /٢ / ٧- فەرهەنگۆکی بەشی شەوچەرەی هەورامان. ل. ٣٥٩- ٣٦٢

| هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئـ/** | | | | | |
| ئاورا: | برسی. | ئاورایی: | برسیەتی. | ئاذی: | ئەو.بۆ نێرە. |
| ئایشا | ئەوانە. | ئەجۆ | دەڵێی | ئەرەنیشتە | دانیشتن |
| ئەسانێ | دەکڕێ | ئەذا دایک | ئەژناسیێ | ناسراو | |
| ئۆلاش | ئەو لای | ئیناپەنەت | پێتە | ئینە | ئەمە |
| ئێر | ئاگر | ئێگە | ئێرە | | |
| **ب/** | | | | | |
| بارۆش | بیهێنێ | بەرئاردەن | دەرهێناوە | بەرۆ | دەبات |
| بەرە | دەرگا | بەرکەرۆ | دەردەکات | بوارۆ | ببارێت |
| بزە | بزن | بسانە بکڕە | بوەرۆ | بخوات | |
| بۆ | دەبێت. | بلۆ | بڕوات | بلوو | بڕۆم |
| بیا | بووم | بیایە | ببوایە | بنیشۆرە | دەبەستێت |
| بیاوی | بگەی | بنیە | بیخە | بیەبێنێ | بووبووم |
| **پ/** | | | | | |
| پاسەبۆ | وابێت | پاوەرێ | دەرپێی ژن | پاڵا | پێڵاو |
| پایش | قاچی | پەنەشا | پێیان | پنەمجۆ | پێ دەڕژێ |
| پڕا | فڕی | پەیم | بۆم | پێکیەنە | پێکراوە |
| پێخام | هەواڵ | پێوە | پێکەوە | پێسە | وەکو |
| پیویۆ | دەبینرێت | | | | |
| **ت/** | | | | | |
| تاتە | باوک | تەرسۆ | دەترسێت | تەکیانەرە | تەکاوە |
| توتە | سەگ | تەوەر | تەور | تێڵێوی | تێڵایەکی |
| **ج/** | | | | | |
| جامی | ئاوێنە | جە | لە | جمنە | ڕایژەنە |
| جیای | لە جیاتی | | | | |
| **چ/** | | | | | |
| چاگە | لەوێ | چاولای | لەوەولا | چەنی | لەگەڵ، دەرزی |
| چنەن | لێیەتی | چڕۆش | بانگی دەکات | چەقنێنێ | دەچەقان |
| چەمچە | کەوچک | چکۆ | لەکوێ | خووە | پێبکەنە |
| چێو | شت | چێر | خوار | چەم | چاو |
| **خ/** | | | | | |
| خەلە | گەنم | خوڕایوەنە | لێخوڕین | خوڕێنێ وەنە | لێیان دەخوڕی |

| هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| **د/** | | | | | |
| دان | پێدان | دایوەنە | لێدان | دەسۆ | بە دەسیەوە |
| دەسماڵ | دەسڕ | دماشۆ | دواوەی | دمای | لەدوای |
| دەمشەنە | لە دەمیدا | دوویۆ | دووکەڵیک | دۆنە | بیدوێنە |
| **ڕ/** | | | | | |
| ڕەمای | ڕاکردن | ڕۆچێ | ڕۆژوو | ڕۆ | رۆژ |
| **ز/** | | | | | |
| زارۆڵە | منداڵ | زانات | زانیت | زروی | زبر |
| **ژ/** | | | | | |
| ژەرەژ | کەو | | | | |
| **س/** | | | | | |
| سیاومار | ڕەشمار | سەرەکوی | بەرەوژوور | سەعبێ | بەیانی |
| سمەر | کا | سۆرۆ | سەنێر،شیاکە | سەوە | سەبەتە |
| سەوای | سبەی | سۆچۆ | دەسوتێ | سەرشۆ | لەسەری |
| سێرواردەی | تێرخواردن | | | | |
| **ش/** | | | | | |
| شەلەمین | شێلم | شۆت | شیر | شۆرۆش | دەیشوات |
| شی | تێپەڕی | | | | |
| **ف/** | | | | | |
| فارۆ | دەگۆڕێ | فرێ | زۆر | | |
| **ق/** | | | | | |
| قالاو | قەلەڕەشە | قۆماش | خزمەکانی | | |
| **ک/** | | | | | |
| کتە | پشیلە | کەردەی | کردن | کەرەنە | بیکەرەبەر |
| کەرگە | مریشک | کەموەر | کەمخۆر | کووێ | شاخەکان |
| **گ/** | | | | | |
| گجی: | کراس | گردی: | هەموو | گوولانە: | بچووک |
| گونجەنە | بەنەخوێن | گنێنێ | تێدەکەوت | گنا | دەدا لە |
| گیواو | گیا | گێرۆ | بگرێت | گێڵنوشۆ | بیگێڕمەوە. |
| **ل/** | | | | | |
| لکنۆش | دەیلکێنێ | لەم | سک | لوای | ڕۆشتن |
| لەی | بەرە | لووە | برۆ | لێوە | شێوە. |
| **م/** | | | | | |
| ماچوو | دەڵێم | ماچۆ | دەڵێت | مارەوەرێ | مارەخۆرە |
| مبۆ | دەبێت | مەبۆ | نابێت | مەجمنۆ | ناجولێنێت |

| هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی | هەورامی | سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| مەپێمۆ | ناپێویت | مەمەنۆ | نامێنێ | مەژگەدار | کاکڵەدار |
| مەرەجیۆش | وادەزانێت | مەوە | دێمەوە | مەگێڵنۆش | نایگێڕێ |
| مەییۆ | سەیری نەکا | مەوەرۆ | ناخوات | مذۆ | ئەدا |
| مذاوەنە | لێ دەدەن | مذرۆ | دەوەستێ | مرۆ | دەمرێ |
| مرۆچێ | مێرووله | مڕێسۆ | دەڕێسێ | مزانی | دەزانی |
| مژماری | دەژمێری | مژاۆ | دەجوێ | مسانۆ | دەکڕێ |
| مشیۆ | دەبێت | ملاوە | دەچنەوە | ملۆ | دەڕوات |
| ملْک | باخ | موەرۆ | دەخوات | موسۆ | دەخەوێت |
| منیشۆ | دەنیشێت. | | | | |
| **ن/** | | | | | |
| ناستێم جیا | بەجێم نەهێڵن | نەدرکنای | نەدرکاندن | نەذۆ | نەدا |
| نەکریان | نەکراوە | نەواچۆش | نەیڵێت | نەوەش | نەخۆش |
| نەوریا | نەخورێت | نەبۆش | نەیبێت | نمازا | نایەڵن |
| نەهە | ناوک | نوویسیان | نووسراوە | نیمە | نیوە |
| نیشتەنەرە | دانیشتوە | نێنێ | نەدەهاتن | | |
| **هـ /** | | | | | |
| هامن | هاوین | هایی | خەبەر | هەر | کەر |
| هەرئاذا | هەر ئەوە | هەرمان | ئیش،کار | هەشە | ورچ |
| هەننی | شووتی | هەنش | هەیەتی | هوردەی | هەڵیدەی |
| هورزۆ | هەڵئەسێ | هورچنۆ | هەڵیبژێرێ | هورگنۆ | هەڵدەکەوێ |
| هۆر | هەور | هۆذێوەنە | لە ژورێکدا | هێڵە | هێلکە |
| هورزدێ | هەستن | هەمیر | هەویر | | |
| **و/** | | | | | |
| واتش | وتی | واران | باران | وارۆ | دەبارێت |
| وارده | خواردن | وانێنێ | دەیانخوێند | واریچۆ | لە خوارەوە |
| واچمێ | بڵێین | وەرگ | گورگ | وەرو | لەبەر |
| وەریس | گوریس | وەرم | خەو | وەرێنێ | دەمخوارد |
| وزۆ | دەیخات | وەز | گوێز | وەسێن | بەسە |
| وەش | جوان،خۆش | وەشمسیۆ | خۆشی دەوێ | وەنی | قەزوان |
| ورازۆش | دەیدوورێت | ورەشۆش | دەیفرۆشێ | وینۆ | دەیبینێت |
| وێت | خۆت | ویر | بیر | وینمێش | دەیبینین |
| ویندێ | دەیبینن | ویەرۆ | تێدەپەڕێت | وێمانە | خۆمانە |
| وێچنە | بێژنگ | وێشا | خۆیان | | |
| **ی/** | | | | | |
| یاوابێنمێ | تێگەشتبووین. | یاگە | جێگە | یانە | ماڵ، خانوو |

**ب / ٣ / لیستی ناوی هونەرمەندانی ، گۆرانی بێژی هەورامان:**

**ئـ/**

١ – ئەحمەذی نازارێ. ٢- ئەدهەم سوبحانی. ٣- ئەمین بەگو نۆتشی ٤- ئەرجومەن بیارەی. ٥- ئۆڵا شۆشمەیی. ٦- ئیسماعیل عەبدوڵاهی، هانەگەرمەڵەیی. ٧- ئیسماعیل خوسرەوی شۆشمەیی.

**ب/**

١ – بەهمەن مەردانی. ٢- بێژەن پاوەیی. پ/ ٣- پەروێز شۆشمەیی. ٤- پەیام ئیبراهیم.

**ت/**

١ – تالیب ئەحمەذ بندۆڵی. ٢- تۆفیق زاوەری. ٣- تەها خوسرەوی شۆشمەیی. ١٩٦٦ز. –

**ج/**

١ – جەلال هەرسینی. ٢- جەلال سەوڵاوایی. ٣- جەمیل هەورامی ، نەوسویی١٩٤٦ز.- (٣١٥)

٣- جەهانبەخش ، پەخشە ، غەفوری. ١٩٥٢ز. –

**ح/**

١ – حاتەم خالیدی، کەیمنەیی. ٢- حاجی یاقوب. ٣- حەمەو حاجی گوڵپی.

٤- حەمەحسەین یوسف کەیمنەیی. ٣١٦ ٤/ ب – حەمە جافر نۆتشەیی .

٥ – حەمەحسەین خواشتی.٣١٧ ٦- حەمەحسەین وڕایی. ٧- حەمەحسەین عەبدوڵا تەوێڵەیی ٨ – حەمەخان گوڵپی. ٩- حەمە و بەخشەی. ١٠- حەمەکۆر نۆتشی حەداد.

١١- حەمەڕەشید سلێمانی. ١٢- حەمە عەلی خاوەر ئێڵانپەیی. ١٣- حەسەن ئۆڕەحمانە سیاوی جە هۆرامانو تەختی. ١٤- حسەین ڕەحیم نارنجڵەیی.

---

٣١٥ – یەکێ لە هونەرمەندە دیارییەکانی هەورامانە ، لە شارۆچکەی نەوسود هاتوەتە دنیاوە. لە ١٩٦٩ز. گۆرانییەکانی لە ئێسگەی کرماشانەوە بیسراون. لەگەل هونەرمەند عوسمان هەورامی گەلێک ئاهەنگیان لە حەفتاکاندا پێکەوە سازداوە ، وە نەواریان بە هەورامانی هەردوودیودا بڵاوبووەتەوە.

٣١٦ – لە دێی کەیمنەی سنووریی ، هەورامانی لهۆنی دیوی ئێران هاتوەتە دنیاوە. بە مەزەنە تەمەنی لە سەروی ٦٠ ەوەیە. برایانی کەیمنەیی لە ئێستگەی کرماشانەوە ، ئەم یەکێکیان بووە. لە ئەنجامی شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق و ئێران ، دێیەکەیان سنوورییە ، نزیک بیارەیە ، شاڵاوی شەڕ چۆڵی دەکات ، ئەم ماڵی هونەرمەندەش باردەکات بۆ سەوڵاوای خواروی مەریوان ، جارێکیش ئاوارەی کوردستانی ئێراق دەبێت ، لە شاری کەلار دەگیرسێتەوە. لێرە گۆرانی: سەلێ سەلێ دەچڕێت. ناوبراو ٩ مندالی هەیە ، سیروانی کوڕی ، ڕچەی هونەری گۆرانی وتنی گرتووە ، ئەمەش گرنگی گوێ پێدانی ئەم بنەماڵەیە پیشان دەدات بۆ هونەر. شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق و ئێران ، دێیەکەیان سنوورییە ، نزیک بیارەیە ، شاڵاوی شەڕ چۆڵی دەکات ، ئەم ماڵی هونەرمەندەش باردەکات بۆ سەوڵاوای خواروی مەریوان ، جارێکیش ئاوارەی کوردستانی ئێراق دەبێت ، لە شاری کەلار دەگیرسێتەوە . لێرە گۆرانی: سەلێ سەلێ دەچڕێت. هەندێک لەم زانیاریانە لە گۆڤاری ژمارە٤٨ ی ڕامان ، هەولێر ، بە پێنووسی، جەلیلی عەباسی قەقنەز وەرگرتووە ، سوپاس بۆ هەموویان ، نموونەیان زۆربێت.

٣١٧ – خواشت: دێی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە. نەخشەی ل. ١٨٣ ئـ/٢. ئەمساڵ ٢٠١٩ز. بە ڕەحمەتی خوا چووە.

**خ/**

١ – خەشیار مەولودی. **د/** ١ - دارا محەممەد عوسمان.( ٣١٨) ٢- داود حەمە سەلیم تەوێڵەیی. ٣ – دڵسۆز خالیدی. ٤ - دڵشاد ئەدوایی.

**ڕ/**

١ – ڕەحمان تەوێڵەیی. ٢- ڕەحمەت عەزیزی. ٣- ڕەحیم هەجیجی. ٤- ڕزگار فەتاحی، شۆشمەیی.( ٣١٨) ٥- ڕزگار گەچێنەیی ٦- ڕەمزی بەڵخەیی

**ز/**

١ – زاهیر ناوخاسی. **س/** ١- ساڵح محەممەدی. ٢- سەباح هەورامی. (٣١٩) ٣- سەرباز ئەمین پاوەیی. ٥- سەعدی نەوسویی ، کوڕی جەمیل نەوسوییە. ٧– سەیوان خالیدی. ٨- سیروان خالیدی هەردوو کوڕی حەمەحسەین کەیمنەیین. ٩- سیروان لهۆنی.

ش/

١ – شەفیع کەیمنەیی ، محەممەد خالیدی. (٣٢٠ ) ٢- شەوکەت مەولودی.٣- شەهرام یاری.

**ع/**

١ – عادل هەورامی، تەوێڵەیی. ١٩٧٣ز. - (٣٢١) ٢- عارف بیارەیی.

---

٣١٨ - ١ / ٧ / ١٩٥٦ز. مامۆستا دارا ، لە دێی بەڵخەی هەورامانی دیوی ئێراق ، هاتوەتە دنیا ، هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە کە هێشتا لە یانەی مامۆستایانی سلێمانی دەیخوێند ، ناوی درەوشاوەتەوە. ئەوەی من لە هەندەرانەوە هەواڵیم زانیبێت ، لە ١٩٧٧ز. دا گۆرانی هەی بەناز و ١٩٨٠ ڕێحانە... ی وتووە. هونەرمەندێکی بە ئاگای ئەکادیمییە. جێ دەستی دیارە لە پێشەوە بردنی ، هونەر و کەلتوری هەوراماندا.

٣١٨- دوای ١٩٧٨ز. هاتوەتە دنیاوە ، چەند ساڵە لە فنلەندە دەژیت ، شایەنی باسە لەگەڵ خێزانەکەی ، ناهیدە خان و کیژەکەی دەریا ، خێزانێکی هونەرمەندیان پێکەوە ناوە ، کە پلەی پێشڕەویان هەیە ، لە ڕیزی ئافرەتانی ، هونەرمەندی هەورامان دا.

٣١٩ – ناوبراو کوڕی حەمەحەسەنی خارگێڵانەییە ، لە ٧/١ / ١٩٦٣ز. لە دێی خارگێڵانی ، هەورامانی دیوی ئێراق ، هاتوەتە دنیا.( ل.٢٧٣ دووەم دێڕ). دێیەکەی لە نێوان هەڵەبجە و بیارەدایە. ئامادەیی کشتوکاڵی لە بەکرەجۆی پاڵ سلێمانی تەواوکردووە. هەرچەند سەردەمی ١٩٧٨-١٩٩٢ز. هاوکات بووە لەگەڵ نەهامەتیەکانی ناوچەکەدا ، بەڵام بە لێهاتویی خۆی توانیویە خۆی دەربخات ، خاوەنی ئەم ئاوازانەیە: ئازیز وەگیانت. ئامان شلێرگیان. من مەریوانی. سروەگیان. کەشەوان. گەلە گیان. سەرشینو تازەی... خانەوادەی هەیە ، ئێستە لە شاری هەولێر دەژین. وێنەیەکی ١٩٩٥ز. لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدین هەورامی لە دواوە پیشان دراوە. لە هاوینی ١٩٩١ دا، لە پاوە لە گەڵ مەولودی شۆشمەیی کاسێتێکی یەک سەعاتییان کە هۆنراوەی نووسەرن ، بۆ تەقاندنەوەی هەورامانی دیوی ئێراقی نووسیبوون ، بڵاوکردەوە. لە ٢٠١٣ز. دا ، کۆچی دوایی کرد.

٣٢٠ – یەکێکە لە سیانەکەی برایانی کەیمنەیی ، لە دێی ناوبراو هاتوەتە دنیا ، پاش وێرانی جەنگ ، کۆچی کرد بۆ سنە. گۆرانی خاڵداری و قاسمخان گۆرانی ئەمن.

٣٢١ – هونەرمەندێکی زوو هەڵکەوتووە. لە کۆتایی نەوەدەکانەوە ئەستێرەی درەوشاوەتەوە. دەبێت سوپاسی ئەو مۆسیقا ژەنانە ، بکرێت کەلە پشتی هونەرمەندەوە بوون ، بۆ دەرکردنی یەکەم و دووەم سێدێی سەرەتاکە. کە ئەوی ناساند. خاوەنی گۆرانی نوێی ، بە مۆسیقاوەیە ، وەکووجافی جوانڕۆ. نەوا. مەجنون. پەروانە...

٣- عەباسی کەمەندی.(٣٢٢) ٤ – عەتا زەڵمی. ٥- عەلی حەمەخان زەڵمی. ٦- عەلی گوڵپی. ٧- عەلی مەولودی ، ئەلیلە نەوسویی. ( ٣٢٣) ٨- عەلی حاجی خدر تەوێڵەیی. ٩- عوسمان هەورامی گەچێنەیی. (٣٢٤ ) ١٠ – عومەر خوسرەوی شۆشمەیی. ١١- عەینەدین زەڵمی.

**ف/**

١ – فاتیح سۆهرابی، بێدەنوارینی. ٢- فەتحوڵای ئەمینی. (٣٢٥) ٣- فەرزاد ئەمینی، دەوری ١٩٧١ز. ٤- فەرزاد خوسرەوی شۆشمەیی. ٥- فەرزاد تەشاری.

**ک/**

١ – کامیل مەولودی. ٢- کەریم هاواری. ٣- کەیوان ئەمینی.

١ – لایەق ئیبراهیم خانەگایی. **م/** ١- مستەفا حەمەلاو تەوێلەیی. ٢- مەجنون کەیمنەیی.(٣٢٦) ٣ - مەولودی سەلیمی شۆشمەیی. بەمەزەنە لە دەوری ١٩٦٥ز. هاتوەتە دنیا.

**ن/**

١ – نەجمەدین هەورامی .( ٣٢٧ ) ٢- نازم هەورامی ، تەوێڵەیی. ١/ ٧/ ١٩٦٧ز.-

---

٣٢٢ – بە مەزەنەی من لە ستانی کوردستان ، لە ١٩٥١ز. هاتوەتە دنیا. بە هەموو واتایەکی پڕ بە پڕی وشەکە ، هونەرمەندە. خاوەنی کەسایەتییەکی بەرزە ، خاوەنی چەندەها ئاوازی نوێی دڵ کێشکەرە، کە لە هزردا کۆن نابن. لە هەشتاکاندا بوو نامێلکەیەکی باخەڵی ٤٠ لاپەڕەیی بە فارسی بڵاوکراوەوەشم دیوە… لە ٢٢ / ٥ / ٢٠١٤ ز. بەر ڕەحمەتی خوا چوو.

٣٢٣ - ئەم هونەرمەندە ڕەحمەتییە ، هی ساڵەکانی پەنجاکان و نیوەی شەستەکانە ، زۆرباش لەدەنگ خۆشی دەکرێت ، زۆری ئەو گۆرانیە کۆنانەی وتراونەتەوە ، ئەو لە فەوتان پاراستوونی.

٣٢٤ – ( ١٤/ ٦ / ١٩٩٦ز. ئەم زانیاریانە دەربارەی ئەم هونەرمەندە ، لە هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا فەرید ئەحمەد تەوێڵەیی پێگەییوە : هونەرمەندی ناوبراو لە ١/ ٧ / ١٩٣٥ز. لە دێی کەیمنەی هەورامان هاتوەتە دنیا ، دایکی خەڵکی تەوێڵەیە. لە ئاستیا شەجەریانی هونەرمەندی ئێرانی پیایا هەڵیداوە و وتویە: من تا وەک ئەو نەتوانم سیاوچەمانە ، بچڕم ، لە ئاستیا هیچ نیم ! ناوبراو لە ئاستی پۆپەدا ، ڕیزی دەبینرێت. لە ئاوەزەکانی: دڵە ڕۆڵەگیان. هۆرێزە جە خاو. ئامینە نازەنینە. دووربینم کێشا. هۆ ڕابە.) ئەم هونەرمەندە بە پردێك دەزانم بۆ گەیاندنی ئاوازە کۆنەکان بە هونەرمەندانی نوێ. لە ٣ برایانی کەیمنەیی ئەمیش یەکێکیانە ، کە لە ڕادیۆی کرماشانەوە لە ١٩٦٠ – ١٩٧٩ز. دەوری خۆیان هەبوو… لە ئێران لە نەوەدەکانا ، دەرمانخواردوو کراوەو ! دەنگە خۆشەکەی تێکچوو ، وازی لە گۆرانی وتن هێنا.

٣٢٥ – لە دەوری ١٩٥٢ز. ی دا ، لە دێی بێڵەیی جوانڕۆ ، هاتوەتە دنیا. هەر بە بڵاوکردنەوەی یەکەم گۆرانی ، (کۆنە هەواران ) ی دا لە ئێسگەی کرماشانەوە ، ئەمی بە هونەرمەند ناسان !. خاوەنی ئەم ئاوازانەیە: خاڵ سیاوگیان. ئەی کەڵی مل بەرز. کراسەکەت حەریرە. کەمەرە. عیدەن.
لە جوانڕۆ لە ئێران دەژیت.

٣٢٦ – ئەم ڕەحمەتییە برای شەفیع کەیمنەییە ، وام بیستووە لە کۆتایی شەستەکان دا ، لە هەڵەبجە دەرمانخوارد کراوە!.

٣٢٧ - ١/ ١ / ١٩٩٧٤ز. لە تەوێڵە هاتوەتە دنیا ، تا پۆلی نۆی خوێندووە. خاوەنی ئەم ئاوازانەیە گوڵە وە بانانەوە. کراس ڕەش. ئەو فرمێسکانە. شەماڵ ئامانۆ… .

٣ – ڕەحمەتی نەسرەدین خەرپانەیی. ٤- نەسرەدین حەمەسەلیم تەویڵەیی ١٩٤٨ز.-
٥ – ڕەحمەتی نەسروڵا کەیکاوس، ناسکۆل.(٣٢٨ ) ٦- نەوزاد سەرگەتی ، نەسروڵا.

**و/**

١ – وەهبی سۆسەکانی. ٢- وەیسی تەشاری. هـ / ١- هادی ئیسماعیلی.

---

**ل/**

٢- هۆمەر لهۆنی. ***ی/*** ١ - یەعقوب ، یاقۆب سۆسەکانی.

**ب / ٤ / یۆسۆ ، یوسف ، ئاسکەی هەورامی. ١٥٨٧ز. – ١٦٣٣ز.**

ئەم هونەرمەند و هۆنەرە ، هی خان ئەحمەدخانی یەکەمی ئەردەڵانی ل. ١٩٠ بووە ، لە دەربەندی زەڵم( دڵدەم) ، ل.٢٦٩. هەورامانی دیوی ئێراق دا، ژیاوە. کەلەم کاتەدا پایتەختیان هێشتا نەگوێزراوەتەوە ، بۆ پاڵنگانی هەورامانی دیوی ئێران.
ئەم باسە لەسەر ئەم هونەرمەندە هەیە: ڕۆژێک یۆسۆ ، گۆرانی دەڵێت بۆ خێزانی خان ، ئەویش لەم کاتەدا دێتەوە ، لە جێی هۆنراوە ئەوینیەکانی ، کە لە ناو گۆرانیەکەدا بەکاری هێناون ، خێرا دەیانگۆڕێ بۆ هۆنراوەی پێچەوانەی یا سەیرە سروشتیانە ! کە واتای دوو نیوە دێڕەکە ، پێچەوانەی یەکترین: ٣٢٩

( ژەرەژان ، بەحر ؛ ماساوا جە ، کۆ
مەرەزەو دەیمی ، پاراو ، کەما و لۆ
فەنذە منالۆ ؛ وە چل مەن ، بارۆ
وشتر مچریکنۆ ، وە سەر چنارۆ
قالاو مقرنۆ ، وە شارەزوورا
ئافەرین شاهۆ ، پەی گوولە پەمەیت).

واتە : کەوەکان کە جێگەیان کوێستان و ناو شاخانە ، دەیانبات بۆ ناو دەریا !. ماسیەکان ، کە لە ناو دەریان ، دەیانبات بۆ شاخ !. مەرەزەی ئاودار ، کردوویە بە دەیمی! . لۆ و کەما ، گیای کوێستانین بۆ ئاژەڵان ، لە خواردنە چاکە گرانەکانن ، لە وەرزی باران دا سەوز دەبنەوە ، یا پێدەگەن ، کەچی لێرەدا ئەم دەڵێ بە ئاودانە !.
فەنذە: چۆلەکەیەکی بچووکە ، ئەم ٤٠ مەن باری لێناوە. دەنگی بۆڕەی حوشتری کردووە بە چریکەی چۆلەکە!. قالاو ، باڵندەی کوێستانە ، هێناویە بۆ شارەزوور . پەمەوو

---

٣٢٨ – ١٩٢٧- ١١/١٥ / ١٩٨٠ز. لە تەوێڵە هاتوەتە دنیا ، لە بەغدا مردووە ، هێنراوەتەوە لە تەوێلە نێژراوە. بە بۆچوونم یەکەم هونەرمەندی هەورامییە لە کوردستانی ئێراق دا ، کە لە ئێسگەی کوردی بەغداوە لە لە کۆتایی پەنجاکانەوە ، گۆرانی چڕیوە. لەوێ زیاد لە ٧ گۆرانی تۆمارکردووە ، وەکو: بەلەنجە بەلەنجە ، گوڵ حاجی مریەم.
٣٢٩ – بە سوپاسەوە ، ئەو ٣ دێڕەم ، لە مامۆستا فەرید ئەحمەدەوە پێگەییوە.

کشتوکاڵی دەشتە ، وەک شارەزوور . ئەم دەڵێت: ئافەرین شاخی شاهۆ ، کە ٣١١٨- ٣٦٠٠ م. بەرزە بۆ ئەو پەمووەی بەرهەمی دێنیت!.

مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی لە کەشکۆڵەکەی لەندەن دا،: هەشت دێڕ هۆنراوەی یۆسۆی بڵاکردووەتەوە. ٣٣٠ ئەمە سێ دێڕیەتی:

| | |
|---|---|
| وەنەت مالووم بۆ ، نوور دیدەو من | مایەو زیندەگی ، بەرگوزیدەو من |
| ئەر خوذا مازۆ ، خان ، نام وەر | چوون یۆسف جە چاهـ ، ماوەرۆم وە بەر |
| ئەو سەبە کۆری ، ڕەقیبمان ڕەد | من ئەو: یوسفم ، ئەو : خان ، ئەحمەد |

دەنگۆیەک لەسەر کەینوبەینی یۆسۆ و هاوسەری خان ، کڵاوزەڕ ، دەگێڕنەوە:
بە دێڕی یەکەم دا ، دەڵێی وایە و بەویەتی. خان ڕق لە یۆسۆ هەڵدەگرێت ، دەیخاتە زیندان ، یا چاڵ یا دەڵێن خستوویەتیە چینی دیوارەوە... لە دێڕی دووەم دا ، یوسفە و کەوتوەتە ، بیر ، یانی گرتنەکەشی ڕاستە . ئەم خانەش زۆر مزیرو پیاوکوژ بووە ، نام وەر : مانایەک ، زیاتری هەیە ، ناوخۆر ، کەس کوژ ، وەک یۆسۆی خواردبێت ، یا پرشنگ خۆر..
لە دێڕی سێیەم دا:
بەهۆی هۆیەکی کوێرانەی ناحەزانەوە ، من کرامە یوسفەکەی ناو بیرخراو و ئەویش هەر خان ئەحمەد خانە.

## مۆسیقاژەنانی هەورامان :

١ – خەیام ئەحمەدی کوڕی جەمال کەیخەسرەو بەگی شۆشمێی خواروو = ئێران. لەگەڵ سێ برایدا بە ناوانی ، ئەرسەلان ، پەیام ، موهاجیر ، تیپێکی مۆسیقی خێزانیان لە ڕوانسەر، پێک هێناوە. لەبەر شەڕی ٨ ساڵەی ئێراق و ئیران ، دێیەکەیان وێران دەبیت ، ئاوارەی ناوەوەی ئێران دەبن ، ڕژێم تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ز. یش نەیهێشتووە ئاوەدان بکرێتەوە.
٢ – زوبیر داودی. بە شمشاڵ. ٣- جەعفەر محەممەدی. ٤- هۆمەر بەگی بەکربەگی شۆشمێی خوارو. بە شمشاڵ.٥- فاروق ئازیز.

## ب / ٥ / سروودی لاواندنەوەی سیاوچەمانە :

گۆرانییە خاوەکانی کوردستانی مەزن:
لاوک ، حەیران ، هۆرە ، سیاوچەمانە ، قەتارەکانی کوردیی... ئەگەر بیانگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆنی ، پێش و پاشی زەردەشت. ئەوانە سروودی دینی بوون چرپویانن. با ئێستە بە هۆنراوەی ترەوە بیانچرن و ناویان بەرن.

هوونەری گۆرانی سیاوچەمانە:
١ – سیاوچەمانە ، ئاوازێکی شێوە سروود ، یا لاواندنەوەی تایبەت بە هەورامانە. بێجگە

---

٣٣٠ - ئەنوەری سوڵتانی ، س. ک. ژ. ١٥ ل ٣٢٦.

سروودەکانی ئاڤێستای زەردەشت پێغەمبەر ، پەندەکانی پیرشالیاریشیان پێ چڕیوە. لەسەردەمی ئێستادا گۆرانی شێخانە ، یا داد لە دەست زەمانە.. لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.
٢ – سیاوچەمانە ، یەکەم ئاوازی گۆرانی ، خاوی ، ئەم ناوچەیە یە. دەڵێن ئەم وشەیە لە سەرەتادا ، سیاو ، جامە یا جامانە: کراس ڕەش ، کراسە ڕەشەکان. بووە.

دوو لیمۆو وەش بۆ ، تەرحەو شەمامە
جمەجمشانە ، نەیەخەو جامە — مەولەوی —

: دوو لیمۆی جوانی ، وەک شەمامە ، لەرەلەریانە ، لەیەخەی کراسەکەوە ، یا لەژێر کراسەکەوە. ئەو کراس ڕەشانە زۆربوون ، گشت خەڵکی ناوچەکە ، یا وڵاتەکەی گرتووەتەوە. کۆستێکی گەورەی هەموو خەڵک کەوتووە. بۆیە هەموو جلی بۆ ڕەشکردووە= تازیەی بۆ گرتووە. ئیتر ئەو کۆستە تەفروتونا کردنی ، دینی زەردەشتی بووبێت؟ یا مردنی پیرشالیارێک ، یا سان ، ... ێکە.

٣- سیاوچەمانە ، بە سەیری هۆنراوەی نوێی ، هۆنەرانی ئەم سەردەمەی ئیمە ، بە چاوڕەشان ، لێکی دەدەنەوە. چەم: بە پیتی( چێ ، چ) وە ، چاوە. جامە: بە (جێ ، ج) کراسە.
سیاوچەمانە ، سیاوچەمانە
بەهەشتی عەشقە ، ئەم هەورامانە - عەبدوولا گۆران-

٤ – سروودی سیاوچەمانە ، چڕینێکی زەحمەتە ، بریتیە لە ، لەرینەوەیەکی ، بیندرێژی، تاڵەکانی یا ژێیەکانی گەروو ، بەجۆرێک وشەکانی هۆنراوەکە ، لەگەڵ بینخواردنەوەکە دەجوورێت. یا دەتوێنرێتەوە یا تیکەڵ دەبێت. گوێگری نائاشنا بەم جۆرە گۆرانیە ، نازانێت هۆنراوەکە چییە ، یا هونەرمەند هیچ وشەیەک دەڵێت؟!.
هەموو هونەرمەندێک ناتوانێت ئەم گۆرانییە بچڕێت. هەر کەس توانی ؟ بێ تاقیکردنەوەی ، مێدالیای هونەرمەندی لایەقە.

**ناوی هەندێک لە ، ئاوازەکانی سیاوچەمانە ، کۆن و نوێ:**

<u>کۆن:</u>

١- ئای شەوەنە. ٢- ئایش داذ. ٣- ئەی خاڵ. ٤- باوانم باوانم. ٥- پێچە پێچەکان.
٦ – چیبکەم. ٧- حەلیم داذ. ٨- خانمەلێ ئاخ لەیل. ٩- خاڵۆداذ. ١٠- خواڵە وەی.
١١ – دەرەیی. ١٢- سەیاذ. ١٣- عەرعەر گیان. ١٤- کەژاڵ گیان. ١٥- کنا سەرەکەو وێت.
١٦ – لاوە لاوە. ١٧- مینالێ. ١٨- مەمەکاڵ. ١٩- ولە هەنار گیان. ٢٠- هەوری لە مل.
٢١ – هام دەرد.

<u>نوێ :</u>

١ – پەسەک ، مامۆ ئایزەی تەوێڵەیی ، ئەم ئاوازەی داناوە. ٢- حاجی یاقوب ، بە ناوی خۆیەوەیە. ٣- خاڵ خەنەین ، ئاوازی حەمەئەمین جوانڕۆییە ، خزمی هونەرمەند،

فەتحوڵای ئەمینییە. ٤- سۆفی حەمە ، بە ناوی خۆیەوەیە ، باوکی هونەرمەند شەفیع کەیمنەییە. ٥ – خواکەرەم ، بەناوی خۆیەوە. ٦- عەتیلیٚ.

**جۆرەکانی گۆرانی هەورامی.**

**ئـ /** گۆرانی ، سیاوچەمانە ، باسی کرا.

**ب /** گۆرانی ، گەرم. ئەم ئاوازانەم بیستووە:

١ – ئامەکە و ئامینم. ٢- ئای کەنی. ٣- ئای نەخشانم. ٤- بەرزی کاڵە بەرزی.

٥ – بیمارم. ٦- خەجیٚ خەجیٚ. ٧- ڕێحان ڕێحانە. ٨- شیرین هەلامە. ٩- عەللەکە.

١٠ – عەمرم پەروانە. ١١- کچکەناز. ١٢- کرمانە کرمانە. ١٣- کۆڵان بە کۆڵان.

١٤ – مەگری مەگری. ١٥- لەرزان لەرزانە. ١٦- لوانیٚ قاسمخان. ١٧- وەی وەی.

**پ /** گۆرانی خاو: ئاوازی گەڕیان. لەگەڵ هەڵپەڕکێی خاودا دەوترێن:

١ – چاوڕەشەکاڵیٚ. ٢- ڕەعناخان. ٣- زەنگیانە. ٤- شیرینە و شەماڵ. ٥- هاوار لەیل.

**ت /** گۆرانی شێخانە: ئەمیش خاوە ، سەردەمی نوێترە لەوانی تر:

١ – گولەکەم عەلی لەیل. ٢- یا کۆسەو هەجیجی.

**ج /** گۆرانی بووک گوێزانەوە ، بە ڕۆشتن یا بە سواری: ١- باذە و باذە. ٢- بۆ تۆرش کەرد؟.

**ب / ٦ / ڕاو : کەڵ و کەو.**

ڕاو:

ڕاو بە هەموو جۆرەکانیەوە ، لە هەر وڵاتێک و لای هەر نەتەوەیەک هەبووە و هەیە. لە ل ٢٥٦ باسی پلانێک بۆ ڕاوکردن کراوە ، پێویستە دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق پلانێکی ئاوا پەیڕەو بکات ، تا گیانداران لە شاخانی کوردستان نەبڕێنرێنەوە ، شەڕی ئێراق لەگەڵ کورد ١٩٦١- ٢٠٠٣ ، وە ئێران و ئێراق ١٩٨٠- ١٩٨٨ز. زۆری لەناوبردوو و ڕەویان پێکردوون ، ئیتر ڕاوکەرانی بەرەڵای ، خۆویستی ، سەربە دەسەڵات ، بابووەستێت.

شاخ بە گیاندارەوە جوانە ، بوونی گیاندارانی کێوی ، بیر ئاسوودە و بیٚ خەم دەکات ، یانی ئەو ناوچەیە هێشتا ، جێگەی ژیانێکی تەندروستییە. نەمانیان یا ڕەویان؟ لە خۆیەوە نییە ، لە بەشەر ژیر ترن ، ترس و بۆنی بوومەلەرزەو ، کارەساتی وێرانی پێوەیە!. خواش فەرموویە: گیانداران نەتەوەن وەک ئێوە.=( أمم أمثالکم. ) کەواتە بە سووک سەیرکردنی هەندیٚ لەوانە ،وەک ، کەر و بایەقوش.. گێلی بەشەر دەردەخات. هۆنراوەی ل. ٤٧٩ /٣ هەر. بخوێنەرەوە تا بزانیت ، لە کەر ، کەرتریش نییە؟.

ڕاوکەرانیش کۆمەڵێ خەڵکن پێویستە ، مەرامیان ساڵی جارێک ، لەبەرچاو بگیرێت ، لە پلانێکی ڕێکوپێک دا.

ڕاوە کەڵ:
کەڵانی کێوی بزن ، گا ، دڕندەش پڵنگ ، گورگ... لە کوردستاندا هەن ، چەند کەس پێکەوە دەڕۆن بۆ شاخێک ، پێویستی خۆیان بۆ چەند ڕۆژ لەکۆڵ دەنێن. لە شاخەکە دابەش دەبن یەک دووانێک بۆ پۆپەی شاخەکە ، هەروەها ئەوەنەی تر بۆ ناوەڕاستی و خواروی ، دابەش دەبن. هەموو بۆ یەک لادەڕۆن ، وەک ڕۆژهەڵات بۆڕۆژئاوا. بە هێواشی و وریاییەوە دەکەونە کێومالی. ئەگەر کۆمەڵێکیان لە گیاندارێک تەقەی هەستان؟ ئەوانی تر خۆیان مەڵاس دەدەن ، بەڵکوو ئەگەر ڕایانکرد ، بۆلای ئەمان بێن... لێیان دەکوژرێت و هەرلە شاخ دەیبرژێنن ، ڕۆژێك بە خۆشی تێدەپەڕێنن ، بە پێی ئایەتەکەی خوا ، لەسەرەوە ، ئەی ئەو گیاندارانە ، خاوەنی ژن و منداڵان نیین؟ ئەی حەزناکەن لە وڵاتی خۆیان دا ، ژینیان بە خۆشی تێپەڕێنن؟... ئەی ئێمەش سەدام نین ، ئەنفالیان دەکەین؟.

ڕاوە کەو:
کەو ، لای هەورامانییەکان ، باڵندەیەکی خۆشەویستە ، لە لادێیەکاندا لە زۆر ماڵ دا دەبینرێت. هەندێک بۆ ئەم باڵندە جوانە ، بێ ئاگایە ، ناو و ناتۆرەی خراپیان هەڵبەستووە ، کە وا نییە:
هەر کەوێکی تر بێتە وڵاتەکەی ، داگیرکەرە. بە شەڕ بۆی دەچێت ، یا دەیکوژێت یا دەم لە دووا دەیگێڕێتەوە. ! یانی دەبێت ئاوا وڵاتان خۆش بوویت ! نەک ئەمەی ئێوە بۆتان دروست کردووە: کە کەو خۆ خۆرە. کوردی پسپۆڕ لە خۆخۆری دا ، دەرسی دا داوە، سەردەمی من ، شەستەکان جەلالی و مەلایی ، ل. ٥٤/ ٢٠٨ . وە هی تۆش لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان دا. یەکێتی و پارتی و ئیسلامی و موستەشار و جاش چییان کرد بە خۆخۆری کورد؟! .
لە کەو خۆشەویستی نیشتمان فێربن ، وا ٢٠١٨ ز. ش ، ڕۆشت ، کوردستانت ئازاد نەکراوە!.
جۆرەکانی ڕاوە کەو:
{ ١ – شەڕە بەق. ٢- چێڵکڕ. ٣- دێوجامە. ٤- سیپە. ٥- کۆپڕ. ٦- داو ، تەپکە}.

١ – شەڕەبەق:
بەق ، یانی نێرەی کەو. کاتەکەی لە ١٥ /٢ / بۆ ٣١/ ٣ / ی ، هەرساڵێکە. لەبەر ئەوەی وەختەکەی ، بەرەو سەرەتای بەهارە ، لە باری سروشتی و شێوەکەیەوە لەوانی تر لای ڕاوچییان خۆشترە. بەیانی زوو مەلابانگدان ، کەوە ڕاوییەکە ، کە لە ماڵەوە ، لە ناو قەفەزەکەیدایە ، هەروا دەیخەنە ناو تۆشەبەرەیەکەوەو دەپێچرێتەوە ، تا دەر نەبینێت ، با بزانێت هەر شەوە ، نەک دەس بە خوێندن بکات.
کۆڵیت یا داوگا ، سەنگەر یا جاسوسگە ، بۆ خۆ تیاشاردنەوە ، کە زووتر لە بەردو گەڵا

و پارچە دروستیکردووە ، یا هی سالآنی پێشوو ماوە ، ئەم تۆزێ دەستی پێدادەهێنێت.
کەوەکەی لە ناو تۆشەبەرەکەی دەردەهێنن ، لەسەر دار یا لەناو لقەکانی دا، کەوەکە قایم دەکرێت ، تا لە کاتی خوێندن و جوولآنی دا تل نەبێتەوە. خۆی لە کۆڵیتەکەدا ، مات دەکات. هێشتا خۆر نەکەوتووە. کەوەکەی ئەم دەستدەکات بە خوێندن.
چۆلەکەیەکی بچووک بەناوی *دووکڵە* ، لە پێش هەموو گیاندارانی ناوچەکە ، لەخەو هەڵدەستێت ، دەخوێنێت. پاش ئەو کەو و باڵندانی تر هەڵدەستن. دەفڕن = فجوق دەکەن.
کەوی تری ئەو ناوچەیە دەنگی کەوی ڕاوکەرە دەناسن ، بێگانەیەک هاتووەو وڵاتیانی داگیرکردووە ! دێن بۆ دەرکردنی لەوێ ، یەکەم جار نازانن ، لەسەر دارەکە قایم کراوە ، یا ئەمەماڵییە و فێڵی لێکراوە. لە بنی درەختەکەدا کە ئەوی پێوەیە ، دەنیشنەوە و دەسدەکەن بەچیقەو پیقەو چریکە... ڕاوچیەکە لە کوونی سەنگەرەکەیەوە دەیانبینێت ، بە چەکی ڕاوی تاپڕ ، ساچمەزەن ، وەرەندڵ... تەقەیان لێدەکات ، ڕاودەکرێن. ئەم ڕاوە دەکرێت ئێواران پاش دنیا فێنک بوونەوەش بکرێت.
ئەم ڕاوە لە گەرمیانەوە بەرەو کوێستان دەچێت ، یانی لەوێ زووتر پێدەگات . کەوەکان لە ڕەودان ، بە ڕێوەن بەرەو کوێستان ، بەرەو هەواری بەهار و هاوین و نیوەی پایزیشیان دەرۆن. بەم جمانە لە هەورامان دەڵێن ، ویار.

٢ – چێڵکڕ:
چێڵ: مێیەی کەوە . کاتەکەی لە ١٥/ ٥ / بۆ ١٥ /٦ / ی، هەرساڵێکە. یا لە کۆن دا هەروەخت داری گوێز هەڵاڵەی کردبیت ؟ دەستکراوە بەم ڕاوە. ماکەوەکانی شاخ لەم کاتەدا لەسەر هێلکە کڕکەوتون . یانی نێرەکان یا بەقەکانیان بێ ، ما ، کەون. کە ماکەوی ڕاوکەرەکە خوێندی؟ نێرەکان دێن ، بۆ دەرکردنی یا دەسەمۆکردنی ، ڕاوچییەکە ڕاویان دەکات.

٣ – کۆڵیت:
کاتەکەی سەرەتای پایزە ، ١/ ٩ / بۆ ١٥/ ١٠ /ی هەموو ساڵێکە. لەسەرەوە باسی کۆڵیت کرابوو ، لە نزیک کانییەکان دروستدەکرێت یا هی زوو هەیە. کە گەرمای هاوین کەم بووەوە دنیا فێنک دەبێت ، کەو بەیانیان دێن بۆ سەر کانیاوەکان ، بۆ ئاوخواردنەوە. لەم کاتەدا ئاوی کانیاوەکان وشک یا کەمی کردووە ، بۆیە بە پۆل ڕوودەکەنە کانیاوێک. ڕاوچییەکە لەناو کۆڵیتەکەوە ڕاویان دەکات . ئەم جۆرە ڕاوە ، کەوی ناوێت ، ڕاوچی لەگەڵ خۆی بەرێت.

٤ – دێوجامە:
پارچە قوماشێکی چەند ڕەنگە ، یا پارچەی چەند ەنگ لێ دراوە. دوو کوونی تێدەکرێت ، لە ڕێکی چاوەکانی دا، وە یەکێێ بۆ قەرەوڵی تفەنگەکەی. گەر وێنەی دار و گیاندارانی لەسەرکرابێت ؟ یا کەوڵی سمۆرە و ڕێوی... پیا هەڵواسرابێت؟ سەرنج ڕاکێشترە بۆ کەوە کێویەکان. ئەو پارچە قوماشە گەورەیی ، بەقەدەر شاردنەوەی لاشەی ڕاوکەرەکە ببێت تا

خۆی لە پشتی دابشارێتەوە. بە چیلکەی باریکەوە قایم دەکرێت ، تا سووک بێت بە دەستی چەپ هەڵ بگیرێت. ڕاوچی لەبەردەمی خۆیەوە دەیگرێت ، تا کەوەکان نەیبینن. کەو ئەو وێنە سەمەرەیان بینی دێن بۆی ، بێگانەیەکی سەیر ، دێوێک، [۱]هاتووە وڵاتیانی داگیرکردووە. ڕاوکەرەکەش ڕاویان دەکات.

٥ – سیپە:
کاتەکەی وەک شەڕە بەقە ، بە پێی چاودێری و تاقیکردنەوەی شارەزایی ڕاوکەر ، لە ناوچەکەی ، لە کاتی ویاردا ، واتە هاتنەوەی ڕەوی کەو بەرەو کوێستانو نێشتنەوەیان بۆ پشوو و لەوەڕ.. سیپە ، بریتیە لە پەرژینێک ڕاوچی لە لاپاڵەکاندا ، لە خوارەوە بۆ سەر لووتکەی گرد یا شاخەکە ، لە خوارەوە نزمە بەرە بەرە بەرز دەکرێتەوە. کە کەوەکان دەگەنە ئەو شوێنە هیلاکن پشوویان دەوێت. کە بە ڕۆشتن دەگەنە پەرژینەکە نافڕن بەسەری دا ، بە درێژی پەرژینەکە بەرەو سەرەوە دەڕۆن. لەو شوێنەدا پەرژینەکە تەواو بووە ، ڕاوچی لە کۆڵیت دا دانیشتووەو چاوەڕێیانە ، ڕاویان دەکات.

٦ – کۆ پڕ: لە ل. ٣١٠ ، باسیکراوە.
لەم مانگی شەشەدا، کەو بەچکەی کردووە ، بە هەورامی گوار ، ی پێ دەڵێن ، بە بۆچوونی من بەچکەی ئەوەندە وریا ، زیتەڵ و هار ، چەتوون.. ! بڕواناکەم هی هیچ گیاندارێکی تری بگاتێ. بە وشەیەکی ئاگادارکەرەوەی دایکی = چیقەیەکی ، لە پاڵتا خۆی گووم دەکات. دەڵێی بە زەویدا ڕۆ چوون. ڕاوچی بە هێمنی بە شاخ و دۆڵ دا دەگەڕێت ، لەبەر بوونی بەچکە لەگەڵیان زۆرن ، کە دەفڕن ، لەو شوێنەی دەنیشنەوە ، دەتوانی مەزەنەی بکەی کوێیە ؟ بۆیان دەچیت ، نزیک بوویتەوە و نەڕۆشتبن؟ یا ئەگەر بیانبینیت؟ ڕاویان دەکەیت. ئەم جۆرە ڕاوە ، مسۆگەر نییە و ڕاوکەرێکی ورە درێژی دەوێت.

٧ – داو و تەپکە:
داو: لە چەند داوی هۆنراوەدا وەک پەلکە ، لە کلک یا یاڵی ئەسپ دروستدەکرێت ، چەندان هەڵەفە ، یا گرێیان پێوەیە ، لە سەرەکانیەوە بە دوو مێخەوە قایم دەکرێت. لای
گرێیەکان دا ، دان دەڕژێنرێت ، دێن دان بخۆن ، قاچیان سودفەی گرێکان بکات؟ کە دەفڕنەوە دەیانگرێت. تەپکە:
هەڵکەندنی چاڵێکە کە باڵندەیەک ، وەک کەو یا سوێسکە. لە ناوی دا جێی ببێتەوە. دان دەکرێتە ناوی. تاوێرە بەردێک بەقەدەر دەمی چاڵەکە ، وە چیلکەیەک کە ئەو بەردە هەڵبگرێت وەک نیرگەی دەوار. وە چیلکەیەکی سێ لک ، وەک داری دارلاسیق. پیتی وای ، ئەمەی دوایی لەسەر قەراخی چاڵەکە دادەنرێت ، دارەکەی تری بە قنجی لەسەر دادەنێین ، ئەو سەرەکەی چیلکە سێ لکەکە ، باڵندەکە بەکاری دەهێنێت وەک پرد ، بەسەریا دەڕوات ، بۆ دانەکەی ناو چاڵەکە ، کە دەچێت بەسەریا ، هەردوو چیلکەکە دەجووڵێنرێن، بەردە پانکەلەکەش دەجووڵێت دەکەوێت بەسەر چاڵکەدا ، تێیدا گیردەخوات ، بەند دەبێت. ڕاوچییەکە دێت ، سەری تەپکەکە بدات ، بزانێت هیچی تێ نەکەوتوە؟ کە دەبینێت تەپیوە


، یا بەردەکە ، سەرقاپی چاڵەکە ، کەوتوە ، دەزانێ باڵندەیەک وای لێکردووە ، لەوانەیە؟ تێی کەوتبێت. تەنها چەند پەنجەیەکی دەباتە ناو چاڵەکەوە ، بەردەکە زۆر بەرز نەبێتەوە، دەرچێت ، بفڕێت. دەری دەهێنێت ڕاوەکەی سەرکەوتو بووە. دەینێتەوە بۆ باڵندەیەکی تر...
سەیر ئەم کوردەکەن تەنها بۆ کەوی جوان و بێوەی و دۆستیی ، چەند جۆرە ڕاوی داهێناوە بۆ خۆخۆری و گرتن و لەناوبردنی. ئەی بۆ دوژمنەکانت ، بۆ ئەوەندە ئازا نیت؟!.

## ب / ٧ / دەرمانە سونەتییەکان:

(بە پێی فەرمایشتی پێغەمبەری ئیسلام ، هەموو نەخۆشییەک ، دەرمانی هەیە.) تا ئێستە نەیبێت ؟ خەتای نەزانی مرۆڤە. لەگەڵ خواردنی دەرمان دا ، پێویستە داوای یارمەتی چاکبوونەوەش لەخوا ، بەرهەم هێنەری دەرمانەکان ، لە خواردندا ، بکەی ، جا بەکاری بێنیت.
١ – زامی گەدە و دوانزەگرێ:
ڕەگی سووری داری بەلەکی شیرین ، لە شارەزوور و دەربەندیخان هەیە. ئەوە وشک دەکرێت ، دەکوڵێنرێت ، دەخورێت.
٢ – گەدە ئێشان:
پەتاتەی کاڵ پاک دەکرێت ، دەگوشرێت ، ئەو ئاوەی دروستدەبێت ،دەخورێتەوە.
٣- ئێشی گورچیلە:
**ئـ /** ڕەگی ڕازیانە بکوڵێنرێت و بخورێت. **ب/** ئەگەر ئێشەکە بەرد بێت؟ تووری ڕەش ناوەکەی هەڵکۆڵرێت ، ناوەکەی هەنگوینی خۆمانەی تێکرێت ، ماوەیەک بوەستێ ، جا بیخۆ. ئەمەش وتراوە: تووره هەنگوین تێکراوەکە ، شەوێک لەبەر سایەقە دانرێت ، جا بخورێت. یانی ماوەی وەستانەکە زۆربێت باشە. **ج/** شەربەتی هەنار خواردنەوە.
٤ – ڕەوانی:
**ئـ /** بەڕوو بکوترێت ، بکرێتە ناو ماستەوەو بخورێت. **ب /** کەوچکێک ڕبەهەنار لە گەڵ تۆزێک هەنگوین ، تێکەڵی بکە و بیخۆرەوە.
٥ – مایەسیری:
**ئـ/** ئاوی مۆرد لە گەڵای مۆرد بگرە ، بیخۆرەوە. **ب/** توێکڵی هەنجیر بێنە بەسەر برینەکەدا.
٦ – زەحیری:
توێکڵی سوورەچنار دەکوترێت ، تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ سرکە. دەخورێت.
٧ – بۆ کرم:
**ئـ/** قارچکی وشککراو لەگەڵ شەکر ، دەکوترێت ، ئاوی تێدەکرێت ، پێش نانی بەیانی دەخورێت. **ب/** ناوکە کولەکەی کاڵ ، لەگەڵ شەکر ، وردبکە ، یا بیکوتە ، جا بیخۆ.
٨ – سەرئێشە:
هۆی زۆری هەیە. **ئـ /** خۆشتن بەئاوی گەرم و نووستن. **ب/** ئاوی پوونگە تەوێڵی پێ تەڕبکرێت. **ج/** نانخواردن. **د/** ئاوی زۆر خواردنەوە.

٩ – دان ئێشە:
**ئـ/** مێخەکی کوتراو ، بخەرە سەر دانەکە. **ب/** میزی مەڕ ، بە پارچە پەموویەکەوە، دەخرێتە سەرجێی ئێشەکە.
١٠ – گوێ ئێشە:
**ئـ/** قەترەیەک ئاوی پیازی تێ بکرێت. **ب/** ڕۆنی ئاژەڵی خۆمانەی تێ کرێت.
١١- شوێنی شکاو:
زەردێنەی هێڵکە بکرێتە سەر پارچە خامێک ، بپێچێنرێت بە شکاوەکەوە. ئەگەر دەست بێت؟ چەند چیلکە دارێکی پێوە ببەسرێتەوە با نەجووڵێت.
١٢ – برینی ناودەم:
هەنجیر لەگەڵ زەردێنەی هێلکە ، تێکەڵ بکە و بیخەرە سەری.
١٣ – ڕێککردنی خوێنی مانگانەی ژن:
بەری دار بلاڵوک بخورێت. ئەم بلاڵوکە سودیشی هەیە بۆ؛ سینە لە چڵک پاکردنەوە. هەست بەهێزدەکات.
١٤ – خۆر یا گرە بردن:
پەڵپینە بکووڵێنە وە بە ئاوەکەی لاشەی پێ بشۆ.
١٥ – شەکرە:
گەلای گۆیژی ئاویی ، لەگەل ڕیشکی ڕێواس ، لەگەڵ ئەو توێکڵە تۆزە ڕەقەی لە نێوان کاکڵەی گوێزدا هەیە ،قاوەییە ، پێکەوە وردیان بکە و وەک چا ، بیخۆرەوە.
١٦ - زیپکەی ڕوو:
خڵتەی شەرابی دەستکرد ، هی تریێ ڕەش ، لەسەری دابنێ ، با شەو پێوەی بمێنێتەوە ، ئەمە چەندجار دووبارە بکەرەوە.





دوو هونەرمەندی هەورامان : خوارەوە ، نەجمەدین . سەرەوە ، سەباح .

ی / ٤ ، **ب / ١ – ٤ /** ناوەرۆک : ل ٣٣٥.

کۆتایی : **یەکەی چوارەم ، مشتێک لە گەنجینەی وێژەیی هەورامان.**

لە ٤ بەش دا . ل ٣٣٥ - ٣٧٤

**@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@**

ی/ ٥ ، ب/ ١ – ٨ / .

**یەکەی پێنجەم ، دین باوەڕە . لە ٨ بەش دا. لە ل. ٣٧٥ – ٤٣٣**

**ب / ١ /** ١- خواناسی: {ل ٣٧٧ - ٣٨٧ }
٢- زەردەشت : {زە. } سەجەرەی.
٣ – زە. لە کام سەردەم دا ژیاوە ؟ .
٤ – زە. ڕایەک بۆ هاتنە دنیای.
٥ – زە. بۆچی سەروی ڕۆژئاوا ڕاسترە؟.
٦- زە. کوێنەییە و لەکوێ هاتوەتە دنیاوە؟.
٧ – زە. ژیان و پەیامی.
٨ – ئایا زە. و ئیبراهیم یەکێکن؟.

**ب / ٢ /** ١- ئاڤێستا: {ئاڤ.} پەڕاوی دینیی زەردەشت. {ل ٣٨٧ – ٣٩٣ }
٢- ئاڤ. بە چ زمانێک نووسراوە؟.
٣ – ئاڤ. خشتەیەکی سادەی ئەلف و بێ ، کەی.
٤- ئاڤ. کۆکردنەوەی و نووسینەوەی.
٥ – ئاڤ. ٢١ نەسک یا بەشەکاني.

**ب / ٣ /** بەشەکانی ئاڤ: {ل ٣٩٤ – ٤٢٣ }
١ – بەشی یەکەمی ئاڤ: سرووەدەکان ، یا گاتەکان. لەگەڵ خشتەیەک بۆی.
٢- دەرکەوتنی پێغەمبەریی زەردەشت.
٣– بەشی دووهەمی ئاڤ : یەسنە.
٤- بەشی سێهەمی ئاڤ: یەشت.
٥ – بەشی چوارهەمی ئاڤ: ویسپەرد.
٦- بەشی پێنجهەمی ئاڤ: ڤەندیدات.
٧ – بەشی شەشهەمی: ئاڤ وردە ئاڤێستا.

**ب / ٤ /** ١- پشتوێنی زەردەشتیی. ٢- نوێژەکان. {ل ٤٢٣ – ٤٣٠ }.
٣- سەد ناوەکەی خوا. ٤ – ناوی مانگەکان ، بە ئاڤێستایی ، پەهلەوی ، پارسی
. ٥- زەندو پێزەند.
٦ – ژن لە دینی زەردەشتی دا.

**ب / ٥ /** ١- ئەژدەهاک. ٢- ڕایەک ، بۆ جەژنی نەورۆز.{ل ٤٣٠ – ٤٣٣ }
٣- ئاوی ئامون لە کوێیە؟ ٤ – بڕوای مانی.
٥- ناوی جوگرافی ڕۆشن نەبووەوە.

**ب / ٦ /** هاتنەخوارەوەی دوواهەمین دین: { ٤٣٤ – ٤٥٢ }.
١- دینی ئیسلام.
٢- ٦٣٩ ز. شەڕی شارەزوور و هەورامان.
٣- هۆنراوە کۆنەکەی هەورامان.( هورمزگان).
٤- پیرشالیارانی هەورامان
٥- خشتەیەک بۆ ٣ پیری پێشڕەو.
٦- پیرشالیاری/١. ل ٤٤٥ – ٤٤٩.
٧- پیرشالیاری/٢.
٨- پیرشالیاری/٣.
٩– پیرشالیارانی تر. ٤٥١ – ٤٥٢.

**ب / ٧ /** ڕێڕەو و یا بیرە دینییەکانی تر: ٤٥٣ – ٤٧٢.
١- یارسانیی. ٢- کاکەیی. ٣- شیعەیی.
٤- پێنج پێشەوای یارسانی.
ئـ/ باڵووڵ. ب/ باباسەرهەنگ. پ/ شاخۆشێن.
ت/ سەیید ئیبراهیم. ج/ سوڵتانی ساق. ( ئیسحاق بەرزنجي ).
٥– یازدە خانەدانەکەی یارسان.
٦- دەستە یا کۆمەڵەکانی ، یارسان.
٧- سەرئەنجام ، کتێبی دینی یارسان. ١٨٤٣ز.

**ب / ٨ /** شێخانی هەورامان: ٤٧٥ - ٤٨٨
١ – سەجەرەیان. ٢- ژیانی شەش لە شێخەکان.
٣- سۆفیزم و دەروێشیزم.
٤ – گرنگی قورئان ، لای بیانییەکان.
٥- تێڕوانینێکی دیموکراتییانە لە سەردارانی ئیسلام ، لە دوای پێغەمبەرەوە د.خ.

..............................................

**ب / ١ / ١- خـوانـاسـي . ٧ سـەربـاسـە :**

١- خـوانـاســی.
٢- زەردەشـت = زە. و سـەجـەرەی.
٣- زە. لـەکام سەردەم دا ژیـاوە؟.
٤ – زە. ڕایـەك بـۆ دیاریکردنـی بـەرواری هاتنـە دنیای.
٥- زە. بـۆ هاتنـە دنیای ، بۆچی سەروی ڕۆژئـاوای ئێران ، لـە ڕۆژهـەڵاتـەکەی ڕاستترە؟.
٦- زە. کوێنـەییە و لـە کوێ هـاتـوەتـە دنـیـا؟.
٧ – زە. ژیـان و پـەیـامـی.

**ی/ ٥ ، ب / ١ / ١- خـوانـاسـی : ( یەکەی پێنجەم ، بەشی یەکەم ، باسی ژمارە یەکی):**

بـەسـەیرکردنـی ئـەم گـەردوونـە ، لـە ئـاسمانـەوە بۆسـەر زەوی ،بـە مرۆڤو هـەرچی لـەسـەریـەتـی ، تـا دەگـاتـە بـاڵـی پـەپولـەیـەك . دەزانرێت ئـەوانـە بـێ دروستکـەرێك ، وەستایـەك ، دروستنـەبوون. ئـەو دروستکـەرە ، بتێك ، یا پارچـەیـەکی بـێ ڕۆحـی ، ئـەم سروشتـە نـەبووە. بـێ ڕۆحێك نـاتـوانێت شتێکی بـە ڕۆحـەوە دروستبکات ، بـەم هـەموو لێزانینـەوەیـەوە ، کـە مرۆڤـە. مرۆڤیش بـەو هـەموو دانـاییـەوە نـاتوانێت ، پـەپوولـەیـەکی ... ڕۆح دار، دروستبکات.
کـەواتـە دروستکـەرەکـە ، لـە دانـاترین زیندەوەری سـەرزەوی ، کـە مرۆڤـە. نـاچێت!. بـەڵکـە زۆر لـەم دانـاتر و بـە دەسـەڵات ترە ، وە هـەرچی وشـەی جوان و بـاش هـەیـە ، پێـایـا بڵێین لایـەقیـەتـی. ئـەو نـە مرۆڤ ڕەنگـە ، نـە سروشت ڕەنگـە ، ئـەو لایـەق دارە ، دروستکـەری هـەموویـەتـی.
ئـەو لایـەقدارە بـە پێی نـەتـەوەکـانـی سـەرزەوی ، هـەریـەکـەی نـاوێکی لێنـاوە. بۆ نموونـە مـاددەکـان هـەرلـە سـەردەمی زەردەشتـەوە بـە ئـاهورامـازدا ، ئـەیزەد ، خـواپـەر ، هـەمید وە هـەمووی لـە دواوە دەیخوێنیتـەوە ، بـە ١٠٠ وشـە نـاویـان بـردووە. لـە قورئـانیشدا ٩٩ نـاوی هـەیـە. نـاوی ئـەو دروستکـەرە لای کورد بـە خـوا ، فـارس بـە خودا ، ڕۆژئـاواییـەکـان بـە گۆد ، گۆت... نـاویـانبردووەو دەبرێت.

دیـن بــاوەڕە: ٣٣١
(بـە پێی ساڵژمێری جولـەکـە ، ئـەم گۆی زەوییـە ، لـە ٣٧ سـەدەی پێش زاینـەوە ، خـوا دروستیکردووە). ٣٣٢ بـە دروستکراوی دەستی کـە مرۆڤـە ، ئـاوەدانـی کردووەتـەوە. مامۆستا، ڕابـەر= پێغـەمبـەری ٣٣٣ بۆ ڕەوانـەکردوون ، تا ڕێگـەی بـاوەڕ و ڕاستیان پێشاندەن. لـە هـەر


---

٣٣١ – وشـەی دین ، وشـەیـەکی کۆنـی کوردی ئـاڤێستای سـەردەمی زەردەشتـە ، سـەیرە وشـەی ( ئـاینی) غـەیرە کوردی بـەکاردەهێنرێت لـە جیاتی ئـەوەی خۆتان !. لێرەدا هـەر وشـەی دین بـەکاربراوە.
٣٣٢ – موریس بوکای ، س. ع. ژ.١٢ ل. ٣٤٧. ٣٣٣- پێغـەمبـەر: { هـەواڵی هێنـاوە ، نـەیبردووە.} پیتی غـەین غ ، لـە وشـەی کوردی دا ، کـەمن. بۆیـە پێم وایـە ، ئـەم وشـە لـە هـەورامییـەوە وەرگیراوە

شوێنێك خەڵكی بوون بە سێ بەشەوە ، یەكەم بە قسەیانكردوون. دووەم دژیان وەستاون ، سێیەم لەسەر ڕەوشتی كۆنیان ماونەتەوە . لە قورئاندا ناوی ٢٦ پێغەمبەر دەبینرێت ، وە

هەموویان نین . ( منهم من لم نقصص) = لەوانە هەن باسیاننەكراوە. بە پێی ئەم ئایەتەش نەتەوە نییە ئاگاداركەرەوەیەكی ، بۆ ڕەوانە ، نەكرابێت: ( وما من امە الا خلا فیها نذیر).

**ب/ ١ / ٢- سەجەرەی زەردەشت:** ( تزاراهوسترا ، زاراهوسترا...)




زیاتر ناساندنی بنەماڵەی زەردەشت:

*ئاراستی مامەی زەردەشتە ، مدیوماهـ كوڕیەتی ، واتە ئامۆزای ز. وە یەكەم كەس بووە ، چووەتە سەرباوەڕی.
*گوشتائەسپ پاشای ڕۆژبووە ، بڕوای بە دینی مەزدیسنا هێناوە ، كراوەتە دینی فەرمی دەوڵەت. ناوی دوو وەزیری دیارن ، بە ناوەكانی: فرەشوشتەر و جاماسب.
*بەرجیستی ژنی ز. كچی جاماسبی وەزیرە ، دێڕی پێشوو.
*پوروچیستی كچی ز. ژنی جاماسبی وەزیرە. ئەمە ژن بە ژن نییە ؟ لەناو كوردانیشدا هەیە.
*دایكی ز. ناوی دوغدو بووە، كچی فەراهیمرەوایە ، دایكی دایكی ز. ناوی فرینۆیە.
*هڤوڤێی ژنی سێیەمی ز. تە. كچە وەزیرەكەی ترە ، فرەشوشتەر. یانی دوو ژنی ز. كچە وەزیر بوون.
*ز. پێش كۆچكردنی ژنی یەكەمی ، كە ناویم بۆ دەرنەكەوتوە ، هەبووە. ژنی ٢ ەمو ٣ یەم هی دوای كۆچكردنەكەیەتی. دەتوانین بڵێین یەكەمیان لە ڕەگەزی یا خزمی خۆی بووە ، وە لە سەردەمی ئەمەیان دا، پەیامەكەی بۆ هاتووە.

**ب / ١ / ٣- زەردەشت لە كام سەردەم دا ژیاوە ؟**

پێشەكی با سەیری ڕای چەند مێژوو نووس بكەین ، لە پاشدا منیش ڕایەكم هەیە:
١ – ئەرەستۆنیبیكی یۆنانی: سەردەمی ز. ٦٠٠٠ ساڵ پێش زاین= پ. ز. بووە.

. پێخام ئار : پێخام هێن یا هەواڵ یا پەیام هێن ، لە پێغەمبەر ، ڕاستتری دەبینم.

٢ – پلوتارخوسی یۆنانی: سەردەمی ز. ٥٠٠٠ ساڵ پ. ز. بووە. ٣٣٤
٣ – سین سلوس+ پانودوروس: ١٦٠٠- ١٤٠٠ساڵ پ. ز. بووە. ٣٣٥
٤ – بویس + ڕودۆڵف+ بۆنکیر+ ئێدوارد مایەر+ ییپێر : ١٠٠٠ ساڵ پ. ز. بووە. ٣٣٦
٥ – کسانتۆسی یۆنانی: ١٠٨٠ ساڵ پ. ز. بووە.
٦ – مامۆستا بەهرۆز ئەشۆ: ١٧٦٨ ساڵ پ. ز. بووە. ٣٣٧
٧ – ئەبوڕەیحانی بەیرونی ، ٦٦٠- ٥٨٣ پ. ز. بووە. ٣٣٨
٨ – سەردەمی ٦٦٠ پ. ز. بووە. ٣٣٩
٩ – پورداود ، مەسعودی ، حەمزەی ئەسفەهانی ، یاقوتی قەزوینی ،٦٠٠ پ. ز.بووە.

**ب / ١ / ٤- بۆچوونێکم ، بۆ دیاریکردنی بەرواریێك ، بۆ سەردەمی زەردەشت** :

* / شەش لەو نۆ لە مێژوونووسانی سەرەوە ، سەردەمیان بردووەتەوە بۆ ١٠٠٠ساڵ پ. ز. وە سێ یۆنانییەکانیش ، لەوە کۆنتریش.

*/ میلز نووسیویە: ( تا سەردەمی ز. بۆ دواوە بەرین ، ڕاستترە لە ، بۆ پێشەوە هێنان).٣٤٠

*/ (١٨٥٠ – ١٨٠٠ پ. ز. : سەردەمی هاتنەدنیای ئیبراهیم باوای پێغەمبەران ، لەو نێوانەدا، لەو ٥٠ ساڵەدا دیاریکراوە. وە ١٧٥ ساڵ ژیاوە ، وە ٢٠ ـەم کەسە ، پشتە لە باوەگەورە ئادەمەوە). ٣٤١

*/ شا ئیبراهیم ئەیوبی یارسانی :
کاکەم ئیبراهیم ، دوون زەردەشتەن دوناودوون ئامان ، ئەرواش نەکوشتەن. ٣٤٢
بە پێی ئەم دێڕە هۆنراوە هەورامییە ، ئیبراهیم دوونی یا دۆنی زەردەشتە ، واتە زەردەشت کۆنترە لە پێشەوەی ئیبراهیمەوەیە . وەك لە دواوە دەیخوێنیتەوە زەردەشت ، ٧٧ ساڵ ژیاوە ، ئەوەندە گەورەترە لە ئیبراهیم. کەوابوو ئەگەر بەرواری ١٨٠٠پ. ز. سەرەوە وەرگرین وە ٧٧ ساڵی تەمەنی لەگەڵ کۆکەینەوە؟ ١٨٠٠+٧٧ = ١٨٧٧پ. ز. دەبێتە هاتنەدنیاکەی ، ٦/ ٣ / ش ، هەیە = ٦ / ٣ / ١٨٧٧ پ. ز. هاتوەتە دنیا ، وە مردنیشی دەبێتە: ٣/٥ /١٨٠٠پ. ز. ٧٧ ساڵ ژیاوە.

ئەمەم وەك ڕا نووسیوە ، با مێژوونووسی کورد شەنوکەوی کەن ، ئەگەر باشتربوو؟ بیخەنە جێی ، نەبوو؟ شەرمە پێغەمبەرەکەتان ، بەقەدەر ، مارکس و لینین و ئینجلز و

---

٣٣٤ – هاشم رەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل. ٢١ ٣٣٥- جەلالەدینی ئاشتیانی، س. ف. ژ. ١٦ ل ٩٤.
٣٣٦ – سەرچاوەی پێشو ل ٨٦-٩٢. ٣٣٧ – س. /١ ، ل ٢٣.
٣٣٨– س/١، ٢٢. ٣٣٩- مەردۆخ، ل ٤٧. ٣٤٠- هاشم رەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل ٨٧ .
٣٤١ – موریس بوکای ، س. ع. ژ. ١٢ ل ٥٣+٤٩ ئەویش لە تەورات و ئینجیلەوە.
٣٤٢– بۆ زیاترو باسی دوناودون ، ل ٤٠٠.

عیلمانی و حیزبە ، دەسەمۆکراوەکانتان... خەمتان نەخواردووە؟!.

بۆچی تەورات و ئینجیل ناوی ئیبراهیمیان بردووە ؟ و ، زەردەشت ، نا؟

دیارە ئەو گریکانە ، یۆنانیانە ، داگیرکەرو دیندژی ماددەکان بوون ، یا بە عەمدەن باسیاننەکردووە ، خۆ کتێبی دینی ، ئەسڵی ئاڤێستای ، تالآنکراویشیان لا هەبووە.
لەوانەیشە بە زمانی ئەوان ناوێکی تری هەبێت ، بێجگە لە تزاراهوسترا و زارا... وەکو:
( تاریح) ، کەلە تەورات دا هەیەو ، لە جێگەکەی زەردەشتدایە. بەڵام تەمەنیان یەکێك نییە ، تاریح ۲۰۵ ساڵ ژیاوەو وە ۱۹ هەمین پشتە لە ئادەم پەیام هێنەوە ، بەڵام زەردەشت ۷۷ ساڵە.
ئایا تەمەنی ۷۷ ساڵەی دانراو بۆ زەردەشت ڕاستە ؟ هەرچەند شەهیدکراوە ، بەڵام پێغەمبەرانی ئەو کاتە تەمەن درێژبوون.

## ب ۷ / ٥- بۆچی بۆ هاتنەدنیای زەردەشت ، سەروی ڕۆژئاوای ئێران ڕاستترە لە ڕۆژهەڵاتەکەی ؟

۱ – ئەو نووسەرانەی لە پێشەوە ناوبرابوون ، کۆنن. سەردەمی ئەوان ، لە هی ئێمە خامە پاکژتر بوون ، بیری ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی پەڕگیر ، تیایانا وەك سەردەمی ئێمە ئیقی نەداوەتەوە ، بۆ دەبێت ڕای چەند نووسەری کۆنی بیانیش ، یەکێکی وەك بەڕێز هاشم ڕەزی ی ، فارس قایل نەکات ؟!.

۲ – { کە زەردەشت تەمەنی گەشتە ۳۰ ساڵی ، نیشتیمانەکەی و *دەریاکەی* بەجێهێشت}. ۳٤۳

دیقەتی ئەو دوو وشەیە بدە ، نیشتیمانەکەی و دەریاکەی ، دەریاکە لە شارەکەوە بە نزیك پێناسەدەکات ، وە لەبەرگرنگی لە ڕادەی گرنگی نیشتیمانەکەدایە ، بەجۆرێ تر دەریاکە لە ماڵەکەیەوە بینیویەتی. لای شاری ورمێ ، ئورمیە ، دەریاچەی ورمێ= ناوی کۆنی: چائیچەست ، هەیە. سەروی ڕۆژئاوای ئێرانە. لە ڕۆژهەڵات ، لای شاری بەڵخی ئەفگانستان دا، دەریا نییە، ناوی واش نییە.
گەرباسی ڕوباری ئامودەریا ، یا ئۆرال مەبەست بێت؟ ئەوەند دوورن ، لەو شارەوە هەر دیارنین . ئەو دەریایەی ز. هەموو ڕۆژ دیویە ، وەك نیشتیمانەکەی بووە لای ، دەبێت نزیك بێت. ئەو دەریاچە نزیکەش لە ورمێ زەق دەکاتەوە و لە بەڵخ نییە.
*بۆیە سەروی ڕۆژئاوای ئێران ، ورمێ ، جێی هاتنەدنیایەتی ، نەك بەڵخی ڕۆژهەڵات.*

۳ – بە سەیری پایتەختەکانی یا شارە دێرینەکانی ناو ئێران: تەورێز ، سوڵتانیە ،

۳٤۳ - Also Sprach Zarahustra , Friedrich Nietsche, Stuttgart, 1950 s. 1 -

هەمەدان ، نەهاوەند ، ئەسفەهان ، شۆش ، ئیلام ، شیراز ، ئەستەخر ، ئەوانە هەموو، شوێنی جوگرافییان ، ڕۆژهەڵاتی ئێران نییە ! بێجگە خۆراسان شارێکی گەورە نابینین ، هەرچەند ئەو ڕۆژهەڵاتەی ئێرانە ، شاری مێژوویی ، وەک ، سەمەرقەند، مەرۆ،غەزنە وبوخارا، بەڵام ئەوانە لە ئۆزبەگستان و توکمەنستان، تاجیکستانن ،
پەیام هێن بۆ سەر خەڵکی زۆر نێراوە ، بۆ شارەکان= جێگای چڕی پردانیشتوان= پایتەختەکان. ئەو شوێنە چڕانە ، لە ڕۆژاوای ئێراندان ، نەک ناو ڕۆژهەڵاتی ئێران. *بۆیە هاتنەدنیاکەشی دەبێت ڕۆژاوا بێت ، ورمێیە ، نەك بەڵخ ی ڕۆژهەڵات.*

٤ – کە لەشکری ئەسکەندەری ئەغریقی شادەوڵەتی ماددی داگیرکرد ، ئەو ، پەڕاوی پیرۆزی ئاڤێستایەی ، کە لە کتێبخانەی شیپیگانی نزیك ورمێ دا هەبووە ، دزیویانە ، بردوویانە ، ئەوەی تەختی جەمشیدیان بە کۆشکەوە سوتان دووە! بۆ ئەمەی ورمێیان بردووە؟! چونکی ئەمیان لە جێگای پیرۆزدا هەڵگیرابوو ، شوێنی هاتنەدنیای زەردەشتە ، ئۆڕیگینالەکەیانە. ئێرەش ورمێیە ، لە سەروی ڕوژاوای ئێرانە ، نەك ڕۆژهەڵاتەکەی.

٥ – ( زمانی ئاڤێستا زمانی سەروی ڕۆژئاوای ئێرانە). ٣٤٤
بێجگە ئەو کەسە ئەمانەش دەڵێن: جاکسۆن ، هەرتڵ ، هێرتزفێڵد... سەروی ڕۆژئاوای ئێرانە.

٦ – کۆچی پێغەمبەران کورتبووە: سەرنجی مەدای ڕۆشتنی کۆچی پێغەمبەرەکان بدە، لە فەلەستینەوە بۆ سینا و میسر. لە مەکەوە بۆ مەدینە. لە موسڵەوە بۆ ئەسکەندەرۆنە. کۆچی پێشەوای یارسانەکان لە بەرزنجەوە بۆ دێی شێخانی هەورامان... ئەو کۆچانە دەبێت کورت بێت ، بە یەك زمان قسەبکەن ، یا زۆر نزیکبن لەیەکەوە. ئەنا چۆن خێرا زمانی بێگانەی شوێن بۆ کۆچکردوو ، فێردەبێتو دینێکی پێ بڵاودەکاتەوە؟!. لە ورمێوە ئەمپەڕی سەروی ڕۆژئاوای ئێران ، بە هەموو پشتێنەی ئێران دا بڕۆی ، بۆ شاری بەڵخی سەروی ئەفگانستان ، نەخشەی ل ٣٨٥. ئایا لەو سەردەمەدا کە هەر وڵاخ هۆی هاتوچۆ بووە ، وە پەیوەندی گەلان ، دژوار و کەمبووە وە جیاوازی زمان و زاراوەکان زۆرتربووە. کە زەردەشت چۆتە ئەوێ ، هەربە زمانەکەی ئەو قسەکراوە؟ خۆ ئەوکاتە دارولتەرجەمە نەبووە ، ئەو زمانەی ئەوێ خێرا چۆن فێربووە؟ دینێکیشی پێ بڵاوبکاتەوە؟!.

**ئایا کۆچی زەردەشت بۆ بەڵخە دوورەکەی ، ئەفگانستانە ، یا بۆ بەڵخە نزیکەکەی هەورامانە ؟ من ئەم ڕایەم دەنووسم ، بەڵام وەك ئاغای ڕەزی لە کتێبەکەی دا، ل٣٣٩ ناڵێم ، ئەوەی تا ئێستا وتراوە ، هەڵەیەو ئەسڵی نییە. دەڵێم گوێم لێ بگرن:*
با زەردەشت ناسان لەم بۆچوونەم بکۆڵنەوە ، ڕەنگە شوێنەوارێک دەرکەوێت ، ئەوەی نووسراوە؟ نەسخ بێتەوە ، کۆچی زەردەشت کورتبووە ، وەك هی پەیام هێنەرەکانی تر، لە

٣٤٤ – ئەنداز حەیدەری ، س. ك. ژ. ١٣ ل ١٦، ئەمیش لە فەرهەنگی ئێران باستانی پیرداودەوە.

کەناری خواروی دەریاچەی ورمێوە = شوێنی هاتنەدنیای = یا سەروی ناوچەی موکریانەوە بۆ کەناری دەریاچەی زرێبار لە ٣ کم. ی ڕۆژئاوای مەریوان دا= سەروی هەورامانە ، دەریاچەی زرێباریش هەیە. ئەو ڕوبارە پیرۆزەش کە بە ئامودەریای٣٤٥ دووری دەزانن؟ روباری سیروانە ، کە لقی سەروی ، لە دەریاچەکەوە سەرچاوەدەگرێت. ل ٢٤٤. بۆیە لای کوردان بە هەزار ناوی کوریان پێناوە! خۆ دیجلەو فورات و هەردوو زێ و فیشخابور و عوزەیم و تارین و... هەر ڕوبارن ؟ بۆ وا خۆشەویست نەکراون؟سیروان ڕووبارە پیرۆزەکەی زەردەشتە.

دێی بەڵخ یش هەیە ، گەردی زەمانە ، تەنها بزوێنێکی خڕی خستوەتەسەر بووە بە بەڵخە لەسەر ڕێی بیارە - تەوێڵەیە ، لە هەورامانی دیوی ئێراق دا. نەخشەی ل ٢٣٥ ئـ/٣.
ئایا ئەژدەهاك لەو ئێرانە گەورەدا ، لە ٥٥٩ پ ز. دا ، شاری شارەزووری ، لە بەشی سەروی هەورامان دا لەخۆیەوە دروستکردووە؟! ئەی هەورامان بۆ بووەتە پەناگا؟ ل١٢٩. ئەی سوڵتانی ساق = ئیسحاق ، لە بەرزنجەوە بۆ هاتووە بۆ هەورامان ؟ ئەی لەو کوردستانە مەزنە دا ، بۆ ئەم هەموو ، ٧٢ یا ٩٩ پیرشالیارە زەردەشتییانە ، پێگەییون یا هەڵتۆقیون؟!.

لە فرەگەردی ژمارە یەکی بەشی ڤەندیداتی ئاڤێستادا، ل ٤١٨ ئەم ناوە جوگرافیە هاتووە: نەیسایە = نەیسانە ، دییەکە نزیکی نەوسودە. ئەمڕۆش هەیە ، هەر نزیکە لە ڕوباری پیرۆزی سیروان و شێخانی سوڵتان و بەڵخەشەوە. نەخشەی سەرەوە . ئایا ئەوە باسکرا؟ هەمووی ڕێکەوتە ، سودفەیە ؟ یا لەبەر نزیکی مەرقەدی بەڵخەی زەردەشتە؟

* / گۆڕینی هاتنەدنیای زەردەشت لە مەرقەدی کوردستانەوە ، بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران و سەروی ئەفگانستان ، ل١٥- ١٦ بووغزی ڕەگەزپەرستی دروستیکردووە. بۆ شۆردنەوەی نەتەوەی ئەو پەیام هێنەرە یە.

پاش ئەو شیتەڵکردنەوەیەی سەرەوە ، با زەردەشت ناسی دیموکرات ، لە خاڵی/٦ بکۆڵنەوە ، کێ دەڵێت شوێنەوارێکی خەفەکراو ، یا پێ نەزانراو ، دەرناکەویتەوە ؟ مەرقەدی زەردەشت لە هەورامانە ، لای قوتابیەکانی = پیرشالیارەکان.

## ب / ١ / ٦- زەردەشت کوێنەییە و لە کوێ هاتوەتە دنیا ؟

١– ( چەند سەدە ، پ. ز. پەیام هێنێک ، لەناو کوردان دا ، بەناوی تزاراهوسترا= زەردەشت سەری هەڵدا). ٣٤٦

٣٤٥ –باسی زیاتری ڕوباری ئامودەریا و سیروان ، لە ل ٣٨٤ دا کراوە.
٣٤٦ –جان ناس، تاریخ جامع الادیان، ص ٣٠٢.

٢ – لە ساڵی دووسەدی کۆچی دا: ( ورمێ= ئورمیە ی بە شاری زەردەشت ناوبردووە). ٣٤٧
٣ – ئەم مێژوونووسانەش هەر ڕایان لەسەر شاری ورمێیە: مەسعودی ، حەمزەی ئەسفەهانی لە ٢٧٠ ی کۆچی دا ، یاقوتی قەزوینی ، ئەبولفیدا ، ٣٤٨. بلاذری ٣٤٩. ئیبن فەقیە الهمدانی ٣٥٠ یاقوت الحموی ٣٥١. زەکەریای قەزوینی کەلە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە: زەردەشت لای شیز کە نزیکی ورمێیە ، (واتای خۆر دەگەیەنێت) ، کەناری گرت ، بەتەنیا لە شاخی سبلان ژیانی بردووەتەسەر، پەڕاوێکی بەناوی ئاڤێستا ڕاگەیاند ٣٥٢ . هێرتزفێڵد و هێرتڵ و جاکسۆن ، یش ڕۆژئاوای ئێرانیان ناوبردووە. ئەم

مێژوو نووسە کوردانەش : ئەمین زەکی ، مەردۆخ ، ئیحسان نوری پاشا ، گیو موکریانی ، ئەنداز حەیدەری. ئەمە ڕای دە مێژوونووسی غەیرە کورد ، وە پێنجی کورد ، شاری ورمێیان بە شاری هاتنەدنیای زەردەشت ، ناوبردووە.

دە سەیری ڕای بەڕێز هاشم ڕەزی کەن ، کە هەموویان بە ڕاست نازانێت: س. ف.ژ١٣ل٣٣٥
١ – ( ' همه روایت های غربی ، دربار تعین زرتشتی،از نظری تاریخی بی ارزشت...)!.
٢ – ( " مغان مادی با تعصب فراوان ، جای تاریخ مقدس را ، از شرقی ترین نقطه به غربی ترین نقاط ایران تغیردادند..." )
٣ – ( " میهن زرتشت در خاور ایران و بلخ بود...") ل ٢٣/ ی سەرچاوەکە.

## هەڵسەنگاندنی ٣ ڕاکەی ئاغای ڕەزی :

١ – ئەو چەند مێژوونووسە غەیرە کوردانە بە سەدساڵ ، پێش سەردەمی ئاغای ڕەزین. نزیکترن لەسەردەمی زەردەشتەوە ، خامە پاکژتربوون ، نە خەڵکی ناوچەنو نە ئیسلامن، ماقووڵە بوترێت : هەموو گێڕاوە مێژوویەکان کە زەردەشت دەبەنەو ، بۆ ڕۆژئاوای ئێران بێ پایەن... دەیەوێت بڵێین یەك ڕا ، ڕاست هەیە ، ئەوەش ، ئەوەی خۆمە ، ڕەزی. حوکمی وا لە هی قەرەقوش دەچێت ، تا نووسەر.
٢ – موغە ڕەگەزپەرستەکان... بە واتەی خاڵی دووی سەرەوەی ئەو: ئەو موغە پێشەوا دینیانە،هەمووی خزاندوونەتە کونجی ڕەگەزپەرستانەوە، بەشی زۆریان بڕواداربوون بە ئاهورامەزدا.
٣ – شاری بەڵخ: لەناو سنووری ئێرانی ئەمڕۆدا نییە ، وەك ئەو ، وای بۆچووە. شانازییەکەی ، پێوەی وایزانییوە ئێرانە ، بەڵام لەسەروی ئەفگانستان دایە. سەیری نەخشەی ل ٣٨٦.

---

٣٤٧ – عبدالله ابن خردابە ، المسالك والممالیك ، ، لیدن ١٣٠٩هـ . ص ١٢.
٣٤٨ – ایەالله مردوخ کردستانی ، تاریخ مردوخ ، تهران ١٣٣٣ ص ٤٧.
٣٤٩ – احمد بن یحی بن جابر البغدادی ، البلاذری ١٣١٩ هـ. مصر ، ص ٢٣٨.
٣٥٠ – ابوبکر احمد بن محمد بن اسحاق الهمدانی ، ترجمە مسعود، طهران، ١٣٤٩هـ . ص ٢٧
٣٥١ - یاقوت الحموی، با اهتمام وستنفیلد گۆتە ، لایبزیك ، المانیا ١٨٦٦م. ج/٣، ص ٣٢٦.
٣٥٢ – زکریا قزوینی ، اثارالبلاد ، واخبارالعباد ، باهتمام وستنفیلد گۆتە ،آلمان ١٨٤٨م. ص ٢٦٧.

ئەمە یانی گەر لە داهاتوودا ڕای ڕەزی ڕاست دەربچێت؟ خراپتر ، ئێرانچێتی نامێنێت ، دەبێت بە ئەفغانی ، جا دەستی لێنەدایە ، باهەر لەناو سنووری ئێران دا بووایە؟ باشتر نەدەبوو؟!.

*/ بۆچی ئاغای ڕەزی وایلێکراوە ؟! کە وا بڵێت؟ گەر هاتنەدنیای زەردەشت ببرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران؟ لە کوردستان دووردەکەوێتەوە؟ کە بوو بەوێ ؟ ئیتر کورد نابێت!. ئا ، ئەمە ڕەگەزپەرستییە ؟ یا ڕای ١٠ نووسەری بیانی ، ڕەگەزپەرستییە ؟! سەیری ڕای نووسەرێکی تری بێنووس جڵەوکراو ، لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە ، لە ل ١٣دا سیروس ئیزدی بکەن.*

## ب / ١ / ٧- زەردەشت ، ژیان و پەیامی :

١– زەردەشت کوڕی پوروش ئەسپ ، لە ل ٢٨٢ دا ١٣ پشتی نووسراوە. لە ٦-٣- ١٨٧٧پ. ز. دا، لە کەناری خوارووی دەریاچەی ورمێ دا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە سەروی ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆیە ، هاتوەتەدنیاوە . لە ١١- ١٠- ١٨٠٠پ. ز. دا( لەلایەن کەسێکی تۆرانی بێ بڕوواوە ، بەناوی توربراتروش لە تەمەنی ٧٧ساڵیدا شەهیدکراوە). ٣٥٣

٢– ناوبراو لە منالێییەوە زیرەکی پێوەدیاربووە ، (لە یازدە ساڵیدا پشتوێنی کوشتی ،ل٤٣٥، کە باوی ئەو زەمانە بووە ، لەلایەن مامۆستاکەیەوە پێی بەخشراوە). ٣٥٤

٣ – لە تەمەنی ٢٠ ساڵی دا، کەناری گرت ، وازی لە کەس و کار هێناوە. دەستیکردووە بەخواپەرستی ، لە ٣٠ ساڵی دا کۆچیکردووە بۆ جێگایەکی تر. لە تەمەنی ٤٠ ساڵی دا، لەلایەن پەروەردگار= ئاهورامەزداوە ، پەیامێکی دینی بۆ هاتووە. ٣٥٥ خەڵکی بانگکردووە بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنیا. پەیامەکەی کتێبێکە بە ناوی ئاڤێستاوە ، وە دینەکەش بە مەزدیسنا ناسراوە. لەسەدەکانی دووایی دا بەناوی زەردەشت خۆیەوە ناویدەرکرد.

٤ – نابراو بۆسەر گەلە ئارییەکان ، نێردراوە ، کە لەو سەردەمەدا خەڵکی ئاگرپەرست و سروشت پەرست بوون.

٥ – بە هاتنی ئەم دینە ، شۆڕشێکی لە ناو ئەو بیرە چەوت و جادووانەدا نایەوە ، کەلەو سەردەمەدا ، لەلایەن موغە بێ باوەڕەکانەوە هەڵبەسرابوون. وەکو قوربانی کردن بە خەڵك یا هەژاریش بووبن. زەردەشت هانیدان قوربانی مینەوی و ڕۆحی بۆ خوابکەن ، نەك بۆ موغ و بت. با ئاژەڵەکانیان بۆکاری کشتوکاڵی بەکاربەرن.

*لە پەیامەکەیدا* : *بڕواهێنان بە ئاهورامەزدای تاك. بەتاڵکردنەوەی هەموو پەرستراوەکانی تری ئەو کاتە ، وەك ئاگر ، شتی سروشتی ، موغ.

٦ - حەرامکردنی خواردنەوەی نۆشاوی سەرخۆشکەری هۆم ، یا هەوم... وەك کحول یا

---

٣٥٣ – فیردەوسی شاعیر ، شاهنامە ، ئەمیرکەبیر ١٣٤٣، ل ٤٠٠.

٣٥٤ – ایرج سیستانی ، س. ف. ژ. ١٦ ل ٦٥.

٣٥٥ - سەیری مانای بەندی ٤ هەمی سرودی / ٩ ، یەسنەی ژمارە ٤٤ ، ل ٣٥٥ بکە. وە لە ل ٣٤٩دا سرودەکانی نووسراون.


ئارەقی ئەمڕۆ بووە. دینی ئیسلام بە ٢٠ سەدە و نیو دوای ئەم ، وە بە چوار ئایەتی کات جیاوازدا ، جا ، حەرامی کردووە. ئەگەر خوا خەبەری پێنەدابێت ، لەو سەردەمە کۆنەدا ، چۆن ئەوەی کردووە؟!
٧ - شۆڕشە کشتوکاڵیەکەی لە یەسنەکانی ٣٢، ٣١، ٥١، ٤٤ دا باسیکردوون.
٨ - مرۆڤ بە ئازادی دێتەدنیاوە، ئازادیشە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕێڕەوەی کە دەیەوێت.
وە دنیا هەمیشەیی نییەو کۆتایی دێت. وە ڕاستی مایەی هەموو چاکییەکە ، درۆش هی هەموو خراپییەکە.
٩ – پایەی پەیامی دینی زەردەشت ، لەسەر ئەم سێ وشەیە ڕاوەستاوە:
( بیر و گفت و کردەوەی چاك. ئایا ئەمە هەموو شت نییە ؟ ئایا هیچ پێغەمبەرێکی تر، توانیویە شتێکی تری بخاتەسەر؟! لەگەڵ ئەو هەموو نووسینە پڕوپووچانەی خراونەتە یا هەڵبەستراون بۆی ، تا ئێستەش ئەم سێ وشایە وەك خۆیان ماونەتەوە). ٣٥٦
١٠ - ( زە. کەسێکی بەباوەڕبووە ، دژی دێوپەرستی بووە ، هونەری شیعریی زەردەشت بەرزترە لە توانای مرۆڤێکی ئاسایی). لومل ٣٥٧
١١ - ( بەو بەشە کەمەش ، کەلە گاتەکانی = سروودەکانی ز. ماونەتەوە ، ئەوەندە سەرنج ڕاکێشن وتەی هیچ پێغەمبەرێك ، بێجگە موحەممەد د.خ. شان لە شانی نادات.)
١٢ - ( یەکێکە لە گەورەترین ڕابەرەڕۆحییەکانی جیهان ، بە هەموو سەردەمەکانەوە). ٣٥٨

## ب / ١ / ٨ - ئایا پەیام هێنەران ؟ زەردەشت و ئیبراهیم ، هەر یەك کەس بوون؟

لای ئەم نووسەرانە یەك کەس بوون:
فیردەوسی ، ئیحسان نوری ، ئیبنولئەسیر. ٣٥٩ وە بە پێی سرودە دینیەکانی یارسان ، وەك ئەم دیڕەی شا ئیبراهیم ئەیوبی یارسانی خانەقینی:
کاکەم ئیبراهیم ، دۆنی زەردەشتەن دۆناودۆن ئامان ، ئەرواش نەکوشتەن ل.٤٠٠
{ بە پێی ئاڵوگۆڕی دۆناودونی ڕۆحەوە ، کە یارسانییەکان وای بۆ دەچن ، ڕۆحەکەی ئەوە ، چووەتە لاشەی ئیبراهیمەوە. ڕۆح نامرێت ، ٣٦٠

---

٣٥٦ – ویتنی ، پرۆفیسۆری ئەمریکی. ئەنداز حەیدەری ، س. ك. ژ. ١٣ ل ١٦.
٣٥٧ – ج. آشتیانی ، س. ف. ژ. ١٦ ل ٦٥.
٣٥٨- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٧، ٢٨٢-٢٨٣
٣٥٩ – م. دانا ، س. ك. ژ. ٦ ل ١٦.
٣٦٠- نووسەر: لە کوردیش دا دەڵێین ، گیانی دەرچوو ، یانی نەمردووە. وەکو : داویە لە شەقەی باڵو ڕۆییوە ، یا بە لۆقەلۆق تێیتەقاندووە... بە پێی ئایەتی: ( ویسالونك عن الروح ، قل روح من امر ربی، وما اوتیتم من العلم الا قلیلا. ) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ڕۆح ، بڵێ ئەوە کارو فەرمانی خوایە ، ئێوە تۆزێ زانیارییاریتان پێ دراوە . بەڕاستی تەنها ئەم ئایەتە دەبێت کتێبێکی لەسەر بنووسیت ، سەیری دانایی خواکەن: دەڵێت بە هەموو بەشەری سەرزەوی ، بە زاناکانیانەوە ، لەوەتی هەیە ، تا وێرانی دەکات: ئەی بەشەری کەم ئەقڵی خۆ بە فسفس پاڵەوان زان. ئادەی: ڕۆح چیە ؟ چەند گەورەیە ؟ ڕەنگی چۆنە ؟ لەکوێی لاشەدا پوورەی داوە ؟ بۆ دێڵن *لە لاشەتان بێتەدەرەوە* و بمرن؟ تۆ ئەوەندە بێدەسەلاتی ، دەشزانن دادگاییش دەکرێن ، ئەم هەموو تاوانانە چییە دەیکەن؟! .
ماویەتی ( – ). ل ٣٨٧



نەخشەی جێگای شاری بـەڵخ لـە وڵاتـی ئـەفگانستان دا.

لە یەکێك هاتەدەرەوە ، بە ئەمری خوا ، دەچێتە لاشەی یەکێك کە تازە دێتە سەردنیا ، لە ڕۆحێک لە پەیام هێنەوە هاتبێتەدەرەوە ، دەچێتەوە یەکێك دەبێتەوە بە پەیام هێن). بەکورتی و بەکوردی: ڕۆح ڕۆحی زەردەشتە و لە پێستی ئیبراهیم دایە. یانی هەردوکیان یەك کەسن و دوو ناویان هەیە.

پێموایە ئەوەی وایکردووە ، ئەو دووە بە یەك کەس بزانرێت ، ئەمەیە:

نەتەوەی ئەو دوو پەیام هێنەرە و شوێنی هاتنە دنیایانە. باسی زە. ڕابوورد خوارووی دەریاچەی ورمێ بوو ، وە زیاتر لە کورد دەچێت تا نەتەوەکانی تری ئەو ناوچەیە. بۆ ئیبراهیم = ئەفرایمیش ، دیارە وشەیەکی عەرەبی نییە. لە پەڕاوە مێژوویەکاندا ئەم شوێنانە دەبینرێت : ئورفە وە دێی بەرزە ی لای شاری جزیرەی مەلای جزیری. لە تورکیای ئەمرۆدان. وە ڕانیە و کۆیە ، هەردوو قەزان ، پێکەوە لکاونو لە هەرێمی کوردستانی ئێراقی ئەمڕۆدان. هەرچواریان لەناو کوردستانی مەزن دان ، خەڵکیان کوردن. ٣٦١

---

سەر بە لاپەڕە ٣٨٤ ـە.

خوایە ؟ سلێمانی ٢٠٠٤ز. *

خوایە ؟ لە نەبوون ! بۆ بوونت هێنام ؟ !

داوام نەکردبوو ؟ تۆ قووڕت شێلام

پێشی هاتنم ، لە فیلمي (عەجوول)

مني (زەعیف)ـت ، وەک ئەکتەر تێنام. **

\+ + +

خوایە بۆ خۆت چاک دەزانیت ؛

من ڕازی بووم ، بە بەشی تۆ

خوورییەکی شیکراوە ؛

ڕێسراوە ، بە ، تەشی ، تۆ

من باشترین تاوانبار و ؛

تۆش بەزەییترین حاکم !

ڕێوی هاتووە بە پیرتەوە ؛

بەختمە ، نەچیرێکی ، چاکم.

.........................................

* – هادی بەهمەنی ، بەهمەنینامە ، ب / ١ ، سلێمانی/٢٠١٤ز. ل ٨.

** – ئەکتەر : سینەما کار ، مومەسیلی عەرەبی. {{ عەجوول : وشەی قورئانییە وکان الانسان عجولا. /الاسراء /١١ . زەعیف : خلق الانسان صعیفا. النساء / ٢٨ وە هەلووعیش هەیە : ان الانسان خلق هلوعا. المعارج/١٩}} . هی تریش هەن ، من زانیارییەکەم دووکەڵ دەکات.

ئەم بێشکە شەقوشڕە یا ماڵە قەڵبە ، کە ناوی مرۆڤی لێ ناوە ؟ ئەوەندە خراپ ، دروستی کردووین ؟ وەک ، دەیبینین ، بە نووسینیش یانی بە (قورئان) ـیش دانی پیاناوە ؟! . چۆن بە تەمایە ببینە : ئەسحابە و عەرەسوو ؟!!.

٣٦١ - ئەم سەرچاوە دەڵێت: ئیبراهیم پەیام هێن ، لە وڵاتی دوو ڕوباردا= میسۆپۆتامیا= کوردستانی مەزن، دا هاتوەتە دنیا. Gottes Anleatung, Josua 24: 2 S. 13

بە بۆچوونی من ئەو دوو پەیام هێنەرە ، یەك كەس نە بوون ، لەبەرئەوەی:

| زەردەشت | ئیبراهیم |
|---|---|
| ١ – كۆنترە: ٦/ ٣ / ١٨٧٧ پ. ز. | ١- نوێترە: ١٨٠٠ پ. ز. |
| ٢ - ٧٧ ساڵ ژیاوە. | ٢- ١٧٥ ساڵ ژیاوە. |
| ٣ - كۆچكردنی بەرەو لای عەرەبان نەبووە. | ٣- كۆچكردنی بۆ لای عەرەبان بووە. |
| ٤ - قورئان ناوی خۆیو نەوەی نەبردووە. | ٤- قورئان ناوی خۆیو نەوەی بردووە. |
| ٥ - ناونانی ناوەكانیان كۆنن ، هی: ناوچەی ئاریانواچەكانە. ل ٢٥٤ | ٥- سارەو هاجەرەو ئیسماعیل...نوێن، هی: ناوچەی عەرەبانە. |
| ٦ – شەهیدكراوە. | ٦- جارێك سوتێنراوە ، بە مردن ڕۆشتووە. |
| ٧ – سروودەكانی ئاڤێستای بۆ هاتووە. | ٧- پەڕەكان ، سوحوفی ، بۆ هاتووە. |
| ٨ – دینەكەی ناوی مەزدیسنایە. | ٨- دینی ئەم ناوی ئیسلامە. ٣٦٢ |

لە كۆتایی ئەم بەراوردكردنەم دا، ئەوەم ماوە بڵێم: قورئان سەرچاوەیەكی كۆنی باوەڕپێكراوە ، بەجۆرێ تر ، ڤیتۆیەكی خواییە ، ناوی ئیبراهیم و نەوەی بردووە ، گەر ئەم ناوانە وەك ئەوانەی زەردەشت و نەوەی بوایەن. ؟ دەموت هەردوو پەیام هێن یەك كەس بوون و ، ناوێكیان خەڵك لێیناوە.

كۆتایی بەشی یەكەم . خوا ناسی لە ل. ٣٧٧ – ٣٨٧

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

**ب / ٢ / ١- ئاڤێستا = ئاڤ. ناسین ، پەڕاوی دینیی زەردەشت: ل ٣٨٧ - ٣٩٣**

{{ ١ – ئاڤ. پەڕاوی دینی زەردەشت.
٢- ئاڤ. بە چ زمانێك نووسراوە ؟
٣ – ئاڤ. ئێ و بێی زمانەكە.
٤- ئاڤ. كۆكردنەوە و نووسینەوەی.
٥- ئاڤ. ٢١ نەسكەكەی }}.

١ – كتێبی زەردەشت ، كە ئاوێستایە وەك باقی كتێب ، خەڵاتی خوایە. ( قانع)

٢ – ( ئەم كتێبە هاوتای تەوراتی جولەكە و ئینجیلی مەسیحیەكانە). ٣٦٣

٣ – ( ئەم پەراوە دینیە ، كە ئێستا ئاڤێستای پێدەڵێن ، لە كۆندا ئەم ناوانەشی هەبووە: وابستان ، ئایستا ، وابستا. ٣٦٤ ( ئەم وشەیە لە وید یا ڤید وەرگیراوە ، وە واتای زانیاری دەگەیەنێت). ٣٦٥

٤ – ( پلینۆسی یۆنانی كە لە سەدەی یەكەمی زاینیدا، ژیاوە: ئاڤێستا دوو ملیۆن هۆنراوە بووە، وە خۆی ئەو پەڕاوەی خوێندووەتەوە.) ٣٦٦

---

٣٦٢ – ( ملة إبراهيم ، هو سماكم مسلمين من قبل) الحج/٧٨. : نەتەوەی ئیبراهیم ، ئەو ئێوەی ناوناوە موسڵمانەكان. كەواتە وشەی ئیسلام كۆنە ، درێژبووەتەوە ، بۆ سەردەمی پەیام هێنی ئیسلام ،

٣٦٣- یاقوت الحموی ، فی معجم البلدان ، یشت ها ص ٢١٦،٢١٥.

٣٦٤ - برهان قاطع ، تالیف ابن خلف تبریزی ، با اهتمام محمدعباسی، تهران ١٣٤٤ص ٦١

٣٦٥ – مزدیسنا وادب الفارسی. ل ٣١٦،٣١٥.

٣٦٦ – هاشم رەزی، س. ف. ژ. ١٣ ل ١٢٤.

ئەبێت ئەم ئاڤێستایە پلینۆس دیویە ، ئەو ئەسڵیە بووبێت ، یۆنانیەکان لە کاتی داگیرکردنی شادەوڵەتی ماددا، لە کتێبخانەی شیز و شەیبەکان تاڵانیانکرد. ل ٤/٢٨٥.
٥ – ( پەراوی ئاڤ. ١٦١٠٠٠ وشەیە ، ٣٩ هەزاری لە بەشی یەسنەیە ، وە ٣٨ هەزاری لە ڤەندیداتە). ٣٦٧
٦ – ( لە ئاڤ. سەردەمی ڕۆژگاری ساسانییەکان ، ٣٤٥٧٠٠ واژەبووە ، وە بە زمانی پەهلەوی ٢٠٩٤٢٠٠ واژەیە ، ئەمڕۆ تەنها ٨٣٠٠٠ واژەمان لێی بەجێماوە). ٣٦٨
٧ – ( ئاڤ لەسەر ١٢ هەزار پێستە گا ، نووسراوەتەوە ، وە ٢١ بەشە) ٣٦٩

### ب / ٢ / ٢- ئاڤێستا بە چ زمانێك نووسراوە ؟

١ – ( بە زمانێك نووسراوە ، چوار زاراوەی هەبووە) . ٣٧٠
٢ – ( ئێرانییەکان خاوەنی حەوت جۆر خەت بوون). ٣٧١
٣ – ( زمانی ئاڤێستا ، زمانی سەروی ڕۆژئاوای ئێرانە) . ٣٧٢
٤ – ( ئەلف و بێی ئاڤێستا ، ٦٠ پیتی هەبووە) . ٣٧٣

٦ – خوا پەیام بەری بۆ سەر هەرگەلێك ناردبێت ، یا دیاریکردبێت ، بە زمانی پەیام بەرەکە قسەیان کردووە. محەممەدی عەرەبی بۆ سەرعەرەب ، موسا و عیسای ئیسرائیلی بۆ سەر، ئیسرائیل....( سورەی شوعەراء ، ئایەتی١١٦+١٤٢ وە نەمل ٤٥... ) بە أخ = برا، ناوی بردوون ، گەر برایان نەبووبن ؟ خزمیان بوون ، وە بە دڵنیاییەوە ، لە هەمان نەتەوە بوون.
٧ – *( وما ارسلنا من رسول ، الا بلسان قومه ، ليبين لهم.) فاطر٢٤.: هەر پەیام بەرێکمان ناردبێت؟ زمانی ئەو نەتەوەیان هەبووە ، کەبۆیان نێردراون ، تا بۆیان ڕۆشن کەنەوە ، تا لێیان تێبگەن ، خۆ ئەو ڕۆژە دارولتەرجەمە نەبووە ، چۆن تێیانبگەیەنن؟!.
*( ولقد بعثنا فی کل أمة رسولا.) النحل ٢٦: هەموو نەتەوەیەك نێراوێکی بۆ نێردراوە.
*( وما من أمة الا خلا فيها نذير. ولكل أمة رسول. يونس/٤٧. ولكل قوم هاد. الرعد/٧. :
لەهەرکوێ نەتەوەیەك هەبووبێت ؟ ئاگادارکەرەوەیەکی تیایانا هەڵبژێردراوە ، دانراوە. هەموو نەتەوەیەك نێرەرێکیان هەبووە. بۆ هەر نەتەوەیەك ، رێ ڕۆشنکەرەوەیەك هەبووە. بە پێی ئایەتەکانی سەرەوە ، هەرچی نەتەوە هەیە خوا خەمی خواردون ، پێغەمبەری بۆ ناردوون ، تا ئەو ڕێیەی خۆی دەیەوێت ، فێریان بکات. بابەتەکانی ڕۆژی تاقیکردنەوەی دووایی بۆیان ڕۆشنبکاتەوە ، جا لە پاشەڕۆژدا ، تاقیکردنەوە لەسەر ئەو بابەتانە بکات. تا

---

٣٦٧ – هاشم رەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل ١٢٤.
٣٦٨- ئەنداز حەیدەری ، س. ك. ژ. ١٣ ل ٢٠
٣٦٩ – مەسعودی ، مروج الذهب ، ج/٢، باریس ١٨٧٧، ل ١٢٤.
٣٧٠ – ئەمین زەکی، س. ع. ژ. ٥ ل ٢٧٧- ٢٧٨ . زمانی کوردیش ٤ زاراوەی هەیە ل. ٢٠٨
٣٧١ – سەرچاوەی پێشو ، ل. ١٢٧. ٣٧٢- ئەمین زەکی ، ل. ١٦. ئەمیش لە پورداودەوە.
٣٧٣- عباس ساسانفرد ، س. ف. ژ. ١٢ ل. ٩٥- ٩٨. لە لاپەڕە ٤٧ ی هەمان کتێب دا، ئێ و بێیەك هەیە ٤٧ پیتن !.

لای بێ بڕوایان هیچ بیانویەکان نەهێڵێت و دەمیان مۆربکات و بیکات بە تەڵەی تەقیو..
نەتەوەی ماد کە کوردیش دەچێتەوە سەریان ، دەبێت لەناوخۆیاندا پێغەمبەرێکیان بۆ هاتبێت . ئەو هاتووەش ، زەردەشتە.

بەو ٧ خاڵەی سەرەوەدا و پێشوتریش گەشتومەتە ئەم ئەنجامە :
زەردەشت ، لە لێواری خوارووی دەریاچەی ورمێ دا، هاتووەتە دنیاوە.
بە زمانی خەڵکی ناوچەکە دوواوە.
لەو کاتەدا بە زمانی ئورومی : ئورمیە : هۆرامي، هەورامی، کە ئێستەش فارس بە هەورامی دەڵێت : ئورامي. هەورامانات : ئورامانات...
سەرنجی دوو وشەی {ئورومي : ئورومیـ} تەنها ( ـە ، ە ) . کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ کۆنە !. بزوێنێکی خڕی پێوە لکێنراوە !.
زەردەشت کوردە ، باوانی و خەڵکی ناوچەکەش لەو کاتەدا بە زمانی هۆرامی دوواون.

بۆ نووسینی ئەلف و بێی کتێبی دینی زەردەشت ، ئاڤێستا ، بە سوپاسەوە ، سودم لەم سێ سەرچاوانە خوارەوە وەرگرتووە . خشتەکەی ، لە ل ٣٩٠ ، ٣٩١ دایە.

٣٧٤ – هاسم ڕەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل ١٢٩.
٣٧٥ – عباس ساسانفرد س. ف. ژ. ١٢ ل. ٩٥- ٩٨.
٣٧٦ – ک . مزداپور.

## ب / ٢ / ٣ – ئاڤێستا ، ئەلف و بێ یەکەی : بەشی / ئـ .

| ژ. | شێوەی | کوردی | وشەیەکی ئاڤ. | خوێندنەوەی | مانای |
|---|---|---|---|---|---|
| پیتە دەنگدارە کورتەکان: | | | | | |
| ١ - | [illegible] | ئە | [illegible] | ئاهورا | خوا |
| ٢ - | [illegible] | ئەی | [illegible] | ئەیذە | ئێستە |
| ٣ - | [illegible] | ئو | [illegible] | ئوروەرا | گیا |
| ٤ - | [illegible] | ئـ | [illegible] | ئیوریزیکە | بێکار |
| ٥ - | [illegible] | ئی | [illegible] | یەزەمەئید | دەوەستم |
| ٦ - | [illegible] | ۆ | [illegible] | کئۆنە | جۆر |
| پیتە دەنگدارە درێژەکان: | | | | | |
| ٧ - | [illegible] | ئا | [illegible] | ئادا | ئازا |
| ٨ - | [illegible] | ئیی * | [illegible] | ئیشتی | دارایی |
| ٩ - | [illegible] | ئوو | [illegible] | ئووتە | چەوری،جێ پێ |
| ١٠ - | [illegible] | ئیی | [illegible] | ئییمەوەنت | بەهێز |
| ١١ - | [illegible] | ئیی | [illegible] | دەئینا | دین، ویژدان |
| ١٢ - | [illegible] | ئوور | [illegible] | نوئیت | نەخێر |
| ١٣ - | [illegible] | ئاو | [illegible] | ئاوەنگشەن | دەم |
| ١٤ - | [illegible] | نان | [illegible] | ئاتسو | تاک،ناوچە |
| پیتە بێ دەنگەکان: | | | | | |
| ١٥ - | [illegible] | ک | [illegible] | کەرد | کرد |
| ١٦ - | [illegible] | خ | [illegible] | خرەت | لێزان |
| ١٧ - | [illegible] | گ | [illegible] | گم | ڕۆشن |
| ١٨ - | [illegible] | غ | [illegible] | غژر | ڕێڕەو |
| ١٩ - | [illegible] | چ | [illegible] | چیترە | چارە |
| ٢٠ - | [illegible] | ج | [illegible] | جاماسب | ناوە |
| ٢١ - | [illegible] | ت | [illegible] | تەفنو | تا |
| ٢٢ - | [illegible] | ث | [illegible] | گاث | گات |
| ٢٣ - | [illegible] | د | [illegible] | دورە | دوور |
| ٢٤ - | [illegible] | ذ | [illegible] | بەئوذە | بۆن |
| ٢٥ - | [illegible] | ت | [illegible] | نەپات | نوێیە |
| ٢٦ - | [illegible] | پ | [illegible] | پیرتو | پرد |

* / ئیی : ژمارە ٨ ، ١٠ ، ١١ بەرانبەرییان لە کوردی ئێمەدا وەک یەکن.بەڵام سەیری خوێندنەوەیان لە ڕیزی چوارەمیان دا ، وەک یەک نین. هەروەهاسەیری ڕیزی ٤١ – ٤٣ .
** / گات: ١٧ بەشی سرودەکان ، بە هەر یەکێکیان وا دەوترێت.

**ب / ۲ / ۳ – ئاڤێستا ، ئەلف و بێ یەکەی : بەشی / ب .**

| ژ. شێوەی | | کوردی | وشەیەکی ئاڤ. | خوێندنەوەی | مانای |
|---|---|---|---|---|---|
| ۲۷ - | [illegible] | ف | [illegible] | فرەئیشتە | فریشتە |
| ۲۸ - | [illegible] | ب | [illegible] | بەرە | ببە |
| ۲۹ - | [illegible] | و | [illegible] | ئەورە | هەور |
| ۳۰ - | [illegible] | نگ | [illegible] | وەنگهو | باش |
| ۳۱ - | [illegible] | ئینک | [illegible] | دەئینگهو | لادێ |
| ۳۲ - | [illegible] | ن | [illegible] | نمانە | خانومان |
| ۳۳ - | [illegible] | ن | [illegible] | هنتومەنت | ڕوباری هیرمەندا |
| ۳۴ - | [illegible] | م | [illegible] | میەزدە | خواردنە |
| ۳۵ - | [illegible] | ی | [illegible] | یەسنە | جەژن،ستایش |
| ۳۶ - | [illegible] | ی | [illegible] | نیاکە | نا |
| ۳۷ - | [illegible] | ڕ | [illegible] | ڕئوخشنە | ڕۆشن |
| ۳۸ - | [illegible] | ب | [illegible] | وەریز | خەمخۆر |
| ۳۹ - | [illegible] | و | [illegible] | هاوەن | دەسکەوان |
| ٤۰ - | [illegible] | س | [illegible] | سەریتە | سەرما |
| ٤۱ - | [illegible] | ش | [illegible] | وشتر | حوشتر |
| ٤۲ - | [illegible] | ش | [illegible] | شو | بوون |
| ٤۳ - | [illegible] | ش | [illegible] | شیا | شادبوون |
| ٤٤ - | [illegible] | ز | [illegible] | زیا | زبان |
| ٤٥ - | [illegible] | ژ | [illegible] | ژناتەر | ناسراو |
| ٤٦ - | [illegible] | هـ | [illegible] | هونەرە | هونەر |
| ٤۷ - | [illegible] | خ | [illegible] | خیەثون | ناوی،هۆزە |
| ٤۸ - | [illegible] | خو | [illegible] | خوەفتەر | خەو |

**ب / ٢ / ٤ – كۆكردنەوەی و نـووسـینـەوەی** :

دینێكی كۆنتر لە مەزدیسنای زەردەشت ، لە شا دەوڵەتی ماد دا، بێجگە لەم ، دییار نییە. كەلە ٣ هەزارساڵ كۆنتربێت ، لە و شادەوڵەتەدا بەو هەموو گێرمەوكێشەوە كە تێیدا ڕویداوە و مێژوو دەیگێڕێتەوە. وە گەر سەرنجی مێژووی كۆكردنەوە و نووسینەوەی تەورات و ئینجیل بدرێت ، كە هەموو پێشەوایانی دینی كەنیسەكانی ئەوروپای لە پشت بووە ، پاش چەند نووسینەوە و بژاركردن لە ١٧٠ زاینی دا لەسەر یەكێكیان ڕێكەوتن كە ببێتە پەڕاوی دینی كەنیسە. ل ١٨/٣٨.

كەوابوو جێگەی سەرسوڕمان نابێت ، ئاڤێستا بۆ وای لێ كراوە؟ بۆ ئەوەندەی ماوە پاش ، نزیكەی ٣ سەدەی یۆنانییەكان ، لە شادەوڵەتی ماددا وەدەرنران. كە لەو ماوەدا ، دینێكی تری بت پەرستیان ، بەسەر خەڵكی زەردەشتی خوای تاك پەرەست دا، سەپاندبوو..لە ٢٢٦ پ.ز. – ٦٣٦ ز. = سەردەمی ساسانییەكان ، دینی كزكراوی زەردەشت بووژێنرایەوە. پەڕاوێكی دینی لەلایەن پێشەوا دینیەكانی ئەوكاتەوە ، كە بە ئازەر ، یا موغ ، ناودەبران كۆكراوە ، بە { دینكەرد } ، ناوی دەركرد. ٣٧٧ ناوبراو ٢١ نەسكە یا بەشە. وە بووە پەڕاوی دینیی ، شا دەوڵەتی ساسانی.

مەلا وەڵەدخانی گۆران ، ی زەردەشتی ، و یارسانی ، هۆنەر. لە هۆنراوەی دا بەو كتێبە سوێندی پێ خواردووە ، ناوی بردووە:

وە نامەی دینكەرد ، وە ئاڤێستاكەم          وە ئاینی جەم ، وە كێشی شاكەم

(پەڕاوی دینكەرد لەساڵی ١٩١١ز. دا، بە دوو بەرگ لە شاری بۆمبەی هندستان لە لایەن دهەنجی مهرنجی یەوە چاپكراوە). ٣٧٨ ئەم كتێبە دەست بكەوێت ؟ زانیاری زۆری لێ دەردەكەوێت.

( پەڕاوی كۆكراوە و نووسراوەی دینكەردی سەردەمی ساسانی ، بێجگە لە بەشی ١ و ٢ وە هەندێك لە بەشی ٣ بە ئێمە گەییوە). ٣٧٩

( كۆنترین بەشە دەسخەتی دینكەرد ، كە هی زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەرە ، ناوی بەهمەن یەشتە ، لە كتێبخانەی شاری كۆپنهاگن دا پارێزراوە. ئەم بەشە بە دەسخەتی میهرەبان خاتونێك ، نووسراوەتەوە.) ٣٨٠

---

٣٧٧ – دینكەرد: بە هەورامی دین دەرخەرەوە ، هێنانە ناوەوە ، كردنەوە...

٣٧٨- The Complete Text of the Pahlavi DINKARD

٣٧٩ – هاشم رزی ، س.ف. ژ. ١٣ ل ١٣٥.

٣٨٠ – د. م. أ. هەورامانی ، س. ك . ژ. ٥ ل. ١٨٤.

نووسەر: بە سەیری ل ١١٨ / ژمارە ٤ ئەم كتێبە : ناوی ئێگە مایەی دانیماركی هەیە ، سەردانی شارۆچكەی نەوسودی هەورامانی لهۆنی دیوی ئێرانی ، لە ١٩٠١ز. دا ، كردووە . ڕەنگە لەم كاتەوە برا بیتو بە كۆپنهاگن پایتەختی دانیمارك گەیەنرا بێت . ابن الندیم ، باسی ئەمەیانی وا كردووە : ناوی ژیاننامە بووە ، لە دە بەرگ پێكهاتووە.

خشتەیەکی کۆکەرەوانی ئاڤێستا لە ٧٨٣ ساڵ دا:

| ناوی شا | ساڵی فەرمانڕەوایی | نووسەرەکەی |
| --- | --- | --- |
| ١ – بیلاشی/ ٥ ی ئەشکانی. | ٥١ – ٧٨ زایینی | زاتسپرەم. |
| ٢ – ئەردەشیر بابکان. | ٢٢٤- ٢٤٢ ز. | تەنسەر. |
| ٣ – شاپور ئەردەشیر. | ٢٤٢ – ٢٧٢ ز. | کرتیر. |
| ٤ – شاپور هورمز. | ٣١٠ – ٣٧٩ ز. | میهرئیسپەندان و کوڕەکەی. |
| ٥ – خەلیفە مەئمونی عەباسی. | ٨١٤ – ٨٣٤ ز. | فرەنبەغ. |

**ب / ٢ / ٥ – ئاڤێستا ؛ بیستویەك نەسك ، یا بەشەکەی:**

ئەم ٢١ بەشە بە پێی سەردەمی ، هەر یەکی ناوێکی هەیە : بە کۆنترین ئاڤێستای ، هەبوو ، ناوبراوە.. بە پێی دینکەرد و یەشتەکان ، کە ناوی دووەم بەشی ئاڤێستایە. وە ووردە ئاڤێستا. کە دوا بەشی ئاڤێستایە ، نوێترینە.

*{زەردەشت ناسان ، گاتەکان ، یا سروودەکانی زەردەدەشت ، لەو کتێبە قەبەدا ، تەنها بە ١٧ بەش ، یا هات ، یاسرود ، یا کەردە... دەزانن} .*

لەو شەش بەشە گەورەیەی بە ئاڤێستایەوەیان ، ناوە وە لە لاپەرە ٢٧٤ دا ، هەر٦ ی نووسراون ، هەیە هەمووی بە پەڕاوی ئاڤێستای دەزانێت ، هەرچەند بە لێکدانەوەی ئەمڕۆی ئێمە ، لەو پێنج بەشەی ترەدا ، زۆر ناماقوڵی تێدا دەبینرێت. نابێت پێغەمبەری هەڵبژێراوی خوا ، وای وتبێت وە دەستتێوەردان هەستی پێدەکرێت.

بەشی یەکەمیان ناوی یەسنە یە ٧٢ دانەن. لەناو ئەوانەدا ئەو ١٧ یە یان هەڵبژاردووە و بە سروودەکانی ز. دەزانن. یانی ٧٢ یەسنە – ١٧ سرودی جیاکراوە = ٥٥ یەسنە دەمێنێتەوە.
جا لەبەر ئەوەی ئەم ١٧ یە ، ئەوەندە گرنگە ، من کردوومە بەبەشی یەکەمی ئاڤێستا و ناوی گات یا سرودەکانی زەردەشتە. وە ٥٥ یەسنە ماوەوەکە ، واتە بێ گاتەکان ، بە بەشی دووەمم داناون .

*تێکۆشاوم بە پێی ئەو کوێرەخەتەی هەمە ، بەشی ١ = واتە سرودە ئەسڵەکان ، کە نووسەران دەڵێن ، هەر ئەمە ئاڤێستایە.*
*وە بەشی ٢ = کە ناوی یەسنە یە ، لە دوو خشتەدا ، بە چڕ و پڕی بپیشان بدەم ، ئەمە وا ، لە خوێنەر دەکات ، ئاسانتر لێی تێبگات ، نەك چەند پەڕە بخوێنیتەوە ، وەك من دیومە ، مەبەست هەر تەم و مژاوی بێت.*

*کۆتایی بەشی دووهەم : ئاڤێستا ناسین.*

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

**ی / ۳ / هەموو بەشەکانی پەڕاوی کۆکراوە و نووسراوەی ئاڤێستا:**

١ – سرودەکان = گاتەکان = ١٧ هاتن.
٢ – یەسنە : ٧٢ یەسنەن . ١٧ یان ، سرودەکانی خاڵی یەکن.
لێیان لابەین ؟ ٧٢ - ٧١ = ٥٥ یەسنە دەمێننەوە.
٣ – یەشت : ٢١ بەشن.
٤ – ویسپەرد : ٢٤ کەردەیە.
٥ – ڤەندیدات : ٢٢ فرەگەردن.
٦ – وردە ئاڤێستا : ٢٤ بەشن.

**ب / ۳ / ١- ئاڤ . بەشی یەکەمی : ١٧ سروودەکەی زەردەشت** :[٣٨١] ل٣٩٤ – ٤٠٤.
پێکهاتوە لەم هاتانەی خوارەوە ، کە هەر بە پێی جێگاکانیان لەناو یەسنەدا ، پیشاندراون:

| | |
|---|---|
| ١ – هاتەکانی ژمارە ٢٨ – ٣٤ = کە ٧ هاتە. | ٧ |
| ٢ – هاتەکانی ژمارە ٤٣ – ٤٦ = کە ٤ هاتە. | ٤ |
| ٣ – هاتەکانی ژمارە ٤٧ – ٥٠ = کە ٤ هاتە. | ٤ |
| ٤ – هاتی تەنهای ژمارە ٥٠ = ١ هاتە. | ١ |
| ٥ – هاتی تەنهای ژمارە ٥١ = ١ هاتە | ١ |
| هەمووی | ١٧ |

٣٨١ – ئەم بەشە ١٧ هاتە ، ٢٣٨ بەندە ، ٨٩٦ دێڕە ، ٥٥٦٠ وشەیە. هەموو هۆنراوە بوون.
لای : ( هاشم رەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل ١٨٤ وایە: ٢٧٨ بەندە ، ١٠١٦ هۆنراوەیە).

## خشتەیەکی نووسەر بۆ سرودەکان:

| ڕیزی گات | ڕ. سرود | ناوی بەش | ناوی سرود | ڕ. لە یەسنەدا | ژ.هات | ژ. بەند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ - | ١ | *ئەهونەڤەد* | *ئەهیاسا* | ٢٨ | ٧ | ١١ |
| ٢ - | = | = | خشماڤایەگۆیشن | ٢٩ | = | = |
| ٣ | = | = | *ئەتاڤاخشیا* | ٣٠ | = | = |
| ٤ - | = | = | تاڤۆیرڤاتاتا | ٣١ | = | ٢٢ |
| ٥ - | = | = | ئەهیاچاخفائیتوس | ٣٢ | = | ١٦ |
| ٦ - | = | = | ئیتها ئایش | ٣٣ | = | ١٤ |
| ٧ - | = | = | *یاشیائۆتهانا* | ٣٤ | = | ١٥ |
| ٨ - | ٢ | ئوشتەڤەد | ئوشتا | ٤٣ | ٤ | ١٦ |
| ٩ - | = | = | تانڤاپیریسیا | ٤٤ | = | ٢٠ |
| ١٠ - | = | = | ئەتڤرا ڤاخشیا | ٤٥ | = | ١١ |
| ١١ - | ٢ | ئوشتەڤەد | کاماموێتزا | ٤٦ | ٤ | ١٩ |
| ١٢ - | ٣ | سپەنتەمەد | سپەنتە مەیمۆ | ٤٧ | ٤ | ٦ |
| ١٣ - | = | = | یتزی ئەدایش | ٤٨ | = | ١٢ |
| ١٤ - | = | = | ئەتمایاڤا | ٤٩ | = | ١٢ |
| ١٥ - | = | = | کاتمۆیئورڤا | ٥٠ | = | ١١ |
| ١٦ - | ٤ | ڤەهوخشتەر | کاتمۆیئورڤا | ٥١ | ١ | ٢٢ |
| ١٧ - | ٥ | ڤەهیشتۆ یەشت | کاتمۆیئورڤا | ٥٣ | ١ | ٩ |
| + | | | | | | |
| ١٧ | ٥ | ٥ | ١٥ | ١٧ | ١٧ | ٢٣٨ |

لەو ١٧ سرودی بەشی یەکەمی ئاڤێستایە ، سیانیان بە درێژی باس دەکرێن ، کە ئەمانەن:
*سرودی یا گاتی یەکەم کە هاتی ژمارە ٢٨ دەکات. یەکەم ڕیز.
**سرودی سێیەم = کە هاتی ٣٠ یەمە. سێیەم ڕیز،.
***سرودی حەوتەم =کە هاتی ٣٤ هەمە ، حەوتەم ڕیز..

### ئاڤ . باسی بەشی یەکەمی ، سرود یا گاتەکان:

١ – گاتی یا سرودی/١ ، هاتی ٢٨ ـەمینە ، لە بەشی ئەهونەڤەدە ، ناوی سرودی ئەهیاسایە ، ١١ بەندە:

لەمەولا لەجیاتی نووسینی ئەو ناونیشانە ، گاتی یەکەم. هاتی ٢٨. بەندی : ١١ ئەم کورتەیە دەنوسرێت بۆیان: {گ/١، هـ/ ٢٨، ب/١١ } :

ناوەرۆکی ئەم سرودی یەکەمە ، هی سەرەتایە ، ئەگەر بیچوێنین؟ بە ڕیزبەندی قورئانی پیرۆزەوە ، لە ئایەتە مەکییەکان دەچێت.

ب/١: بەندی یەکەم : ئەی ئاهورامەزدا ؟ = پەروەردگار ، دەستەکانم بەرەوتۆ بەرزدەکەمەوە. داوات لێدەکەم ، تا دنیای دروست کراو ، لە دەریای خۆشی و شادیدا نووقم بکەیت.
ب/٢ : ئەی ئاهورامازدا ؟ بە دڵی پاك و بیری پاکەوە ، بەرەوتۆ ڕوودێنم. ئەی مەزدای پاك و بەبەزەیی؟ داواکارم لەم دنیای مادییەدا ، ڕێنمونیم بکەی بۆ سەرکەوتن و گەشتن بە دنیای مینەوی = مەعنەوی. وە کۆمەڵی خەڵکی بە ئامۆژگارییەکان ، وا ڕێنمونی بکەم کەسەرفرازی هەردوو دنیابن. منم ئەوکەسەی کە گوێگرانم بە هۆنراوە و سرودەکانی ئاهورامازدا گۆشدەکەم ، ئەو سرودانەی کە تا ئێستە ، لە کەسێکی تر، نەبیستراوە و نەبێژراوە ، پێویستە لایەنگرانی چاکەکەران ، بە باشترین شێوە ڕابەری بکەم.
ب/٣ : ئەی ئاهورای مەزن ؟ ئەی سەرچاوەی هەموو خێر و چاکەیەك ؟ من بۆ گەشتن بەو بەخشینە یەزدانیە ، لەبەردەرگات پاڕانەوەت پێشکەشدەکەم.
ب/٤ : من تێدەکۆشم تا ڕاستی و پاکی لەبیری خەڵکی دا ، جێ بکەمەوە. تا بتوانم و بمێنم لەم ڕێ یەدا ، بەرەو پێشەوەدەچم. دڵنیاییەکی تەواوم هەیە کە ئەنجامی ئەم ڕێگا ئاهوراییە ، چ خۆشییەکی لە دواوەیە؟!.
ب/٥ : کەی ئەو وەختە دێت ، فەرمانڕەوایی ڕاستی بگرمەدەست؟ کەی ئەوە دێت ئاسمانێکی ئاهورایی لەسەرزەویش ڕابخرێت؟ کەی ئەوە دێت بەندەکان ، بەم بیرە پاکانە ئازادبکەم؟
ب/٦ : ئەی ئاهورامازدای یارمەتی دەر ، یارمەتی بە زەردەشت ببەخشە ، تا بەسەر دوژمنانی دا سەربکەوێت.
ب/٧: ئەی ئاهورامەزدا؟ یارمەتی نەفس بدە ، تا لەم سەرزەمینە پان و بەرینەدا ، چاکەبکات. ویستەکان و داواکانی گوشتائەسپ و( پاشای ڕۆژبووە ، مەزدیسنای بە دینی دەوڵەت قبوڵ کردووە) ئێمە ڕەوا ببینە. ئەی مەزدا؟ = کورتەی ئاهورامازدایە ، یارمەتی بدە تا بتوانین ئەو سرودانە بچڕین و بچەسپێنین.
ب/٨ : ئەی ئاهورای گەورە ؟ ئەی چاکترین ڕاستی ؟ داوای بەخشینی خۆم و فرەشوشتەرت ل. ٢٦٥ لێدەکەم.
ب/٩ : ئەی ئاهورامازدا؟ ئەوکەسانەی کە دەتناسنو لەسەر دینی تۆن ، ئاواتیان بەدیبێنە. من دەزانم کە تۆ پەیمانەکانت بەجێدێنیت. بە ئامۆژگاریەکانت دەتوانم هەمیشە ڕاستی، چاودێری بکەم.
ب/١٠ : من لە ئاهورامازداوە ، دینی ڕاستیم هێناوە. ئەی خەڵکینە پەیڕەوی لێبکەن.
ب/١١: ئامۆژگاریم بکە ، بەو ڕاستییەی کەلە بیری تۆدایە ، تالە دنیادا بۆ منیش بە خەڵکی ڕادەگەیەنم. *کۆتایی سروودی یەکەم.*

..............................................

*گ/٢/ ٢٩: لێرەدا زەردەشت لە ئاهورامازدا دەپارێتەوە کە دێوپەرستان= کافرانی ئەمڕۆ ، بە چ ڕادەیەکی خراپی گەشتون ؟ لێرەوە پەیام بەریی سەرهەڵ دەدات.
*گ/ ٣ / ٣٠ : هەمووی ١١ بەندە. ل ٣٩٦ ڕیزی : ٣ ئەتاڤاخشیا. باسی بە درێژی: لێرەدا بنچینەی دین ڕاگەیەنراوە ، بە گشتی وە بۆهەموو کەسێك کە بڕوا بەو دینە بهێنێت. باسی دوو لایەن دەکات ، لایەنی چاکە و خراپە.

**ب / ٣ لە سرودی / ٣:**

نمونە بۆ باسی بەندەکانی ٣ ، ٤ ، : دێڕی یەکەمی شێوە ئاڤێستاییەکەیەتی بە کوردی. دێڕی دووەمی بە خەتی ئاڤێستاییەکەی ، دێڕی سێیەمی واتاکەیەتی:


ئەت　تا　مەئینیۆ　پەئواورویی



بەڵێ　ئەو　دوو گەوهەرە نەفسە　سەرەتا

...........................................................

یا　بما　خوەفینا　ئەسور واتیم



کە　پێکەوە　سەرەتای جیهان　پەیدا بوو

...........................................................

مەنەهیچا　وەچە　شیەنو تەئونی



لە بیردا　لە وتەدا　لە کرداردا

...........................................................


هـی　وەهیو　ئەکیم چا



ئەو دووە　باشە　خراپە

...........................................................

ویشیاتا　نوئین　دوژداڤینگوهو



هەڵبژارد　نە　خراپەکەران

...........................................................

واتاکەی بە گشتی:

بەڵێ ئەو دوو گەوهەرە یا نەفسە ، مینەوییە ، لە سەرەتادا ، لە بیر و گفت و کردەوەی چاک دروست بووە. لەو دوو گەوهەرە، بیرچاکان ، پەیڕەوانی زەردەشت ، گەوهەری ڕاستییان هەڵبژارد. وە دێوپەرستان. کافران ، گەوهەری خراپەیان هەڵبژاردووە.

**ب / ٤ لە سرودی / ٣ :**

بێجگە شێوەی ، خەتە ئاڤێستاییەکەی:

ئەتجا هیەت تا هیم مەئینیو.

وە بەڵێ لەوکاتەدا ئەو دووە هەم گەوهەری نەفس.

......................................

جەسەئیتیم پەئوئورویم دەزدی.

بەیەک بگەن لە سەرەتادا پێی دەدرێت.

......................................

گەئیم چا ئەجیائیتیم چا یەتاچا.

ژیانیکی باش ژیانێکی خراپ لەبەرئەوە.

......................................

ئەنگەهەت نەپیمیم ئەنگهوش.

ئەبێت سەرئەنجام بوون.

......................................

ئەچیشتو دری گڤەنانومو ئەت.

خراپترین لەو درۆزنانەوە ئەو دووە.

......................................

ئەشەئونی ڤەهیشتیم مەنو.

پارێزکاران باشترین ڕێ بیر.

......................................

واتاکەی بە گشتی:

بەڵێ لەو کاتەدا ، کە ئەو دوو گەوهەرە ، مینەوییە بە یەک بگەن. لە نەفسی مرۆڤ دا، ئیتر شەڕ و گێرمە و کێشە ، لە نێوان گەوهەری چاکە و خراپە( لایەنی بڕوادارو بێ باوەڕدا) ، ڕوو دەدات. لە ئەنجامی ئەو بەیەکا دانەدا ، خراپترین ژیان= دۆزەخ ، دووچاری ، بێ بڕوایان دەبێت. وە بڕوا داران ، چاکترین ژیان = بەهەشت ، بۆ دەبێت.

کەلەسەر پایەیەکی قایم وەستاون. بە سوپاسی ئاهورا و کردنی ڕەوشتی باش ، ڕەزامەندی ئەو بە دەست دیت.
ب/٢: ببیستە بە هۆش و گۆشەوە ، باشترین ئامۆژگاری ، لێی وردبەرەوە و وەریبگرە. لەم ڕێگەیە ، ڕێگەی ئاهورایی و ئەهریمەنی.
ب/٦: ئەو دوو نەفسە ، ڕیی جاکە و خراپە ، ڕێ گومکەران بە شێوەیەکی دروست ، بهێنەوە سەر ڕێ. لەبەرئەوەی بە گفتی درۆ فریودراون. یانی بە خراپترین شێوە پەروەردە بوون. بوونەتە هاوڕێی یەکتری ، ئەوانە جیهان بەرەو ناخۆشی دەبەن.
ب/٧: دێت بۆ ئەم دنیایە بە فەرمانڕەوایی.
ب/٨ : ئەی مەزدای فەرمانڕەوا و بەتوانا؟ تۆ بەهۆی ( وەهومن) مەوە، ئاشکرا دەبیت. کافرانیش دەزانن ڕاستی لە جێی نادروستی پیادە بکەن.
ب/٩ : ئەوکەسانەی کە ڕێڕەوی تۆیان گرتووە ، ئەوانەن کە ئەم دنیایە ئاوەدان دەکەنەوە، ئەوانە ، دانا و دادوەرن.
ب/١٠ : لە درۆوە ڕەوشتی خراپکاری سەرچاوەدەگرێت ، کەسی کۆششکەری ڕەوشت چاك ، لە پێش کەسانی ترەوەن ، وە لە بەهەشت دا کۆدەبنەوە.
ب/١١ : ئەی مرۆڤ هەرکاتێك ، داواکارییەکانی مەزدا ، پەیڕەوبکەیت و بیگریتە گەردن؟ ئەوکاتە سودی بێپایان ، دەبێتە بەشی پەیڕەوانی ڕاستی.

***سرودی یا گاتی / ٤ / هـ / ٣١ / ب / ٢٢ / :**
دەربارەی هاندانی خەڵکی بۆ نیشتەجێبوون وازهێنان لە ڕەوەندی. ٣٨٢ گرنگی دان بە کشتوکاڵ کردن ، ئاژەڵ بەخێوکردن و ئازادی بیر.
**گ / ٥ / ٣٢ ، ب/* ١٦: دەربارەی ناڕەزایی دەربڕینە ، لەدەست دێوپەرستان. ٣٨٣ (ئەو بێ بڕوایانە چەند بەس بوون ، ناوی تریشیان لە ئاڤ. هەیە وەکو: کەڤێ ، گراهمە ، بیندڤە ، ئوسیدج.) هەروەها لێرەدا، نۆشاوی سەرخۆشکەری هۆم یا هەوم... کە وەك کحول ، ئارەقی، ئەمڕۆ بووە ، حەرامدەکرێت. پێش زەردەشت لای ئاگرپەرستانەوە لە گیایەك دروستیان کردووە ، بە پیرۆزیان زانیوە ، لە یادە دینییەکاندا خواردوویانەتەوە. پەیامی زەردەشت دژی ئەو نۆشاوە وەستاوە.

---

ئیشنتو: لە لایەن ٤ نووسەرەوە، یەکی بە شێوەیەکی جیاواز، گۆڕیویەتی: لای کانکا ، یانی: ئەی داواکارانی زیرەك. لای بارتۆلۆمە: یانی ئارەزوو. لای هۆمباخ: نزیکبوونەوە. لای کلنس: ئەوکەسانەی بە ئارەزوی خۆیان هاتون و ئامادەن. نووسەر: هەر نووسەرێك کتێبێکی گۆڕیبێت؟ چەند باس یا وشەی تەمومژاوی کە بیر لێی ئۆخەی ناکات ، دێتەڕێگای. وەك ئەو بەندی حەوتەمە. بە بۆچوونی من وایان بگۆڕیبایە باشتربوو: گونجاندنی فەرمانی ئاهورایی ، لەسەر زەوی . ل ٤٠٢ ژێرنوسی ژمارە ٣٨٤ وە ل ٤٠٤- ٤٠٥.

٣٨٢ – مەبەست لەو نیشتەجێبوونە، ئۆقرەگرتنە لە جێگایەک دا، تا ئاسان زە. پەیامەکەی ئاسان بڵاوکاتەوە لەناویاندا،کارێکیشە بۆ هیۆربوونەوەیان و وازهێنان لە ڕەوشتی شەڕیی پەلاماردان و کشانەوە... ٣٨٣ – تێبینییەك بۆ لەمەولا، با پێویست نەکات لای وشەی دێوپەرستانی کۆن دا مانای ئەمڕۆی بنووسریت: بێ بڕوا یا کافر... ، هەر بە دێوپەرست وازدەهێنم.

وە لە چەند شوێنی تردا، باسی خراپی هاتووە.

**( لێرەوە لە هەر گاتێك بەندێك باس دەكرێت):**

*گ/ ٦/ ٣٣/ ب/١٤: دەربارەی ڕەفتاری خەڵكییە لە كۆمەڵ دا، ڕەفتاری خەڵك بەرانبەر دینی مەزدیسنای زە. دادوەری لەسەر خەڵك.

گ/٧ / ٣٤/ ب/١٥: لە ل ٣٩٥ دا وترا ، گاتی/١،٣، ٧ بە درێژی باسیاندەكرێت.

ب/١ : ئەی مەزدا ؟ بیر و گفت و كرداری باش ، یاسای كاركردنن بۆ گەشتن بە ژیانێكی خۆش و بێوەی و بەختیار و پڕ ڕسق و ڕۆزی.

ب/٢ : ئەو كەسە كە هەمیشە لە باشترین سوود بەهرەمەن دە ، ئەوكەسەیە كە باش دەبێژێت ، كرداریشی بە پێی ویستی مەزدایە.

ب/٣ : ئەو سێ پایەی ترە ، كە دەبێتە مایەی ڕزگاری ، گرتنەبەری ڕێگای ڕاستییە. تێكۆشینە بۆ دەستكەوتنی زانست ، وە پەیڕەو لە دانایانە و نوێژ بۆ ئاهورامازدایە.

ب/٤ : بەدەستهێنانی پلەی دینیی ، لە ڕێزگرتن و گوێ ڕایەڵی دایە. هەركەس پەیڕەوی ئەوە نەكات؟ پایەدارنابێت ، پێویست نییە ڕیزی بگیرێت.

ب/٥ : ئێمەی مەزدا پەرست ، خۆمان بە دووردەگرین ، لە دێوپەرستان ، ئەی مەزدا؟ بەخشین و نەوازشت بە دۆستان ببەخشە.

ب/٦ : توانایی دەسەڵاتەكانی مەزدا ، لە دروستكراوەكانی دا، بەدیارخستووە. كەمن بمەوێت ، ئەم دنیایە بە ئاكامم بسوڕێت/ هەموو كاتێك خۆم بە مەزدا دەسپێرم.

ب/ ٧: بۆم پەیدا نەبووە(؟).

ب/٨ : ئەی مەزدا بنچینەی خواناسین ، تۆپەرستییەكی بێگەردە. پێشەوایانی دێوپەرستان خەڵكی لە ڕێی ڕاست لادەدەن.

ب/ ٩ : دێوپەرستان لە دەسەلات و زانین و سامان بێبەشن. چونكی ڕەوشتی خواپەرستی بەجێ ناگەیەنن.

ب/ ١٠: ز. بە ڕاستی گەشتووە ، یاسا بە ڕاستییەوە بەندە ، دەتوانێت كۆمەڵێكی ڕێك و پێك و بە دەسەڵات بهێنێتەدی.

ب/١١ : بەهۆی ئەنجامی هەوڵ و كۆششی زە. توانی كۆمەڵێكی بە توانای دەوڵەمەندی زانیار بە ئاكام بێنێت. هەركارێك لە پەروەردگارەوە پشتیوانی لێنەكرێت؟ درێژخایەن نابێت.

ب/١٢ : ئەی مەزدا؟ وابكە خواست و ئامۆژگارییەكانت ، بەخەلكی بگەنو گوێیان پێ گۆش بكرێت. ئێمە لەو پاداشانە ئاگاداربكە ، كە لێتەوە پێمان دەگات.

ب/١٣ : ئەی ئاهورا؟ هۆ دانەری ڕاستی! ئەی مژدەدەر و بەخشیشدەری چاكە بێژان؟ پاداشتەكانت مژدەن ، سەری نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین.

ب/١٤ : پێشەوایانی دیوپەرستان خەڵكی فریودەدەن ، تا لە ئاهەنگە دینییەكاندا، قوربانیان بۆ بەرن ، چوارپێكان نیعمەتی پەروەردگارن بۆ بەندەكانی ، بۆ ئاسانكردن و زۆركردنی نیعمەتن . قوربانی لایەقی خوای بیر و گفت و كردەوە چاكە ، نەك پەرستنی

ئاگر و بته سروشتییەکان. ( لەم سەرچاوە ئەڵمانییەدا ، هانز موول شتاین . سەرچاوەکان: س. ئە. ژ.٣ ل ٣٠٣ ، ئەم بەندە لەوەی سەرەوە ناچیت! وا لێکدراوەتەوە:
لەسەر ئەم یاسا، بنەرەتیە ، پێ دەچەقێنین و دەوەستین و لەسەری دەڕۆین. وە زەەوی بەرزدەکەینەوە ، دەیکێشین ، بۆلای خۆمان.)
ب/١٥ : هەرچەند شا ، کانی دیوپەرستان ، دوژمنایەتی زە. بکەن ، بەلام منی( مەزدا) بەدەسەڵات ، تاوانکاران نابووتدەکەم. *کۆتایی گاتی/٣ یەم ، کەبە دریژی باسکرابوو.*

*گ/٨ /٤٣/ ب/١٦:* دەربارەی؛ سیفەتەکانی ئاهورامازدایە، ناسینی خوا بۆ ئەوەیە، ڕۆح و ویژدان پاکبکرێتەوە، تا ڕۆشنبێتەوە، ئەوەش بەهۆی زانیاری و پاکییەوە دێتەدی.

*گ/٩ /٤٤ ب/ ٢٠:* ٢ دەربارەی بیرکردنەوە و سەرنجدانی گەردوونە: ئەستیرەناسی ، ڕۆشنی و تاریکی ، مانگ و خۆر ، تیکۆشین بۆ ناسینیان. ٣٨٤

## دەرکەوتنی پەیام هێنەریی زەردەشت:

لە بەندی/٤ هە می سرود ، یا گات ، ی /٩ یەم دا، کەلەناو یەسنەی/٤٤ دایە. ل٩/٣٤٩. (٣٨٥) وە لەم سەرچاوە ئەڵمانییەوە وەرگیراوە : س. ئە. ژ. ٣ ل ٤٣٦.
ئەگەر دەرکێکی خوایی ، هەواڵی خڕی زەوی بە زەردەشت نەدابێت ؟ چۆن لەو سەردەمە کۆنەدا ؟ یانی پێش تەورات و ئینجیل و قورئان و گالیلۆ و فاسکۆدی گاما و کۆلۆمبس ... هتد. زانیویە ئەم گۆی زەوییە *نەك هەر خرە ، دەشخوولێتەوە ؟!.*

*{{ ناوەرۆکی بەندەکە:*
**پرسیارت لێدەکەم ئەی خواکەم ، وەڵامم بدەرەوە ، وەڵامێك دڵم دامرکێنێت ، چۆن ئەم زەوییە ، وا بە هێمنی وەستاوە ؟ هەڵگیراوە ؟ دەڵێی بە کۆڵ دا دراوە ، کەس و شتیش نابینی هەڵیگرتبێت ؟ وە پاڵیشی پێوەدەنرێت ؟! بە کورتی بە ئەڵمانی واتای ئەو سێ دێڕی بەندە :*

*Unsichtbar getragn und Schwebend }}.*

کەوابو زە. پەیام هێن نەبووایە ، ئەو زانستە گرنگەی باس کرا، لە پ. ز. دا، نەیدەزانی.
*بە پێی ئایەتاکانی قورئان کە لە ل. ٣٤٤ نووسراون ، کوردیش نەتەوەیە ، نەتەوەی بێ پێغەمبەریش لەسەر زەوی نەبووە. دەبێت ئەمانیش بۆیان دیاریکرابێت ، ئەوەش ، هەر بە زەردەشت دەزانرێت. وە لە ڕیزی ئەو پەیام هێنەرانەدایە ، کە قورئان فەرمویە: ناویان

٣٨٤ - ئەم جیاوازی لێکدانەوەیە ، یا ڕایە ، وای لێکردم بڵێم: با زەردەشت ناسان ، لەهەر زمانێك ئاڤێستای گۆڕاوەتەسەر ، دانەیەکی لێ بەدەست بهێنرێت ، وە بە سەیرکردنەوەی هەموویان ، لەلایەن لیژنەیەکەوە ، لێیانەوە ، ئاڤێستایەکی تەواو و ڕاستمان دەست دەکەوێتەوە. بۆ یەکەم دینی یەزدانیی سەرزەوی ، دەهێنێت ، ئەوەی بۆبکرێت.
٣٨٥- لە سەرچاوەی ناوبراوی ب/١٤ دەدا ، ریزی ئەم بەندە ١٩ هەمینە ، نەك بیستەمین.

نەبراون.( منهم من لم نقصص).

*وەڵامێك دڵم دامركێنێت: ئەم داواكارییەی زەردەشت پێغەمبەرە ، دوای ئەمیش ئیبراهیم و موسا پێغەمبەریش ، داوای وایان لە یەزدان كردووە. ( لیطمئن قلبی .بەقەرە/٢٦٠، وتطمئن قلوبنا، مائیدە/١١٢+١١٣).

*ئەم سەرچاوەیەش دەڵێت زەردەشت پەیام هێنەرە سەرچاوەی ئینگلیزی ژ. ٣ ل. ١٠٨+ ٣٤٢.

*دێڕی٣١٦٢ ی شاهنامەی فیردەوسیش:
بە شاهـ جەهان ، گوفت پەیغەمبەرم تـورا سوی یەزدان ، هەمی ڕەهبەرم

*تیۆری خڕی زەوییەكەی گالیلۆی ئیتالی ، هی ناو كتێبی ئاڤێستای زەردەشتە ، كە یۆنانییەكان لە ٣٠١ پ. ز. دا بە تاڵان لە كتێبخانەی شەیبەكانی ناوچەی زەردەشت بۆ وڵاتی خۆیانیان بردووە. پەی پێ بەر زەردەشتە ، ناو دەركەر گالیلۆیە!.

**ﮔ/١٠/ ٤٥/ ب/١١:* دەربارەی پایەكانی دینە ، بیردۆزی دوو هیزی ناكۆك چاكە و خراپە.
**ﮔ/١١/ ٤٦/ ب/١٩:* دەربارەی ، چ وڵاتێك دەبێت من مل بنێم؟ بەرەو بەرزایی ، تەختایی؟ هاوڕێكانیشم خۆیان لەمن دوورگرتووە. ئەی مەزدا چۆن دەتوانم ببمە جێی ڕەزامەندیت؟

**ﮔ/١٢/ ٤٧/ ب/٦:* دەربارەی ناوبردنی فریشتەكانی مەزدا:
١ – ئەمشەسپندان:
یانی بیر ، خۆر. بە زمانی ئاڤ. ڤەهومەنە. بە پەهلەوی، بەهمەن.
كارەكەی فێركەری چاكەیە بە مرۆڤ. هەرچی گیانداری سودبەخش هەیە لە ئەستۆی ئەم دان. بانگدانی كەڵەشێر لە سپێدەی بەیان دا ، بۆ هەڵساندنی مرۆڤە بۆ خواپەرستی. دەستپێكردنی كارەكانی ڕۆژە. فریشتەكانی تر یارمەتیدەری ئەمن. هەرچەند ئەم ناوە ناوی خوای ئاگرپەرستەكانیشە ، ئەم ڕایەش هەیە: ناوی كۆنی ئاگرپەرستان ، لە دینی نوێی مەزدیسنای زە. دا بۆ ڕاكێشانیان بۆ ناو دینەكەیان بووە.
٢ – ئاشەڤەهیشتە:
یانی راستترین. بە پەهلەوی: ئوردیبەهیشت. كارەكەی: بریتییە لە پاسەوانی هەرچی ئاگری سەرزەوی هەیە ، ناوی یەكێك لە نوێژەكانیشە ، لە بەشی یەسنەدا باسیان دێت. وە سێهەم یەشتیش بەناوی ئەمەوەیە.
٣ – خشەسرەئیویە:
یانی فەرمانڕەوایی ئازاد. بە پەهلەوی: شەهریوەر. كارەكەی: پاسەوانی هەموو كانزاكانە ، مەعدەنەكانە ، دەستگیری كەمدەستان دەكات. ڕقی لەوانەیە زێڕ و زیویان هەبێتو بەكاری نەهێنن و شاردبیانەتەوە.

٤ – سپەندارمەز:
( یانی بیری بەرز ، یا گەیەنەری خۆشبەختی بە ئاڤێستایی: ئەم ناوەشی هەیە ئێرمایتی. کارەکەی : هاندەری مرۆڤە بۆ کردنی چاکەو ئاوەدانکردنەوە ، وە ئاگاداری زەوی ، هەرکەس زەوی بۆ کشتوکاڵ بەکاربێنێت؟ لای ئەم خۆشەویستە. ) ٣٨٦
٥ – هورڤەتات:
( یانی پێگەیشتو ، کامڵ. بە پەهلەوی خورداد. کارەکەی: بەرپرسیاری زیرەکی و هێمنییە. پاسەوانی ئاوی سەرزەوییە ، لە جیهانی مینەوی دا.) ٣٨٧
٦ – ئامێرتات:
یانی پایەداری نەمر. کارەکەی: ئاگاداری ڕووەکە ، شینیایی.
٧ – سپەنتەمەینیەڤە:
یانی ڕێگای باش و نیشاندەر.
٨ – ئەنگرامەینیەڤە:
یانی ڕێگای خراپ نیشاندەر. پێچەوانەی حەوتەمە.
............................................

***گ/١٣/ ٤٨/ ب/٦:** دەربارەی بنچینەکانی دین و خواناسینە، وە تێکۆشان و کۆڵنەدان بەرانبەر بێ بڕوایان.

***گ/١٤/ ٤٩/ ب/١٢:** دەربارەی، ناوبردنی زەردەشتو دۆستەکانی ، وەکو، فرەشوشتەر ، جاماسب. وە لە دوژمنانی وەکو ، بگندڤە. ٣٨٨ پاڕانەوە لە مەزدا ، بۆ سەرخستنی بەسەر بێ بڕوایان دا.

***گ٥١/٥٠/ ب/١١:** پرسیارکردنە دەربارەی ڕۆح ، وەکو: ئایا لەپاش مردن ، ڕۆح لە یارمەتی بەهرەوەر دەبێت؟ وە ئەوانەی کە دەتوانن یارمەتی بدەن؟

***گ/ ١٦/ ٥١/ ب/٢٢:** دەربارەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵکردن و ژیانی نیشتەجێبوون. وە بەزەییهاتنەوە بە گیانداران دا. ناوهێنانی پەیڕەوانی زە. وەك: گوشتائەسپ ، مدیوماهـ . ٣٨٩

***گ/١٧/٥٣/ ب/٩:** دەربارەی ژنانە، داوێنپاکی، شوکردن، مەرجەکانی مارەکردن.
بەمجۆرە ١٧ گاتەکان، یا سرودەکانی ز. ، یا بەشی/١ ـی کتێبی ئاڤێستا، کۆتاییهات.
............................................

٣٨٦– هاشم رەزی ، س. ف. ژ. ١٣ ل. ٦٧. ٣٨٧- ئەنداز حەیدەری ، س. ك. ژ. ١٣ ل ٥٠.
٣٨٨ – بگندڤە: پێموایە ئەمە ناوی تیرەیەك یا کۆمەڵێك بن. یەك کەس کەمە بۆ دوژمنی دینێکی تازەهاتوو.
٣٨٩ –گوشتائەسپ: پاشای وڵات بووە. مدیوماهـ: ئامۆزای زەردەشتە ، کوڕی ئاراستییە.

**دوو بۆچـوونـم** :
**هـەڵـبـژاردنـی ١٧ سرودەکان یا گاتەکانی بەشی/١ ، بە لای منەوە ، کەمــن !.**

وەك لـە پێشـەوە بـاس کرا ، زەردەشت نـاسان ، تـەنـها ئـەو ١٧ گاتـە بـاسكراوانـەی سـەرەوە ، بـە پەڕاوی پیرۆزی زەردەشتی دەزانـن . نـەك ئـەو کتێبـە گـەورە ٦ بـەشیـەی ، کە ئێستـە هـەیـە.

١ - منیش دەڵێم بـەجێیـە ، بیرم بۆی ناچێت ، لـە یـەکـەم نـامـەی یـەزدانـی دا بۆ سـەرزەوی ، بـەرنـامـەی ئـەوەنـدە گـەورە ، زۆرو قـورس و قـەبـە... بۆ ، زەردەشت نێردرابێت ، کـەچی دوای ئـەو سوحف = پـەڕە ، نـامیلکـە ، یـان ، بۆ هـاتبێت ؟! خوا بـەرنـامـەیپـەیـام بـەرە سـەرەتـاییـەکـانی کـەم و کورت ، ئـاسـان کردووە ، تـا بـەرەو سـەردەمی نوێی خۆمـان بێین ، گـەورە و زۆر دەبێت. بـە بـەراوردی زۆریی تـەورات ، ئینجیل ، قورئـان ، لـەگـەڵ سوحوفی سـەردەمی ئیبراهیم و نوح ... پـەیـام هێنـەردا ڕۆشنـە.

٢ – ئـەو هـەڵبژاردنـە ، یا جیاکردنـەوەی زەردەشت نـاسانـە ، بـە کـەم دەزانم. دەبـووایـە:

*یەسنـەی/١٢ هـاتـی/١٢ بـەندی/٩ = کورتـەکـەی : ی/١٢/ ١٢/ ب/٩. {ل ٤٠٥ ڕیزی ١٢ = نـوێژ } وە : ی/ ١٩/١٩/ ب/٢١ یش {ل ٤٠٥ ڕیزی ١٩ = شایـەتومان}. دەبووایە ؛ لـە بـەشی یـەکـەمی ١٧ گاتـەکـان دا ، بـووایـە. بـەڵام لـەوێدا، بۆ بـەرنـەکـەوتون ؟!.*

٣ – ئـەوەی ڕاکـەم زیـاتر پشت ڕاست دەکـاتـەوە: ئـاڤێستـا دەبێت شـەش بـەش نـەبـووبێت و کـەم بـووبێت؟. ل٣٩٣
وە تێبینی ڕیزی سێیـەمی خشتـەکـە... هتد. دەیخوێنیتـەوە ، بـە تێگـەشتنی ئـەمڕۆی ئێمـە ، نـاڕێکن ، نووسـەری نـاحـاڵی دەستێوەردانـی تیـاکردووە. نـابێت لـە دینی خواییـدا هـەبـووبێت. سـەیری قورئـان لـە پـاش زیـاتر لـە ١٤٣٠سـاڵ هیـچ نـەگۆڕا ، خۆ ئـەمیش لـەسـەر پێستـە نووسرابوو ، دوای پـەیـام هێنـەریش د.خ. نووسراوەتـەوە !. (وانـا لـە لحـافظون.) سورەی حوجورات/٩ سـەیربکـە.

٤ – لـەگـەڵ ئـەو دوو بۆچوونـەی سـەرەوەشم دا، هـەموو بـەشـەکـانی تریش بـە کورتی بـاس دەکرێن.

*کۆتـایی بـەشی/١ ی ئـاڤێستا ، سرود یا گاتـەکـان.. ل ٣٩٤ – ٤٠٤*

.............................................

**ب / ٣ / ٢- ئـاڤێستا ؛ بـەشی دووهـەمی** : **یـەسنـە** : **ل ٤٠٤ - ٤١١**
یـەسنـە : کورتـەکـەی : ی ، جـەژنـە: جـەژن ٥٥ بـەشن یا یـەسنـەن ، ٦٨٣ بـەندن.

**خشتەیەکی نووسەر بۆ یەسنەکان** :

| ڕ. یەسنە | ژ. ی/ هات | ناوەکەی گەر زانرابێت | ژ. بەندەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ - | ١ | .......... | ٢٣ | .... |
| ٢ - | ٢ | .......... | ١٨ | .... |
| ٣ - | ٣ | سروش *یەشت؟* | ٢٥ | بۆچی وشەی یەشتی پێوەیەو لە ڕیزی یەسنەدایە ؟! هەروەها ل.٤٠٦ /٣٩... |
| ٤ - | ٤ | = = | ٢٦ | .... |
| ٥ - | ٥ | = = | ٥ | .... |
| ٦ - | ٦ | = = | ٢١ | .... |
| ٧ - | ٧ | = = | ٢٨ | .... |
| ٨ - | ٨ | = = | ٩ | .... |
| ٩ - | ٩ | هەوم یەشت؟ | ٣٢ | .... |
| ١٠ - | ١٠ | = = | ٢١ | .... |
| ١١ - | ١١ | = = | ١٩ | .... |
| *١٢ -* | *١٢* | *فەرەڤەرانە ل٤٠٤/٢* | *٩* | *شایەتومانی زەردەشتی* |
| ١٣ - | ١٣ | ............. | ٨ | بە دریژی باسی دەکرێت. |
| ١٤ - | ١٤ | ............. | ٥ | .... |
| ١٥ - | ١٥ | ............. | ٤ | .... |
| ١٦ - | ١٦ | ............ | ١٠ | .... |
| ١٧ - | ١٧ | ............. | ١٩ | .... |
| ١٨ - | ١٨ | ............ | ٩ | .... |
| *١٩ -* | *١٩* | *بەغان یەشت؟*ل ٤٠٤/٢ | *٢١* | *باسی سێ نوێژەکەیە ، باسی دێت.* |
| ٢٠ - | ٢٠ | = = | ٥ | .... |
| ٢١ - | ٢١ | = = | ٥ | .... |
| ٢٢ - | ٢٢ | ........ | ٢٧ | .... |
| ٢٣ - | ٢٣ | ........ | ٥ | .... |
| ٢٤ - | ٢٤ | ....... | ٣٤ | .... |
| ٢٥ - | ٢٥ | ....... | ٨ | .... |
| ٢٦ - | ٢٦ | ....... | ١١ | .... |
| ٢٧ - | ٢٧ | ....... | ١٥ | .... |
| ٢٨ - | ٣٥ | هەبتەنگ | ؟ | لێرەوە ٢٨- تا ژ.٣٥ژمارەی بەندەکانیان ڕۆشن نیە. |
| ٢٩ - | ٣٦ | = = | ؟ | .... |
| ٣٠ - | ٣٧ | = = | ؟ | .... |
| ٣١ - | ٣٨ | = = | ؟ | .... |
| ٣٢ - | ٣٩ | = = | ؟ | .... |
| ٣٣ - | ٤٠ | = = | ؟ | .... |
| ٣٤ - | ٤١ | = = | ؟ | .... |

| ڕ. یەسنە | ژ. ی/ هات | ناوەکەی گەر زانرابێت | ژ. بەندەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ - | ٤٢ | هەبتەنگ | ؟ | ئەوانەی خوارەوە سرودن سەیری ل ٣٩٤،هاتی ٤٣ |
| ٣٦ - | ٥٢ | ....... | ٨ | .... |
| ٣٧ - | ٥٤ | ئێریامان ئیشیە | ٢ | نوێژێکە لە نەخۆشیدا وتراوە |
| ٣٨ - | ٥٥ | ....... | ٧ | .... |
| ٣٩ - | ٥٦ | سروشت یەشت،هادوخت | ٥ | .... |
| ٤٠ - | ٥٧ | = = ،سەشبە | ٣٤ | پێش خەوتن خوێنراوە. |
| ٤١ - | ٥٨ | فشوشۆمانتهرا | ٩ | .... |
| ٤٢ - | ٥٩ | ....... | ٣٤ | .... |
| ٤٣ - | ٦٠ | دەهمە ئافرینی | ١٣ | .... |
| ٤٤ - | ٦١ | ....... | ٥ | .... |
| ٤٥ - | ٦٢ | ....... | ١٣ | .... |
| ٤٦ - | ٦٣ | ئاوزەفر | ٣ | تا ژ. /٥٢ لە ئاو دەدوێت |
| ٤٧ - | ٦٤ | = | ٧ | .... |
| ٤٨ - | ٦٥ | ئەریدڤیزرا، ئەناهیتا | ١٩ | دوو ناوی هەیە |
| ٤٩ - | ٦٦ | ئاوزەفر | ١٩ | .... |
| ٥٠ - | ٦٧ | = | ٨ | .... |
| ٥١ - | ٦٨ | = | ٢٤ | .... |
| ٥٢ - | ٦٩ | = | ٣ | .... |
| ٥٣ - | ٧٠ | ....... | ٧ | .... |
| ٥٤ - | ٧١ | ....... | ٣١ | .... |
| ٥٥ - | ٧٢ | ....... | ١٠ | .... |

*کۆتایی خشتەی ٥٥ بەشەکەی یەسنە.*

.............................................

**باسي یەسنەکان بە کورتی** :

وەك لە خشتەکەدا دیارە ، ٥٥ یەسنەیە. ناوەرۆکی بەندێکی هەموویان بە کورتی ، وە سیانیان ١٢،١٩،٢٠ وەك بەشی یەکەم ، بە درێژی باس دەکرێن.

*ی/١ هـ /١ ب ٢٣ : * دەربارەی: ڕێز و سوپاسکردنی ئاهورامازد و پارانەوە و دوعا و نزاکردنە.

*ی ٢/ هـ ٢/ ب١٨: دەربارەی: وەك یەکەم بە ڕێزوسوپاسی ئاهورامازدا دەستی پێ کردووە، لەگەڵ ڕێوڕەسمی هاوسەر هەڵبژاردن.

*ی٣ / هـ ٣/ ب٢٥: دەربارەی: خۆ ئامادەکردنە بۆ جەژنە دینییەکان. **

---

* - ی : کورتەی یەسنەیە. هـ : هات. ب : بەند.

**– ناو یەشتەو لە ڕیزی یەسنە دایە ! : وەك لە ل ٤٠٥ دا، دیارە ، ژمارە ٣ وە ١٩ وشەی (یەشت) یان پێوەیە ، ئەویش بەشی سێهەمی ئاڤێستایە ، بۆچی لە دووهەم دایە ؟!.

*ی٤/ هـ ٤/ ب/٢٦: دەربارەی درکاندنی ئەو نزاو دوعایانەی ، لەکاتی جەژنە دینییەکاندا وتراون. وەکو: نەزرکردن ، سرودخوێندنەوە ، ناوبردنی یەك لە دوای یەکی دروستکراوەکانی خوا؛ ئاسمان ، زەوی ، ئەستیرە ، دەریا...

*ی٥/ هـ٥/ ب٥: دەربارەی: سوپاس و ستایشی خوایە. ٣٩٠

*ی٦/ هـ٦ / ب ٢١: وەك یەسنەی ژمارە دووە. لە قورئانیشدا ئایەت هەیە٣ و٤ جار هاتووە. الا تزر... نەجم ٣٨ ، زومەر٧ ئەنعام١٦٤. وە ولقد یسرنا القرآن... قەمەر ١٧، ٢٢، ٣٢، ٤٠

*ی٧/ هـ ٧/ ب٢٨: وەك یەسنەی ژمارە سێیە.

*ی٨/ هـ ٨/ ب ٩: دەربارەی: داواکردن لە خوا پەرستان ، تا دووروون ، مونافیقان، ئاشکرابکەن. + باسی جادووکەران.

*ی٩/ هـ ٩/ ب٣٢: دەربارەی: گفتوگۆی نێوان زە. گیای هەوم ، ئەی هەومی مەرگ دوورخەرەوە؟. ٣٩١

*ی ١٠/ هـ ١٠/ ب٢١: دەربارەی: ناوبردنی چەند شوێنی جوگرافیە.( ستەرۆسارە ، کوسرۆپەنە ، ڤێشپاتە ، سپیتەگەونە ، ئوپائیری سەئینە). ٣٩٢

*ی ١١/ هـ ١١/ ب١٩؛ دەربارەی: دیسانەوە دەرخستنی پیرۆزی گیای هەومە.

**ی ١٢/ هـ ١٢/ ب٩: شایەتومانی دینی مەزدیسنای زە. ( بە درێژتر لەوانی تر باسکراوە): لە ل ٣٠٧ دا وتومە ، دەبوایە لەناو سرودەکاندا بوایە.

دەربارەی: ( من شایەتی دەدەم ، کە مەزدا پەرستم ، یەك ئاهورا ، کە پاکترینی هەموو پاکانە ، ڕاستگۆترینی هەموو ڕاستگۆیانە. دەزانم بە ویستی ئەوە ئەم دنیای ڕۆشنە دروستبووە. لە خوایانی دێوپەرستانی نادروست و خراپ و زیاندەر... دوورە پەرێزدەبم. هەردەم پەیمان دەبەستمو نوێی دەکەمەوە ، کە هیچ وەختێك لەگەڵ دێوپەرستان و درۆپەرستان و زیاندەران و جادووکەران نەبم ، خۆم لێیانەوە دووربگرم.

هەر ئەو ڕەفتارانە پەسەندەلام کە ئاهورامازدا فەرموویە. من مەزدا پەرستم. باوەڕم هەیە بە: بیر و گفت و کردەوەی چاکی دینی مەزدیسنا. بڕوام هەیە کە ئەو سێ چاکییە ، شەڕو ئاژاوە بەلاوە دەنێت و خۆشی و دڵسۆزی جێی دەگرێتەوە. من باوەڕم بە دینی

---

ئەوە بە هەڵەی نووسەری دێر زەمانی دەزانم. هی تر وەکو: یەسنەی/٩و ١٠و ١١و١٩- ٢١و٣٩و ٤٠ ڕێک کردن و دابەش کردنەوە دەخوازێت.

٣٩٠ – ئەم یەسنەیە لەناو یەسنەکاندا کۆنترینە ، وە ئەوەی ژمارە ٣٧/٣٠ ، لەم دەچێت .

٣٩١– لە ٣٥٣ دا ، گاتی/٥/ ٣٢ ب/١٦: دیارە دینی مەزدیسنا دژی نۆشاوی سەرخۆشکەری هەومە، کەچی لێرەدا بەدەمی زەردەشتەوە ئەم گیایە زۆر گرنگ و پیرۆزکراوە ، دەڵێی فریشتەی عیزرائیلە و مەرگی بەدەستە ، گیایەك چۆن ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە؟! ئەمەش بە دەست تێوەردان دەزانم ، بۆ خراپکردنی شۆرەتی ئەم پەیام هێنەرە.

٣٩٢ – ئەمانەو سەیری ل: ٤١٦ و ٤٢٠ و٤٣٣ بکە، ئەو ناوانە گرنگن ، ناوی کۆنی ناوچەی زەردەشتن ، ڕۆشنبوونەوەیەکی ئەسیح. لەلایەن دیموکراتێکەوە ، ڕاستی بۆچوونە هەڵەکانی شوێنی زە. دەردەخەن ، خزمەتیشە بە کوردستان. من لە فارسیەکەیم وەرگرتووە ، دڵنیام هەموویان هەڵەی فۆنەتیکیان تێدایە ، خۆزگە لە سەرچاوەیەکی ئەوروپییشەوە دەمبینین.

ئاهورامازدایە ، هەموو شتە چاك و پاكەكان بە هی ئەوی دەزانم).
*ی١٣/ هـ ١٣/ ب ٨ + ی١٤/ هـ ١٤/ ب ٥ بۆم ساق نەبووەتەوە.(؟)

*ی١٥/ هـ١٥/ ب٤: دەربارەی: ڕێزلێنانە لە یەزدان، خۆ دووررگرتن لە خراپكاران.
*ی١٦/ هـ ١٦/ ب ١٠: دەربارەی: پارانەوەی ز. لە یەزدان، بۆ هێنانەدنیای مرۆڤی باش و سودبەخش، تا ژیانێكی بێوەیی بێگێچەڵ لە وڵاتی ئاریانواچدا(ل٢٨٨)، دووچاری خەڵكەكەی ببێت. *ی١٧/ هـ ١٧/ ب ١٩: ساق نەبۆتەوە.

*ی١٨/ هـ ١٨/ ب٩: دەربارەی: بە نوێژی ئەشیم وەهو ، دەستپێدەكات. وەك لە بەشی ١/ مەوە وەرگیرابێت وایە.
*ی ١٩/ هـ ١٩/ ب٢١: ( لە ل ٤٠٤ دا وتبوو م ، دەبوایە ئەمەش لەناو بەشی/١ی سرودەكانی ز.دا بووایە).*

چوار نوێژەكەی دینی مەزدیسنای زەردەشت:
١ – نویژی یەكەم ، ئەشیم وهو = ئاشەڤەهیشتە.
ل ٣٠٦ژمارە/٢/، بە شێوەی ئاڤێستایی و ڕێنووسی كوردی:
ئەشیم وهو ئەستی ڤەهیشتم ، ئەستی ئوشتا ئەستی ، ئوشتا ئەهمایی، هیەتئەشایی، وەهیشتایی ئەشیم.
واتاكەی بە گشتی:
ڕاستی باشترین چاكەیە ، مایەی بەختیارییە ، بەختیاریش بەشی كەسێكە كە خۆی ڕاست بێت ، خواست و ویستیشی بۆ باشترین ڕاستی وەگەڕخات. ٣٩٣

٢ – نوێژی دووەم ، ٣٩٤ بە ئاڤێستایی: یەتائەهو ڤەیریو:
ئەتارەتوش. ئاشات چیت هەچا ، ڤەنگەهی ئوش دەزدا . مەنەنگهو شیەئوتنە نام ئەنگەهی ئوش مەزدایی. خشەتریم چا ئاهورای ، ئاییم دریگو بیودەدەت واستاریم.

واتاكەی بە گشتی: شا ، یەك لەم دنیای ، كە بە ویستی خۆی فەرمانڕەوایی دەكات ، لەهەمان كاتدا لە نزیك ڕابەرێكی دینیدا بێت ، لە پرشنگی ڕاستی و پاكییەوە بەهرەدار دەبێت. بیری پاك كەلە ئیمانەوەیە ، بەهرەی كەسێكە كە كارەكان بەناو خواستی مەزدا بە ئەنجام بگەیەنێتو دەستی كەم دەستان بگرێت.
باسی ئە شایە و ڕابەرە دینیەی لەو نوێژەدا باسكرابوو ، هەر گوشتائەسپ و زەردەشتە. وە ناوی ئەم نوێژە لەم یەسنانەدا هاتووە: ٩ / ١٩، ٥٧/٤٠.

---

٣٩٣ – ئەم نوێژە لە چەند شوینی تردا ناوی براوە ، وەكو: گاتی ٢٨/١، یەسنەكانی: ١٩، ٥٨/٤١، ٦١/٤٤.

٣٩٤ – لە یەسنەی/٢٠ هەم دا هاتووە: هەركەس ئەم نوێژە بە دروستی بخوێنێت؟ لە خوێندنی سەد سرود خێرترە. ئەم نوێژە لە كاتی جەنگ لەگەڵ دوژمن دا، خوێندراوە. هەروەها ٢١ وشەی ئەم، بۆ ناونانی ٢١ نەسكەكەی ئاڤێستا ، ل: ٣٤٨ بەكاربراوە.

٣ – نوێژی سێیەم ، ڤێنگەهاتام:
ئەم ناوەشی هەیە ، یسنوکیریتی= یەسنەی ٥٧/٤٠ ل ٤٠٦.
ناوی ئەم نوێژەش لەم دوو یەسنەدا هاتووە: ٥٨/٤١ + ٦١/٤٤.
*نوێژەکە بە ئاڤێستایی:* ئێگەهی هاتانم ئاتەت ، یسنی پئی ، ڤەنگهو مەزدا ، ئو ئاهورو وەئینا ئەشات هەچایا ڤەنگ هانم ، چا تانس چا یەزەمەئیدی.
واتا گشتییەکەی: لە نێوان هەبووان دا ، ژنان و پیاوانێك هەن ، کە شەقڵی بەرنامەی ئاهورامازدا ، لە ڕاستی و پاکی دا ، بە باشترین شێوە ، پێیانەوە دیارە. ئەو جۆرە ژن و پیاوانە ڕێزدەگرین.

٤ – *نوێژی چوارەم، ئێریامان ئیشیە.* یەسنەی ٥٤/٣٧.
واتا گشتیەکەی: ئێریامانی بەڕێز ، یارمەتی پیاوان و ژنانی پاک داوێن ئەدات. پاداشی ئەوەش بڕیارێکە لە لایەن ئاهورامـازداوە پێیان دەگات.
خوێندنی ئەم نوێژە لەم دوو کاتەدا بووە: خۆ دوورخستنەوە لە خراپە ، وە لە کاتی نەخۆشی دا.

**ی ٢٠/ هـ ٢٠/ ب ٥ :* هەر ناوی بەغان یەشتە وەك ١٩. باسکردنی بە دریژی:
پرسیاری زەردەشت لە ئاهورامازدا. ئەی ئاهورامازدا؟ ئەی دروستکەری جیهان؟ بە من ڕابگەیەنە ئەو وشانەی بە من گەییوە، کامانەن؟ ئەو وشەگەلە لە پێش دروستکردنی ئاسمان ، زەوی ، ئاو ، گیاندار ، هەبوون؟ وەڵامی ئاهورا بۆ زەردەشت:
ئەهونەڤەئیریە ، یەتائەهو= نوێژانی/١ و ٢. پێش ئەو مادانە هەبوون. ئەی زە. هەرکەس نوێژی ئەهونەڤەئیریە بە ئاوازەوە بخوێنێت؟ وە جێی لە دڵ و بیری خۆیدا بکاتەوە؟ بە راسترین ژیانی خۆشی دەگات. من ئاهورامازدا، لەسەر پردی چینڤەت(وەك سیرات لە ئیسلام دا) ، یارمەتی دەدەم بپەڕێتەوە . و وە هەرکەس گوێنەداتە نوێژکردن دووچاری هەڵە و لە ڕۆشنایی بە دوور دەبێت.

*ی ٢١/ هـ ٢١/ ب٥: دەربارەی ڕێزنانە لەو ژن و پیاوانەی ، کە پەیامی ئاهورامازدا لە ژیانیان دا ، جێبەجێدەکەن. خۆشبەختی شایستەی کەسێکە ، کە ئەوەی بۆ خەڵکی تریش بوێت. هەروەها باسی چۆنیەتی پەرستنی ئاهورامازدا.
*ی٢٢/ هـ ٢٢/ ب ٢٧: دەربارەی ڕێزگرتنە لە ئاهورامازدا ، وە شێوەی بەجێهێنانی ئاهەنگە دینیەکان. وە باسی ئەمشەسپەندان و فروهەر.
*ی٢٣/ هـ ٢٣/ ب٥: دەربارەی ناوبردنی فروهەر و ژن و پیاوانی پاك داوێنە.
*ی٢٤/ هـ ٢٤/ ب٣٤: دەربارەی ستایشی ئەمشەسپەندانە.
*ی٢٥/ هـ٢٥/ ب٨: وەك دووبارەبوونەوەی گ/٢٨/١ ـە.
*ی ٢٦/ هـ ٢٦/ ب١١: دەربارەی پێکهاتنی لاشەی مرۆڤە لە گیان و ویژدان و ئیمان+ باسی فرەوەشی.
*ی٢٧/ هـ ٢٧/ ب١٥: دەربارەی باسی دووبارەی نوێژەکانە.

ی٢٨/ هـ ٣٥/ ل٢٨٠ لە بەشی/١ ـە ، سرودەکان . دەربارەی ڕزگاری لە هەردوو دنیایە، ئەوێش بە لایەنگرتنی بیر و گفت و کردەوەی باشە.
*ی٢٩/ هـ ٣٦/ ب ؟: دەربارەی ڕێزگرتن و نزیکبوونەوە لە ئاهورامازدایە ، هەرکەس دۆستی ئاهورا بێت؟ ئێمەش بە دۆستی دەزانین.
*ی٣٠/ هـ٣٠/ ب؟: دەربارەی بەسەربردنی ژیانێکی پڕ ئاسودەیی. سوپاسکردنی ئاهورا بە نوێژ و پاڕانەوە دەربڕین.
*ی ٣١/ هـ ٣٨/ ب؟: دەربارەی ڕێزگرتنی ژنان و بە پیرۆز زانینی ئاو و زەوی و هەور.

*ی٣٢/ هـ ٣٩/ ب ؟: دەربارەی ڕیز و ستایش لێنانە لە ژن و پیاوانی چاك و پەیڕەوکەرانی دین.
*ی ٣٣/ هـ٤٠/ ب؟: دەربارەی کارکردنی دروست و باش ، بەکاربردنی هۆش بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا.
*ی ٣٤/ هـ٤١/ ب ؟: دەربارەی چۆنیەتی ڕێزلێنان و ناوهێنانی ئاهورامازدایە ، ئەو لە هەردوو دنیادا ئاگاداری ئێمەیە.
*ی ٣٥/ هـ ٤٢/ ب ؟: دەربارەی باسی نۆشاوی هەومە. ناوی شاخی هەرەئیتی براوە.
*ی٣٦/ هـ٥٢/ ب٨: دەربارەی نوێژی یەتائەهو و هۆشبام ـە. نوێژی دووەمیان لە بەشی/٦ ـەمدا باسی دێت.
*ی٣٧/ هـ ٥٤/ ب ٢: لە ل ٤٠٨ چوار نوێژەکە باسکران. لەلای زەردەشتیانی هندستانەوە لەکاتی زەماوەن دا دەخوێندرێت.
*ی٣٨/ هـ ٥٥/ ب٧: دەربارەی ناو بردنی ئەندامانی لاشەیە وەکو ، بیر، ڕۆح... لێرەدا سرودەکانی وەك خۆراکی گیان باسکردووە.
*ی٣٩/ هـ ٥٦/ ب٥: ناوی سروش یەشتە یا هادوخت ، دەربارەی پاراستن و ڕێزگرتنی سروشتە. ڕام کردنی ویژدان بۆ ئاهورامازدا. لە یەشتەکاندا/١١، کە دەبیتە بەشی/٣ ـی ئاڤ. هەر ئەم ناوەی هەیە!. (ل٤١٢ ژ/١١).
*ی٤٠/ هـ ٥٧/ ب٣٤: ناوی وەك پێشوی هەیە لەگەڵ سەشبە. دەربارەی ڕیزگرتن لە ڕۆح ، ئەیزەد یا ئیزد. پارێزگاری ژنان و پیاوانی بێکەس. ئەمە بەسەر مردوودا لە سێ شەوی یەکەمدا دەخوێنرێت.
*ی٤١/ هـ٥٨/ ب٩: ناوی فشوشۆمانتهرایە. دەربارەی ڕێزنانە لە شوانی ئاژەڵان و خاوەنەکانیانە.
*ی٤٢/ هـ ٥٩/ ب٣٤: دووبارەبوونەوەی یەسنەی١٧ و ٢٦ ـە.
*ی٤٣/ هـ٦٠/ ب ١٣: ناوی دەهمەئافریتیە ، دەربارەی، لەکاتی بەستنی پشتوێنی زەردەشتی دا خوێندراوە . لە دواوە باسی دێت.
*ی٤٤/ هـ ٦١/ ب٥: دەربارەی گرنگی خوێندنی ٤ لە نوێژەکانە ، کە بەوە مرۆڤ لە خراپە دەگەڕێتەوە.
*ی٤٥/ هـ٦٢/ ب١٣: دەربارەی ناوهێنانو ڕێزگرتنی ڕووناکی و ئاگر.
*ی٤٦/ هـ ٦٣/ ب٣: ناوی ئاوزەڤرە ، دەربارەی ڕیزگرتنە لە ئاو. تا ٥٢ بێجگە٤٨ هەمان

ناون.
*ی٤٧/ هـ ٦٤/ ب٧: دەربارەی بڕوا بە خوا و بەشەکانی دینە.
*ی٤٨/ هـ٦٥/ ب١٩: ئەم ناوەشی هەیە ، ئەریدڤیزرا ئەناهیتا ، باسی ئاوی پاکی ئـ. ئەناهیتا. نووسەر: وابزانم ئەناهیتا ناوی کۆنی شاری هەمەدانیشە.
کراوە. لە بەشی/٦ی ئاڤ. = ورده ئاڤ. باسێکی لەم کەر هەیە. دەڵێی لەمەوە وەرگیراوە.
*ی٤٩/ هـ٦٦ / ب١٩: دەربارەی ستایشی خوایە. هەروەها باسی مەنی پیاو و منداڵدانی ژن و شیری مەمکان و هەڵقوڵانی ئاو دەکات.
*ی٥٠/ هـ ٦٧ / ب٨: دەربارەی ڕێزنان لە تیرەی فرەوەهەرەکان ، کە کۆمەڵێکی بڕوادار بوون.
*ی٥١/ هـ ٦٨/ ب ٢٤: پاش باسی ئاو ، پیرۆزی ئاهەنگە دینیەکان و چۆنیەتی بەجێهێنانی. لە نوێژی جومعەی ئیسلام دەچێت.

*ی٥٢/ هـ ٦٩/ ب٣: دەربارەی کورتکراوەی بەشە پێشووەکانە.
*ی٥٣/ هـ ٧٠/ ب٧: دەربارەی ناوهێنانی ئاهورامازدا، ئەمشەسپەندان ، وەهومنە ، ئەشەڤەهیشتە.
*ی٥٤/ هـ ٧١/ ب٣١: دەربارەی باسی پاکی ئاهورامازدا ، ناوبردنی مادە سروشتییەکان وەکو: گیا ، مانگ ، خۆر ، پرد. ناوبردنی فرەشوشتەر.
*ی٥٥/ هـ ٧٢/ ب ١٠: دەربارەی ڕێی ڕاست گرتنەبەر ، ڕێی ئاهورا ، ناوبردنی خۆر ، لە گەردوونی سەرەوە وەك چاودێرێك ، بە سەر دروستکراوانی ترەوە.

کۆتایی بەشی/ ٢ هەمی پەڕاوی ئاڤ. یەسنە.ل ٤٠٤ - ٤١١

.........................................

## ب / ٣ / ٣ - ئاڤێستا ؛ بەشي سێهەمي : یەشت : ل ٤١١ - ٤١٧

٢١ بەشە ، ٩٣١ بەندە. بە ئاڤێستایی Yashti یەشتی پێ وتراوە. لەگەڵ یەسنە هەردوو مانای جەژن و تەدارەك دەگەیەنن ، ٣٩٥ ژمارەیان بە ٢١ یا ٣٠ یا ٣٣ ناوبراون. ئەم یەشتانە دوو بەشن کۆن و نوێ ، وە بەسەر ئەمشەسپەندان و ئەیزەدا بەشکراونەتەوە. کۆنەکانیان تایبەتە بەسەردەمی پێش زەردەشتەوە ، واتە ئارییە ئاگرپەرست یا سروشت پەرستەکانەوە . ئەمانە نرخی ئەدەبیان هەیە ، باسی مێژووی شەڕ و داستانی پاڵەوانانی تیایە. یەشتە نوێکان ، ٢-٣ سەدە دووای کۆنەکان هاتوون. لە بارەی بیر و ڕێسای نوسینەوە نارێکیان تیایە. بەو پێیەی ناوی ڕۆژەکانی مانگیان ، لە ناوی یەشتەکانەوە وەرگرتووە ، مانگێك ٣٠ ڕۆژبووە. وا باوترە یەشتەکانیش ٣٠ بن. یەشتەکان تا ٢١ ـەمیان ، یەکی ٣ ناویان هەیە ، لەیەك نەچوونیش هەیە: ناوی یەشتی ژمارە/١٦ ،

---

٣٩٥– یەسنە و یەشت: لە بەر ئەوەی مانایان وەک یەکە ، وای بۆ دەچم یەسنەو یەشت یەك بەش بووبن ، هۆی کردنیان بە دوو ، یا جیاکردنەوەیان ، لە نووسینە ، وەیەوە ، لەلایەن چەند میرزای دوور و بێ ئاگابوون لە یەکترییەوە ، سەری هەڵداوە.

بە ئاڤێستایی ، دەئینا ، یە.
لەسەردەمی ساسانی دا، ناوی دین ، ـە. بە پێی ناوی مانگەکانی ساڵ ، میهر ، ە. لە خشتەیەک دا کۆمکردوونەتەوە ، وا ڕێکم خستوون:

## خشتەیەکی نووسەر بۆ یەشتەکان :

واتای ئەو ژمارانە ( ١ – ٧ ) جێی سەرباسیان گرتووە لە خوارەوەیە: { * }

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ – ئاهورامازدا | هورمەزد | هورمەزد | .... | * | * | .... |
| ٢ – زەندوهومەن | هەفتەن | بەهمەن | .... | * | * | .... |
| ٣ – ئاشەڤەهیشتە | ئوردیبەهیشت | ئوردیبەهیشت | .... | * | * | .... |
| ٤ – هەورڤەتات | خورداد | شەهریوەر | .... | * | .... | * |
| ٥– ئەناهیتا | ئابان | سپەندارمەز | * | .... | .... | * |
| ٦ – هڤەرخشەیتە | خورشید | خورداد | .... | * | * | .... |
| ٧ – ماڤەنگ | ماهـ | ئەمورداد | * | .... | .... | * |
| ٨ – تیشتریە | تیر | دیبازەر | * | .... | .... | * |
| ٩ – گۆیش | گوش | ئازەر | * | .... | .... | * |
| ١٠ – میسرا | میهر | ئابان | * | .... | .... | * |
| ١١ – سراۆشا | سروش | خورشید | * | .... | .... | * |
| ١٢ – ڕازیشتە | ڕەشن | ماهـ | * | .... | .... | * |
| ١٣ – فرەوەشی | فەروەردین | تیر | * | .... | .... | * |
| ١٤ – ڤێرترهاغانە | بەهرام | گۆش | * | .... | .... | * |
| ١٥ – ڕامان | ڕام | دیبمیهر | * | .... | .... | * |
| ١٦ – دەئینا | دین | میهر | .... | * | .... | * |
| ١٧ – ڤانگوهی | ئەشیئەرد | سروش | * | .... | .... | * |
| ١٨ – ئارشتات | ئاشتاد | ڕەشن | * | .... | .... | * |
| ١٩ – زەم | زامیاد | فەروەردین | * | .... | .... | * |
| ٢٠ – هەومە | هەوم | بەهرام | * | .... | .... | * |
| ٢١– ڤانانت | ڤەنەند | ڕام | * | .... | .... | * |

{ *} – ژمارە/١ : یانی ناوی یەشتەکان بە ئاڤێستایی وە لە سەردەمی زەردەشتدا. ژ/٢ : ناویان لەسەردەمی ساسانیان دا. ژ/٣ : ناویان وەکو ناوی مانگەکان. ژ/٤ : یەشتێکی کۆنە. ژ/٥ : یەشتێکی نوێیە. ژ/٦ : یەشتێکی ئەمشەسپەندانیە. ژ/٧ : یەشتێکی ئیزدی یە.
بۆ نمونە: یەشتی یەکەم : ژمارە یەکی : ناوی ئاهورامازدایە بە زەردەشتییانە. ژمارە دوو: لە سەردەمی ساسانیان دا، ناوەکە بووە بە : هورمەزد. ژمارە سێ : ناوی یەکێ لە مانگەکانی بەرکەوتوە یا نا. ئەم ناوی مانگانە لە ساڵژمێری ئەمڕۆی ئێران دا، هەندێکیان هەر هەن. سەیری ل ٣١٠.
... هتد.

ئەوانەی دەڵێن ٣٠ دانەن ئەم ٩ ، یەیان بۆ زیادکردوون:

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ – با | .... | .... | .... | .... | .... | * |
| ٢٣ – دیبەردین | .... | .... | .... | .... | .... | .... |
| ٢٤ – دین | .... | .... | .... | .... | .... | * |
| ٢٥ – ئارد | .... | .... | .... | .... | .... | * |
| ٢٦ – ئەشتاد | .... | .... | .... | .... | .... | * |
| ٢٧ – ئاسمان | .... | .... | .... | .... | .... | .... |
| ٢٨ – زامیاد | .... | .... | .... | .... | .... | * |
| ٢٩ – میهرئەسپەند | .... | .... | .... | .... | .... | .... |
| ٣٠ – ئەنیران | .... | .... | .... | .... | .... | .... |

**باسي یەشتەکان بە کورتي** :
لەناو یەشتەکان دا، دوو نموونە بە درێژی باس دەکرێن ، یەشتی دووەم ، بۆ نوێیەکان ، وە یەشتی دەیەم ، بۆ کۆنەکان. ٣٩٦

*ی١/ ب٣٣: دەربارەی ناوبردنی ٣٤ سیفەتی خوایە. پرسیار دەربارەی ڕۆژی دوایی. نوێژی یەتائەهو ، کە هەروەها ناوی یەکەمین ڕۆژی مانگێشی پێ ناونراوە.
*ی٢/ ب١٥: ئەوەیە لە دێڕی/٢ و ٣ ی سەرەوە ناوی براوە. بە درێژتر لەوانی تر باسیکراوە.
ئەم بەهمەن یەشتە ٣٩٧ ، ئەم ناوانەشی هەیە: زەندی بەهمەن ، حەوت تەنی گەورە و بچوك ، هەوم. ئەم ی. لە ونبووەکانە. کۆنترین دەستخەت کەلەم یەسنەیە. بەجێمابێت، دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠ ساڵ لەمەوپێش. ناواخنەکەی:
ز. لە یەزدان داوای نەمردنی لێکردووە. ئورمزد= خوا ، درەختێکی نیشانداوە ، ٤ لقی ، زێڕ و زیو و پۆڵا و ئاسنی هەبووە. پێشی وتوە: ئەو درەختە من دروستم کردووە ، هەر لقەی سەردەمێك دەنوێنێت. زێڕەکەیان: نیشانەیە بۆ تۆ کە بوویتە پەیام بەر. و شا گوشتائەسپ دینەکەی وەرگرتووە و یارمەتی بڵاوبوونەوەی داوە. لقە زیوەکەی: نیشانەیە بۆ سەردەمی قوباد. ئاسنەکەی: بۆ سەردەمی بێدادی دێوە = کافرە ، موو لولدراوە تورەکان. ئەمەیان کاتێکە کە ١٠٠٠ ساڵ بەسەردەمی تۆدا تێپەڕیوە.

٣٩٦ – ی/٢ : ی ، کورتکراوەیە بۆ وشەی یەشت. ژمارەکەی چەپیشی ، ژمارەیەتی لە ڕیزی ٥٥ یەشتەکان دا. ب : بەند.
٣٩٧ – بەهمەن: وشەی ئاڤێستاییە ، یانی: فریشتەی سروش ، وەحی هێنەرە ، لە ئاهورامازداوە بۆ زە. پەیام هێن. + هەرەسی بەفرە. تۆپەڵە بەفرە. هەروەها ناوی مانگێک بووە ، لە ساڵژمێری ئەمڕۆی ئێرانیش دا. کە وەختەکەی لە ٢١ – ١- ساڵی زاینیەوەیە ، بۆ ١٩ – ٢- ، هەرماوە.
ل١١٧ پەراوێزەکە ، سێ بەهمەن ، ی کۆن هەیە.

زە. دیسان پرسیاردەکات: کە من مردم نەتەوەکەم لە دین هەڵدەگەڕێنەوە؟ گەر بمێنم خەڵکی زیاتر پەیوەندی بە دینەوە دەکەن؟ خوا زەردەشتی حەوت شەو و ڕۆژ خەو لێ خست. پاش هەستان لێیپرسیای ، چیت دی؟ وتی ئەی خوای خاوەنی دنیا! یەکێکم دی لە ژیانێکی خۆش دابوو ، بەڵام بەدناو بوو ، ڕۆحی لە دۆزەخدا بوو ، لە ئێمە خۆشی نەدەهات. دەروێشێکی بێ نەوا و بێ چارەم دیت ، ڕۆحی لە بەهەشتا بوو ، ئێمەی خۆش دەویست. درەختێکم دی حەوت لقی هەبوو ، چوار یان ئەوانەی پێشو بوو پاپکانن. پێنجەمیان مسین بوو ، سەردەمی ئەردەشێری پاپکان و کوڕەکەی بوو ، کە دینی منیان زیاتر بڵاوکردەوە. لقی شەشەمیان ، برونزین بوو ، سەردەمی شای ئەشکانی ولاش بوو. کە بە فەرمانی ئەو ئاڤێستا کۆکراوەتەوە. لقی حەوتیان قورقوشمین مبوو ، سەردەمی بەهرامی گەوربوو ، کە بە کۆششی ئەو ، دین بڵاودەبێتەوە. جا ئەو کاتە ١٠٠٠ شت بەسەردادێت. زەردەشت پرسی ئەو هەزارە چین؟ خوا وتی کاتێکە کە ژمارەیەکی زۆر لەو دێوە موو لول دارانە ، کەلە نەوەی دێوە توڕەکانن ، لەلای خۆراسانەوە دێن ، هەرچی شارو دێ هەیە هەمووی وێران دەکەن. کەلتور و ڕەوشت لەناودەچێت. لەجێی خراپە و ڕق و خوێنڕێژی دێتە گۆڕێ . زەردەشت خەم دەخوات بۆ ئەو دین و نەتەوەیەی چی لێدێت؟ جا لێرەدا داوای مردن دەکات ، نەک بمێنێتو ئەو ڕۆژگارە تاڵە ببینێت. ٣٩٨

*ی٣/ ب١٩: دەربارەی دوو نوێژەکەی ئەشیم وەهو ، وە ئەشەڤەهیشتەیە. ڕاستی. جۆری پزیشکان. هەوم . ئاو. ئەمشەسپەندان.
*ی٤/ ب ١١: دەربارەی ستایشکردنی ئەمشەسپەندان ، ناوبردنی ئەم نەخۆشیانە: هەشی ، بەشی ، سەنی ، بوچی.
*ی٥/ ب١٣٣: دەربارەی ناوبردنی پێشەوایان جەمشید ، ئەژدەهاك . ٣٩٩ نەزر و قوربانی. وڵاتی ئاریانواچەکان.
*ی٦/ ب٧: دەربارەی ستایشی خۆر یا روناکییە.
*ی٧/ ب٧: دەربارەی پیرۆزی ئاو و سودەکانی ، مانگی پڕ و چواردە و یەکشە وە. ئەم یەشتە پێدەچێت لە کۆنەکان بێت. دویی نوسراوەتەوە ، ئیتر بە نوێ ناویدەرکردووە.
*ی٨/ ب ١٢: دەربارەی ئەستیرەناسی. ڕۆشنی و تاریکی. خیر و شەڕ. مشت و مڕ لە نێوان بڕوادار و بێ بڕوادا.
*ی٩/ ب ٣: دەربارەی گیاندارە سودبەخشەکانە ، گا ، ئەسپ. داستانی کەیخەسرەو و

٣٩٨ – نووسەر : پێموایە ئەو هاتوانە لای خۆراسانەوە ، کە ڕۆژهەڵاتی ئێرانە= مەنگۆلستان، ئەفگانستان ، تورکمەنستان... هەر مەغۆل و تەتەر و سەلجوق و جەنگیزەکان بوون...کەلتور وێرانکەری ڕۆژهەڵاتن = بەرهەمی دەستی ئەو خێڵە ، هەر وێرانکاریان زانیووە.
٣٩٩ – سەردەمی ئەژدەهاك لەم بەرواره کۆنتر نییە ٥٠٠ پ. ز. سەردەمی ز. و ئاڤێستاش ١٨٧٧ پ. ز. ل٣٤٣. جیاوازی ١٣٧٧ساڵ هەیە. چۆن لەو سەردەمی کۆنەدا باسی شا ئەژدەهاك کراوە ، ئەمە؟ یا ئەژدەهاکێکی ترە؟ یا هەزار ساڵ ، زیاتر دەبێت تیپەڕێت ، جا وەختەکەی دێت؟! دەست تێوەردانە ، چونکی ئەم ، شا ، یە ، غەیرە کورد دەڵێن ، دیکتاتۆر بووە ، چونکی بە کوردییان لە قەڵەم داوە. منیش دەڵێم ئەی کام شای ئێوە ؟ لە کوردستانی مەزن دا، دیموکرات بووە؟.

کوڕەکەی کە سیاوەشە ، وە تۆڵەسەندنەوەی لە ئەفراسیاو.

*ی۱۰/ ب۱٤٦/ ۳۵ کەردەیە: ٤۰۰ سێ ناوی هەیە. ناوی سێیەمی کە میسرا ، یە. ناوی بتێکی ئاگرپەرستی ئارياييەکانە. واتە ، کە پێش زەردەشت پەرستویانە. لەناو یەشتە کۆنەکانیشدا ئەم لە هەرەکۆنەکانە. ناواخنەکەی:

بە ڕێزەوە سوپاسی میهر دەکەین . کە خاوەنی دەشتە پان و بەرینەکانە . پاسەوانی وڵاتی ئاریاییەکانە. ئاسایشی سەرزەوی دەپارێزێ . رزق و ڕۆزی دەهێنێتە بەرهەم. هەر پەیمانێك دەیدەن ، پەیڕەوی لێوەبکەن. میهر ئاگادارە بەوکردەوانەی خەڵك دەیکات.۱۰۰۰ چاو. ئەوەندەش گوێی هەیە. ئیزدێکە بەیانیان لە گەڵ گزنگی خۆردا ، بە کراسی زێڕینەوە ، لەسەر لوتکەی شاخەکانەوە ، هەموو وڵاتی ئاریاییەکان دەپارێزێت. ولاتانی وەك:

( ئەرێزاهی ، سەڤەهی فرەدەزەفشو ، ڤوروبەرێشتی ، فوروجەریشتی ، خڤەنیراتهـ )
ئەو ناوە جوگرافیانە ، سەرەداوی گرنگن. ل٤۰۸ ژێرنووسی ۳۹۲. وە ل٤١٦، ٤٢٠.
هەرکەسێك سوێندی درۆ بەناوی میهرەوە بخوات ، یا ئەو پەیمانەی پێیداوە بیشکێنێت؟ میهر سەرزەمینیان تێکدەدات ، ئەسپەکانیان مل نادەن بۆ سواریو سەرکێشدەبن. وەگەر ڕازی نەبێت لە کاری یەکێك ، چەکەکەی کارناکات،نیشانەکان ناپێکێت. ئەی میهر؟! ئەم داواکاریانەمان ببیستە، نوێژەکانمان لێوەربگرە، سەرمانبخە بەسەر دێوپەرستان و جادووکەران دا. میهر تیشکی درەوشاوەیە، پەنای هەموو بڕوادارانە، دۆستانی ئەو ۸ کەسن، لەسەر لوتکەی شاخەکاننو ملکەچینی. گەر دوو لەشکر بەگژی یەکتردا چوون، لەپڕ میهر پەیدادەبێت، لەشکری بێ بڕواکان، چاویان کەم بینا و گوێیان نەبیسو سەردارانیان خۆنەگر دەکات. تا نەتوانن شەڕبکەنو خۆ بە دەستەوە بدەن. ٤۰۱
*ئاهورامازدا بۆ میهر جێی بەرز و جوان و پرشنگداری دروستکردووە.* ئەو جێگە نە گەرمە نەساردە، نە ڕۆژە نەشەوە، نە هەوریش ئەنیشێتە سەری!.
ئەم جێگایە بە فەرمانی ئاهورامازدا و ئەمشەسپەندان و خۆر دروست بووە ٤۰۲. لەوێوە میهر چاودێری ڕەوشتی خەڵکی دەکات. میهر هەموو دنیا لەم قەڵا ئاسمانییەوە ، چاودێری دەکات. میهر لە ئاهورامازدا دەپارێتەوە. ئیزد میهر ئەسپەکەی با بڵێم بوراقەکەی ، لە

---

٤۰۰– ئەمە نموونەیەکە بۆ یەشتە کۆنەکان. * کەردە: وشەیەکە وەك کۆمەڵەی بەند ، هات ، فرەگەرد. کە لە دابەشکردنەکانی ئاڤێستادا بەکاربراون. کەردە بە درێژتر لە بەند دەبینرێت لێرەدا. ئەم یەشتە ١٤٦ بەندە ، بووەتە ۳۵ کەردە ، دەمەوێت بڵێم ٤ بەند و نیو کەردەیەکە.
٤۰۱ - لە سەرەتای یەشتەکەوە ، تا ئێرە میهر زۆردەسەڵات دارە ، بە تێگەیشتنی ئیسلامیانە ناماقووڵی تیایە ! ئەگەر بڵێین مادام سەردەمی کفر و پێش زەردەشتە ، بۆیە وایە ؟ ئەی بۆ لە دێڕی دوای ئەم دا ، دیسانەوە ڕێك کراوەتەوە ؟ ئاهورامازدا گرنگترە و ئەو لێی دەپاڕێتەوە ، میهر دەچێتەوە پێستی فریشتە !.
٤۰۲ - لە دوو دێڕی پێشەوە دا ، تەنها ئاهورامازدا دروستی کردووە. لێرەدا فریشتەیەك و خۆریش بەشدارن لەگەڵی !.

ولاتی ئەریزەهیەوە بۆ ولاتی خفانیراتهـ ، دەدرەوشێتەوە. گورزێکی بەدەستەوەیە ، کەلە سەد گرێ و سەد تیغی زێڕین دروست بووە. لە ترس و بیمی، ئەهریمەن بەلەرز دێت. میهر بالادەستە لە هەرکوێ بێت. لە هندی ڕۆژهەلات بێت ، یا رۆژئاوا یا کەناری ڕوباری ڕەنگهە. درۆپەرستان لەناودەبات. مرۆڤ هەرچەند خاوەن بیر و گفت و کردەوەی چاك بێت ، ناگات بە میهر. پەیماندانی ڕاستی نێوان دووکەس ، خێری ٤٠ بەرانبەرە. ئەگەر یەکێك پارچە زەوییەکی هەبێت ، ڕێبدات چەند کەسی تر لەسەری بژین ، خێرەکەی ٧٠ بەرانبەرە. لە نیوان مامۆستاو قوتابی نەوەد بەرانبەرە ، لە نێوان دوو برادا ١٠ هەزارە.

بۆ ئەوەی لە میهر نزیك ببمەوە ، دوعاکانم وەختێك دەکەم کە ئەو لە قەلای هەڕا، ٤٠٣ وە هەل دێت و ئاوا دەبێت. زەردەشت پرسی ، ٤٠٤ یەکێک چۆن نواندنە دینیەکان بەجێبێنێت؟ میهر پێی ڕازییە ؟ وتی ئەوانەی بڕوایان بە میهرە ، دەبێت لە سێ شەو و ڕۆژدا، وە لە وەختی جیاجیادا لاشەی بشوات ، وە ٣٠ قامچی لە خۆی بدات ، تا لە گوناهە کۆنەکانی پاك ببێتەوە. جا لە نۆشاوی ئامادەکراوی زەور بخواتەوە ، وە دوعای شتبائوتای یەسنە بخوێنێت. میهر ١٠٠٠ تیروکەوان و نێزە و تەور و خەنجەر و گورزی هەیە. هەموویان لەگەل دێوپەرستان دا بەکاردەهێنێت.

*ی١١/ ك١٣/ ب٣٣/: دەربارەی کەسانی ئازا و دلێر و ژن و پیاوانی تاوانکارن.

*ی١٢/ ك ؟/ ب٣٨: دەربارەی ستایشی ئاهورامازدا و ئەمشەسپەندان و جۆرەکانی سوێندخواردنە. پێش خەو خوێنراوە. وە لە لایەن موغەوە ، بەسەر مردوو دا، لە سێ شەوی یەکەمی دا خوێنراوە.( لە یاسینی ئیسلام دەچێت) ئەم یەسنەیە هەمووی نەماوە.

*ی١٣/ ك ٣٨/ ب ١٥٨: دەربارەی کەسانی داوێن پاك و بەشەکانی لاشەی مرۆڤ وستایش کردنی ئاهورامازداو ئەمشەسپەندان و مدیوماهە. دوعای ترس بووە.

*ی١٤/ ك ١١/ ب ٧٠: دەربارەی گەڕانەوەی ڤێرترهانمانە بۆسەر زەوی و ڕیوڕەسمی قوربانیگا و ناوی خوای ئارياییەکان و بورجەکانە.

*ی١٥/ ك؟/ ب ٥٧: دەربارەی باسی پالەوانان و ناوبردنی و د ئیزد و جەمشید. باسی ئاژەل و شینیایی. *لە دوای بەندی ٤٢ وەوە ماوە.*

*ی١٦/ ك ٧/ ب٢٠: دەربارەی باسی زەردەشت و هڤوڤێی هاوسەری. واتای بیر ڕۆشنکردنەوە دەگەیەنێت.

*ی١٧/ ك١٠/ ب٦٢: دەربارەی ولاتی ئاریانواچەکان و ژنی داوێن پیسو زەردەشت و تورانی و نەوزەریە ، واتای ڕێکوپێکی دەگەیەنێت.

*ی١٨/ ك ؟/ ب ٩: دەربارەی مال و دارایی ، ناوبردنی ئەستێرە ، باران ، روبار، واتای ڕاستی دەگەیەنێت.

---

٤٠٣ – هەڕا: بە هەورامی ، هەڕ: قوڕ. هەڕا: قوڕەکان. قەلای قوڕان: دێی( قوڕی قەلا) ، بە ئەشکەوتە سەرنج ڕاکێشەکەیەوە ، ناوەکەی و گرنگی بیرم بۆی دەچێت ، لە خوارووی شاری پاوەدا هەیە. = هەورامانی دیوی ئێرانە.

٤٠٤ – ئەم نیوە دێڕەش بڕوا بە یەزدانی تیایە ! لە میهرەکەی پێشەوە ناچێت . پێموایە ئەو ترش و خوێ کردنە ، ئیمانییەی لە هەندێ دێڕدا دەبینرێت ؟ موغە زەردەشتیەکان دوای هاتنی دینەکە، پێوەیان کردووەو زەردەشتاوی بووە. نووسەر : یەشت کۆنە و باسی سەردەمێکی نوێتر دەکات!.

*ی۱۹/ ك ۱۵/ ب۹۵: دەربارەی باسی فەڕی کەیانیو ناوبردنی ۵۳ شاخ. (هەڕا... و)، باسی شەڕی سێیەمی جەمشید و ئەژدەهاکە. ۱ واتای زەوی دەگەیەنێت.
*ی ۲۰/ ك؟/ ب۲: دەربارەی باسکردنی دوو برایە ، بە ناوەکانی کیریس ئەسپ و ئورڤاخشیە. وە پرسیار و وەڵامەکانی زەردەشت و گیای هەوم و نوێژەکانە.
*ی۲۱/ ك؟/ ب۱: دەربارەی گیاندارانی زیان دەر و باسی هەومە. کورتترین یەشتە.

کۆتایی بەشی ۳/ هەمی ئاڤێستا ، یەشت . ل ٤۱۱ - ٤۱۷

.............................................................

**ب /۳ / ٤ - ئاڤ. بەشی چوارەمی : ویســپــەرد :** * ل ٤۱۷ - ٤۱۸

ویسپەرد: ئاڤێستاییە ، ویس: هەموو. پەرد: موغ یا پێشەوای دینی= هەموو پێشەوا دینیەکان. ویسپەرد پەیامێکی سادەیە ، سنوری خواپەرستی لە دیدەی مرۆڤێکی دڵپاکەوە دیاریدەکات.
لەم بەشەدا ستایشی هەموو شتێکی پاك کراوە. ژنێکی داوێن پاك ،ڕوەکێکی سودبەخش، گوڵێکی بۆنخۆش. لەکاتی گێڕانی ئاهەنگە دینیەکان دا، لەگەڵ یەسنەدا تێکەڵکراوە و خوێنراوەتەوە. بەڵام لەکاتی جەژنی گەهنبار ، گەنمبار دا ، ویسپەرد بەتەنها خوێنراوە.

***باسکردنی کەردەکانی بە کورتی:***
*ك۱/ ب۹: دەربارەی مژدەدانە بە پاکان ، چاکەکەرانی ژن و پیاو ، گیانداران بە گشتی.ئەو پاکانە جێگای ڕێز و ستایشن. وە باسی شەش جەژنەکە ، بە گەهنبارەوە.
*ك۲/ ب؟ : دەربارەی ستایشی مرۆڤانی بیر و گفت و کردار باش ، لەلایەن زەردەشتەوە ، وە سرودی ستایشی پاکی کەناوی ئەریدویسورە ئەناهیتە.
*ك۳/ ب٦: دەربارەی ڕێزنان لە پلەی پێشەوایانی دینی وە کردەوەی پاك و چاك بە کۆمەڵێکی هۆشداری بەتوانامان دەمانگەیەنێت.
*ك٤/ ب؟ : ئەوانەی کردەوەی ڕاستی ، توانایی ، زانیاری، تەندروستی ، لێ دەوەشێتەوە.
*ك۵/ ب ؟ : دەربارەی ڕێزنان لە ئەمشەسپەندان و سودگەیەنەران. بڕواهێنان بە دینی مەزداییو دڵ بەستنەوە پێوەی. سودی ساڵ و مانگ و خۆر.
*ك٦ / ب۱: دەربارەی ڕێزنان لە ئاهورامازدا و ئەمشەسپەندان ، ئەوان شایستەی ئەوەن فەرمانیان بەجێ بهێنرێت.
*ك۷/ ب ۵: دەربارەی ستایشی ژن و پیاوانی پاك ،. سرود وتن بۆ ئاسمان و زەوی و ئەستێرە. نیعمەتەکانی خوا لە سروشت دا. بۆ سود و بەهرەوەرگرتن لەوانە ، هیمەت و

* – ۲٤ بەشە ، ئەم بەشە ئاڤێستا ناسان یەك ڕا نین ، لە ژمارەی بەشەکانی دا ، دەڵێن: ۲۰ یا ۲۲ یا ۲٤ یا ۲۷ بەش بووە. نووسەر: { ئەو وشەی ویس ، ـە . بە هەورامی یانی بیست ، بۆی هەیە ، بیستەکە بیت. ؟ ۲۰ ـەکە ، ٦۲ بەندە. پەرد: هەرلە کەرد دەکات ، ڕێنووس هەڵەی پێکردووە. چونکی کەردە ناوی سەرباسی ئەمە. ئەم ڕایەش هەیە کە ویسپەرد لە یەسنەکانی ۱ – ۲۷ دەچێت.

تیکۆشانی مرۆڤ پێویستە. لە ئاهورامازدا پارانەوە ، بۆ ڕزق و ڕۆزی زیادکردن. نەوەی باش و ئازا. دادوەری.
*ك٨/ ب٢: دەربارەی بە ڕێگای ڕاستی گرتنەبەر لەلایەن ژن و پیاوانەوە ، پاکی بە ئەنجام دێت. ئیزد لە ڕیزی ئەمشاسپەندانە ، پێویستە ستایش بکرێت.
*ك٩/ ب ٧: دەربارەی ستایشی پاکی. پێداگرتن لە ئەنجامدانی ئاهەنگە دینییەکان. دەرمان لە گیای هەوم بەدەست هێنانە.
*ك١٠/ ب؟: دەربارەی باسی ٧ وڵات. ئامێر و دەزگا. سرودی ئەهونەڤەئیریە. فرەوەشی.
*ك١١/ ب ٢١: گەورەترین کەردەیە. دەربارەی پەیوەندی دین و سروشت پێکەوە بەستنەوە. بینینی بوونی دەسەڵاتی خوایی لە سروشتدایە.
*ك ١٢/ ب؟ : لەگەڵ دووبارەبوونەوەی باسی کەردەی پێشو: ئاهەنگی دینی بە نۆشاوی هەومەوە! ، باسی باشی. خواپەرستیە.
*ك ١٣/ ب ٣: دەربارەی ستایشی ئەمانە: ئاهورامازدا ، زەردەشت، فروهەر،ئەمشەسپەندانە.
*ك١٤/ ب؟: دەربارەی ستایشی سرودە دینییەکان و بە دیقەت خوێندنەوەیانە.
*ك١٥/ ب ؟: دەربارەی پەروەردەکردنی نەوەیەکی دینی. چەسپاندنی یاسا. تەندروستی. سرودخوێندنی زەردەشتییەك ، کە چاوی بە دروستکراوانی خوا دەکەوێت ، وەکو ئاوێکی پاك ، سەوزاییەك ، خۆر ، مانگ.
*ك١٦/ ب ٤: دەربارەی دووبارەبوونەوەی ستایشی زەردەشت. ڕۆح.
*ك١٧/ ب ١: دەربارەی ستایشکردنی یەسنەی ژمارە حەوتە.
*ك ١٨/ ب ٣: دەربارەی سرود و دوعاکانە.
*ك١٩/ ب ؟: دەربارەی ستایشی خوا، سرودەکان. بەشەکانی سروشت.
*ك٢٠/ تا ك ٢٤/ دەربارەی دووبارەبوونەوەی کەسە باشەکانن.

کۆتایی بەشی چوارەمی پەراوی ئاڤێستا ، ویسپەرد. ل ٤١٧ - ٤١٨

.............................................................

**ب/٣ / ٥- ئاڤ . بەشی پێنجەمی** : **ڤەندیدات** : ل ٤١٨ - ٤٢٢

بە ئاڤێستایی ڤەندیدات بە ڤیدەئەیوەدانە ، ناوبراوە ، یانی یاسای دژی دێو. لە سەدا هەشتای لەلایەن موغە ، نا ، زەردەشتییەکانەوە نووسراوەتەوە. (ئەم بەشە کە بەشی ١٩ ـە لە پەڕاوی ئاڤێستای سەدەمی ساسانیان ، هەمووی بە سەردەمی ئێمە گەییوە. وە باس لە دنیای ترس دەکات: شەیتان ، دێو ، درنج و خێو و جادوو... بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی لەوانە بپارێزێت ، دەبێت دوعا بخوێنێت و گیانداری زیانبەخش بکوژێت.) ٤٠٥

٤٠٥– وشەی کەردەی بەشی چوارەمی ئاڤێستا ، لەم بەشەدا، وشەی فرە ، خراوەتە تەکی. بووە بە فرەکەرد. بە هەورامی یانی زیادی کرد. ئەم فرەکەردە ناوی بەشەکانی ڤەندیداتە. ئەم بەشەش لە هەموو بەشەکانی تری تیایە. لەجێی وشەی فرەکەرد: تەنها ف ، دەنوسرێت.
(ئەم بەشە ٢٢ فرەکەردە، ٨٤٦ بەندە: هاشم رزی ، س. ف. ژ. ١٥ ل ١٥٩، ١١٦).

ئەم ٢٢ بەشە بە کورتی باس دەکرێت ، وە ١ و ٧ ـەمیان بە درێژتر.

باسی ڤـەنـدیـدات بـە کـورتـی :
*ف١/ ب٢١: دەربارەی لێرەدا باسی ١٦ شوێنی جوگرافی کردووە. ئاریانواچ ، ل٢٥٤ باسیکراوە. گەوە ، مەڕۆ ، بەڵخ نەیسایە ، هەڕات٤٠٦ ، وەئیکیریتە ، روەیی ، ویهرکانە ، هەرەخوەئیتی ، هەئیتومەنت ،رەی ، چەخر، وەرینە ، هەپتە ، ڕەنگها.
ئەو شارانە لەلایەن ئاهورامازداوە= خوای چاکەوە دروستکراون. ئەهریمەن = خوای خراپە، بەرەنگاری کردووە. ئەو بەرەنگارییەش هێنانی قاتوقڕییە بەسەریان دا. من ئاهورا شارێکی تری وەکو هی ئاریانواچەکان دروست ناکەمەوە ، چونکی خەڵکی تر ، وە لە شوێنی تر، ڕوو لەوێ دەکەن ، ڕەوی بۆ دەکەن. ئەوەش دەبێتە هۆی خراپبوونی گوزەرانی ئەوێ. یاسای ڕاستی بەجێهێنان ، دارایی بەشێوەیەکی ڕاست بەش دەبێت. ئاگر کە دەسوتێت جارێك سود بەخشە ، ئەوە بۆ چاکانە. جارێك زیاندەرە ئەوە بۆ خراپانە.
*ف٢/ ب٤٣: دەربارەی وتووێژی زەردەشت ، لەگەڵ ئاهورامازدایە. بوونە پەیام هێنەری جەمشید. خەبەردان کە لافاو ڕوودەدات. خۆئامادەکردنی جەمشید بۆ کۆچ بەرەو خواروو.
*ف٣/ ب ٤٢: دەربارەی چاندنی گەنم . ناشتنی درەخت. لە سێدارەدانی ئەوانەی مردوو دەخەنە گۆڕەوە.
*ف٤/ ب٥٥:* دەربارەی یاساکانی پەیمان دان ، پاداش بەسەر ئەوانەی بەجێی دێنن. سزای ئەوانەی سەرپێچی لێ دەکەن. لەو سزایانە: بە قامچی لێدان. بەباشی ناوبردنی کەسی ژنـدار، بەسەر کەسی بێ ژن دا. دەوڵەمەن بەسەر هەژاردا. وە منداڵ دار بەسەر بێ منداڵ دا.
*ف٥/ ب ٦٢:* دەربارەی پاکردنەوەی کەسانێك کە پیس دەبن. جێگای مردوو لە زستان دا. گوناهکەر ئەگەر چووە لای موغێك ، وە دانی نا بە گوناهەکەیدا ، بەشێك لە گوناهەکەی دەبەخشێت! *سزادانی ژنێك کە منداڵی مردووی هەبێت! ** : بەشی دوازدە شەو و ڕۆژ خواردەمەنی لەگەڵ خۆی دەبات. لە شوێنێکی دوور ئاو و ئاوەدانی دا ، ژیان بەسەردەبات.
*ف٦/ ب٥١:* دەربارەی شێوەی دەستوردان بۆ لاشەی مردوو ، وەکو: لەبەرزی چەند دەبێت لاشەکە دابنرێت؟ ٤٠٧ تا چەند ئێسکەکانی چاودێری بکرێت؟ هەرکەس پارچە ئێسکێك

---

٤٠٦- بۆ ناوەکانی مەڕۆ ، بەڵخ ، هەرات. نەخشەی ل ٣٤١ . ئەم سێ ناوە لەگەڵ ڕەی کە خوارووی ڕۆژئاوای تارانە ، بۆ لەو ١٣ ناوە کۆنە ناچن ؟ بۆ خراونەتە تەك کۆنەکان ؟! ناڕێکییەك هەست پێناکرێت ؟ بۆ بردنیان لە ڕۆژئاوا و سەروی ڕۆژئاوای ئێرانەوە ، بەرەو ڕۆژهەلات ؟!
رەخنەکەم دەدەمەوە بە گوێی خوێنەردا. ل ٣٨٠. شوێنی جوگرافی ل: ،٤٣٣،٤٠٨،٤١٦.
*/ نووسەر : بەخشینی گوناهکەر، دەبێت هەر لە دەسەڵاتی یەزدان بێت. نەك مرۆڤێك.
**/ نووسەر : دەبـووایە بنووسرایە ئەگەر منداڵی لەبـار بـرد؟ گەر مردنەکە لە ئەجەلی خواوە بێت؟ ژن بـۆ سزا بدرێت؟.
٤٠٧- لەو کاتەدا ڕەوشت وابووە ، مردوو لە شوێنێکی بەرزدا ، دابنرێت ، تا ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان بیخۆن. لاشەی مردوویان بە پیس و نەخۆشی هێنەر داناوە ، نەیان ناشتوە ، تا خاکەکەش پیس نەبێت.

بەرداتەوە بۆ سەر خاك ، ٦٠ قامچی لێدەدرێت. تا ئێسکەکە گەورەتربێت ، سزاکەش زیاتردەبێت. لەهەرکوێدا مردوویەك بمرێت، یا سەگێك بتۆپێت ، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە جێگاکەی دا کشتوکاڵ ناکرێت. هەرکەس لەوە سەرپێچی بکات ، ١٠٠ قامچی لێ دەدرێت.

*ف٧/ ب١٤:* ئەم فرەگەردە بە درێژتر باس کراوە ، دەربارەی هەرکەس مرد؟ دێوی ناسو ، وەك شێوەی مێشێك ، چێتە نێو لاشەی مردووەکە . لە بەشی سەرەوەی دا جێ دەگرێت. لەوێدا دەدەمێنێتەوە ، تا باڵندە و ئاژەڵە دڕندەکان دێن بۆ سەر لاکەکە ، کە ئەوانە هاتن ، دێوەکە دێتەدەرەوە و بەرەو باکور دەفڕێت یا دەڕوات. لاشەی مردووەکە ئەو کەسە زیندووە پاکانەش ، بە جل و بەرگو تابوتەکەشەوە پیس دەکات ، کەلەو کاتەدا ، ئەوەتان بەلای مردووەکەوە . دەبێت هەموو پاك بکرێنەوە = غوسڵ بکرێن. ئەو پاککردنەوەش لەلایەن موغەوە ئەنجام دەدرێت ، بە میزی مانگا و ئاو و خاك ، وە بە چەندجار و لەکاتی درێژخایەن دا. جا پاك دەبنەوە. هەرکەس لە گۆشتی مردارەوە بوو بخوات ، گوناهێکی کردووە ، بەخشینی نییە. هەروەها باسی تری ئەم فرەکەردە ، یاساکانی بوونە پزیشك: دەبێت تاقیکردنەوە لەسەر دێوپەرستان بکات ، گەر توانی سێ نەخۆشیان چاك بکاتەوە؟ دەبێتە پزیشك. نەتوانێ؟ ئیتر قەت نابێتە پزیشك . هەقدەسی پزیشك: چاکردنەوەی پیاوی خێزانێکی هەژار، هەقەکەی ، خراپترین مانگایە. دەوڵەمەند بێت ، مانگایەکی مام ناوەندیە. سەرۆکی ناوچەیەك بێت ، مانگایەکی باشی دەدرایە. پزیشکەکان بە پێی کاریان سێ جۆر بوون. کەریتۆبەتشەز: ئەوەی نەشتەرگەری دەکات. ئوروەرە بەتشەز: ئەوەی دەرمانی سروشتی بەکاربـردبێت. مانسەر بەتشەز: ئەوەی بە نوشتە و دوعابۆکردن یەکێکی چاککردبێتەوە.
دانانی لاشەی مردوو ، لەسەر بەرزی. تا خۆر لێیبدات و پاك بێتەوە ، بە لایەوە دەمێننەوە تا دڕندە و باڵندە کێویەکان گۆشتەکەی دەیخۆن. دێوەکان جێگایان قەبرسانە ، گۆشت و خوێنی مردوو دەخۆن ، ئەو ناوە پیس و بۆگەن دەکەن ، شەو هات هەموو کۆدەبنەوە.
هەر ژنێکی تا لێ هاتوو ، لە کاتی منداڵ بوون دا، ئاوی بوویت بۆ خواردنەوە. دەبێت موغێك بیداتێ . خۆی بیخواتەوە ؟ ٢٠٠ قامچی لێدەدرێت !.
*ف٨/ ب١٠٦:* دەربارەی سزای کفرکردن. ٢٠٠٠ قامچی لەوە دەدرێت ڕوی مردوو دادەپۆشێت. تێکۆشان دژی دێوان ، دوعاخوێندن دێوەکان ڕاودەنێت.
*ف٩/ ب٥٧:* دەربارەی پاك بوونەوە. پاکێك لە پیسێك بکەوێت ، ئەویش پیس دەبێت. با ئەو پاکە ، ژن یا منداڵی خۆیشی بێت. شوێنی تیاپاکردنەوەکە: لاکێشەیەك لەسەر زەوی دەکێشرێت ، دوولا درێژییەکەی بەرەو سەرو ، پانیەکەی بەرەو ڕۆژهەلات دەبێت. لە ناوی دا سێی تر دەکێشرێت. جا لە نیوەی لاکێشەکە دا ، چوار گۆشەیەك دەکێشرێت. دەبێت کەسە پیس بووەکە ، لەناو ئەم هێڵکارییەدا ، لەش پیسی دەربکرێت. سێ یا ٢٧ جار میز و گوو دەکرێت بەسەریا ، بەو لەش پیسی دەرکردنە ، دێوەکە کە چوەتە ناو لاشەیەوە ، دێتەدەرەوە و دەڕوات ، ئەمیش پاك بووەتەوە ! گەر موغێك پیس بوو ، موغێکی تر پاکی دەکاتەوە.
*ف١٠/ ب٢٠:* دەربارەی پرسیار و وەڵامە، وەکو پەلاماری دێوی مەرگ، لەناو لاشەی زیندودا

چۆنە؟ بۆ ئەوەی لە زیانی بە دووربیت ، دووجار خوێندنی دوعای بیشامروتە و سێ جار سربشامروتە و چوار جار تسروشامروتە. ناوبردنی سێ جۆر لە دێوەکان ، ئیندرە ، سەتورو ، تەئورو.

*ف١١/ ب ٢٠: دەربارەی دروستبوونی دنیا ، لای ئەمان مادە خۆی ، خۆی دروستکردووە. نیەتی لەشپیسی هێنان: من فلان دێو دەردێنم راویدەنێم ، نابوتیدەکەم ، جا خوێندنی نویژی ئەهونەڤەئیریە.

*ف١٢/ ب ١٤: دەربارەی ماوەی تازیەدانانە. بۆ مردوویەکی ڕەوشت جوان،مانگێك. ڕەوشت خراپ،دوو مانگ. چۆڵکردنی ماڵی مردوو، لەترسی دێوی چوەناو لاشەکەوە. هەرکەس لەسەر دینی ئەمان نەبووبێت لێیان بکەوێت، ئەمان پیس دەبن.

**ف١٣/ ب ٥٦:** دەربارەی کفرکردن و سزاکەی‌جۆری سەگ. سەنگی وەنگهاپەرە= سروشت باش. لەبەرئەوەی لە بەیانی زووەوە تا خۆرئاوابوون، لەگەڵ ئەهریمەن بەرانبەری دەکات،ناکوژرێت. کوشتنی بەشەر و ئەو جۆرە سەگانە، کفرە.

**ف١٤/ ب ١٤:** دەربارەی سزاکانە. ئەوانەی سەگلاو دەکوژن، سزاکای ١٠ هەزار قامچییە، دەبێت بۆ پەرستگا و موغەکان دیاری بهێنێت.

**ف١٥/ ب٥١:** دەربارەی سزای منالْ لەباربردن. سزای سەگ کوشتن. سەگلاوی ئاوس دەبێت مامانی بۆ بکرێت و خزمەتی بکرێت تا بەچکەکەی دەبێت.

**ف ١٦/ ب١٨:** دەربارەی ژنی کەوتوە، خوێنی مانگانەوە: دەبێت ئەو ژنە لە سوچی ژورێکدا جێی بۆ ئامادەبکرێت. دووربێت لە ڕۆشنایی و ئاگرەوە، هەرکەس خواردن بۆ ئەو ژنە بەرێت،دەبێت تا سێ مەتر لێی نزیک بێتەوە... ٤٠٨

*ف١٧/ ب١١: دەربارەی پاك و خاوێنی ، نینۆك کردن و قژبرین. هەردوو نابێت فڕێبدرێن ، دەخرێنە گۆڕەوە = چاڵیان بۆ هەڵ دەکەنرێتو دەشارێنەوە ، ئەو جێگایەش دیاری دەکرێت، چونکی لەو جێگایە جرۆجانەوەر پەی دادەبێت ، زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت.
هەرکەس وانەکات؟ دێوەکان زیانی لێ دەدەن.

*ف١٨/ ب ٨٦: دەربارەی باڵندەی پیرۆز ، کەڵەشێر. هەرکەس بۆ موغی ببات؟ وەك ئەوەوایە کۆشکێکی پێ دابێت!. وە فرمانی کەسە دینیەکان وە باسی قوربانی.

*ف١٩/ ب٤٧: دەربارەی بگرە و بەردەی نێوان زەردەشت و ئەهریمەن. ئەهریمەن بەو دەڵێت: واز لەو دینە بهێنیت؟ فەرمانڕەوایی ١٠٠ساڵت پێ دەدەم. وتووێژی نێوان زەردەشت و ئاهورامازدا. ناوی دێوەکان.

*ف٢٠/ ب١٥: دەربارەی پزیشکی و ناوی نەخۆشییەکان. وەکو مەهرکە : سەکتە ، تەفنو:

---

٤٠٨ - ئەو بەندانەو چەندی تریش ، دەخوێنیتەوە ، ئەو دینە پاکە زەردەشتیەیان چی لێکردووە؟. دین کۆنبووە ، پەڕاو زۆری تیاچووە ، سەردەمانێکی زۆر بێ هاتنی پەیام هێنێک ، تێپەڕیوە ، ئیتر هەر موغێك چی زانیوە و بۆیان گێڕاوەتەوە ، کردویەتیە ئاڤێستا ، بە هەوەسی خۆی شتێکی وتوەو جێبەجێکردووە. لە ل ٤٢٨ چەند بە گرنگ ژن باسی کراوە ؟ بەلای منەوە لە دینی زەردەشتی دا مەگەر ، قورئان. ئەگین لە هەموو زیاتر باسی ژنی داوین پاکی کردووە. لێرەش دا پەندی کورد واتەنی: ئاوی دەستی ژنی زەیسان و حەیزداری ، حەرام کردووە !.

تـا. سارەستیە: لـەرز. ئەكاشی: چاوپیسی.
*ف ٢١/ ب٢١: دەربارەی پیرۆزی زەوی. دوعای باران. سودی باران. جادووکەری ژن.
*ف٢٢/ ب٢٢: دەربارەی پرسیار و وەڵامی زەردەشت و ئاهورامازدا. ئاهورا و ئیزد. من ئەم دنیای جوان و ڕۆشنەم دروست کردووە. ئەهریمەنی مەرگدار هەزار دەردی تیا بەدی هێناوە. ناردنی ئیزدی شیفابەخش بۆ بەرانبەریکردنی نەخۆشییەکانی ئەهریمەن.

ب/ ٥ /. ناوەرۆک : ل ٣٧٥ .
کۆتـایـی بـەشـی پێنجەمی ئاڤێستا : ڤەندیدات.لە ل. ٤١٨ – ٤٢٢

.................................................

**ب / ٣ / ٦- ئـاڤ . بـەشـی شـەشـەمی ، کـۆتـایی** : **وردە ئـاڤێستا** : **ل ٤٢٢ - ٤٢٣**
وردە ئاڤێستا بریتییە لەو نوێژ و پاڕاوانەی کە لە شەو و ڕۆژێک دا ، چەندجار دەکرێن و دەخوێندرێن. وەکو لە کاتەکانی: نوێژ و مردن و نەخۆشی و زەماوەند و بەستنی پشتوێنی زەردەشتی دا... ئەم بەشە بەشێکی تایبەت نییە ، بەڵکە تێکەڵەیەکە لە بەشەکانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشە نوێترینە ، لەمەش دوو بەرگی چوون یەك نییە! بەشە سەرەکیەکەی لە ١٢- ١٥ بەش دەبێت. وە لە ١٥ – ٣٠ بەشی تری پێوەلکێنراوە.

**خـشـتـەیەکی نـووسـەر بـۆ وردە ئاڤـێـسـتـا:** ن: نوێژ.

| **نوێژەکان** | پاڕانەوەی یەشتی | پ.سروشتی | سوپاسگوزاری | ناولێنانەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ – ٤ نوێژەکە. | سروش | خۆر | گەهنبار | ناوەکانی ئاهورا |
| ٢ – پێنج فەرزە. | هادوخت | ئاگر | ڕەفتون | ٣٠ ڕۆژە |
| ٣ – ن. کوشتی. | هەفتەن | مانگ | دەهمان | ئەکنارە |
| ٤ – هۆشبام. | وەرهرام | میهر | هەمازەور | ئەهەڕەیە |
| ٥ – پییەت: تۆبە | ..... | ئەناهیتا | پەنجەوە | ئامین |

کورتە باسێکی یەک بۆ دوو دانە لە خشتەکە وردەئاڤێستا:
نـوێژەکـان:
*١ - چوار نوێژەکە. پەڕامون: لە ل ٤٠٩ ، ٤١٠ ـەوە باسیان کرا.
*٢- پێنج فەرزە: لە شەو و ڕۆژێک دا ٥ جار نوێژکراوە. ناوی نوێژەکان بەمجۆرە بوون:
ئـ/ هاوەنی : نویژی بەیانیان. وەختەکەی لە مەلا بانگدانەوە بۆ نیوەڕۆ بووە.
ب/ ڕەپیسڤین: ن. نیوەڕوان. لە نیوەڕۆوە بۆ عەسر.
پ/ ئوزیرین: عەسر. لە عەسرەوە تا خۆرئاوابوون.
ت/ ئڤیسروتریم: مەغریب. لە خۆرئاوابوونەوە، تا نیوە شەو.
ج/ ئوشەهین: عیشا. لە نیوە شەوەوە تا گزنگی خۆر.

**٣-نوێژی کوشتی ، خشتەی ل ٤٢٣ ڕیزی نوێژەکان ، سێهەم:**
تاوانێك کە لە بیر و گفت و کردەوەی منەوە سەری هەڵدابێت ، وە تاوانێك کە لە بیرم دایەو هێشتا جێبەجێم نەکردووە ، پەشیمانم لێیانو تۆبەدەکەم. بۆناپاك و خراپکاران تیاچون_دەخوازم. بۆ هەموو کارێکی باش پیرۆزی دەخوازم . بە پاڵپشتی ئاهورامازدا هەموو ناپاکی و بێ باوەڕییەك ، تێکدەشکێنرێت. گرنگترین خواستی ئێمە ئەوەیە کە ڕاست و پاك بین ، لەو هەستەوە درود و سڵاو ڕادەگەیەنم.

لەپاش ئەوە نوێژی: ١ و ٢ هەم ، وە شایەتومانی زەردەشتی ، ل ٣١٠ ی/١٢. دەخوێنرێت. واباشە پێکەوە پەیوەندیمان هەبێت ، لەگەڵ خواناسان و پاکان دا هاورێ و هاوگفت دەبین. پەیڕەوی لە چاکەکەران دەکەین ، لە تاوان و تاوانکاران دووردەبین. ئەو ڕێیە دەگرینەبەر، کە پەیڕەوانی وەفاداری زە. لە هەر ٧ وڵات دا ،_خۆیان پێ سپاردووە. ئەی خوا لەسەر پردی چینوەت = سیرات ، بە دڵخۆشی و بارسوکییەوە بپەڕینەوە و جێ لای پاکانەوە بگرین. *کۆتایی نوێژی کوشتی.*

ی/٥ ، ب/ ٣ / لە ١ - ٦. ناوەرۆک : ل ٣٧٥ .

**کۆتایی یەکەی پێنجەم ، <u>بەشی سێیەم</u> ، بەشەکانی ئاڤێستا . لە ٦بەش دا. لە ل. ٣٧٥ - ٤٢٣**

**@@@@@@@@@@@@@@@@@@@**

**ی / ٥ / <u>ب / ٤ /</u> لە ٦ سەرباس دا:**

**ب / ٤ / ١- <u>پشتوێنی زەردەشتی ، یا کوشتی</u> :**

ئەم پشتوێنە بە ئاڤێستایی ناوی کوشتی یە ، ڕواڵەتێکی پیرۆزی دینی زەردەشتییە ، لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە بەستراوە یا وەریگرتوە و بەستویەتی. ئەوەی زیرەکی پێوە دیاربووبێت ، وەك زەردەشت زووتر پێی دراوە. دروستکردنی بریتی بووە لە ٧٢ تاڵە بەنی ڕێسراو لە خوری سپی ، وە هۆنینەوەی پێکەوە وەك پەلکە ، جا ئەمە لەسەر کراسێکی سپی کەتان بەسراوە. هەر زەردەشتییەك لە ڕۆژدا کردوویەتیەوە و بەستویەتیەوە. هەرجارەش نوێژی کوشتی لەگەڵ دا خوێنراوە. بەمجۆرە پاش خوێندنی نوێژی ئەشیم وەهو ، دەم و چاو و قاچ و دەستیان شۆردووە . پشتوێنەکەیان لە پشت کردووەتەوە ، دیسانەوە بەستویانەتەوە. ٤٠٩ گیابۆنخۆشەکانی وەك بەرسم کردووە بە پشتوێنەکەیان دا.

---

٤٠٩– جێی خۆیەتی بوترێت ، ئەو پشتوێنەی ، لەگەڵ جلی کوردی دا ، دەبەسترێت ، سونەتی سەردەمی پەیام هێنەرەکەیانە ، زەردەشت . بۆیە ئێستەش پەیڕەوی لێوە دەکات. بۆ لە گەڵ جلی کوردی ژن و پیاودا هەیە ؟ بۆ لای جلی نەتەوەیی نەتەوەکانی دراوسێ دا نییە؟ لە ناوچەکانی هەورامان ، بادینان ، پشدەر... ئەو جۆرە پشتوێن بەستنەی کە لە پێشەوە ٤-٧ گرێی پێوەیە ، سونەتی ٧٢ تاڵەکەی سەرەوەیە ، ئێستەش لە هەورامان ، وەك بۆ پیرۆزی ئەو سونەتە ، بەنەخوێنی بەنین دەڕێسن ، دەیهۆننەوە ، وەک پەلکە ، دەیکەنە پزووی شەرواڵی کوردی پیاو و دەرپێی ژنەوە...

**ب / ٤ / ٢ - نـویـژ یـا پـارانـەوەکان** :

*٤- هـۆشـبـام: خشتـەی ل ٤٢٣ ڕیزی نوێژەکان ، چوارهـەم:

هۆش ڕۆشن. ئـەم نوێژە لـە گچکە ئاڤێستای پورداودا باسی هاتووە. لـەبـەر، وە بـە ، دەنگەوە دەخوێنرێت. پاش نوێژی.٢ کە ئـەهونـەڤـەئیریە یە دەخوێنرێت.

ئەم نوێژە بـەکورتـی:

ئـەی مـەزدای پاسـەوانـی لـە هـەموو شوێن ئامادە؟ بـە پـەناگرتن بـەتۆ ، بـەرانبـەری دوژمنان دەکـەم . بـە پـەروەردەی دەرون، هێمنـی ویژدان بـەدی دێت. ئاهورامازدا بـە سـەروەری خۆمی دەزانم. بـە هـەموو توانایەکەوە ، بۆلـەناوبردنـی کاری دێوە ناپاکـەکان ، لـە بـەرانبـەریان دا دەجـەنگم. ئـەی مـەزدا من تێدەکۆشم تا هـەموو کەسەکان لـە دینـی ئاهورایی کۆببنـەوە و پێیبگەن.

<u>پاڕانـەوە یـەشتییـەکان</u>: خشتـەی ل ٤٢٣ ڕیزی دووەمیان.

* ١- سروش ٢- هادوخت. یەسنـەی٥٦/٣٩ *لـەناو یـەسنـە هـەن: ل ٣٥٩*
* ٣- هـەفتـەن، هـەبتـەنگ: یـەسنـەی٣٥/٢٨. = = : ل ٣٥٨

<u>پاڕانـەوە سروشتییـەکان</u>: خشتـەی ل٤٢٣ ڕیزی /٣ ، یـەکـەمیان:

* ١- خۆر: هڤـەر، هڤـەرە:

ئـەی ئاهورامازدا/ بـە بیر و گفت و کردەوەی باشـەوە ، ڕووەو دروستکراوی تۆ ، خۆر، ڕوودەکـەین. هـەر پیرۆز و دڵخۆشی گـەیـەنـەر بێت. خۆری تیژڕەو؟ سوپاسکـەری خۆری تیشك زێڕینم. کە ئـەم دنیایە ڕۆشن دەکاتـەوە. بـە هـەزاران لـەو گـەردە تیشکانـە ، کەلـە چاوی خۆرەوە سەرچاوەدەگرێت ، لـە کانیی خۆرەوە دەردەپـەڕن. لـەو باڵایـەوە بۆسـەر زەوی. دەست کردی ئاهورامازدا ، ئـەم زەوییـە تاریك و تۆزاویـە ڕۆشن دەکاتـەوە.

ئـەو ڕۆشنایی زێڕە ، پاککـەرەوەیـە ، ژیان بـەخشـە ،پاککـەرەوەی ئاوە وەستاو و ڕۆشتووەکانـە. تاریکی ئـەهریمـەنـی ، کەلـە پاڵ پـەیکـەری زەوی دا ، خۆیان شاردوەتـەوە ، پاك نابنـەوە. ئـەم پاڕانـەوەیـە ، ڕۆژی ٣ جار خوێنراوە. خۆرکـەوتن ، نیوەڕۆ ، عـەسر.

*٢- ئـاگـر ، ئاتـر: خشتـەی ل٤٢٣ ڕیزی /٣ ، دووهـەمیان:

ئـەم پاڕانـەوەیـە ، هـەر ڕۆژ ٥ جار لـە دەوری ئاگردان دا ، لـەلایـەن موغـەکانـەوە خوێنراوەتـەوە ، وە لـە ڕۆژی ئازەردا کە نۆهـەمی هـەر مانگێك بووە. وە هـەر جـەژنێکی تر کە پەیوەندی بـە ئاگرەوە بووبێت. لـە پیشـەکی ئـەم پاڕانـەوەیـەدا ، نوێژی ئـەشیم وەهو خوینراوە. جا پاڕانـەوەی ئاگر بـە شوێنیدا کە ئـەمـەیـە:

پاکترین و باشترین ستایش بۆتۆ ئـەی ئاگر. ئـەی پاك گڕ ، ئـەی گـەورەترین دیاری ئاهورامازدا ، ئـەی ئیزدی نزیکترین بـە ئاهورامازداوە؟ ئاکامی خواستـەکانمان بـەجێ بگـەیـەنـە. ئارەزوەکانمان کەلـە زمانمانـەوە دەردەچێت ، بـە زمانـی ئاسمانـی بگـەیـەنـە. تا

بەو ئامانجە بگەین . درود و ستایش لەتۆ ئەی ئاگر. داواکارم ئەم ڕۆشنی پاك و درەخشانە ، کەبە ئێمە ، لێهاتن و دەسەڵات دەبەخشێت ، بۆ ئەوەی بیر و گفت و کردەوەی چاکانمان هەبێت. یارمەتیمان بدە، تا ڕۆحی ئێمە لە خراپە ، پاك ڕاگریت. وە تا لای تۆوە شایستە بین.

<u>سوپاسگوزارییەکان:</u> خشتەی ل ٤٢٣. ڕیزی/٤ ، یەکەمیان.

*١- گەهنبار:
یانی ئەو موغەی سەروکاری بەرنامەی جەژنەکان دەکات.
بە خۆشییەوە ناوی ئاهورامازدا دێنم ، بە زبان و گیان ، بە باوەڕێکی پاك و ڕێکەوە. مەزدا پەرستێکی زەردەشتیم . دوژمنی هەموو خراپەیەکم. پەیڕەوکەری دینی ئاهوراییم. ڕێزو سوپاس دەگرم . دەپاڕێمەوە بۆ گەهنبارەکانی ساڵ ، وە گەهنبارانی مەئیزیوئی ، زەریمە= میدیوزرم ، میدیوشم ، پتیەشەهیم ، ئەیاسەرم ، میدیارم ، هەمەسپتمەدەم ، هەر جەژنێك وەختی هات بە ناوی خواوە بەرنامەکەی دەخوێنم.
ئەی مەزدیسناییەکان لە جەژنەکاندا میەزد: خۆراکی وشکە ، پێشکەشی گەهنبارەکان بکەن. بەرخی تەندروست و جوان ، بۆ قوربانی بدەن. توانای ئەوەت نەبوو؟ نۆشاوی هەوم. توانای ئەمەشت نەبوو ؟ داری سەوز ، یا کۆڵێك دار. هەر هیچت نەبوو ؟ سەردانی گەهنبار بکە. هەرکەس ئەوانە نەکات؟ ئاڤێستا نەخوێنێت ؟ ئاهورامازدا نەپەرستێت ؟ لەو جەژنانەدا بەهرەمەند نابێت . ئەوەش دیاردەی بێ دینییە. لە کۆمەڵی مەزدیسنایان نییەو دەردەکرێت.

## ب/ ٤ / ٣- ناولێنانەکان : ١٠٠ ناوەکەی خو ا و ، سیي ڕۆژەی مانگ :

خشتەی ل ٤٢٣ ڕیزی/ ٥ یەکەمیان و دووهەمیان:

*١- ئاهورامازدا: خوا.
٢- ئازەربادگر: دروستکەری * هەوا لە ئاگر.
٣- ئاترس: بێ ترس.٤
٤ – ئازەرکبریتو: دەگرسێنەری گڕەکان.
٥- ئازەرنەمگر: د. ئاو لە ئاگر.
٦- ئاوتوم،ئادەر: د. ئاو.
٧- ئاهو: کارجوانکەر.
٨- ئەبەرین کوهن تەوان: د. بە توانا.
٩- ئەبەرەوەند: بەرزترین.
١٠- ئەبەدەهـ : بێ دەسپێکردن.
١١- ئەدەوای: تەنها.
١٢- ئەبەرین نوتەوان: بە توانا.
١٣- ئەبیئەنجام: ؟
١٤- ئەبیش: بێ ڕەنج.
١٥- ئەچیم: بێدار.
١٦- ئەنوشك: هەمیشەزیندوو.
١٧- ئەفریفە: نەخەڵەتێنراو.
١٨- ئەفرازدوم: سەرفرازترین.
١٩- ئەفەرموش: لەبیرنەکەر.
٢٠- ئەفزا: زۆرکەر.
٢١- ئەخوان: بێخەو.
٢٢- ئەسیتو: پیشاندەر.
٢٣- ئەڤەخشیدار: بێدار.
٢٤- ئەزمان: بێ زەمان.

٢٥- ئەگەرئاگر: د. چوار مادەکە.
٢٦- ئەگەرئاگرگەر: د. ئەستێرەکان.
٢٧- ئەگومان: بێشك.
٢٨- ئەمینوگر: د. دنیای مادی.
٢٩- ئەوفریپتە: کەس نەخەڵەتێنەر.
٣٠- ئەوەرزا: ڕزقدەر.
٣١- ئەوەخشیا: بەخشندە.
٣٢- ئەن ئەئینە: بێ شێوە.
٣٣- ئەن ئەیاپە: نایاب.
٣٤- ئەنوشك: زیندوو.
٣٥- ئەیختەن: بێ شەریك.
٣٦- ئورمەزد: هەست ڕۆشن.
٣٧- ئومشت هوشیار: هەمیشەهوشیار.
٣٨- ئیزد: هوشیار.
٣٩- باگیلگر: د. خاك لە هەوا.
٤٠- باگرتوم: د.هەوا لە زەوی.
٤١- باگرجاری: د.با.
٤٢- بائازەرگر: د. ئاگر لە هەوا.
٤٣- با گیلگر: د.خاك لە هەوا.
٤٤- بونیشت: یەکەم دروستکەر.
٤٥- بێشتەرنا: ڕەنجدەر.
٤٦- با نەمیگرکە: د. ئاو لە هەوا.
٤٧- بارگرتوم: د. هەواو زەوی.
٤٨- بوختار: ڕزگارکەر.
٤٩- تام ئەڤیچ: پاکترین.
٥٠- تەروبیش: سزادەر.
٥١- پانە: پاسەوان.
٥٢- پەشوتەتا: ئاگادارترین.
٥٣- پەدەمانی: پەیماندەر.
٥٤- پەروەرا: پەروەر.
٥٥- پژوهەدهە: لێکۆڵەرەوە.
٥٦- پروەندا: پەیوەندیکەر.
٥٧- جیمەخ: گەورەترین.
٥٨- چمنا: هۆکار.
٥٩ – سەپینتا: پێشەوەبەر.
٦٠- خواپەر: سەلیقەدار.
٦١- خەرەئوشیدتوم: بێ نیازترین.
٦٢ – خواوەر: دروستکەر.
٦٣- خەریئمەند: بەشکۆ.
٦٤- خواوەند: پەروەردگار.
٦٥ – دادار: بەرهەم هێنەر.
٦٦- دادەر: داوەر.
٦٧- شنایا: هەموو شتناس.
٦٨ – ناشا: دادگەر.
٦٩- فراخ تەنهە: هەمووئەنجامەکان.
٧٠- فەرەجەتەر:پێشڕەو
٧١ – فەرشوگەر: زیندوکەرەوە.
٧٢- فرمانکام: ئازاد.
٧٣- فرەشك: مرادگەیەنەر.
٧٤ – فیروزگەر: پیرۆز.
٧٥- کامرەد: بەئاکام.
٧٦- کەریفەگەر: کارکەری باش.
٧٧ – گەرگەر: د. دروستکراوان.
٧٨- گیرا: دەستگیر.
٧٩- گەرئاگر: د. مرۆڤ.
٨٠ – گەرئەگری گەر: خاوەن سامان.
٨١- گەرئوگەر: د. ڕێ.
٨٢- گیل ئازەرگەر: د. ئاگرلەخاك
٨٣- گیل داتگر: د. هەوا لە خاك.
٨٤- پانە: پاسەوان.
٨٥ – هەروسپ توانا: بەتوانا.
٨٦- هەروسپ ئاگا: داناترین.
٨٧ – هەروسپ خودا:خوای هەمو
٨٨ – هەرمانا: زمێریار.
٨٩- هەم ئەیاپە: لەناوبەر.
٩٠- هەمچون: هەمیشەیەکسان.
٩١ – هەمئەیابە: مرێنەر.
٩٢- هوسپاس: لایەقی سوپاس.
٩٣- هەرنیکفرە: هەموو خێرێك.
٩٤ – هەرویسیوتوم: تەنها.
٩٥- هەمید: ئومێد.
٩٦- مینوتوم: نەبینراو.

٩٧ – مینوستیگە: د. دنیای مینەوی.
٩٨- مینوتەهەب: بێ ڕۆح.
٩٩- واسنا: ئامادە.
١٠٠ – وەسیان: بە هاوارەوە هاتوو.

لە ناوی بتە پەرستراوەکانی گەلە ئارياییەکان ، پێش زەردەشت:
١ – میترا. ٢- هەوم. ٣- ئاسمان. ٤- خۆر. ٥- زەوی. ٦- ئەرت. ٧- تیشتەر.
٨- ئیزد ٩ – ئەمشەسپەندان... *{لە سەرەوە ناوی فریشتەیە ، لێرەدا بت ؟}.*

*<u>ناولێنانەکان/٢</u> هەمیان : ٣٠ ڕۆژە ل ٣٧٥:
لە وردە ئاڤێستای مامۆستا پورداودا ، ئەم ناو لێنانی سیی ڕۆژە باسیکراوە. بەڵام ئەم بەشە لەناو زەردەشتیانی هندستان دا ناسراوترە. کاتەکەی : دوای تێپەڕینی ٣٠ ڕۆژە بەسەر مردنی یەکێک دا، لەم سەردەمەی ئێمەدا ، کراوە بە ٤٠ ، چلەی مردوو. ئەو مردووە سیی ڕۆژەیەك دەخوێنرێت بەسەری دا. ئەم ڕێوڕەسمە لە دوای ٦ مانگ ٢ بارە دەکرێتەوە. وە لە دوای ١٢ مانگ ٣ بارەشی هەیە.

**ب / ٤ / ٤- ناوی مانگەکان ، لەو کاتە دا** ، بە ئاڤێستایی و پەهلەوی و پارسی، لەگەڵ دەسپێکردنیان دا:

| ئاڤێستایی | پەهلەوی | پارسی کۆن | کاتەکەی |
|---|---|---|---|
| ١ – فروەشی | فرەوەرتین | فرەوەرتی | ٣/٢١ / |
| ٢ – ئەسشەڤەهیشتە | ئەرتەوەهیشت | ئەرتەوەهیشتە | ٤/٢٠ / |
| ٣ – هواوروتات | هورودات | هروتات | ٥/١٩ / |
| ٤ – تیشتریە | تیر | تیرا | ٦/١٩/ |
| ٥ – ئەمرتات | ئەمرودات | ئەمرتات | ٧/١٨/ |
| ٦ – خشتروئیریە | ستوئیرو | خشترورِیە | ٨/١٧/ |
| ٧ – میسرا | میترد | میترا | ٩/١٧ / |
| ٨ – ئاب | ئاوان | ئاپی | ١٠/١٦/ |
| ٩ – ئاتر | ئاترو | ئاتر | ١١/١٦/ |
| ١٠ – دەئینا | دین | دەئینا | ٢/١٥ / |
| ١١ – وەهومنە | وەهومن | وەهومنش | ١/١٤ / |
| ١٢ – سپنتەئارمئیتی | ئەسپندارمەت | ئەسپەندارمتی | ٣/١٤ / |

بەپێی ساڵژمێری زەردەشتی. هەر ساڵێك ١٢ مانگە ، ئەمیش ٣٠ ڕۆژە. وە هەر ڕۆژەشی ناوێکی هەبوو. ئەم ناوی ڕۆژانە لە خشتەی یەشتەکان دا، لە ژێر ژمارە ٣ دا ، ل ٣١٣ نووسراون. ١٢ جار٣٠= ٣٦٠ ڕۆژە لە ساڵێکدا. پێنج ڕۆژو چارەکە ڕۆژێك دیار نییە. تکایە سەیری ٢٧٦ ژمارە/٣ . لەسەردەمی خۆشمان دا هەمان باسی هەیە.

ناوی ئەو پێنج ڕۆژە بە ئاڤێستایی و پەهلەوی:

| ئاڤێستایی | پەهلەوی | ئاف. | پەهل. |
|---|---|---|---|
| ١ – ئاهونەڤەیتی | گاتی ئەهنود | ٢- ئوشتاڤەیتی | گاتی ئشتود |
| ٣ – سپێنتەماینۆ | گاتی سپنتمەد | ٤- ڤۆهوخشەسرە | گاتی وهوخشترە |
| ٥ – ڤەهیشتوئیشتی | گاتی وهیشتوئەشت | | |

**ب / ٤ / ٥ - زەند و پێزەند** :

زەند :
وشەی زەند لە یەسنەی ژمارە ٥٧/٤٠ بە ئازانتیش ناوی هاتووە. ئەو وشەیەش ڕیشەی زان ی ئاڤێستایی تیایە. هەموی واتای: شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەیە. کەوابوو زەند، شیکردنەوە و لێکدانەوەی زمانی ئاڤێستایە ، بە زمانی پەهلەوی کۆنی سەردەمی ئەشکانییەکان. ٢٥٠ پ. ز.- ٢٢٧ ز. ئەم زمانە زمانێکی تیکەڵە بووە ، لە زمانە دراوسێکانی تری ناوچەکە ، وەکو مادی ، ئارامی ، هوزواریش ، هیلینی... زانایانی زمانی پەهلەوی ، ئەوەی سەردەمی ئەشکانی و ساسانییان ، بەیەك زمان نەزانیوە. نمونە بۆ زەندی سەردەمی ساسانی ، وەکو بەغان یەشت. یەسنەکانی ژمارە ، ١٩،٢٠،٢١ . لە لاپەرەکانی تردا باسی دێت.
پێزەند :
پاش تێپەڕبوونی سەردەمانێك ، تێگەیشتنی زەندیش هەر بە قورس و زەحمەت زانراوە. بۆیە جارێکی دی ، شیکرایەوە ، لێکدرایەوەو پەراوێزیان بۆ نووسی. ئەو شێوە دەرچووە نوێیە ، ناوی پێزەندە. هەر ئەم بووە بنچینەی زمانی پارسی کۆن ، بۆ سەردەمی ساسانییەکان. ٢٢٦ز. – ٦٤٢ز. بە کورتی : پێزەند شیکردنەوەی زەندە بۆ زمانێکی ئاسانتر. ئەگەر نوێژێك یا پاڕانەوەیەك ، لە زمانی ئاڤێستایی و پێزەند ، پێکهێنرابێت؟ لە کاتی خوێندنەوەی دا ، بەشە پێزەندیەکەی بە نزمتر لە ئاڤێستاییەکەی دەخوێنرێتەوە.

*پردی چینڤەت*:
لای زەردەشتییەکان ، پاش چوار ڕۆژ لە مردنی یەکێك ، ڕۆحی ئەو مردووە، لەبەردەم پردی چینڤەت دا ، دادگای بۆ دادەنرێت. پاش ئەوە ، حاڵەتی ڕۆحەکە ڕۆشن دەبێتەوە لەلایەن دادوەریکی بیرتیژی سەر ڕاستەوە ، کە میهرە. وە سێ ئەندامی تر کە ئەمانەن: سروش ،ڕەشن ، ئەشتاد. دادگایی ڕۆحی مردووەکە دەکەن . فەرمانی بۆ دەردەکەن ، بڕواداربێت؟ بە ئاسانی دەپەڕێتەوە. بێ بڕواش بێت؟ دەکەویتەخوارەوە ، ژێریشی دۆزەخە.

## ب/٤ / ٦ - ژن لە دینی مەزدیسنای زەردەشت دا :

لە زۆر شوێن لە پەڕاوی ئاڤێستادا ، لە هەرکوێ دا ناوی پیاوان هاتبێت؟ ژنانیش ناوبراون. وەکو *بەشی یەکەم ، سرودەکان ، گاتەکانی ژمارە ٤٤/٩ وە ٥٣/١٧ ل.٣٩٥- ٤٠٣ . وە لە

بەشەکانی تریش دا زیاترە.
*ژن دەبێت ویژدان ئازاد بێت ، تا کاری ویستراو لێی کە پەروەردە و پارێزگاری وەچەی ئادەمییە ، لە باشترین شێوەدا ، بەرهەم بێنێت.

*/لە بەندی ٣ - ٥ ی سرودی ٥٣/١٧ دا، ئەم باسی مارەبڕینە هاتووە:
{ تۆ ئەی پوروچیست ،( کچی یەکەمی زە.) لە نەوەی هەئیچەئەسپ ،( چوارەم پشتی ز. ) ئەو تۆی بە ڕاستی و زیرەکی ، پەروەردە کردووە. بیری لێ بکەرەوە ، بۆ بەجێهێنانی پیرۆزترین و شایستەترین کارێك ، کە ڕەوشتی داوێن پاکانە. وا من (زە.) پەیوەندی تۆ ، بە جاماسبەوە ، بڕیاری لەسەردەدەم ، ئەمە دڵخۆشکەرە بۆ باوک ، میرد ، خزمان. ئەمە ژن داوێن پاك دەکات. لە بەرانبەر پیاوی داوێن پاک دا. ئەوانە ، ئاهورامازدا بەهرەی جوانیی پرشنگداریان پێ دەبەخشێت. لێی داواکارم شادمانیی ، هاوبەشی ژینتان بێت}.

*/ ئەی کیژانی شوکردوو؟ ئەی لاوانێك کە تازە پەیوەندی ژن و مێردایەتیتان بەستوە؟ با ویژدان و نەفستان پاك بێت. پێشبڕکێ بکەن لە ئەنجامدانی ئەو دیاردەیە. سودی ئەو خێرە بۆ هەر یەکێکتان دەبێت.

*/ کچ تەمەنی بگاتە٩ ساڵی ، دەکرێت دیاری بکرێت. بۆ گواستنەوەی نابێت لە ١٢ ساڵی کەمتر بێت. * گەر کچ باڵغ بوو ، حەیزی دیی ، خۆی شۆرد ، هیشتا نەدرابوو بە شوو ، باوکی تاوانبارە. پاش چەندبارە بوونەوە و هەر، شوی ، نەکردبێت؟ ئەوەندەجار تاوانی باوکەکە زیاددەکات. سزای دنیایی ١ جار ، ١٢٠٠ درهەمە. سزای ئەو دنیای لەسەر پردی چینڤەتە. * شوکردن بۆ ژن ، ئەوەندە خێرە ، باس ناکرێت. باشترین شت بۆ ژن دوای ١٥ ساڵیە شوکردنی.
*/ ژن لەکاتی منداڵ بوون دا، بێجگە مامانەکە ، دەبیت ٩ ژن یارمەتی بدەن. مامانەکە ئاگرێك بەرزدەکاتەوە ،٣٠ شەو و ڕۆژ دەگرێت. ئاگاداری دەکرێت نەکوژێتەوە. هەندێك گۆگرد ورد دەکرێت ،٤١٠ لە ئاوی میوەدا ، وەک شەربەت ، تێکەڵ دەکرێت ، لاشەی بەبەکەی پێ چەوردەکرێت. ژنە زەیسانەکە ٩ ڕۆژ دەبێت هیچ نەکات.
*/ پاش لەدایك بوون ، میوانداری خەڵك دەکرێت ، بۆ ناونان لە منداڵەکە.

*/ ژنی خراپ:
ژنی داوێن پیس ، پاداشی دۆزەخە. * هەر ژنێك چوارجار بە مێردەکەی بڵێت ، من تۆم ناوێت ، من ژنی تۆ نیم ، وە شەو و ڕۆژێك بڕوات بەسەری دا، سزاکەی سێدارەیە.
*/ ژنێك وەك سزادان ، بە قسەی مێردەکەی نەکات؟ مێردەکەی هەقی بەخێوکردنی نەدات ، تاوانبار نابێت. ٤١١

---

٤١٠ – د. هێنری براستد: پێیوایە،ئاگرکردنەوە بۆ پەرستن نەبووە، تا ئاگرەکە تاریکی و گومڕایی پێ بڕەوێنێتەوە. ٤١١– ئەو زانیاریانە ، کە تایبەت بە ژنە ، لەم سەرچاوانە سود وەرگیراوە: *شایست و ناشایست، بەشی/١٠. * دینکەرد، ل ٧٣٩ ، پەڕاوی هەشتەم. -

<u>نیشانەکانی ژنی باش:</u>
١ – پاراستنی داوێن پاکی. ٢- بە زبان ئازار نەدانی مێرد. ٣- پارێزگاری ئابوری ماڵ.
٤ – ڕێك و پێکی لەگەڵ مێردەکەی. ٥- پارێزگاری کەل و پەلی ناوماڵ...

ی/٥ ، <u>ب/ ٤ /</u> ١ – ٦ / . ناوەرۆک : ل ٣٧٥ .

**کۆتایی یەکەی پێنجەم ، <u>بەشی / ٤</u> ، لە ٦ بەش دا . لە ل. ٣٧٥ - ٤٣٠**

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

**ی / ٥ ، <u>ب / ٥</u> / لە ١ – ٥**
یەکەی پێنجەم ، بەشی پێنجەم لە پێنج سەرباس دا:

**ب / ١ / ٥ - ئـەژدەهــاکــ** :
١ – ئەژدەهاک ، زوحاک ، ئاستیاکس: ٥٨٤ پ. ز. – ٥٥٠ پ. ز.
**<u>ئـ/</u>** با بڵێم ئەژدەهاکی یەکەم ، چونکی هی تریش بەو ناوە هەیە. (ناوبراو کوڕی کەیخەسرەو کوڕی کیاکسار کوڕی ئوخشترەیە. بە پێی نووسراوی هیرۆدۆتی یۆنانی ، چوار ەم ، پاشای مادەکان بووە.) ٤١٢ هیرۆدۆت بەرواری پیشاندراوی سەرەوەی بۆ سەردەمی باسکردووە. بەڵام بە پێی میستەرهاکس لە فەرهەنگی پەراوی پیرۆزدا ، ل٣٦٤ دا، دوا پاشایە. بۆچوونم:
نە ، چوارەمە ، نە دوواهەمینیشە ، چونکی سەرەتای دامەزراندنی شادەوڵەتی مادەکان ، دەگەڕیتەوە بۆ ٢٨٠٠ پ. ز. چۆن ئەژدەهاک لە ٥٨٤ پ. ز. بووەتە شا و چوارەمە ؟! ناوی ١٠ شای پێش ئەژدەهاکیش هەیە. دوواهەمینیش نییە ، چونکی کۆتایی ماد، هاتنی ئەغریقەکان= یۆنانییەکانە ، ٣٣٠/ ٣٣١ پ. ز. لە شەڕەکەی لای شاری ئەڕبێلا= هەولێردایە. سەردەمیش کورشی ماد ، یە. ئەژدەهاکیش لە دەوری ٥١١ پ. ز. مردووە. بۆیە لای من ، ڕاستکردنەوەیەکی ئاوهالە دەخوازێت:

ئەژدەهاک ٤ ەم پاشای مادەکانە ، لە زنجیرە دەسەڵەتی چوارهەم. نەک لە ڕیزی هەموو شاکانی ماد دا. یا لە دواوە بۆ پێشەوە چوارهەمە. تکایە ل ١١. ب/ لە کەردەی ٦ ی، یەشتی ١٩ دەدا: زەم ، زامیاد ، فەروەردین ، ی/١٩ ب٩٥/ ک١٥ باسی سێ یەم هێرشی جەمشید بۆ سەر ئەژدەهاک هاتووە. تا خوشکە دیل کراوەکانی لای ئەژدەهاک ڕزگاربکات.

- زەند و فرگرد و پندیدات ، ل ٥٩٥. *سددر بوندهیشن ، بەشی ٦٣ وە ٣٦.
٤١٢ – هیرۆدۆت ، باوکی مێژوو. مێژوونووسێکی یۆنانی بووە . لە ٤٨٠ – ٤٠٠ پ. ز. سەردانی ئێرانی کردووە. لە لایەنی دینی دا وتویە: گەلە ئاریاییەک خوایەک دەپەرستن ، وەک ئەوەی یۆنانییەکان نییە ، لاشەی ، بت ، بێت ، دەچنە سەربەرزترین شوێن و قوربانی بۆدەکەن.
گەزنەفۆنی سەرلەشکریش وتویە: درۆ و دووڕوویی ، لەلای گەلە ئاریاییەکان زۆر ناپەسەندە.

ئەرنەواز و ئەرنەڤاک. ٤١٣ ئەمەش هەیە ، ژنەکانی ئەژدەهاك ، خوشکی جەمشیدبوون. ٤١٤ باسی دامودەزگای شەڕی ئەژدەهاک وا هاتووە: ( ئەژدیهای شاخ دار ، کە ئەسپ و مرۆڤی قوت دەدا. ئەژدیهای زەردی ژەهردار ، ژەهری بە هەوادا دەپرژان...) ٤١٥ ( کۆشکی غەمدانی یەمەن ، ئەژدەهاک دروستیکردووە). ٤١٦ گەروابێت؟ مێژووی دروستکردنەکە ، سەردەمی ئەژدەهاکە ، یانی ، دینی زەردەشت ، گەشتوەتە ئەوێش.

## ب / ٥ / ٢ - جـەژنــی نـەورۆز و ڕایــەک :

مینۆڕسکی لە دائرە المعارف الاسلامیە وە دەگێڕێتەوە ، کوردەکان سەرکەوتنی فەرەیدونیان ، بەسەر ئەژدەهاک دا ، بە جەژن کردووە. هەموو ساڵێک لە نەورۆدا جەژن دەگێڕن. لە پەراوێزی/١ خوارەوە و ل. پێشودا، ئەژدەهاکی کورد ، زاڵە بەسەر جەمشید دا، دووای دوو شەڕیش خوشکەکانی ج. دیلن لای ئەژدە. کەچی لای د. م. اسلامیە ، جەمشید بردویەتیەوە ، کورد ئاهەنگ دەگێڕێت دژی شایەکەی! وە دەڵێن کاوە ناوێکی کورد ئەو شایەشی لەناو بردووە.

جەژنی نەورۆز جەژنێکی دینی کۆنی گەلە ئارياييەکانی پێش زەردەشتیش بووە. ئیتر چۆن دەهێنرێت رێک دەکرێت لەگەڵ ، سەردەمێکی جەمشید و ئەژدەهاک دا؟! دەبێت سەرکەوتنێکی نوێ هاو وەخت بووبێت ، لەگەڵ یادی نەورۆزدا ٢١/ ٣/ وە جەژنەکەی کردبێت ، بە دوو جەژنە.

## ڕایەکی نووسـەر بۆ گێڕانی ئـاهەنگی نەورۆز ، بـۆ کوردستـاني مەزن :

ئاهەنگی ساڵانەی نەورۆز، وا باشە بەرنامەیەکی چەسپاوی چەندرۆژەی بۆ دابنرێت، هەرساڵە پەیڕەوی لێ بکەنەوە. دەبێتە باوی زەمانە ، بە بۆچوونی من وابێت:

---

٤١٣ – دوو خوشک لە یەک کاتا ، ژنی ئەژدەهاک بووبن؟ یاسای زەردەشتیش ڕێ نادات ، ئەگەر پەیڕەویان لێکردبێت؟ ئەمە ئەو ڕایە بەهێزدەکات ، لە ئەنجامی شەڕدا ، زەوتی کردبن ، بۆیە جەمشیدیش بۆ سێهەمین جار پەلاماری داوەتەوە . ئەگەر ژنی ڕەسمی ئەژدەش بووبن؟ کەی دیلن؟ ئەم پەندە کوردییە دەخوازێت: سم سمی کەرە و ، چنگی هەیاسێ/ لەم قسە و باسە ، سەرم دەماسێ !.

٤١٤ – ئاشکرایە بەرواری ٥٨٤ پ.ز. ئەژدەهاکیی، لە چاو (مەزنەی سەردەمی زەردەشتدا، ١٨٧٧پ.ز. نوێیە . ئەمە یانی ئەگەر سەردەمی ئەژدەهاک وەک هی زەردەشت وابووایە؟ *ئەوە لە ١٧ سرودەکەدا باسێکی دەکرا*. باس دەبێت وەختەکەی هاتبێت، جا باسبکرێت، بۆی ناچم، سەردەمی ئەژدەهاک لە زەردەشت کۆنتر بێت. ( ؟)

٤١٥– ئەو جۆرە پێناسانە ، ناوی دەزگای شەڕیی ئەوکاتە بوون. وەک جۆرێک لە مەنجەنیق ، یا وەک داهۆڵێکی شەڕیی ئەفسوناوی یا دینی ، بۆ فریودان و تۆقانی دوژمن هەر لە دوورەوە.

ئەوەش ماوە بڵێم دوو وشەی ئەژدیها و ئەژدەهاک لەیەکەوە نزیکن. دەبێت ئەم شایە کورد بووبێت؟ وا ئەوەندە وەک نموونەی ستەمکار ، ناوی هێنراوەتەوە.. لە سەردەمی نوێش دا لە ڕەزاشای ئێران و مستەفا کەمالی تورکیا و حافزئەسەدی سوریە و سەدامی ئێراق ، چ ڕەوشتێکی خراپ مابوو ، بە کوردیان نەکردبێت؟ ئەی ئەمانە دیموکراتەکانی سەردەم بوون؟!.

٤١٦ – ابن الاثیر ، الکامل ، ج/٢ ص ٧٤ .

گرێدانی چەند هەڵپەڕکێی ناوچەکانی کوردستانی مەزن ، هەرکام لەگەڵ گۆرانی ناوچەی خۆی ، کە بە هەڵپەرکێکە بخوات. دەست بەرنەدرێت ، یەکی لە چارەکێک کەمتر نەبێت. لە پێش دا خاوەکان ، بە دوای دا گەرمەکان. پاش تەواو بوونی سوڕی یەکەم ، پشویەک بدرێت. ئەو کچ و کوڕانەی لەو ساڵە دا ، نیازی زەماوەندیان هەیە ، زۆریان هەڵگیرێن بۆ ئەو ڕۆژە. کردنەوەی ئاگرەکە. جا سوڕی دووەمی دووبارەبوونەوەی هەڵپەڕکێکە. ئەگەر ئازادی کوردستانیش هێنرایە دی؟ با بخرێتە ئێرەوە. ئەمە دەبێتە جەژنی دینی و شادی و ئازادی... دینیە چونکی بەردی بناغەی خێزانی نوێی تیا دادەنرێت ، یادی باوانی کوردانە ، شادییە جەژنی سەری سالی کوردی و ئازادییە. = کۆکردنەوەی چەند جەژن بەیەکەوە. ئەم کارە نەتەوەکە پێکەوە گرێدەدات. پەیمان نوێ کردنەوەیەکی ، ساڵانەی هاوجەمی دەبێت. خۆشی لە دڵ و بیرەکان دا دەچێنێت. پشویەکی درێژی ساڵانەش دەبێت بۆ حەوانەوە و گەشت و گێڵ. کە هەر خێزانێك سالانە خۆی بۆ ئامادە دەکات. بە ئومێدی دانانی پلانێکی ساڵانە بۆ نەورۆزی کوردان. کاتی دەستپێکردنی ئاهەنگەکە هەر لە نیوەڕۆوە بێت باشە ، نەک هەر کاتی ڕۆژئاوا بوون ، وەختەکەی کەمە.

### ب / ٥ / ٣ – ئاوی هامون یا ئامون ، لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانە ،یا ڕۆژئاوایەتی؟[٤١٧]

لە پەندێکی کوردی دا هاتووە: ( *دەک ئاوی ئامون و توونی بابا کەوی* ) . بە یەکێکیا ، دەڵێن زۆر ڕقیان لێی بێت. بۆیە ، ئەم دوعای شەڕەی لێ دەکرێت. هەرکەس لە کۆن دا ، کەوتبێتە ئێرەوە = ئاوی ئامون و توونی باباوە ، سەری بە زیندویی دەرنەکردووە.

---

٤١٧ – هاشم رەزی. س. ف. ژ ١٣ ل ٢٣٦ نووسیویە: { " یەشتی ژمارە ١٩ بە سیستان، ئاشنامان دەکات. وە لە ئاوی دەریاچەی هامون و ڕوباری هیرمەند... لە هەمان ل. بۆ میهر یەشتیش نووسیویە: ئەمانە هەمو لە ڕۆژهەلاتی ئێراندان" } .
شەن و کەو کردنی ئەم ڕایەی ئاغای ڕەزی ، یە:
*/ بۆ ناوچەی سیستان و بەلوجستانی ئێرانیش. جوگرافیانە بوترێت: خواروی ڕۆژهەلاتی ئێرانە ڕاستترە. لە ڕۆژهەلات.
*/ بە پێی شاهنامەی فیردەوسی ، ژول مول ، ل ١٥٧٩ هاتووە :
( یکایک ز <u>بغداد</u> ، بیرون شدند سوی رزم جستن ، بە <u>هامون</u> شدند

" هەر لە <u>بەغدا</u> بەرەو ڕۆژهەڵات دەرچون ، چونە <u>هامون</u> بۆ پشوودان ." <u>نووسەر</u>: بە لێواری ڕوباری سیروان دایە ، ڕوبار ڕێ پیشاندەرە ، ڕێگای کاروان سەرایانە. یانی هامون لە بەغداوە نزیکە ، بە سواری بڕۆیت هیلاک بوویت ؟ هامونە. لە بەغداوە بەرەو ڕۆژهەڵات چەند فرسەخێکە . دەبێتە کوردستانی ئێراق ، ڕوباریش هەر سیروان هەیە. چۆن ڕاستە بڵێیت ، ڕۆژهەڵاتی ئێرانە؟ ! بەلای دەستی چەپیش دا ، تونی بابایە. هەموو ئێراقن ، ئێراقیش ڕۆژئاوای ئێرانە. ئامون یا هامونی ئێوە ، ڕوباری سیروانە ، ل٢١٤. لە خواروی بەغداشەوە ، دەڕژێتە دیجلەوە. پەند و ئاوی ئامونیش دەڵێت ئێرەیە. هۆنراوەکەی خۆشتان لەسەرەوە بەغدا نزیکی هامونە ، جێ پشووە. خۆ ناکریت لێرەوە تا ڕۆژهەڵاتی ئێران ، خۆراسان ، بڕۆیت بە سواری و جا پشوو بەیت ؟!.
<u>بۆ زانین:</u> ل ٣٨٥ : نەخشەی تورکمەنستان ، تاجیکستان ... هەیە ، ڕوباری جەیحون کە ئامو دەریاشی پێ دەڵێن. ئەمەش بە دێڕەکەی شانامەدا ، ناکرێت بڵێین نزیکی بەغدایە.

<u>شوێنەکەی:</u>

لە دەستی ڕاستی جادەی دەربەندیخان –کەلاردایە. لە ڕۆژئاوای شاری دەربەندیخان و دێی ، بانیخێڵان دایە ( پاریزگای سلێمانی) ، دەبێتە ڕۆژئاوا بۆ ئێران. نەک ڕۆژهەڵات. ئەم شوێنە لە ژمارەیەک چەم و شیو و دۆل و کەندڕ و کەنداو پێکهاتووە. چیرۆکی کوردەواری بە ١٢٠ ی ناوبردووە. لەبەر بارە جوگرافیەکەشی ، ناوچەیەکی چۆڵە و جێگە ڕاوە. لە هەورامان ئەم چیرۆکە ئەفساناویەم دەربارەی بیستووە:

دوو هاوڕێ بۆ ڕاو دەچن بۆ ئەوێ = توونی بابا ، لە ناو ئەو شیو و دۆڵە لە یەک چووانە دا ، ڕێگا گوم دەکەن ، شەو دێ بەسەردا ، چیرۆکی ئێرەش دەزانن ، کە ناوچەیەکی دڕندە دارە ، ورچ یەکێک بەرێت ؟ پەنابەخوا لاقەی دەکات. یەکێکیان دەڵێت: کە دەخەوین قاچمان دەکەین بە ناو لنگی یەکتری دا ، بەمە هەرکەسەمان چاوی لەوی ترمانە. شەو دێت گیانداران بۆن دەکەن ، ورچێك دێتەسەریان ، دەبینێت بەشەرێکە ، بەڵام دوو سەرە! دەڵێت:

گێڵانا هامون ، سەذ و ویس دەرە          بەشەرم نەذیەن ، وە دووە سەرە

: گەراوم هامونی ١٢٠ چەم ، بەشەری دوو سەرەم تیا نەدیوە !. ورچە دەسڵەمێتەوە دەترسێت و دەڕوات.

هاتنی ناوی ئاوی ئامون لە تەک تونی بابادا، لەم پەندەدا، یانی نزیکن و لەپاڵ یەکدان. لە خوارو وە خواروی ڕۆژئاوایشەوە روباری سیروان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتییەوە چەمی دێوانە هەیە. لە ڕۆژئاوای دەربەند دا ، پێش بانیخێڵان ، دەڕژێتە سیروانەوە.

## ب / ٥ / ٤ - باوەڕی مانی: ٢١٦ ز. – ٣١٥ ز.

( مانی هونەرمەند و وێنەکێش و خۆشنوس بووە، کوری فاتک ، خەڵکی شاری هەمەدانە. پەیامێکی دینی ، تێکەڵە لە ، زەردەشتی و مەسیحی لە ٢٢٣ز. لە پەڕاوێک دا بە ناوی شاپورگان بەناوی پاشای ڕۆژ ، شاپوری یەکەمەوە بڵاوکردەوە) . ٤١٨ پەڕاوی تریشی هەیە وەکو: ئارژەنگ ، ١٢ ئینجیل ، رەستاخێز. مانی لە بابل خۆی بە پێغەمبەر ناساند ، وای بڵاوکردەوە کەلە لایەن فریشتەیەکەوە بە ناوی ئەلقەرین ، پەیامی بۆ هاتووە. لە ٢٧٦ز. دا هەر لەوێ لە سێدارە درا.

( مانەویەکان لەسەر ئەوو رایەن ، لە پێشەوە دنیا تەنها دوو بەش بووە.

*دنیای ڕۆشنایی:*

کە چاکەو دانایی بووە. شوێنەکەی لە باکور بووە ، کۆتایی نەبووە. فەرمانڕەوای ئەم بەشەش ناوی زروان بووە. تێکۆشاوە بۆ بەدی هێنانی ژیانی خۆش. لێرەدا مردن و ناخۆشی نەبووە.

*دنیای تاریکی:*

بریتی بووە لە خراپە ، شوێنەکەی لە باشور بووە. دێوێک بەناوی ئاز ، فەرمانڕەوایی کردووە. ڕۆژێک ئاز لە ئەنجامی جوڵانی دەستی دێوئاسای خۆی دا ، دنیای ڕۆشن دەبینێت،

---

٤١٨ – د. م. ا. هەورامانی ، س. ک. ژ. ٥ ل ٤٨.

که چەند ڕۆشن و خۆشە ، دەستیکرد بە داگیرکردنی ئەوێ. بە یارمەتی هاودێوەکانی هاوڕێی. خوای دنیای رۆشن ، ئامادەی شەڕ نەبووە . دووانی تری ، لەخۆی دروستکردووە. بە ناوی هورمزد بۆ شەڕ ، تا ئاز و هاوەڵانی دەربکات...) ٤١٩

## ب / ٥ / ٥ - ناوی هەندێک شوێنی جوگرافیایی ڕۆشن نەبووەوە:

**ئـ /** ١– ئارێتزاهی. ٢- سەڤەهی. ٣- فرەدەتزەفشو. ٤- ڤیدەتزەفشو. ٥- ڤۆوروبەریشتی. ٦ – دژارێشتی. ٧- خڤەنیراتهـ. ٨- داینگهوپایتی. ٩- نەمانۆ. ١٠- هەرەبێرێزایتی. ١١ – ڕوباری ڕانگها. ١٢- شاخی ئوشیدهام. ٤٢٠.

**ب /** لە پێشەوە ناوی ١٦ شوێنی تر هاتبوو بێجگە لەمەی ئێرە : ل٤٠٨/ پەراوێزی/٣ ٤٢٠ ، ٤٣٣.

ی/٥ ، ب / ٥ / لە ١ – ٥ . ناوەرۆک : ل ٣٧٥ .

**کۆتایی** ، **بەشی پێنجەم** : **پێنج سەرباس بوو . لە ١- بەشەوە ؛ ئەژدەهاک بۆ ٥- بەش** : **ناوی جوگرافی . ل ٤٣٠ – ٤٣٣ .**

@@@@@@@@@@@@@@@@@@@

---

٤١٩ – نک ، داستانهای ایران باستان ، نیگارش احسان ، تهران ١٣٥١ل ٧٠ .

٤٢٠ – ئاغای هاشم رەزی ، س. ف. ژ١٣ ل ٢٣٦- ٢٣٧ : شاخی هاڕا ، هەڕا ، هڕا: HARA نوسیویە: ئەو وشە شاخی ئەلبورزە ! . ئەوشاخەی کە بە سەروی شاری تاران دا کشاوە. سەیری ئەو دوو وشەیە بکەن: { هارا و ئەلبورز } ، ئەوانە یەکێکن ؟. تەنها پیتی ڕێ یان لەیەک دەچێت. بەڵام هەر چوار پیتەکە ، هاڕا: هەورامیە ، یانی هاڕی. هەروەها سەیری سەرەداوی مێژوویی ژ/٢١ ل ٣٢.

**ی / ٥ ، ب / ٦ /  یەکەی** : **پێنجەم** ، **بەشی شەشەم** ، **لە ٩ سەرباس دا**

هاتنەخوارەوەی دوواهەمین دین:  { ٤٣٤ – ٤٥٢ }.
**ب / ٦ /** ١ - دینی ئیسلام.
٢-  ٦٣٩ ز.  شەڕی شارەزوور و هەورامان.
٣- هۆنراوە کۆنەکەی هەورامان.( هورمزگان).
٤- پیرشالیارانی هەورامان
٥- خشتەیەکی نووسەر بۆ سێ  پیری پێشڕەو.
٦- پیرشالیاری/١.
٧- پیرشالیاری/٢.
٨- پیرشالیاری/٣.
٩– پیرشالیارانی تر.

**ب/ ٦ / ١- هاتنی دوواهەمین دین = دینی ئیسلام**:

٦٠٠ ساڵ زیاتر دوای مردن ، یا بەرزکرانەوەی عیسای پەیام هێن ، خوالێی رازی بێت. خوا هیچ پەیام هێنەرێکی تری ، بۆ سەر زەوی دیاری نەکردووە ، یا نەهاتوە و نەناردووە. کتێبەکان بە تێپەڕبوونی سەردەم ، کۆن بوون ، گوم کران ، لەناو بران ، پشتگوێ خران ، یا ویستی خوای لە سەر بووە ... هتد. ئەوە بووە هۆی کاڵ بوونەوەی دین ، لە بیر و ڕەوشتی مرۆڤ دا. پێشەوایانی دینی ، هەرکەس چی زانیوە ؟ یا لەبیر ماوە ؟ ئەقڵی پێی باشبووە... نووسیویانەتەوە و هەندێک لە مەبەستەکانیان لە تەواو تیاچون پاراستووە. تا ٦١٠ زاینیش ئەوە ، ڕێچکەی بڕکردنی هەموو کتێبە دینیەکانی پیش ئەو بەرواره بووە.

٢٠/ ٤/ ٥٧٠ ز. ــ ٩/٢٢ / ٦٣٣ ی زاینی دا ، لە شاری مەکە ، لە ڕۆژئاوای عەرەبستانی سعودی و ڕۆژهەڵاتی دەریای سووردا ، منداڵێک بە ناوی محەممەدی کوڕی عەبدوڵا هاتە دنیاوە ، لە تەمەنی ٤٠ ساڵی دا ، ٥٧٠+ ٤٠= ٦١٠ ز. خوا ، ئەم کەسەی بە دوایین پێغەمبەر دیاری کرد ، بە پاڵپشتی کتێبی پیرۆزی قورئان ، ڕابەری کرد. سەرەتای بە:
{ اقرأ باسم ربک..} سورەی عەلەق ، لە ئایەتی یەکەمیەوە .. . وە کۆتای بە چەند ئایەتێک یەکێ لەوانە ئایەتی: { الیوم اکملت لکم دینکم...}. لە سورەی مائیدە دا ، بە کۆتا هێنا.
لە پاش ڕاگەیاندنەکە ، لە ٢٢ ساڵ دا ، ١٢ ی ، لە شاری مەکە ، ١٠ ی ، لە شاری مەدینە. پەیامی دینێکی نوێ و دواهەمینی ، بەناوی ئیسلامەوە ، بڵاوکردەوە. هەروەها خوا بە ئایەتی: ( انا نحن نزلنا الذکر ، وانا لە لحافظون..) حجر/٩. پارێزگاری لێ کردوو و لێ دەکات ، وەک کتێبە دینیە کانی پێش خۆی ، لەناو نەچوو و ناچێت بۆ کەس !. وا ١٤٣٣ساڵ بەسەری دا تێپەڕیوە ، قورئانی مۆسکۆ و لەندەن و مەکە.. هەر هەمان کتێبە!.
لەسەردەمی پێغەمبەردا د.خ. دینی تازەدەم ، لە هەموو نیوە دوورگەی عەرەب دا ، بڵاو بووەوە. وە لە. لە تەمەنی ٦٣ ساڵی دا ، کۆچی دوایی کردووە ، مەرقەدی لە شاری مەدینەیە.

بە هەزار و ملیۆن  هەر ساڵ زیارەتی مەرقەدەکەی دەکەن.

## گەشتنی دینی ئیسلام بە کوردستانی ئێراق :

لە دوا ساڵی تەمەنی فەرمانڕەوایی خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدین دا ، ئەبوبەکری سدیق ٦٢٠– ٦٣٣ز. لەشکرێکی گەورە ، بە سەرۆکایەتی خالیدی کوڕی وەلید ، بۆ سەر ئێراق و ئێرانی ئەمڕۆ نێردرا ، لەم کاتەدا ئەو دووە ، سەر بە ، دەوڵەتی ساسانی بوون ، شا ، یەزدەگورد ، فەرمانڕەوایی کردوون.

هەمووی شەش شەڕ ڕوویداوە ، دووانیان لەسەردەمی خەلیفەی یەکەم دان:

١- ٦٣٢ ز. دا ، شەڕی قادسییە. لە نزیک شاری دیوانیەی ئەمڕۆدا= خواروی ئێراق.

٢ - ٦٣٢ ز. دا، شەڕی زنجیر و خەفیر لە کوەیتی ئەمڕۆدا.

ئەبوبەکر دەمرێت ، ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب ٦٣٣- ٦٤٤ز. دەبێتە خەلیفەی دووەم. لەم سەردەمەدا ، چوار شەڕی تر لەسەر زەوی ، ئێراق و ئێرانی ئەمڕۆدا ، ڕوویدا لە:

٣- ٦٣٦ ز. دا ، شەڕی تیسفون یا  مەدائین ، لە خواروی ڕۆژهەڵاتی بەغدا دا. کە ئەو کاتە ، پایتەختی پێشەوەی ساسانییەکان بووە.

٤ – ٦٣٨ ز. دا ، شەڕی پردی جەلەولا و سلوکیە : { سەعدییە ، گوڵاڵە } ی ئەمڕۆ= کوردستان ئێراق ، سەروی ڕۆژهەلاتی شاری بەغدا.

٥- ٦٣٩ ز. دا ، شەڕی شارەزوور و هەورامان  =  کوردستان ، سەروی ڕۆژهەڵاتی ئێراقی ئەمڕۆ.

٦ – ٦٤٢ ز. دا ، شەڕی نەهاوەند =ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان =کوردستانی دیوی ئێران ، وە رۆژئاوای ئێران ، کە پایتەختی دواوەی ساسانییەکان بووە. وە کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی شادەوڵەتی ساسانیشە.

*کۆتایی / ب/ ٦ / ١ – دینی ئیسلام .ل٤٣٤ – ٤٣٥*

...............................................

## ب ٦/ / ٢- ٦٣٩ ز.  شەڕی شـــارەزوور و هـەورامـان : ل ٤٣٥ – ٤٤٠.

لە ساڵی ناوبراودا ، لەشکرێکی پێکهاتوو لە  پێنج  هەزار سوارە و پیادە ، بە سەرۆکایەتی ئەبوعوبەیدەی ئەنسار و عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر ، لە روباری سیروان دەپەڕنەوە ، لە بەیانی زوودا ، بەرەنگاری لەشکری کوردەکان دەبنەوە. لە ئەنجامی شەڕێکی سەختی سێ ڕۆژەدا ، سەرکردەی لەشکری ئیسلام ، ئەبو عوبەیدە ، تیادەچێت. دەهێنرێتە دواوە و دەنێژرێت ، ئێستە ئەو جێی ناشتنە قەبرسانی دێی ، عەبابەیلێ ،

یـە ، ( فۆنـەتیکی کوردی ناوی ئـەبوعوبـەیدەی کردووە بـە عـەبابـەیلێی). لـە قـەراخ شاری هـەڵـەبجـە دایـە. هـەر ٤ – ٥ کم. لێی دوورە.
بـۆچوونـم :
{{ شـەڕی یـەکـەمیان ، ئـەوەی مـەدائین ، سـەلمان پاکـەکـەی ئـەمڕۆیـە ، ئـەوەی سـەدام کوورە ئـەتۆمییـەکـەی لێ دامـەزراندبوو . ئـەو لـەشکرە ، لـە دیوی ڕۆژهـەڵاتی ڕوباری سیروان دایـە ، کـە ناوی لـەوێدا ئێراق کردوویـە بـە دیالـە ، چونکی لای گووڵاڵـە جـەلـەولا پـەڕیونـەتـەوە ، هـەر لـەوێدا پرد هـەبـووە. لـەبـەر دەشتی شارەزوور و هـەڵـەبجـە و هـەورامانـە ، ئـەننا دەبێت کـە دەگـەنـە ناوچـەی تاوگۆزی ، ( تـەختـە بـەوێدا هاتوون ، نـەیانداوە لـە شاخی بـەمۆ و زمناکۆ ... ) دەبێت دیسان لـە سیروان بپـەڕنـەوە ، لـەو ڕۆژەدا پرد ، لـەشکری مـەجبوور کردووە بـەوێدا بـڕۆن.

لـە هـەڵـەبجـە و دەوری ئـەم شارەدا ، چـەند شـەڕ بـووە ، جێگای ناشتنی ئـەبوعوبـەیدە ، دووای شـەڕی هـەڵـەبجـەیـە. ئـەم شارە گیراوە ، جا شـەڕێکی تر ڕویداوە ، لـە دەربـەند سـەرشاخی شنروێ ، = ئـەشکـەهۆڵ بـووە ، ٢٠٢٢ م. بـەرزە دەروانێت بـەسـەر شاردا. دیارە کوژراوان لـە جـەبهـەی شـەڕدا نانێژرێن ، هێنراونـەتـەوە بۆ دوواوە ، لـە سـەر شاخـەکـەوە بۆ خوارەوە ، بۆ زانینیش دێی ناوبراو ، لـە بنی هـەمان شاخ دایـە. ئێستـە مـەرقـەدی داگیرکـەران ، بووەتـە جێی زیارەتکـەران}}. *

ناوی جێگای شـەڕ تیا ڕوودای ، هـەڵـەبجـە و دەوریی : مـجێن ، سیناجان ، شیدر، شارستین ، گرمـکـان. هاتـوون ، وای بۆ دەچم شارستین لـە شارەزوور بچێت ، سیناجان : هـەورامان . وە مجێن: بـە دێی بـەکراوای ئـەمڕۆی بزانم. چونکی گردێکی مێژوویی بـەرزی دەستکردی ، سـەر تـەختی تیا دروستکراوە ، ئینگلیزەکان شوێنـەواریان لێ دەرهێناوەو بـردوویانـە. بۆ نزیکیی لـە ناو شاری هـەڵـەبجـەوە ، شوێنێکی ، شوێنـەوار ، کۆنـە.
دیارە ناوی شوێنێك ، نـەتـەوەیـەکی تر بـە زمانێکی ترەوە ، بیڵێت ، هـەر دەیشکێتـە یـەک.

( دەوڵـەتی ئـەو کاتـە ، بۆ ئـەوەی کوشت و بڕین ، وێرانی زیاتر نـەهێنێت ، خۆیان دەدەن بـە دەستـەوە و ئیسلام دەبن). ٤٢١

---

*/ شنروێ ئـەو شاخـەیـە ، دێی عـەبابـەیلی ، پاڵی پێوەداوە ، لـە قـەراخی هـەڵـەبجـەی شـەهیدایـە. ٤ – ٥ کم لێی دوورە. لـە هاتنی یـەکـەمی لـەشکری ئیسلام بۆ ئـەم ناوچـەیـە ، دوای جـەلـەولا هاتونـەتـە : بـەکراوا ، هـەڵـەبجـە ، عـەبابـەیلێ ، بۆ ، چوون بـەرەو پاوەی هـەورامان... لـە دەربـەند ئـەشکـەهۆڵی ، سـەختی سـەر شاخی ، ناوبراوەوە ، شـەڕێکی سـەخت قـەوماوە ، بـە جۆرێک ئـەباعوبـەیدەی سـەر لـەشکریش ، سـەری دەرنـەکردووە. لاشـەی دێننـەوە بۆ ، بـەرەی ، دوواوە . کـە ئـەم دێیـەیـە یـە ، ئـەسپـەردەی دەکـەن. ئێستـە بـەناوی ئـەوەوە ، ناوی بڵاوبووەتـەوە ، بـە بۆچوونی من پێش ئـەم ڕووداوە ، ناوێکی تری هـەبووە. لـەوانـەیـە بـە تۆپزی سـەپێنرابێت ، وا ، ناوە کۆنـەکـەی بیرکراوە ، یا لـەبیربراوەتـەوە. وە کراوە بـەناوی ئـەم سـەرلـەشکرەوە}.
٤٢١ –کوردستان و ئاینی ئیسلام ، مـەلا ڕەئوف سـەلیم حـەوێزی ، بـەغدا ١٩٠٧ز. ل ٨٨.

پاش داگیرکردنی هەڵەبجە ، لەشکرەکە ئەمجارەیان لە لایەن دوو کەسەوە سەرۆکایەتی کراوە. چونکی شەڕ لە گەڵ ئەمانە ، فەرماندە کووژە. عەبدوڵای کوڕی عومەر و مەعازی کوڕی جەبەل ، دەبنە سەرکردە. ڕێڕەویان دەبێتە ، بەرەو هەورامان. بە بۆچونم ، ڕۆشتنی لەشکرەکە وا بووە:

هەڵەبجە ، عەبابەیلێ ، دەربەندی سەختی ئەشکەهۆڵ ، دێی هاواری کاکەییەکان ، بە لێواری چەمی هاتوو ، لە تەوێڵەوە ، بە لای دێی پاڵانیان دا ، ڕۆشتون . چونکی لیرە ، مزگەوتیان لێ دروستکردووەو٤٢٢ ، جا بۆ شۆشمێ ، نەوسود ، پاوە.

{ ئـ / عەبابەیلێ ٢٠ / ١٠ / ٢٠١٣.: *

پێشکەشکراوە بە لاپەڕەی فەیسبووکی (خزمانی عەبابەیلێ) :

{ عەبابەیلێ ؟ عەبابەیلێ؟ پشتم داوە بە شنروێ . باوەشیشم دەبێت چۆڵ بێت ، بۆ هەڵەبجشیماکەم دەوێ . من پێش ١٣٠٠ ساڵ ، بوومە ئاستەنگ لەبەر خێلێ ، کە دەیانویست خۆم و خاکم ، وەکو بەراز ، بۆم بکێڵێ. شارەدێ بووم ، وا دەبمەوە بە خۆشترین ، گەڕەکی ناو ، پارێزگاکەم . چەند خۆشە ، لێمۆ بڕوانیت ، بۆ شارەزوور، دەریاچەکەم؟! }.

**ب** / عەبابەیلێ ؟ ٣١ / ٨ / ٢٠١٤

عەبابەیلێ ؟ عەبابەیلێ ؟ هەروەخت بیڵێم ؟ (شێخ کەمالم) ، بە بیردا دێ !. نەسەبی کۆن ، ڕێچکەی باوان ، ڕیشکی پیشۆک ، زەحمەت دەردێ . گرۆی لاوان ؟ سەری باوان ، کوێر مەکەنۆ ؟ ئادەی ئێستا ؟ خۆ خەڵک زۆرە ؟ سەوز و زەرد و سپی و بۆرە ؟ بەڵام یەکێکتان ، وەکو شێخ ؟ بۆ دەواری دیوەخانتان ؟ بوو بە : ستوون ؟ چەقی وەک : مێخ ؟! }.

وەک دیارە لە پێشەوە خەڵکی لە سەر دینی زەردەشتین ، ئاگردان و جەمخانەکان ، دەڕوخێنن و دەیانکەن بە مزگەوت.٤٢٢

لە شاری پاوەدا شەڕێکی گەورەی تر ، داوێنگیری لەشکری ئیسلام دەبێت. با گوێ بگرین بزانین مامۆستایەکی دینی و ئیمام جومعەی شاری سنە و مێژوو نووسێکی دیار و شاعیریش ! ، چۆنی گێڕاوەتەوە: { " خەڵکێکی زۆر لە خەڵکی ئەم شارە کوژراون ، ژن و کچەکان دیل کراون ، کردوونیانەتە ژنی خۆیان ، ئیتر کەوتونەتە ،زڕیەت نانەوە... ! هتد"}. ٤٢٣ بیهێنە پێش چاوت ، کارەساتی وا بهێنرێت بەسەر دایک و خوشکمان دا، چۆن

---

* هادی بەهمەنی ، س .ک .ژ . ١٨ ل ٤٢.

٤٢٢ – لە دێکانی هەورامان دا وەک: پاڵانیان ، دەگاشێخان ، بیارە ، پاوە... مزگەوتی کۆن هەن، پێیاندەڵێن عەبدووڵاهی ، یانی ع. کوڕی عومەر دروستیکردوون ؟ ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، ئەو ع. سەرلەشکرە و ڕاستە.

٤٢٣ – تاریخ مردوخ ، س. ف. ژ/ ١ ، ل ١٢٣. پاوە ناوەندی شارستانە ، هەورامانی دیوی ئێرانە. بە درێژی: ل ٢٦٥ .

بەرگری ناکەیت ؟ بۆیە دەتوانین بڵێین ، شەڕی پاوە ، شەڕێکی گەورە بووە ، خەڵک کەم بووە ، لەشکر زۆر ، هەرکەس توانیوە ، جەنگاوە ، تا تیاچووە . ئەگەر دیل نەکرابن؟.

کچێک باوکی یا برای ، ژنێک مێردی بکوژن ، چۆن بە مەیلی خۆی ، شوودەکات بە بکوژ، مارەکردنی وا چۆن دادەمەزرێت ؟ وە ئەمە وای کردووە ، خەڵکی ئەم ناوچەیە ، ڕقیان ببێتەوە لەو لەشکرە. بەڵام مێژووییانە ، بووەتە ڕووداو ، بووەتە چیرۆکی سەرزاری پیرانی ، بەر بەرۆچکەکان... دوو پیر لە شاری هەورامان ، سەروی ڕۆژهەڵاتی پاوە. ئەم گفتوگۆیەیان لێدەگێڕنەوە: ( لە سەردەمی من دا ٢٠١٤/٤ز. داعش و یەزیدی).

پیرێک بە یەکێکی تر دەڵێت:( ئەرێ مامۆ قرونی ، قەذیما یا ماریفەت و پیرشالیاری ؟ دووهەم: ماریفەت قەذیم تەرا، قرونی هیزی گوشایشە کۆری ئاوەردەن). ٤٢٤
*هاتنی دینێکی نوێ ، کە ئیسلامە لەوکاتە دا ، بە شەڕ بۆ ناو شاخ و داخی هەورامان ، کە خەڵکەکەی چەند سەدەیە لەسەر دینی زەردەشت بوون ، ئەویش کاڵ بووەتەوە و ئیتر گوێیان بۆ کتێبی ماریفەتی پیرشالیار شل کردوووە. هاتنی ئەو نوێیە ، هەروا ئاسان وەرنەگیراوە ، کۆنەکەش خێرا ناتوێتەوە. وەک پشتوێنی زەردەشتی ئەو بکەنەوە و ئەم لە جێی ببەستن. عەرەبەکانی ، کەنداوی عەرەبی ، ڕۆژهەڵاتی سعود ، هێشتا پەیام هێن ، د.خ. لە ژیان دا بوو ، لە دینی تازە دەم ، پاشگەزبووبوونەوە. کەبە حەربی ڕەددە ، باسی لێوە دەکرێت. کە زمان و پەیام هێنیش لە خۆیان بووە ، نزیکیش بوون لە مەکەوە! لە چاو هەورامان دا. ئیتر سەمەرە نابێت ، لە کوردستان یا مەدائین یا کوەیت یا نەهرەوان... بەرەنگاری ئەم دینە نوێیەیان کردبێت. (ئەوەتا تیرداد فەرمانڕەوای شاری کوردستان= سنە ، لە ٣٣٨ز. دا دینی عیسایی وەردەگرێت. وە بە ناوچەی ژێردەسەڵاتیدا بڵاوی کردوەتەوە. بەلام ناوچەی هەورامان هەر لەسەر دینی زەردەشت ماونەتەوە). ٤٢٥

---

٤٢٤ – مانای ئەو وتو وێژە: ئەرێ مامۆ ، قورئان کۆنە یا کتێبی ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم ؟ دووهەم دەڵێت: قورئان ، دوێنێ گوشایشە کوێر هێناویەتی. گوشایش : پیرشالیاری/٣ می تازە ئیسلام بووە. چاوی مژمۆڵ بووە ، وایان ناوناوە.. سەردەمی گوشایش وا بۆی چووم: ١٣٩١ز. ــ٤٧٢ز. جیاوازیان ٧٢٠ ساڵ ماریفەت لە قورئان کۆنتر ، دەبێت. پیرەکە باش بۆی چووە. زیاتر. ل ٣٤٠ .
٤٢٥ - دانای هەورامی، س. ک. ژ. ٦ ل١٠ .
بۆ چوونێکم لە سەر ڕووداوی پاوە
: خوینەری بەڕێز وەک لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەم دا، دەیخوێنیتەوە ، ڕای خۆم لەسەر دیاردە زەقەکان نووسیوە، لێرەشدا ئەمە دەنووسم:
هەموو نووسەرێک ، بەرهەمی دەستی // دەرخەرە بۆ گشت ، زانینی هەستی
منی نووسەر موسڵمانم بە قورئان ، دەشڵێم باشترین کتێبی دینیی سەرزەوییە ، کوێرە خەتێکیشم لەسەری هەیە ، کوێرانەش شوێنی نەکەوتووم . لە هەرزەکاریشەوە ڕێڕەوی دینیم گرتووە ، ئەو گێڕانەوەی مامۆستا مەردۆخە ، یا دەبێت بڵێین ، بوختانی کردووە ، لەشکری ئیسلام وای نەکردووە. ئایا ئەو کەسایەتیە. ئەقڵمان ڕێ دەدات وای پێ بڵێین ؟ مەلا و ئیمام جومعەی سنە و مێژوونووس و ، شاعیریش ! ئەگەر وەڵام نەخێرە ؟ یانی ڕاستە لەشکری ئیسلام وای کردووە؟ وە ئەو ڕاستی نووسیوە. شیعرەکۆنەکەی هەورامانیش ، ل٤٤٠ ش ، دەڵێت : مەلا ڕاستی وتوە ! بۆ باسێکی ئاواش ، لە سەر

وای بۆ دەچم ئیسلام بەشەڕ بەرماڵی خەڵکی گرتووە ، بۆیە ئەوەی بە دوواوە بووە. سەلماندنم بۆ ئەمە: سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی کە چووە دێی شێخانی هەورامان، ڕێڕەوە یارسانییەکەی ، خۆ دیارە زۆری لە ئیسلام ناچێت ، بۆ بەرەنگارییان نەکرد؟! تا مردیش لەوێدا ئیرشادی کردووە!. ل ٤٦١ - ٤٦٦.

*دەبوایە دینی نوێ ، بەشەڕ نەهاتایە ، وەک ئەوروپیەکان ئیرسالیات تەبشیریە : نێراوانی مژدەدەریان بناردایە. پیشەکی وەک مەکە و مەدینە ، بۆ خەڵکیان ڕۆشن بکردایەتەوە. نەک بەردەرگای پێبگریت ، ئیسلام دەبن؟ یا دەکوژرێن. چۆن لەو کاتە کورتەدا ، خەڵک لێی تێدەگات تا وەری گرێت؟ ئەو پێغەمبەرە زیرەکە ، ڕەوشت نەرمە ، بە پاڵپشتی خواش ، بە ٦٣ ساڵ جا هەندێ شوێنی نیوە دورگەی عەرەبی بۆ ئیسلام کرا! لەسەر هەورامان و کوردستان بۆ چەند مانگێک سەبر نەکرا لەسەریان؟.

ئەوەتا لە دوای ئەم شەڕە ، فێربوون. نامەیان ناردووە بۆ چەند شوێن بۆ ئیسلام بوون ، بەم کارەش سەرکەوتو بوون . وا ئەمڕۆ ٢٠١٣ ز. لە سەدا نەوەدی خەڵکی هەورامان ، خۆیان بە ئیسلام دەزانن ، لەسەر پەیڕەوی ئیمامی شافیعین. ٤٢٦

---

هەڵەبجە ، یا ئەو شوێنانەی لەشکرەکە لەم ناوچەیەدا ، پێی دا ڕۆشتووە ، نەوتراوە و نەنووسراوە؟ ئەمەش دەڵێت: ڕاستی وتووە. بۆ لە شارێک ، دێیەکی تری هەورامان دا، وا، بە لەشکری ئیسلام نەوتراوە ؟ ئایا ئەو ڕوویداوە ، کام سورەت وای فەرموە؟ پیاوەکان بکوژن ، ژن و کچیان بکەنە هی خۆتان ؟ ژن و کچی وتوە ؟ یا لە ئەنفال دا ، دەسکەوتی ماڵیی دەڵێت ؟ ئەمە لە ڕەوشتی ئیسلامی قورئان_ناس ناچێت. ناڕێکی هەرکەس بیکا ، دەبێت بوترێت تاوانە. با خەفەی نەکەین. ئەگەر هێشتا باوەڕناکەی ، وایان کردبێت ؟ ئەی دەوڵەتی عەرەبی ئێراقی موسڵمان ، لە سەردەمی سەدام حسەینی من و تۆدا ، کە خۆی بردبووە سەر پەیام هێنی ئیسلام ، ١٩٨٨- ١٩٩١ز. ڕەو و گاز وئەنفال وزیاتر لە چوار هەزار دێی بە قورئان و مزگەوتەوە ، وێران نەکرد ؟ دەوڵەتانی عەرەب بە جینۆسایدی نازانن! خۆزگە ئەوانە مانگێک لە قامیشلی و هەکاری و سنەدا و هەڵەبجەدا بژیانایە ، تا بیانزانیایە لەسەردەمی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان دا. داگیرکەرانی کوردستان چییان بە کورد کردووە؟ ئەی ئەو دەوڵەتانە ئێستەش هەروا نین ؟! . بۆ زیاتر: هۆنراوەی ، ل ١١ کورد و ئەعراب وە ،ل ١٨٦ وەرمێوم دیەن = خەوێکم دیوە ، بخوێنەرەوە. ئەی جینۆسایدی یەزیدییەکانی ٢٠١٤/٤ز. ؟ ل ٨٠ ڕیزی ٣٣٠ ؟!!.

٤٢٦ –٧٦٨/٧٦٧ ز. ئیمامی شافیعی ، ناوی عەبدوڵا کوڕی ئیدریس کوڕی عەباسە، دەچێتەوە سەر عەبدولموتەلیبی مەناف. خەڵکی شاری بەندەریی ،غەزەی فەلەستینە. کەناری خواروی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. ئەوەندەی من بزانم خاوەنی دوو پەڕاوی گرنگە: الام، لە ٨ بەرگ پێکهاتووە. وە الرسالە. کورد و خەڵکی وڵاتی ئەندەنوسیا کە کەبە سەرژمێری، گەورەترین وڵاتی ئیسلامە ، پەیڕەوی ئەو ئیمامەن.

*لە شاری بەرلین عەرەبێکی فەلەستینی ئیشی بۆدەکردم ، باسی عەرەب ، دین ، سەدام ، ئێراق، هەڵەبجە ، هاتە ناو . کەچی وتی بە ئێمە وتراوە ، خەڵکی هەڵەبجە کافربوون ، گازی ژەهراوی بارانی ، بە تاوان نەدەزانی! دەبێت ئەعراب بوونی کاکەییەکانی ، گوندی هاواری نزیک ئەوێ ، مەبەست بووبێت. با وا فەرزکەین ، ئەگەر خوا قورئانی هەر نەناردبێت ، تەنها ئەم قسەی پەیام هێنەرەی د.خ. هەبێت: ( المسلم من سلم المسلمون من لسانه ویدیه.) جا بڵێن ئەوانە ئیسلامین.

٦٨٠/١٠/١٠ ز. سەرهەڵدانی ڕچەی شیعە و سوننە:
شەڕی نێوان ئەمەویەکان بە سەرۆکایەتی یەزیدی کوڕی مەعاویە ، وە لەشکری ئیسلام = نەوەی پەیام هێن د.خ. بە سەرۆکایەتی ئیمام حسەین ، لە نزیک کەربەلا = کەڕەبەلا، کە لە پاش دا بە شەڕی خەواریج ناوی دەرچوو. ئیمام شەهید دەکرێت ، لەشکرەکەی دەشکێت. ئەمە ئیسلامی کردە دوو بەش. بەشی زۆری لەگەڵ سونەدا مایەوە.

*کۆتایی / ب/ ٦ / ٢ – شەڕی شارەزوور و هەورامان. ل ٤٣٥ – ٤٤٠*

.................................................

**ب / ٦ / ٣ – یەکەم هۆنراوە کۆنی هەورامان ، هورمزگان** :

بە بۆ چونی من ، ئەو چوار دێڕەی پێشەوە : ژمارە ١ – ٤ نووسراوە ، دەقێکی ڕاستی چوار دێڕ ، لێ ، ماوەوەی هۆنراوەکەیە:

کۆمەڵەی ( ١) ، **ڕاستەکە**:

١ – هورمزگان ڕمان ، ئاتران کژان
وێشان شاراوە ، گۆرە و گاوران

٢ – زۆرکەری عارەب ، کەردەنا خاپوور
گنا ئیی پاڵە ، تاوە شارەزوور

٣ – شەن و کەنیکا ، وە دیل بشینا ؟
مەرد ئازا تلیۆ ، وە ڕووی هووینا ؟

٤ – زوشو زەردەشتی ، مانۆوە بێ دەس
بزیکا نیکا ، هورمز وە هیچ کەس

***کۆمەڵەی ( ٢) ، هەڵەکە:***

*ئـ – هورمزگان ڕمان ، ئاتران کژان*　　*خۆیان شاردەوە ،گەورەی گەورەکان*
*ب – زۆرکاری عارەب ، کەردەنا خاپوور*　　*گنا ئیی پاڵە ، تاوە شارەزوور*
*پ – ژەن و کەنیکا ، وە دیل بشینا ؟*　　*مەرد ئازا تلیۆ ، وە ڕووی هووینا*
*ت – ڕەوشتی زەردەشتی ، مانۆوە بێ کەس*　　*بزیکا نیکا،هورمز وە هیچ کەس*

لێکدانەوەی هۆنراوەکە :

بە لێکدانەوەی من ئەم هۆنراوەیە ، دێڕی یەکەم و دووهەمی ناڕێکی تیایە ، جا لە

نووسەری یەکەم جارییەوە بێت ؟ یا گۆڕەڕ موتەرجیم ، هەر ئەوەندەی لێ هەڵکڕانووە:

١ – دیڕی /١ نیوەی/٢ : خۆیان شاردەوە ، یا وێشان شاراوە؟
لە نیوەی دووەمی ، دێڕی یەکەمی هۆنراوەکەدا ، ئەمە نووسراوە: خۆیان شاردەوە ، گەورەی گەورەکان. سەیری کۆنی چوار، وشە گەلی ، نیوە دێڕی یەکەم بکەن ، هەرچواریان بۆ هەورامی زبانیش ، گرانن. = ( هورمزگان ، ڕمان ، ئاتران ، کژان). کۆنییان؟ سەردەمێکی کۆنیش پیشان دەدەن.
چۆن نیوە دێڕەکەی تری: دەبێت بە شێوەی سۆرانی مۆدێلی ئەمڕۆی ٢٠١٨ز. نووسرابێت؟! = کە ئەمەیە : (خۆیان شاردەوە. گەورەی گەورەکان). هیچیشی هەورامی نییە ، لەو سەردەمەش دا نابێت وا نووسرابێت.

٢ – هەر دێڕی١ نیوەی /٢: گەورەی گەورەکان ، یا :گۆرەو گاوران ؟
کە دینی ئیسلام هات؟ هەرکەس نەهاتبێتە سەردینی نوێی خۆیان بە گاور( کۆ، جەمعەکەی ، گاوران) یان پێوەناوە. سەرنجی جیاوازی دوو وشەکە بدە ، بزوێنە درێژەکەی گاور( ا) ن لابە ، وەک یەکن.( گاوران : گۆران). ١٣٦٨ساڵ لەمەو پێشە ، لای عەرەب پیتی( ۆ ، و) وەک یەک پیت نووسیویانە. واتاکەی: گۆرەو گاوران: سەرۆکی گاورەکانە، گۆرانەکان، هەورامییە ، گاورەکان= سان ، میر ، ی ئەوسەردەمە.. بۆ لێدانی فلیمێکی شەڕی دینی لە نێوان ئیسلام و کافردا، گەورەی کافرەکان ، بیر ڕاستر بۆی دەچێت. لە گەورەی گەورەکان . دیسانەوە، گەورەی گەورەکان ، هەورامی نییە ، لەو سەردەمەش دا نابێت بە شێوەی ئەمڕۆ نووسرابێت.

٣ – زۆرکار، یا زۆرکەر؟ زۆرکەر نیشانەی بکەر ، ئیسم فاعیلی پێوەیە. ئەوانەش کۆمەڵێ بکەر بوون ، لەشکرێک. پاڵە: بە کورتکراوە و بچووککردنەوە ، تەسغیر، ی شارە دێی پاڵنگانی دەزانم . وە لەتێکی وشەکەیە. کە لە ١٥٣٥ز. یەوە پایتەختی والینشینی ئەردەڵان بووە.

٤ – نیوە دێڕی ١/٣: شەن: وشەی ئاڤێستاییە ، هەورامی ئەمڕۆ: ژەن. کەنیکا ، کەنیشکا: کناچا یانی کچان. لە گۆرانیشدا ئێستەش هەر هەیە:
کەنیشکە ، کاڵەکەم // هەناری ، سەرتاڵەکەم. ( تاڵە: سپڵ) .

٥ – نیوە دێڕی١/٤: ڕەوشت ؟ یا : زوشت ؟ ڕەوشت: وشەیەکی سەردەم نوێیە ، مانایەکی ئاسان لێ تێگەشتنی هەیە ، لە وشە کۆنی ناو هۆنراوەکە ناچێت. زوش: کۆنە ، زەردەشتییە ، بە هۆنراوەکە زیاتر دەخوات.
٦ – نیوە دێڕی ٢/٤: سەرنجی قافیەی هۆنراوەکە بدە. ئەبێت هەردو لاکەی سەرواکەی : بێ کەس ، هیچ کەس بێت؟ { کەس : کەس ؟!! } ناڕێکە ، نابێت هەر کەس ، بێت. دەبێت: بێ دەس ، هیچ کەس ، بێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی مامۆستا د. م. أ. هەورامانی بکەم ، لە شاکارەکەیدا: (مێژووی هەورامان ، تاران ، بلخ ، چاپی نخست ، ١٣٨٠ ش. ل ٧٦ – ٨١. کە بە سەرچاوەیەک زیاتری بۆ هۆنراوە کۆنەکە دۆزیوەتەوە. سەرچاوەکان:

١ - ملک الشعراء بهار ، سبک شناسی ج/١.
٢ - روزنامە شرق نزدیک.) ئەم ڕۆژنامە فارسییە ، چەند هۆنراوەی کۆنی لە د. سەعید کوردستانی ١٨٦٣- ١٩٣٩ز. وەرگرتووە ، تەنها هورمزگانی بڵاوکردووەتەوە!. ئەم کەسە نیوەی ژیانی لە بەریتانیا بەسەربردووە. هەر ئەمیش قەباڵە کۆنەکانی هەورامانی ل ١٢٢ ، گەیاندووەتە لەندەن.
٣ - مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی ، س. ک. ژ.١٥ ل ٣٧،١٣٢. ئەمە ٣ سەرچاوە ،
بەسە ، بۆ لیخن کەرانی هۆنراوەی هورمزگان . ئەگەر دەڵێن بۆ شاعیر دیار نییە ؟ مێینەی نەوەکەی دیوە لە پاوەدا ، چی لێکراوە ؟! ئەم چۆن زات بکات بڵێت من نووسیومە ، بە کامێرەی چاو ، ئەو فلیمەی وێنەی گرتووە ، نووسیویەتەوە تا ببێتە ئەرشیف بۆ ئێمە. هۆنراوە بوو ؟ بوونە ! . یانی نووسەری هەیە و هەبووە ، دیارنەمابوو؟ دەبێتە یا دەچێتە بازنەی فۆلکلۆری نەتەوەکەوە . فۆلکلۆریش خۆ سەرەتا هەر مرۆڤێک وتویە.
بەو بۆچوونانەی سەرەوەم ، هیوادارم ، هەندێ ڕاستی ئەدەبی و ڕێنووسی بە هەڵە نووسراوەوەی ، هۆنراوەکەم دەرخستبێت.

*واتای دێڕ بە دێڕی هۆنراوەکە بە گشتی:*
١ – ئاگردانەکان ، یا ئاگرگاکان یاجەمخانەکان ، پەرستگەکان... وێران کران ، ڕمێنران. سەرۆکی گاورەکان ، گۆرانەکان ، هەورامیەکان ، خۆیان شاردەوە.
٢ – عەرەبی ستەمکار ، خاپووریان کرد. کەوتنە ئەم ناوە هەر لە پاڵە = پاڵنگانەوە تا دەگاتەوە شارەزوور. یانی لە هەورامانەوە بۆ شارەزوور ، جوگرافیانە: لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. بۆچی ؟ ئەو لەشکرەی دەوری شاری کرماشان و نەهاوەندی پایتەختی ساسانی داگیرکردووە ، جا بەرەو پاوە و هەورامان (ڕۆژئاوا) گەڕاوەتەوە. ئەوەی جەلەولا شارەزوور و هەڵەبجەی داگیرکردووە ئەمیش بەرەو پاوە= ڕۆژهەڵات ، ڕۆشتووە. هەردوو لەشکر ، لە پاوە شار ، یەکیان گرتووەتەوە و گەلەکۆمەیان لێ کردووە.
٣ – ژن و کچان بەدیل بەرن ؟ ئەم سێ لەتە دێڕە ، بە ڕستەی پرسیاری دەزانم ، بۆیە ئەو نیشانەیەم ؟ بۆ داناون. پیاوی ئازا تل بخوا؟ بگەوزێ بەسەر خوێنی خۆی دا؟
٤ – دینی زەردەشت بە بێ دەس: بە دەس بە سراوی بمێنێتەوە ؟ نەتوانێ پەل بهاوێژێت؟ ئاهورامازدا ، بەزەیی بەکەس دا نەهاتەوە؟.

## هەڵسەنگاندنی گرنگی ئەو چوار دێڕە:
*هەرچەند چوار دێڕی لێ ماوەتەوە ، بەڵام گرنگن. لە چوار دێڕدا فلیمێکی مێژوویی ڕاستی سەردەم دیار : ( ٢٠١٨- ٦٣٩= ١٣٧٩ ساڵ لەمەوپێش روویداوە.) پیشان دەدات ، لە کوردستان دا.

ڕەوشتی دینی نوێمان پێ دەناسێنێت. چۆنیەتی گەشتنی؟ بە شەڕە ، نەک بە ئاشتی.
*تواندنەوەی دینی مەزدیسنای زەردەشت ، کە مرۆڤ ئازاد بووە لە وەرگرتن یا نەویستنی ، وە سەردارانی لەشکری ئیسلام ، بۆ بە ئاشتی نەیانکردووە ؟. بۆ پەیام بەرەکەی پێشەکی نامەی نارد بۆ پاشایان ، دوو خەلیفەی ڕاشدین ؟ بۆ وایان نەکردووە؟.

*باسی ڕوودانی رەوشتی ناباو دەکات ، کردنی؟ بۆ دینی ئیسلام نەنگییە ، بەڵام ئەعرابی بەجێهێنەر وای کردووە. نەک دەقی نووسراو. باسی زاڵمی عەرەب دەکات . دەستی بڕوات ؟ ئەنفال دەکات. ١٣٧٤ساڵ پێش ئەنفال و ڕەو و گازی... سەردەمی ئێمە. کام شاعیری کورد ؟ باسی وای درکاندووە ؟ ئایا لەو شوێنانەی شەڕی لەشکری ئیسلام ڕوی داوە ، پاوە ئاسایان نەکردووە؟
*بە سەیری چیرۆکی گێڕاوەی ڕەخنەگرانەی هورمزگان ، لە ئەعراب ، وە بە زمانی هەورامی کۆنی دا ، وە بەرانبەری لەگەڵ هۆنراوەکەی پیرشالیار ، ل٤٤٧. دەبێت ئەو نووسەرە ، شاعیرێکی ، پێشمەرگە ئاسای ، زەردەشتیی بوو بێت ، وا زۆر لێزانانە ، لە چوار دێڕی ماوەوەی دا ، فلیمی ئەو بارەی گرتووە ، بەسەر ناوچە و شارەکەی دا هاتووە.

وا بۆی دەچم ئەو شاعیرە ، پیرشالیاری یەکەم خۆیەتی. لەو کاتەدا تەمەنی ٦١ ساڵ بووە. ئەو هۆنراوەیە ئەگەر لە شاری هەورامان= جەرگەی پیرشالیاران دا نەنووسرابێت ؟ لە هەورامان دا بووە. ئەو شاعیرەش هەورامی بووە ، ئەننا ئەو شێوە زەحمەتە کۆنەی نەدەزانی. هۆی تێکەڵبوونی چەند وشەی سۆرانی مۆدێل ئەمڕۆش ، ویستراوە تەرجەمەی کەن ، میرزای یەکەم ، موتەرجیم ، نەیتوانیوە ، هەمووی بگۆڕێت ، بەجۆرێک نیو دێڕی یەکەم هیچی لێ هەڵنەکڕاندووە ، بۆیە بەو شێوەیەو ، بە خورمژی هێشتوویەتیەوە و ماوەتەوە، یا ناحەز و دەغزداران ، بۆ سوککردنی شێواندوویانە.

*کۆتایی : ب / ٦ / ٣ – هۆنراوە کۆنەکەی هەورامان ، هورمزگان. ٤٤٠ - ٤٤٣*

..............................................

## ب / ٦ / ٤ - پیرشالیارانی هەورامان:

١- خشتەی سێ پیرشالیاری پێشڕەو.
٢- پیرشالیاری یەکەم ٣- پیرشالیاری دووهەم .
٤- پیرشالیاری سێهەم ٥- پیرشالیارانیی تر.)

لە کتێبە مێژوویەکان دا دەکەوێتە پێش چاو ، کە لە هەورامان دا، ٩٩ یا ٧٢ دانە ، پێشەوای دینی هەبووە. لە جیاتی ناوی موغی سەردەمی زەردەشت ، بەمانیان وتووە پیر، لێپرسراوی دینی دێیەک ، یا شارێك بووە. ئەم پیرانەش ، شایەک ، وەزیرێک لێپرسراوێکیان هەبووە ، ئەم کەسە ناوی پیرشالیار بووە ، شالیاری پیرەکانە: سەرەک وەزیری ، پیرەکانە.

**ب / ١ / ٦ – خشتەیەکي نووسەر بۆ سێ پیرشالیاری پێشەوا** :

شوێنی هاتنە دنیاو مردنی هەر سێکیان هەر شاری هەورامانە ، هەورامانی ڕۆژهەڵاتە ، دیوی ئێرانە.

| ناو و شۆرەت | چەند سەردەمێک | سەرچاوەکان | دینیان |
|---|---|---|---|
| ١ – پیرشالیاری/١. :<br>*خواداد جاماسب | ١- سەدەی/١ ی کۆچی.<br>٢- سەدەی/٤ ی کۆچی<br>٣ – س./٥ ی کۆچی<br>٤ – ١٨٠ساڵ پێش ئیسلام.<br>٥ – ٦٠٣ ز. – ٦٩٠ ز. | ١- مەردۆخ ، ل ٣ .<br>٢- د. بۆرەکەیی. ل٨٢<br>٣- د. بۆرەکەیی. ل ١٠٩<br>٤- ئەحمەدی نەزیری. {٤٢٧}<br>٥- هادی بەهمەنی | - زەردەشتی. |
| ١ – پیرشالیاری/٢:<br>ناویم نەزانیوە. | ١- کۆتایی، س/٧ ی کۆچی<br>......................<br>٢ – ١٣٣١ز.- ١٣٩٧ز. | ١ – مەردۆخ ، ل ٢٩٩<br>٢ – د. بۆرەکەیی، ل ٣٣٦<br>٣- هادی بەهمەنی ل٣٩٧+٤٦٢ | یارسانی. |
| ١ – پیرشالیاری/٣<br>چوار ناو هەیە.<br>٢ – گوشایشە کوێر<br>......................<br>٣ – مستەفاعەزیزـ<br>حوسەینی<br>٤ – مستەفا خواداد<br>................. | ١ – سەدەی/٦ ی کۆچی<br>.....................<br>.....................<br>٢- ئەنوەری سوڵتانی ل ٥٦<br>.....................<br>.....................<br>٣- ١٣٨٨ز. – ١٤٦٩ز.<br>٤- ١٣٩١ ز. – ١٤٧٢ز. | ١- مەردۆخ ، ب/١+ب/٢ـ<br>ل ٤، ٤١، ١٤٢، ٤٨٠<br>.....................<br>.....................<br>.....................<br>٣- محەممەد دانا، ل١٢. *<br>٤- هادی بەهمەنی | ١- زەردەشتی .<br>بووەتەئیسلام. |

* – بۆ چوونێکم :

پیرشالیاری سێیەم: ٤ ناوی هەیە. سێیەمی، مستەفاخواداد ، بە ناوی خوادادی باوکی دا ، لە کوڕی پیری یەکەم دەچێت.( ئەگەر ناوگرتنەوە نەبێت ؟ ) بەڵام تەمەن وا ناڵێت: سەردەمەکەی ، یەکێک لە نموونەکان: سەدەی ٦ کۆچییە = ١٢٠٤ز.- ١٣٠٠ز. کوڕی یەکێکە ، لای زۆری ، ٦٩٠ ز. باوکی مردووە ؟ تەمەنی دەبێت لە ٦٠٠ ساڵ زیاتر بێت ! نەک ٨١ ساڵیی من بۆ چوو. یا لە جێی سەدەی س/٦ ، کۆچی . سەدەی یەکەمە ، تا لە باوکییە وە . نزیک بێتەوە (؟) پیری سێیەم ، ناوی دوو کوڕی دیارە ، حەسەن و ڕۆستەم. ئەمەش ناڵێت ئەوەندە کۆنە ، بکرێتە کوڕی ئەو یەکەمە.

{ ٤٢٧ } – ماموستا ئەحمەدی نەزیری ، سەرەوە ، ڕیزی سەرچاوەکان ، ژمارە چوار. لە ٢٢ / ٦ / ٢٠٠٣ز. دا لە کەناڵی ئاسمانی ڕۆژەوە ، لە بەلژیک ، بەرنامەی هەورامی ، هانە ڕەنگینە.

**ب / ٦ / ٢- پیرشالیاری/ ١ ، دیاریکردنی سەردەمێک بۆی** : خشتەی ل ١/٤٤٤

شیکردنەوەی چەند ڕایەک :
١- (سەردەمی پیری/١ ـەمی هەورامان ١٨٠ساڵ پێش هاتنی دینی ئیسلامە). *
نووسەر: * هاتنی دینی ئیسلام بۆ کوێ ؟ شاری مەکە ؟ یا گەشتنی بە ناوچەی هەورامان؟
بۆ مەکە: ٦١٠ ز. یە. ١٨٠ ی لێدەردەکەین ، ٦١٠-١٨٠= ٤٣٠ ز. سەردەمەکەیەتی.
بۆ هەورامان: ٦٣٩ز. داگیرکردنەکەیە ، ١٨٠ ی لێدەردەکەین ، ٦٣٩- ١٨٠= ٤٥٩ز. سەردەمە ـ کەیەتی. یانی جیاوازی هەردوو هاتنەکە: ٤٥٩-٤٣٠= ٢٩ ساڵە. بۆ مێژووش جیاوازیەکە زۆر نییە.
دەنگوباسی ، دینی تازە دەمی بۆ هەورامان هێناوە. بۆیە پێم وایە ساڵی٤٥٩ ز. باشترە.

٢ - هۆنراوەیەکی پیر/ ١ ، هەیە سەرەتاکەی دەڵێت:
وەروێـوە وارۆ وەروە وەرێـنـە... : بەفرێک دەبارێت ، بەفر خۆرەیە.
دەبێت ساڵی دانانی هۆنراوەکە ، تا ئێرە ، هەرکەسمان ڕای ١٨٠ ساڵی پێش ئیسلامی هەبێت ؟ باشترە لەوەی تا ئێستە وتراوە.

٣ - تەمەنی پیر لە کاتی دانانی ئەم هۆنراوە ، جوانە ، دینییە ، پەیبەر ، بە غەیبە ، نابێت پاش داگیرکرنەکەی هەورامان بێت واتە ٦٣٩ زایینی چونکی خەبەردانی دینێ تازەی داوە ، جارێ نەگەشتووە. ئەبێت نووسینی هۆنراوەکە پێشی هاتنی دینەکە بێت.

بە دەرس وەرگرتن لە تەمەنی هەڵبژێراوی ،٤٠ ساڵی موحەممەد ، لەلایەن خواوە بۆ کردنی بە پەیام بەری ئیسلام د.خ. یانی لەبار ترین کاتی تەمەنی مرۆڤە ، بۆ لێپرسراوی پێ دان ، یا گرتنەدەس... بۆیە دەبێت تەمەنی پیر ، لە کاتی نووسینی هۆنراوەکە دا ، لە نێوان ٣٠ – ٤٠ ساڵی دا بوو بێت = کە *تەمەنی ئەقڵی ڕێویە*. منیش نێوانیانم وەرگرتووە. ٣٦ ساڵی. ٦٣٩ز.- ٣٦ = ٦٠٣ز. بۆ هاتنە دنیای. مێژوو ٨٧ ی ساڵ بۆ تەمەنی دیاری کردووە. ٦٠٣ز. + ٨٧ = ٦٩٠ز. مردنیەتی. لە ل٣٩٣ ش دا ئەوەم نووسیوە.

٤ - ١٠١٦ز. – ١٠٧٥ز. شاخۆشێنی لوڕستانی ، یا موبارەک شا ، کە پێشەوای یارسانییەکان بووە ، شیعرێک دەگۆڕێتەوە لەگەڵ (شەهریار ، بە فارسی نووسراوە ) ناوێک دا. دەڵێن پیرشالیارە :

ئەز چەنی تۆمەن ، ( شەهریار) بێگەرد
قەڵا و کەنگاوەر ، ئانە بیی وە گەرد

ئەم دێڕە؟ بەروارە هەلبژێراوەکەی ، منیشی تا چاپی/٣ می ئەم پەڕاوە ، لەق کردبوو :
*پیری/١ م ، لە ٦٩٠ز. دا مردبێت ؟ چی دەیگەیەنێتە سەردەمی شاخۆشێن؟ دوای٣٢٦ ساڵی

*/ ئەحمەدی نەزیری .ل ٤٤٤ ژێرنووسی ٤٢٧.

تر ، جا لوڕستانی دێتە دنیا ! * پیری/٢ م ، لە ١٣٣١ز. دا هاتبێتە دنیا؟ ئەمیش نییە و پیری/٣ میش لە ١٣٩١ز. هاتبێتە دنیا؟ ئەمیش نییە.

٥ - پوختەی باس: ئایا بەرواری دانراوی سەردەمی سەرەوەی شاخۆشێن ڕاستە؟ گەنجتر نەبووە؟ تا ڕێک بێت لەگەڵ یەکێک لەو ٣، پیرشالیارانەدا. ئەگەر بەرواری پیرشالیارێک (شەهریارێک) هەڵبژێرین تا لەگەڵ تەمەنی لوڕستانی دا، ڕێک بکەوێت ، ئەم پیرەیە:
*بابا قەیسەری هەورامی کە لە ١٠١٠ز. یەوە ژیاوە. لە ل ٤٠٧ دا، لوڕستانی١٢ کەسی بێگەیاندووە* ، یەکێکیان ، پیرشالیارێکە . ئەگەر بابا قەیسەر نەبوو ؟ ئەو بێ ناوەیە ، کە دەبێت ، هاوسەردەمی خۆی بێت. ل ٤٥٢ / پەراوێزی دووەم. وە لە٢٥ پیشالیارانی هەورامان دا، باباقەیسەر هەشتەم ، یانە.

**خوەنجی گوشت ئەسپ ، کوڕی کام پیرشالیار ، یانە؟*
بەم بەروارەدا ١٢٦٩ز. – ١٣٢٠ز. ناتوانین بیکەین بە کوڕی هیچ کام لەو ٣ پیرشالیارە ناوبراوانە. پیرشالیارێکی گەنجی سەردەمی خۆیەتی. بە ئومێدی داهاتوو.

## باسێکی پیرشالیاری یەکەم ٦٠٣ز. – ٦٩٠ز. :

ناوی خواداد جاماسب ـە ، لە شاری هەورامان(هەورامانی تەخت) ، لە دیوی ئێران دایە ، نەخشەی ل ٢٢٨، ب/٢ .مەرقەدی ماوە و ئێستەش ، جێ زیارەتگای خەڵکییە. ئەم پیرە کتێبێکی هەبووە بە ناوی ماریفەتی پیرشالیارەوە. ٤٢٧ ئەم هۆنراوانە بە ئاوازی گۆرانی سیاوچەمانە وتراون. بەسەیری مانا و وشەسازی ئەوەی ماوە ، دەزانرێت ئەم کەسە ، ڕادەی بیری لە مرۆڤە دینیەکانی تر لەسەرتر بووە. بۆیە بە پیرشالیار ناسراوە. ئەوەی تا ئێستە بینراوە لێیان ، منیش هەرئەوەم دیوە ، بە پێی توانا لێکیان دەدەمەوە، بە ئومێدم سودێکی هەبێت.ئەم دێڕەی خوارەوە ، وەک سەرباس لەگەڵ هۆنراوەکاندا چەندبارە بووەتەوە:

گۆشت جە واتەی ، پیرشالیار بۆ     هۆشت جە کیاستەی ، زانای سیمار بۆ

(واتە گوێت لە قسە ، فەرمایشتەکانی ، پیرشالیار بێت ، هۆشیشت لە نێراوی پەڕاوی زانای سیمار بێت). ٤٢٨ ( زانای سیمار پێغەمبەری ئیسلامە). ٤٢٩
بۆچونی من بۆ ئەوەی کشمیری زیاتر دەچێت. لەبەرئەوەی لە هۆنراوەکە دا، وشە

---

٤٢٧- ماریفەت: کتێبەکەی پیرە ، لە مەعریفەی عەرەبی دەچێت. واتای سرودەکانی پیرشالیار دەگەیەنێت ، هۆنراوە بوون ، بریتی بووە لە پەند و ئامۆژگاری دینیی و کۆمەڵایەتی.
خۆزگە ئەو برایانەی شاری هەورامان ، یا لە هەرکوێ هەن ، هیمەتێکیان بکردایە ، هەرکەس هەرچی لا هەیە ، با کۆپی بکەن ، نمونەیەکی بدەنە لای یەکێک ، ئەو خەمانەی هەبێت. با نەبێت بە خواردنی مار و موور.
٤٢٨ – دبستان المذاهب ، محسن فانی کشمیری ، بومبەی ١٢٦٢ هـ . ص ١١.
٤٢٩ – م. بەهائەدین ، دانا ، س. ک. ژ. ٦ ل ٦.

ئیسلامییەکانی تیا نییە. پیر زەردەشتی بووە ، دینەکەی لەو کاتەدا تاوێنراوەتەوە ، بە هۆنراوەی ( وەروێوەی) دا ، کارەساتی پاوەی دیوە ، یا بیستوە ، چۆن بە موحەممەدا د.خ. هەڵدەدات ؟! تا سیمار ، بەو بزانین.
گوێتان ، کە دیوی دەرەوەتانە ، بگرن بۆ وتەکانی من: ( پیرشالیار). دیوی ناوەوەتان ، بدەن بە نێراوەکەی = لای من ، پەیامەکەی زەردەشتە.

وەروێوە وارۆ ، وەروە وەرێنە
وەرێسە بڕیۆ ؟ چوار سەرێنە
کەرگی سیاوە ، هێڵە چەرمێنە
گوشڵێ مەمێڕیۆ ، دووە بەرێنە

واتای نیوە دێڕی/١ م: بەفرێک دەبارێت ، بەفر خۆرەیە. خۆخۆرە ، سەیری ئەم وردە کاریە بکە لەو چوار وشەدا ، هەر چواریان بڕگەی ( وەر ، دووانیان وەرێنە ) ی تیایە. ئەگەر واتاکەی لێکنەدرێتەوە ، بۆ یەکێ ، لێی تێنەگا؟ دەڵێی یەک وشەیە و چوار جار نووسراوە. هەریەکەش مانایەکی هەیە!.
نیوە دێڕەکەی بەرانبەری: گوڕیس کە پچڕا؟ دەبێتە چوارسەر.( داوای یەکێتی لە هەورامییەکان دەکات ، ئەگەر پارچەپارجە بن ، وەک بەفر دەتاوێنەوە). ٤٣٠
بۆچوونی من: یەکێتی بۆچی؟ لەبەرچی؟ بۆلەم کاتەدا؟ بەفربارین لە خواوەیە ، لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی ، دینە ئاسمانییەکانیش وا بوون. لە پێش دا یەک دینمان هەبوو ، دەستمان بەیەک گوریسەوە ، دینەوە ،( مەزدیسنای زەردەشت) گرتبوو. دەستان بەردا دەپچڕێت. پچڕا ؟ دەبێتە چوارسەر. دین ، مەزهەب ، پەیڕەو... ئەو چوار لەتە ، یا پارچە ، پیرشالیار بۆی چووە ، ئیسلام ، یارسان ، شیعە ، سونە ، ی ئەمڕۆ نییە؟.
دێڕی دووەمی هۆنراوەکە: مریشک با ڕەنگین بێت ، ڕەش بێت ، هێلکەی سپی دەکات! گۆزە کە شکا؟ تەنها کوونی دەمەکەی ،دەرگا ، سەرەکیەکەی ،نامێنێت ، دوو دەرگای تیدەکەوێت.
ئەم گۆزەیەی بە هێما هێناوەتەوە وەک گوریسەکە ، کە لە ناوچەکە دا هەمووکەس هەیبووە ، تا نەخوێنەوار و کەم زەینەکانیش لە مەبەستەکەی بگەن. ئەم گۆزەیە نیشتیمانە بۆ هەرکەس دەیخوێنێتەوە. لەسەر خۆیان ، هەورامانە. نیشتیمان ، با بڵێن ڕەشە ، بەدیومە ، وەک مریشکە ڕەشەیە ، بەڵام هێلکەی سپی دەکات. نیشتیمان بەوەی کەهەیە ، نابێ خۆشمان نەوێت و ببێزرێت.
لە بەندێکی تری ماریفەت دا:
داران گیان دارەن ، جەرگ و دڵ بەرگن
گاهێ پەڕ بەرگن ، گاهێ بێ بەرگن
کەرگە جە هێڵەن ، هێڵە جە کەرگەن
ڕواس جە ڕواس ، وەرگ جە وەرگەن

٤٣٠– مەردۆخ ، ل٢٢٤.

واتـە: دارەکان زینـدوون ، گیانیان تیایە . خاوەن جەرگ و دڵـن ، کە ڕیشک و قەد و گەڵان. ماوەیەک پۆشتـە و پەرداخن ، کە کاتی گەڵا و سەمەریانە. کە پایزیشیان هات؟ ئەو بەرگانەیان لـەبـەر دادەڕنـرێت. مریشک لـە هێلکە دەکەوێتەوە و زۆردەبێت. هێلکەکەش هی مریشکەکەیە. ڕێوی لـە ڕێوی ، گورگ لـە گورگ.

<u>وای بۆ دەچم:</u> دارەکان بـە گەل= هەورامیەکان دەزانێت. ناسۆرەکانی سەردەم ، ژیان بێ کەواوکراس دەکات ، وەک ئـەوەی لـە ساڵێک دا، بەسەر درەخت دا دەهێنرێت. بەڵام هەر درەختە. ئێمەی مەزدیسنایی بەندەی خوا بووین ، مریشک لـە هێلکەیە ، ڕێوی لـە ڕێویە ، گورگ لـە گورگە... ئـەوانیش دەست کردی خـوان. وەک ئـەوانی تر ، خاوەنی دین و پەیام هێن بـووین ، چەند سەدە پڕ بـەرگ بـووین . بـە هاتنی دینێ تر ، بۆ ئیتر دەبێت ئـەو بـەرگە لـەبەرمانا داکەنرێت ؟ بەرگەکە دەرد ناخوات ؟ ناوکرۆکی دین ناسینی خوای تاکە ، دینەکانیش وەک مریشک و هێلکەکەن ، کارەکانی خوابـووە. ئـەو ئـەمری ڤیتـۆی خوایيە وەک مۆر لـە قورئانی داوە : ( انا نحن نزلنا الذکر ، وانا لـه لحافظون.) حجر/٩. کە کەس ناتوانێت بیگۆڕێت ، لـەناوی بـەرێت... بۆ مـەزدیسناش دەبـوو. ئـەو هـەموو شەڕە دینیانـەش ڕووی ئـەدا؟.

*جەژنێکی پیرشالیار ، هەیە ، ئـەمڕۆش لـە شاری هەورامان دا، هەرساڵ لـە ٢٦/ ٢ / ساڵی زاینی دا، یادی دەکرێتەوە. لـەبەردەم ماڵـەکەی داو ، خواردەمەنییەکی تایبـەت ، کە لـەو کاتـەدا لـێ نراوە ، ئێستـەش هـەر ئـەو چێشتـە بۆ زیارەت کـەران لـێ دەنرێتـەوە.

*لـە ل ٤٤٥ دا وترابوو ، شاخۆشێنی لوڕستان ی یارسانی ، هـۆنراوەیەکی بـە شەهریار= پیرشالیار ، نـاوێک ، دا وتـوە ، ئـەمە هۆنراوەکەیە:

ئـەز چەنی تۆمـەن ؛ ( شەهریار) ، بێگـەرد
قەڵای ( کەنگاوەر) ؛ ئـانە بـیی ، وە گـەرد
نـە تـای دەریـا ، ئێمە بـەر ئـاوەرد
نـامەکە و مـەشیـە ، ئێمە بـەرد ئـەو فـەرد ٤٣١

واتـە: من لـەگەڵ تۆمە ، هۆ ، شەهریاری بێگەرد! = ئـەی بـە بڕواداری ماوەوە ، لـەسەر دینی زەردەشت. ئـەو قەڵای کەنگاوەرە ٤٣٢ کە هـەردوو دەیناسین کامەیە؟ وا بوو بـە تۆزو و گـەرد. یا ئـەوەی ئـەها بوو بـە تۆزو و گـەرد ، لێرەدا ئـەم قەڵایە هێمایە ، هێنراوەتـەوە بۆ

٤٣١ – د. بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل ١٢٥ نوسخە خەتی سرانجام ، دەورەی شاخۆشینی لورستانی.
٤٣٢ – کەنگاوەر: شارستانێکی کۆنی مێژوويیە ، لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ، سەروی ڕۆژهەلاتی شاری کرماشان کەوتوە . ئـەم شارەم دیوە ، ئێستـەش پایە گـەورەی کۆشک و پەرستگەکانی ماون. لـە قەراخی ئێرەدا ، دوای کارەساتی ١٩٨٨ز. ی هەڵـەبجە ، ئوردوگایـەک بۆ خـەڵکی کوردستانی ئێراقی ، تێدا ئاوەدان کرابووەوە.

باسێکی کۆن ، وه نامەیە بۆی چووه. شاخۆشێنی یارسانی دەور دراو بە دینێ نوێ ، خەمی دینە کۆنەکەی وای لێ کردووه ، ئەوە بدرکێنێت. کە هەردوو شاعیر لەسەرینی. ئەو دینەی کەوەک پایەکانی قەڵای کەنگاوەر وابوو؟ وا بوو بە تۆز ، ئەو دینەی کەلە ناو دەریادا ، لە نووقم بووندا بوو ؟ ئێمە دەرمانهێنا ، نامەکەی ز. بۆ مەشیە = خەڵک. ئێمە گەیاندمانە کەناری ئەمان.

هۆنراوەی شەهریار بۆ شاخۆشێن:

یاران جە ڕێواس ، یاران جە ڕێواس
پاشام پەیدا بیی ، جە دانەی ڕێواس
مەشیە و مەشیانە ، بەرئامان جە واس
پەرێ تارمایی ، مێردان ڕواس [433]

*کۆتایی : / ب/ ٦ / ٦ – پیرشالیاری یەکەم. ٤٤٥ – ٤٤٩.*

..................................................

---

٤٣٣ – د. بۆرەکەیی ، ل١٢٦.
(( بە بۆچوونی من:
ئەو پیرشالیاری یەکەمە ، زیرەکە ، کە لە ل٣٩٣ وە باسی کراوە ، نابێت خاوەنی ئەم هۆنراوەیە بێت. لەبەرئەوەی ،١- لە جێی وشەی ڕیواوی هەورامي : ڕێواسی بەکاربردووه ، لە هۆنراوەیەکی هەورامی دا!. ٢- رواس: ڕێوی نێرە ، وا دیارە ئەم هەر مەبەستی ڕێواسەکەیە. ڕێواسەکەش بێت ؟ قافیەی دێڕێک هەڵەیە. ٣- هۆنراوەکە باسی تیۆریەکی ناباو دەکات ، دۆستانی شاخۆشێن ، بەشەر ، لە تۆوی ڕێواس بکەوێتەوە = بەشەری ڕووەکی. ( کلکم من آدم ، وادم من التراب) چی لێ بکەین؟ پیرشالیاری یەکەمی زیرەک ، پێش هاتنی دینی ئیسلام ، بە شیعر ، زانیویە دێت ، خەواریقی لێداوە. چۆن دوو دێڕ هۆنراوە دەنووسێت بۆ هاوڕێیەکی ، ئەوەنە هەڵەی تێدا بێت؟!.

شەهادەی دەرچووانی زانستگای یارسانی سوڵتانی ساق {خەرقە} یە:
لە کۆتایی خوێندنیان دا ، دانانی دوو دێڕ هۆنراوەی هەورامییە. ل ٣٩٨ – ٤١٨.
ئەوەم بەهێزدەکات لە ل٣٤١ /٣ وتومە: ( ئەو شەهریار) ناوە ، پیرشالیاری/١ م ، نییە. وە ئەم دوو دێڕە ، لە هی ئەو شاعیرە نوێ یە ، دەرچووانە دەچێت ، لەسەردەمی سوڵتانی ساق دا ، ل ٤٧١ ، هەرکەس بەو زمانە ، دوو دێڕ هۆنراوەی نەوتبێت ؟ خەرقەی = شەهادەی پێ نەداوە. شیعرە دوو دێڕیەکانی ئەوانە ، لەناو کتێبی سەرئەنجام دا زۆرن ، سەیریان بکەن. ئەو دوو دێڕە هی یەکێکە ، لەو ، پۆلە شاعیرانەی ، لە دانشگای دینیی ، دێی شێخانی هەورامان دا( پەراوێزی ل ٣٤٧) لە سەردەمی سوڵتان ئیسحاقی ، یارسانیی دا ١٢٨٧ز. – ١٣٨٧ز. دەرچوون. بۆی هەیە لە دوایی دا ، بووبنە پیرشالیار ، بەڵام نووسەرەکەی پیرشالیاری یەکەم نییە بۆ زانینیش پیری یەکەم٩٩٧ ساڵە مردووه! ، یەکێکە لە پەروەردەکەرانی دەستی سوڵتان خۆیەتی . لە ل ٤٤٦ ، دا، ڕۆشنم کردووەتەوە ، کە پیرشالیارێکی ترە )).

**ب / ٦ / ٣- پیرشالیاری دووهەم ١٣٣١ ز. – ١٣٩٧ ز.** : خشتەی ل ٢/٤٤٤

ناوی بۆ من تا ئێستە نادیارە ، ڕێڕەوی دینی یارسانییە ، هاتنەدنیاو مردنی وەک لە خشتەکەدا ( ل ٤٤٤) دیاری کاوە، هەر شاری هەورامانە. گۆڕەکەی لە پاڵ پیرشالیاری یەکەم دایە. ئەمە نزیکییەکی ، خزمایەتی یا دینی لەگەڵ پیری/١ دا ، پیشان دەدات. لای سوڵتانی ساقی یارسانی لە دێی شێخان ، خەرقەی وەرگرتووە. ئەم دێڕە زاتی خستەبەرم ، ئەو بەرواره دانێم ، بۆ سەردەمی ژیانی ، کەلە سەرەوە نووسراوە. نموونە بۆ هۆنراوەکانی، ئەمە ئەو چوار دێڕەیە خەرقەی پێ وەرگرتووە.( ل ٤٤٩ ژێرنووسەکە ، بۆچوونم.)

واتە سەردەمی لاوییەتی:

وە حەدەرەوە ، وە حەدەرەوە
بەیدی بنیشیم ، وە حەدەرەوە
( کەلام) بووانیم ، وە شەجەرەوە
وە تەخت پاشای ، پردیوەرەوە
دەستگیر( هەفتەوان) ، جەی سەربەرەوە
بەیدی بووانمشان وە سەمەرەوەو
دامانشان بگریم ، نەبەشەرەوە
نەو لاویم ئەی قەول ، وە کەدەرەوە

واتە: وەرن با لەم لێژایەدا، لێوارەدا ، دابنیشین. ٤٣٤ کەلام ، ٤٣٥ لەسەر تەختی پاشای = سوڵتانی ساقی ل٤٠٧ بە پاشای ئەوێی ناوبردووە. پردیوەرەوە. وەک زانرا دێکە لەسەر ڕوباری سیروانە ، پردیوەریش ناوی یەکێک لەو پردانەی ئەوێیە. هەفتەوان ، حەوتانە ، ئەو کۆمەڵە دینیە ٧ کەسییانەن ، کە هەر کۆمەڵە کاری دینی خۆی کردووە. وە هەروەها بەشێکی پەراوی سەرئەنجامیشە. وەرن با دامێنیان بگرین. ئەوەی هەفتەوانە وتویەتی بیانخوێنینەوە. خوێندنەوەیەک بەر بدات. منی لاو ، ئەم چەند دێڕە ناتەواو و لێڵەم هێناوەتە دەرگاتان لێم وەرگرن.

*کۆتایی :/ب/ ٦ / ٧ – پیرشالیاری دووهەم.*

.................................................

**ب / ٦ / ٤ – پیرشالیاری سێهەم. ١٣٩١ز. ـ ١٤٧٢ز.** : خشتەی ل ٣/٤٤٤

ناوبراو چەند ناوی هەیە ، بۆ ناسینی ، گوشایش ،کە دینە زەردەشتییەکەی یا یارسانییەکەی گۆڕیوە بۆ ئیسلامیی ، ناوەکەی بووە بە مستەفا خواداد ، ئەمەش هەیە: عەزیزی حسەینی. شکێک دروست دەکات ، ناو بووە بە مستەفا ، عەزیزی بۆچییە ؟ حسەینی

---

٤٣٤ – بۆ زانین جێگای دێی شێخان لە سەر ڕوباری سیروان دایە ، وە جێگاکەی تەخت نییە. ل٣/٢٠٦ . هێنانی ، وە حەدەرەوەی : بە لێژایی ، عەرەبی ، بۆ ئەو دەرخستنە جوگرافیەیە بووە.

٤٣٥ –کەلام: بەشێکە لە پەڕاوی دینی یارسانییەکان ، کە ناوی سەرئەنجامە. ل ٤٨١ .

چیە ؟ ئەگەر نازناوە ؟ عەزیز (ی) ، یای نەسەبی بۆچییە ؟ عەبدولغەفاری/١ یش بە کوڕی و بە براشی هەیە ، سەردەمی ئەم غەفارە ، وا دەبینم ١٤٤٤ز. – ١٥٢٨ز.

باوکی گوشایش ل ٣٩٣. ئەمە دەکەوێتە پێش چاو ئەم پیری/٣ یەمە ، کوڕی پیری/١ ـەم بێت! ( پەراوێزی ل ٣٤٠ سەیربکەرەوە). بەسەیری بەرواری من بۆ چوو (؟) نابێت کوڕی بێت ، چونکی دوای مردنی ئەو ، بە ٧٠١ ساڵ جا ، ئەم هاتوەتە دنیا. ئەگەر پیری/١ هەم ، پیر بکەین ، تا بەروارەکەی ببێتە باوکێکی ڕێک ، وە سەجەرەکە بچەسپێت بۆمان. سەردەمی پیری/١ دێتە دوای گەشتنی دینی ئیسلام بە هەورامان. هۆنراوەی خەبەر دەرەکە ، بە دینی تازەی ئیسلام ، نایەڵێت.

هۆنراوە ، شوێنەوارە ، هەیە و ماوە و کەواتە: بوونە. بە بۆچوونی من ، ڕا، پێشوەکە ڕاست ترە. سێیەم کوڕی یەکەم نییە ، خزمیەتی. ئەو ناوی خواداد یشەی پێوەیەتی ، بۆ ناوگرتنەوە بووە ، لێی نراوە. ٤٣٦
هاتنەدنیاودەرچوونی هەر شاری هەورامانە ، خانووەکەی و ژێری کلاشەکانی ماوە. وا هاتووە : خەوی بە پێغەمبەری ئیسلامەوە دیوە ، سەری حەزرەتی غەوسی گەیلانی بەغدای داوە. مەردۆخییەکانی دێی ، تەختەی نزیک سنە ، یا خانەگای قەراغ پاوە ، دەچنەوە سەر ئەم.
ئەوەی لە وتووێژی ل ٣٣٦ ناوی هێنراوە ، گوشایشە کوێر ، ئەم پیری/٣ یەمەیە. ئەم کەسە دینی ئیسلامی لە هەورامان دا ، برەو پێ داوە. وە وتراوە هەر ئەم ، ٩٩ پیری پێگەیاندووە ، وە دەشڵێن دەسکاری ماریفەتی زەردەشتی پیری یەکەمی کردووە ، بۆ ئیسلامی. وا بووایە ؟ سەری هەموو هۆنراوەکەی یەکەمی دەخوارد ، هورمزگان.

*کۆتایی : / ب/ ٦ / ٧ – پیرشالیاری سێهەم. ل ٤٤٩ - ٤٥٠*

..............................................

**ب /٦ / ٥ – ناوی هەندێکی تر، لە پیرانیی هەورامان:**
لە پێشەوە ناوی ٣ پیرشالیاری پێشەوا ناوبران ، لێرەوە چەند دانەیەکی تر دەنوسم ، کە *لایەقیانە* لە ڕیزی ، پیران دا ناو ببرێن.

٤ – پیر: پیرخدری شاهۆ ، محەممەد زاهید. دوای ٧٠٥ ز. ژیاوە. ٤٣٧

---

٤٣٦ – یەک جار خواداد چییە ؟ ٧ پاشای بابان ناویان سڵێمانە ، منی نووسەریش لە ١٣ پشت ، ٧یان سڵێمانە ، هەموویان لەبەر ناوگرتنەوە بووە.
٤٣٧ – لە ل ٢٩٧ دا ، سەید خدرێک هەیە ، بە بەرواردا نابێت ئەم بێت. بۆ ڕیزکردنیان ، هاتنەدنیایان لەبەرچاو گیراوە ، ئەگەر زانرابن ؟ ناوی هەرکەسێکی تر ، یا بەروارێکی تەواوتر ، یا پێ زانراوی یەکێکیان ، لەمەولا پەیدا ببێت ؟ ئەوە ڕیزەکەیان دەگۆڕێتەوە.
لەگەڵ ڕێزم بۆ هەر نووسەرێکی ، دڵسۆز و دیموکرات و خامە جڵەو نەکراو. ئەگەر بیەوێت خشتێک ،

٥ – پ. سیاو عەبدوڵا.          ٦- پ. بابا ناوسی سەرگەتی. ٩٣٦ز/ـ ؟
٧ - پ. بابا گەرچەکی هەورامی٩٧٨ز.- ١٠٣٨ز.
*٨ - بابا قەیسەری هەورامی. دوای ساڵی ١٠١٠ز.ـ١٠٦٧ ؟*          *ل ٣٩٤ / ٤+ ٥*
٩ – سەید ئیبراهیمی کوڕی بابا ناوسی سەرگەتی ١٠٨٤ز.ـ١١٤٨ز.
١٠ – پ. زەینولعابدینی پاڵنگانی. ١١٠٠ـ١٢٠٠ز.
١١ – پ. هندوی هەورامی. دوای ساڵی ١١٠٧ز.ـ ؟
١٢ – پ. قازی نەبی سەرگەتی ١١٠٧ز.
١٣ – پ. محەممەد هەورامی ، بابا مەردۆخ ، باوکی گوشایش( ؟) ١٢٨١ز.ـ ١٣٩١ز.
١٤– پ. سوڵتانی ساق. ١٢٨٧ز. – ١٣٨٧ز. ل. ٣٥٤.
١٥ – پ. بابا تایەری هەورامی. ١٣٩٨ز.
١٦ - کۆمسای مەحمود.          ١٧- پ. ژنگل ئەحمەد.
١٨پ. ئەکابری خامۆشی ١٤٤١ز_ ١٤٩٥ز
١٩ – پ. نیاز بەڵخەیی.          ٢٠- پ. ڕوکنودینی هەورامی.
٢١ – پ. محەممەدی چەشمییەری. ١٧٥٩ز.ـ ؟
٢٢- پ. دانا.          ٢٣- پ. باسیە.
٢٤- پ. وەندی.          ٢٥- پ. حەیران.

ی/٥ ، **ب/ ٦ / ١ – ٩/** . ناوەرۆک : ل ٣٧٥ .
کۆتایی یەکەی پێنجەم ، **بەشی شەشەم** : **هاتنی دوواهەمین دین ، ئیسلام**. لە ٩ سەرباس دا. ل ٣٢٣ – ٤٥١

**@@@@@@@@@@@@@@@@@@@**

---

-/ بە دەوری ، ئاگردانی مێژوویی ، وێرانکراوی ، هەورامان دا ، دانێت ؟ گرنگە. جێی ڕێزی هەورامیانی خەمخۆرە. با ڕێ لە ڕای کەس نەگرین ، با ئەوەی خۆمان لە هی هەموو ، بە باشتر نەزانین ، با ، هەموو چی دەزانین یا بیستوومانە ، یا ، لە کتێبێک دا دیومانە ، سودی هەبێت؟ بینووسینەوە ، تا سەدەیەکی تر ، لە ئێمە باشتر گەلێک پەیدادەبن ، شەنوکەوی دەکەن دەبێتە کولتور بۆ ناوچەکەمان ، ناوچەکانیش ، یانی کوردستانی مەزن.
پاش ئەو پێشەکیە ئێستە دەڵێم ، نووسەر هەیە پێی وایە ، تەنها <u>یەک پیرشالیار</u> هەبووە. لەوانەشە پیرۆزیشی کردبێت و بڵێت پەیام هێنەرە . من ئەم ڕایەم ، لا، کزە. چونکی ئەو زانیاریانەی دەخرێتە ڕوو قایلم ناکات. دەپرسم بۆ ئەمڕۆش لە گەڵ مانی کتێبەکانیانیش دا ، لە هەر سێ دینە دیارەکەدا ، مەلا و زیاد لە ٣٠٠٠ ساڵە ، لە ناوچەی وەک هەورامانی دیندار دا ، کێ دینی ڕۆشنکردووەتەوە بۆ خەڵک؟ پیرشالیارێك نەگەشتوەتە ١٠٠ ساڵ ، ئەی لەوەولا ؟. ئەوەندە توول کێشانی دینی زەردەشتی لێرەدا ، قەشە و ڕاهیب و پاپا... هتد ، کەسە دینیەکان هەر هەن ؟ پیر یەکێک نەبووە ، پەیام هێنەرەکانیش یەکێک نەبوون. ئەوانە پێویستن بۆ کاروبارە دینیەکان. کە زەردەشت شەهیدکراو مرد، تا هاتنی ئیسلام بۆ هەورامان ، ٣٠٠٠ساڵە ، مانەوەی زەردەشتی؟ ئازایی چەندان پیرشالیار بووە.

**ی / ٥ ، ب / ٧ / ڕێڕەو یا مەزهەب یا بیرە دینیەکانی تر، و پێشەواکانیان:** ٤٥١ – ٤١٨

**ب / ٧ /** ڕێڕەو و یا بیرە دینییەکانی تر:
١- یارسانیی. ٢- کاکەیی. ٣- شیعەیی.

٤- پێنج پێشەوای یارسانی.
ئـ/ باڵووڵ. ب/ باباسەرهەنگ. پ/ شاخۆشێن.
ت/ سەیید ئیبراهیم. ج/ سوڵتانی ساق. ( ئیسحاق بەرزنجي ).

٥- یازدە خانەدانەکەی یارسان.
٦- دەستە یا کۆمەڵەکانی ، یارسان.
٧- سەرئەنجام ، کتێبی دینی یارسان. ١٨٤٣ز.

..............................................

**ی / ٥ ، ب / ٧ / ١- یارسانیی :**
لەدوای ساڵی ٨٠٠ زاینییەوە ، لە ناوچەی لوڕستانی ، ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە ، سەری هەڵ داوە . لە دێی شێخانی هەورامانی لهۆن دا ، ڕۆژئاوادا= (پردیوەر) ٤٣٨ . لە ١٢٠٠ زاینیەوە ، پرشنگی دایەوە ، دەیانی کردە پەپولە شاعیری ، دەوری نێڵەی ، ئەم پرشنگە نەورۆزییە.
وشەی یارسان: یار ، دۆست. سان: لای عوسمانی ، تورکیا ، وشەی پاشا ، لای سەفەوی ، ئێران ، وشەی والی ، لای عەرەب وشەی ، سوڵتان ، لە هەورامانیش دا ، لەوەی عەرەب ، سان ، ی لێ خۆشەکراوە. یارسان: دۆستەکانی سان. سان: پێشەوای دینی یا ئیدارییە لە ناوچەی هەورامان دا. دامەزرێنەری ئەم بیری یارسانیە باڵوڵی دیوانەیە ، لە دواوە باسی دێت. لە هەورامان دا سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی ، کە لێرە بە سوڵتانی ساق ناسراوە، پەرەی پێداوە.

---

٤٣٨ – پردیوەر: دێی شێخان ، لە ڕۆژئاوای نەوسود دا. لە بەشی جوگرافیا دا ، بەدرێژتر باسی کراوە. ئەم دێیە لەسەر ڕوباری سیروانە ، ( پرسێک لە سیروان. ل ٢١٤ ، زانیاریت دەربارەی لقەکانی و دوو پرد دەداتێ) دوای ئێرە بە ٣ کم. ێک دێتە ناو کوردستانی ئێراقەوە ، پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە . دیارە شوێنێک لەسەر ڕوبار بێت ، دەبێت پردیشی هەبێت. پردیوەر: وەر: بە هەورامی یانی خۆر وە پێش. دەبێتە پردی خۆر: پردەکەی ڕۆژهەڵات. یا پردەکەی پێشەوە. بەڵام ناوی دوو پردی تریش لەم جێگە سنوریە کورتە سەختەدا بۆ کراوە ! : پردی کوڕا و کناچا: کوڕان و کچان.
لە شارەدێی پاڵنگانی هەورامانی ڕۆژهەڵاتیش دا، ناوی پردێك بە ناوی کناچا هەیە.
هەرچەند من نەمدیوە ، ئەم سەرچاوەیە کە بە ناوەکەی دا دیارە ، باسی ئەم ناوچەیەی کردووە،

PRDI KNACHA Published bei the British School of Archaeogy in Iraq,Volume Part 1+2 1974

چەند بیری یارسانی: دۆناودۆن یا گەڕانی ڕۆح:

هەرکەس مرد ؟ ڕۆح لە لاشەی مردووەکەوە دێتەدەرەوە. دەچێتە لاشەیەکی ترەوە. ئەم ڕۆحە ۱۰۰۱جار ڕوودەدات. دواى ئەوە ئۆقرەدەگرێت. کە رۆحەکە هاتەدەرەوە ، دەچێتە لاشەیەکی ترەوە ، ئەو کەسە لەسەر هەمان ڕەوشتی کۆنەکە ، دەبێت [440]

*نەسخ: ڕۆحەکە لە مرۆڤ بێتەدەرەوە ، دەچێتەوە ناو لاشەی مرۆڤێکی ترەوە. [439] گەڕانی
*مەسخ: دەچێتە ناو لاشەی گیاندارەوە.
*ڕەسخ: دەچێتە ناو ڕووەک یا شینیاییەوە.
*فەسخ: دەچێتە ناو لاشەی خشۆکێکی چزووداروەوە ، وەک مار ، دوپشک...
*لە باوەگەورە ئادەمەوە ، تا پیر محەممەد ۱٦ قۆناغ تێپەڕیوە. [441]

*خەڵکانی یارسانی بە پێی پلەی دینیان ، بەم بەشانەوە کراون:
۱ – پلەی خوا لە یەکێک دا خۆی نوواند بێت: ئەوانەی بەم پلە گەشتوون ۷ کەسن کە ئەمانەن:
ئـ/ باڵوڵی دانا ، دێوانەکەیە. ب/ بابا سەرهەنگی دەوانی. پ/ شاخۆشێنی لوڕستانی.
ت/ بابا ناوسی سەرگەتی. ج/ سوڵتانی ساق. چ/ شاوەیس قولی قرمزی.ح/ ئاتەش بەگ. *

۲ – پیر: دووەم پلەی بەرزیە ، شا و لایەنگران لەگەڵ پیر کۆدەبنەوە ، کە سەرسپاردنە. بۆ وێنە: پیری سوڵتانی ساق ، پیر بنیامین بووە.
۳ – دەلیل: ڕێ نموونیکەری جەژنە یا ئاهەنگە دینیەکانە بە پەیڕەوکەران. لە دوایی دا بە پیریان دەسپێرێت. بۆ نموونە سوڵتانی ساق دەلیلەکەی داودە ، موساسیاهە.
٤ – سەرجەم: دوعاخوێنەر ، بەسەر ئەو شتانەدا دەکرێن بەخێر و نەزر و قوربانی. بۆ پیرۆزکردنی ، ئەم لە خواردنەکە دەخوات ، جا فرماندەدات بە بەشکردنەوەی.
٥ – خەلیفە: دابەشکەری ئەو شتانەی کراون بە خێر. بە پشکی وەک یەکەوە ، بە پێی ژمارەی کۆبووەوەکان. لای ئەم سەرچاوەیە. [442]*هەرکەس هەوەسی خۆیەتی ، کێ بە پیر و دەلیلی خۆی ، هەڵدەبژێرێت. ئەگەر مرد؟ یەکێ تر دەگرێت.

---

٤٣٩– نووسەر: ئۆقرەدەگرێت: یانی هەر نامرێت. لە کوردیش دا یەکێ مرد ؟ دەشڵێین ، گیانی دەرچوو. هاتوەتە دەرەوە و ڕۆییوە ، یا فڕیوە... هتد. یانی زینووە ، نەمردووە.
٤٤٠– نووسەر: ڕۆحی سەدام و ئەتاتورک و هێتلەر و ستالین و سۆمۆزاو ... هەزار جاری تر بێنەوە؟! یا هاتبنەوە ؟ خەڵکی ئەم سەرزەویە ؟ وا دەما ؟ یا وا دەمێنێت؟.
٤٤١– پیر محەممەد: ئەم ناوە چەند دانە هەن ، پیر محەممەدی شارەزووریە ؟ گەڕەکی خوارووی هەڵەبجە ناوی وایە ، مەرقەدیشی هەیە ، ئەم شارەش لە ناو تەختایی بەشی خوارووی دەشتی شارەزووردایە.
* –لقی ت ، ج ، لە پیرشالیارانیشن. ل ٤٥٢.
٤٤٢ - د. حشمت اللە طبیبی ، دین و مذهب ، ل ٥٠. (لای یەزیدیەکان ئەو ٥ چینەی سەرەوە ، نۆن: ئەمیر، پسمیر، پێش ئیمام ، بابەشێخ ، شێخ ، پیر ، فەقیر، قەول ، بچوک ، مورید).

*کۆبوونەوەی هەفتانە لە جەمخانە ، پەرستگە ، بۆ خواپەرستی.
*بەڕۆژوبوونی سێ لە ڕۆژوی ، ڕۆژی غار ، لەسەریەک ، بێ شکاندن. لە ١٢ – ١/١٤/ ی ساڵی زاینی دا وە ١٥ ی مانگ کردن بە جەژن. *دامەزراندنی خانەدانانی یارسان ، دابەشکردنەوەی کۆمەڵ بەچەند بەشەوە ، کە ٧ و چەندجارەی حەوتە. *بەکارهێنانی تەنبور و تەپڵ لە بەرنامە دینیەکان دا.

**ب / ٧ /٢- کاکەیی** :
لە ل ١٠٥ دا باسی شوێنی جوگرافیان و سەجەرەیەکیان کراوە ، وە لە گۆرانەکان بوون. کاکەییەکانی خانەقین و مەندەلی لەناو خانەوادەکانیان دا ، زمانی نەتەوەییان هەورامیە.
دەکەوێتە پێش چاو ، هەیە کاکەییەکانی بردووەتەوە سەر ئیمام موسای کازم. لە ئێران دا بە شیعە ، وە لە ئێراق دا بە سونە ناسێنراون. هەروەها دەروێشی و سۆفیەتیشیان داونەتە پاڵ.
ئەگەر ئەوانە لەو دوو وڵاتەدا وابن؟ دەبوایە هەموو هەڵسوکەوتێکی دینیان ، وەک ئەوانە بوونایە ، لەسەر دینی ئیسلامن. بە بەراوردکردنیشیان زیاتر لە یارسانیەکان دەچن. وە مەرقەدی سوڵتانی ساق لە دێی شێخان ، ی نزیک هاوار ، پیرۆزە لایان و سەردانی دەکەن.
*ئەگەر ، بمانەوێت بزانین ، ئەو ڕایانەی دەریان بڕیون کامیان ڕاستن؟ دەبێت لە برا کاکەی و ئەهلی هەقی و عەلی ئیلاهی و ئەوانەی تری کوردستان، بپرسین ؟ بۆچی ؟ یا من بێئاگام ؟ لەوەتی هەن ، کتێبێکی دینی خۆیان ، بڵاونەکردەوەتەوە؟ تا هەموو لایەنێکی دینی ، بۆ هەموو بزانرێت . تا بە شک و تەخمینەوە باسیان نەکرێت. بەسەیری کاکەییەکانی دێی هاوار ٤٤٣ بە بۆچوونم خاوەن دینێکی تایبەتی بە خۆیانن.

*( کاکەیی لە دوو لق پێکهاتون: ١- گۆران. ٢- شمشێر ئاوردە: ش. هێنەر. گوایە بە هێزی شمشێر خەڵکیان کردووە بە کاکەیی.) ٤٤٤ بە بۆچونی من ، بەسەیری ڕەوشتی هێمنی ئەمانە ، ئەو باسکردنی لقی ٢/ ی ئەدمۆنسە ، لە گەڵ ڕەوشتی ئەمانە دا ڕێک ناکەوێت. بە هاتنی شەپۆلی خەڵکی بۆ شارەزوور ، وەک ڕەوەند ، یا لەشکری ئیسلام ، ئەمانە شمشێر بەدەست بوون. بە تێکەلی ئەمانە لەگەڵ کاکەییەکان ، هەندیک لە ئیسلامەکان بوون بە کاکەیی. ئەمانە کاکەییە نوێ ، یەکان بوون ، کۆنەکان گۆرانەکانیانن. بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەسڵەکان دا بناسرێنەوە ، نوێکانیان ناو ناوە شمشێر ئاوردە. ئەوانەی لەگەڵ شمشێر هێنەرەکان هاتوون.
*(دینی کاکەییەکان ، وێنەیەکی گیراوەی ، دینێکە کە لە پێش دا لە لایەن شاخۆشێنەوە لە

٤٤٣ – هاوار: دێیەکی گەورەی دڵگیرە ، ١٢ کم لە خواروی شاری هەلەبجەدایە ، دەربەند ئەشکەهۆڵ و شاخی شنروێ کە ٢٠٤٢ م. بەرزە ، سەروی گرتووە. لە سەر سنوری خواروی ڕۆژئاوای هەورامان ی دیوی ئێراق دایە. خەڵکەکەی هەمووی کاکەیین. وەک دێیەکانی تر رژێمی سەدام لە ١٩٧٨ز.دا وێرانی کرد، تا ئەمساڵیش ٢٠١٨ ز. ئاوەدان نەکراوەتەوە ، خەڵکەکەی زۆری لە هەڵەبجەی شەهید دەژین.
٤٤٤ – ئەدمۆنز، س. ع. ژ. ٦ ل ١٧٦ .

ناوچەی لوڕستان دا بڵاوبوەتەوە. هەر ئەم گواستویەتیەوە بۆ هەورامان). ٤٤٥

*کاکەییەکان زیاتر لە پێنج هەزار خێزانن ، لە ئێراق دا. ئەم بنەماڵانەیان هەیە: مام خەلیفە ، یادگاری ، شاهەیاسی. * لە کاکەییەکانی گوندی هاوارم بیستووە ، پەیام هێنەری ئەوان داودە. وە پەڕاوەکەشیان زەبور بووە. بڵێیت لەو کتیبە چەند پەڕەیەکیان پاراستبێت؟ ئەگەر هەموو ئەم رایەیان هەبێت ؟ ئەوە کۆنی ئەمان لە هەر سێ دینە دیارەکە کۆنترە. . ئەو ڕای ئەدمۆنزە لە هاتنی ئیسلام ٦١٠ز. کۆنتر نییە. بەرواری سەردەمی شاخۆشێنیش ١٠٧٥ز. یە.

* بە سەیری هەموو لقە دینیەکانی ، زەردەشتی لە کوردستان دا ، پێنج زیاترن ، ئەگەر هەرچار ، ناوی هەموو ببەین زەحمەت نییە ؟ بۆ هەموو ئەوانەی بە هەورامی دەدوێن، دەڵێن گۆران. کارێکی باشە ، ئایا بۆ لایەنی دینیی ، ئەمانیش ، بڵێین یارسانی ، باش نییە؟.

**ب / ٧ /٣- شـــیـعــەیی** :

ئەمانە ئەو کوردانەن ، لەسەر ڕێڕەوی شیعەن . ئایەتوڵای مەردۆخ لە دەمی ئەوانەوە وای دەگێڕێتەوە: ( خوا ئیمامی عەلی بۆ پەیام بەریی دروستکردووە. محەممەد پلەی پێغەمبەریەکەی لێ داگیرکردووە. خەلیفەکانی دوای ئەویش ، خەلافەتیان بەو نەداووە. عائیشە و مەعاویە و خەواریجیش نەیانهێشتوە لە دنیادا ئاوێکی ڕەحەتی بنۆشێت ،

لە کۆتایی دا بە داخ و دڵ ڕاشکاویەوە ، دنیا بەجێدێڵێت. ناچار خواش بۆ دڵدانەوەی ، ئەو ، *پلەی خوایی خۆی ، بەو داوەو* ، خۆی لەو سەرقاڵی فەرمانڕەواییە ڕزگارکردووە. وە لە سوچێکی عەرش دا کەناری گرتووە...). ٤٤٦

ئیمامی عەلی خوالێی ڕازی بێت لەناو کوردان دا ، بە شێری خوا ناودەبرێت ، خەوتنی لە

---

٤٤٥- ئەدمۆنز ، ل ١٧٥. ، ئەم ڕایە ئەوە بەهێزدەکات ، سەرچاوەکەیان لەگەڵ یارسانی دا، خزمن. بەڵام ئایا قایل بین پیی ، کە کاکەیی لە سەردەمی شاخۆشێنەوە هەن؟!. ١٠١٦ز. – ١٠٧٥ز. مردووە.

٤٤٦- مەردۆخ ، س . ف . ژ.١ ل٣٦.

* – نووسەر: ئەو چەند دێڕەی لە پێشەوە لەلایەن مامۆستا مەردۆخەوە نووسرابوو ، کە گوایە شیعە ئاوان. ئەگەر بڵێین ڕاستە ؟ کوفرە. ( ان الله لا یغفر عن یشرک بە...) النساء/٤٨. هەرکەس ئیماندار بێت بە قورئان؟ دەبێت هەر الله بەخوا بزانێت ، نابێت هیچ بەشەرێک ، ئەوەن پیرۆز و بەرزبکرێتەوە بۆ ڕادەی فریشتەش نەک خوا. هەموو پێغەمبەران بەشەربوون ، بە چوار خەلیفەکە و سەییدان و موغانی زەردەشتی و پیرشالیارانی هەورامان و یارانی یارسان و مەلا و شێخەکانەوە. خۆم لە دەمی برایانی شیعەی سوریە ، لە کاتی حەج دا ئەمەم لێ بیستون: " ستەم لە ئیمامی عەلی کراوە، دەبوایە دوای مردنی پێغەمبەرد.خ.، ئەو خەلیفەی یەکەم بوایە. " ئەمەیان پەسەندە ، ئەگەر تەمەنی ڕێ بدات؟

بەڕێزان ! ئەوێک شێری سەردەم بووبێت و ئامۆزا و زاوای پەیام هێن و حوکمکەرە؟ کێ وێراویە؟ پێی بڵێت نابێت خەلیفەی یەکەم بیت؟ یەکەم بێت یا چوارەم ، چ جیاوازیەکی تیایە؟ خۆ هەر بووە بە خەلیفە. کەی هۆیەکی وایە ، تا پەیڕەوانی دینیی ئیسلامی پێ لەتکرێت؟.

شەوی پیلانی کوشتنەکەی ، پەیام هێن ، د.خ ، لە جێگەکەی دا، پاڵەوانیی بە کردەوە سەلماندووە!.
خاوەنی کتێبی بەناوبانگی نەهج و لبەلاغەیە. ٤٤٧ یەکێک پەیام هێنیش د.خ. پێی وتبێت: ئەگەر من کانی زانیاری بم؟ عەلی دەرگاکەیەتی!، ئەمەش سەلماندنی لایەنی زیرەکییەتی.
لەسەردەمی کفریش دا کڕنوشی بۆ بتەکانی عەرەب نەبردبێت ، ئەمەیە ئیمان! ئامۆزا و زاوای بووبێت ؟ و خەلیفەی چوارەمی دوای پێغەمبەریش ؟ چی باش ماوە نەیبووبێت؟ ئەمانە لە کێی تردا کۆبۆتەوە؟!.
بڕواناکەم ئەو چوار خەلیفەیە ، کە لە بەردەس پەیام هێنەردا ، پەروەردە بوون. وا خراپ بووبن لەگەڵ یەکتری ، کە لەم دوو پەڕەیەدا، لە سەر شیعە خوێندمانەوە.

*کۆتایی : / ب/ ٧ / ١ – ڕێڕەوە دینییەکان ل ٤٥٢ - ٤٥٦*

.................................................

**ب / ٧ / ٤ - پێنج پێشەوای یارسان** :
ئـ / بالۆڵی دامەزرێنەر.( ٨٠٠ یا ٨١٦ ز.ــ ٨٣٤ ز. ٤٤٨

---

٤٤٧– چەند دێڕێک هۆنراوەی ئیمامی عەلیم ، بیر کەوتەوە ، زۆر جوانن ، با بۆتانی بنووسم:
النفس ، تبکی علی دنیا ، وقد علمت
ان السلامة فیها ، ترک ما فیها
لا دار للمرء ، بعد الموت یسکنها
الا التی کان ، قبل الموت یبنیها
فان بناها بخیر ؟ طاب مسکنه
وان بناها بشر ، خاب بانیها
اموالنا ، لذوی المیراث ، نجمعها
ودورنا ، لخراب الدهر ، نبنیها
این الملوک التی ، کان مسلطنة
حتی سقاها ، بکأس الموت ساقیها

*لە کۆتاییدا بۆ لایەنی باشەی شیعە دەڵێم*: پێشەوایانی ئیسلامی سونەی ئەم سەردەمە دەبێت، شۆڕشگێڕ بن وەک هی شیعە ، سەدام زیاد لە دە پێشەوایانیان ، تەنها لە نەجەف و کەربەلادا، شەهیدکردووە! وەک خاوەنی کتێبی: فلسفتنا ، اقتصادنا .. تا شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ز. ئیمام خومەینی لە ئێران ڕوی نەدا ؟ پێشەوایانی دینی سونە ، نەیاندەزانی ، کە دەبێت ئەوانیش قوربانی گیانی بدەن ، تا ببینە پێشەوای کۆمەڵ . تا شا و سەرۆکی دیکتاتۆری ، بڕوخێت.
٤٤٨ – چەند بەرواری لەیەک نەچوو هەیە ، بۆ سەردەمیی: * د . بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل٥ لەسەرچاوەی ترەوە دەگێڕێتەوە: سەدەی/٢ ی کۆچی.= ٨١٦ز. لە ل ٦دا: نیوەی سەدەی/٢ ی کۆچییە. = ٨٦٤,٥ ز.لە ل٧ دا: هاودەمی هارونە ڕەشیدە ، خەلیفەی دووەمی عەباسی ، یانی دوای ٧٥٠ز. لەناو ئەوانەداو کوێرەخەتی منیش ئەوەی پێ باشە لای دا نووسراوە. مردنەکەی بە باش دەزانم، هاتنەدنیای لە هەڵە دەچێت. *بالۆڵ: ناوەکان هی تریش هەن ، ١- بالۆڵی خارجی ، لەسەردەمی

باڵوڵ ناوی عومەر کوڕی لەهەب ، کوڕی ناموره. (بالوڵ ، پێشەوا ، ماهی ، دێوانە ، دانا) نازناوینی. لە ناوچەی کرماشانا هاتوەتە دنیا ، بەوەی مەرقەدیشی لە کانی سپی ، ئیسلام ئاوای ڕۆژئاوا ، کەیایەتی؟ وە قوتابیەکانی خەڵکی لوڕستان بوون ؟ ئەمیش دراوسێی خواروی کرماشانە؟ جێگای هاتنەدیای و مردنی ڕاستە. دایکی ناوی جەلالەخانمی لوڕستانییە. باڵوڵ٤ پێشەوای دینی پێگەیاندووە، بە فریشتە ناوی بردون:

## دووەم هۆنـراوە ، گۆنی هەورامی : ل ٢٨٤.

ئەز بەهلولەنان ، جە ڕوی زەمینی
چوار فریشتانم ، چاکر کرێنێ
(نجومم ، ساڵح ؛ ڕەجەب) ـم بینی
چەنی (لەره) ، بیم ؛ جەماو ، هەفتینی

واتا: من بەهلولم ، لەسەر زەوی چوار فریشتەم پێگەیاندوون ، لەره: مەبەست لێی لەڕەی لوڕستانییە. لە جەمخانە = پەرستگە ، نوێژی هەفتانە ، جەم= جەماعەت ، مان کردووە. لەوەدەچێت باڵوڵ لەسەرەتادا خۆی بە دێوانە ، ناساندبێت. ئەو وشەش بێجگەلە دێوانەی شێخ ، شێتیش دەگەیەنێت. ئەمەشی بۆیە کردووە ، تا لە بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی دا ، دژی نەوەستن. وەک مانی زوو سەری نەخۆن. بەو دیوەکەی دا لەوانەیە نەیارانی ، بۆ سووککردن و دەنگ نەدانەوەی ، پێوەیان نابێت. ئەوەتا دەروێش نەورۆزی سۆرانی ٤٤٩ لەسەری هەڵیداوەتێ و وتویە :

| | |
|---|---|
| باروڵ زاتێوەن ، زاتێو یەک دانە | عامیان ماچان ، باروڵ دێوانە |
| کێ دی؟ دێوانە ، وەی تەور دانابۆ؟ | مەرگونە مەیدان ؟ گەردون ڕانابۆ |

واتە: باروڵ کەسێکی تەنیای بی هاوتایە ، نەخوێنەوار ، نەزانان پێیدەڵێن ، شێت. کێ دیویە شێت ئەوەندە دانا بێت ؟ کام مەیانی گەردوون هەیە ؟ ئەم زانیاری خۆی تیا دانەنابێت؟
نموونە بۆ هۆنراوەی عەرەبی باڵوڵ:

---

هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی ئەمەویدا ژیاوە. نزیکە لە ٧٣٧ز. یەوە. بە ڕەچەڵەک لە باجەلانییەکانی لای شاری موسڵە ، ئیبن بەتوتەی گەڕۆکی عەرەبیش ، باسی بالولی شولی لە لورستاندا کردووە.

نووسەر: باڵوڵی سەردەمی عوسمانیش هەیە. ئەو ٣ باڵوڵە پێشوە ، لە ناوچەی کوردە گۆرانەکاندا، دەخولێنەوە. سەردەمیشیان ٨٠٠ ز.ــ ٨٣٧ ز. بۆ تەمەنی مرۆڤێک ، زۆرنییە ، لەو بۆچوونەوە دەڵێم، یەکێک نین؟ یا دووانن ، نابن بە سیان. *

٤٤٩ – د. بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل ٨ . لەم هۆنراوەدا پیتی لام ( ڵ )، بە ڕێ ڕ ، کراوە ، هەر هەمان کەسە. باڵ لە ، بار ، بۆ بوژانەوەی باڵێکی نوێی ، دینی زەردەشتی باشتر ڕێك دەکەوێت.

| | |
|---|---|
| يا من تمتع ، باالدنيا وزينتها ؟ | ولا تنام عن ، اللذات عيناه |
| شغلت نفسک ، فيما ليس تدركه | تقول لله ماذا ؟ حين تلقاه |

واتە: ئەی ئەو کەسەی هەر بیرت ، هەرلای خۆشی و جوانی دنیایە و چاوت لە تەماشاکردنی ناخەوێنیت ؟ نەفست بە هەوانتە بە شتێکەوە خەریک کردووە ، نایناسیت و پەی پێنابەیت. بۆ کاتێک کە بە خوا دەگەیت ؟ وەڵامت چییە؟ چی پێ دەڵێیت؟.

**ب / بابا سەرهەنگی دەوانی ٩٣٦ز. ـ ١٠٠٨ ز.** ٤٥٠

کوڕی ئیبراهیمی دەوانییە ، مەرقەدی لە شاری تەوێڵەیە ، ئەو یاوەرانەی پێی گەیاندوون ئەمانەن:

(بابا ڕتاف. بابا قەڵەم . بابا خونکار . بابا نەوا. بابا ڕەنج ). بابا سەرهەنگ لە حەوتەوانەیە ، لە هۆنراوەکانی:

| | |
|---|---|
| هەفتەن سەرخێڵەن ، هەفتەن سەرخێلەن | جە ئاسمان دا، هەفتەن سەرخێلەن |
| هەر یەک وە ڕەنگێ ، نە گەشت و گێڵەن | هەر یەک پەی کارێ ، ئاوارە و وێڵەن |

واتە: سەرۆکی سەرخێڵەکان حەوتن ، وە لە ئاسمان دا فریشتەن. هەر یەک بە جۆرێک خەریکی گەشت و گێڵە. هەر یەکەیش وێڵە بە دووای کارێك دا . لە بەندێکی تردا:

| | |
|---|---|
| سەرهەنگ دەوان ، سەرهەنگ دەوان | ئەز کە نامەن ، سەرهەنگ دەوان |
| چەنی *ئیمامان* ، مگێڵمێ هەردان | مەکۆشم پەرێ ، ئاینی کوردان ٤٥١ |

واتە: من کە ناوم سەرهەنگە و خەڵکی دێی دەوانم ، ل٣٢٤. لەگەڵ ئیمامان دا، بە هەردان دا دەگەڕێم ، گەڕانەکەش بۆ خاتری ئاینی کوردانە.

**پ/ شا خۆشێنی لوڕستانی** ، موبارەک شا. ١٠١٦ ز.ـ ١٠٧٥ ز.

وەک بە نازناوەکەیدا دیارە ، لە ناوچەی لوڕستاندا هاتوەتە دنیاوە. لە هەمەدان خوێندنی تەواوکردووە. لە ٣٢ساڵیدا چووەتە شاخی یافتە کێوی شاری خوڕەم ئاوا( کە لە نێوان دیزفول و کرماشان دایە. ناوەندی پارێزگایە.) لەوێدا کەناری گرتووە و گۆڕینێک هاتوە بەسەری دا ، ڕووی کردووەتە خواپەرستی. ناوبانگ دەردەکاو چەند یاوەرانی پەروەردە کردووە ، لەوانە:

( بابا تایەری هەمەدانی شاعیر ، بابا فەقێی لورستانی ، بابا بوزرگی لوڕستانی ، بابا

---

٤٥٠ – دەوان: بە فارسی دەودان ، ناوی دێیەکە لە ستانی کرماشان ، بەرانبەر دێی شێخانی هەورامانە ، بەڵام دوو شاخی بەرزی سەرسورەوان و ماکوان ، لە نێوانیاندایە. جێگاکەی: نەخشەی ل ٢٠٦ ب/٢ . ٣ –ل ٢١٦ .

٤٥١– لە سەرچاوەی د. بۆرەکەیی دا ، س. ف. ژ٣ ل ٨٧ دا، لە جێی وشەی ئیمامان ، ئیرمامان نووسراوە. مانایەکی گونجاو ناگەیەنێت ، لەگەڵ یەکێکدا کە لەگەڵی بیت بە هەردان دا .

حەسەنی لوڕستانی ، پیرشالیار ، ( ێکی ) هەورامی ٤٥٢ ، کاکاردا ، خواداد کرندی ، هندولە ، خوبیار، حەیدەر ، پیرخدر ، لزاغ حەیران .) = ١٢ کەس. ٤٥٣

لە نمونە بۆ هۆنراوەکانی: ٤٥٤

یارسان وە ڕا، یارسان وە ڕا ڕا و هەق و ڕاسین، بەرئامان وە ڕا
پاکی و ڕاسی، نیستی و ڕەدا قەدەم وە قەدەم، تا وە مەنزڵگا

واتە: یارسانییەکان بەرەو ڕێگەکە بڕۆن، ئەو ڕێیەی کە ڕێی هەق و ڕاستین. یانی: پاکی و ڕاستی و چاکە و یارمەتی. کە هەنگاو بەهەنگاو بەجێی دێنن. تا ڕۆژی دوایی.

**ت/ سەید ئیبراهیمی کوڕی بابا ناوسی سەرگەتی** ١٠٨٤ ز - ١١٤٨ز. ٤٥٥

باوکی ئەم کەسە کوڕی ئەحمەد جافە ، تەنبور زان بووە. لەو یاوەرانەی پێی گەیاندوون: ( حەمزە ساڵح ، ئەحمەد ، نیعمەت ، قەمەری کوتە ، بابا شەمس ، ئەندز ، عەلی دلبوزا ، خاتو گوڵێ). لە هۆنراوەکانی:

جە زاو و سەری ، جە کۆ و دەشتی جە دلی باخی ، وێنە و بەهەشتی
جەم بیم مەگێڵیام ، پەی بەخت نشتی تا بیم وە هامدەم ، زێوا سروشتی

واتە: زاو: پێم وایە ڕوباری زەڵمە ، نزیکی ئێرەیە. وە سەروی کەوتوە. ناوە زەڵمییەکان، ل١٩٧ . بۆیە دەڵێت: لە زەڵمی سەرەوە ، بۆ شاخ ، کە شاخی هەورامانە و لای ڕۆژهەڵاتی دێکەی گرتووە. بۆ دەشت ، کە دەشتی شارەزوورە و لە ڕۆژئاوای دێدا ڕاکشاوە ، ئێرە باخیشی هەیە ، شوینێکیش نزیکی ئەوانە بێت ، وێنەیەکی بەهەشتی سەرزەمینە. لیرەوە وێڵ بووم گەڕام بە شوێن بەختی خۆمدا تا لەگەڵی دانیشم ، ئەو وشەی نشتی ، یە پێم وایە ، نشستی، بێت؟ تا بووم بە هاودەم ئەم سروشتە (جوانە ، زینە). بۆیشی هەیە ، زێوا خان خێزانی بووبێت ، ئەگەر ناوی وا بووبێت ؟ یا خاتونێکی تری دینیە ، دەلیل و پیریەتی.

---

٤٥٢ – نووسەر: ئەم کەسە ناوی دیار نییە ، هەرچەند چواندویانە بە یەکێ لە سێ پیرشالیارە پێشەواکە ، بەڵام تەمەن ڕێ نادات. سەیری ل ٣٩٤ ،٣٩٣ بۆ هەڵبژاردنی سەردەمی یەکێکیان کە بە سەردەمی ئەم بخوات ؟ ئەو پیرشالیارە: ناوی بابا قەیسەری هەورامیە ١٠١٠ز.ـ ١٠٦٧ز. ل ٤٥٠.

٤٥٣– ئەم یاوەرانە لە سەرچاوەی ، ئەدمۆنزدا س. ع. ژ.٦ ل ١٧٥دا ، حەوت کەسن. وە ئەمانەن: (کاکە رەزا ، خوادە: لە خواداد دەچێت و خەتای چاپە ، سید فەلەکەدین ، بافقی ، فاتمە لەرە ، بابە بوزرگ ، میرزا هامان.) ئەم حەوتەش کە پێنجیان لەسەرەوە کەمترە ، تەنها دوانیان لەوانەی سەرەوە دەچن ! بەو پێیەی ئەوانەی سەرەوە ، د. بۆرەکەیی کورد نوسیویە ، وە دەستنووسی ناوچەیان لە دەستابووە ، زیاتر پەسەندن ، بە ئومێدی نووسەرانی تر ، هەر ڕێک دەکرێن.

٤٥٤– ئەم دوو دێڕە ، لای یارسانییەکان زۆر گرنگە ، بۆ سەرنج: بەرنامەکەی زەردەشت ، بیر و گفت و کردەوەی چاکی تیایە .

٤٥٥ – سەرگەت: دێیەکی هەورامانی کوردستانی ئێراقە ، ڕۆژهەڵاتی خورماڵە.

سەرگەت مەنزڵگە و گرۆ و سەیاذان هەیات ، دالانی ، خوڕخوڕە ناسان

ل ٢٣٨ دێڕی/٣ . بۆ جێگەکەی : ل ٢٠٧ ئـ/٣ . * لە ل ٣٩٩ دا، لە ڕیزی پیرشالیارانیش دایە.

## ج / سـولـتـانی سـاق. ١٢٨٧ز. ـ ١٣٨٧ز. [٤٥٦]

*سەجەرۆکەیەکی سوڵتانی ساق*

بابا یوسفی هەمەدانی

↓

بابا عەلی هەمەدانی ١٠٠٠ز.ـ١٠٥٩ز.

↓

شێخ عیسا [٤٥٧] — شێخ موسا

وەک بە بەرواری سەرباسەکەیدا دیارە ، سوڵتان ١٠٠ ساڵ ژیاوە. هەر لە شێخان مردووە و مەرقەدیشی لەوێیە. ناوبراو لای مەلا ئەلیاسی شارەزووری خوێندوویەتی. بۆ خوێندن چووە بۆ پەیمانگای نیزامیەی بەغدا، سەردانێکی شاری دیمەشقی کردووە، لەوێشەوە چووە بۆ حەج.

---

٤٥٦ – سوڵتانی ساق : ناوی دووای کۆچەکەیەتی. کاکەییەکانی دێی هاوار وای ناو دەبەن ، کە لە سەرەوە نووسراوە. خۆی : سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجەییە ، بەرزنجە ناوەندی ناحیەی سرۆچکە ، لە خواروی شاری سلێمانی دایە و لە پاڵ شاخی کوڕەکاژاودایە. ٢٢٢٥ م بەرزە. هەرچەند سەدامی کورد کوژ لە ١٩٨٧ز. دا وەکو دێکانی تری کوردستان وێرانیکرد ، بەڵام دوای ڕاپەڕینی٣/ ١٩٩١ز. ئاوەدانی تێکەوتەوە. شارەدێیەکی دینیی دیارە ، گەلێ کەسی ڕۆشنبیری تیا هەڵکەوتوە. سوڵتان لەوێوە کۆچی کردووە ، بۆ دێی شێخانی ، هەورامانی لهۆن ، سەروی ڕۆژئاوای نەوسودە. واتە لە دیوی ئێراندایە. ( بۆ شێخان: ل ٢٠٦/ پ/٤، ٢٣٤). فارسەکان پێیان وتوە سان سەهاک ، منیش لەمەولا هەر بە ، ساق ، ناوی دەبەم ، لە ڕاستیشدا ناوێکی کوردی جوانە ، ساق: تەواو، نەشکاو ، بێ درز و لەکە... پیرۆزی ئەم کەسە هەر لای کاکەیی و یارسانییەکان ، نییە ، لای خەڵکی ناوچەکەش پیرۆزە. مەرقەدەکەی بە تایبەتی لە ئەمڕۆدا، هەر هەفتەیەک دەیان کەس زیارەتی دەکەن...

*هەرچەند بۆ مێژوو سەردەمی کۆن نییە ، بەڵام لەبەربوونی چەند بەروار ، تۆیش سەرنج بدە کامیان باشە؟ ئەدمۆنز: *دوای* ١٢٧٣ز. یە. ( س.ع. ژ.٦ ل ١٧٠ . د. بۆرەکەیی: دوو بەروار ی هەیە ، هاتنەدنیای ٦٥٠، کۆچی + ٦١٢ ک. بۆ مردنی ، ٩١٢ ک. + ٦٢٨ ک. ( س. ف. ژ.٣ ل ٩٩،٢٦،٢٥) .
مەعروف خەزنەدار: ١٣١٧/١٣١٦ز. ( س. ک. ژ.١٦ ل١١٧). د. محەممەد موکری : ١٣٩٨ز. منیش دەڵێم:
نووسەر: دەزانین باوکی لە ساڵی ١٢٨٧ز. دا لە هەمەدانەوە هاتوە بۆ بەرزنجە ، سوڵتان ئەگەر لە بەرزنجە ، هاتبێتە دنیا ؟ نابێت لە ساڵی ، هاتنی باوکەکەی کۆنتر بێت. یانی هەرچی هی پێش ١٢٨٧ز. یە؟ هاتنەدنیاکەی نابێت . ئەگەر لە هەمەدان هاتبێتە دنیا؟ دەبێت کۆنتر بێت ، ئەو هەشتەم مناڵە ، لە چواردە ، وای بۆ دەچم (؟) باوکی لە پاش ساڵی گەشتنی بە بەرزنجە ژنی دووهەمی لەوێ هێناوە. هاتنە دنیای سوڵتان لە ساڵی هاتن کۆنتر نییە. بۆیە منیش ئەوەم بۆ داناوە لە سەر سەجەرەکەیە. ئەگەر لە هەمەدان هاتبێتە دنیا؟ تەمەنی ١ – ٣ ساڵێک کەمتر دەبێت.

٤٥٧ – شێخ عیسای باوکی سوڵتان ، باسکرا لە ١٢٨٧ز. کۆچیان هاتوەتە بەرزنجە ، شێخ موسای برای لە ئاغجەلەری ، نزیک کەرکوک کوژراوە ، خۆ شێخە بۆ کوژراوە ؟! لەوانەیە لەبەر یارسانی بوونی بووبێت؟. *ئەدمۆنز، س.ع. .٦ ل ١٧٠: سوڵتان کوڕی ژنی یەکەمیەتی . د. بۆرەکەیی ، ل ٢٨: هی ژنی دووەمە. منیش بەمەی دەزانم.

مناڵەکانی شێخ عیسا باوکی سوڵتانی ساق لە ژنی یەکەمی:
(١ – سەید عەبدولکەریم. *    ٢- شێخ عەبدولستار.    ٣- شێخ عەبدولقادر.

مناڵەکانی لە ژنی دووهەمی:
( ٤- سەید محەممەد.    ٥- س. سادق./٤    ٦- س. میر ئەحمەد یا میری سوور./٥
٧- ویسالەدینق.    ٨- سوڵتانی ساق./٦    ٩- کەمالدین./٧    ١٠- جەمالەدین.
١١ – عەباس.    ١٢- بایەزید.    ١٣- حسەین.    ١٤- حەسەن.)

مناڵەکانی سوڵتانی ساق خۆی:
( ١ – س. مستەفا.    ٢- س. عەبدولوەفا.    ٣- س. باوە عیسا عەلەمدار
٤ – س. شەهابەدین.    ٥- س. حەبیب شا.    ٦- س. باوە)

## بۆچی باوکی سولتانی ساق ، هەمەدانی ، بەجێهێشتووە ؟

بنەماڵەکە لە ، هەمەدانی شاری خۆشی ، گەورەی ، جێی کاری ، جێی وەرەسەی ... هتد. بۆ کۆچیکردووە بۆ شارەدێی بەرزنجە ، لە وڵاتێکی تری ، زمان جیای ، دەور سەختی ، دوور لە سەر ڕێی کاروانسەرا ؟ لەبەر خۆشی نەبووە. ڕەویان پێ کردوون. ئەم جۆرە کۆچانە ، لە هی کورد دەچێت و پێیان کراوە. لەکاتی کارەسات دا ، ناسۆر بەتەنیا نایەت !.
کوردینە دیقەت بدەن ، یاوەرەکان یا خوێندکارەکانی ، بابا سەرهەنگ ، وە شاخۆشێن ل٤٠٥ ، کە مامۆستای بابە تایەری ، کوردی ، لوڕی ، یارسانی ، هەمەدانییە.
وە سەید ئیبراهیم سەیرکەنەوە . وشەی بابا ، یان لەگەڵدایە. بابە تایەر: کوردی لووڕیی یارسانیی شاری هەمەدان بووە . { بابا ناوەکان لە هەمەدان زۆر بوون ، وە یارسانی بوون } یانی لەوێ لەو کاتەدا کوردی لووڕ هەبوون. کێشەی دینی ، شیعەی هەمەدان ؟ ئەم سوننە؟ ، یا ، یارسانییە ؟ کوردەی ڕاو ، نەناوە ؟!. ئەگەر شیعە بووایە ؟ ڕاینەدەکرد ؟ وە گەر شیعەش بووایە ؟ بۆچی قەسری شیرین و نەجەف و کەربەلا ، پیرۆزتر و ئاسانتر نەبووە لە کۆچی بۆ ، بەرزنجە؟!.
بۆ گەشتووەتە ، لای کورد و شاخی کوڕەکاژاوی بەرزی بەرزنجەی شاربازێڕ ؟! ئەمە سەرەداوێکە بۆ من دەڵێم: بنەماڵەی بابا یوسفی هەمەدانی ، خۆیان کوردی لووڕی یارسانیین ، لە نەوەی هۆنەر بابە تایەری هەمەدانین.. بۆیە ، بۆلای کوردان ڕایانکردووە. باوکە کە دیویە ، بەرزنجە یارسانی ، نین. لە پیریی دا ، هەواڵی خۆیانی لە ناوچەی هەورامان بیستووە. بۆیە ئیسحاقی کوڕی هانداوە ، وەک کۆچەکەی باوکی بکات.

## بۆچی سولتانی ساق ، بەرزنجەی ، بەجێهێشتووە ؟

هۆی کۆچەکەی ( ئەم ، لە لایەن باوکییەوە ، زیاتر ڕێزی لێ گیراوە ، براکانی حەسودیان پێ بردووە.) ٤٥٨ وە ( ناڕێکی براکانی بووە.) ٤٥٩ بۆ ل دووایی.

---

٤٥٨– ئەدمۆنز، س. ع. ژ.٦ ل ١٧١. نووسەر: یانی چیرۆکەکەی یوسف پەیام هێن، لەمیش قەوماوە.

بە بۆچونی من ئەو دوو وەڵامە دڵ دامرکێنەر نین. نە گرنگی پێ نەدان و نە ناڕێکی براو ، نە حەسودی بردنە. ئەوانە وا ناکات لە کەسێکی حەجکەری ، ڕۆشنبیر . سەری پێ هەڵگرێت ، بۆ زیاتر لە ٦٥ کم. دووری ببات. تا لە دێیەکی سنووریی بچوکی زمان جیای وڵاتێکی تردا، کۆڵی پێ بخات. وە بە جۆرێکیش ئۆقرە و ئولفەتی بەوێوە گرتووە ، کە نیشتمان و گۆڕی باوک و خزم و خاک ، ئەمیان نەهێناوەتەوە بۆ بەرزنجە تا تیایا بمرێت!.
بۆیە دەڵێم :
کۆچی ئەمیش لەوەی بابا یوسفی باپیری کردووە. یانی چەکەرەی بیرۆکەیەکی دینی لە بیری دا، هۆکە بووە. ئەوەش لە هەموو بەندەکانیا لە گەڵ ئیسلام یەکی نەگرتووەتەوە.
لە بەرزنجەش کەسی تیا نەدیووە ، یا نەهاتونەتە سەر ڕێی.
بۆیە باوکی پێی وتووە بڕۆ لە شوێنێکی تر ، مەرامەکەت بڵاوبکەرەوە.

کوڕە دیارەکانی شێخ عیسا:
سەید سادق:
منالی ژنی دووهەمی شێخ عیسای باوکی سوڵتانی ساق ل٤٦٢ / ٥:
مەرقەدەکەی ئێستە شارە ، لە دەشتی شارەزوردایە ، ناوەندی قەزای سەیسایەقە ، لە هەڵەبجەی شەهیدەوە لە ٢٦ کم. ی دایە. نەخشەی ل ١٨٧ پ/١ . ل٥/٤٠٧ –
میری سوور:
ئەمڕۆ دێیەکە لە نزیک شاری خورماڵ دا ، یە لە ناوچەی هەورامان ، نەخشەی ل ١٨٧ ب/١.
وەک دیارە ، برای سوڵتانی ساقە. لای ئەدمۆنز ل١٧١: کوڕی سوڵتانە. (؟) منیش بە برام حسابکردووە. د. بۆرەکەییش وای نووسیوە. س. ف. ل٢٨ .
سوڵتانی ساق:
ئەمەیان هەڵکەوتوترین کوڕی بووە. بووژێنەرەوەی بیری یارسانی باوانی بووە.
ویسالەدین و کەمالەدینی برای :
، لە دێی یاوا مردوون ، نازانم لە کوێیە ؟ وشەکە هەورامییە ، ماناکەی: پێگەشتوو یا گەیشتو ، وە، دەدات. یانی ئەمانیش کۆچیان کردووە؟.

بۆچی سوڵتان دێی شێخانی هەڵبژاردووە ؟
١- هەورامان وەک لە باسی مێژوودا ، باسکرابوو ، پەناگابووە. زەویەکی بە پیت بووە ، بۆ بیروڕاکانی. سەلماندنم بۆ ئەمە ، کە دینی ئیسلام لەلایەن ئەعرابەوە هێنرا بۆ هەورامان؟ ل٣٩٠ بەرەنگاریان کردووە ، شەڕقەوماوە. کەچی ئەم پوورەیان لێداوە!. تا مردن هەروا ماوەتەوە ، بەدەیان هۆنەر ، لەم قوتابخانەوە کەوتنە دارەدارە. لە دواییدا بوونە

٤٥٩ – د. بۆرەکەیی ، س.ف. ژ٤ ل٢٩.
نووسەر: وا دەزانم هەر سوڵتان وا نییە . لە بیری هەموو مرۆڤێک دا ، بیرۆکە و تیۆری سەیر و ڕێک و ئاڵۆسکاوی هەیە. لە وەختێک دا زانی ستەمی ، لەو بووارەدا ، لێ دەکرێت؟ غیرەت دار بێت؟ خۆی ناگرێت و دەتەقێتەوە و ڕایدەگەیەنێت ، با ، بۆی ، ناخۆشی و سەرئێشەشی پێوە بێت.
سوڵتان لەوانە بووە.

ڕۆشنبیری سەردەم. کورد بوونی ئەم و بیرۆکە زەردەشتاوییەکەی ، ئەمی زەڕەشیرین کردووە لە هەورامان دا.
٢ – لایەنی جوگرافی: هەرچەند هەورامان کە ناوچەیەکی ، شاخاوی و سەرما دارە ، ئەم دەوری دێی شێخانە ، زستانە هەوارە. لەسەر سیروانە بێ ئاویان نابێت ، تێ ڕژانی چەمی نەوسودیش دەبنە سێ لق ، یانی شێخان یا پردیوەر دوولایان ئاوە ، سنوری سروشتی چاکن بۆ ڕۆژی ڕەش و شەڕ ، ٣ - ٥ کم لە سنوری ئێراقەوە دوورە ،بۆ کەڕ و فەڕیش چاکە.

لە کارەکانی سوڵتانی ساق:
*بە گەشتنی سوڵتان بە دێی شێخان ، جەمخانەیەکی تێدا دروستکردووە. لە کۆبوونەوەی هەفتانەدا ، ئامۆژگارییەکانی بڵاوکردووەتەوە ، بووە هۆی بووژانەوەی ڕێڕەوی یارسانی لە ناوچەکەدا. بە سەیری پەروەردەکەرانی دەستی ، گەلێک دەورییان لێ داوە. وە بە سەیری کتێبی سەرئەنجام ، شێخان دەوری زانستگایەکی دینی دیوە و گەلێکی کردووەتە خوێنەوار و شاعیریش... خزمەتێکی گووژماویشی بە زمانی هەورامی کردووە.

*دامەزراندن و ناونانی خانەدانانی یارسان ، کەلە سەرەتادا ، بریتی بوون لە ٧ خانەدان ، لە دواییدا ٤ ی تری خستەسەر، کردیە ١١. هەموو یارسانییەکانی دەوری خۆی کردووە بە ١٥ دەستە یا بەشەوە. یەکی ناوێکی لێناون و کاری تایبەتی خۆی پێ بەخشیون.
*ناونانی ڕۆژەکانی هەفتە، بە ناوی یاوەرەکانییەوە. وەکو: ١شەممە: میری سوور. ٢ شەممە: سەید مستەفا. ٣ شەممە: س. شەهابەدین. ... دەڵێی هەر یەکی چاودێری ڕۆژێک بوون.
*ڕێوڕەسمی سەرسپاردن:
پێویستە ، یەکی، دانەیەک لەم شتانە ئامادە بکرێت: گوێز،کەڵەشێر، مەنێک برنج ،چارەکێک ڕۆنی ئاژەڵ ، پارە و زێڕ ، دەسڕ ، چەقۆ. کەڵەشێر و ڕۆنەکە لە جەمخانە لێ دەنرێت. پیر و دەلیل ئامادە دەبن. جا سەرسپاردنەکە دەستپێدەکات. لە پاشدا لە نێوان سەرسپێرەر: موریدەکە و پیر و دەلیل دا ، ژن خواستن نامێنێت. مورید وەک کوڕی خۆیان سەیردەکەن. ئەم کارە دوعایەکیشی هەیە ، دەڵێن سولتان بەدی هێناوە ، وە ناوی دوعای گوێز شکاندنە. پاش بەجێهێنانی ڕێوڕەسمەکە ئەمیش دەخوێنرێتەوە. [٤٦٠]
دوعاکە بریتیە لەم پارچە هۆنراوەیە:

مشت پیر و پاشا ، دەس جەم و شەرت جەم
مێردانم ئاین ، کەران یەک قەڵەم
بێ کفر و کینە ، بنیشان وە هەم
بووانان لالە ، نە سایەی عەلەم
ئەی شەرت و شونمان ، ئینە بەست مەحکەم
پەی شەرت و بیای ، ئەسراری ئەقدەم

---
٤٦٠ - د. بۆرەکەیی ، س. ف. ژ. ٣ ل٣٥.

یارانم وه شەرت ، ڕای جۆز بنیران
نەجەم وی ئەرکان ، <u>ئامین بکەران</u>
وه سیدق پەی شەرت ، سەرشان بسپاران
دڵ گەرم و زێڵ پاک ، جەی ڕا بویران
<u>بوویران نەبرا ، گرد وتەرکەی تەویل</u>
شەرت ڕاگەی جۆز ، بکەردێ قەویل
قایم بگێردێ ، دامان دەلیل
مەشکەندێ قەول ، هەفت والآی مەندیل
( داود ، بنیامین ؛ موسا و کەماندار
میهر) پەنج تەنم ، ها پیر ( ڕەمزبار)
یار ( زەردە) بام ، شەرت ( ڕۆجیار)
ها هەفت تەنانم ، هەفت پورم یار
شەرت هەفت پورم ، نەجەم بۆ ئاشکار
سایەی هەفت فرززەند ، جو سەرمو ئیزهار
بنئام موازۆ ، شیفای گوناهکار
ئەزیش موەخشم ، یار شەرت تەیار

## چەند سەرنجێکم لە سەر هۆنراوەکە:

لە ڕواڵەتا ئەم هۆنراوەیە ، بە زمانی هەورامی نووسراوە. بە دیقەتدانی شاعیرەکەی ، یەکێکە تازە فێری ئەم زمانە بووە. چونکی هەندێ وشەی زەقی تیایە ، شێوەکانی تری زمانی کوردییە ، وەکو لووڕی ، وە فارسی و عەرەبیشی تیایە. ئەمەش دیاردەیەکە بۆ ناسینی ئەم سەردەمە. ئەوەش هاتنی سوڵتانی ساقە لە بەرزنجەوە بۆ دێی شێخانی هەورامان ، ئەم هۆنراوەیەش بە هی ئەو ناوبراوە. زیرەکیشی پێوەیە ، کە زوو فێربووە ! لەو وشانە وەکو:

١ – یەک: دەبووایە : یۆ ، یا : یووە ، بووایە. ٢- جۆزی عەرەبی: دەبووایە ، وەزی ، بووایە. ٣- بنیران:

دەبوایە ببیا ، ئەم وشە لەگەڵ بنیران: بلانێ ، سەیرن ، مانا تەماوین . بە مەزەنەو ، واتای دێڕەکە ، وا لێکدراونەتەوە.

٤- دێڕی شەشەم : بوویران نەیرا ، گردو تەرکەی تەویل: بێجگە لەوەی ، بە پێی وەزنی دە بە دەی هۆنراوەی هەورامی ، ئەم تایە لەنگی تیایە ، بڕگەی زیادەی هەیە. وە ماناشی نایەتەوە. ٥- دێڕی چوارەم: نەجەم وی ئەرکان ، ئامین بکەران: وای بۆ دەچم ، دەبوایە ئەم دێڕە کە ئامینی تیایە ، لە دوای هەموویان بهاتایە ، دوعاکان دەخوێندرێن ، لە کۆتاییدا ، جا ئامین دەکەی.

*واتای هۆنراوەکە:*

ئەم بە کۆمەڵ جەمبوونەوەی پیر و پاشا و موریدانە، لە جەمخانەدا، شەرتی جەمی

هێناوەتە دی. دەبا ئەمانە هەموو لە دڵەوە ئامین بکەن ، بە بێ کفر و ڕق هەڵگرتن ، لە یەکتری. دانیشن پێکەوە ، لە سێبەری ئاڵای ڕاستی دا، بلاڵێنەوە و دوعابکەن. ئەم شەرتو پەیڕەوانەمان ، بەستو بڕیارمان لەسەردا.
ئەمانە هەر ئەو شەرتە کۆنانەی دێرینن . ئەمانە پەیڕەوبکەن وەک ئەوانن. دۆستەکانم؟ با بە شەرت ڕێگەی گوێز = سەرسپاردن ببینن. لە دەوری بەجێهێنانی ئەم پەیڕەوە ، ئامین بکەن. بە ڕاستی بە دڵ گەرمی و پاکییەوە ، شەرتی سەرسپاردن ، بە پیر و دەلیل بسپێرن. (دوور لە ڕەزیلی وەک ئامادەکردنی ، پێویستییەکان ، خواردنەکانی سەرسپاردن).
ڕێگای گوێز بکەن بە قەول ، قایمی بگرن. دامەنی دەلیلەکەتان ، وتەو ئەو پەیمانەی داوتانە بە هەفتەوانە ، پیرۆزەکان نەشکێنن. کە ئەمانەن: داود( موساڕەش ، گۆرەسوار). وە بنیامین. سەیدخدری شاهۆ. وە پیرموسا ئەمە ڕوکنودینی دیمەشقی یە. وە کەماندار بە ڕەمزبارەوە(دایکی سوڵتان خۆی). وە بابا یادگاری گوندی زەردە ، لای زەهاوە.

وە شا ئیبراهیمی ڕۆجیار، ئەمانە ٧ تەنن ، کەسن ، وە لەهەفتەوانەن. شەرت و پەیمانیان لە جەمخانە دەردەکەوێت. بنیامین داوای لێبووردن بۆ گوناهکاران دەکات. منیش گوناهی ئەوانەی پەیمانی ڕاستیان بەستوە *دەیانبەخشم.* *

**ب / ٧ / ٥ – یازدە خانەدانەکانی یارسان ، کەلە لای سوڵتانەوە ناونراون:**

١ – سەید میر ئەحمەد = میری سوور ، دەوری ١٣٤٤ز.
لە حەوتەوانەیە ، واتە لە تاقمی ٧ کەسانە ، برای سوڵتانە ، سەری بەغدای داوە. ئەم کەسە هۆنەریش بووە.

٢ – شا ئیبراهیم= (مەلەک تەیار ، ئەیوب شا ، ئەیوەت.) دەوری ١٣٩٨ز. کوڕی سەید محەممەد ، گۆرەسوارە ، دایکی ناوی خاتوو زەینەبی میر خەسرەوی لوڕستانییە. لە حەوتەوانەیە ، سەری بەغدای داوە. هۆنەر بووە ، هۆنراوەکانی ئەم و بابا یادگار لە پەڕاو یێک دا کۆکراونەتەوە ، ناوی زولال زولالە.
لە هۆنراوەکانی:

زولال کۆی هامون ، زولال کۆی هامون — یادگار من ، زولال کۆی هامون
چاگە غولامان ، جەم بین نە ئەستون — نامش زەردەشت بیی ، شام ئەسای ئاڵتون
خەزنەدار بیم ، ئەز نامم هامون — کاکەم یادگار ، نامش بیی قارون ٤٦١

شاخی هامون هەر لای ئاوی ئامونە. بۆ دێی زەردە دەبێتە ڕۆژئاوای. یادگار کە ژمارە سێ

---

* – ڕستەی منیش ... تا دەیانبەخشم : دەچێتە قاڵبی زۆربەرزەوە ، کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بیکات ، دەبووایە بنوسرایە منیش دوعای خێرییان بۆ دەکەم .
٤٦١ – د . بۆرەکەیی ، س. ف. ژ.٣ ل ٧٣.

*کۆتایی : / ب/٧ / ٤ /ئـ – ج ، پێنج پێشەوای یارسانی. ل ٤٥٦ – ٤٦٦ .*

..............................................

ی خوارەوەیە ، هاوڕێ یا دەلیلی یەکتربوون.
واتە: زولالی شاخی هامون ؟ یادگاری هاوڕێی یا دەلیلی من ، هەرتۆی. هۆی گردبوونەوەی ئەو خەڵکە لە ئەستون ، زەردەشتە. هەر قسەیەکی لێ وەرگریت ، زیرت وەرگرتووە. منیش کە ناوم هامونە ، قسەکانیم وەرگرتن بوومە خەزنەدار. برا گەورەکەم کە بابا یادگارە، ناوی بوو بە قارون.

٣ –سەید ئەحمەد ، ( بابا یادگار ، قارون ، سەرانەیی) ، دوای ١٤٠٠ز. یە:
ناوبراو لە حەوتەوانەیە ، بە داواکاری سوڵتانی ساق ، سەری لە پاکستان و هندستان داوە. بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕی یارسانی. ئێستەش لە پاکستان دا پەیڕەویان هەن، ناویان: درتربت ، مشیکی ، گریشە.
لە شاری مەزاری شەریفی ئەفگانستانیش ، ل٢٨٨. بە ناوی غولاهـ ، هەن. لە یارانی بابا یادگار ناوی دوو کەس هەیە بە ناوانی: خەیاڵ و ویساڵ ، بوونەتە پیر و جێنشینی خۆی. هەروەها وەک لە ژ.٢/ی سەرەوەدا باسکراوە، هۆنەریش بووە.
ناوبراو لە جێگایەک بە ناوی سەرانە ، کە بە ناوەکەشیدا لکاوە و بۆتە نازناو ، کوژراوە.
لە شاخی داڵەهۆ ، دێیەک بە ناوی بابایادگار هەیە ، دراوسێی سەروی ڕۆژهەلاتە دێی زەردەیە. لەسەر هێڵی درێژی جوگرافی ژمارە ٤٦ ـە. مەرقەدەکەی لێرەدایە.

٤ – عالی قەلەندەر. دەوری ١٤٦٢ز.
( لە ناوچەی داڵەهۆدا ژیاوە ، لە دواییدا هاتوەتە لای سولتان ، ئەم ناردویە بۆ بەغدا. لەوێ کوژراوە. ژنی نەهێناوە. لە کاتێکدا ئەم پلەی خانەدانی یارسانی پێدراوە ، لە ژیاندا نەماوە ، یانی دوای ڕۆشتنی بەرەو بەغدایە. بەوەی دوو کەس کراونەتە جێنشینی ئەو، دەبێت لە یاوەرانی ئەو بن. دەدەعەلی (پیر) ، دەدە حسەین ( دەلیل). هۆنراوەی چاپکراوی هەیە ، لەوانە:

شام بیی وە مێمان ، شام بیی وە مێمان      عالینان عالی ، شام بیی وە مێمان
چەنی نۆسەد باش ، قەڵەندەران      بابا تایەر بیم ، مێرد هەمەدان ) ٤٦٢

شاکەم ، لەوانەیە بە شاخۆشێنی لوڕستانی وتبێت ، چونکی ئەو دیدەنی بابا تایەری هەمەدانی کردووە. ل٣٥٢ ، بابا یاوەری ئەم بووە . شا ، سەرداری سەرداران ، بوو بە میوان. هاوڕێ لەگەڵ ٩٠٠ کەسی لێهاتوو ، میوانداریش بابە تایەرە.
٥ – حاجی باوەیسی. دەوری ١٤٨٥ز.
لە ناوچەی هەوراماندا هاتوەتە دنیا ، لە حەوتەوانەیە ، لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هۆنراوەی هەیە.
٦ – سەید موستەفایی:
لە ناوچەی هەوراماندا ژیاوە ، لە حەوتەوانەیە ، هۆنراوەی لە پەڕاوی سەرئەنجامدا هەیە.

---

٤٦٢ – د . بۆرەکەیی، س. ف. ژ.٣ ل ١٩٤.

٧ – سەید ئەکابری خامۆشی ١٤٤١ ـ ١٤٩٥ز.
کوڕی شێخ عەلی کوڕی سەید ئەبولوەفایە ، لە حەوتەوانەیە ، لە ل. ٤٥٢/ ١٨ دا لە ڕیزی پیرشالیاراندایە. لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ براکانیدا ، وڵات بەجێدێڵێت. هۆنراوەی هەموی کۆنەکراوەتەوە ، لەوانە:

شی نە ئەو مەیدان ، شی نە ئەو مەیدان
ڕۆسەم پەرەی فیل ، شی نە ئەو مەیدان
ڕۆسەم ڕۆسەما ، ڕۆسەم موانان
یاران ڕۆسەمشان ، نە جەم نمانان ٤٦٣

واتە: ڕۆسەم چووە مەیدانەوە، بۆ بەرانبەری فیل. ڕۆسەم ئەمان ڕۆسەم! فیلی لەناوبرد. ڕۆسەم لەبەردەم یاوەرەکانیدا، ئەو پاڵەوان بازییەی نواند. ئەوانیش بەودا ڕۆسەمیان بۆدەرکەوتووە چ پاڵەوانێك بووە؟!.

٨ – زەنوری قەڵەندەر، دوای ساڵی ١٥٦٢ز.
کوڕی خان ئەسمەرە، لە ناوچەی لوڕستاندا هاتوەتەدنیاوە. ژنی نەهێناوە.خزمەکانی بوونەتە جێنشینی. کەراماتیان لێوە گێڕاوەتەوە.

٩ – ئاتەش بەگی ، خان ئاتەش ، بانەوەڕی ، دوای ١٦٠٠ز.
کوڕی محەممەد بەگی لوڕستانیە، یاوەرەکانی ٣ براکەی بوون: جەمشیدبەگ ، ئەبدال بەگ، ئەڵماس بەگ.

١٠ – شا هەیاسی ، ئەیازی. ١٧١٣ز. ـ ؟
یاوەرەکانی ئەمانەبوون: ( عیسا ، عەبدئیلا ، ڕوکنودین ، عەلی ، شامراد ، شاکە ، شانەزەر،

*١١ – سەید حەیدەر،* سەید کاکە ، سەیدبراکە ، بابا حەیدەری ، ١٧٩٥ز. ـ ١٨٦٣ز.
لە دێی تووتشاهی کرماشان هاتوەتە دنیاوە. کوژراوە. ٣٦ یاوەری هەبووە.زۆریان هۆنەر بوون. لەوانە: دەروێش نەورۆز ، شا تەیموری بانیارانی.

## ب/ ٧ / ٦- دەستەو کۆمەڵەکانی ڕێڕەوی یارسان:

لە ل. ٤٥٣ ەوە ، تا ئێرە ناو و کورتە باسێکی ١٦ هەڵکەوتو ، یا پێشەوای دینی... یارسانی کرا. ئەوانەش هەمویان نەبوون ، لەسەردەمی سوڵتانی ساق دا، کۆمەڵەی تریش پێکهێنراون ، کە ٧ یا چەندجارەی حەوتن. هەیانە لە ١٦ ناوەکەی پێشەوەش ناویان هەرهەبووە ! وەکو:

---

٤٦٣ - د . بۆرەکەیی، س. ف. ژ.٣ ل ١٧٨.

ئـ/ حەوت تەن
١ – سەید خدری شاهۆ ١٢٣٦ز. ٤٦٤
٢ – سەید ئەحمەد ، بۆ ناوەکانی: ل.٣/٣٥٨.
٣– خاتو دایراک،رەمزبار، دایکی سوڵتان.
٤- موسا ڕەش ، پیر داود.
٥– شا ئیبراهیم ،ڕۆجیار، مەلەک تەیار...
٦ – مستەفا دەوانی.
٧ – ڕوکنودینی دیمەشقی ، پیرموسا

ب/ حەوتەوانە
١- سەید محەممەد گۆرەسوار.
٢- سەید ئەحمەد ، میری سوور. ل٣٥٤
٣- حاجی باوەیسی
٤- بابا سەرهەنگی دەوانی
٥- سەید مستەفا.
٦- سەید ئەکابر خامۆشی.
٧- شا وەیسقولی قرمزی.

بە پێی دابەشکردنەکان ئەمانەش هەن:
حەوت خادم ، حەوت خەلیفە ، چل تەن ، حەوت حەوتەوان ، چل چل تەن ، ٦٦ غولامی کەمەر زێڕین ، ٧٢ پیر ، ٩٩ پیری شاهۆ ، یەک بەندەی خواجە مامەند ، بیور هەزار بەندە ، یارانی قەول تاس ، فریشتەکانی چوارلا ، بەندەکانی بێ ژمارە.
هەرکەسێک ڕابەری کۆمەڵێک بووبێت ، بیشک خوێنەوار و خاوەن هۆنراوە بووە. بە کۆکردنەوەیان لە سەروی ١٠٠٠ دەوەن. ئەگەر بەرهەمیان دەربخرێت؟ چ خەزێنەیەکی ئەدەبی دەردەکەوێت؟!.

سێ سەرنجم لە سەر دابەشکردنەکانی سوڵتانی ساق:
١ – بوونی ناوێک لە چەند جێگا:
پێموایە ئەم دابەشکردنانە دەبووایە وا بوایەن ، یەکێک لەناو دەستەیەکدا ناوی بوو؟ لە یەکێکی تریش دا نابێت ناوی بێتەوە. چونکی هەر کەسە و ، هەر کۆمەڵەش ، کاری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە: موسا ڕەش. ( سەرەوە ، ژ/٤) لە حەوت تەنە. هەروەها لە فریشتەی چوار لاشا ، ناوی هەیە. هەروەها سەید خدریش. (سەرەوە ، ژ/١). کەچی بە پێی هۆنراوەکەی باڵوڵیش بێت لە ل. ٣٥٠ دا ، ئەو ٤ فریشتانە ، ئەو دوو ناوەی ناوبران لەوێدا نین !

٢ – خاتو دایراک ، ڕەمزبار، (دایکی سوڵتانی ساقە؟):
هێشتا نەکەوتوەتە پێش چاوم ، ئەو لە بەرزنجەوە ، کۆچی کردبێت بۆ دێی شێخان. بۆ لای سوڵتانی کوڕی. یانی مێرد و ١٠ کوڕی لەسەر دینی ئیسلام بەجێهێشتبێت و هاتبێت بۆلای تەنها کوڕە یارسانییەکەی ! بۆیە پلەی دینی ، خێرا ئەوەندە بەرزکراوەتەوە و ، لە حەوتەن دا قبوڵکراوە. ئەگەر نەهاتبێت؟ نابێت یارسانی نەبێتو ئەو پلەی هەبێت؟ یا ئەو خاتونە بەو پلەیەوە ، دایکی سوڵتان نییە.
٣ - ئەم ناوانەی لێرەدا دەنوسرێن ، لە ئەدیبانی تری دیاری یارسانەکانن ، بە ئومێدی دەرخستنی بەرهەمیان. ١- دەروێش نەورۆزی سۆرانی= لێکۆڵەرەوەی پەڕاوی سەرئەنجام.

---

٤٦٤ – ئەم ناوە سەیدی پێوەیە ، نەک پیر ، مەبەستم ئەوەیە بە پیرشالیار: پیر خدری شاهۆ ٧٠٥ز. نەزانرێت. ٥٣١ ساڵ جیاوازی وەخت هەیە لە نێوانیان دا.

٢ - پیر محەممەدی شارەزووری. ٤٦٥. ٣- دەرویش قولی کرندی. ٤- پیر قابیلی سەمەرقەندی. ٥- شا تەیموری بانیارانی. ٦- خەلیفە ئەڵماسی کزدەرەیی. ٧- پیر قوبادی دێوانە.

## ب / ٧ / ٧ - سەرئەنجام ، پەراوی دینی یارسان. ١٨٤٣ ز. :

دۆزەرەوەی سروودەکانی سەرئەنجام:

١ – مینۆڕسکی: ل. ١٦٥ لە ١٩٠٢ز. داسەری ناوچەی گۆرانی داوە ، دەستخەتێکی سەر ئەنجامی دەستکەوتوە ، لەگەڵ خۆی بردوویە بۆ مۆسکۆ ، بە زمانی ڕوسی لە ١٩٢١ز. دا چاپ و بڵاویکردووەتەوە. کارڵ هادانک ی ئەڵمانی لە ١٩٣٠ز.دا، خۆزگەی خواستوە ، لە مینۆڕسکی وێنەیەک لە دەستخەتەکە بخاتەڕوو ، ئەمەشی بۆیە وتوە ، شکی هەبووە لەوەی دەستخەتەکەی هەموو بڵاوکردبێتەوە؟ یا بۆی ساق نەبووبێتەوە. چونکی لەهەر شوێنێکدا بۆی ساق نەبووبێتەوە نووسیویە( زمانی کۆن ، لە جیاتی نەخوێنراوەتەوە). ئەم ئاواتەی هادانگیشە لە دواییدا نەهاتوەتە دی. ٤٦٦

٢ – ماشائەڵاسووری: ٤٦٧ باسی کتێبی سەرئەنجامی کردووە ، ئەم ناوی ناون سرودی دینی یارسان.

٣ – د. سدیق سەفیزادە بۆرەکەیی: بەرگی لەو کتێبە بەدەست هیناوە،١- بە بەرواری ١٨٩٨ز. بە دەسخەتی کاکاردائی. ٢- ١٩٢٤ز. بە دەسخەتی گوڵزاری.

٤ – د. موحەممەد موکری ، هەندێک لەو پەڕاوەی بە زمانی فەرەنسی لە ١٩٦٨ز.دا بڵاوکردووەتەوە.

## ناوئاخنی سەرئەنجام:

ئەو کتێبە دوو بەشە ، پێشەکیەکەی پەخشانە . لە ٢١ بەش پێکهاتووە ، باسی گەردوون و خووڕەوشتی یارسانی دەکات. بەشی دووەمیش ١٠ سرودن بە ز. ک. هەورامانین.

سرودەکان:

(سروودی/١: سروود = س. خان ئەڵماسی لوڕستانی ، ل٤١٦،خ/٤ باسی دروستبوونی گەردوون دەکات. لە ل ٤٧٣ هۆنراوەیەکی هەیە.

س/٢: عالی قەڵەندەر، ل٣٥٨ ، گۆڕانی دەروونی خۆی دەکات.

س/٣: گفتوگۆی سوڵتانی ساق و میکائیل. س/٤: خواپەرستی و لێبووردە

س/٥: ڕێوڕەسمی قوربانیکردن. س/٦: باسی داود.

س/٧: ئیمامی عەلی. س/٨: بابا یادگاری زەردە.

س/٩: جەمشید شا. س/١٠: تەلقینی مردوو.)

---

٤٦٥.– بۆ پیر محەممەد ، ل ٣٤٨ پەراویزی/١ . دەبێت کام داود بێت؟ داود پەیام هێن یا ( پیرداود، موساڕەش) یا گۆرەسوار... ل ٤٦٩ /٤. ٤٦٦ – ڕاکەی هادانگ راستە ، دەستخەت گەر هەمووی بخرێتە ڕوو ؟ لەوانەیە کەسانێکی بە سەلیقەتر، وە لەو بوارەدا زیرەکتر ، ...هەبن چاویان پێی بکەوێت؟ بەهرەیان لێ وەرگیرێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتر. ٤٦٧ – ماشاالله سوری ، ترجمە سرودهای دینی یارسان ، تهران ١٣٦٦ ش.ل ٨١.

*بـە وردبـوونـەوەی مـن لـەو پـەڕاوانـەی ، کە دیـومـن و ، بـاسـی سـەرئـەنجـامـی یـارسـانـییـەکـان دەکـەن ؟ ٣٨ هـۆنـەر بـەشـداریـان کـردووە لـە نووسینی دا. وە هـۆنراوەی هـەورامـانـین.

زۆری نـووسـەر و سـەربـاسـی جـیـاواز ، وای لـێ کردم کە بنووسم :
ئەو کتێبە ، {سـێ یـەکـەی ( وحـدە ) ی گەورەیە کە ئـەمـانـەن :

**ئـ / دەفـتـەر. ب / کـەلام. پ م دەورە.**
ئـەوانـیـش دابـەش بـوون بـە : ٣ . ١٢ . ١٣ ، بـەشـی تـرەوە}.

وە بـۆ ئـاسـانـتـرکـردنـی ، ئـەم هـێڵکاریـەی ، خـوارەوەم بـۆ کـێـشـاوە:

**هێڵکارییەکي نووسەر ، بۆ کتێبی سەرئەنجام.**

**بەشەکانی پەڕاوی دینی سەرئەنجامي یارسانییەکان**

**ئـ/** دەفتـەر/۳ **ب/** کـەلام ./۱۲ **پ/** دەوره/۱۳

................................................................................................................

**ئـ / دەفتـەر ، سێ بـەشە**

پردیوەر ساوا دیوان گۆره

..................................................................................

**ب / کـەلام ، دووازده بـەشە**

{ خامۆشی گۆران

ئێلبەگی جاف

خان ئەڵماس

تەیمور بانیارانی

زولفەقاری

قاسید

شێخ ئەمیر

دەروێش نەورۆز

دەروێش قولی

حەیدەری

جەناب

موجرم}

..................................................................................

**پ / دەوره ، سیازده بـەشە**

((باڵوڵ

شاخۆشێن

بابا سەرهەنگ

دامیار

پیرعالی

باباجەلیل

شاوەیسقولی

هەفتەوانە

ورده سەرئەنجام

عابدینی مۆردینی

بارگەبارگە

٤٠ تەن

گڵێم وکۆڵ))

گلێم و کۆڵ:

دووا بەشی دەورەیە ، هێڵکاری سەرەوە . گلێم وشەیەکی هەورامییە با باسێکی بکەم بۆ ئەوانەی مانای  نازانن. بوخچەیەکی گەورەیە بۆ نموونە ٢ م بە ٢ م. لە خوری یا مووی بزن ، تاڵەکانی دەڕێسرێت ، جۆلاش دەینێتەوە و دەیکاتە یەک پارچە. لە هەوراماندا کەسەرما دەڕواتو بەهاردێت ، سەردانی باخ و کەوێڵەکان دەستپێدەکاتەوە. ژنان خواردنی ئەو ڕۆژەی تێائەپێچنەوە و دەیکەنە کۆڵیان ، دوو گۆشەی لاونیو گرێ دەدەن ، ئەو دوانەکەی تری دێننەوە سەر سنگیان ، گرێی دەدەن. ئیتر هەردوو دەستیان خاڵی دەبێت ، بۆ ڕۆشتن ئاسانتر و ، وە بۆ تەشییەکەی دەستیان. سەیر ئەم  گورجوگۆڵییە بکەن ، لای ئەم جۆرە ژنانە. هەتا لە کاتی ڕۆشتنی دا ، بە کۆڵێکەوە ، خەمیەتی وەختی بە ناهەق بڕوات! بە ڕێشدا بەرهەمێکی دەبێ هەبێت !. لە هاوینی حەفتاکان دا، لە هەورامان بەیانیان ، بە تایبەت لە تەوێڵە ، بەدەیان ژنم دەدی ، بەو ڕێوڕەسمەوە.

نموونەیەک بۆ یەکێ لە ١٢ هۆنەرەکانی کەلام= دووەم بەشی سەرئەنجام.
خان ئەلماس١٦٦٢ز. – ١٧٢٦ز. : ل ٤٧٠ سروودی/ ١ هی ئەمە.

دەربارەی دروستبوونی دنیا وتویە:
ئەوەڵ ئیجاکەرد ؛ چوار مەلەک ، هەر چوار
ئاسمان و زەمین ؛ ئۆسا دا ، قەرار
جە سەرو قودرەت ، دروسکەرد عالەم
حۆت تەبەق وە پەشت ، ماهی کەرد مەحکەم

واتە:  خوا یەکەم جار چوار فریشتەی دروستکرد ، بە دوایدا ئاسمان و زەوی. بە ویستی خۆی دنیا هەمووی ، ٧ ئاسمان یا ٧ دەریا ناسراوەکان یا ٧ چینی زەوی لەسەر پشتی ماسی جێگیرکرد.
واتای ئەم دوو دێڕە ئەو وتووێژەمانە بیردێنێتەوە ، کە لە نێوان دوو کەسدا ڕووی داوە:

کەسی/١ م: ئەم دنیایە لەسەر پشتی مێشێکە ، مێشەکەش لەسەر پشتی گایەکە ، گایەکەش لەسەر پشتی ماسییەکە... هتد.
کەسی/٢ م: بزەیەک دەیگرێت.
کەسی/١: دەڵێت بۆ باوەڕناکەیت؟
کەسی/٢دەڵێت: نەء.
کەسی/١ م: بۆچی نەء؟
کەسی/٢ دەڵێت:  تەلاقم کەوتبێت ئەم ترکەڵەکە سەرناگرێت. مێش ڕۆژێک هەر دەگیزێنێت ، گاکەش هەڵئەتیزێنێت،ماسیش بەو لووسییە ،دەخلیسکێت ،زەویش کە لە سەر ئەوانەوەیە، دەڕوخێت...
ئەمە لەبارەی ڕواڵەتەوە با خوێنەر پێکەنینی پێبێت ، بەڵام ئەو تیۆرییەی تیایە ، زەوی

هەمیشەیی نییە و وەختێک دێت ، دەکەوێت ، دەڕوخێت ، دەفرێت ، لادەچێت( ان اللەیمسک السماوات والارض ان تزولا، ولئن زالتا، ان امسکهمامن احد من بعده،انه کان حلیماغفورا) ٤٦٨

کەوابوو بۆ کەسسی عەوامی ئەو سەردەمە ، بە هێنانی شتی بینراوی دەوروپشتی خۆیان ، وا ، تێیانگەیاندوون ، لەو کاتەدا ، ڕەنگە بڕوایان وا بووبێت ، ئەم زەوییە وەک قاڵبیە ڕاخراوە ، چۆن دەڕوخێت ؟ بیریان بۆ ئەو ، ئاشەبەتەنوورەیە چووە ،* کە ئیسپاتی دەکات ، هەر دەڕووخێت. گرنگی خواش دەردەخات.

کۆتایی بەشی حەوتەم / ژمارە / ٧ سرروودی سەرئەنجام. ل ٤٧٠ – ٤٧٤

........................................................

ی/٥ ، **ب / ٧ / ١ – ٧ /** . ناوەرۆک : ل ٤٥٣ .

کۆتایی **بەشی حەوتەم** : **ڕێڕەوە دینییەکان . لە ٧ سەرباس دا**. ل ٤٥٣ – ٤٧٤

**@@@@@@@@@@@@@@@@@@@@**

---

١ – سەرچاوەی ل. پێشوو، پەراوێزی/٣، ماشائەڵا سوور، ل ٨١ .

٤٦٨ – ( تەنها خوایە ، ئاسمانەکان و زەوی ڕاگرتووە ، نایەڵێت لابچن ، بترازێن ، بخزێن ، ئەگەر بترازێن ؟ بێجگە لەو ، کێ هەیە بیانگرێتەوە ؟! ئەو ئارامگر و لێ خۆشبووە.) سورەتی ، فاطر/٤١ .

*ئاشەبەتەنوورە: یارییەکی کوردەوارییە ، لە نێوان دوو تاقم دا، دەکرێت یەکی ٤ – ٧ کەس ، ئەو کۆمەڵەی دادەبن. سەردەکەن بە یەک دا،دەست دەخەنە سەرشانی یەکتری ، وەک تەنووری نانەوا دەردەچێت. یەکێکیان دەبێتە سەرکاریان. سەری پشتوێنێک لە دەستی دەئاڵێنێت ، ئەو سەرەکەی ئەوەتا بە دەستی یەکێ لە هاوڕێ دابووەکانییەوە. ئەم سەرکارە بە دەوری ئەو تەنوورە مرۆییەدا دەخولێتەوە، دەبێت نەیەڵێت لە کۆمەڵەکەی تر کە وەک کەمتیار چۆن دێنە سەر لاکی گیانداری تر ، لە سەربوو. بە دەوریاندا دەخولێنەوە. بقونێنە کۆڵی هاوڕێ دابووەکانی، چۆن لەو کاتەدا هەر یەکی لە لایەکەوە سواردەبێت.

ئەم پشتوێن بە دەستە ، دەبێت پێش ئەوەی بچنە کۆڵی برادەرەکانی، شەقێک لەو کابرا بازدەرە بدات ، وە بەری بکەوێت. گەنا زۆردەخایەنێت ، ئەوان هەر دادەبەزن و سواردەبنەوە.

**ی / ٥ ، ب / ٨ / شـێـخـانـی هـەورامـان** : ل ٤٧٥ -

( ١ – سـەجـەرەیـان.
٢- کـورتـەیـەک لـە ژیـانـی شـەشیـان.
٣- سـۆفـیـزم و دەروێـشـیـزم.
٤– گـرنـگی قـورئـان لای بـیـانـیـیەکان.
٥- تـێڕوانینێکی دیـموکراتی ، لـە سەردارانـی ئـیـسلام ، لـە دوای پەیام هێـنـەرەوە د.خ.).

ی/ ٥، ب/ ٨ / ١- سەجـەرەیـان: { وشەی شێخ نەنوسراوە لە بەر جێگا نەگرتن}.
١- عـەبـدوڵا ئـاغـای یەکەم ، هـەورامانـی ، یـا تـەوێڵـەیی.
↓
٢- خـالـیـد ئـاغـا.
↓
مستەفا – عەبدوڵائاغای/٢ – قاسم – میران ئاغا – ٣-عـوسمان ، سیراجـەدین. (↓ ئـەحمـەد ئـاغا) – ڕەسوڵ ئـاغا – مـەعروف – مـەحمود ئـاغا – حسێن

٣ – عـوسمـان ، سیراجـەدین: دەرکـەوتـوتـریـن.
↓
محـەممەد،بەهائـەدین – عەبدولحەکیم – عومەر،زیائودین. – عەبدوڕەحمان،ئەبووەفا. – ٤-ئـەحمەد،شەمسودین

محـەممەد،بەهائـەدین
↓
عەلی،حیسامەدین. – سادق – محـەممەد، کاکەشێخ – مـەزهـەر – جـەعفـەر – ڕاغیب

عومـەر زیائـەدین
↓
محێدین – عەلادین – نیزامـەدین – نـەجمـەدین – سـەعدەدین – کامیل – ئـەنوەر – تائیب – جـەمیل

٤ - ئەحمەد، شەمسودین:

حەسەن | حەبیب | عەلی | عەبدوڵا | هیدایەت

عەلی، حیسامەدین،کوڕی محەممەد، بەهائەدین ل ٤٧٥.

محەممەد | عوسمان | موعتەسەم | وریا | ڕاغیب/٢

سادق کوڕی محەممەد، بەهادین.

تۆفیق | حەکیم | لەتیف | نەزیف | نەجیب | فاتیح

کاکەشێخ ، کوڕی محەممەد بەهادین.

کاردۆخی هۆنەر | سەفادین | مەحمود | م. ڕەشید

مەزهەر کوڕی محەممەد، بەهادین.

حەسەن | عەبدولقادر | خالید | ڕەئوف/١ | کەریم | هادی | تالیب

محێدین کوڕی عومەر، زیائەدین. ل ٤١٩. (١٠ کوڕن )

محەممەد | عارف | ئەبوبەکر | سدیق | ڕەئوف/٢

خالید | عەلی | حەسەن | ئەنوەر | نیزامەدین

عەلادین کوڕی عومەر زیائەدین. ل٤١٩. ( ١١ کوڕن)

م. عوسمانی/٢ - مەولانا - محەممەد - زاهید - ناجی

موختار - ئەمین،بێوەی. - سابیت - مەزهەر - حەمید - نوری

نەجمەدین کوڕی عەمەر، زیائەدین. ١٠ کوڕن.

نورەدین - محەممەد - زەینەدین - ساحێب - سەیفەدین

عوسمان - کەمال - ئەحمەد - حەیدەر - عەینەدین

م. عوسمان/٢، نەقشبەندی، کوڕی عەلادین.(ئەسمتەموولّ).

جەمالەدین - مەلیک - ڕەئوف - مادیح - ناسیح

مەولانا کوڕی عەلادین. ( ١٠ کوڕن)

عابید سیراجودینی - ئەسعەد - فاروق - ئەمجەد - حەمدی

تاریق - لوقمان - عیرفان - فوئاد - ڕەزا

جەمالەدین کوڕی م.عوسمان/٢ سەیری سەرەوە. ٩ کوڕن.

مەسعود - ئەسعەد - سەعدی - ئەحسەن - سیروان - نەشئەت - سەفادین

نیاز - نیهاد

مەلیک کوڕی م. عوسمان/٢. سەیری سەرەوە.

عەدنان — وشیار — وریا — بەختیار — کاوە

ڕەئوف کوڕی م. عوسمان/٢. سەیری سەرەوە

یادگار — عامر — ڕزگار — سەروەر

ناسیح کوڕی م. عوسمان/٢. سەیری سەرەوە. ٤٦٩

ئومێد

محەممەد ئەمین ، بێوەی هۆنەر، کوڕی عەلادین ل.٤١٩. : ١٩٣١/١٢/٢١ ــ٩/٥/ ١٩٩٠ز.

ئازاد نەقشبەندی ٢ — ئەمیر — بێوەی — ئارێز

ئازاد نەقشبەندی ٢: کامیار

ئەمیر: کۆچەر — ماردین — حەمزە — نەمیر

سامان نەقشبەندی ، کوڕی نوری ، دەیەم کوڕی عەلادین. ل ٤٧٧ . { ٤٧٠ }

ئاروەن

عەبدولڕەحمان ، ئەبو وەفا ، کوڕی عوسمان سیراجەدین. ل٤١٩

تاجەدین — جەمالەدین — عەلی

---

٤٦٩ – ناوبراو پاش مردنی باوکی ، لە خانەقای ئەستەموولْ، بووە جێنشینی، ئەمیش لە ١٠- ٨- ٢٠١١ز. لە کوردستانی ئێراق مرد ، لە مەرقەدی بیارە نێژرا.

٤٧٠ – لە گەڵ خۆشەویستیم بۆیان ، شایەنی باسە بڵێم: ئەم بەڕێزەو شێخ سامان ، کە لە خوارەوەی دایە ، لەگەڵ کوردستانیی بیرکردنەوەی ، لێپرسراوانی کەناڵی ئاسمانی ، میدیا و ڕۆژ و میسۆپۆتامیای کوردیی ، کوردەکانی تورکیا ، لە بەلژیکا. بوونە هۆی هێنانە ئاراوەی بەرنامەیەک بە زمانی هەورامانی بۆ یەکەمین جار، بە ناوی هانەڕەنگینەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ز. یەوە.

جەعفەر کوڕی محەممەد بەهادین. ل. ٤١٩ لە دێی گۆشخانی.

محەممەد     عارف     ساحێب     عوبەیدوڵا     عابید

(محەممەد:) ئەنوەر     فاروق     سەعدی

(عوبەیدوڵا:) محەممەد     عەلی

ئەحمەد کوڕی محەممەد گوڵپی کوڕی عەلی حیسامەدین

عەلی     عیرفان     عەبدوڕەحمان     عادل     لوقمان     کۆسار

کەریم کوڕی محەممەد گوڵپی. سەیری سەرەوە.

شازاد     سەفوەت     هێرش

م. محەممەد کاردۆخی هۆنەر، کوڕی کاکەشێخ.

د. ئازاد     د. شێرکۆ     م. شاهۆ

محەممەد عوسمان، کوڕی شێخ نەجمەدین.

م. نوری     موعتەسەم     عەتا.

شێخ کازمی هەڵەبجە ، کوڕی محەممەد کوڕی نەجمەدین. ل ٤٢١

م. جەمال     لەتیف     ئومێد

عوسمانی/٣ یەم، کوڕی عەلی حیسامەدین ل ٤٢٠.

بورهان ئەنوەر م. عەفان

شوان شکار

محەممەد گوڵپی کوڕی عەلی حیسامەدین. ل ٤٢٠

ئەحمەدی هەڵەبجە مەحمود کەریم عەدنان عەتا کەمال جەمال جەلال فوئاد

موعتەسەم کوڕی عوسمانی/٣ یەم کوڕی عەلی حیسامەدین. لە سنەیە.

عەبدوڵا جەلال کاوە

زاهید کوڕی محەممەد کوڕی عەلادین. ل ٤٢٠ هەورامانی ئێران.

بایەزید محەممەد شەهاب ڕەزا کوردەوان گۆران هەردی

## ب / ٨ / ٢ – ژیانی ٦ لە شێخەکان : *

١ – شێخ عوسمانی تەوێڵە ، سیراجەدین. ١٧٨١ز. ـ ١٨٦٧ز.
کوڕی خالید ئاغا کوڕی عەبدوڵا ئاغایە ، لە هەورامان لە شارۆچکەی تەوێڵەی ل ٢١٦، سەر بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ، هاتوەتە دنیا. دایکی ناوی حەلیمەیە لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی غەزائیە. هەر لێرە مردووە ، مەرقەدەکەی جێگای زیارەتگای خەڵکیە. لای مەلا حسەینی نەوسویی خوێندوویە ، لە دواییدا چووە بۆ خوێندنگای غەوس لە بەغدا. لە تەمەنی ٣٣ساڵی دا، ئیجازەی خەلافەتی لە شێخ مەولانا خالیدی شارەزووری وەرگرتووە. ئەم یەکەم خەلیفەی ئەو بووە! هەر لە منالییەوە ، سیمای پیاوچاکی گرتووە. ئیمامی مزگەوتی تایبەتی ، ناو ماڵی ، مەحمود پاشای/٢ ی بابان بووە. سەجەرەی ل ١٥٨ یە.

*– سەجەرەی ئەم ٦ کەسەی لێرەوە باسدەکرێن ، لە سەجەرەی پێشەوەدا هەن.

دەستی نووسینی بووە ، وەکو: ١- پەڕاوێک بەناوی فەرائیز. ٢- نوسینی پەراوێز بۆ ئەم پەڕاوەی حەزرەتی غەوس ، رسالە الشاە صدیق الهراتی. ٣- دەستنووسێک بەناوی ریاض المشتاقین. ٤- دەستنووسێک بە ناوی رسالە وضع واستعارە.

لە سەر دەستیا زیاتر لە ٨٠ کەس ئیجازەی خەلافەتی وەرگرتووە. مەولەوی شاعیریش یەکێ لەوان بووە. ٣٣ مەنسوبی هەبووە ، ئەحمەد پاشای بابان یەکێک لەوان بووە.[٤٧١]

نامەی زۆری گۆڕیوەتەوە لەگەڵ مەولەوی ، مەولانا خالیدی ، کاک ئەحمەدی شێخ...

چەند ژنی خواستووە ، یەکێ لەوانە برازای مەولانا خالید بووە. ٦ کوڕ و ١٦ کچی هەبووە.

نموونە بۆ هۆنراوەی :

ماوەیەک مەولەوی دەنگی نابێت ، نامەیەکی بۆ دەنێرێت ، بەم دوو دێڕە دەستی پێکردووە:

یا کاغەز بڕیان ، یا مەلا مەردەن
یا هەر عارتەن ، دۆس وە یاذ کەردەن
خەمگین مەنیشە ، خەم بذەر وە باد
فەڵەک نمازۆ ، کەس وە خاتر شاد

واتە: ئەوە کاغەز لێت براوە ؟ یا مەلا مردووە ، کەس نییە کاغەزت بۆ بنووسێت؟ یا عارت لێ دێت یادی دۆستت بکەیتەوە. شێخ دەزانێت خەمێکی هەیە ، بۆیە پێی دەڵێت ، بە خەمەوە دامەنیشە ، بیاندە بە با ، گەردوون نایەڵێت کەس ، هەر بە شادی ، بیباتە سەر، خەم بە هەموو کەسێ دەگات.

ئەم کەسە لەگەڵ دنیادا نەبووە ، هیچ پلەیەکی ئیداری نەبووە. تەنها خواپەرستی ئەمی گەیاندووەتە ئەو حاڵەتە ، وای لێ کردووە ، ناوی شێخی بەرماڵیشی لێ بنێن.

مەولەوی منداڵێکی دەمرێت ، شێخ بۆ دڵدانەوەی دەچێت بۆ دێی سەرشاتە [٤٧٢] بۆ لای. بە هاتنی زۆر خۆشحاڵ دەبێت ، ئەوەندە سودی ڕۆحی لێ وەردەگرێت ، دەڵێت: خۆزگە منالم زۆربوونایە ، هەر ساڵێک یەکێکیان بمردایە ، تا تۆ تەشریفت بهێنایە!

ناوی ٧ لە ٣٣ مەنسوبەکانی:

١ – ئەحمەد پریسی. ٢- مەلا ئەحمەدی ڕواندزی. ٣- مەلا ساڵحی سنەیی. ٤- شێخ ئەحمەدی زەهاوی. ٥- ئەحمەد پاشای بابان. ٦- شێخ محەممەدی هارونی. ٧- میرزا ئەکبەری سنەیی.

---

٤٧١ – بۆ زانینی ناوی هەموویان: ڕەحمەتی مەلا عەبدولکەریم ، یادی مەردان ، ب/٢ ، ل ٢١- ٢٦.

٤٧٢ - سەرشاتە: دێیەکەی مەولەوییە ، سەروی ڕۆژئاوای هەڵەبجەی شەهید کەوتووە. لە تەوێڵەوە بۆ ئەوێ ئەو کاتە هەر بە وڵاخ بووە ، وە ٦ سەعات زیاتر دەبێت.

هەروەها شێخ زیاتر لە ٨٠ خەلیفەی هەبووە، لەوانە:

١ – شێخ عەلی تەوێڵەیی. ٢- مەلا حامیدی بێسارانی ، کاتبیشی بووە. ٣- شێخ محەممەدی شێخ وەیسی بەرزنجی. ٤- حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی ، سەردەمانێک موفتی سلێمانی بووە. ٥- سەید عەبدورەحیمی مەولەوی. ٦- شێخ مستەفای سەقزی. ٧- شێخ محەممەدی قەراخی. ٨- مەلا ئیبراهیمی کۆیی. ٩- مەلا ئەبوبەکری هەولێری. ١٠- عەلی ئەفەندی حاکم زادەی ئەنتاکیە. ١١- مەلا محەممەدی سیعرەتی.)
٤٢٥

مینۆڕسکی ، وا باسی ئەم شێخانەی کردووە: ( ئەم شێخانە ڕێزێکی سەیریان هەیە ، نەک تەنها هەر لای کوردەکان ، بەڵکو تەنانەت خەڵکی لە ئاسیای ناوەڕاست و لە وڵاتی ئێمەشەوە ، دێن بۆ لایان و دەچنە تەکیەکانیانەوە ! ). ٤٧٣

٢ – شێخ محەممەد ، بەهائەدین. ١٨٢٦ز. – ١٨٨١ز.
کوڕی شیخ عوسمانی سیراجەدینە ، لە سەجەرەی ل ٣٦٤ دا، چەند پشتیان نووسراوە. هاتنەدنیاو دەرچونی هەر شارۆچکەی تەویڵەیە. هەر لە پشتی باوکیەوەیە.
دایکی ناوی خاتو خورشیدە ، خەڵکی قەزای ماوەتە ، سەروی ڕۆژهەلاتی سلێمانی. پاش مردنی باوکی ، ئەم بە ڕچەکێشی نەقشبەندی پەسەند دەکرێت. ٦ کوڕی هەبووە.
( لە سەردەمی ئەم دا ، خانەقای تەوێلە هەمیشە پڕ بووە ، لە پیاوی خاوەن دڵ و زانست و ڕۆح پەروەر. وەکو: مەلا حامیدی بێسارانی ، مەولەوی ، مەلا عەلی تاڵشی ، شێخ عەبدورەحمانی قەراخی ، شێخ ئەمینی خاڵ... لە شێخ محەممەدی خاڵم بیستووە، ئەیفەرموو : وا رێکەوتوە لە شەوێک دا ،٧٠ خەلیفە لە حەلقەی خەتمی خانەقای شێخی بەهادینا بوون ، جگە لە دەیان مورید و مەنسوبی تر کە ئەمانە خەریکی پێگەیاندن و پەروەردە کردنیان بوون.) ٤٧٤
خانەقای تەوێلە کە باوکی دروستی کردبوو ، ئەم گەورەتری کرد. ناوبراو هۆنەر بووە ، لە سەرچاوەی دووەمی خوارەوەدا، ل ٩٦ – ٩٨ بە فارسی هۆنراوەی پێشان دراوە. نامەی گۆڕیوەتەوە لەگەڵ شێخ عوبەیدووڵای شەمزینی و موئەید دەولەی ئەردەڵانی دا.
بۆ بیرهێنانەوە، لە ل. ١٢٧، ڕوداوێک باسکراوە لە سەردەمی ئەمدا بووە.
ناوبراو سەری حەجی داوە ، هەروەها میسریش. لەگەڕانەوەیدا لە بەغدا میوانی مفتی زەهاوی بووە.

٣ – شێخ عومەر، زیائەدین . فەوزی. ١٨٣٦ز. / ١٩٠٠ز.
کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە ، لە سەجەرەی ل ٣٦٤ دا، ٩ پشتی پیشاندراوە. لە شارۆچکەی بیارە هاتوەتە دنیا و مەرقەدیشی هەر لەوێیە. خەتخۆش و هۆنەر ، بووە. بە هەورامی. کرمانجی ،عەرەبی ، فارسی ، هۆنراوەی هەیە. نازناوی ئەدەبی فەوزی یە.

٤٧٣ – حەمەسەعید حەمەکەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ل ١٠٩.
٤٧٤ – مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ، س. ک. ژ.٧ ل ٧٧.

نموونـەیـەک بۆ هۆنراوە هـەورامییـەکانـی:

قیبلـەم  ها بـەردم ، قیبلـەم  ها بـەردم
داخ دووری تـۆ ، وە گڵکۆ بـەردم
وە مـەیل تـۆوە ، ڕوو وە چۆڵ کـەردم
ژار دووری تـۆ ، هیجران گشت وەردم
یانـێ ئـازیزم ، عـەشق تـۆم نـەسـەر
وە عـەشق و تۆوە ، هـاشیم وە مـەحشـەر
تۆ بۆ بـەو وەفـاو ، مـەیـل وەرینت
بنمانـە جـارجـار ، وە من جـەمینت
بنمانـە قـامـەت ، وەی زامـەت وەردە
پـەرێ ئـەو قـامـەت ، داخ وە گڵ بـەردە
تـا جـەو ڕۆ دەم دەم ، وە بـێ مـدارا
قـەد قـامـەت واچـو ، هـەرسات نـەو سـارا
.....تـا کۆتـایی هۆنراوەکـە.

ناوبراو زۆر ڕێزی لـە خوێنـەوار گرتووە ، مـەلا و فـەقێی پێش خـەلیفـە و مـوریدی خۆی خستوە. هـەر کـات زانیبێتـی فـەقێ دێن بۆ خوێندن بۆ بیارە ، خۆی گۆڕیوە و چوە بـە دەمیانـەوە بۆ دەرەوەی شارۆچکـەکـە.
پێنج خانـەقای لـە خانـەقین / ١٨٨٤ ز. قزرابـات/١٨٨٦ز. بـیـارە/ ١٨٩٠ز. بـیـاوێڵـەی ڕۆژهـەڵاتـی هـەڵـەبجـە/ ١٨٩٢ز. کـفـری/١٨٨٩ز. دروستکردووە. ٤٧٥

٤٦ نامـەی گۆڕینـەوەی هـەیـە. ٤١ خـەلیفـەی پێگـەیـاندووە. لـەوانـە:
١ – شێخ مارفی نـەرگسـەجـاڕی. ٢- مـەلا قـادریی بیارە ، گـەورە. ٣- مـەلا وەیسی پشدەری.
٤ – شێخ عـەلـی قـەراخـی. ٥- شێخ سـەعید فـەزلـی بـەغـدادی. ٦- خـەلیفـە عـەلـی کـەرکوکـی.
نـاوبراو ٩ کوڕی هـەبووە.

٤ – شێخ عـەلادیـن کـوڕی شێخ عـومـەر ١٨٦٣ز. – ١٩٥٤/٣/١٨ز.
لـە شارۆچکـای تـەوێڵـە هاتوەتـە دنیا ، مـەرقـەدی لـە بیارەیـە ، لـە لای باوکییـەوە. وا دەگێرنـەوە نـاوبراو ژیـانێکی ساکـارانـەی بردووەتـە سـەر ، لـەگـەڵ شیخ نـەجمـەدینـی برایـا،

٤٧٥ – کـە ویستویـەتـی ئـەم خانـەقایـە بکاتـەوە ، ئـەسپێکی هـەبووە فرۆشتویـەتـی ، بـە ٤٠ لیرە. بۆ ئـەوەی پارچـەیـەک زەوی بۆ بکرێت. زەویـەکـە بـە ناوی مـەجید پاشای بابانـەوە بووە. کـە بـە خـەیاڵـەکـەی شێخـی زانیوە ، بـە خۆڕایی پێی بـەخشیوە. بـە یارمـەتـی مستـەفا ڕێژی ناوێک و هـەرەوەزی خـەڵکی کفری ، خانـەقاکـەی کردووەتـەوە. نامـەیـەکی نوسیوە بۆ سوڵتان عـەبدولحـەمیدی عوسمانـی ، بۆ داوای یارمـەتـی بۆ کردنـەوەی مزگـەوتێکیش ، ٣٠٠ لیرەی بۆ ناردووە ، مزگـەوتـەکـەش بـە ناوی سوڵتانـەوە دروستکراوە.

یەک عەبا و جووتێ پێڵاویان بووە. لە وەسیەتنامەکەی دا سێیەکیماڵەکەی بەخشیوە ، بە موسڵمانان و دانیشتوانی خانەقای بیارە و ئەوانەی بۆ زیارەت دێن.

